دیوانی

مەولەوی



منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

کۆ کردنەوە، لیکۆڵینەوەو
لێکدانەوەو، لە سەرنووسینی:

مەلاعبدالکریمی مُدرّس

معدوم کرد، عبدالرحیم بن سعید ۱۲۲۱ ـ ۱۳۰۰ق.
[دیوان].
دیوانی مەولەوی / [عبدالرحیم بن سعید معدوم کرد].
کۆکردنەوەو، لێکۆڵینەوەو . . . عبدالکریمی مدرس. ـ سنندج: انتشارات کردستان، ۱۳۷۸.
ص، [۵۵۰].

فهرستنویسی بر اساس اطلاعات فیپا.
عنوان دیگر: دیوانی مەولەوی
کردی.
چاپ مکرر.
شعر کردی ـ قرن ۱۳ق. الف. مدرس، عبدالکریم، ۱۲۸۳ ـ، مصحح.
ب. عنوان. ج. عنوان: دیوانی مەولەوی.

۶م۱۸۴۳الف/BIR۳۲۵۶	۸فا۹/۲۱
کتابخانه ملی ایران	۱۰۲۶۹ ـ ۷۸م

دیوانی مەولەوی

کۆکردنەوەو، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە،

لە سەر نووسینی:

مەلا عبدالکریمی مدرس رحمه الله

MAWLAWI.KRD

بلاوکەرەوەی کوردستان

دیوانی مەولەوی

✔ ناوی کتێب (نام کتاب):	دیوانی مەولەوی
✔ دانراوی (تألیف):	عبدالرحیم بن سعید معدوم کرد
✔ کۆکردنەوەو، لێکۆڵینەوە (شرح و تحقیق):	مەلا عبدالکریمی مدرس
✔ کەرەتی چاپ (نوبت چاپ):	چوارەم (چهارم) ۱۳۸۶
✔ ژمارەی چاپکراو (تیراژ):	۵۰۰۰ دانە (جلد)
✔ ژمارەی لاپەڕە و ئەندازە: (تعداد صفحه و قطع):	۵۵۲ صفحەی وزیری
✔ بڵاوکەرەوە (ناشر):	بڵاوکردنەوەی کوردستان (انتشارات کردستان)

سنندج ـ پاساژ عزتی
تلفن: ۲۲۶۵۳۸۲

شابکە: x ـ ۵۴ ـ ۷۶۳۸ ـ ۹۶۴
ISBN: 964 - 7638 - 54 - x

قیمت
۴۴۰۰ تومان

MAWLAWI.KRD

بسم الله الرّحمن الرّحيم

سەرەتا

لەکۆشی ئەم کوردەوارییەی ئێمەدا گەلێ ئەدیبی پایەبەرز پەروەردە بوون کە بە گوێرەی سەردەمو رێو شوێنی خۆیان هیچیان لە ئەدیبانی بەناوبانگی وڵاتانی تر کەمتر نەبووە، بەڵام کەمیان بۆیان هەڵکەوتووە لەگەڵ مردنیانا ناویان کوێر نەبێتەوەو نیشانەیەکیان لەپاش بەجێ بمێنێو هەواڵێکی کەمو کورتیان بزانرێ.

دۆستی خۆشەویستم، «سیّد علاءالدّین سجّادی» توانیویە بە هەرزەحمەتێک بووە ناوی کۆمەڵێک لە شاعیرەکانی کوردستان کۆ بکاتەوە لە مێژووەکەیدا، بەڵام سەرگوزەشتەی تەنها چەند کەسێکیانی دەس کەوتوە، ئەوانیش زۆربەیان لەم سەردەمانەی دواییدا ژیاون... ئاخۆ ئەوانەی کە نە ناویان ماوەتەوەو نە نیشانیان، گەیشتبنە چەندسەد کەس؟ مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ!، لە خوالێخۆش بوو «شیخ علاءالدّین ﷺ»ی «بیارە»م بیست فەرموی: لە «مەولەوی»م بیست کە وتی: جارێکیان بە سەفەر چووم بۆ «قەڵای جوانڕۆ» لەوێ کتێبێکی «شیرین و فەرهاد»ی ناتەواوم دی، لە تاقێکا کەوتبوو، کە تەماشام کرد زۆر لە لام شیرینو ناسک بوو، ویستم بە شیعری خۆم تەواوی بکەم، وە دەستم کرد بە نوسینو چەند شیعرێکم نووسی، پاشان کە بەراوردم کرد لەگەڵ شیعری ئەسڵی کتێبەکە هینەکانی خۆمم ئەوەندە بە ناتەواو هاتە بەرچاو، شەرمەزار بوومو دەستم لە نوسینو تەواو کردنی کتێبەکە هەڵگرت.

ئێستایش ئێمە نازانیین ئەو شیرینو فەرهادە کام شیرینو فەرهادەو دانەرەکەی کێیە کە ئەوەندە هونەرمەند بووە، مەولەوی خۆی لە عاستیا بە هیچ نەزانیوە.

هۆی ون بوونی سامانی ئەدەبیمان بە پێی تێ گەیشتنی من چەند شتە:

یەکەم: هێرشی زۆری لەشکەری بێگانە بۆ سەر وڵاتەکەمان کە بووە بە هۆی فەوتانی زۆر خێزان‌و وێران بوونی گەلێ شوێن‌و لەناوچوونی گەلێک کتێبخانەو کتێبی نایاب.

دووهەم: نەخوێندەواری خەڵکی وڵات‌و نرخ دانەنانیان بۆ ئەدەب‌و پاشماوەی دێرینمان.

سێهەم: بێ قیمەتی ئەدەبی خۆماڵی لە بەرچاوی زۆربەی گەورەکانمان کە زمانی کوردی‌یان بە زمانێکی سووک‌و بێ‌بایەخ دائەناو لایان وابوو ئەبێ هەر چاویان لە ئەدەبیاتی زمانانی دراوسێ بێ.

ئەمڕۆش کە ئەو هۆیانەی زوو تا رادەیەکی زۆر لە ناو چوون، لام وایە هۆی گەورەی زیندوو نەبوونەوەی سامانی ئەدەبی کۆنمان، بریتی‌یە لە بێ‌پەیوەندی‌و لەیەک نەگەیشتنی ئەوکوردانەی کە بە شێوەی جیاجیا قسە ئەکەن، وە لەکەمی چاپخانەو هۆی بڵاوکردنەوەو بازاڕ دەس نەکەوتن بۆ هەموو جۆرە چاپەمەنی‌یەکی کوردی لە هەموو لایەکی کوردستانا.

***

یەکێک لەو ئەدیبە بەرزانەمان کە سەردەم‌و شوێنی ژیانیان وانەبوە بەزوویی ناوونیشانیان کوێر بکاتەوە، «سیّد عبدالرّحیم»ی «تاوەگۆزی»یە کە زانایەکی بەرزی ئایینی‌و سۆفی‌یەکی بێ گەردو شاعیرێکی بێ‌هاوتا بووە، وە هەڵبەستە پڕ شۆرەکانی لە بەشێکی گەورەی کوردستانا بووە بە ویردی سەر زبانی هەموو ئەدەب‌پەروەرێک‌و خاوەنی هەستێکی ناسک. وردی‌و ناسکی‌و سۆزی غەزەلیاتی مەولەوی لە هەموو کۆڕێکی ئەدەبی‌دا ناوبانگی دەرکردووە. ئەوەی لە شیعری مەولەوی گەیشتبێ بە ناچاری گیرۆدەی دڵگیری مەعنای بووە، بۆیە شیعری مەولەوی خۆی گەیاندوەتە هەر کۆڕێکی ئەدەبی، وە لە دیوەخانی هەر گەورەیەکی ئەدەب‌پەروەری کوردا لە لای ژوورەوە جێی خۆی کرتوەتەوە، وە ئێستاش ناوی مەولەوی لە هی هەر شاعیرێکی‌تری کورد، زیاتر بەسەر زمانی گەلەوەیەو خۆیشی لە زۆریان زیاتر مافی خۆی وەرگرتووە.

ئەم راستی‌یە بەشێکیشی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندی‌یە بەتینەی کە مەولەوی لەگەڵ خوالێ‌خۆش‌بووان شێخی «سراج‌الدّین»و شێخی «بهاءالدّین»و شێخی «ضیاءالدّین» بوویەتی، کە ئەوانیش خاوەنی گەورەترین خانەقاو خوێندنگای ئایینی بوون لە سەردەمی خۆیانا لەکوردستانا وە مەنسوبیان لە هەموو لایەکی‌دا بووە، وە خوێندنگاو خانەقاکانیان فەقێ‌و سۆفی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانەوە تیابووە. ئەمەش بووە بە هۆی ئەوە شیعری مەولەوی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بگەڕێ. جگە لەوە کە سەردەمی ژیانیشی پێشکەوتووتر بووە لە سەردەمی یەکێکی وەک «بێسارانی»و «سەیدی» کە لەگەڵ پایەی بەرزی شیعری‌شیانا هێشتا ناوبانگیان لە دەرەتانێکی تەسک دەر نەچووە.

شاعیری خوالێ‌خوش‌بوو حاجی «تۆفیق»ی «پیرەمرد» وەختی خۆی هەنگاوێکی دڵسۆزانەی نا، کە ژمارەیەکی زۆری لە پارچە شیعرەکانی مەولەوی کۆکردەوەو وەری‌گێڕایە سەر شێوەی سلێمانی‌و «ئەسڵ»و «ڕۆح»ەکەی لە دوو بەرگا بڵاو کردەوە...

منیش دەمێکە خەریکی کۆکردنەوەی شیعری مەولەویم‌و ئەیان نوسمەوە تا لەم دوایی‌یەدا توانیم بەری ئەو ڕەنجی چەند ساڵەیەم بکەم بەم کتێبە. وە بۆ بەجێ هێنانی هەندێک لە واجبی سەرشانم بەرامبەر بە ئەدەبی نەتەوایەتیمان پێشکەشی خوێندەوارانی کوردی بکەم.

لەم کتێبەدا بۆ ئاسانی، هاتووم پارچە هەڵبەستەکانم بە پێی تیپەکانی «ئەلف»و «بێ» ڕێک خستووە لەسەر بنچینەی تیپی یەکەمی یەکەم شیعری هەر پارچە شیعرێک، وە بە گوێرەی ئەوەی کە دیومە نووسراوە یا لە شارەزایانم بیستووە: هۆی دانانی هەندێکیانم باس کردووە، وە مەعنای ئەو وشانەم لێ داوەتەوەکە بە ئاسانی نازانرێن یا تەنها هەر لە شێوەی شیعری کۆنمانا بەکار هێنراون. وە ئەگەر مەعنای شیعرێک تەنها بە لێکدانەوەی مەعنای وشەگرانەکانی نە زانرێ، پوختەی مەعنای ئەو شێعرەشم لێ داوەتەوە، وە ئەگەر مەعنای چەند شیعرێک بەسرابێ بە یەکەوە، مەعنای هەمویانم لە ئاخر شیعریانا پێکەوە لێ‌داوەتەوە.

لەکوکردنەوەی ئەم شیعرانەی مەولەوی‌دا یارمەتیم لەگەلێ کەس دیوە. وەک جەنابی «سەیید تاهیر هاشمی» لە «دەوڵەت ئاوا»و «حسن فەهمی بەگی جاف»و حاجی «حەیدەر»ی کوڕەزای «مەحمود یارویس»و شێخ «ئەحمەد»ی شێخ «سدیق»ی «نێرگسەجاڕ»و مەلا «کەریم»ی «دەڵەمەڕی»و مەلا «کەریمی گوڵپ»ی‌و فەقێ «ڕەشید»ی «هەمەوەند»، وە چەند کەسی‌تر کە یا دیوان یا پارچە شیعرێکی مەولەوی‌یان لابوو بۆیان ناردم‌و بەراوردم کرد لەگەڵ ئەوەی لام هەبوو، وە چیم نەبوو نوسیمەوە، یان یارمەتی ئەدەبی ترم لێوە دین لە بارەی مەولەوی‌یەوە، سوپاسێکی گەرمی ئەم زاتانە ئەکەم وە بە تایبەتی جەنابی «سیّد طاهر» کە کەڵکێکی زۆرم وەرگرت لە نامیلکە فارسی‌یەکەی کە لە بابەت مەولەوی‌و شیعری مەولەوی‌یەوە بۆی نوسیبوم، وە جەنابی «حسن فهمی جاف»، کە کەشکۆڵە شیعری‌یەکەی خوالێ‌خۆش‌بوو «مەحمود پاشا»ی باپیری دایە لام. هەروەها ئەبێ سوپاسی ئەدەبیی بەرزی کورد خوالێ‌خۆش‌بوو «ڕەفیق حیلمی»یش بنوسم کە کتێبەکەی خوێندەوە، وە هەندێ سەرنجی وردی پیشان‌دا، وە بڕیار بوو سەرەتای بۆ بنوسێ بەڵام مەرگ موڵەتی نەدا.

«دیوانی مەولەوی» بە دەسنووس، جگە لەو زاتانەی کە وتم یارمەتی‌یان داوم، لای گەلێ کەسی‌تریش هەیە، بەڵام من هەرچەند هەوڵم‌دا نەمتوانی دەسیان خەم.

وەک زانیومە لای بەگزادە جافەکانی «کەلار»و لای مناڵەکانی شێخ «ڕەسول»ی «گومەتەی قەرەداغ»و لای شێخانی «شاقەڵا» لە «سەرشیو»ی «سەقز»و لای سەییدەکانی «لۆن»یش هەیە. وەک بیستومە نوسخەی سەییدەکانی «لۆن» هۆی دانانی غەزەلەکانیشی لێ نوسراوە. نامەی زۆرم بۆ هەموو ئەوانە نووسی بۆ داوای شیعری «مەولەوی»، بەڵام وەرامم لەکەسیانەوە دەسگیر نەبوو.

هەروها لام وایەکۆمەڵە شیعری مەولەوی لای سەییدەکانی «باینچۆ»یش هەبێ، بە نیشانەی ئەوەکە لە سەرەتای مامۆستایی‌ما لە خوێندنگای خانەقای «بیارە» خوالێ‌خۆش‌بوو «امین‌السّادات»ی «باینچۆ»یش لەوێ بوو زۆربەی شیعری مەولەوی لەبەر بوو، وە مەعناکانی باش ئەزانین‌و ئەی‌زانی کەی وە لە چ موناسبەتێکا دای‌ناون. داخی گرانم ئەو

ڕۆژە هەرچەند شیعری مەولەویم ئەنوسی یەوە، بەڵام فکری ئەوە نەکەوتبوە کەللەم کە بیکەم بەکتێب تا ئەو شتانەی کە «امین‌السّادات» ئەی‌زانین بیان نوسمەوە. «امین‌السّادات» هەمور جارێ ئەوەندە بە سۆز شیعری مەولەوی ئەخوێندەوە وەک دەروێش حاڵی لێ‌بێت واله حاڵی تەبیعی دەرئەچوو.

هەرچۆن بێ من ئەوەی لە توانامـا بوو کـردم، وەنەبێ بڵێم کەم‌و‌کورتی لە ئیشەکەما نیە، چونکە پرۆژەی وا هەرگیز بە تاقەکەسێک بەبێ کەم‌و‌کورتی ناهێنرێتە دی. لەبەر ئەوە ئەم تکایانەی خوارەوەم بەرەو روی هەموو ئەوانە ئەکەمەوەکە ئەم کتێبەیان بەرچاو ئەکەوێ، بۆ ئەوەی کەڵک لە یارمەتی‌یان وەربگرم، وە ئەگەر عومر وەفای کـرد جـارێکی‌تر بـە شێوەیەکی باشتر لە چاپی بدەمەوە:

١. هەرکەس پارچە هەڵبەستێکی لا هەبێ کە لەم دیوانەدا بڵاو نەکرابێتەوە، یا بڵاو کرابێتەوە بەڵام لە نوسخەکەی ئەودا شیعرێک یا چەند شیعرێکی زیاتر بێ، ئەو پارچە هەڵبەستە، یا شیعرە زیادەکەمان بۆ بنێرێ.

٢. ئەگەر لای ئێمە شیعرێک لە پارچەیەکدا بڵاوکرابێتەوە، وە لە نوسخەی کەسێکدا لە پارچەیەکی‌ترا بێ، یا چەند پارچەی لای ئێمە لە نوسخەی کەسێکدا یەک پارچە بن، یا بە پێچەوانەوە، ئاگادارمان بکات.

٣. ئەگەر وشەیەک لە شیعرێکدا، یا جوملەیەکی لای کەسێک بەجۆرێکی‌تر بـێ، بۆمان بنوسێ.

٤. هەرکەس لای وابێ ئێمە مەعنای شیعرێکمان خراپ لێ داوەتەوە، یان هۆی دانانی پارچەیەکمان بە ناڕاست نووسیوە، رای خۆیمان بۆ بنێرێ.

ئیتر هیوام وایە هەرکەس لەم رووەوە وا هەست بکا ئەوەی لایەتی ئەمانەتی ئـەدەبی کورده لای، وە ئەبێ ئەو ئەمانەتە بگەیەنێ بە جێی خۆی، تا بە هـەموو لایـەکـمانەوە بتوانین میراتی ئـەدەبی‌مان بـەشێوەیـەکی راست‌و دروست بگـەیەنین بـە نـەوەکـانی پاشەوەمان.

مەولەوی لە چەند لاپەڕەیەکدا

ناوی «سیّد عبدالرّحیم»ی کوڕی مەلا «سەعید» وە لە نەوەی مەلا «یوسف‌جان»ی کوڕی مەلا «ئەبوبەکر، مصنّف»ی «چۆڕ»ی‌یە ﷺ کە ئەگەڕێتەوە سەر خواناسی بەناوبانگ «سەیید موحەممەد زاهید» کە بە «پیر خدر شاهۆ ﷺ» ناوبانگی دەرکردووە، وە لە وەچەی حەزرەتی «حوسەین»ی کوڕی حەزرەتی «عەلی» کوڕی «ئەبووتالب»ە. نازناوی شیعری‌یشی «مەعدوومی» وە لە ناو خەڵک‌و لەکۆڕی ئەدیبانا بە «مەولەوی» ناوبانگی دەرکردووە.

مەولەوی لە ساڵی ١٢٢١ی کۆچی لە دێی «سەرشاتە» لە ناوچەی «تاوەگۆز»ی ـبەشی «عێراق» ـ لە خێزانێکی ئایین‌پەروەری بەحورمەت‌دا لە دایک بووە، وە هەر لە سەردەمی منداڵی‌دا ماڵی باوکی هاتووە بۆ دێی «بێژاوە» لە نزیکی «هەڵەبجە»، لەوێ لای باوکی قورئانی پیرۆزی تەواو کردووەو وردەکتێبە سەرەتایی‌یەکانی فارسی‌و «صرف»و «نحو»ی خوێندووە. پاشان لەسەر ئوسوڵی فەقێکانی کوردستان چووە بۆ خوێندن بۆ «پاوە» لە ناوچەی «هەورامان»ی «لهۆن»، وە پاش ماوەیەک لەوێوە چووە بۆ «چۆڕ» لە «مەریوان» وە لەوێ‌یشەوە چووە بۆ «سنە» وە لە مزگەوتی «وەزیر» دامەزراوە، ئەنجا چووە بۆ «بانە» وە لەوێ‌یشەوە چووە بۆ «سلێمانی» وە لە «مزگەوتی گەورە» دامەزراوە کە لەو کاتەدا هێشتا جەنابی «شێخ مەعروف»ی «نۆدێ» مامۆستا بووە تیایا.

ئەنجا چووە بۆ «هەڵەبجە» وە لە «مزگەوتی جامیعە» لای مەلا «سادق تەوێڵە»یی کە «موستەعید» بووە لە خزمەتی شێخ «عبدالله»ی «خەرپانی»دا خوێندویەتی. ئەنجا چووە

بۆ «قەڵای جوانڕۆ» وە لە خزمەتی مەلا «موحەممەد»ی «قازی»ی‌دا خوێندویە، لەوێشەوە بۆ جاری دووەم لە سەردەمی «ڕەزاقولی‌خان»ی «والی»دا چووەتەوە بۆ «سنە» وە لە مزگەوتی «دار الاحسان» دامەزراوە، وە ماوەیەکی زیاتر لە جاری پێشوو لەوێ ماوەتەوە، ئەنجا دیسانەوە هاتووەتەوە بۆ «سلێمانی» وە لە خزمەتی مەلا «عبدالرّحمان»ی «نۆدشە»یی‌دا کە موفتی سلێمانی و مامۆستای مزگەوتی «مەڵکەندی» بووە خوێندنی تەواو کردووەو ئیجازەی دەرس وتنەوەی وەرگرتووە.

ئەوەی کە مەشهورە گوایە «مەولەوی» لە زەمانی «ڕەزاقولی‌خان»ی «والی»دا لە مزگەوتی «دار الاحسان»ی «سنە» لە خزمەتی حاجی مەلا «ئەحمەد»ی «نۆدشە»یی‌دا ئیجازەی وەرگرتووە، ڕاست نیە. چونکە حاجی مەلا «ئەحمەد» هەتاوەکو پاش زەمانی «فەرهاد میرزا» کە پاش «غولام‌شاخان»و «ڕەزاقولی‌خان»ی برای، بووە بە حوکمڕانی «ئەردەڵان». وە پاش سەفەری «حەج»ی لەگەڵ شێخی «بهاءالدّین» کە پاش ساڵی ١٢٩٠ی کۆچی بووە، ڕۆیشتووە بۆ «سنە»، وە لەو کاتەدا مەولەوی عومری لە ٦٠ ساڵ کەمتر نەبوە، بەڵکوو پاش ئەوە تەنها چەند ساڵ ژیاوە. کەواتە چۆن ئەگونجێ لە عومری وادا ئیجازە وەربگرێ.

هەروەها لە ساڵی ١٢٧١ی‌دا شێخی «سراج‌الدّین» مەولەوی لەگەڵ حاجی شێخ «عبدالرّحمان»ی کوڕی ئەنێرێ بۆ «سنە» بۆ مەسەلەی ناکۆکی بەینی «غولام‌شا خان»و مەلاکانی «سنە». دیارە ئەبێ مەولەوی لەوکاتەدا مەلایەکی پایە بڵەند بووبێ، ئەگینا بۆ ئیشی وا نەئەنێررا. جگە لەوەش ڕێی تێناچێ مەولەوی ئیجازەی لای حاجی مەلا «ئەحمەد» وەرگرتبێ، چونکە هەشت ساڵ لەو گەورەتر بووە، وەک لەم شیعرە فارسی‌یەوە دەرئەکەوێ کە مێژوی لە دایک بوونی حاجی مەلا «ئەحمەد»ە بە حروفی «ئەبجەد»:

هاتفی از سر الهام بتأریخش گفت: بود احمد خلف امجد عبدالرّحمن

کە ئەکاتە ١٢٢٩ی کۆچی مانگی.

بەڵگەیەکی تریش هەیە بۆ ئیسپاتی ئەوەکە مەولەوی لە سلێمانی ئیجازەی وەرگرتووە، ئەوەش ئەو چیرۆکەیەکە پاشان هەر لەم کورتە مێژووەی ژیان‌دا ئەی‌گێڕینەوە لە بارەی

چوونیەوە بۆ سەیران بۆ «سەرچنار» لەگەڵ هەندێ لە میرەکانی «بابان» پاش تەواو بوونی ئاهەنگی ئیجازە وەرگرتنی.

مەولەوی لە سەرەتای مەلایەتی دا لە دێی «چروستانە» لە نزیکی «هەڵەبجە» دامەزراوە و فەقێی راگرتووەو دەسی کردووە بە دەرس وتنەوە. پاش ماوەیەک هەوای «تصوّف» ئەکەوێتە کەللەی و گرفتاری زەوقی «ئەهلی مەعنا» ئەبێ و ئەڕوا بۆ «تەوێڵە» بۆ خزمەتی شێخ «عوسمان سراج‌الدّین»ی خەلیفەی «مەولانا خالید»ی «نەقشبەندی» کە یەکەم کەس بووە ئەو تەریقەتەی لە کوردستانا بڵاو کردووەتەوە. مەولەوی لە «تەوێڵە» ئەبێ بە موریدی شێخی «سراج‌الدّین» وە وەختێکی زۆر بە «سلوک»ەوە ئەباتە سەر، وە پاش چەند ساڵێک ئەگوێزێتەوە بۆ «بیاوێڵە» کە دێیێکە لە ژووری «هەڵەبجە»وە. پاش ماوەیەکی تریش لەوێوە بار ئەکا بۆ «گونە» کە یەکێکە لە دێیەکانی هۆزی «نەورووڵی». پاش چەند ساڵێک ئەوێیش بەجێ ئەهێڵێ و ئەچێ بۆ «شەمێران» کە ئەوکاتە لە ژێر ئیدارەی شێخ «عەلی، عەبابەیلێ»یی دا بووە. شێخی ناوبراو زۆر خزمەتی مەولەوی و دەس و پێوەندەکانی ئەکا، بەڵام پاش ماوەیەک بە تەئسیری «موحەممەد پاشا»ی جاف بەڕێوە بردنی «شەمێران» لە دەستی ئەو شێخ «عەلی»یە ئەسنرێتەوە وە ئەدرێتە دەستی «عوسمان»ی «خاڵە» کە لە پیاو ماقوڵانی هۆزی «یەزدانبەخشی» بووە، لە ئەنجامی ئەم لابردن و دانانەدا مەولەوی ماڵی لە شەمێران بار ئەکاو ئەڕواتەوە بۆ «سەرشاتە» کە تیا لە دایک بووە، وە لەوێ ئەمێنێتەوە تا کۆچی دوایی ئەکا.

«مەولەوی» لە دواساڵەکانی ژیانیا تووشی گەلێ کارەساتی ناخۆش بووە، وە ئەو کارەساتانەی لە چەند پارچە شیعردا بە سۆزەوە هۆنیوەتەوە. کتێبخانەکەی سووتاوە وە لەو کتێبخانەیەی دا گەلێک کتێب و دانراوەو دیوانی شیعری سووتاوە، وە «عەنبەر» خاتوونی خێزانی مردووە کە جێگایەکی تایبەتی بوو لە دڵی مەولەوی دا، وە حەوت ساڵ پێش وەفاتی کوێر بووە، هەر ئەم کوێر بوونەشی بووە بە هۆی مردنی، ئەوە بوو جارێکیان بۆ سەرخۆشی کردن لە دۆستێکی ئەڕوا بۆ «پەریس» کە لە گەڕانەوەدا نزیکی «هانەسوورە» ئەبێتەوە بە جڵەوڕاکێشی وەڵاخەکەی ئەڵێ: من چاوم نابینێ، دار توویەک لەسەر ڕێگەمانە

لقێکی لاری هەیەکە گەیشتینە لای پێم بڵێ با سەرم دانەوێنم. وا ڕێک ئەکەوێ کە ئەگەنە ئەو شوێنە کابرا لە بیری نابێ ئاگاداری بکا مەولەوی سنگی ئەدا بە دارەکەداو بە پشتا ئەکەوێتە خوار لە وڵاخەکەی و پشتی ئەشکێ، وە لە ئەنجامی ئەوەدا لە ١٣٠٠ی هیجری‌دا کۆچی دوایی ئەکا، وە لەگۆڕستانی «ئەسحابە» لە نزیکی «سەرشاتە» ئەی‌سپێرن بە خاک.

مەولەوی پایەیەکی بڵەندی هەیە لە ناو زاناکانی کورد دا، وە بە تایبەتی لە «عیلم»ی «کەلام»دا دەسێکی باڵای بووە. ئەو دانراوانەی کە لە پاشی ماونەتەوە هەموو لەم عیلمەدان، وە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. «اَلْفَضِیلَة» کە ٢٠٣١ شیعری عەرەبی‌یە وە لە ساڵی ١٢٨٥ی هیجری‌دا دای ناوە، وە عەنتیکەیەکی هونەری‌یە جگە لەوەکە مەعنا عیلمی‌یەکەی زۆر وردو بەرزە. یەکەم شیعری ئەم کتێبە ئەمەیە:

بِسْمِ اللّٰهِ الرَّحْمٰنِ، الرَّحِیمِ   مَـنْ تـاهَ فِیهِ نُهْیَةُ الْحَکِیمِ

دانەیەکم لەم کتێبە لایە ئاخر پەڕەی نەماوە، لە بەر ئەوە نازانم کێ نوسیویەتەوە، بەڵام ئەبێ فەقیەکەی مەولەوی خۆی نوسیبێتیەوە، چونکە خەتی مەولەوی پێوەیە، هەروەها حاشیەی زۆری مەلا «فەتاح» ناوێکی فەقێی مەولەویشی لەسەر نوسراوەتەوە، شەرحێکی دوورو درێژم لەم کتێبە کردوە لە دوو بەرگی گەورەدا.

٢. «اَلْعَقِیدَةُ الْمَرضِیَّة» کە ٢٤٥٤ شیعری کوردی‌یە، وە لە ١٣٥٢ی هیجری‌دا لەلایەن «محی الدّین صبری النّعیمی»یەوە لە «مصر» لە چاپ دراوە. یەکەم شیعری ئەم کتێبە ئەمەیە:

زوبدەی عەقیدەو خوڵاسەی کەلام   هەر لە تۆ بۆ تۆس حەمدو سەنای تام

مەولەوی خۆی ئەم عەقیدەیەی کورت کردووەتەوە، وە باسە گرانەکانی لێ لابردووە بۆ ئەوەی قوتابی‌یە تازە پێ گەیشتووەکان لێی حاڵی بین.

٣. «اَلْفَوائِح» کە ٥٢٧ شیعری فارسی‌یە، وە لەگەڵ عەقیدەکوردی‌یە باس‌کراوەکەدا لەچاپ دراوە. یەکەم شیعری ئەم کتێبە ئەمەیە:

چو در خود بینم از بس روسیاهی   نگنجد ای الٰهی یا الٰهی

جگە لەمانەش نامیلکەیەکی بە فارسی هەیە باسی ئوسوڵی تەریقەتی نەقشبەندی ئەکا.

***

وەک وتمان «مەولەوی» موریدی شێخی «سراج‌الدّین» بووە، وە پاش وەفاتی ئەو بووە بە موریدی شێخی «بهاءالدّین» وە عەلاقەی رۆحی لەگەڵ شێخی «ضیاءالدّین»یش بووە. زۆربەی هەڵبەستەکانی پڕن لە هەستی بەسۆزی بەرامبەر بە «پیر»، وە نیشانەی ئەوەن کە موریدێکی چەند راست بووە، وە لە رێگای موریدی‌یەتی‌یەوە دەستێکی گەورەی لە «تصوّف»دا پەیدا کردووە.

جارێکیان لە خانەقای «تەوێڵە» ئەبێ لە «چروستانە»وە دێن بە دوایا کە بگەڕێتەوە بۆ ماڵ، چونکە کوڕێکی نەخۆش ئەبێ، ئەمیش سوار ئەبێ‌و ئەگەڕێتەوە، کە ئەگەنە پشت دێی «عەنەب» هەناسەیەکی درێژ هەڵئەکێشێ‌و فرمێسک بە چاوەکانیا دێتە خوار. هاوڕێکەی عەرزی ئەکا بۆچی وا عاجزی؟ ئەمیش ئەڵێ: چۆن عاجز نەبم حەزرەتی «یەعقوب» بۆ دڵخۆش بوون بۆنی کراسی حەزرەتی «یۆسف»ی کوڕی ئەدرا بە لوتیا، کەچی من بۆنی کفنی کوڕەکەم ئەدرێ بە دەماخما. کە ئەگەنە ماڵەوە ئەزانن لەو کاتەدا کە ئەو هەناسەکەی هەڵکێشاوە خەریکی کفن کردنی کوڕەکەی بوون.

بەبۆنەی مردنی ئەم کوڕەیەوە شێخی «بهاءالدّین» ئەچێ بۆ لای بۆ سەرخۆشی لێ کردنی، مەولەوی بە هاتنی شێخ ئەوەندە خۆشحاڵ ئەبێ «وەجد» ئەیگرێ‌و ئەڵێ: حەزم ئەکرد تا ماوم ساڵێ کوڕێکم بووایەو بمردایە بەو شەرتە تۆ هەموو جارێ بهاتی‌تایە بۆ لام و سوودی «ڕۆحی»م لێ وەربگرتی‌تایە.

مەولەوی زۆربەی شەوەکان بێدار بووە، فەرەنجی‌یەکی سووری درێژی بووە لە وەرزی سەرمادا داویە بەسەر خۆیاو رووەو قیبلە دانیشتوەو بیری لە خوا کردوەتەوەو ئادابی تەریقەتی بەجێ هێناوە.

مەولەوی جگە لەوەش کە خۆی موریدی شێخی «سراج‌الدّین»و شێخی «بهاءالدین» بووە، پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ هەندێکی تر لە پیاوانی خوادا بووە، وەک شێخ «عبدالرّحمان»ی «خالسی» «تاڵەبانی»و «کاک ئەحمەدی شێخ».

لە شێخ «فەتاح»ی «کربچنەیی»م بیست وتی: جارێکیان مەولەوی ئەچێ بۆ «کەرکوک»، لە دەمەو بەیانا ئەگاتە «تەکیە»ی «تاڵەبانی»، کە ئەچێتە ژورەوە سەیر ئەکا شێخ «عبدالرّحمان» خەبەرە، کە شێخ بە مەولەوی ئەزانێ دێ بە پیری‌یەوە، مەولەویش ئەم شیعرەی «بێسارانی»ی بەسەرا ئە خوێنێتەوەکە لە عەقیدەکەشیا لە باسی «میعراج»دا نوسیوە. وە لە پارچەی ژمارە «٤»ی تیپی «بێ»یش‌دا هەیە:

شەوەن خەڵوەتەن، ماڵ بێ ئەغیارەن ئاڵەم گرد وتەن، دۆس خەبەر دارەن

شێخ «عبدالرّحمان»یش گورج بەم شیعرە وەرامی ئەداتەوە:

ئیرادەم ئیدەن وەی کەڵپۆسەوە شەو ناڵین وەشەن وەلای دۆسەوە

شایانی باسە مەولەوی لاواندنەوەیەکی جوانی هەیە بۆ شێخ «عبدالرّحمان»، وە بە حەرفی ئەبجەد مێژوی وەفاتی بۆ داناوە. ئەو لاواندنەوەیەمان لە تیپی «دال»دا بڵاو کردووەتەوە لەژێر ژمارەی «١٨» دا.

هەروەها لە «سەید ئەحمەد»ی کوڕی شێخ «عبدالرّحمان»ی «عازەبانی»م بیست وتی: رۆژێکیان مەولەوی ئەچێ بۆ «سلێمانی» بۆ زیارەتی «کاک ئەحمەدی شێخ»، پاش نوێژی عەسر بە خزمەتی ئەگا. «کاک ئەحمەد»یش زۆر حورمەتی ئەگرێ‌و پێی ئەفەرموێ: مەولەوی حەز ئەکەم نەسیحەتێکم بکەی!، مەولەوی بێ‌دەنگ ئەبێ، «کاک ئەحمەد» داواکەی دووبارە ئەکاتەوە، بەڵام مەولەوی هەر دەنگ ناکا. شێخ بۆ جاری سێهەم داواکەی تازە ئەکاتەوە، ئەمجارە مەولەوی ئەڵێ: یاشێخ نەسیحەت یا ئەمر بە چاکەیە یا نەهی لە خراپە، جاری یەکەم ورد بوومەوە واجبێک‌و سوننەتێکم نەدی تۆ نەیکەیت تا پێت بڵێم بیکە. جاری دووهەمیش ورد بوومەوە حەرامێک‌و مەکروهێکم نەدی تۆ بیکەیت تا پێت بڵێم مەیکە. ئەمجارە پێت ئەڵێم دیارە شەیتان زۆر دڵگرانە لێت، دەخیلتم ئاگات لە خۆت بێ تەفرەت نەداو تووشی خراپەیەکت نەکا...«کاک ئەحمەد» ئەم جوابەی مەولەوی زۆر پێ‌خۆش ئەبێ، وەجد ئەیگرێ‌و دەس ئەکا بە گریان‌و ئەندازەیەکی باش فرمێسک بەخوڕ ئەڕێژێ...

***

باری ژیانی ئابووری مەولەوی زۆر ناخۆش بووە، بەڵام ئەو رازی بووە بەو ژیانە، وە زۆربەی وەختی خۆی بە شێوەی دەروێشی رابواردووە.

لە حاجی شێخ «موستەفا»ی «هەولێری»م بیست وتی: بیستومە جارێکیان لە حاجی مەلا «ئەحمەد»ی «نۆتشە» ئەچێ بۆ دیدەنی مەولەوی، مەولەوی هیچ لە ماڵیا نابێ. ئەو ئێوارە بە قسەی خۆش وەخت ئەبەنە سەر تا خەو ئەیانباتەوە بە لادا. بۆ سبەی نیوەڕۆ هەندێ نانی «جۆ»و «دۆ» دێنن‌و دەس ئەکەن بە «نان‌و دۆ» خواردن. لەکاتی نان خواردنەکەدا حاجی «مەلا ئەحمەد» زۆر تەعریفی خۆراکەکە ئەکاو بە شان‌و باڵیا هەڵ ئەدا...مەولەویش ئەڵێ: میوانی وەک تۆ بە دەگمەن رێ ئەکەوێتە لای ئینسان، لەبەر ئەوە پێویستە بە لەززەت‌ترین خۆراکی بۆ دانرێ!!! دیارە بە نیسبەت کەسێکەوە هیچ شک نەبا «نان‌و دۆ» خۆراکێکی ئێجگار بە لەززەتە.

لەگەڵ ئەوەشا مەولەوی هەمیشە ئەو هەژاری‌یەی پێ باشتر بووە لەوەکە ناوچەو خزم‌و کەس‌وکارەکەی بەجێ بێڵێ‌و بڕواتە شوێنێ وا بە خۆشی تیا بژی.

پیاوی دەسەڵاتداری وەک «فەرهاد میرزای قاجاری» کە مەولەوی زۆر خۆش ویستووە داوای لێ کردووە بچێتە «ئێران»، وە لە پەنای ئەوا دانیشێ‌و خزمەتی زۆری بکا. بەڵام مەولەوی بەگوێی نەکردووە. مەولەوی چاو لەبەری هیچ گەورەیەک نەبووە، لە «حەسەن بەگی عەلی بەگی جاف»م بیست وتی: پاش ئەوەی کە «مەحمودپاشای جاف» روتبەی پاشایەتی لە ئەستەموولەوە بۆ دێ، رۆژێک مەولەوی لە سەر مەسەلەیەک دڵی لێی دێشێ، وە نامەیەکی بۆ ئەنێرێ‌و تیا ئەنوسێ: پاشا ئەگەر تۆ بەوەوە ئەنازی کە لە «مەحمود بەگی»یەوە بووی بە «مەحمودپاشا»، منیش بەوە ئەنازم کە هەر مەولەوی بووم‌و هەر مەولەویم.

مەولەوی هەمیشە لەسەر خزم‌و عەشرەتەکەی هاتووەتە دەنگ، وە بۆ ئەوان دڵی لە دەسەڵاتدارانی ئەو رۆژە ئێشاوە. کاتێک کە ماڵی لە «شەمێران» بووە شێخ «عەلی عەبابەیلێ»یی سەرکاری «شەمێران» بووە، پاش ماوەیەک بە تەئسیری «موحەممەد پاشای جاف» ئەو شێخە لە سەرکاری لائەبرێ‌و «عوسمانی خاڵە» لە شوێنی دائەنرێ کە یەکێک

بووە لە پیاوماقوڵانی «یەزدان بەخشی»، ئەم ئاڵوگۆڕە لەگەڵ وەزعی مەولەوی نەگونجاوە، لەبەر ئەوە مەولەوی لە «شەمێران» باری کردووەو چوەتەوە بۆ «سەرشاتە» لە «تاوەگۆز». کە «موحەممەد پاشا» بەمە ئەزانێ نامەیەکی بۆ ئەنوسێ وگلەیی لێ ئەکا تیایاکە بۆچی شەمێرانی بەجێ هێشتووە؟. ئەمیش لە وەڵامی نامەکەی‌دا بۆی ئەنوسێ کە «عوسمانی خاڵە» لەگەڵ خزمەکانی ئەم باش نەبوە، لەبەر ئەوە ناچار بووە بار بکا. لەگەڵ نامەکە ئەم چەند شیعرە فارسی‌یەشی بۆ ئەنوسێ:

وزان سوی وطن هجرت نمودم — خلافت از علی دانسته بودم
به تاثیر محمّد میر اکمل — خلافت چون به عثمان شد محوّل
دل خویشان ما را پر ز خون کرد — به خویشاوند خود نعمت فزون کرد

واتە: بۆیە گواستمەوە بۆ نیشتمان چونکە خەلیفەییم بۆ «عەلی» بە حەق ئەزانی، وەکە بە تەئسیری «موحەممەد پاشا»، درا بە «عوسمان» دڵی خزمەکانی ئێمەی پڕکرد لە خوێن، وە خەڵات‌و بەراتی بۆ خزمەکانی خۆی زیاد کرد. مەبەس لە عەلی شێخ «عەلی» وە لە عوسمان «عوسمانی «خاڵە»یە. مەولەوی لەم شیعرە ناسکانەی‌دا ئیشارەتی بۆ مەسەلەی خەلافەتی «عوسمان»ی کوڕی «عەففان»ﷺ»و «عەلی»ی کوڕی «ئەبوتالب»ﷺ»یش کردووە، وە ئەو وەزعە رابوردووەی هێناوەتە بەرچاو.

***

وەک وتمان مەولەوی لە سەردەمی فەقێ‌یەتی‌دا زۆر لای «کوردستانی عێراق»و «ئێران» گەڕاوە. پاش ئیجازە وەرگرتنیشی گەڕانی هەربووە، سەفەری «جوانرۆ»و «کرماشان»و «هەورامان»و «مەریوان»و «سنە»و «بانە»و «سابڵاخ»ی کردووە. هەتاوەکو کە ئەچێتە سابڵاخ لە پێشانا خێڵی «سەیید»ی «نظامی» کە لە نەوەی مەلا «ئەبوبەکر»ی «مصنّف»ن‌و هاوپشتی مەولەوین زۆر گوێی نادەنێ، بەڵام پاشان کە شارەزای «علم»و «فضل»ی ئەبن ناچار ئەبن دەوری بدەن‌و حورمەتی بگرن.

هەروەها سەفەری «سلێمانی»و «خانەقی»و «کەرکوک»و «بەغدا»یشی بووە. جارێکیان بە نیازی «حەج» ئەکەوێتە رێ، کە ئەگاتە بەغدا هاوڕێکەی پارەی رێگای حەجەکەی لێ

ئەدزیٚ‌و ئەگەڕێتەوەو بڵاوی ئەکاتەوەکە گوایە مەولەوی مردووە، وەک بڵێی وابزانیٚ ئیتر مەولەوی ناتوانیٚ بگەڕێتەوە. کەس‌و کاری پرسەی بۆ دائەنێن. پاش ماوەیەک هەندیٚ لە زاناو ئەدەب‌پەروەرانی بەغدا کە بە مەسەلەکە ئەزانن خەرجی ڕێگای بۆ ئامادە ئەکەن‌و ئەینێرنەوە. کە ئەگاتە بەرەوە، مناڵ‌و کەس‌وکارەکانی دەس‌بەجیٚ ئەچن کابرای دزی درۆزن ئەگرن‌و ئەیبەنە لای مەولەوی. «مەولەوی»ش بیٚ‌ئەوەی هیچی لیٚ بکا پێی ئەڵیٚ ڕۆڵە خوا ڕووی ئەجەل ڕەش‌کا وا منی خەجاڵەتی لای تۆ کرد... خۆزگا بمردایەم‌و تۆم وا بە ڕووزەردی نەدیایە.

لە نێوانی مەولەوی‌و گەلیٚ لە زانایان‌و پیاوانی خواو پیاو ماقوڵانی ئەو دەمەی کوردو ئێرانی‌دا پەیوەندی‌یەکی بەتین بووە. مەولەوی پارچە شیعری بەرزو نامەی ڕازاوەی بۆ شێخ «موحەممەد جەسیمی سنە»و شێخی «سراج‌الدّین»و «بهاءالدّین»و «ضیاءالدّین»و «موحەممەد پاشای جاف»و «مەحمود پاشا»ی کوڕی «معتمدالدّولە = فەرهاد میرزا»و «حسام‌الدّولە»ی برای نوسیوە کە مامی «ناصرالدّین، شای قاجار» بوون. هەروەها هەمیشە هەڵبەستی جوانی ناردووە بۆ دۆستانی وەک شێخ «موئمنی سازانی»و شێخ «حەسەنی سازانی»و شێخ «یۆسفی«نوسمە»یی‌و شێخ «عەزیزی جانەوەرە»یی‌و «ئەحمەدبەگی کۆماسی»و شێخ «عبداللّٰە‌ی داخی»و گەلێک لە شاعیرەکانی‌تر... زۆربەی شیعرەکانی بە «کوردی»و نامەکانی بە «فارسی» بووە. جارجاریش چەند دێڕێکی عەرەبی لەو نامە فارسی‌یانەدا نوسیوە. ژمارەیەکی زۆرم لەو نامانەی مەولەوی لەلایە. هەندێکیان دۆستی موحتەرەمم «سەیید تاهیر هاشمی» لە «دەوڵەت ئاوا»وە بۆ ناردوم. ئەگەر بۆم ڕیٚ‌کەوتایە یەکم‌ئەخستن‌و لە شێوەی کتێبێکی ئینشادا بڵاوم ئەکردنەوە.

***

«مەولەوی» زاتێکی قسەخۆش‌و نوکتە بازیش بووە. جارێکیان میوانی دۆستێکی ئەبیٚ لە «پاوە»، تا لەویٚ ئەبیٚ خواردنێکی خۆشی دەرخوارد نادا. کە ماڵاوایی لیٚ ئەکاو ئەگەڕێتەوە دۆستەکەی تا ملەی «کەڵیان» ـ کە شوێنێکە لە نزیکی پاوە ـ ڕەوانەی ئەکا. لەویا پێی ئەڵیٚ: بیٚ‌قەزابی پەلەت کردو زوو تەشریفت برد... من بە تایبەتی کاوڕێکم هەڵگرتبوو

ئەمشەو بۆتی سەربڕم‌و بیکەین بەکەباب‌و پێکەوە بیخۆین‌و رای‌بوێرین... مەولەویش لە وەراما ئەڵێ: مادەم وا بێ وەڵڵا دڵت نایەشێنم‌و لەگەڵت ئەگەڕێمەوە تاکەبابەکە بخۆین... وە ئەگەڕێتەوە. کابراش ناچار کاوڕەکە سەرئەبڕێ‌و بۆی ئەبرژێنێ...

رۆژێکیان لەگەڵ شێخ «سەعیدی ناوجاف»دا ئەڕوا بۆ دیدەنی «کاک فەرەجی بەرزنجە» کە سەرگەورەی سەییدەکانی «بەرزنجە» بووە بۆ ئەوەی شەجەرەی سەییدەکانی پێ مۆر بکا. کە نزیکی بەرزنجە ئەبنەوە «کاک فەرەج» بە هاتنی مەولەوی ئەزانێ‌و تێ ئەگا بۆچی هاتووە. بە دانیشتوانی مەجلیسەکە ئەڵێ: کە مەولەوی باسی مۆر کردنی شەجەرەکەی کرد، من تا بەینێک بۆی مۆر ناکەم‌و تورەی ئەکەم تا بزانین ئەڵێ چی. کە مەولەوی ئەگاتە بەرەوەو ئەحەسێتەوە مەسەلەی مۆری شەجەرەکە ئەخاتە ئاراوە. کاک فەرەج ئەڵێ مەولەوی حاشا ئێوە سەیید نین‌و بەرزنجەیی دان بە ئێوەدا نانێن. مەولەویش ئەڵێ فەرەج... فەرەج ئەگەر بە شەرع رەفتار ئەکەی ئەوە «خاتمەی ابن‌حجر»، وە ئەگەر ئەش‌لێیت ئێمە حازرین بۆ «ابن‌خنجر»... بەخوا قەسەم ئارام ئەبی باشە!، ئەگینا لە حەرەکە و جم‌وجوڵت ئەخەم‌و ساکنت ئەکەم!!... واتە: «فەرەج» ئەکەم بە «فەرج»... ئەویش دەس ئەکا بە پێکەنین‌و ئەڵێ خۆم بۆ قسەیەکی وا راگرتبوو،... وە شەجەرەکەی بۆ مۆر ئەکا.

***

«مەولەوی» لەگەڵ هەرجۆرە خەڵکێکا بە گوێرەی عەقڵی ئەوانە جوڵاوەتەوە. جارێکیان لە مەجلیسی شێخ «عبدالقادری موهاجر»دا ئەبێ لە «سلێمانی». کابرایەک دێتە ژورەوەو ئەپرسێ مەلاکان «ئامین» کردن لە نوێژا واجبە یا سوننەتە؟ مەولەوی گورج هەڵی ئەداتێ‌و ئەڵێ: باوکم «ئامین» کردن واجبە!، وە ئەگەر نەیڵێی نوێژەکەت بەتاڵ ئەبێتەوە. کابرا ئەڕوا مەلاکان ئەڵێن: مەولەوی ئەم فتوا غەڵەتە چی بوو دات؟ مەولەویش ئەڵێ: کورە ئێوە عەوام ناناسن، وەڵڵا ئەگەر بزانێ «ئامین» سوننەتە «وَلَاالضَّالِّين»یشی پێوە ئەخوا.

رۆژێکی‌تر هەر لە مزگەوتی شێخی «موهاجر»دا کە ئێستا پێی ئەڵێن مزگەوتی «شێخ لەتیفی دانسار» خەریک ئەبێ خۆی ئامادە ئەکا بۆ نوێژی «مەغریب»و فەرەنجی‌یەکی درێژی لەبەرا ئەبێ، کابرایەک بانگی ئەکا: کورەکابرا فەرەنجی‌یەکەت نوێژی پێ‌وە نییە

فرێی دە، ئەویش گورج فرێی ئەداو نوێژ دائەبەستێ... کە لە نوێژ ئەبنەوە یەکێک لێی ئەپرسێ ئەوە لە راستی‌دا فەرەنجی‌یەکەت نوێژی پێوە نەبوو وافرێت دا؟ مەولەوی ئەڵێ: نەوەڵڵا پاک‌و نوێژی بوو، بەڵام تا من کابرام حاڵی ئەکرد کە نوێژی‌یە، نەک جەماعەتی «مەغریب» بەڵکو هی «عیشا»یشم لەکیس ئەچوو... وتم چاتر ئەوە فرێی دەم‌و لەکورتی بی‌بڕمەوە.

***

«مەولەوی» زاتێکی زیرەک‌و حازرجواب‌و قسە بەمەعنا بووە. لە «حسەین بەگی حەسەن بەگی جاف»م بیست، وتی: بیستومە پاش تەواو بوونی ئاهەنگی ئیجازە وەرگرتنی مەولەوی لە خزمەتی مەلا «عبدالرّحمانی نۆتشە»یی‌داکە موفتی «سلێمانی»و مامۆستای مزگەوتی «مەڵکەندی» بووە، «ئەحمەد پاشای بابان»و پاشازادەکانی‌ترو تاقمێک لە مەلاو فەقێ ئەچن بۆ «سەرچنار» بۆ سەیران. لە رێگەدا فەلاحێک سەر رێگەیان لێ ئەگرێ‌و دەس ئەکا بە سکاڵای حاڵی خۆی لای «ئەحمەد پاشا»و پێی ئەڵێ: پارچە بەراوێکم هەیە هەموو ساڵێ ئەیکەم بە تەرەکاڵ‌و بۆخۆم پێی ئەژیم، ئەمساڵ یەکێک لە پیاوەکانی تۆ لێی داگیر کردوم‌و زۆریشم لێ ئەکا بە جووتی خۆم بی‌کێڵم‌و بی‌کەم بە تەرەکاڵ بۆ ماڵی پاشا. مەولەوی نایەڵێ پاشا وەرامی فەلاحەکە بداتەوە، ئە چێتە پێشەوەو خۆی لە فەلاحەکە توورە ئەکا. کابرای فەلاح سەرسام ئەبێ‌و بە مەولەوی ئەڵێ: مەلا تۆ لای خۆت «مەلا»یت و پیاوی دینی، کە تکایەکم بۆ ناکەیت‌و چاکەت لە دەم دەرناچێ بۆچی خراپەم لەگەڵ ئەکەی؟ مەولەویش ئەڵێ: مردووت مرێ من لەبەر بێ‌عەقڵی تۆ توورە بووم، ئاخر تۆ نەت بیستووە دنیا مەزرەعەی ئاخیرەتە، ئێستا پاشا ئەگەر بە جووتی بێگاری زەوی داگیرکراو نەکێڵێ‌و نەیکا بە تەرەکاڵ بۆ دیوەخان، «دنیا»ی چۆن ئەبێ بە مەزرەعەی قیامەتی؟. کە پاشا ئەم قسەیەی مەولەوی ئەبیسێ شەرمەزار ئەبێ‌و ئەڵێ: مەولەوی تکا ئەکەم بەسیەتی، کابرا برۆ زەوی خۆت بۆ خۆت، وە هەر پیاوێکی من هات بەلاتا دەری‌کەو گوێی مەدەرێ.

«مەولەوی» لە ١٢٧١ی هیجری‌دا بە فەرمودەی شێخی «سراج‌الدّین» لەگەڵ حاجی شێخ «عبدالرّحمان»ی کوڕی شێخا ئەڕوا بۆ «سنە» بۆلای «غوڵام‌شاخانی والی» بۆ مەسەلەیەکی ئایینی. پاش ئەوەی چاویان بە والی ئەکەوێ، ڕۆژێکیان والی بە مەولەوی ئەڵێ: حەزئەکەم بۆم بەیان بفەرموی کە لەگەڵ بوونی «امیرالمؤمنین علی»دا چۆن قابیلە بێگانە ببێ بە خەلیفەو جێگە نشینی پێغەمبەر؟ «میرزا جەعفەرخانی وەزیر» وە مامەیەکی «والی»یش کە قلیانداری خۆی بووە لەو مەجلیسەدا ئەبن. مەولەویش لە وەراما بە والی ئەڵێ: رجا ئەکەم لەبەر خاتری ریشی سپی مامت ئەم پرسیارە لە جەنابی وەزیر بفەرموی. «والی» تێ‌ئەگا مەولەوی مەبەستی چیەوا!...سەر دائەخا. مەبەستی مەولەوی ئەوە بووە: ئەگەر خزمایەتی بوایە بە هۆی نزیکی‌و بەڵگەی جێ نشینی، نەئەبوو «والی» مامی خۆی بکا بە قلیاندارو بێگانە بکا بە وەزیر... هەروەها ئیشارەتی بۆ ئەوەش کردووە ئەگەر خەلافەت بەسرابوایە بە خزمایەتی‌یەوە خۆ حەزرەتی «عەباس» مامی پێغەمبەر بووە، وە حەزرەتی «عەلی» ئامۆزای بووە. کەواتە ئەبوو «والی» داوای خەلافەتی بۆ «عەباس» بکردایە نەک بۆ «عەلی».

هەر لەو سەفەرەدا رۆژێکی‌تر «والی» مەعنای ئایەتی ﴿**كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ**﴾ لە مەولەوی ئەپرسێ، ئەمیش ئەڵێ: خوا لەسەر باسکی «ازل»ەوە روی کردبوە دەشتی «ابد» وە وێنەی جوزئیاتی عالەمی وەک ران لەبەر عیلمی خۆی‌دا راگرتبوو، وە گاڵۆکی قەزای گرتبوو بە دەستی قودرەتیەوە، وە بەو گاڵۆکە هەریەکێکی لەو جوزئیاتە نیشانەکردبوو بۆ شتێ. ئێستا هەموو رۆژێ، بەڵکو هەموو تاوێک لەسەر ئەو نیشانانە ئیش‌و کاری خۆی بەرامبەر بە عالەم دەرئەبڕێ‌و جێ‌بەجێی ئەکا.

«مەولەوی» جارێکیان لەگەڵ زانایەکی جەعفەری گفتوگۆ ئەکا، زاناکە لێی ئەپرسێ بۆچی ئەهلی سوننەت بەرامبەر بە حەزرەتی «عەلی» چاو لە راستی ئەنوقێنن‌و حەقی خۆی نادەنە دەست‌و دان بەوەدا نانێن کە خەلیفەی یەکەم بووە، بەڵکو خۆشیشیان ناوێ؟ مەولەوی لە وەراما ئەڵێ: سوننی‌یەکان لایان وایە «عەلی» ناو دوو کەسن، یەکەمیان کابرایەک بووە لە ترسی خەڵک فەرمودەی پێغەمبەری خستوەتە پشت گوێی کە لە بارەی

خەلیفەیی ئەوەوە فەرموویەتی، وە دەستی لە حەقی خەلافەت هەڵگرتووە بۆ یەکێکی بێگانەی ناشایان، وە گوێی بە شەرع نەداوەو «جاریە»ی لە خەلیفەیەکی «غصب»کەر وەرگرتووەو کچی خۆیشی داوە بە خەلیفەیەکی تری «غصب»کەر... ئێمە ئەو «عەلی»یەمان خۆش ناوێ. دووهەمیش‌یان کەسێکی خاوەن باوەڕو ئازاو لە ڕێ لانەدەر بووە، وە لە «خوا» بەولاوە لەکەس نەترساوەو «جاریە»ی لە خەلیفەی شەرعی نەبێ لەکەسی‌تر وەرنەگرتووەو کچی خۆی بە خەلیفەی پێغەمبەر داوەو بە جێگەداری ڕاستی ئەوی زانیوە. ئەو «عەلی ﷺ»یەمان خۆش ئەوێ‌و بە شێری خواو خۆشەویستی پێغەمبەر و درگای شاری زانستی ئەزانین. مەبەستی مەولەوی ئەوە بووە: ئەگەر حەزرەتی «عەلی ﷺ» خۆی بە خەلیفە بزانیایەو لای وابوایە پێغەمبەر ﷺ بڕیاری داوە ئەو خەلیفە بێ، دەستی لەو خەلافەتە هەڵنەئەگرت، وە «جاریە»ی وەرنەئەگرت لە حەزرەتی «ئەبوبەکر ﷺ»و کچی خۆی نەئەدا بە حەزرەتی «عومەر ﷺ».

جارێکیان «موحەممەد پاشای جاف» لە گەرمیان نەخۆش ئەبێ، مەولەوی ئەچێ بۆلای بۆ هەواڵپرسی. پاشا بە مەولەوی ئەڵێ: دۆعایەکی خێری بۆ بکاو ئامۆژگارییەکیشی بکا. مەولەویش ئەڵێ: بۆ دۆعای خێر درێغێ ناکەم، ئامۆژگارییەکەشم ئەوەیە: تۆ خاوەنی دوو شتی ماڵی دنیاو ئیمان. ماڵەکەت هێشتا خۆت ساغی «مەحمود بەگ»و «عوسمان بەگ»و منداڵەکانی تر دابەشیان کردووە لە نێوانی خۆیانا، ئیمانیشت شەیتان خۆی بۆ مەڵاس داوە. ماڵەکەت هەرچی لێ‌دێ قەیدی نیە، چونکە ماڵی باوک هەربۆ ئەولادە، دەخیلتم ئاگات لە ئیمانت بێ شەیتان بە تاڵان نەی‌با.

«مەولەوی» شێوەناسیش بووە. لە شێخ «جافر»ی شێخ «ئەحمەدی ناوجاف»م بیست، کە ئەویش لە نەوەی مەلا «ئەبوبەکر ﷺ»ەوە خزمی مەولەوی‌یە، وتی: ڕۆژێکیان باوکم و شێخ «سەعید»ی مامی ئەچن بۆلای مەولەوی، مامم لە مەولەوی ئەپرسێ ئەم کوڕە ئەناسی کە لەگەڵمە؟ مەولەویش لە باوکم ورد ئەبێتەوەو ئەڵێ: بەخوا کاکە شێخ ئەم کوڕە سەری لێ شێواندوم، بە چاوو برۆیا لە خۆمانەو بە شێوەی قسەو جل‌و بەرگ‌و سەروپێچی شیا لە قەرەداغی ئەچێ. مامم ئەڵێ: ڕاست ئەفەرموی، برازامەو دایکیشی لە سەییدەکانی «بەڵخە»ی «قەرەداغ»ە.

ئێستا ئەم وردە سەرگوزەشتانەی «مەولەوی»م لە یاد بوو، وا نوسیمەوە بەڵکو بۆ ئەوە بشێن لە سەرێکەوە کەڵکێکیان لێ وەربگیرێ. لە «سەید ئەحمەد»ی کوڕی شێخ «عبدالرّحمانی عازەبانی»م بیست وتی: کتێبێکم لای شێخ «نجم‌الدّینی بیارە» دی مەولەوی نوسیبوی وە سەرگوزەشتەی خۆی تیا نوسیبوەوە. داخەکەم من بە درێژایی ماوەی مانەوەم لە «بیارە» نەئەو کتێبەم دی، وە نە هیچم بیست لە بارەیەوە.

تیپی ئەلف

[١]

ئیمشەو تەنیابێ

ئیمشەو تەنیا بێ جەستەی زەبوونم
دیسان سەرواز کەرد دڵەی پڕ هوونم(١)

خەیاڵان خام هاوردم بەردم
هاوار جە دەمەی هەناسەی سەردم!(٢)

زوخاو گێج مەدا دیگ دەروون‌دا
هووناو هورشاناش جەستەی زەبوون‌دا(٣)

رەنگا رەنگ رەنگ، رەنگ گوڵ گوون هوونم
قرچەی برێشتەی کوورەی دەروونم(٤)

چون دانەی سەر ساج هور ئامام جارجار
جە تاو دووکەڵ، جە شەرارەی نار(٥)

سۆزیام هەی سۆزیام، وێنەی شوعلەی نوور
بیم سورمەی سوبحان ئاوەردەی کۆی توور(٦)

---

[١]

(١) سەرواز کەرد: سەر رێژی کرد. هوون: خوێن.

(٢) خام: خاو. دەمە: کزە بای ساردی سەر کێوان کە زستانان بە بەفرەوە بەرز ئەبێتەوە.

(٣) گێج مەدا: گێژی ئەخوارد. دیگ دەروون‌دا: لە مەنجەڵی سینەدا. هور شاناش: قوڵپی ئەدا. جەستەی زەبوون‌دا: لە لەشی لاوازما.

(٤) رەنگا رەنگ رەنگ: رەنگی رەنگاو رەنگ. گوڵ گوون: گوڵ رەنگ. برێشتە: برژاو، واتە: گیرۆدەی ئەم حاڵەم.

(٥) هور ئامام: هەڵئەهاتمەوە. شەرارەی نار: بڵێسەی ئاگر.

(٦) سۆزیام: سووتام. سورمەی سوبحان: کڵەی خوایی. ئاوەردەی کۆی توور: هێنراوی کێوی توور.

مـن قـەقنەس نـەویم، هـا بیم وە قـەقنەس
یەکجاریچ ئیمشەو، هـا بـەرشیم جـە دەس(١)

ئـــەوەند خـــەیاڵان بـــەردم وە دەروون
پـــەی دووری یـاران بـەتەر بـیم زەبـوون

رۆ جــە شـــەو فـێشـتـەر، زارو زەلیـلم
سـاقی! سـا جـامێ، ئـەمجار دەخـیلم(٢)

بـدەر پـێم نـۆش کـەم چـون هـەردەجاران
وە رەغـــم گـــردین گـرۆی مـەیخواران(٣)

شـیعر وێم تـەنخوای سـەمتوور سـازێ
لێدەر، سـا نـەیچی! هـەر تـارێش گـازێ(٤)

چنگ پێکۆ نـە جـەرگ نـەغمەی سـازەکـەت
بـــەرارۆ تــۆتـۆ مـیقراز گـازەکـەت(٥)

---

(١) قەقنەس: پەلەوەرێکە. نەویم: نەبووم. بەرشیم: دەرچـوم. وەك ئـەڵێن قـەقنەس کـە مردنی نزیك ئەبێتەوە هەندێ پەڵو پووش کۆ ئەکاتەوەو دەس ئەکا بە خوێندن بەسەریا، وە لە خۆشی دڵی خۆیا ئەوەندە باڵ ئەدا بەیەکا تا ئاگر لە باڵەکانی ئـەبێتـەوەو پـەڵو پووشەکەش ئاگری تێ بەر ئەبێ وە خۆیشی ئەسووتێ. دیسان خۆڵەمێشەکەی ئەبێتەوە بە قەقنەسێکی ترو هەر بەم چەشنە...
واتە: لە گڕی دەروونی خۆما ئاگرم تێبەربوو سووتامو ئەمشەو بە یـەگجاری لە دەس دەرچووم.
(٢) فێشتەر: زیاتر، لە «بیشتر»ی فارسییەوە هاتووە.
(٣) بدەر پێم: بمدەرێ. هەردە جاران: جـاری جـاران. وە رەغـم: بـەکـوێرایی چـاوی. گردین: هەموو. گرۆ: دەستە.
(٤) تەنخوا: لەباتی. لێدەر: لێبدە. تار: تەل. واتە: شیعرەکانی خۆم بە نەی لەباتی سازو سەمتوور لێبدە، با هەر تەلێکی وەکوو گازێ وابێ بۆ دەرکێشانی ریشەی جەرگم.
(٥) بەرارۆ: دەربێنێ. تۆتۆ: چین چین. میقراز: مقەس. واتە با نەغمەی سازەکەت چـنگ گیرکا لە جەرگم، وە چین چین وەکوو گازی مقەس دەری‌کێشی.

سـادەروێش! کـەفێ بـدە نـە رووی دەف
گـیان مـونتەزرەن پـەرێ رێزەی دەف(١)

مـوغەننی! لێدەر یـەك ئـیمشەو سـازان
بـەشقی ئـەو کـەسە تۆش ئـاوات وازان(٢)

بـەڵکـە خـەمانم تـۆ دەری وە بـاد
هـەیهای جـوانـم، فـرێم هـەن مـراد(٣)

سـاقی! سـا دەخـیل وە فـریادم رەس
بـە رووی نـازەوە جام گـێرە وە دەس

دەور دەرە وە نـاز چـون هـەردە جاران
پـێمدەر یـەك مـەنێ سـەباو ئـێواران(٤)

بـا وەس بـاڵێـنم سـێڵاو هـوون بـۆ
ئـامێتـەی زوخـاو دیگ دەروون بـۆ(٥)

وەخـتەن سـەر تـا پـام بـبۆ وە زوخـاڵ
بـۆی سـفتەکـەم هـور گـێرۆ شـەماڵ(٦)

سـاقی! ئـامانەن، نـەشوو جـە ویـرت
وە فـریادم رەس تـۆ بـەشقی پـیرت(٧)

---

(١) کەف: بەری دەست. رێزەی دەف: لەرینەوەی ئەو ئەڵقانەی بەکەللەی دەفەوەن.

(٢) سازان: سازەکان. بەشقی ئەوکەسە: بە عەشقی ئەوکەسەوە. تۆش ئاوات وازان: بە ئاواتی گۆارنی وتنی تۆوەیە.

(٣) دەری: بدەی. فرێم هەن مراد: ئاواتم زۆرە.

(٤) دەور دەرە: سووڕێ بخۆ. یەك مەنێ: پێکێکی یەك مەنی، واتە: گەورە.

(٥) باوەس: بابەس. باڵێنم: سەرینم. سێڵاو: لافاو. ئامێتە: تێکەڵاو.

(٦) ببۆ: ببێ. بۆی سفتەکەم: بۆ پرووزم. هۆرگێرۆ: هەڵگرێ، بی با.

(٧) نەشوو جەویرت: لەبیرت نەچم.

بەڵ ئیمشەو خەمان نەدەرۆم وە باد
ساقی! گیان، قوربان، خاتر کەرە شاد[١]

بووە وە باعس ئەی نیم گیان سەخت
سا بەڵکە نەمرۆ «مەعدوومی»ی بەدبەخت[٢]

[٢]

ئازیز! دیارەن[٣]

ئازیز! دیارەن، وادەی لوامەن
ئەلوەدای ئاخر ئەوەنامامەن[٤]

دەوڵەتەکەی وەسڵ پا نە زەواڵەن
جاریوتەر دیدەن بالات مەحالەن[٥]

سا دڵم وەش کەر وەئیلتیفاتێ
بدیە وە لاوە، بوینووت ساتێ[٦]

---

(١) نەدەرۆم وەباد: نەمدا بە با: خاتر کەرە شاد: دڵم خۆشکە.

(٢) واتە: ببە بە هۆی مانەوەی ئەو نیوە گیانە نارەحەتم با نەمرم.

[٢]

(٣)مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لە سەردەمی فەقێیەتیدا بۆ «شێخ عەزیزی جانەوەرەیی» هاوڕێی نوسیوەکە لێی جوێ بووەتەوەو چووە بۆ «بانە».

(٤) لوامەن: ڕۆیشتنمە. ئەلوەدا: ئەلوەداع، ماڵاوایی. ئەوەنامامەن: نەگەڕانە دوامە. لە هەندێ نوسخەی تردا [illegible]: «ئاماو نامامەن». واتە: هاتنەوەو نە هاتنەوەمە.

(٥) وەسڵ: بە یار گەیشتن. پا نە زەواڵەن: پێ لە لەناو چوونە. جاریوتەر: جارێکی کە.

(٦) وەش کەر: خۆش کە. ئیلتیفات: لا لێ کردنەوە. بدیە وەلاوە: بڕوانە بە لادا، لایە بکەرەوە. بوینووت: بتبینم.

با بـەیۆ شـنۆی شـیرین رازەکـەت
گـۆش دەرۆ لادێ مـەینەت گـازەکـەت[١]

ئـاخر سـەفەرەن، را خـەیلێ دوورەن
مـەنزڵ بـێ پـایان تـۆشـە زەروورەن[٢]

دینت تۆشـەی چەم، مەیلت تۆشـەی دڵ
رازت تـۆشـەی گـۆش، مـەنزڵ وە مـەنزڵ[٣]

کـێ زانـۆ چـۆن بـۆ ئـەی دنیای فانی؟
بـا بـبۆ نـە بـەین گـەردەن ئـازادی!

مـن شـەوێ نـاڵەم جـۆش ئـاوەردەبۆ
سـەگـی ئـاسانەت بـێدار کـەردە بـۆ[٤]

یـا نـاستەبۆ سـەیل دیـدەم، نـەفەسێ
نـەسیم گـەرد پـات بـەرۆ پـەی کـەسی[٥]

جـەمینت زەحـمەت نـیگام کـێشـابۆ
کـەف پـات وە خـار دیـدەم ئـێشـابۆ[٦]

---

(١) با بەیۆ: با بێت. شنۆ: شنە. شیرین رازەکەت: قسە خۆشەکەت. گۆش دەرۆ: گوێ شل‌کا. لادێ: تاوێ. مەینەت گازەکەت: ئەو خۆشەویستەت کە مەینەت گازی لێ گرتووە.

(٢) ئاخر سەفەرەن: دووا سەفەرە. را: رێ. تۆشە: توێشوو.

(٣) دینت: دیتنی. چەم: چاو.

(٤) ئاسانەت: بەر قاپیت. لە «ئاستانە» وە هاتووە. واتە: ئەوەك شەوێکیان ناڵەی من جۆشی هێنابێ و سەگی بەر قاپیتی بێدار کردبێتەوە.

(٥) ناستە بۆ: نەی هێشتبێ. نەفەسێ: هەناسەیێك، تاوێك. بەرۆ: برێ، ببا. واتە: یا خود لافاوی چاوم تاوێك نەی هێشتبێ بای نەسیم تۆزی پێت بەرێ بۆ یەکێك.

(٦) جەمینت: ناوچاوت، تەوێڵت، لە «جبین»ی عەربی‌یەوە هاتووە. نیگام: سەیرکردنی من. کەف پات: بەری پێت. خار: درك. واتە: ئەوەك ناوچاوت ئازاری پێ گەیشتبێ بە هۆی ئەوەوەکە من بۆ روانیوە، یا خود بەری پێت بە درکی برژانگم ئێشابێ کە بەسەریا ئەڕۆیشتی.

یــا کــەردەبۆ دڵ دێوانــەکــەی تــەنگ
وەخت نــیشانەی دڵان پــەی خــەدەنگ(١)

پــەلەپەل پــەی زەوق زامــێ وە تــیرت
ئــازار دابــۆ تــای زوڵف زەنــجیرت(٢)

یــا خــۆ تــۆدابــۆت وە دڵ مــەزەی مــەرگ
تــیر خــەدەنگت دابــۆ نــەتۆی جــەرگ(٣)

یــا مــەڕدەبــۆت دڵ دێوانــەی دڵگــیر
جــە تــیر ئــەندازی کــەردەبۆت تــەقسیر(٤)

یــا نــەدابــۆت تــۆز گــەرد پــاڵاکــەت
پــەرێ ســورمەی چــەم سفتەی بــاڵاکــەت(٥)

تــۆ بــویەر جــە مــن، مــن زوو ویــەردم
هیممەت بــۆ، هــا ژار مــەحروومیت وەردم(٦)

---

(١) خەدەنگ: تیر. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی‌دایە.
(٢) زەوق: زووق، چەشتن. واتە: یا خود دڵە شێتە خەفەتبارەکەم کاتێك کە دڵان ئەبن بە نیشانە بۆ تیری چاوت، پەلە پەلی کردبێ بۆ چەشتنی زامێ لە تیرەکەی تۆوە، وە لە پەلە پەلدا ئازاری گەیاندبێ بە تای زوڵفی تۆ کە بووە بە زەنجیر دڵی منی پێ بەسراوەتەوە.
(٣) دابۆت: دابێتت. شاعیر پاش ئەوەی داوای لێبووردنی تاوانەکەی خۆی کرد لە یار، دێتە سەر باسی تاوانەکانی ئەویش تا گەردنی ئازاد بکا. ئەوەتە ئەڵێ یا خود تۆ تامی مەرگت بە دڵم چشاندبێ‌و بە تیری برژانگەکانت جەرگمت بریندار کردبێ‌و دڵمت پێ بەش کردبێ لە پێکران بە تیر.
(٤) مەڕدەبۆت: شکاندبێتت. واتە: ئەگەر دڵیشمت لە تیر بێ‌بەش نەکردبێ، کەمت دابێتێ‌و درێغت لێ کردبێ، وە بەوە دڵت شکاندبم.
(٥) پاڵا: کەوش. پەرێ: بۆ. واتە: تۆزی کەوشەکانت نەدابێ بۆ کلەی چاوی ئەو کەسەی سووتاوی عەشقی باڵاتە.
(٦) بویەر: ببورە. ویەردم: بووردم. هیممەتت بۆ: خواحافیز بێ. وەردم: خواردم.

چەپگەرد پەی دووریت شانا مۆرەی نەرد
وە زاهـر «بـانە»ش وە بەهانە کەرد[(١)]
تـا فـەڵەك پـەیمان نـە بـەهانە بـۆ
ئەر سەد بانە بۆ، باز شوکرانە بۆ[(٢)]

ئەر فرسەتش‌دا پەی دڵ خەمینت
عومرێ دووبارەن جارێوتەر دینت[(٣)]

وەر ناستش، ئازیز! تۆ وە سڵامەت
دیدەن دیدار کەوت ئەو قیامەت![(٤)]

---

(١) چەپگەرد: گەردوونی چەپگەرد. شانا: وەشاندی. بانە: شارێکە لەکوردستانی ئێران لە سنووری ناوچەی «پێنجوێن»ەوە. واتە: گەردوون کە زاری خۆی هەڵدا دووریی هێنا، ئیتر چون بۆ بانەی کرد بە بیانوو، ئەم شیعرە لە نوسخەکەی مەحمود پاشادا بەم جۆرە نووسراوە:
چەپگەرد جە خاتر وێش هەرگیز نەوەرد کەی بێ جامی‌مان پڕ جە گەرد نەکەرد
واتە: گەردوون ڕۆژێ دەستی لە ئارەزوی خۆی هەڵنەگرت، ڕۆژێ نەبوو جامی مەی‌مان پڕ نەکا لە خاك‌و خۆڵ.
(٢) پەیمان: بۆمان. ئەر سەد: با سەد جاریش، هەرچەند. واتە: تاگەردوون لە سەر بیانوو بێ پێمان، ئەگەر هەر بۆ بانەش‌مان دوور بخاتەوە هەر شوکرانە بژێرین.
(٣) دڵ خەمینت: دۆستە دڵ پڕ لە خەفەتەکەت.
(٤) ناستش: نەی هێشت. نیوە شیعری دوهەمی ئەم شیعرە لە هەندێ نووسخەدا بەم جورە نووسراوە:
کەوتەن ئەو دیوان سارای قیامەت
واتە: چاو پێ کەوتنەوەت کەوتووە دیوەخانی دەشتی مەحشەر.

[٣]

ئەمجار سەخت تەرەن

ئـەمجار سـەخت تـەرەن زامـم جـە جـاران
چـڵ مـدۆ دایـم چـون گـەستەی مـاران[(١)]

هـەر وە زۆر مـەندەن رای ئـامای نـەفەس
تـای ریشـەی تـاقەت شیەنم جـە دەس[(٢)]

بـڵێسـەی فـیراق سـۆچـنان جـەستەم
نـاسۆرەن زامـان گـاز خـەم بـەستەم[(٣)]

دووی کـەواو دڵ پـۆشـان سـەر هـەردان
زەرد کـەردەن روخسـار پـایز دەردان[(٤)]

سـەرسامەن عـاڵەم یـەکسـەر جـە نـاڵەم
فـەلەك مـۆرەی بـەد شـانا وە تـاڵەم[(٥)]

مـەینەت سـەر بـەرزەن، شـادیم زگـارەن
سـاقی! جـامەکـەت ئـەمجار وەکـارەن[(٦)]

---

[٣]

(١) چڵ مدۆ: چڵ ئەدا.

(٢) ئامای نەفەس: هەناسەدان. شیەنم جە دەس: لە دەسم دەرچووە.

(٣) سۆچنان: سووتاندوویە. ناسۆرەن: لێی کردووم بە تیراوی. گاز خەم بەستەم: کە بە گازی مەینەت لێم پەیدا بووە.

(٤) دوو: دووکەڵ. کەواو: کەباب. پۆشان: دای پۆشیوە. زەرد کەردەن...تاد: پایزی دەردی روخساری زەرد هەڵگێڕاوم.

(٥) تاڵەم: «طالع»م، بە ختم. واتە: گەردوون زاری خرابی بۆ بەختی من هەڵدا.

(٦) زگار: زویرو خەفەتبار. واتە: ئەمڕۆ کە مەینەت باویەتی‌شادیم لە دڵا نیە، وەختی ئەوەیە پیاڵەکەم بدەیتێ.

بـۆرێ وە مـەجلیس لا بـەر پـەردەی شـەرم
وە دەورێ دیسـان بـەزمێ کـەرمێ گـەرم(١)

تـا مـوتریب وە سـاز حـەنجەرەی بـێ گـەرد
هــوردۆ مــەقامێ دەوا کــەرۆ دەرد(٢)

بــەڵ نــاکـا نـەیچی بـەیۆ جـە لاوە
وە مــەقامەکــەی قـەقنەس ئـاساوە(٣)

بـەزمێمـان جـەم بـۆ چـون هـەردە جاران
بـنۆشـین جـامێ وە یـاد یـاران(٤)

هـەر وە زۆر مـەندەن نـیم نـەفەس بـاقی
پـڕ کــەر جـامەکت، دەخـیلم سـاقی!

ئـەر ئـازیز وەی تـەور لێم کـەرۆ سـتەم
خـەلاسیم نـیەن ئـەمجار خـاتر جـەم(٥)
عەرەق چون شـەونم نـیشتەن نە رووی گـوڵ
تـەڕ کـەردەن تـاتای تـوغراکـەی سـونبوڵ(٦)

جـە قـازان خـەم، دڵ کـەردەن وە ئـاو
وە درۆ مـاچۆ مـەگـێروو گـوڵاو(٧)

---

(١) بۆرێ: وەرەوە. دەورێ: هەڵسوورانێکی تر. کەرمێ: بکەین.
(٢) حەنجەرە: ئاوازەی بین. هوردۆ مەقامێ: هەڵ بداتە لێدانی نەقامێ.
(٣) بەیۆ: بێت. وەمەقامەکەی... تاد: واتە: نەقامەکەی کە وەك ئاوازی قەقنەس خۆش و دڵگیرە.
(٤) بەزمێمان جەم بۆ: کۆڕێ ببەستین.
(٥) لێم کەرۆ ستەم: ستەمم لێ بکا. شیعرەکانی دوواوە باسی ستەمی یار ئەکەن.
(٦) گوڵ: مەبەستی کوڵمی یارە. توغراکەی سونبوڵ: زوڵفە لوول خواردووەکەی کە وەك مۆری توغرایی وایە.
(٧) واتە: لە مەنجەڵی خەما دڵمی تواندوەتەوەو کردوویە بە ئاو، کەچی بە درۆی خۆی ئەڵێ گوڵاو ئەگرم.

ئـــازیزم! گـــوڵاو بـــۆی خـــۆی کـــوڵم تـــۆن
ئەر بـۆی تـۆ نـەبۆ بـۆی گـوڵاو جـەکـۆن؟(١)

زەڕەی بـــــۆی زوڵفت کـــەفتەن نـــە بـــەرزان
بـۆی گـوڵان کـەردەن جـە بـەرزان هـەرزان(٢)

ئـــــازیز، وە مـــــەرگت گـــەر ئـینسافت بـــۆ
هـــەنی کـــافی‌یەن بـــۆی زوڵفت پـــەی تـــۆ(٣)

ئـــــیتر چ حـــــاجەت وێت مـــەدەی عـــەزاو:
قـــەبووڵ کـــەری جـەور مـەگـێری گـوڵاو؟(٤)

[٤]

ئیحیا نەبوون(٥)

ئـــــیحیا نـــەبوون، ســـا نـــەشوون مـــەردەن:
نـــــامەکـــەش ئـــامان، گـــلەییش کـــەردەن(٦)

---

(١) خۆی: ئارەق. جەکۆن: لەکوێیە. (٢) زەڕەی: تۆزێکی.
(٣) هەنی: ئیتر. کافی‌یەن: بەسە.
(٤) عەزاو: عەزاب، ئازار. قەبووڵ کەری... تاد: خۆت ماندوو ئەکەی گوڵاو ئەگری.

[٤]

(٥) مەولەوی ئەم غەزەلەی لە وەڵامی دۆستێکیا نووسیوە کە نامەی بۆ ناردووە و گلەیی لێ کردووە لەنامەکەی‌دا.
(٦) ئیحیا نەبوون: زیندوو نەبمەوە. نەشوون مەردەن: نەچمەوە مردن. ئەم شیعرە بە پێی هونەری «بدیع» پێی ئەڵێن «لف و نشر». نیوەی شیعری یەکەم دوو بەشە، نیوەی شیعری دووهەمیش هەروەها. بەشی یەکەمی نیوە شیعری دووەم ئەگەڕێتەوە بۆ بەشی یەکەمی شیعری نیوەی شیعری یەکەم، بەشی دووەمی نیوە شیعری دووهەمیش ئەگەڕێتەوە بۆ بەشی دووهەمی نیوە شیعری یەکەم. واتە: چۆن زندوو نـەبمەوە لە پاش مردن لە بەر دووری ئەو کە نامەی هاتووە بۆم؟ وە چۆن نەمرمەوە کە گلەیی لێ کردووم؟

قــاسد! شــۆ وە لای ئـەو نـەو نـەمامە
چون یـاوای، پـێش دەر ئـەی جـواو نـامە(١)

جــەو ئـەسکەنجەبین دەس سـوروشتەکـەت
یـانێ: نـامەکـەی زێـاو زوشـتەکـەت(٢)

بــە بـادەکـەی وێت جـام جـام وەردەوە
تــاڵی سـەفرای دەرد دووریش بـەردەوە(٣)

فــەرمابێت بــەو لەفـز شـەکـەر رازەوە
گــا جــە رووی عـیتاب، گــا وە نـازەوە:(٤)

نــە وەخت هــیجران ویــداعت فـاما،
نــە وە شــەماڵدا پــەیامت ئـاما(٥)

دەیســا هــورێزە، خـەمیارەکـەی وێم
بـۆ شـاد بـەر وە دیـن دیـدارەکـەی وێم(٦)

---

(١) قاسد: نێرراو. شۆ: برۆ. یاوای: گەیشتی. پیش دەر: بیدەرێ.

(٢) ئەسکەنجەبین: جۆرە شەربەتێکی ترش و شیرینە. دەس سروشتەکەت: بە دەستی تۆ دروست کراوەکە. زێباو زوشتەکەت: جوانو ناشیرینەکەت، بەڵام لێرەدا مەبەس «خۆش و ناخۆشەکەت»ە، چونکە نامەکەی هەندێکی خۆشەو هەندێکی ناخۆشە. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە مەعنای شیعری دوایی‌یەوە.

(٣) بادە: مەی. وێت: خۆت. وەردەوە: خواردیەوە. واتە: نێرراو بچۆ پێی بڵێ کەوا نامە پڕ لە قسەی خۆش و ناخۆشەکەتی خوێندەوەکە وەك سکەنجەبینی ترش و شیرین وابوو کە بۆ نەهێشتنی سەفرا ئەخورێتەوە، وە بە خوێندنەوەی سەفرای دەردی دووری لابرد. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «بە بادەکەی وێت» نووسراوە: «بیمارەکەی دڵ» واتە: دڵ برینداره‌کە...

(٤) فەرمابێت: فەرمووبووت. بەو لەفز... تاد: بە قسە وەك شەکر شیرینەکانت. گا: گاهێ، جارێ. وتراوەکەی لە شیعری دواوەدایە.

(٥) ویداعت فاما: فامیت خودا حافیزی بکەی. پەیام: پەیغام.

(٦) هورێزە: هەڵسە. خەمیارەکەی وێم: هاوڕێ کەی کاتی خەمیاریم. لەم شیعرەدا قسەکەی ئەو دوایی دێ کە پێی وتبوو.

تــۆ تــیرەکــەی وێت، وە زامــداری وێم
تـۆ بـێ بـاکـی وێت، بـوردە بـاری وێم[١]

ئـەو وەخت پـای کـاو هـەرد دڵ تـەم بـۆ
ئــەساسەی دووری ئـازیزان جـەم بـۆ[٢]

چـۆن نـەبڕیـۆ تـای ڕشتەی سـەبووری؟
گۆش چـۆن وێش مـدۆ وە قسـەی دووری؟

زوان چـۆن تـاقەت هـیممەت وازیشـەن؟
دیـدە چـۆن تـاقەت شـۆن دیـایی‌شەن؟[٣]

گـێج مـدۆ دەروون چـەنی نـێش، ئامان!
بەڵام هەی سەر خـێڵ نـەو تـووڵ نـەمامان[٤]

چـۆن یـارای نـەفەس بـەراوەردەمـەن؟
سـۆزش وە شـەماڵ ڕەوان کـەردەمەن؟[٥]

---

(١) بوردەباری: سابیری. لەم شیعرەو شیعرەکانی پاشەوەدا وەڵامی ئەداتەوەو بیانووی بۆ دێنێتەوە، ئەڵێ: سوێندت ئەدەم بە تیرەکەی خۆت‌و بە بریندارى خۆم... تاد.

(٢) کاو: زەردو ما. ئەساسەی: هۆیەکانی. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی هەموو لە شیعری ژمارە پانزدەدا لێ ئەدرێتەوە.

(٣) هممەت وازی: ماڵاوایی. شۆن دیایی: بە شوێنا ڕوانین. واتە: کاتێ کە داوێنی هەردی دڵ تەم دای گرتبێ‌و هەموو هۆیەکی دووری ئازیزان کۆ بوبێتەوە، تاڵی ڕشەی سابیریی من چۆن ناپچڕێ‌و گوێ چۆن ئەتوانێ باسی دووری ببیسێ‌و زوبان چۆن تواناى ماڵاوایی ئەبێ‌و چاو چۆن تاقەتی بە شوێنا ڕوانینی ئەمێنێ؟.

(٤) نێش: ئێش. نەو تووڵ: تازە هەڵچوو.

(٥) یارا: توانا. نەفەس بەراوەدەمەن: هەناسە دانمە. سۆزش: سۆزی دەروون. ڕەوان کەردەمەن: ڕەوانەکردنمە.

مـەتەرسوو جـە حـیفز تـەقریر ئـەحواڵ،
سـۆچـۆ خـەزانـەی خـەیاڵ شـەماڵ(١)

مـن خـۆ شـەوو رۆ ئـارەزووی تـۆمـەن
پـەرێ دیـدەنت نـەزرو فـتۆمـەن(٢)

بـەڵام، یـەن وە یـاد بـاڵاکـەی تـۆوە
دەورم دان وە دەور سـاراو سـەرکۆوە(٣)

بـۆی بـاڵات هـەرزان وە دەشتو دەردان
نـمەز رای لای تـۆم وەکـام گـوزەردان(٤)

گـلەی تـۆ وەی تـەور، حـاڵەت وەی نـەسەق
دووریچت وەی رەنگ، خودا تۆ وە حـەق!(٥)

---

(١) مەتەرسوو: ئەترسم. سۆچۆ: بسووتێ. واتە: ترسی ئەوەم هەیە ئەگەر شەماڵ باسی حاڵو ئەحواڵم بێنێ بۆ لاتان گەنجینەی خەیاڵی شەماڵ گڕی تێ بچێ، چونکە ئەوەندە سۆزم هەیە.

(٢) پەرێ: بۆ. نەزرو فتۆ: «نذر الفتوح»، بەو سەدەقەیە ئەڵێن کە بۆ هاتنەدیی دڵخواز ئەکرێ.

(٣) یەن: ئەوەندە. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایی‌یەوە.

(٤) نمەز: نازانم. واتە دیارە من هەمیشە خوا خوای ئەوەمە بۆم هەڵکەوێ بت‌بینم، وە بۆ گەیشتن بەم ئەنجامە خێرو حەسەنات ئەکەم، بەڵام ئەوەندە بە یادی باڵای تۆوە گەڕاوم، بۆنی تاو هەموو دەشتو دەری گرتووەتەوە. لە بەر ئەوە نازانم رێی لای تۆ لەکام گوزەرەوەیە. تا بێم بۆ لات. مەولەوی بەم شێوە جوانە وەرامی خۆشەویستەکەی ئەداتەوەو بۆی باس ئەکاکە بۆچی پێی نەکرا ماڵاوایی لێ بکاو ئێستاش نە ئەتوانێ سەرێکی لێ بدا وە نە ئەش‌توانێ نامەیێکی لێ بنووسی.

(٥) تۆ وا گلەییم لێ بکەیتو منیش حاڵەتم وابێو دووریشت ئەوەندە ناخۆش بێ، مەگەر هەر خوا خۆی بەزەیی پیاما بێتەوە...

[٥]

ئارەزوومەندیم

ئـــارەزوومەندیم جــــە حـــەد ویـــەردەن
فــراوان خـــەیلێ تـــاسەی تــۆم کـــەردەن[١]

قـــیبلەم بـــەو ئـــەحەد بـــێ هـــەمتای فـــەردەن
ســـەوگەند یـــەکـێوەن چـەنی تـــۆم وەردەن[٢]

فکـــــرو خــــەیاڵان وەســـواســـەی وەفـــات
دایـــم نـــە دڵەن نـــە رووی ســـەر بســـات[٣]

شـــەوان تـــا وە رۆ فکـــرم جـــە لاتـــەن
رۆح رەوانـــــم نـــــە خـــــاك پـــاتەن[٤]

قـــاڵبـــم بـــێ رۆح، ئـــەڕوام نـــەمەندەن
مـــن دان حـــەیات زینـــدەگـیم کـــەندەن[٥]

نـــامت چـــون ئـــەوراد ســوبحو ئـێواران
مـــوانـــووش وە گـــەرم نـــە پـای دیـــواران[٦]

چــــەمم چـــــون شـــاباز ویڵ شکـــار بـــۆ
دایــم بـــاڵ پــەرواز نـــە ســـەر دیـــار بـــۆ[٧]

---

[٥]

(١) ویەردەن: تێپەڕیوە.

(٢) بەو ئەحەد: بەو تاك و تەنیایە. سەوگەند: سوێن.

(٣) وەفات: وەفای تۆ. نەرووی... تاد: لەم سەر زەوی‌یەدا.

(٤) رۆح رەوانم...تاد: گیانم لە سەر خاکی بەرپێ‌تایە.

(٥) قاڵبم: لاشەم. ئەڕوام: ئەڕواحم، گیانم. من دان... تاد: من دانی ژیانم کەندووەو تازە بە تەمای ژیانی نەماوم.

(٦) ئەوراد: ویردو دوعا. موانووش: ئەی‌خوێنم. نەپای دیواران: لە پەنای دیوارانا.

(٧) شکار: راو. باڵ پەرواز: باڵی گرتبێتەوە. نە سەر دیار بۆ: بە سەر وڵاتانا. واتـە: ئـەی چاوەکەم من وەکوو شاباز... تاد. قسەکەی لە شیعری پاشەوەدا تەواو ئەبێ.

جە سەر قەڵاوە مەگێڵوون پەی تۆ
دەك دیدەم هەر دوو سەد جار فدێت بۆ[١]

ئامان، هەی ئازیز بینایی چاوان!
گلەم هەن جە تۆ خەیلێ فراوان

یانێ چێش مەیلت فەرامۆش کەردەن
مەر بادەت نە جام بێ شەرتی وەردەن؟[٢]

وەرنە یانێ چێش نە جاران جارێ
خەبەر نەپەرسی جە راویارێ؟[٣]

ئومێدم ئێدەن، ئامانەن ئامان!
جەی فێشتەر ناسۆر نەوزی زامان[٤]

ئەحواڵ حاڵات شەرتو وەفاکەت
بکیانە پەرێم تۆ بی خوداکەت![٥]

نە ساڵو نە ماە، نە هەفتە نە شەو
نە ساتێ ئارام، نە دەقیقە خەو

نمەشۆم نە چەم، دیدەم، نەدووریت
هەر ئێد موانوون: ئاخ جە مەهجووریت![٦]

---

(١) سەر قەڵا: هەوارگەیەکە ئەکەوێتە پشتی دێی «سەرشاتە» کە نشینگەی مەولەوی بووە. مەگێڵوون: ئەگەڕێم. فدێت بۆ: بە قوربانت بێ.
(٢) مەر: مەگەر، بۆچی. بادەت... تاد: شەرابت لە پیاڵەی بێ شەرتی یا خواردووەتەوە؟.
(٣) وەرنە: ئەگینا. نەجاران جارێ: جارێ لە جاران. راویار: رێبوار.
(٤) ئێدەن: ئەمەیە. نەوزی: نەخەی. واتە: لەمە زیاتر زامەکانم بە ناسۆر نەخەیتەوەنەیان کولێنیتەوە.
(٥) بکیانە پەرێم: بنێرە بۆم.
(٦) نمەشۆم نە چەم: ناچێتە چاوم. ئەم جوملە مەعنای شیعری پێشوو تەواو ئەکات. هەر ئێد... تاد: واتە: وێردی زوبانم ئەوەتە هەمیشە ئەڵێم ئاخ لە دووریت.

ئـــیسه کــێ تـــاقەت دووری تــۆ دارۆ؟
دەك بـــەرق غـــەزەب وە جــەستەم وارۆ![1]

بــە ســەرگەردت بـام، ئەڕواحـەکـەی وێم!
جـــواب ســـەریح بکـــیانه پـــەرێم...

[٦]

ئەنیس خەیاڵ

ئـــــەنیس خـــــەیاڵ دەردان پـــڕ زام!
مــەرهەم جـەستەی خـەستەکـەی نـاکـام![2]

خــەیلێن نــە گــێجــاو بــەحر مـەهجووری
نـــــە دەور دوەی تـــەنوورەی دووری[3]

پـــووشەکـەی جـەستەم وە پـەنا کــەفتەن
ســـامیعەم خــــەبەر یـــاران نــەشنەفتەن[4]

ئـــینشەڵڵا، چـــەنی خـــۆشـحاڵی، شـــادی
نــە شـاخەی شــۆخـی گـەردوون، ئـازادی[5]

---

(١) دارو: هەیەتی. وارۆ: بباری.

[٦]

(٢) ئەنیس: هۆگر، پێوە گیراو. مەولەوی بەم شیعرە قسە لەگەڵ خۆشەویستەکەی خۆی ئەکا.

(٣) دوە: دووکەڵ. تەنوورە: گێژ. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.

(٤) کەفتەن: کەوتووە. سامیعەم: گوێچکەم. نـەشنەفتەن: نـەی بیستووە. واتـە: دەمێکـە لەشی وەك پووشم لە بەرگێژە لوولی دەلیای دووریو دووکـەڵی تـەنوورەی لێ جـوێ بوونەوەت کەوتووەتە لاوە. ئەوەتە هیچ باسێکی تۆم بەر گوێم نەکەوتووە.

(٥) چەنی: لەگەڵ. شاخە: پیا هەڵ شاخان. شۆخی: گاڵتە پێ کردن.

چـەنی وەش‌بـەختی دوو دەس نـە گـەردەن
عـومرتان وە عـەیش عـوشرەت ویـەردەن[١]

نـەك چـون مـن جـە دەس بـێ مـەیلی دڵبـەر
مـەکـێشـوو هـەر سـات هـەزار دەردسـەر[٢]

دایـــم دڵ رەنـــجوور هـــیجران یـــارم
زەنـــجیر جـــەفای زوڵف نـــیگارم[٣]

خـوسووس شـەرارەی دووری زۆر کـەردەن
مەزرەعەی هـەستیم وای سـەبوون بـەردەن[٤]

کـەس بـەوێنـەی مـن پـڕ مـەینەت نـەبۆ
گـــورفتار دۆس بـــێ بـــەینەت نـەبۆ[٥]

هـیچ کـەس مـوبتەلای دووری یـار نـەبۆ
چـون مـن سـەرگەردان بـێ قـەرار نـەبۆ

کـــەس نـەبۆ چـون مـن یـار بـەدکاران
زامـــدار مـــوژەی دیـــدە خـــوماران[٦]

جـــە هـــاژەی هـــووناو دەروون پـڕ دەرد
نـە گـەردش چـەرخ گـەردوون چـەپ گـەرد

---

(١) وەش بەختی: بەختیاری. عوشرەت: خۆش رابواردن. ویەردەن: بەسەر بردووە.
(٢) مەکێشوو: ئەکێشم.
(٣) دڵ رەنجوور: دڵ شکاو. زەنجیر: بەندی. نیگار: وێنەی جوان. مەبەس لە یاری وەك وێنە جوانە.
(٤) زۆر کەردەن: زۆری هێناوە. هەستیم: بوونم. مەبەس لە لەشیەتی. وا: با.
(٥) بێ بەینەت: بێ وەفاو بێ‌بەین.
(٦) موژە: برژانگ. دیدە خوماران: چاو مەستان.

تا جە تۆ بڕیام وە مەرگت قەسەم
ساتێ ئاسایش نەدیەنم وە چەم

نەکەری خەیاڵ گلەیی کەردەن
نەواچی بادەی بێ شەرتیش وەردەن[١]

ئەر زەلیل دەس بێ شەرتان نەبوون
کەی مەبۆ مەیلت فەرامۆش کەروون؟[٢]

[٧]

ئیمشەو هەم خەمان

ئیمشەو هەم خەمان وەنەم سەرداوە
سەر تا پای تەنم ئایر وەرداوە[٣]

جەستەی زەعیفم، ئیستیخوان ڕێش
هەر ئازای ڕێشم مەگریا پەی ویش[٤]

گۆشتو پۆستەکەم نەفت پێدا ڕژیا
مەغزو ئیستیخوان وە هەمدا پڕژیا[٥]

کەس نەبی ئاوێش بکەرۆ سەردا
بلێسەش بەرز بی وە هەر تەرەفدا

زاهیرەن دڵم هەم کۆسش کەفتەن
داخۆم جە دۆسان هەم کێ دوور کەفتەن؟

---

(١) نەواچی: نەڵێی. وەردەن: خواردووەتەوە.

(٢) نەبوون: نەبم. کەی مەبۆ: کەی ئەبێ. کەروون: بکەم.

[٧]

(٣) وەنەم سەرداوە: سەری لێ دامەوە. ئایر وەرداوە: ئاگری بەردایەوە.

(٤) ئیستیخوان: ئێسقان. ڕێش: بریندار. هەر: هەموو. مەگریا: ئەکوڵا.

(٥) وەهەمدا پڕژیا: پژان بەیەکا.

جە تاو ئایر تەنوورەی دەروون
دیسان سەرواز کەرد زوخاو چەنی هوون(١)

ساقی باوەرە ئەو مەی دووساڵە
پێم دەر یەك جامێ حاڵم بەد حاڵە(٢)

موغەننی! کۆکەر سازانت وە هەم
سەمتووریێ، تاریێ، وە هەم کەرە جەم(٣)

نەیچی! سا لێدەر، قەزات وەماڵم
دەمێ دەر جە نەی، دەروون زوخاڵم(٤)

هۆشێ کەر هام فەرد! سازان بسازە
باڵات وەکاڵای خەمان بوورازە(٥)

باوەرە بسات تەمام تەیار کە
شەو خەفتەن شووم بە ژار مار کە(٦)

قەزای پەنجەکەت دەك لە من کەفێ
خەیلێ عاجزم، سا لێدەر دەفێ(٧)

---

(١) سەرواز کەرد: لێشاوی هێنا.

(٢) باوەرە: بێنە. مەی دوو ساڵە: مەی کۆن. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «پێم دەر یەك جامێ» نووسراوە «پێم دەرە جامێ».

(٣) موغەننی: گۆرانی بێژ. کۆکەر سازانت وە هەم: سازەکانت بخەرە یەك.

(٤) دەمێ دەر جەنەی: دەمێ بنێ بە شمشاڵەوە.

(٥) هۆشێ کەر: هۆشێ بکەرەوە. هام فەرد: هاو دەم. سازان بسازە: سازەکان رێکخە. کاڵا: بەرگ. بوورازە: بدوورە.

(٦) بسات: راخەر، بەڕە. لێرەدا مەبەستی لێی هۆی رابواردنە. تەیار: ئامادە. شەوخەفتەن شووم: خەوی ناخۆشی شووم. واتە: خەوم لێ تاڵ کە با خەوم لێ نەکەوێ. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «بە ژار مار کە» نووسراوە: «وە ژار مار کە».

(٧) لەمن کەفێ: لە من کەوێ.

باوەرەکوورەی دڵ نە جەهدو جەخت
ڕووی تەوبیخ وەلای «مەعدوومی» بەدبەخت(١)

[٨]

ئیمشەو دیارەن

ئیمشەو دیارەن بانگم بێ شەرمەن
زایەڵەی سەمتوور کەللەم وە گەرمەن(٢)

سەدای زیلو بەم مەینەت سەد تەرزەن
خەفەت شادیشەن، خەم دەماخ بەرزەن(٣)

هۆشم بێ هوشەن، فامم قامەت قاخ
بۆی دووری ئازیز مەیۆم نە دەماخ(٤)

نەیچی! درەنگەن سا مەکەر درەنگ
فیدای پەنجەت بام، نەی باوەر وە دەنگ(٥)

هەر تەرزێ پەی ویش بکەرۆ رازێ
گێرۆ نە دەروون هەر سازێ گازێ(٦)

---

(١) جەهدو جەخت: جۆشو خرۆش. تەوبیخ: سەرزەنشت. واتە: کاکەی دەف لێدەر بە ئاوازی دەفەکەت دڵ بێنە جۆشو رووی سەرزەنشتت بکەرە «مەعدوومی»ی چارەڕەش با بیر بکاتەوە.

[٨]

(٢) زایەڵە: ئاوازە. واتە: ئاوازەی کەللەی وەك سەمتوور گەرمی کردووەو دەنگ ئەداتەوە.
(٣) زیلو بەم: دوو ئالەتی مۆسیقان. تەرز: جۆر.
(٤) فام: تێگەیشتن. قامەت: باڵا. قاخ: وشەیەکی تورکی‌یە واتە هەستە، ئەبێ لە «قالق»ەوە هاتبێ. دەماخ: لووت. مەبەس ئەوەتە باڵای تێگەیشتنم هەستەی لێ کراوەرۆیشتووە.
(٥) مەکەر درەنگ: درەنگی مەکە. بام: بم. باوەر وە دەنگ: بێنە دەنگ.
(٦) واتە: هەر رەنگەی قسەیێ بۆ خۆی بکاو هەر سازێکی گازێ لە دڵ بگرێ.

بـجۆشـۆ هــەر کـەس وە قـەد نـاڵەی وێش
بــنۆشــۆ هــەر کــەس وە پـیاڵەی وێش[(١)]

جــەلای هــەر گــەردێ وە ســەدایــێوەن
دەوای هــەر دەردێ وە نــەوایــێوەن[(٢)]

هــەر مــەقامێوەت جگــەر تــاون بــۆ
تــڵفــی بـێچـارەی دڵان لاون بـۆ[(٣)]

ئـەو سـەدای دەردە خـەیلێ دڵکـەش بـۆ
دڵ تــفلان ئـاسا بـەڵکـم دڵوەش بـۆ[(٤)]

هـەی پـەشێوی هۆش، هـەی شـێویـان فـام
هەی عـەقڵ عـەبەس، هـەی خـەیاڵ خـام[(٥)]

مــنو دڵ وەشــیو ســەفایی کـەردەن
هــوونی یـەکـتەرین تـا وەرۆی مـەردەن[(٦)]

سا دەی، ساحیب نەی! ریشەی دڵ کـەر پـەی
تالیم دەر، ئەی فـەرد وە نـەزمەکـەی نـەی:[(٧)]

---

(١) بجۆشۆ: بجۆشێ، بکوڵێ. بنۆشۆ: بنۆشێ، بخواتەوە.
(٢) جەلا: پاك بوونەوە. گەرد: تۆز. وە سدایێوەن: بە ئاوازێکەوە. وە نەوایێوەن: بە لێدانی نەقامێکەوەیە.
(٣) تاون: توێنەرەوە. لاون. لاوێنەرەوە. واتە: دڵەی بەسەزمانی وەك منالم بلاوێنێتەوە.
(٤) واتە: ئەو دەنگەت هەرچەند ئاوازی دەردیش بێ، با خۆشو دڵگیر بێ بـەڵکـو دڵم وەك منالْ پێی شاد بێ.
(٥) شێویا: شێوا. عەبەس: هیچو پووچ. واتە: هاوار لە پەشێوی هۆشو تێکچونی فامم... تاد هۆی ئەم هاوارەش لە شیعری دوایی‌دا دێ.
(٦) هوونی یەکتەرین: دوژمنی خوێنە خۆری یەکترین.
(٧) ریشەی دڵ پەی کەر پەی: ریشەی دڵ ببڕە. تالیم دەر: تەعلیم دادە. ئەی فەرد: ئەم تاقە شیعرە. نەزمەکەی: بەزمو ئاوازەی.

ئـیمشەو وە هـەر حـاڵ شـەو وە رۆ بـەروون
ئەی خوا سا مەرگێ، سەحەر چێش کەروون(١)

[٩]

ئەیاز هەمڕاز(٢)

ئـــەیاز هـــەمڕاز نـــاڵەو ئـــاخو دوود
عەرزش هەن وە خاك ئـاسانەی مـەحموود(٣)

یـــاوا، وات، نـــامەی شـــیرین ئـــینشادت:
نـــەی رەمـــەزاندا نـــەشوون جـــە یـــادت(٤)

نـــەکـــەردەن ئـــیفتار، دۆســـەکـــەی کـــامڵ!
سـیوای وە مـەیکووس خـەیاڵەکـەت، دڵ(٥)

---

(١) وەهەر حاڵ: هەر چۆن بێ. شەو وە رۆ بەروون: شەو رۆژ ئەکەمەوە. ئەم شیعرە ئەوەبوو کە داوای لە شمشاڵژەن کرد بە شمشاڵەکەی لێی دا.

[٩]

(٢) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە وەڵامی مەحموود پاشای جافا نووسیوەکە لە مانگی رەمەزانا بۆی نووسیبوو دوعای خێری بۆ بکاو بۆی بپاڕێتە وە لە بارەگای خوا.
(٣) ئەیاز: وەزیرە بەناوبانگەکەی سوڵتان مەحموودی کوڕی سوبوکتەگینی غەزنەوی‌یە. مەبەس لە ئەیاز مەولەوی خۆیەتی. دود: دووکەڵ. ئاسانە: بەردەرگا. ئەم هێنانێ ناوی ئەیازو مەحموودە بە هونەری بەدیع «توریە»ی پێ ئەڵێن. توریە ئەوەیە وشەیەك دوو مەعنای هەبێ، یەکێکی نزیك و یەکێکی دوور، وە بۆ مەعنا دوورەکەی بەکار بهێنرێ نەك بۆ مەعنا نزیکەکەی. ئەوەتە لێرەدا مەبەس لە ئەیاز مەولەوی‌یە، نەك ئەیازی وەزیری، وە مەبەس لە مەحموود مەحموود پاشای جافە، نەك سوڵتان مەحموود.
(٤) وات: وتی. شیرین ئینشادت: خوێندنەوە خۆشەکەت. نەشوون: نەچم. وشەی «یاوا»و «وات» هەردووکیان دێنەوە بە سەر جوملەی «نامەی شیرین ئینشادت» دا.
(٥) سیوای: بێجگە. مەی کووس: کاسەی مەی. واتە: ئەی دۆستی کامڵ دڵ بێجگە لەکاسەی شەرابی خەیاڵی تۆ بە هیچی‌تر بەربانگی نەکردووەتەوە.

فاتحەی کتاب دۆعام، شەو ئەر رۆن
ئیلتیماس حوسن خاتمەکەی تۆن[۱]

حەق وە لوتف وێش باوەرۆ ئەورێت
سوود سەرمایەی عەقیدەکەی وێت[۲]

وەر نە من لافاو تاوانان بەردەم
دۆعا رای دەرگای قەبووڵ گوم کەردەم[۳]

نەی‌چی‌ا من پەنجەی پای ناڵەم سفتەن
تۆ دەی چون تەئسیر وە ناڵەت جفتەن[۴]

چەند فەرد «مەعدووم» دەروون نە وەی‌دا
باوەر جە تەنخوای ناڵە وە نەی‌دا:[۵]

من وێم مزانوو کام تۆمم کاڵان
یاران پەی هیممەت وەنەم مەلاڵان[۶]

کەرەم دەر نە دەس رجای ئەوگاران
بۆ بەخشەم وە عەشق «مظنە»ی یاران[۷]

---

(۱) فاتحەی کتاب: ئەوەڵی کتێبێ. ئیلتیماس: داوا. حوسن خاتمە: ئاخر خێری. یەک خستنی «فاتحە»و «خاتمە» بە هونەری بەدیع «تقابل»ی پێ ئەڵێن.
(۲) باوەرۆ ئەو رێت: بێنێتە رێت.. واتە: خوا، بە میهرەبانی خۆی قازانجی باوەڕی خۆتت دەسگیر کا.
(۳) واتە: ئەگینا من لافاوی گوناح بردوومی‌و دوعام رێگای قبووڵ بوونی ون کردووە.
(۴) تۆ دەی: تۆ فەرموو شمشاڵێ لێدە. واتە: من پەنجەی پێی ناڵەم سووتاوە لە بەر ئەوە ناڵەم ناڕوا، بەڵام ناڵەی تۆ لە گەڵ کار کردنا جوتە، دەسا شمشاڵ لێ بدە.
(۵) دەروون نە وەی‌دا: دەروون لە نارەحەتی‌دا. باوەر: بێنە.
(۶) تۆم: توو. کاڵان: چاندووە. وەنەم مەلاڵان: لێم ئەلاڵێنەوە.
(۷) ئەوگاران: گورفتاران. «مظنە»: مەزنە، گومان. واتە: ئەی خوایەکە تۆ بەخشیش

وەختێ گۆشەی شار خامۆشان بۆ جێم
نەبوون وە تەسدیع هامسایان وێم(١)

[١٠]

ئازیزم! ئاهیر

ئازیزم! ئاهیر دووری بالای تۆ
جەستەم کەرد وە بووڵ، شەماڵ بەرد پەی کۆ(٢)

وریشەی پرشەی تاو کوورەکەی جەستەم
شەرارەی لولەی پێشەی شکەستەم(٣)

گرمەو پزیسکەی چەخماخەی پارە
بەرق بریسکەی شوعلەی شەرارە(٤)

شاخەی شریخەی بروسکەی دەروون
نە چەم شەتاوان جاری کەرد چون هوون(٥)

☞

ئەخەیتە دەستی تکای ئەوانەوەکە زۆر گیرۆدەن، بم بەخشە بە عەشقی گومانی چاکی دۆستان پێم. مەبەسیش لە بەخشینەکە لە شیعری دوایی دا باس ئەکا. لە هەندێ نووسخەدا لە جیاتی «کەرەم دەر نە دەس» نووسراوە «کەرەم دامنەی دەس» واتە: ئەی خوایەکە بەخشەندەگیت ئەوەندە زۆرە وەك داوێنەی پیاوی پەنادار وایە خەڵك دەستی پیا ئەپێچێنن.

(١) نەبوون: نەبم. تەسدیع: مایەی سەرئێشە. واتە: کە مردم نەبم بە هۆی ناڕەحەت بوونی دراوسێ گەورەکانم.

[١٠]

(٢) ئاهیر: ئاگر. بووڵ: خۆڵە مێش. بەرد پەی کۆ: بردی بۆ کێوان.

(٣) ورشە: شەوق. پرشە: پزیسك. تاو: جۆش. پێشە: ئێسقان. شکستە: شکاو.

(٤) پارە: پارچەی دڵ.

(٥) بەشی دووەمی ئەم شیعرە مەعنای شیعرەکانی پێشوو تەواو ئەکات. واتە: شەتاو لە

☜

مــەوج مــدۆ لافــاو هــوون دەجــلەی دڵ
نــە فــوارەی چــەم هــۆر مشــانۆ گــڵ[(١)]

کــای دڵم نــە گــێج مــەوج فــەنادا
مــۆڵەقــەن نــە بــەین خــۆف و رجــادا[(٢)]

تــۆیــچ ئــینسافت بــۆ هــەنی وەســەن وەس
«بــالله» جــە دووریت، هــا بــیم وە قــەقنەس[(٣)]

تــاکــەی چــون مــەجنوون ویــڵ هــەردان بــم؟
تــاکــەی خــەم زەدەی بــار هــیجران بــم؟[(٤)]

هــەر ســاتێ دووریت ســەد ساڵەن جە لام
دەردم کــاری‌یەن وە ســەرگەردت بــام!

بــەزەییت بــەیۆ وە جــەستەو حــاڵم
ریشــەم بــەراما، هــەرەس وە مــاڵم[(٥)]

☞

چاومەوە دێنیتە خوار وەك خوێن. مەولەوی ئەبوو بیوتایە: خوێن لە چاوەکانم دێنی وەك شەتاو، بەڵام چونکە ئەیەوێ ئەوە بگەیەنێ کە خوێنێکی زۆر لە چاوەکانیەوە هێناوە، هاتووە شەتاوی کردووە بە «مشبە»و خوێنی کردووە بە «مشبە بە».

(١) مەوج مدۆ: شەپۆل ئەدا. هور مشانۆ: هەڵ ئەدا. واتە: لافاوی خوێنی دڵی وەك دجلەم شەپۆل ئەدا وە لە فوارەی چاوەکانمەوە گڵ فڕێ ئەداتە سەر. مەبەسیشی لە گڵ زوخاوی دڵیەتی.

(٢) مەوج فەنادا: لە گێژی لە ناو چوونا. مۆڵەق: «معلّق»، وەستاو. واتە: دڵەی وەك پووشم لە گێژی شەپۆلی لە ناو چوونا وەستاوە لە بەینی ترسی لە ناو چوون و هیوای مانەوەدا.

(٣) تۆیچ: تۆش. هەنی: ئیتر. وەسەن: بەسە.

(٤) خەم زەدە: خەم لێ داو.

(٥) بەیۆ: بێت. بەراما: دەرهات.

[١١]

ئازیزم، ئامای

ئـــازیزم، ئـــامای ئـــای بـــێ قـــەرار وێم!
ئـــای ئـــای چـــەمەڕا ئـــای ئـینتیزار وێم!(١)

مـــەوتەنەکـــەی چـــەم دیـــدەش هـــانەڕێت
غـــەریبی تـــاکـــەی، بـــۆ وە ماوای وێت(٢)

هـــای ســـاقی! بـــازاڕ جـــیلوەی دڵدارەن
ســـەودای خـــڕیـــدار، دانـــەی دیـــدارەن(٣)

یـــەکـــێ وە مـــایەی گـــەنج «کـــەی»ەوە
چـــون مـــنیچ وە تـــای فـــەرتووت نـــەیەوە(٤)

ئـــەر سـەد هـەر کـەسێ پـەی وێش وە راوەن
وە قـــیمەت نـــیەن، ئـــیخلاس حـــەساون(٥)

---

[١١]

(١) ئامای: هاتی. وێم: خۆم. چەمەڕا: چاوەڕێ.

(٢) مەوتەن: «موطن»، شوێن. هانەڕێت: لەڕێتە. واتە: نیشتمانەکەت کە چاومە چاوی لە ڕێتە، سا بەس بێ غەریبی وەرەوە بۆ جێگای خۆت. ئەش گونجێ مەبەسی ئەوەبێ: سەرچاوەی چەمی فرمێسکم کە چاومە چاوەڕێتە....تاد.

(٣) سەودا: مامەڵە. خڕیدار: کڕیار. دانە: گەوهەر. واتە: ئەی ساقی ئێستا بازار دەرکەوتنی دڵدار گەرمە. وەکاتی سەوداکردنی کڕیارانە بۆ گەوهەری رووی یار.

(٤) مایە: سەرمایە. کەی: کەیخەسرەو، ئەڵێن پادشایەکی دەوڵەمەند بووە. منیچ: منیش. تا: تاڵ. فەرتووت نەی: دەزووی رزیو. واتە: هەندێ کەس لەم سەودا دا سەرمایەی دەسیان گەمجی کەیخەسرەووە. منیش دەسمایەم تاڵە دەزووی رزیوە. ئەم شیعرە ئیشارەتە بۆ چیرۆکەکەی فرۆشتنی حەزرەتی یوسف کە پیرەژنێکیش هاتبوو کلافەیێ دەزووی پێ بوو ئەیویست یوسفی پێ بکڕێ!.

(٥) ئەر سەد: هەر چەند. وە راوەن: بەڕێوەیە.

مــایل کــەر بــاڵا وەی لادا چــون نــەی
دەسێوت دەف بۆ، ئەو دەس جام مـەی[(١)]

بــا بــێدار کــەرۆ تــاکــەی بـۆ غـافڵ
دەف وە سەدا گیان، جـام وە رەشحەی دڵ[(٢)]

بــا کــڵافــە بــۆ، ئــاخر لەوانــم
خــاك پــای حــەزرەت پـیر مـوغانم[(٣)]

چــون دەف، بــەرگ پۆس ئیرادەت پۆشم
غـوڵام بـەر دەس حـەڵقـە نـە گۆشم[(٤)]

خــوم ئــاسا خــەیلێن وەتــەن مـەیخانەم
چــون پـیاڵەی واق شیشەی پـەیمانەم[(٥)]

---

(١) مایل کەر: لار کەرەوە. نەی: قامیش. دەسێوت: دەسێکت.
(٢) رەشحە: تەڕی، نم. واتە: با دەف بە ئاوازی خۆی گیانم بێدار بکاتەوەو پیاڵەی شەرابیش بە تەڕی دڵم پاراو بکا.
(٣) پیر موغان: گەورەی ئاگر پەرستەکان. لێرەدا مەبەس لە خۆشەویستەکەیە. واتە: با دەسمایەکەشم کڵافە دەزوویەك بێ، قەی ناکا منیش لەکڕیارەکانمو خاکی بەری پێی ئەو خۆشەویستەم کە هەموان روویان تێ کردووە.
(٤) پۆس: پێس. واتە: وەکوو دەف پێستی خۆشەویستیم بۆ ئەو لە بەر کردووەئەڵقەی بەندەگیم کردووەتە گوێم.
(٥) خوم ئاسا: وەك کووپەی مەی. وەتەن مەیخانەم: مەیخانە جێمە. واق: خاڵی بۆش. واتە: شیشەی دڵم وەکوو پیاڵەی خاڵی وایە هیچی تیا نیە.

[١٢]

ئازیز تەن وەنێش

ئـــازیزا! تــەن وە نــێش زامــانت خــەستەن
مــەینەت پـای ئـامام وە زەنـجیر بـەستەن(١)

قــاسدێــچ واچـوون پـەی سـەفەر خـاسەن
رەوان بــۆ تــیز رەو، هــەرس‌و هــەناسەن(٢)

هــێز پـــای رەفت‌و ئـــاماشان نـــیەن
ئەو سـەرچـەمەش وشك، ئـێد كـۆتـا بـیەن(٣)

ســا تــۆ بـۆ وە رەغـم بـەخت بـەرگەشتەم
جــاگــێر نـە دیـدەی وە هـووناو رەشـتەم(٤)

بـــا ســـاتێچ رەقـیب دووریت بكـێشـۆ
شـــەوێ وێنـــەی مـــن وەی رۆوە نـــیشۆ(٥)

---

[١٢]

(١) تەن: لەش. نێش: ئێش. زامانت: ئەو زامانەی لێت كرووم. ئامام: هاتنم.

(٢) قاسدێچ: قاسدێكیش. واچوون: بڵێم. رەوان بۆ: خۆش بڕوا. تیز رەو: تیژ رەو. هەرس: فرمێسك. واتە: ئەو نیرراوەی كە من پیا بپەرموومەوەو بڵێم بۆ ناردن دەس ئەداتیژ ئەڕوا، هەر فرمێسك‌و هەناسەمە.

(٣) رەفت‌و ئاماشان: هات‌و چوویان. سەر چەمەش: سەرچاوەی. ئێد: ئەم. بیەن: بووە. واتە: فرمێسك‌و هەناسەشم كە بەتەما بوون ببن بە قاسد، ئەوانیش كەڵكی ئەوەیان پێوە نەماوە: یەكیان كە چاویەتی سەرچاوەكەی وشك بووەو فرمێسكی پیا نایەت، ئەویشیان كە هەناسەیەتی كورت بووەو ناگاتە بەرەوە.

(٤) بۆ: وەرە، بێ. وە رەغم: لە رقی. بەرگەشتە: وەرگەڕاوە. جا گیر: جێ بگرە. نە: لە. ڕشتە: رێژراو. واتە: كە من نەم‌توانی بێم بۆ لات‌و كەسیشم نەبوو بینێرم، خۆت وەرە لە ناو چاوما جێگا بگرە.

(٥) ساتێچ: ساعەتێكیش. رەقیب: بەدكار. بكێشۆ: بكێشێ. وەی رۆوە: بەم رۆ رۆهاوار هاوارە، یا بەم رۆژە رەشەوە. نیشۆ: دانیشێ.

وەرنــــە، ســـا چـــونکە ئـــاسانەت دوورەن
را نـــــمەزانـــــوو، بـــەڵەد زەروورەن(١)

دڵ وەلاتـــــەوەن، ئـــــامان ســـەد ئـــامان
ئـــامۆشـــۆش کـــەردەن، فـــرە جـــار ئـــامان(٢)

چـــون وە تـــام زام دووری ســـەر شـــارەن
ویـــــانە مـــارۆ، بـــەدەن بـــێزارەن(٣)

هـــیچ مـــەوەر وە تـــەنگ ویـــانەشەوە
پـــەرێ بـــەڵەدیـــم، بکـــیانەشەوە(٤)

[١٣]

ئەی گرد مەوجوودێ

ئـەی گـرد مـەوجوودێ جـە تـۆ گـرت مـایە
مـەوجوود هـەر تـۆنـی، مـاسیوا سـایە(٥)

پـەنهان بـی تـەنها، وەحـدەتت مـەوج وەرد
پـەی شـناسنایی زوهـووریۆت کـەرد(٦)

---

(١) وەرنە: ئەگینا ئەگەر نایەی بۆ لام. نمەزانوو: نازانم. مەبەسی ئەم شیعرەی لە شیعری داهاتوودا دەر ئەکەوێ. (٢) وە لاتەوەن: بە لاتەوەیە.

(٣) سەرشار: بە تەواوی سەرخۆش بوو. ویانە: بیانوو. مارۆ: دێنێتەوە. واتە: بەڵەدەکەیشم کە دڵمە بە تامی زامی دووری لە من سەرخۆش بووە، ئیستا لای تۆیەو بیانوو دێنیتەوە، بێزار بووە لە لەشی من نایەتەوە بۆ لام.

(٤) مەوەر وە تەنگ: مەبە بە تەنگی. پەرێ: بۆ. بکیانەشەوە: بینێرەوە. واتـە: گـوێ بـە بیانووەکانی مەدەو بینێرەوە بۆ لام تا بێ بە بەڵەدم و لەگەڵی بێم بۆ لات.

[١٣]

(٥) گرد: گشت. ماسیوا: غیرە. سایە: سێبەر. واتە: ئەی خوایەکە هەرچی هەیە بوونی لە تووەیە، ئەوەی بە راستی هەبێ هەر تۆی و لە تۆ بەولاوە وەك سێبەر وایە.

(٦) پەنهان بی: پەنهان بوویت. وەحدەتت: یەکیەتی و تـەنهاییت. مـەوج وەرد: شـەپۆلی

بە وێت، جەی عالەم بێ بەقای ناسووت
ئەر وەی گرد جیلوەی وەرین نەشناسووت(١)

بە سەد جیلوەی تەر بێ چوون و چەنی
شناسایی تۆم نمەبۆ، هەنی(٢)

سەروەشم بەی وەسف جەمالیتەوە
باز هەم بەی جیلوەی جەلالیتەوە(٣)

باز هەر بەو عادەت سەروەش نیگاران
پەی فەنای یەکسەر خاتر پڕ خاران(٤)

☞

دایەوە. شناسایی: ناسران. زوهورێوەت کەرد: دەرکەوتنێکت کرد. مەعنای ئەم شیعرە لە گەڵ نیو شیعری دوایی‌دا دێ.

(١) بە وێت: بە خۆت. ئەم وشەیە بەسراوە بە شیعری پێشووەوە. ناسووت ئینسان، ئادەمیزاد. واتە: تۆ بۆ خۆت بە تەنیا بوویت، دەرکەوتنێکت بە خۆت کرد لەم دنیای بێ بەقای ئینسانیەدا تا بناسرێیت. ئەر: ئەگەر وەی: بەم. وەرین: لەمەوپێش مەعنای ئەم نیوە شیعرە لەگەڵ شیعرەکانی پاشەوەدا دێ.

(٢) بێ چوون و چەنی: ئەی خودایەکە بێ چۆنیەتی و چەندی‌تیت. نمەبۆ: نابێ. هەنی: هێشتا. واتە: ئەگەر ئەم هەموو دەرکەوتنەی پێشینتەوە نەت ناسم، بە سەد دەرکەوتنی تریشەوە نات ناسم و تێت ناگەم ئەی خوای بێ چونیەتی و چەندیەتی.

(٣) سەروەشم: سەرخۆشم. بەی وەسف: بەم وەسفە. باز هەم: دیسانەوە. جیلوە: دەرکەوتن. سیفاتی خوا دوو جۆرن، سیفاتی جەمال کە مەعنای ئیجابی ئەگەیەنن، وەکوو «منعم، کریم، معطی»، وە سیفاتی جەلالی کە مەعنای سەلبی ئەگەیەنن وەکوو «قدیم، واحد» واتە: ئەوەڵی نیەو هاوڕێی نیە. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعرەکانی دوایی‌دا دێ. لە هەندێ نوسخەدا نووسراوە: «بازەم» لە جیاتی «باز هەم»، و «وە» لە جیاتی «بەی» بەڵام مەعنای هەردوو وشەکە هەر وەك یەکە.

(٤) بەو عادەت: بە عادەتی. سەروەش نیگاران: جوان چاکە سەرخۆشەکان. پەی فەنا یەکسەر: بۆ لە ناو چوونی یەکجاری. خاتر پڕ خاران: دڵدارە دەروون پڕ لە دڕکەکان.

چـار نـیەن جـە دەس جـیلوە نـەکـەردەن
«بسـم الله» ئـەو تـێـخ، ئـێد کـەچی گـەردەن[١]

یـاگـێوتـەر نـیەن داد وێم کـەروون
جـە دەس تـۆ بـێداد وە لای کـێ بـەروون[٢]

واوەیـلام بـێ حـەد، زاریـم بـێ شـۆمـەن
جـە لای تـۆ فـەریاد، جـە دەس تـۆمـەن[٣]

[١٤]

ئای کێ بی هەواڵ[٤]

ئـای کـێ بـی هـەواڵ لوای تـۆ ئـاوەرد؟
بەختش بەرگەشت بۆ، هۆشم وەحشی کەرد[٥]

---

(١) چار نیەن... تاد: واتە: هەر ئەبێ خۆت دەرنەخەی. بسم الله... تاد: واتە: فەرموو ئەوە تیغو ئەمە گەردنی کەچ! مەعنای ئەم چەند شیعرە ئەوەیە: کاتێ کە تۆ خۆتم بۆ دەر بخەی بە نیشانەکانی سیفاتی جەمالیو جەلالیت من لە خۆشییا سەرخۆش ئەبم. جا ئەگەر دەوام بەو خۆ دەر خستنە بدەی زۆرم پێ خۆش ئەبێ، بەڵام ئەگەر بەعادەتی یارانی بێ باکو جوانو سەرمەست گوێم نەدەیتێ، وە وەك ئەوان بۆ لە ناو چوونی یەگجاری دڵدارە دڵ پڕ لە دڕکەکان کە خۆیان ئەشارنەوەو ناچارن خۆیان دەرنەخەن، تۆش خۆتم لێ بشاریتەوە، ئەوە مەعنای وایە ئەتەوێ بمکوژی. جاکە واتە فەرموو «بسم الله» ئەوە تێغی تۆو ئەمە گەردنی کەجی من چی ئەکەی بیکە.

(٢) یاگێو تەر: جێگایەکی تر. نیەن: نیە. داد وێم کەروون: هاواری خۆم بکەم. بێداد: شکات. بەروون: بەرم، ببەم.

(٣) بێ شۆ: لە ئەندازە بەدەر. جەلای تۆ... تاد: واتە: لای خۆت هاوارت لە دەس ئەکەم.

[١٤]

(٤) مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی بۆ حاجی مەحمودی کوڕی یاروەیسی پیاو ماقووڵی مەحمورد پاشای جاف نوسیوە لە لاواندنەوە «مرثیە»ی «عبدالرّحمان»ی کوڕیدا.

(٥) کێ بێ: کێ بوو. لوای: ڕۆیشتنی، مردنی بەرگەشت بۆ: وەرگەڕێ. هۆشم... تاد: هۆشمی وێڵی کێوان کرد.

مـــدیا ئـــەو شـــۆنت دڵ نـــە پـــەنهان‌دا
چون ئـیسم «رحـیم» وە شۆن «رحـمان»دا(١)

کـــۆتـــرەکـــەی ئـــازاد حـــەریم دڵ بـــیت
دانەی مۆبـەت‌چین پـەی وێت غـافڵ بـیت(٢)

ســـەیاد چـــەپ گـــەرد ئـاخر فـرسـەت ســەند
ناکـاو دوور ئـەنداز دووریت وە دڵ شـەند(٣)

هـــاڵای کـــزەی زام جگـــەر گـــۆشـــەی وێم
مـــوو ئـــاساو ئـــایر هـــەر پێچ مـەدا پێم(٤)

ئـــێش زام ســـەخت تـــوێـــچ ئـــاما پـــێش‌دا
هـــەر ئـێشـەن مـدیەی کـەفتەن وە ئـێش‌دا(٥)

---

(١) مدیا: ئەی‌ڕوانی. ئەو شۆنت: بە دواتا. نە پەنهان‌دا: بە نهێنی. چون اسم... تاد: واتە: وەك چۆن ناوی «رحیم» لە «بسم الله الرّحمن الرّحیم»دا ئەڕوانێ بە دوای «رحمان»دا. ئەم شیعرە نەزاکەتێکی جوانی تێدایە چونکە مەولەوی خۆی ناوی «عبدالرّحیم» بووە، وە ئەو کەسەش کە ئەم پارچە شیعرەی بە سەردا هەڵداوە ناوی «عبدالرّحمن» بووە.

(٢) حەریم: ئەرزی حەرام. دانە: دەنکە گەنم‌و دانەوێڵەو شتی وا. مۆبەت: «محبت»، خۆشەویستی. واتە: تۆ کۆترێکی سەربەست بووی لە ئەرزی حەرامی دڵدا کە کەسێ تر ناتوانێ پێی تێ بنێ، بۆ خۆت چینەت ئەکرد لە دانەی خۆشەویستی‌داو ئاگات لە هیچ نەبوو. مەولەوی تەشبیهی دڵی خۆی کردووە بە ئەرزی حەرام کە مەککەو دەوروپشتیەتی، چون لە وێ باڵدارو پەلەوەر بە ئازادی ئەسوڕێنەوە چینە ئەکەن، وەکەس ناتوانێ دەسیان بۆ بەرێ، دڵیشی وەك ئەرزی حەرام وایە لە یار بەولاوە ڕێگای کەسی تیا نابێتەوە، وە هەر ئەو ئەتوانێ بە سەربەستی چینەی دانەی خۆشەویستی تیا بکا.

(٣) دوور ئەنداز: لە دوورەوە وەشێن. شەند: وەشاندی. واتە: گەردوون لە ناکاو فرسەتی هێناو لە دوورەوە تیری دوور خستنەوەی دا لە دڵت.

(٤) هەڵای: هێشتا. موو ئاسا: وەك موو. واتە: هێشتا کزەی ئێشی مردنی مناڵەکەی خۆم وەك مووی هەڵقرچاو پێچی پێ ئەخواردم. قسەکە لە شیعری دوایی‌دا تەواو ئەبێ. وا دیارە مەولەوی خۆیشی لەو ڕۆژانەدا مناڵێکی مردبێ.

(٥) پێش‌دا: بە سەریا. مدیەی: ئەبینی. کەفتەن: کەوتووە.

ویٚت تـــەنیا ئـــەیاز مـــەحموود نـــەزانـــی
مـــن شـــەیداتـــەر بـــیم پـــەریٚت پـــەنهانی(١)

بـــەڵام بـــا جـــە تـــیر بـــەڵای قـــەزاوە
پـــاڵ دەیـــم وە قـــوللەی قـــەڵای رەزاوە(٢)

تـــا بـــدۆ ســـەفای بـــیٚگـــانەو خـــویٚشـــەن
هـــەر وەخـــتیٚ بـــەرۆ بـــاز مـــاڵ ویٚشـــەن(٣)

[١٥]

ئەی دڵ مزگانی

ئـــەی دڵ، مـــــزگانی، ئـــاما کـــۆچ یـــار
شای شـادی سـەر دا، خـەمان کـەرد فـیرار(٤)

هـــا گـــــەردو غـــوبار مـــەحمەل دیـــارەن
دەك لیٚلاویت بـــۆ چـــۆنت قـــەرارەن؟(٥)

---

(١) واتە: ئەی پیاو ماقووڵی مەحموود پاشا کە وەك ئەیازیت بۆ سوڵتان مەحموود، خۆت بە تەنها نەزانی لەم بەڵادا کە هاتووە بە سەرتا، من دووراو دوور لە خۆت نارەحەتتر بووم بۆت.

(٢) پاڵ دەیم: پاڵ بدەین. واتە: با لە باتی تیری بەڵای قەزاو قەدەری خواوە پاڵ بدەین بە لووتکەی قەڵای رازی بوون بە قەزاو قەدەرەوەو ملی بۆ کەچ کەین.

(٣) تا بدۆ: تا بدا. بەرۆ: بیباتەوە. باز: دیسان. واتە: تا بیدا مایەی خۆشی دۆستبیٚگانەیە، کە بردیشیەوە ماڵی خۆیەتی و کەس دەسەڵاتی هیچی نیە.

[١٥]

(٤) مزگانی: مژدانە. سەر دا: دەرکەوت. واتە: ئەی دڵ مژدانەم بدەریٚ وا بارو بنەی یار گەیشتە بەرەوە... تاد.

(٥) مەحمەل: کەژاوە. لیٚلاویت بۆ: لیٚلاییت دایەت. چۆنت قەرارەن: چۆن قەرار ئەگری.

چـون بـەدەن جـە تـاو هـیجران بـاڵاش
ئـەسڵەن هـازو هێز نـەمەندەن جـە لاش[(١)]

فـیراقش بـەو تـەور تـەوانـا سـەندەن
پـا قـوەی رەفـتار جـەلاش نـەمەدەن[(٢)]

فـرسەتەن ئـەڕواح بشـۆ وە پـێشـواز
پـەردەی بـینایی تـۆ پـەی پـایەنداز[(٣)]

دیـده فـەرش بـووزۆ وە سـەتح ڕێش‌دا
تـاکـە سـەمەندش پـا بـنیۆ پـێش‌دا[(٤)]

عـەینەین! وە ئـەسرین ئـاو پـاشی ڕاش کـەر
نـەك گـەرد بـنیشۆ وە گـۆنـای دڵبـەر[(٥)]

با شـای خـاڵ خـاسان جـەمین پـەڕەی گـوڵ
وەی ئـەساسەوە یـاوۆ وە مـەنزڵ[(٦)]

---

(١) چون: چونکە. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی بەسراوە بە شیعرەکەی پاشترەوە.
(٢) بەو تەور: بە رەنگێ. تەوانا سەندەن: هێزی لێ بڕیوە. رەفتار: بە رێدا چوون.
(٣) ئەڕواح: ئەی گیان. بشۆ: بچۆ. پایەنداز: رایەخی ژێر پێ. مەعنای ئەم شیعرەو شیعرەکانی پاشەوە لە شیعری ژمارە (٨)دا لێ ئەدرێتەوە.
(٤) بوورزۆ: بخات. سەمەندش: ئەسپەکەی.
(٥) عەینەین: ئەی دوو چاو. ئەسرین: فرمێسك. ئاو پاشی: ئاو رشێن. بنیشۆ: بنیشێتەوە.
(٦) جەمین: جەبین، ناو چاو. یاوۆ: بگات. واتە: ئەی گیان هەل لەکیس مەدە، بچۆ بە پیرییەوە. تۆیش ئەی پەردەی چاو ببە بە رایەخی بەر پێی با چاو رات بخاو ئەسپەکەی بە سەرتا بێ. جووتە چاوەکانم! ئێوەش بە فرمێسك ریگاکەی بۆ ئاو رشێن بکەن نەوەك تۆز بنیشێ لە گۆنای وەك پەڕەی گوڵی... تا شای خاڵ خاسان بەم بەزمو رەزمەوە بگاتە جێ.

[١٦]

ئیمشەو مەینەتان

ئـــیمشەو مـــەینەتان نـــە دەروون جـــەمەن
خـــێڵخـــانەی کـــەیفم پـــڕ جـــە مـــاتەمەن[١]

دیـــــــارەن دوەی دووری زۆر کـــــەردەن
ســـوپای خـــەم هـــەم هـــجووم ئاوەردەن[٢]

شـــنۆی ئارەزووی وەسڵت زوهـــوور کەرد
لافـــاو مـــەینەت کـــۆگـــای شـــادی بـــەرد

هـــووناو دەروون ریشـــەی گـــیان کـــەندەن
ســـەرمایەی تـــاقەت نـــە دەسم ســـەندەن[٣]

مـــەحاڵەن ئـــیمشەو گـــیان وە رۆ بـــەردەن
جـــارێو تـــەر تـــەواف ئاسانەش کـــەردەن[٤]

یـــا خـــوا ســـەبووری وە دڵ بـــاوەری
خـــەزانـــەی ئـــارام پـــێم عـــەتا کـــەری[٥]

بـــەڵ وە رۆ بـــەروون وە هـــەر حـــاڵ ئـیمشەو
کـــەروون زیـــارەت دەرگـــانەکـــەی ئـــەو[٦]

ســـەر بـــنیەو وە خـــاك ئـــاسانەی دڵبـــەر
بـــەو ئـــارەزووی دڵ گـــیان بـــەرشۆ وە بـــەر[٧]

---

[١٦]

(١) خێڵ خانەی کەیفم: خۆشی خانەم.

(٢) دوە: دووکەڵ. زۆر کەردەن: زۆری هێناوە.

(٣) وەك چۆن لافاو درەخت لە ریشە دێنێ.

(٤) وە رۆ بەردەن: بگەیەنمە رۆژ. جارێو تەر: جارێکی تر.

(٥) باوەری: بێنی. خەزانەی... تاد: واتە: هێمنم بکەیتەوە.

(٦) بەڵ: بەڵکوو. کەروون: بکەم. (٧) بنیەو: بنێم. بەرشۆ وە بەر: دەرچێ.

[١٧]

ئاماوە وەهار

ئـــاماوە وەهـــار، وەهـــار شـــادی
بـۆی عـەتر نـەسیم غـۆنـچەی ئـازادی(١)

خـێڵ‌خـانەی خـەفەت بـار بـەنیش کـەردەن
مـەینەت روو نـیان وە مـاوای مـەردەن(٢)

خـەم وێـنـەی کـەمان قـامەت خـەم بـیەن
هـەوارگـەی قـەدیم نـە دەسش شـیەن(٣)

بـەزم شـەوق‌و عـەیش نـە دەروون جـەمەن
ئـانە هـیچ نـەبۆ نـە دەروون، خـەمەن(٤)

ئـینە نـەتیجەی دیـای بـاڵای تـۆن
نـیشانەی ویسـاڵ خـاڵ ئـاڵای تـۆن(٥)

سـروور نـەشئەی بـادەی وەسـڵ تـۆن
تـەئسیر بـۆی عـەتر مـوشك زوڵف تـۆن(٦)

---

[١٧]

(١) ئاماوە: هاتەوە. وەهار: بەهار.

(٢) بار بەنی‌یش کەردەن: باری پێچاوەتە. روو نیان: رووی ناوە. وە ماوای... تاد: واتە: مەینەت رووی کردووەتە جێگای مردن‌و ئەمرێ.

(٣) کەمان: کەوان. خەم: چەمیوە. شیەن: دەرچووە. واتە: باڵای خەم وەك کەوان چەمیوەتەوەو هەوارگەی کۆنی کە دڵی منە لە دەس دەرچووە.

(٤) جەمەن: جەمعەن، کۆمەڵە. واتە: بەزمی کەیف‌و رابواردن لە دڵا کۆبووەتەوە، ئەوەی کە بە هیچ جۆرێ لە دڵا نەبێ یا بە هیچ نەژمێرری تیایا خەم‌و خەفەتە.

(٥) ئینە: ئەمە، ئەم هەموو بەزم‌و خۆشی‌یە. دیای: دیتنی. ئاڵا: رەنگ‌او رەنگ. لێرەدا مەبەس جوانە.

(٦) سروور: خۆشی. نەشئە: نەشە. موشك زوڵف: زوڵفی رەشی بۆن خۆشی وەك موشکی خوتەن.

سا پێم دەر، دەیدەی پەیپەی، نەو مەیمەی
لەتایف مەردەم یەکسەر بکەر حەی(١)

تا پەی یارانیچ وە ئیتمینان بۆ
سەرمایەی نیشات دڵ حەزینان بۆ(٢)

[١٨]

ئمشەو هەر خەمەن

ئیمشەو هەر خەمەن ها نە کەمین‌دا
هەر دەردەن مدۆم وە رووی زەمین‌دا(٣)

دڵ نە گەردەلوول بێ پەرداخی‌یەن
دەماخم نە گێج بێ دەماخی‌یەن(٤)

سا، دەروێش! وە عیشق مەلاوی دەروێشان
وە یا هووی وە سۆز ریازەت کێشان(٥)

---

(١) نەو مەی، مەی: لەو شەرابە شەرابم بدەرێ. لەتایف: لە عورفی «صوفیە»دا بە پێنج شوێن ئەڵێن کە لە سنگی ئادەمیزاد دا نووری خوایان بە سەرا دێ. ئەو پێنج شوێنە: «قلب» و «روح»و «سر»و «خفی»و «اخفیٰ»ن جا مەولەوی لێرەدا ئەڵێ: ئەو پێنج لەتیفەی منە لە ئەنجامی دووری‌و بێ مەیلی یارا مردوون، سادەی پەی دەر پەی لەو مەیەم بدەرێ، با ئەو پێنج لەتیفەیەم زیندوو بنەوە.

(٢) واتە: تا ببی بە هۆی متمانەکردنی دڵی یاران تریش، وە ببی بە سەرمایەی خۆشی بۆ دڵی خەفەتباران.

[١٨]

(٣) ها نەکەمین‌دا: لە پەنادا خۆی داگرتووە. مدۆم: ئەمدا. وە رووی زەمین‌دا: بە عەرزا.

(٤) گەردەلوول: گێژەڵووکە. بێ پەرداخی: بێ‌زەوقی.

(٥) واتە: سوێند بێ بە عەشقی پیری دەروێشان‌و بە ‌‌‌‌دەواری «یاهو»ی ئەو خوا پەرەستانەی کە ریازە ئەکێشن. سوێند لە سەر خوراوەکە لە شیعری دوایی‌دا دێ. «ریازەت

هـــەر پـــاسە مـــەبۆ زەلیـــلی، دەخـــیل
چـــینەی زیـــاتەر مـــازەم وە زەلیـــل[١]

پـــەی دیگ دەروون جـــۆش کـــوڵو کـــەف
تـــەسکین نـــمەك کـزەی کـــەفو دەف[٢]

بـــا بـــەیۆ وەش وەش ســـۆزەی ســـەداکـــەت
لەرەی نـــەوای تـــەرز شـــیرین ئـــەداکـــەت[٣]

بـــــەو نـــــائیرەوە، بـــــەو دائـــــیرەوە
خـــاس بـــنیەر هـــەستیم وە ئـــایرەوە[٤]

بـــەڵ ئـــیمشەو خـــەمان شـــێونـــان کـــەڵەك
تـــا ســـەحەر چـــۆن بـــۆ گـــەردش فـــەڵەك[٥]

☞

کێشان»ی دەروێشان ئەوەیەکە دەروێش ماوەی چل رۆژ لەکونجێکی تەکیەخانەقا، یا لە ژوورێکا بە تەنیا دائەنیشن وە لەو ماوەدا رۆژێ دەنکە خورمایەك زیاتر ناخۆنو قسە لەگەڵ کەس ناکەن بە نیازی ئەوەی نەفسیان بشکێو دڵیان رووناك بیێتەوە.

(١) پاسە مەبۆ: وا ئەبێ. چینە: لە مە. مازەم: مەمهێڵە.

(٢) نمەك: خوێ. تەسکین: ئارام بوونەوە. واتە: بۆ نیشاندنەوەی جۆشی کەفو کوڵی مەنجەڵی دەرونم خوێیەك پێویستەکە بریتیە لەوکزەیەی کە پەیدا ئەبێ لە لێدانی دەفەوە بە لەپی دەس، چونکە مەنجەڵی چێشت کە دێتەکوڵەکوڵ خوێی ئەکەن بەسەراو ئەنیشێتەوە.

(٣) بابەیۆ: بابێت. وەش وەش: خۆش خۆش. لەرە: لەرینەوە. نەوا: ئاوازە. تەرز: شێوە. شیرین ئەدا: خۆش لێدان.

(٤) نائیرە: ئاگر. مەبەس ئاگری سۆزی دەنگی خۆشەویستی‌یە. دائیرە: مەبەس کەللەی دەفەکەیە. بنیەر: بنێ. هەستیم: بوونم. واتە: چاك بوونم بنێ بە ئاگرەوە.

(٥) شێونان: بشێوێنێ. واتە: بەڵکو ئەمشەو خەمو خەفەت کەڵەکی فرو فێڵی خۆی تێکدا، بۆ سبەینێ‌یش خوا کەریمە دنیا چۆن وەرئەگەڕێ!.

[١٩]

ئەی ڕۆشنی چەم![١]

ئەی ڕۆشنی چەم! تاکەی؟ تەشریف بەر
لێڵاوی، سا دەی! هووناوەی هوون کەر[٢]

پەی چێش، قیبلەکەم عەزم سەفەر کەرد؟
سێڵاو دووریش ریشەی هەستیم بەرد[٣]

بینایی وە ڕاست دڵەی پڕ دەردم!
ئای چەند سەر سەخت بیم لوای نەمەردم![٤]

بڵێسەی کوورەی هیجران باڵات
گەرمی مەحروومی تۆزەکەی پاڵات[٥]

ئایر دان بەی تەور مۆبەت سەرای دڵ
یادەکەت مەندەن پەی مەسکەن خەجڵ[٦]

---

[١٩]

(١) ئەم قەسیدەیە یەکێکە لەو قەسیدانەکە مەولەوی لە لاواندنەوی عەنبەر خاتوونی خێزانیا وتوونی.

(٢) هووناوەی هون کەر: لافاوی خوێن بکە. واتە: ئەی ڕۆشنایی چاوم تاکەی ئەمێنیتەوە، بڕۆ. تۆیش ئەی ئاوی لێڵی چاوم لافاوی خوێن بکە.

(٣) پەی چێش: واتە: بۆچی ڕووناکی چاوم بڕواو لێلایی دابێ، چونکە قبلەکەم... تاد.

(٤) مەولەوی بەم شیعرە قسە لە گەڵ خێزانەکوچ کردووەکەی ئەکاو ئەڵێ: ئەی بینایی ڕاستەقینەی دڵەی پڕ دەردم، چەند سەرسەخت بووم کە تۆ ڕۆیشتی نەمردم.

(٥) پاڵا: کەوش. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایی‌یەوە.

(٦) خەجڵ: داماو. واتە: بڵێسەی کوورەی دووری لە باڵات و گەرمی بێ بەشی لە تۆزی کەوشەکانت بە ڕەنگێ ئاگری بەرداوەتە خۆشەویستی خانەی دڵم، یادت داماوە بۆ جێگایەك کە تێی بچێ.

دڵە! وە بـــادەی وەســـڵش بـــادی بـــی
دەمــاخت نــە ئــەوج بــرج شــادی بــی(١)

هـــیجران بـــاڵاش وە هـــیچ مـــەزانـــای
وێت وە ســاحیب ســەبر تــاقەت مــەوانــای(٢)

سا ئیسە، هـا دەرد دووریش ئـاوەرد جـۆش
ســـەبرت ئــەر ئـازان بـمانۆ شــنۆش(٣)

[٢٠]

ئارەزووی ئازیز

ئـــارەزووی ئـــازیز وەنـــەم ســـەر داوە
نـــە هـــەردەی دەروون ئـایر وەر داوە(٤)

تـــاقەت بـــی وە هـــوون جـە ســەختی زامـان
تك‌تك چـــەنی هـــەرس رێزا وە دامـــان(٥)

---

(١) بادی: بایی. ئەوج: لووتکە. واتە: ئەی دڵ ئەوسا بە بادەی گەیشتن بە ئەو لە خۆت بایی بووبووی‌و دەماخت لە قەلەپۆپەی قەڵای خۆشی‌دا بوو.

(٢) وە هیچ مەزانای: بە هیچت نەئەزانی. مەوانای: ئەخوێندەوە. مـەعنای ئـەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی‌دا دێ.

(٣) ئەر ئازان: ئەگەر ئازایە. بمانۆ: بمێنێ. شنۆش: شنەی. واتە: ئەوسا دوور کەوتنەوەی باڵای ئەوت بە هیچ ئەزانی‌و خۆت بەخاوەن توانـاو بـوردەباری دائـەنا، جـا ئیسەکـەوا دەردی دووری ئەو جۆشی هێناوە، بوردەباریت ئەگەر ئازایـەو راست ئـەکـا بـا شنەی بمێنێ!.

[٢٠]

(٤) هەردە: هەرد. وەرداوە: بەردایەوە.

(٥) رێزا: رژا. واتە: لە بـەر دووری یـار هـێزی لەشم تـوایـەوە بـوو بـە خـوێن‌و لەگـەڵ فرمێسکما رژایە داوێنەم.

خەم نە سەر جۆی هوون سارای دڵ جەم جەم
بارچنی چون فەوج قافڵەکەی عەجەم[١]

هەر وە زۆر مەندەن نیم نەفەس باقی
وادەی دەورتەن، هانا هەی ساقی![٢]

دەورێ دەر وە ناز وە پیاڵەوە
ژەنگ دڵ وە جام مەی بماڵەوە[٣]

بۆی گوڵاڵەی دەرد دڵبەر عەزیزەن
مەزەی تام خەم یاران لەزیزەن[٤]

فەریادرەسیم کەر، نە جای گشت کەسم!
مازە ئەو لەزەت بەرشۆ نە دەسم[٥]

ئیحیام کەر وە جام ساف یەك مەنی
بەڵکوو بمانوون، پەی غەمێ هەنی[٦]

---

(١) سەر جۆ: بنەوانی جۆگە. جەم جەم: جەمع جەمع، کۆمەڵ کۆمەڵ. بارچنی: باری کرد. واتە: خەم و خەفەت لە بنەوانی جۆگای خوێنی دەشتی دڵما کۆمەڵ کۆمەڵ وەك ریزی کاروانی عەجەم باری رێکخست.
(٢) مەندەن: ماوە. دەورتەن: گەڕاتە. هانا: هاوار. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی دا دێ.
(٣) واتە: بە هەزار حاڵ نیوە هەناسەیەکم تیا ماوە، سا مەیگێڕ هاوار وادەی گەڕاتە بە سەرمانا، نازەنینانە بە پیاڵەی مەیەوە خولێ بخۆ بە دەورماناو بە جامی مەی ژەنگی دڵمان بسڕەوە.
(٤) مەعنای ئەم شیعرەو شیعرەکانی دواوە لە دوای شیعری ئەم قەسیدەدا دێ.
(٥) مازە: مەیەڵە. بەرشۆ: دەرچێ.
(٦) ئیحیام کەر: زیندووم کەرەوە. پەی غەمێ هەنی: بۆ خەمێکی تر. واتە: بۆن کردنی گوڵی دەردی دولبەر زۆر خۆشە، وە بە چەشتنێ تامی خەمی یاران بەلەزەتە. کەواتە بێ بەهانامەوەو مەیەڵە بمرم، بە جامێ شەرابی سافی یەك مەنی زیندووم بکەرەوە. بەڵکو بمێنم بۆ هەندێ خەم و خەفەتی تر لە پاشە رۆژا.

[٢١]

ئیمشەو هەم دیسان

ئیمشەو هەم دیسان دەروون پڕ خەمەن
ئەساسەی ماتەم جە لامان جەمەن(١)

نە تاو دووری دڵ بێ قەرارەن
بینایی دیدەم جە خەفەت تارەن(٢)

شریخەو گرمەی هەور دووری دۆس
وە فەنا بەردەن مەغزو رەگو پۆس(٣)

شەرارەی گڕپەی نار مەهجووری
کەردەن وە غوبار کۆگای سەبووری(٤)

نە تاقەت مەندەن نە تۆی دەروون‌دا
نە «لەیلێ» مدیۆ وە لای «مەجنوون»دا(٥)

یاخوا مەردەنی بۆ وە میهمانم
ئیتر نەوینوون دووری یارانم(٦)

بەڵکم خەلاسیم نەدەس دووریم بۆ
بەو زووخ زامان نەشوون وە گڵکۆ(٧)

---

[٢١]

(١) ئەساسە: هۆیەکان. (٢) تار: تاریك.

(٣) دۆس: دۆست. مەغز: مێشك. پۆس: پێست.

(٤) واتە: بڵێسەی ئاگری دووری یار، خەرمانی بوردەباریمی سووتاندووەو کردوویە بە خۆڵەمێش.

(٥) تۆی: توێی. مدیۆ: ئەڕوانێ. واتە: نەمن ئیتر خۆمم پێ ڕائەگیرێ، وە نە دۆستیش لایەکم بە لادا ئەکاتەوە.

(٦) مەردەنی: مردن. نەوینوون: نەبینم. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە.

(٧) خەلاسیم: ڕزگاریم. نەشوون: نەچمە. گڵکۆ: گۆڕ. واتە: یاخوا مەرگ بێ بە میوانم،

[٢٢]

ئیمساڵ نەو وەهار[١]

ئـیمساڵ نـەو وەهـار چـون خـەزان سـەرد
بەرگ وەرد باغ «مەعدووم» بەرد پەی هەرد[٢]

مشـیۆ تـاڵەی مـن خـیلاف ئـەنگیز بـۆ
وەرنە، کەی؟ کێ دی؟ وەهار گۆڵ ڕێز بۆ[٣]

دڵ وە گـێج بـازی چـەپگەرد بـازیش وەرد
جفت ئارەزوو کەرد، چەپگەرد تاق ئاوەرد[٤]

بۆی «عـەنبەر» نـە تـۆی دەمـاخم دوور کـەرد
فـرسەتش ئـاوەرد هـەوای وەبـای دەرد[٥]

☞

تا جارێکی‌تر دووری یاران نەبینم‌و ڕزگار ببم لە دەس دووری‌و بە زامی پڕ لە زووخی دووریەوە نەچمە گۆڕ.

[٢٢]

(١) ئەم قەسیدەیەش یەکێکە لەو قەسیدانەی کە مەولەوی لە لاواندنەوەی عەنبەر خاتوونی خێزانیا وتوونی.

(٢) بەرگ: پەڕە. وەرد: گوڵ. بەرد: بردی. واتە: ئەمساڵ بەهاری نوێ وەك پایزی سارد پەڕەی گوڵی باخی مەعدوومی وەراندو بردی بۆ کێو.

(٣) مشیو: ئەشێ. تاڵە: «طالع»، بەخت. خیلاف ئەنگێز: پێچەوانە هین. واتە: ئەشێ بەختی من بە پێچەوانەی بێنێ، ئەگینا کەس هەرگیز دیویە بەهار گوڵ بوەرێنێ؟.

(٤) گێج بازی: تاقمانە جووتە. بازیش وەرد: هەڵخەڵەتا. جفت: جووت. واتە: دڵم بە تاقمانە جووتی گەردوون هەڵخەڵەتا، ئەم دووانی ئەویست کەچی ئەو یەکی ئەهێنا. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «گێج بازی» نووسراوە: «کەچ بازی». واتە: کاری چەوت...

(٥) عەنبەر: مەبەسی عەنبەر خاتوونی خێزانیەتی. ئەمە «توریە»ی تیایە، چونکە مەعنای عەنبەری گیای بۆن خۆش‌و عەنبەری خێزانیشی ئەگەیەنێ. وەبا: تاعوون. واتە: بای تاعوونی نەخۆشی بە هەلی زانی، هات‌و بۆنی «عەنبەر»ی لە تۆی دەماخم دوور خستەوە.

نـەی چـی! وە بـێ بـەزم یـاران جـانی
کـام سـەفا مـەندەن پـەی زینـدەگـانی؟(١)

چـون مـەزاق تـاڵەن جـە گـردین لاوە
بـۆ وە شـیرینی یـەك دوو نـەواوە(٢)

یـەكـێ یـەكـجاری تـاونۆمـەوە
ئـەو یـەك لاونـۆم، یـاونۆمـەوە(٣)

[٢٣]

ئایینەی کامڵ!(٤)

ئـایینەی کـامڵ! ئـازیزەکـەی فـەردا
فـیدای ئـامات بـم، سـەفاییت ئـاوەرد(٥)

---

(١) مـەندەن: مـاوە. واتـە: کـاکـی شـمشاڵ ژەن بـە بـێ رابـواردن لەگـەڵ یـارانا ژیـان چ خۆشی یەکی تیایە؟.

(٢) مەزاق تاڵەن: تامی دەمم تاڵە، واتە: لە وەزعێکی ناخۆشم. گردین: هەموو. مـەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی دا دێ.

(٣) تاونۆمەوە: بمتوێنێتەوە. ئەو یەك: ئەوی تریان. لاونۆم: بـملاوێنـێتـەوە. یـاونۆمـەوە: پێمبگەیەنێتەوە. واتە: لە وەزعێکی تاڵ و ناخۆشا ئەژیم، بە دوو ئاوازی شیرینەوە وەرە بۆ لام، ئاوازەیەکیان یەکجاری بمتوێنێتەوە، ئەوی تریان بملاوێنێتەوەو زیندووم بکاتەوە، هەروەك چۆن لە قیامەتا بە فوویەك هەرچی زیندوو هەیە ئەمرێ و بە فوویەکی تر هەرچی مردووە راست ئەبێتەوە.

[٢٣]

(٤) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە پێشوازی شێخ «بهاءالدین»ی کوڕی شێخ «عثمان سراج‌الدین»ی تەوێڵەدا وتووەکە «پیر»ی بووەو هاتووە بو سەر لێ دانی.

(٥) ئامات: هاتنت. واتە: ئەی کەسێ کە وەك ئاوێنـەی بێ گـەرد وایت بـۆ وەرگـرتنی شێوەو خوو رەوشتی باوکە پێ گەیشتووەکەت، ئەی تاقە خۆشەویستەکـەم! بـەقوربانی هاتنت بم خۆشیت لەگەڵ خۆت هێنا.

خــەیلێن گــەرد پــات نــە دیـدەم دوور بـێ
یــانەی چــەم وێران تــەمام خـاپوور بـێ(١)

خـــاس بــی تــەشریفت هــەم ئـاوەردەوە
گـــەرد پـــات، وەتــەن ئـاوا کــەردەوە(٢)

ســـاقی، ئــینە بــەزم وەسـڵ یـارانــەن
چەرخیچ هەر ئەو چەرخ هــەردە جـارانـەن(٣)

دەورێ دەر وە بـــــەزم وە پــــــیاڵەوە
ژەنگ دڵ وە زاخ مـــــەی بـــــماڵەوە(٤)

جــامێمـــان جــە دەس تــۆ هــەم سـەندەبۆ
فــرسەتەن، نسـیو نـــەك نــەماندەبۆ(٥)

---

(١) واتە: دەمێکە تۆزی کەوشەکانت دوورە لە چاوەکانم و ماڵی چاوم بە تەواوی وێران بووە. گوایە وەك بانی خانوو کە خۆڵی بە سەرەوە نەمێنێ دڵوپە ئەکاو وێران ئەبێ، چاوی ئەمیش ئەگەر تۆزی کەوشەکانی شێخی بەسەرەوە نەبێ فرمێسکی لێ ئەرژێ کوێر ئەبێ.
(٢) خاس بی: چاك بوو. وەتەن: نیشتمان. واتە: چاك بوو دیسان تەشریفت هێناوەتۆزی پێت وەتەنی خۆی ـکە چاوەکانی منە ـ ئاوا کردەوە.
(٣) هەردە جاران: جاری جاران. مەعنای ئەم شیعرەو شیعرەکانی پاشەوە لە دوا شیعرا دێ.
(٤) ئە م شیعرە لە قەسیدەی ژمارە (٢٠) یش‌دا هەبوو، بـەڵام لەوێ لە جیاتی وشـەی «بەزم» وشەی «ناز» وە لە جیاتی وشەی «زاخ» وشەی «جام»ی دانابوو. مەولەوی ئەوەی هەیە جارو بار شیعرێك لە چەند قەسیدەدا دووبارە ئەکاتەوە.
(٥) سەندەبۆ: سەندبێ. نسیو: «نصیب»، بەش. واتە: کاکـەی پیاڵە گێڕ ئـەم کـاتەکـاتی بەزم‌رابواردنی گەیشتن بە یارە، چەرخیش هەروەك جاران وایە، سا خولێ بدە بە دەورمانا و بە زاخاوی مەی ژەنگی دڵمان پاك کەرەوە، با تا فرسەتە پیاڵەیەك مـەیمان لە دەستی تۆیش وەرگرتبێ، نەوەك بەشمان لەمە زیاتر نەمابێ بە دنیاوە.

[٢٤]

ئازارم جە وێم[١]

ئــــازارم جـــە وێم، بـــێزارم کـــەردەن
ڕەویـــەی ڕەمـــەزان جـــە یـــادم بـــەردەن[٢]

جـــەوساوە نـــیەت ڕۆزەم ئـــاوەردەن
هـــیچ ئـازارم جـە هـیچ زۆرش نـەوەردەن[٣]

نـــە چـــەم نـــە دیـــدەن ئـــازیز بـــێ گـــەرد
نــە گــۆش نــە سـەدای یـاران هـام فـەرد[٤]

شـــیرینی ئـــیفتار دڵم تـــاڵی یـــەن
جـام نــە جـەماعەت دۆسـان خـاڵی یـەن[٥]

---

[٢٤]

(١) مەولەوی لە مانگێکی ڕەمەزانا بە تەنیا بووەو بەم قەسیدەیە سکاڵای حاڵی خۆی بۆ یەکێ لە دۆستانی کردووە.

(٢) وێم: خۆم. ڕەویە: ئاداب و ئوسووڵ. واتە: ئازارو ناڕەحەتیم بێزاری کرددوم لەگیانی خۆم و ئوسووڵی ڕەمەزانی لەبیر بردومەتەوە، چونکە ئەبێ ڕوژووەوان لە ڕەمەزانا خەریکی خواپەرەستی بێ، بەڵام لەبەر ناڕەحەتی خۆم هیچم پێ ناکرێ.

(٣) جەوساوە: لەوکاتەوە. روزە: ڕۆژوو. نەوەردەن: نەخواردووە.

مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعرەکانی ترەوە. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «زۆرش نەوەردەن» نووسراوە «روزەش نەمەردەن» واتە: ڕۆژووی نەشکاندووە.

(٤) وشەی «نە»ی یەکەم و سێهەم هەر مەعنای «نە»ی سۆرانی یە لە هەورامی دا، بەڵام «نە»ی دووەم و چوارەم بە مەعنای «لە»یە. واتە: لەوکاتەوەکە نیەتی ڕۆژووم لێ هێناوە هیچ ئەندامێکی لەشم لە هیچ تێر نەبوە، نە چاوم تێر سەیری یاری کردووەو نە گوێم تێر ڕاگرتووە لەدەنگی دۆستان.

(٥) ئیفتار: بەربانگ کردنەوە. جام: جێگام. واتە: دڵم لە باتی شیرینی، بە تاڵی بەربانگ ئەکاتەوە، جێگاشم لە ناو تاقمی برادەرانا خاڵی یە چونکە لێیان دوورم. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «دڵم» نووسراوە: «جەلام» واتە: لە لام.

نــەوای مــەرحــەبا نــامان نــە گــۆشــم
چــەنی ئــەلوەداش هــەر نــە خــرۆشــم[١]

زایــفیم هــەر یــەند جــە حــەد بــەرشیەن
نــەسیم ئــەر بــارۆم عــەجایب نــیەن[٢]

[٢٥]

ئازیز! تای رشتەی

ئــازیز! تــای رشــتەی دڵەی خــەم بــێ شــۆ
ئــەزەڵیــا نــە بــەند تــای رشتەکــەی تــۆ[٣]

هــەر دوو چــەنی هــەم پــێچ وەردەن وە هــەم
جــیایی نـــە بــەین مــەحاڵەن ستــەم[٤]

سەر مــەودای نــاخوون یــەکسەر تــێدا شــی
هــەرچــەند ســەعیم کــەرد جــیایی نــەوی

(١) نەوا: ئاوازە. ئەلوەدا: «الوداع»، ماڵاوایی. واتە: لەم مانگەدا گوێم لە مەرحبای هیچ دۆستێکەوە نەبوە، بەڵام هەمیشە لە بەزمی ماڵاوایی‌و دوورکەوتنەوەی یارانا بووم. بەکار هێنانی وشەی مەرحەبا «مرحبا» وە ئەلوەدا «الوداع» لەم شوێنەدا کە باسی خۆی ئەکا لە مانگی رەمەزاناو ئەو دوو وشەش پەیوەندی‌یان بە مانگی رەمەزانەوە هەیە، شتێکی جوانە.

(٢) زایفیم: زەعیفیم، لاوازیم. یەند: ئەوەندە. باروم: بمهێنێ. واتە: ئەوەندە لەڕو لاوازم هیچ سەیر نیە ئەگەر با هەڵم گرێ‌و بمهێنێ بۆ لای تێوە.

[٢٥]

(٣) تا: تاڵ. رشتە: هۆنراوە. بێ شۆ: بێ ئەندازە. ئەزەڵیا: ئاڵا. واتە: تاڵی رشتەی دڵەی خەفەت لە رادە بەدەرەکەم ئاڵاوە لە رشتەی زوڵفەکانی تۆوە.

(٤) چەنی هەم: پێکەوە. واتە: هەردووکیان پێچیان خواردووە بە یەکەوەو بوون بە گرێ کوێرە، وە زۆر زەحمەتە لە یەك بکرێنەوە.

ئیسە خاس پاسەن تۆ نەی سەردەمدا
هەر دوو چەنی هەم پێچ دەی وە هەمدا(١)

تا یاران زانان ریشەی جەرگمەن
پاچیان، ئاوێزان وە رووی بەرگمەن(٢)

هەنی مداران دەم وە سەناوە
ئافەرین واچان جە گردین لاوە(٣)

[٢٦]

ئەو جا بەزمگەی

ئەو جا بەزمگەی کەس جێ نە رەستە
مەنزڵگەی سەیاد هەزاران خەستە(٤)

من نەچیرەکەی هەزار زام وەردە
هەر زامێ پەی وێش زوخاو سەر کەردە(٥)

---

(١) پاسەن: وایە. نەی: لەم. مەعنای ئەم شیعرەو شیعرەکانی پاشەوە هەمووی پیکەوە دێ.

(٢) زانان: بزانن. پاچیان: هەڵ پاچراوە. ئاوێزان: بەرەو بووەتەوە، هەڵواسراوە.

(٣) مداران: بدەن. واتە: مادەم وا تاڵی رشتەی دڵم پێچراوە بە تاڵی زوڵفی تووە، باشتر ئەوەیە تۆش باشتر پێچیان بدەی بە یەکا، تا دۆستان بزانن ئەمەی کە بەرۆ بووتەوە بە رووی جلەکانما تاڵی رشتەی دڵمە ئالۆزاوە لەگەڵ تای زوڵفی تۆدا، وە لە هەموو لایەکەوە دەس کەن بە سەنا کردنو ئافەرین کردنم.

[٢٦]

(٤) جا: شوێن. بەزمگە: جێگای بەزمو رابواردن. جێ نە رەست: لێ رزگار نەبوو. واتە: ئەو شوێنەی یاران بەزمگایەکەکەس لێی رزگار نەبووە. جێگای راوچی‌یانی هەزاران نەچیر بریندار کردووە. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «ئەو جا بەزمگەی» نووسراوە: «ئەو نە جاسوسگەی» واتە: ئەو لە جێگای خۆ مات دانی... تاد.

(٥) وەردە: خواردوو. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعرەکانی ترەوە.

تـــرسیای سـەدای مـاردم هـۆش بـەردە
رەمـــیای بـۆی بـارووت هـەردە وە هـەردە(١)

کـــەی تـــەوانـــای سـەبر دیـارانـمەن،
یـــا پــەروای تـاقەت بـێ یـارانـمەن؟(٢)

رووم کـــەرد وە سـارای هــەردو بـەردەوە
وە ســـەد تــرس و لەرز جـەستەم شـەردەوە

چ داوایـــێوەن مـــەکـــەردێم چـــەنی؟
بـازدێم، نـیم رەمـەق پـەی جـارێ و هـەنی(٣)

[٢٧]

ئێمە گشت فانی(٤)

ئـێمـە گشت فـانی، هــەر ئـەوەن بـاقی
نـــازوون وە بـازووی پڕ نـەیرووی سـاقی(٥)

---

(١) ترسیا: ترساو. ماردم: چەشنە تفەنگێکی کۆنی راوی‌یە. رەمیا: راکردوو.

(٢) دیاران: وڵاتان. واتـە: مـنی نـەچیری هـەزار زام پـێوە بـووی، زام زوخـاو سـەر لێوە کردوو، منی ترساوی دەنگی «ماردم» لە هۆش بردووی، لە تاوی بۆنی بارووت هەردەهەرد هەڵاتوو، کەی تواناو دەسەڵاتی سەیر کردنم هەیە لە وڵاتانی غەریبی‌دا بێ دۆست و بێ برادەر؟.

(٣) چ داواێوەن: چ دەعوایێکە، چ شەڕێکە. بازدێم: لێم گەڕێن. واتـە: کـونەکـون خـۆم شاردووەتەوەو بۆ خۆم لێرە لەگەڵ هاوڕێکانم ئەژیم، لەکۆڵم بنەوە...

[٢٧]

(٤) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بۆ لاواندنەوەی «عبدالرّحمان»ی کوڕی حاجی مەحموودی یارەویس وتووەکە لە تەوێڵەدا بە گوللەیەکی لە دەس دەرچووی شێخ هیدایەتی کوڕی حاجی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عوسمان کوژراوە. قەبرەکەی لەپاڵ خانەقای تەوێڵەدایە.

(٥) نازوون: بنازم. پڕ نەیروو: بە هێز. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی‌دا دێ.

خــەڵاســیش دا پــێت وە یــەك پــەیمانە
ئــازاد بــیت جــە بــەند بــەستەی پــەیمانە(١)

عــارفان چ خــاس پــەی وە حــەق بــەردەن
وەســـیەت «حــافظ» وە جــا ئــاوەردەن(٢)

دەفــنت نــە پــەهلووی مــەیخانە کــەردەن
وە سەر خـاکتدا سـەبووی مـەی مـەڕدەن(٣)

قــەڵەم یــاد کــردار یــارو ئــەغیاردا
رەقــەم کــەرد تــەئریخ وە رووی مــەزاردا:(٤)

جــامێش نــۆشــاوە چــون مــەردان ویــەرد
«گــۆشــەی مــەیخانە وە زاویــەکــەرد»(٥)

---

(١) پەیمانە: پیاڵەی شەرابی مەرگ. بەستەی پەیمانە: پەیمانی لەگەڵ خوادا بەسراو. واتە: ئێمە هەمومان ئەمرین و مانەوە هەر بۆ خوا خۆیەتی، سا با بنازم بە شان و قۆڵی بە هێزی ساقی «مەبەس قودرەتی خوایە» کە بە پیاڵەی شەرابی مەرگ رزگاری کردی و لە بەندی پەیمانی لەگەڵ خوادا بەسراوی ئازاد کردی کە ئەبوو بە پێی ئەمرو نەهی ئەو بجوڵێتەوە.

(٢) عارفان: خوا ناسەکانی خانەقای تەوێڵە. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی دا دێ.

(٣) پەهلوو: تەنشت. سەبوو: کووپە. مەڕدەن: شکاندووە. واتە: پیاوەچاکەکانی خانەقای تەوێڵە چەند باش بۆی چوون کە وەسیەتەکەی «حافظی شیرازی»یان لە تۆدا بەجێ هێناوە، گوایە وەك چۆن ئەو وەسیەتی کردبوو کە لە پاڵ مەیخانەدا بینێژن کووپەیی شەراب بە سەر قەبرەکەیا بشکێنن، هاتن تۆشیان لە پاڵ مەیخانەی عەشقا «وەك خانەقای تەوێڵە بێ» نایە قەبرەوە.

(٤) یاد کردار: بیر خەرەوە. رەقەم کەرد: نووسی. مەزار: گۆڕ. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی دا دێ.

(٥) نۆشاوە: خواردەوە. ویەرد: بەسەر چوو. زاویە: کونجی عیبادەت. واتە: قەڵەم کە

[٢٨]

ئازیز! وە مەرگت

ئـــازیزا وە مـــەرگت دڵ نـــە خـــرۆشـەن
ئارەزووی خـەدەنگ پـەنجەکـەی تـۆشـەن(١)

خـــەیلێوەن نـــامان تـــیرەکـەت، ئـامان
نـــامان وە سـەر وەخت بـیمار زامـــان(٢)

وەخـــتەن ســـاکـــن بـــۆ، قـــوربان سا تیرێ
دەمـــاخش بـــەرزەن، دەخـــیل زەنـــجیرێ(٣)

نـــەوا جـــە حـــیکمەت بـــەر بشـــۆ وە بـــەر
جـــارجـــار وە تـــیرێ دڵ نـــەوایـیش کـەر(٤)

☞

ئێشی ئەوەیە شت ئەخاتەوە یادی دۆست و بێگانە، مێژوی مەرگی وا لە رووی قەبرەکەی نووسی کە جامی شەرابی مەرگی نوشی و وەك پیاوان بۆی دەرچوو، کونجی مـەیخانەی عەشقی «وەك خانەقای تەوێڵە بێ» کرد بە عیبادەت خانەی خۆی.

جوملەی «گۆشەی مەیخانە وە زاویەکەرد» بە بێ ژماردنی «ی»ی «گـۆشـەی»و «ە»ی یەکەمی «مەیخانە» وە هی «وە»و «کەرد» بە پێی پیتی ئەبجەد ئەکاتە ١٢٩٦. بۆیە ئەم پیتانە ناخوێنینەوە چونکە لەو شێوە نووسینەدا نە ئەنووسران کـە مـەولەوی شیعرەکـانی پـێ نووسیوە، وە چونکە بە ژماردنیان ژمارەکە زۆری زیاد ئەبێ. واتە: ئەو نیوە شیعرە بە پێی ئیملای فـارسی ئـامێزی کـۆنـی کـوردی بـنووسرێت، بـەم جـۆرە: «گـوشە میخانە و زاویەکەرد».

[٢٨]

(١) خەدەنگ: تیر. واتە: چاوەڕوانی نامەیەکم بە پەنجەی تۆ بنووسرێ.

(٢) نامان: نەهاتووە. سەروەخت: بەدەمیەوە.

(٣) ساکن بۆ: دامرێتەوە، بمرێ. دەماخش بەرزەن: لووتی بەرزە، فیزی زلە.

(٤) نەوا: نەوەکوو. بەر بشۆ: دەرچێ.

وەش‌وەش تــای تـوغرای وێت بـنمانە پـێش
بــا هــەر نــاسۆر بـۆ، زوو نـەبۆ ساڕێش(١)

[٢٩]

ئاخ، چراخ! چ ئاخ؟(٢)

ئــاخ، چـراخ! چ ئاخ؟ ئــاخ پـەی ئـاخ داریٚ
چـون مـن خــاتر خـار، خـەمبار داخ داریٚ(٣)

بشـیامیٚ وە سـەیر سـەر سـەراو چـەمەن
چ ئـەو چـراغـم نـەو چـەمەن، چ مـەن(٤)

نــاڵەمــان کــەردا چـەنی بـولبـولان
چـەنی نــاڵەیـیٚ؟ چـون سـفتە دڵان(٥)

تــا نـــە قــەفەس‌دا مــانمان نـەفەسیٚ
ئـەوان پـەی گـوڵان، ئـێمـە پـەی کـەسیٚ(٦)

---

(١) وەش وەش: خۆش خۆش. توغرا: زوڵفی لوول. بنمانە پێش. پێی بنوێنە. واتە: جارو بار تای زوڵفی لوولی خۆتی پیشان دە، با برینی ساڕێژ نەبیٚ، چونکە زوڵفت وەك مار وایەو ماران گازیش بە دیتنی مار برینەکەی دێتەوە سۆ!.

[٢٩]

(٢) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بۆ «مە لا چراغ» ناویٚ دۆستی نووسیوە.

(٣) چ ئاخ: چۆن ئاخیٚ. پەی ئاخ‌داریٚ: بۆ برادەرێکی ئاخ هەڵکێش‌و داخ لە دڵی وەك خۆم. خاتر خار: دڵ بریندار.

(٤) بشیامیٚ: بچووینایە. سەر سەراو چەمەن: مێرگ‌و کانیاو. مەن: من. مەعنای نیوە شیعری دوایی ئەم شیعرە لە گەڵ شیعرەکانی ترا دیٚ.

(٥) چەنی: چۆن. سفتە دڵان. دڵ سووتاوان.

(٦) واتە: چ من‌و چ چراخی برادەرم لەو مێرگ‌و کانیاوەدا لە گەڵ بولبولان دەسمان بکردایە بە ناڵەو خوێندن وەك دڵ سووتاوان، تا قەفەزی سینەمان هەناسەیەکی لیٚ دیٚ، ئەمان بۆ گوڵان‌و ئێمەیش بۆ یار...

[٣٠]

ئەدای پەشێوی[١]

ئـــەدای پـــەشێوی حـــاڵات جـــەستەم
دوورەن جـە تـەحریر خامەی شکستەم[٢]

بەڵام «مەعدووم» هەرس دیدەش جۆش وەردەن
نـاعیلاج خـامەش وە دەسگـیر کـەردەن[٣]

پـەلەپەل پـێکـان پـەل وە خـامەدا
یـەك فـەرد رەقـەم کـەرد وە رووی نـامەدا:[٤]

ئـیسە دیـدەی دڵ دێوانـەکـەی وێت
نـە بـێخ ئـاودا مـە گـێڵۆ پـەرێت[٥]

---

[٣٠]

(١) ئەم قەسیدەیەش یەکێکە لەو قەسیدانەکە مەولەوی لە لاواندنەوەی عەنبەر خاتوونی خێزانیا وتوویە.

(٢) ئەدا: باس کردن. واتە: باسی پەشێوی حاڵەتم بەم قەڵەمە شکاوەم نانووسرێ، پێویستی بەوەیە خۆم بێم بۆ لات بۆت باس کەم.

(٣) هەرس: فرمێسك. واتە: بەڵام من فرمێسك چاوم لێشاوی کردووەو کوێر بووم، لە بەر ئەوەی پێم ناکرێ بێم بۆ لات، وا ناچار پەنام بردووەتە بەر قەڵەم تا چەندی پێ بکرێ بۆتی بنووسێ. لە هەندێ نوسخەدا نیوەی یەکەمی ئەم شیعرە بەم جۆرە نووسراوە:

بەڵام مەعدووم، غەرق هەرەس جۆش وەردەن.

واتە: بەڵام مەعدووم خنکاوە لە فرمێسکی کوڵاوو هاتووە جۆشدا.

(٤) پێکان پەل: دەسبە قایم کردووە. رەقەم کەرد: نووسی.

(٥) مەگێڵۆ: ئەگەرێ. پەرێت: بۆت. واتە: ئێستا.

[٣١]

ئازیزم، گەردەن...

ئـــازیزم، گـــەردەن بـــلوور بـێ گــەردا!
ئـــەمانەتی تـــۆو دڵەی پـــڕ جــە دەرد

چـــون جـــە زێد وێش بـــیەن ئـــاوارە
غـــەریبەن، قـــەدرش نـــیگا بـــدارە[١]

فـــەرامـــۆش نـــەبۆ لادێ، درەنگـــێ
ســوبحێ وە تـیرێ، شـامێ خـەدەنگێ[٢]

[٣٢]

ئارەزووی[٣]

ئـــارەزووی ئـــامای مـــەرگ وێت کـــەردەن
گـــۆیـــا خـــەڵاسیت وە دڵ ئـاوەردەن[٤]

ئـــەی پـــەی تــۆ نـــەبۆ دۆســـەکـەی گیانی
چـــەند بـــۆ پـــڕووز بـــۆ تـــۆ هـــەر بـمانی[٥]

---

[٣١]

(١) زێد: جیگای زایین، لە دایك بوون. نیگا بدارە: راگرە.

(٢) لادێ: کەم. ئەم دالە بە «ی» منگن ئەخوێنرێتەوە. درەنگێ: زۆر. واتە: کـەم و زۆر فەرامۆش و بەرەڵلای مەکە، بەیانی و ئێوارە بە تیر پێوەنانێك ئاگاداری بکە.

[٣٢]

(٤) ئامای: هاتنی. گۆیا: گوایە. مەعنای ئەم شیعرە لە گەڵ شیعری دوایی دا دێ.

(٥) بمانی: بمێنی. واتە: خۆزگەی مردنی خۆتت خواستووە، گوایە بە تەمای ئەوە بوویی کە رزگار ببی لە مەینەتی دنیا، بەڵام خوا نەکا ئـەم ئـاواتـەت بـێتـە دی، بـۆ ئـەوەی تـا دڵدارەکانت مابن و ئاگریان تێ بەر ببێ، تۆیش هەر بمێنی و بۆ سۆزی لەشی سووتاویان بێ بە لووتتا.

[٣٣]

ئاخ پەی خەڵوەتێ

ئــاخ پــەی خــەڵوەتــێ بـدیام وە بـێ خـەم
سیوای تـۆ دیـدەم، کـەس نـەدیام وەچـەم(١)

دڵ پــەی دیــدەنت کــام خــەڵوەت ســازۆ
تــۆی دیــدەیچم بــی، مــەردم نــمازۆ(٢)

[٣٤]

ئازیز! وەس بووزەم

ئــازیزا وەس بــووزەم نــە گــێجــاو خــەم
وەس چــون بــینایی پـەنهانبەر نـە چـەم(٣)

وەخــتێ جــە وەســڵیــچ هــەر دڵم ڕیش بـۆ
مشیۆ وەسڵو فەسڵ فـەرقشان چـێش بـۆ؟(٤)

---

[٣٣]

(١) بدیام: بمڕوانیایە. کەس نەدیام: کەسم نەدیایە.

(٢) سازۆ: دروست بکا. تۆی: لە تۆی، لە ناوی. مەردم: بیبیلەی چاو. نمازۆ: نایەڵێ.
واتە: خۆزگا جێگایەکی چۆڵم دەس ئەکەوت بەبێ خەم لێیەوە بمڕوانی‌یایە بۆت‌و لە تۆ بەولاوەکەسم بە چاوی خۆم نەدی‌بایە. بەڵام، داخی گرانم دڵم شوێنێکی چۆڵی بۆ ساز ناکرێ کە لێیەوە بڕوانێ بۆت بە تەنیا خۆی، چونکە باشترین شوێن کە بۆ ئـەوە دەس بدات گلێنەی چاومە، کەچی لە وێ‌یشا بیبیلەی چاوم ئەبێ بە ملۆزمم وە لەگەڵما سەیرت ئەکا...
ئەوەش دەس ئەدا کە «مەردم» بە خەڵکی مـەعنا لێ بـدەینەوە بـڵێین: بـەڵام ئـەگـەر لە چاویشما دات نێم خەڵکی هەر سەیرت ئەکەن‌و ئاواتەکەی من نایەتە دی.

[٣٤]

(٣) وەس: بەس. بووزەم: بمخە. بەر: بە. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی‌دا دێ.

(٤) مشیۆ: ئەشێ. واتە: ئازیز بەس بە هۆی نەدیتنەوە نوقمی گێژاوی خـەفەتم بکـە، وە

ئازیزا! جە دووریت

ئــــازیزا! جــە دووریت تــەن بــی کــڵافــە
ڕۆح بـــی وە تـــەنوین حــاڵ ئــیزافــە[1]

[٣٦]

ئای چەنە سەرچەنگ

ئای چەنە سـەرچـەنگ چـەرخ چـەپ وەردم!
چەرخ چەنی چەرخـاو مـن مـام نـەمەردم![2]

[٣٧]

ئەو ساتە زانام

ئــەو ســاتە زانــام بــەختەکــەم شــەڕ بی
عــێلــەکـەم هـامڕای عـێل سـەگـوەڕ بی[3]

☜
بەس خۆتم لێ ون کە، وەك چۆن بینایی چاو لە ناو چاوا بۆ کەس نابینرێ، چونکە ئەگەر بشێ لەکاتی بە یەك گەیشتنیشا هەر نەتبینم ئیتر ئەبێ جیاوازی بەینی بە یەك گەیشتن دووری لە یەك چی بێ؟.

[٣٥]

(١) واتە: لە بەر دووری تۆ لەشم لوولی خواردووە وەك کڵافەی دەزوو وە گیانم لە لەشا نەماوە، وەك چۆن لە زوبانی عەرەبیدا «تنوین» ـ کە دوو سەرە، یا دوو ژێرە، یا دوو بۆرە لە ئاخری وشەوە ـ بە سەر هەر وشەیەکەوە بوو، وە ئەو وشەیە «اضافە» کرا بۆ لای وشەی دواوەی، ئەو تەنوینە نامێنێ، هەروەها گیانی منیش بە هۆی پەیوەندی خۆشەویستی تۆوە لەناو چووەو فەوتاوە.

[٣٦]

(٢) سەرچەنگ: چەپۆك. وەردم: خواردم. واتە: ئای چەند چەپۆکی چەرخی چەپگەردم خواردو چەند جار چەرخ هەڵسووڕا، کەچی من هەر مامەوە بۆ مەینەتی دنیاو نەمردم.

[٣٧]

(٣) واتە: ئەو سەعاتە زانیم بەختم شەڕەکە هۆزو گەلەکەم بوون بە هاوڕێی ئەو هۆزەکە سەگوەڕی تیایە.

تیپی بێ

MAWLAWI.KRD

[١]

باعیس وجوود

بـــاعیس وجـــوود جــە مــاە تــا مــاهی،
دەلیـــل ئـــیسبات ســـونع ئـــیلاهی،[(١)]

«ضـــیا»ی بـــینابیم، نـــوور چـــەمانم،
ســـەرمایەی حـــەیات دیـــنو ئـــیمانم![(٢)]

مـــن وێم مـــزانـــوو بـــی ئـــەمریم کـــەردەن
ئـــیتاعەی فـــەرمان عـــەبدیم نـــەبەردەن[(٣)]

عـــومرم ســـەراپـا غـــەرق غـــەفڵەتـــەن
زاد ئـــاخرم بـــار خـــەجڵەتـــەن[(٤)]

بـــەڵام مشـــیۆ تـــۆ وە فـــەزڵەکـــەی وێت
کـــردەی مـــن نـــەبۆ بـــەهانە پـــەرێت[(٥)]

---

[١]

(١) ماهی: ماسی. واتە: ئەی خوایەکە هۆی بوونی ئەم جیهانەی لە مانگەوە بە بەرزەوە تا ماسی لەو ژێرەوە، کە ئەمانەش بەڵگەن بۆ ئیسپات کردنی پەروەردگاری خوا. مەولەوی لەم شیعرەیا لە سەر ئەو قسەیە رۆیشتووەکە ئەڵێن تۆپی زەوی بەسەر پشتی گایەکەوەیەو گاکەیش لە سەر ماسی‌یەك بەندە... ئەش‌توانرێ بوترێ مەبەسی ئەوەتە: لە ئاسمانەوە تا بنی عەرز.

(٢) «ضیا»: رووناکی. واتە: ئەی خوایەکە بە هۆی تۆوە رووناکی لە بیبیلەی چاوما پەیدا بووەو تۆ بناغەی ژیانو ئایینمی...

(٣) وێم: خۆم. واتە: من خۆم ئەزانم بێ ئەمریم کردووەو بە پێی پەیڕەوی بەندەیی فەرمانم جێ‌بەجێ نەکردووە.

(٤) زاد: توێشوو. ئاخر: قیامەت. خەجڵەت: شەرمەزاری.

(٥) مشیۆ: ئەبێ. کردە: کردەوە. پەرێ: بۆت. واتە: ئەبێ بە گەورەیی خۆت کارێکم لە گەڵ بکەی خراپیم نەبێ بە بیانووی بێ لوتفی کردنت لە گەڵم.

ئیغماز کەی جە گرد نابەکاری من
جە روو سیاهی و بەد کرداری من[(١)]

پەی من کافی یەن ئەی گرد ئینفیعال
بۆ بە رەحم ویت بکەرەم پامال[(٢)]

مەدیە وە تۆمار کردەی ویەردەم
بدیە وە زەردی روخسار ئاوەردەم[(٣)]

هەرچەند شایستەی عەفوت نەداروون
رووی شەرمندەگی وە دەرگات ماروون[(٤)]

جە بەحر کەرەم بێ بەشم مەکەر
شەڕ نەفسانی جە راگەم لابەر[(٥)]

تا بە فەزڵ ویت بوانیمەوە
جە دەس هەوای نەفس بسانیمەوە[(٦)]

بەڵکم جەی ئاخر پەی ویم فکرێ کەم
تەدارەك پەی چەند تەزبیح زکرێ کەم[(٧)]

---

(١) ئیغماز: چاو پۆشی. گرد: گشت. نابەکاری: کردەوەی ناپەسەند.

(٢) ئەی: ئەم. ئینفعال: خەجاڵەت و شەرمەزاری. واتە: من ئەم هەموو شەرمەزارییەم بەسە، تۆ بێ بە رەحمی خۆت پێ بنێ بەسەر ئەم کردەوە خراپانەما.

(٣) مەدیە: مەڕوانە. ویەردەم: رابردووم. بدیە: بڕوانە. واتە: مەڕوانە بۆ تۆماری کرەوەی رابردووم، سەیری ئەو زەردی شەرمەزارییە بکەکە بە روومەوەیە.

(٤) شایستە: شایان، لایق. ماروون: ئەهێنم. واتە: هەرچەند شایانی لێ بووردنت نیم، بەڵام رووی شەرمەزاری ئەکەمە دەرگات.

(٥) مەکەر: مەکە. راگەم: رێگەم. لابەر: لابە.

(٦) بوانیمەوە: بمخوێنیتەوە. بسانیمەوە: بمسێنیتەوە.

(٧) جەی ئاخر: لەم ئاخری عومرەما. واتە: بەڵکو لەم ئاخری عومرەما فکرێك بۆ خۆم بکەمەوەو خۆم ئامادەکەم بۆ چەند تەزبیحێك ناوی خوا.

بەڵام بەو شەرتە چەنیم قبووڵ کەی
بەهانەی ئەسباب عەفوم وسووڵ کەی(١)

نەفس بەد کردار، بێ دین بەد بەخت
شووم سەرگەردان خەیاڵان سەخت!(٢)

پەی چێش عادەتت وە گوناه کەردەن؟
ژار مەحروومی رەحمەتت وەردەن(٣)

راگەی حەقیقەت جە ویرت شیەن
یادت پەی مەحبووب حەقیقی نیەن(٤)

موتن ئەسڵیت نە خاتر لوان
مێخ مۆبەتت نە رووی خاك كوان(٥)

دایم گورفتار ئارەزووی خامی
یەکسانەن پەرێت نێکیو بەد نامی

گا خەریك دەرد هەوای مەجازی
گا مەشغووڵ کەسب کیبرو نیازی(٦)

---

(١) چەنیم: لێم. وسوول کەی: جێبەجێ بکەی.

(٢) مەولەوی لەم شیعرەوە رووی راز وەرئەجەرخێنێ، وە پاش ئەوەی قسەی لە گەڵ خوای گەورە بوو ئەمجار لە گەڵ نەفسی خۆی قسە ئەکا. ئەوەش دەس ئەدا کە لێرە بەولاوە پارچە هەڵبەستێکی سەربەخۆ بێ و وەختی خۆی لە نووسینەوەدا لە گەڵ ئەوی پێشوودا بۆ بێ بە یەك. (٣) وەردەن: خواردووە.

(٤) واتە: بۆچی رێگای راستیت لە بیر چووەتەوەو بیر لە خۆشەویستی راستەقینە ناکەیتەوە.

(٥) موتن: نیشتمان. موبەت: «محبّت»، خۆشەویستی. کوان: داچەقاندووە. واتە: بۆچی نیشتمانی راستەقینەت لە بیر چووەتەوە کە عالەمی قودسی ئەرواحە، وە مێخی خۆشەویستیت لە خاکی دنیادا داکوتاوە کە هەوارگەیەکی وەختییەو پاش ماوەیەك بە جێی دێڵێ.

(٦) هەوای مەجازی: خۆشەویستی ناڕاست. لە ئیستیلاحی ئەهلی تەسەووفدا خۆشەویستی راستەقینە خۆشەویستی خوایە، وە لەوە بەولاوە بە خۆشەویستی مەجازی دائەنێن. کیبر: فیز.

گــا غــەرق هــەوای وەسـڵ نـازاری
گــا حــیرەت زەدەی روخســار یـاری

هــیچ هـۆشت نـیەن حـەق خـەبەردارەن
فــەردا رۆی حــیساب مــیزان کـارەن

فکــــرێ کــــەرەوە، وادەی لواتــەن
وەخت شـێویـای شـەوق سـەوداتـەن[١]

بـــاوەرە وە دەس زادێ پـــەی ســـەفەر
وێت نـەو سـەفەردا بـێ تـۆشـە مـەکـەر

وە دەرگـای حــەق بـەر، رووی پـەشیمانی
عــوزر ئـاوەری کـەر کـردەی نـادانـی

بــەڵ لیـباس عـەفو بکـەرۆت خـەڵات
جــە وەخت مـەردەن بـدەرۆت نـەجات

وە نسـیوت بـۆ سـەرمایەی ئـیمان
نـەوی وە ڕێش‌خـەند سوخریەی شـەیتان[٢]

وە رۆی مــــەحشەردا بگــێڵی دڵشــاد
جــە قــەید عـیسیان دڵت بـۆ ئـازاد[٣]

---

(١) لوا: رۆیشتن، کۆچ کردن. مەبەس مردنە. شێویا: تێك چوون.
(٢) ڕێش‌خەند: جێگەی گەمەو گاڵتە. واتە: بەڵکو ئیمانت دەسگیر ببێو شەیتان بە ریشت پێ نەکەنێو گاڵتەت پێ نەکا.
(٣) بگێڵی: بسوورڕێیتەوە. قەید: کۆت‌و زەنجیر.

[٢]

بینایی دیدەم[١]

بــینایی دیــدەم تــۆ وە ســڵامــەت
دیــدەنی دیــدار کــەوت ئــەو قــیامەت[٢]

ئــەر بــینش نــیەن، هــەی ئــاوات وازم
بــاز هــەر تــەسکینەن گــۆش وە ئــاوازم[٣]

وە دڵدا تــــەفسیل زەلیــلی ویــەرد
چــێش جــە ئــەوەڵدا ئــاخرش ئاوەرد[٤]

بــاز بــێ تــاقەتیم نــە رووی پــەردەوە
دەرگای گــوزەرگای چــەند فــەرد کــەردەوە[٥]

هــۆرێزاو پێچ وەرد دووی کــوورەی دەروون
ئاو ئاوەرد، بەڵ هوون، نە دیدەی گــەردوون[٦]

---

[٢]

(١) مەولەوی پێش مردنی بە چەند ساڵێك، کوێر بووە، لە سەرەتای کوێر بوونیا بەم پارچە شیعرە بینایی چاوی خۆی لاواندووەتەوەو رازی لەگەڵ دۆستێکی کردووە.

(٢) واتە: بینایی چاوم قەزاو بەڵای تۆی برد، ئیتر بینینی تۆ کەوتە ئەو دنیا.

(٣) بینش: بینین. هەی ئاوات وازم: ئەی ئاواتە خوازەکەم. باز: دووبارە. واتە: ئەی کەسێ کە بە ئاواتی بینینتەوەم ئەگەرچی چاوم نەماوە تا بت‌بینم، دووبارە هەرمایەی رەحەتی‌یە بۆ دڵم کە گوێچکەم ماوەو گوێم لە دەنگتەوەیە.

(٤) ویەرد: گوزەری کرد. چێش: کەچی. واتە: هات بە دڵما کە بە درێژی باسی داماوی خۆمت بۆ بکەم، کەچی دڵم مەیدانی نەدام، هەر لە ئەوەڵەوە ئاخری هێناو بۆم نەکرا قسەکە بکەم.

(٥) باز: دیسانەوە. نە رووی پەردەوە: لە پەنامەکی‌یەوە. واتە: بەڵام بێ تاقەتی‌و زویریم دەس بەردار نەبوو، وە بەدزی دڵمەوە لە پەنامەکی‌یەوە رێگای تێپەڕبوونی چەند هۆنراوەیەکی بۆ کردمەوەکە ئەمانەی خوارەوەیە.

(٦) هۆرێزا: هەستا. دوو: دووکەڵ. بەڵ: بەڵکو. واتە: لە بەر بێ تاقەتی‌و زویریم

ڕێزا جــــه ســــەردا بــڵێســەم کــەم بــی
ئەسباب تەحریر ئەی چەند فەرد جەم بی[١]

بــاز چــێش بــۆ یــاران دەروون پڕ داخــەن
ئـــەغیاران دەمـــاخ دڵ وە پـــەرداخـــەن[٢]

ســـەرد بـیـەن گــەرمی شــەوق هـام فـەردان
گەرمەن سەردی زەوق جەرگەی هام دەرادن[٣]

ڕێزان ســـەوزەی گــوڵ مـــەعاریف وە گـــڵ
چۆڵ بـیەن چـەمەن جـە سۆزەی بـوڵبـوڵ[٤]

نـیگای ئـیلتیفات گـۆشــەی چـەم کـەمەن
رووی دەشت ســەفای ئـــەهل دڵ تــەمەن[٥]

☞

دووکەڵی دەروونم بەرز بووەوەو لوولی خواردو ئاوی لە چاوی ئاسمان هێنا، بەڵکو خوێنی لێ هێنا. ئەم هۆنراوە ئاسکە ئیشارەتە بەوەکە ئەو تەمو مژەی لە زەوی بەرز ئەبێتەوە ئەبێ بە هۆی باران بارین.

(١) ڕێزا: ڕژا: کەم بی: کەم بووەوە. جەم: جەمع، کۆمەڵ. واتە: ئەو ئاوی ئاسمانە باری بە سەر کوورەی دڵما بڵێسەو گەرمای دڵم کەم بووەوە، وە هۆی نووسینی ئەم چەند هۆنراوەیەم لەلا کۆبووەوە.

(٢) چێش بۆ: چی بێ. ئەغیار: بێگانان. واتە: دووبارە چی قەوماوە وا یاران دڵیان پڕە لە داخو دوژمنان دڵیان خۆش‌و بە پەرداخە. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «باز» نووسراوە: «باس».

(٣) جەرگە: کۆمەڵ. واتە: هی چیە وا گەرمای شەوق‌و زەوقی هاوڕێکانم سارد بووەتەوە، ساردی زەوقی کۆمەڵی هاو دەردەکانم هێزی سەندووە؟

(٤) ڕێزان: داوەریوە. واتە: هی چیە وا پەڕە گوڵی سەوزو جوانی زانست داوەریوە بۆ ناو گڵ، وە بۆچی چەمەن چۆڵ بووە لە خوێندن‌و ئاوازی بەرزی بوڵبوڵ، یانی: بۆچی بازاری دۆست‌و دڵدار کز بووە؟.

(٥) نیگا: سەیر کردن. گۆشەی چەم: لاچاو، یان: گوێی چاو. واتە: هی چیە وا سەیر

☜

حەڵقەی خەفیەی زیکر ناڵەی هەزار رەنگ
چون حەڵقەی دەرگای وێرانان دڵ تەنگ(١)

مشێو جە گرد لا زاری‌و شیوەن بۆ
جە کام لا؟ لای دۆس، کام دۆس؟ وێنەی تۆ(٢)

کەی؟ ئێستە، پەی کێ؟ پەی دیدەی «مەعدووم»
چێش بیەن؟ بیەن جە دیدە مەحرووم

یانێ های راسەن، یا قسەی ناسەن
دیارەن کردەی چەپ گەرد هەر پاسەن(٣)

☞

کردنی ناسکی یار بە لاچاو کەم بووەتەوە، وە ئەو روانینە نازەنینەی نەماوە، یان بۆچی یار بە دەستووری زوو لە قەراخ چەمی بەر ماڵەکەیانا ناڕوانێ بۆ دۆستەکانی کە بە دەوریانەنیشن، وە بۆچی رووی دەشتی خۆشی دڵی یاران تەم دای گرتووە؟.

(١) حەڵقە: ئەڵقە. خەفیە: نهێنی. زیکر: ناوی خوا هێنان، لە سەر دەستووری سۆفی‌یەکانی تەریقەتی نەقشبەندی کە بەیانی‌و ئێوارە ئەڵقە ئەبەستن، وە لە ژێر لێوەوە ناوی خوا ئەبەن. واتە: هی چیە وا کۆمەڵ بەستنی دۆستان بۆ بیر کردنەوە لە خوا کە بە هەزار رەنگ تیایا ئەیان ناڵاند ئێستا وا کەم‌و کورت بووە وەك ئەڵقەی کلیلی دەرگای خانووی وێران کە ژەنگی هەڵهێنابێ، ئینسان کە سەیری ئەکا دڵی دائەگیرێ.

مەولەوی تا ئێستا هەر خەریکی پرسیار کردن بوو، ئیتر لەمەو دواوە وەرام ئەداتەوە.

(٢) مشیۆ: ئەشێ، ئەبێ گرد: گشت. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ مەعنای شیعرەکانی پاشەوەی‌دا دێت.

(٣) ناسەن: خەڵکە. پاسەن: وایە. واتە: هۆی ئەم کارەساتەی کە باسمان کرد ئەبێ ئەوەبێ کە لە هەموو لایەکەوە پێوستە هەر گریان‌و شیوەن بێ بۆ چاوەکانی مەولەوی، چونکە راستەکردەوەی گەردوون هەمیشە ئەوەتە لە پاش خۆشی‌یەوە ناخۆشی دێنێ.

[٣]

بەرزان هیلال

بەرزان هیلال تار وەروان قەرار دا
غورەی شار شۆر دڵان دیار دا(١)

نەسیم وە بۆی چین چنوور رووی هەرد
سوب «صباح الخیر» دەماخ دڵ کەرد(٢)

جە پرژەی شەونم نە تۆی پەردەوە
نەرگس مەس‌مەس چەم وەڵاو کەردەوە(٣)

سەوزە وستەن فەرش ئەو چەمەن دەس دەس
گوڵان جام وە دەس بوڵبوڵان سەرمەس(٤)

مەنعم مەکەردێ گرانەن دەردم
ئەر شێویا بۆ قافیەی فەردم(٥)

---

[٣]

(١) بەرزان: شوێنە بەرزەکان. تار: شێوە. وەروان: بەفران. غورە: سەری مانگ. شار: «شهر»، مانگ. شۆر: عەشق. واتە: بە هۆی داهاتنی فەسڵی بەهارەوە کێوەکان بەفریان وەك مانگی یەك شەوە لێ کردووە وە سەرەتای مانگی خۆشی‌و رابواردن دیاری داوە .مەبەسی لە وەیەکە سەرەتای بەهار بەفری شاخەکان ئەتوێتەوە، وە تەنها پەراوێزێکی وەك مانگی یەك شەوە بە سووچەکانی سەرەوەی شاخەکانەوە ئەمێنێتەوە.
(٢) نەسیم: شنەی بای ناسکی بەیانی. چنوور: گیایەکی بۆن خۆشی کوێستانی‌یە. سوب: «صبح»، بەیانی. واتە: شنەی بای ناسك بە بۆنی چین‌چین‌ی گیای چنوور دەسی کرد بە مەرحەبا لێ کردنی دڵ لە بەیانیدا.
(٣) پرژە: پرژ. وڵاو: بڵاو. واتە: لە بەر پرژی شەونم، گوڵی نێرگس لە ناو پەردەی نەزاکەتا چاوە مەستەکانی بڵاو ئەکردەوە.
(٤) سەوزە: وردە گیای دەشت. وستەن: رای خستووە. واتە: سەوزە گیای جوان چین‌چین فەرشی راخستووە لە چەمەنا، ساقی گوڵیش وەك ساقی جام بە دەس وایە، تۆپی گوڵیش وەك پیاڵەیە، بوڵبوڵانیش لە زەوقی ئەم وەزعە سەرمەست بوون.
(٥) واتە: لە بەر خۆشی نەشئەی ئەم چنوورو گوڵ‌و گوڵزارو بوڵبوڵانە وەك سەرخۆشم

فەریاد جە شۆرەی ئەرز چارەی من
هەر سەوزەی موراد من نا دیارەن[١]

داد جە هەوای شووم بەد ستارەی من
هەر نەو گولاڵەی من نە پێوارەن[٢]

یا وەلوەلەی دەف شا دەروێش، جۆشێ
بەو سەدای ریشەی دڵ ئاشناوە[٣]

یا جۆش سەمتوور موتریب، خرۆشێ
چەنی ئەی دوو فەرد حەسرەت مەعناوە

بەڵ سەوز ببۆ تۆم ئارەزوەکەی دڵ
های چەمە دەخیل شەوێ شەونمێ[٤]

☞

لێ هاتووە، کەواتە سەرزەنشم مەکەن ئەگەر ئاخری شیعرەکانم شێوابن، چونکە شعوور پەرێشان بوو شیعریش پەرێشان ئەبێ. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «قافیەی فەردم» نووسراوە: «پەنجەی پای فەردم» واتە: پەنجەی پێی هەڵبەستم.

(١) شۆرە: گڵێ کە لمدار بێ و بۆ کشت و کاڵ نەشێت. سەوزە: سەوزە گیا. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی دا دێ.

(٢) شووم: نەگبەت. ستارە: ئەستێرە. پێوار: خاك. واتە: هاوار لە دەستی بەختی نابارى من کە وەکوو خاکی شۆرە وایە گیا ناڕوێنێ، بۆیە وا هەر گیای مەبەست و ئارەزووی من دیار نیە. وە داد لە دەستی شوومی ئەستێرەی بەختم کە ئەوەندە تاریکە، گوڵی هەموو کەس روا، کەچی گوڵی من هەر لە ناو خاکایەو سەر دەر نایەنێ.

(٣) وەلوەلە: دەنگ و زریکە. واتە: ئەی دەنگ و ئاوازەی شای دەروێشان بێرە جۆش بەو سەدا خۆشەتەوەکە ئاشنایە لەگەڵ رەگ و ریشەی دڵا، وە ئەی جۆشی سازو سەمتووری موتریب هاوارێ بکە لەگەڵ ئەم دوو شیعرەدا کە بەیانی داخ و حەسرەتی دڵم ئەکەن... شیعرەکان لە پاشانا دێن.

(٤) بەڵ: بڵکوو. چەمە: ئەی چاوەکانم. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی دا دێ.

بــەڵ روو بــنمانۆ ئــەو نــازك نــەو گــوڵ
دەمــــە نــەسیمێ وادەی ســوب دەمــێ(١)

[٤]

بەزم هام فەردان

بــەزم هــام فــەردان یــار مــۆبــەت کــێش
یەك ئیمشەو دەفێ دەروێش، های دەروێش(٢)

بـــاوەر نـــەکـــۆڕەی وەلوەلەی دەفـدا
رووی پـــەندو تـــەوبیخ وە هـــەر تـــەرەفـدا

رووی پەند ئەو یاران دڵ وە جەهدو جـەخت
رووی تەوبیخ، ئەو لای مەعدوومی بەد بەخت(٣)

---

(١) بنمانۆ: بنوێنێ. نیوە شیعری دووهەمی ئەم شیعرەو شیعری پێشوو وا رێك خراون کە «هۆ» بن بۆ نیوە شیعری یەکەمیان. واتە: ئەی چاوەکانم! دەخیلتان بم شەوێك لە شەوان لە ترسی خوا فرمێسکێکی وەکو شەونم دارێژن، بەڵکو ببێ بە هۆی سەوز بوونی تووی ئارەزووی دڵم، وە ئەی دەم تۆیش لە ترسی خوا ئاهێکی پیرۆزو ناسك هەڵکێشە لە بەرە بەیانێکدا، بەڵکو بە شنەی ئەو ئاهەکە وەك نەسیم وایە، دۆستە ناسکە داپۆشراوەکەم وەك گوڵ رووی خۆی بنوێنێ، چون گوڵ بە هۆی نەسیمەوە ئەپشکوێ. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «دەمە» نووسراوە: «ئاهە» واتە: ئەی هەناسەی دەم با نەسیمێکی ساردت لێوە بێت... ئەم شەش شیعرەکە قافیەی نیوەی شیعری یەکەمو دووهەمیان وەك یەك نین، ئەگەر بێین نیوە شیعری پێشووەکانیان یەك خەین وە دوو دوو بییان کەین بە شیعر، سێ شیعری مەعنا رێك‌و قافیە راستیان لێ پێك دێ. هەروەها نیوە شیعرە دواییەکانیش.

[٤]

(٢) کیش: ئایین. واتە: ئەی دەروێش ئەمشەو تاقە شەوێکی بەزمو رابواردنی دۆستانو یاری ئایین خۆشەویستی‌یە، کەواتە دەفێکی باش لێدە. هەڵیش ئەگرێ مەعنای وابێ: دەروێش، هەر تەنها ئیمشەو بدە لە دەفەکەت لەکۆڕی رابواردنی دۆستانو دڵدارانی یاری ئایین خۆشەویستی‌دا.

(٣) باوەر: بێنە. کۆڕە: گەرمە. وەلوەلە: هەراو هوریا. تەوبیخ: لۆمەو سەرزەنشت. واتە: لە

واچە هەی دڵەی ئەبلەی بێ خەبەر
هۆرێز ساتێ تەرك خاو شیرین كەر(١)

«شەوەن، خەڵوەتەن، ماڵ بێ ئەغیارەن
ئاڵەم گرد وتەن، دۆس خەبەردارەن»(٢)

نەوا میهمان بۆ تۆ نەوینی كەس
خەفەت بۆ پەرێت تا ئاخر نەفەس(٣)

دیدەت تۆز غەیر نیشتەنش وەنە
جە جۆی سەوزەی دڵ ئاوێش دەر پەنە(٤)

وەر تۆ بینایيت پەردەش ها نە سەر
ئەو تۆ موینۆ جە تۆ زەریف تەر(٥)

☞

گەرمەی هەراو هوریای دەف لێدانەكەتا، لە هەموو لایەكەوە رووی ئامۆژگاریو سەرزەنشت بكەرە رفیقەكانت، رووی ئامۆژگاری بكەرە ئەو برادەرانەی كە دڵیان هۆشیارەو خەریكی عیبادەت كردنن، رووی سەرزەنشتیشت بكەرە مەعدوومی بەدبەخت، وە ئەم قسانەی پێ بڵێ كە لەم شیعرانەی خوارەوەدا وتراون.

(١) ئەبلە: «ابلە»، گێل. هورێز: هەڵسە. كەر: بكە. واتە: بە مەعدوومی بڵێ ئەی خاوەنی دڵی نەزانو بێ ئاگا، لە بەر یادی خوا تاوێك هەڵسە دەس لە خەوی خۆش هەڵگرە!.

(٢) ئەغیار: بێگانە. ئاڵەم: عالەم، خەڵك. وتەن: نووستووە. مەبەس لە دۆست زاتی خوایە. ئەم شیعرە لە «بێسارانی» وەرگیراوە.

(٣) واتە: نەوەك ئەو دۆستە خەبەردارە لەو شەوە خەڵوەتی‌یەدا بێت ببێ بە میوانت، وە تۆیش لە بەر نووستوویی‌و بێ ئاگایی كەس نەبینی، وە یارت لە دەس دەرچێ، وە ئەوە بۆت ببێ بە مایەی خەفەت تا رۆژی مردن.

(٤) وەنە: لێ. پەنە: پێ. واتە: ئەگەر تۆ چاوت یار نابینێ‌و تۆزو گەردی ئولفەتی بێگانەی لێ نیشتووە، لە جۆگەی كێڵگەی دڵ مشتێ ئاوی پیا بكە با پاك ببێتەوە وە دۆست ببینی. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «سەوزەی دڵ» نووسراوە: «سۆز دڵ» واتە: سۆزی دەروون.

(٥) واتە: ئەگەر پاش ئەوەش كە ئاوت پیا كرد، هەر نەی‌بینی‌و تانەی لە سەر بوو، قەیدی

☜

ئەمجار یاد کەر عومر عەبەس ویەردەت
باوەر وە خاتر ناپاکی کەردەت(١)

سەر ئەفگەندە بەر چون شەرمەساران
چەمەی چەم هۆر کەر چون سەیل واران(٢)

بەڵ شۆرۆ بەو ئاو کەرەم فراوان
بابەت وە بابەت سیاهەی تاوان(٣)

☞
نیە، چونکە با تۆیش یار نەبینی ئەو لە تۆ باشتر تۆ ئە بینێ. ئەم شیعرە ئیشارەتە بە فەرموودەی پێغەمبەر کە ئەفەرموێت: «اَلْاِحسانُ اِنْ تَعْبُدَ اللّٰهَ کَأَنَّكَ تَراهُ، فَاِنْ لَمْ تَکُنْ تَراهُ، فَاِنَّهُ یَراكَ».

(١) ویەردە: بە سەرچوو. کەردە: کردەوە. واتە: جا ئەمجارەکە شەو بە خەبەرداری دانیشتی بۆ یادی یار، بیری ئەو کاتانەی عومرت بکەرەوەکە بەبێ سوود بە سەرچوون، وەکردەوە نا پاکەکانی خۆت بێنەرەوە بیرت، وە لێ یان پەشیمان بەرەوە.

(٢) سەرئەفکەندە بەر: سەر دانەوێنە. چەمە: سەرچاوە. هۆرکەر: هەڵکە. واران: باران. واتە: لە شەرمەزاری یا سەرت دانەوێنە وەك شەرمەزاران، وە ئاوی سەرچاوەی چاوت هەڵکە وەك لافاوی بارانی بەهار.

(٣) شۆرۆ: بشۆرێ. سیاهە: دەفتەری رەش کراوە، لیستە. واتە: بەڵکو خوای بەخشەندە بەو ئاوی فرمێسکی چاوانتە بابەتەکانی ناو دەفتەری گوناحت بشواتەوە.

[٥]

بولبول گولشەن(١)

بولبول گولشەن بێ نام و نەنگی
تەزەرو سەرو باغچەی بێ رەنگی(٢)

نوختەی ئێنتیهای دائیرە تەمام
نەی دەس نەی چی تووتی دیای جام(٣)

یانەی دڵ وە فەیز رای مەولا ناوا
تەوار تەڕلان لان «مەولان ئاوا»(٤)

---

[٥]

(١) مەولەوی بەم پارچە شیعرە قسە لەگەڵ رۆحانیەتی شێخ حەسەنی مەولاناوا ئەکا. هۆی دانانی قەسیدەکەیش ئەوەیە: گەورە ماڵێکی جاف لە گەرمیانەوە رۆیشتووە بۆ هاوینە هەوار بۆ نزیکی دێی مەولاناوا لە ناوچەی سەقز لەکوردستانی ئێران. خێزانی کابرای هاوینەخۆر کچی شیری مەولەوی ئەبێ، بەم بۆنەیەوە مەولەوی داوا لە شێخی مەولاناوا ئەکا کە بە هیممەتی خۆی چاوی لێ بێ. شێخ حەسەن یەکێك بووە لە شێخەکانی تەریقەتی قادری. لە ساڵی ١١٣٦ی هیجری‌دا کۆچی دوایی کردووە، وە لە مەولاناوا نێژراوە.

(٢) نەنگ: عەیب و عار. تەزەرو: کۆترەباریکە. واتە: ئەی خاوەنی رۆحێکی وا کە وەکو بولبولی باخی بێ ناوی و بێ باکی وایت لە هەموو عالەم «چونکە مرۆی خاوەن رۆحی بەرز لە خوا بەولاوە لەکەس ناترسێ» وە ئەی تەزەروی سەرچڵی دار سەروی باخی بێ رەنگی. مەبەس لە بێ رەنگی دامەزراوی و نەگۆڕاوی و ئیستیقامەتە.

(٣) نەی: شمشاڵ. دیا: تەماشا. جام: ئاوێنە. واتە: ئەی کەسێ کە نوختەی دوایی هاتنی دایرەی ئەولیاکانی خوای، وە ئەی کەسێ کە وەك شمشاڵی دەسی شمشاڵژەن وای، واتە هەرچیت لە دەم دەرچێ بە ئیلهامی خوایە، وە ئەی کەسێ کە سەیری ئاوێنەی دڵی خۆت ئەکەی، وە هاتیفی غەیبی لە غەیبەوە قسەت لەگەڵ ئەکا، وەك چۆن توتی ئەڕوانێ بۆ ئاوێنە، وە یەکێك لە پشتی ئاوێنەکەوە قسەی لەگەڵ ئەکا، ئەویش ئەیڵێتەوە... لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «دیای» نووسراوە: «دمای» واتە: پشتەوەی.

(٤) یانە: ماڵ. را: رێگا. مەولا: خوا. ناوا: سواغ‌دەر. تەوار: جورە بازێکی راوە. تەڕلان:

پــــایەت بــــوڵەنــد بــۆ، ســایەت فــراوان
پــەی پــەی کــەردەی ڕەم دیـدە سیاوان(١)

ئـــاهووی تـــوون دڵ وە بـــۆی نـــاف ئـــاوا
تـــار بـــی نـــە جــەڵەو گــەرمەسێر مـــاوا(٢)

ڕەم کـــەرد، مـــدراوە، دیـــاوە مـــەس مـــەس
پـــەی هـــەرد بـارگەی تـۆ گـومەتەش بـەس(٣)

پەرێش کـەر سـای وەڵگ هـیممەت وە یـاتاخ
نــەکــەرۆش ســەردی ئـێڵاخ بـێ دەمـاخ(٤)

☞

چالاك. لان: هێلانە. مەولان ئاوا: دێ کەی خوا لێ خۆش بوو شێخ حەسەنە. واتە: ئەی ئەو کەسەی کە دڵی خۆت بە فەیزو بەرەکەتی خوا سواغ داوە، وە بۆ نەهێشتنی خەیاڵاتی نەفەس وەك بازی تەواری چالاك وایتە بۆ ڕاوی چۆلەکە، هێلانەکەشت دێی مەولاناوایە.

(١) پەی: بۆ. پەی کەردە: قاچ بڕین و بریندار کردن. ڕەم: گـەلەران. دیـدە سیاوان: چـاو ڕەشان، مەبەس ئاسکە. واتە: یا خوا هەمیشە پایەت بڵند بێ و سێبەرت زیاد بێ بۆ بریندار کردنی گەلەی ئاسکان. لێرەدا مەبەس ئەوکەسانەیەکە داواکاری فەیزو بەرەکەتی ئەولیای خوان. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «پەی کەردەی» نووسراوە: «یاتاخگەی» واتە: یاخوا هەمیشە پایەت بڵندو سێبەرت زیاد بێ تا ببێ بە جێگای کومەڵی چاو ڕەشان.

(٢) ئاهوو: ئاسك. ناف: ناوك. مەبەس موشکی بۆن خۆشـەکـە لە لای نـاوکی جـۆرە ئاسکێکا هەیە. ئاوا: ئاوەدان. تار: تاك. جەڵەو: جەلەب، گەلە. واتە: ئاسکەکەی هەردەی دڵم کە بە بۆنی موشك ئاوەدانە، تاك کـەوتووە لە نـاو گـەلە ئـاسکی وڵاتـی گـەرمەسێر دەرچووە.

(٣) ڕەم کەرد: تەری یەوە. مدراوە: ڕاوەستا. دیاوە: ئاوڕی دایەوە. مەس مـەس: مـەست مەست، بێ هۆشانە. گومەتەش بەس: خۆی گرد کردەوەو قەلەمبازی برد. واتە: لەو کاتەدا کە تار بوو، ڕای ئەکردو ڕائەوەستاو بە دوو چاوی مەستەوە ئاوڕی ئەدایەوە بە دوای خۆیا، هەر بەو جۆرە خۆی گرد کردەوەو بەرەو هەردی بارەگای تۆ لە مەولاناوا گومەتەی بەست.

(٤) پەرێش: بۆ ئەو. وەڵگ: گەڵا. ئێڵاخ: کوێستان. واتە: سێبەری گەڵای داری هیممەتی خۆتی بۆ بکە بە مەنزڵ و یاتاخ، با سەرمای کوێستان بێ دەماخی نەکا.

چـــووزەی ســـەوزەی هـــەرد فـــەیز تـــۆ وەرۆ
گـــەردش نـــەپای کـــاو لوتـــف تـــۆ کـــەرۆ[١]

نـــــەواچـــی مـــن پـــیر ئـــیفتادەی دڵ ڕێش
ئـیسه چـــەنی مـــەیل ئـــازیزانـــم چـێش[٢]

تـــــا یـــــاران نـــــیگای نـــیهانیشان بـــۆ...
پـــیران مشـــیۆ تـــاف جـــوانـــیشان بـــۆ[٣]

پـەی چـێش مـەیل لەیـل پـیریش مـەحاڵەن؟
ســـەنەی بـــاڵغـــیش ســـەد هـــەزار ساڵەن[٤]

---

(١) چووزە: کرۆکی گژوگیا. وەرۆ: بخوا. کاو: زەردو مای سافو سەخت. واتە: با خۆراکی لە چووزەی گیای فەیزو بەرەکەتی تۆ بێ‌و، گەڕانو رابواردنی لە داوێنی کێوی لوتفی تۆدابێ.
(٢) واتە: یاشێخ، پێم نەڵێیت ئێستە تۆ هەی مەولەوی بەم پیری‌و لێ‌کەوتوویی‌و دڵ بریندارییەوە چیتە لە مەیل‌و خۆشەویستی ئازیز، وا ئەوەندە بە پەرۆشەوەی.
(٣) نیگا: روانین، لا لێ‌کردنەوە. نیهانی: نهێنی، پەنامەکی. تاف: گەرمەو گوڕ. واتە: چونکە تا یاران لە پەنامەکی‌یەوە چاوی مەرحەمەت‌و خۆشەویستی‌یان لە دۆستی خۆیانەوە بێ، ئەبێ ئەو دۆستە پیرانە لە تافی جوانی‌یا بمێننەوە.
(٤) سەنە: ساڵ. واتە: چونکە خۆشەویستی لەیل پیری هەڵناگرێ، وە مرۆی دڵدار تا دێرزەمان هەر بە منداڵی ئەمێنێتەوە، وە تەمەنی باڵغ بوونی عەشق ساڵی سەد هەزارەمین‌یەتی، لە بەر ئەوەکە دڵی عاشق هەرگیز نامرێ، وەك «حافظ»ی شیرازی ئەڵێ:
هرگز نمیرد آنکه دلش زنده شد به عشق ثبت است بر جریدەی عالم دوام ما...
لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «سەد هەزار ساڵەن» نووسراوە «دمای سەد ساڵەن» واتە: پاش سەد ساڵە.

[٦]

بنچینەی شادیت

بـــنچینەی شـــادیت جـــە دڵ بـــەر ئـــاوەرد
جە رای مۆڵەت دوور هەر چێوەت کەرد، کەرد(١)

ئیسە ئەی تـاڵیو قین گـرتەت پـەی چێش؟
ئەی تۆ بستەی زام لابەردەت پـەی چێش؟(٢)

بـــار ئـــەی مـــەینەت گـــرد نـــەوۆ کـــافی
تـــەمات زیـــاد کـــەرد جـــە بـــێ ئینسافی(٣)

تـــرس بـــێ سامان زەحـــمەت جـە لای مـن
جـــەور دڵبـــەرەن مـــەنیەی نـــە رای مـــن(٤)

هـــەڵای هـــەی مـــاچی گـــیرت نـــەوەردەن
بۆی شەمامەی ئـێش عـەشقت نـەکـەردەن(٥)

---

[٦]

(١) بەر ئاوەرد: دەرهێنا. هەرچێوەت: هەرچیت. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایی‌یەوە.

(٢) ئەی: ئەم. گرتەت: گرتنەت. تۆ بەستە: توێژ هێناوە. لا بەردە: لابردن. واتە: ئەی یاری دووری لە رێی ئینسافو مۆڵەت، بنچینەی خۆشەویستیت لە دڵما دەرهێنا، وە هەرچیت کرد کردت، ئێستە ئەم رق گرتنەت لە چیە، وە لە بەرچی توێژی زامی پەترۆ بەستووم لا ئەبەی؟.

(٣) نەوۆ: نەبوو. تـەمات: تـەماعت. لە هـەندێ نـووسخەدا لە جیاتی «بـار» نـووسراوە «باری» واتە بە هەرحاڵ، نەك بە مەعنای باری هەڵ گرتن. هەروەها لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «تەمات» نووسراوە «زوڵمەت». مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری داهاتووەوە.

(٤) مەنیەی: دائەنێیت. واتە: ئەی بێ ئینساف لەگەڵ ئەم هەموو بـاری مـەینەتەشا کـە خستووتەتە سەر شانم، تەماعت زیاد کردووەو زوڵمت زۆر کردووە، ئەزانی کـە تـرسی زۆری من لە جەوری دۆستە، ئەوەش ئەخەیتە بەر رێگام.

(٥) هەڵای: هێشتاوەکوو. واتە: بەم هەموو دەردەوەکە تووشم بووە لە رێی عـەشقا پێم ئەڵێیت تۆ گیرت نەخواردووەو بۆنی شەمامەی عەشقت نەکردووە.

مـــن دەردم پـــەیكار نـــاز دڵگـــیرەن
دەوای زامـــــانم زامـــداری تـــیرەن[١]

بـــێ شـــەرتیش دۆســـی، قـــارش وەفـــامەن
مـــەزەی قـــین لەزەت، جـەفاش سـەفامەن[٢]

ئـــەر هـــەر سات دەردێ دەردێوتـەر چـەنی
بـەیۆ، مـاچوون ئـاخ پـەی دەردێو هـەنی[٣]

ئـــامانەن، ئـــەر دیت بـــاڵا عـــەرعەر تـــەرز
عەرز کەر نەك جارێ، وە سـەد سۆز بـەرز[٤]

بـــەڵ دڵ وەش کـــەرۆ مـــەینەت گـازەکـەش
زۆر دۆ وە بـــازووی غـــەمزەو نـازەکـەش[٥]

پـــەیاپەی پـــەیپەی نـــە دڵەی تـــەنگدا
هەر خـەدەنگ بـەرۆ وە جـای خـەدەنگدا[٦]

---

(١) پەیكار: شەڕ.

(٢) قار: رق گرتن. واتە: من وا سەر مەست بووم لە بەڵای یار، بێشەرتی ئەو لەلای من دۆستی‌یە، رقی وەفایە، مەزەی قین گرتنی لەزەتە بۆم، سزاو ئازاری مایەی خۆشیمە...

(٣) چەنی: لەگەڵ. بەیو: بێت. دەردێو هەنی: دەردێکی‌تر. واتە: ئەوەندەم خوو گرتووە بە مەزەی ئێشی دۆستەوە، هەرتاوێ دەردێکم تووش ببێ لەوەوەو دەردێکی تریشی لە گەڵابێ، من هەر ئەڵێم ئاخ بۆ دەردێکی‌تر...

(٤) ئەر دیت: ئەگەر بەر چاوت کەوت. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی لەگەڵ مەعنای دوا شیعرا پێکەوە دێن.

(٥) دڵ وەش: دڵ خۆش. مەینەت گازەکەش: گرفتارەکەی گازی مەینەتی. زۆر دۆ: هێز بدا. بازوو: قۆڵ.

(٦) پەیاپەی: یەك لە دوای یەك. خەدەنگ: تیر. بەرۆ: بەرێ، ببا. واتە: دەخیلت بم ئەگەر یارە باڵا وەك چنارەکەی منت دی، لە جیاتی جارێ سەدجار بە سۆزو شەوقەوە عەرزی بکە جارو بار دڵی دۆستە گرفتارەکەی گازی مەینەتی، خۆش بکا، وە یەك لە دوای یەك تیر بتەقێنێتە دڵەی تەنگی، چونکە رزگاریی دڵدار بەو ئازارەیە کە لەلایەن یارەوە تووشی ئەبێ.

[٧]

بێ شەرتەو...(١)

بـێ شـەرتو شـۆنـیت جـە حـەد ئـەودەرەن
رەحــمـەت ئـەو یــادت، وەفـادار تـەرەن(٢)

دیدەم، چون مـیقراز بـێ شـەرتیت تـیژ کـەرد
دات جە تانتەی وەسڵ جەو پـەڕش ویـەرد(٣)

شەرت بۆ تا جەستەی خەستەی مەهجووریت
پــاکـتاوش کـەرۆ مـەردەن جـە دووریت(٤)

جە شووم پڕ شـووم ئـەڵحـەد سـەرای خـەم
جە سەروازەی هوون جۆی سەر چەمەی چەم(٥)

وە بـۆی ئـەو بــاڵاو خــەت و کـوڵمو فـەم
ســەروو ســەوزەو گـوڵ غـونچە بـدۆ دەم(٦)

---

[٧]

(١) مەولەوی ئەم غەزەلەی بۆ یەکێك لە دۆستانی ناردووە بۆ گلەیی کردن لێی.

(٢) ئەو یادت: لە یادت. واتە: ئەی دۆستی! بێشەرتو پەیمانیت لە ئـەندازە بـە دەرە، سەد رەحمەت لە خەیاڵت، ئەو لە تۆ بە وەفاترە، بەس نیە جار بە جار دێتە لامو هاتو چۆم ئەکا...

(٣) دیدەم: گیانەکەم. چون: چونکە. میقراز: مـقەس. تـانتە: رایـەڵە. ویـەرد: تـێپـەڕی. مەعنای ئەم شیعرەو شیعرەکانی پاشەوەی لەگەڵ دوا شیعرا پێکەوە دێ.

(٤) پاکتاوش کەرۆ: پاکی کاتەوە، هیچی نەهێڵێ.

(٥) شووم: زەویی وەرد. پڕشووم: پڕنەگبەتی. سەروازە: لادانی ئاو لە ئەندازەی زەوی بۆ دەرەوەی. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «سـەروازەی» نـووسراوە: «قـەڵوەزەی» واتـە: قەڵبەزە، تاڤگە.

(٦) خەت: زوڵف. فەم: دەم. بدو دەم: دەم بـداتـەوە. مـەولەوی لەم شـیعرەدا هـونەری «لفـو نشری مرتب»ی بەکار هێناوەکە یەکێکە لە هونەرەکانی «بدیع»، بەرامبەر بە باڵا، سەرو، وە بەرامبەر بە خەت، سەوزە، وە بەرامبەر بەکوڵم، گـوڵ، وە بـەرامـبەر بـە فـەم، غونچەی داناوە.

دڵەی مـەینەت گـاز سفتەی کۆی قـەقنەس
نـەبۆ وە نـیشان تـیر مـوژەی کـەس(١)

[٨]

بێ نازەن(٢)

بـێ نـازەن ئـەسباب ئـەسپو سـواریت
بـێ کـەیفەن ئەساس خـاسەی شکـاریت(٣)

یـاوەران جـەمەن، وادەی شکـارەن
ئـای لاڵ بـام سـەدای تـۆ نـا دیـارەن(٤)

پـەنهانەن سـیمای سیمین وارەکـەت
شـێوەی کـۆتـەڵەن یـادگارەکـەت(٥)

---

(١) سفتە: سووتاو. موژە: برژانگ. واتە: ئەی دۆست لە بەر ئەوەکە مەقەسی بێ شەرتیت تیژ کردو دات لە رایەڵەی وەسڵ و تا ئەو سەر بڕیت، شەرت بێ تا ئەم لەشەم کە نەخۆشی دووریی تۆیە، تاوێ مەرگ ئەیفەوتێنێ، وە تا لە شێفی خاکی ئەلحەد سەرا شوومەکەم، بە لێشاوی خوێنی جۆگەی سەرچاوەی چاوم، بە یادی ئەو باڵا بەرزەو زوڵفە شیرینەو کوڵمە ناسکەو دەمە جوانەتەوە، داری سەروو وردە گیای ناسك ئەڕوێت و گوڵ ئەگەشێتەوەو غونچە دەم ئەداتەوە، ئەم دڵە مەینەت گاز لێ گرتوومەکە بۆ تۆ سووتاوەو بووە بە قەقنەس، نەبێ بە نیشانەی تیری برژانگی هیچ نازارێکی‌تر، وە دڵ بە هیچ یارێکی‌تر نەدەم...

[٨]

(٢) مەولەوی ئەم پارچە هەڵبەستەی بە زمانی حاجی مەحموودی یاروەیسەوە وتووە لە لاواندنەوەی «عبدالرّحمن» کوڕیا کە بە گوللەی لە دەس دەرچووی شێخ هیدایەتی کوڕی حاجی شێخ ئەحمەدی تەوێڵە کوژراوە.

(٣) ئەساس: ئەسباب. خاسە: تایبەتی. شکار: راو.

(٤) یاوەران: دۆستان. لاڵ بام: لاڵ بم.

(٥) سیما: روخسار. سیمین‌وار: زیوین رەنگ. کۆتەڵ: لە هەندێ ناوچەی کوردستانا، کە

خەیاڵ باڵات نە ئاینەی چەم
سەبتەن چون یادت نە دڵەی پڕ خەم[(١)]

دڵ گوم بۆ یاگەش مەنزڵگەی چەمەن
چەم گوم بۆ یاگەش دڵەی پڕ خەمەن[(٢)]

دڵ دایم وە ویر ئەو خەیاڵ شادەن
چەم قایم مەشغووڵ نیگای ئەو یادەن[(٣)]

[٩]

بەڵێ خاڵۆکەم[(٤)]

بەڵێ، خاڵۆکەم، قەدیم دەستوورەن:
پەی مەی زەدەی مەی کەباب زەروورەن[(٥)]

☞

پیاو ماقوڵێك ئەمرێ، بە درێژایی ڕۆژانی پرسە جلەکانی ئەکەن لە ماینێك یا ئەیکەنە بەری قەوارەیەکی دارو سواری ماینەکەی ئەکەن، هەروەها تفەنگو فیشەکلۆخەکەیشی ئەکەن بەکەڵپۆزی‌دا، وە ماینەکە ئەگێڕن بە ناو پرسەکەرەکاناو ئەی‌لاوێننەوە. ئەمە پێی ئەڵێن کۆتەڵ. واتە شێوە جوانەکەت کە وەك شوشی زیو سپی بوو، ئێستا ونە، وە تەنها کۆتەڵ بە یادگار ماوە لە شوێنتا.

(١) خەیاڵ: دیمەن. سەبتەن: جێ‌گرە. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێ. (٢) یاگەش: جێگای.

(٣) ویر: بیر. واتە: وێنەی باڵات وا لە ئاوێنەی چاوەکانما، یادیشت وا لە ناو دڵە خەمبارەکەما. جائەگەر دڵم لەبەر پەرێشانی ون بێ، جێگەت لە ناو چاوما ئەبێ، وە ئەگەر چاوم دیار نەبوو جێگات لە ناو دڵما ئەبێ، کەواتە دڵم هەمیشە شادە بە بیر کردنەوە لە وێنەکەت کە لە ناو چاومایە، وە چاوەکانم هەمیشە سەیری یادت ئەکەن کە لە ناو دڵمایە.

[٩]

(٤) مەولەوی ئەم چەند شیعرەی لە وەڵامی یەکێ لە دۆستانیا نووسیوەکە هەندێ کەبابی بۆ ناردووە، داوای هەندێ خوێ‌یشی لێ کردوەکە ئەم بۆی بنێرێ.

(٥) واتە: ڕاستە خاڵۆ گیان یاسایەکی کۆنە بۆ ئەو کەسەی کە سەرخۆشی مەی بێ، کەباب خواردن پێویستە بۆ مەزە.

نـــامەو كـــەبابت وە مـــەعدووم يـــاوا
ئەوش نـە رووی چـەم، ئـێد وە دەم سـاوا[١]

گـــەرد دەرد ئـــێش دەروون بـــەردەوە
عـــەشقەكـــەی قـــەديم تـــازە كـــەردەوە[٢]

ســـێرت جـــە ئـــێشـــای زام نـــەوەردەبێ
ئـــيزهارت پـــەرێ نـــمەك كـــەردەبێ[٣]

جـە مـن نـمەك دای، جـە قـاسد كـێشـان
جە تـۆ زامـەت دای، جـە زامـەت ئـێشـان[٤]

[١٠]

بەتیەی كارخانەی[٥]

بـەتيەی كـارخـانەی ئـۆسـای بـەغدايـی
درووم‌ـــــان وە تـــای نـــەی ئـــاشنايی[٦]

---

(١) ئێد: ئەم. ساوا: ساوی. واتە: نامەو كەبابەكەت گەیشتن، نامەكەم نایە سەر چاوم‌و كەبابەكەشم ساوی بە دەم‌ما.

(٢) واتە: ئەو كەبابە تۆزێ دەردی ئێشی دڵی لابردم‌و عەشقەكۆنەكەی تازەكردمەوە.

(٣) سێر: تێر. پەرێ: بۆ. واتە: تۆ كە بریندارێ تیری عەشقی، بە ئازاردانی نەچیرەكەت تێرت نەخواردبوو، داوای خوێشت كردبوو بیكەی بەسەر برینەكەیا.

(٤) نمەك دای: خوێ دان. زامەت: زەحمەت. ئێشان: ئێش كردن. واتە: وا من خوێكەم بۆ ناردی، ئەوەی لەسەر منە دانی خوێیە، ئەوەش كە لەسەر فروستادەكەتە هەڵگرتن‌و هێنانیەتی، ئەوەش كە لەسەر تۆیە ئەوەتە زەحمەتی نەچیرەكەت بدەی وە خوێ كە بكەی بە سەر زامەكەیا، ئەوەش كە لەسەر زەحمەتەكەیە ئەوەیە ئێش بكا.

[١٠]

(٥) مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لە وەڵامی دۆستێكیا نووسیوە كە عابایەكی هاوینەی بۆ ناردووە.

(٦) بەتیە: عابا. ئۆسا: وەستا. تا: تاڵ. نەی: دەزوو.

سـفیدتەر جـە مـەرگ مـەینەت گـازەکـەم
نـازكتەر جـە نـاز جـای نـیازەکـەم[(١)]

چـون لۆنگ مـەجنوون بـدەوش وەکـۆڵدا
بگـێڵوو وە دەشت پـای سارای چـۆڵدا[(٢)]

جـارجـار بـەو گشت دەرد نـەدامـەتەوە
بـەو قـامەت وشك پـڕ زامـەتەوە[(٣)]

شـنۆی هـەناسان نـە سـەر دیـاران
شـانۆش چـون بـەیداخ نـە سـەر مـەزاران[(٤)]

[١١]

باڵای ئاڵای...

بـاڵای ئـاڵای شـەنگ سـەد بـەڵا پـێوەن
دوو کـانچەی شـادی دەردیـنان شـێوەن[(٥)]

دڵ مـەدۆ وە دەم نـێش ئـێشـەوە
بـی وە قـەزای سـەخت دیـدەی وێشـەوە[(٦)]

---

(١) سفیدتەر: سپی‌تر. جەرگ: جگەر. جای نیاز: جێگای ئیحتیاج، یار.
(٢) لونگ: تاکە جلی سەرشانی فەقیر. بدەوش: بیدەم. بگێڵوو: بگەڕێم. سارا: سەحرا.
(٣) نەدامەت: پەشیمانی. قامەت: باڵا. پرزامەت: مەینەت‌بار.
(٤) شانۆش: بێلەرێنێتەوە. واتە: شنۆی هەناسە ساردەکانم بەسەر بەرزانەوە، بدا لەو عابایەو بە چەشنی بەیداخی سەر قەبران بە شانمەوە بیلەرێنێتەوە.

[١١]

(٥) شەنگ: شۆخ و لاو. دەردینان: عاشقە دەردەدارەکان. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی‌دا دێ.
(٦) مەدۆ: ئەدا. نێش: نووکی تیژ، چز. بی: بوو. وێش: خۆی. واتە: ئەو یارە شۆخ و جوانە

[١٢]

بکیانە پەیکێ(١)

بکـــیانە پـــەیکێ وە پـــاڕانـــەوە
پـەی کـێ؟ پـەی مـەجنوون بیارانـەوە(٢)

مــایەی بــێ مــەیلیت بشــارانــەوە
بــا بــاست نــەشۆ بــە شــارانــەوە(٣)

☞

باڵ وەك بەیداخ بەرزە، هەزار دەردو بەڵای پێوەیە بۆ دڵدارانی، وە دوکانی بەزمو ڕابواردنی ئەوان تێك ئەدا، وە دڵی خەڵك ئەدا بە دەم چزی ئێشی خۆشەویستی خۆیەوە. ئەو یارە لاشەی خۆیشی باری نازی چاوەکانی خۆی پێ هەڵنەگیرا وە گرفتار بوو. دیارە ئەم دو شیعرە بەرامبەر بە جوانێك وتراون کە لە پیریدا پشتی چەمیوەتەوە. هەر لەم مەعنایەدا ئەحمەد بەگی کۆماسی‌یش وتوویەتی:

ئـەو تـووڵ قـامەت قـیامەت خـێزەن وەڵگ شـاخ شـەوق دەردیـنان ڕێزەن
تـاف سـاف نـاز زۆر ئـاوەردەن لێش خەمەن چون قامەت خەمبارەکەی وێش

واتە: ئەو یارە باڵا وەك تووڵ بەرزەکە قیامەت لە دڵدار ڕائەپەڕێنێ، وە گەڵای سەرچڵی شەوقو زەوقی عاشقە دەردەدارەکان دائەوەرێنێ، هێزی نازی خۆی هێرشی بە تاو هێنایە سەر، بۆیە وا باڵای چەمیوەتەوە وەك باڵای عاشقە خەمبارەکەی خۆی.

لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «دڵ» نووسراوە «کوڵ» واتە: کوڵ ئەدا.

[١٢]

(١) مەولەوی بەم دوو شیعرە قسە لەگەڵ شێخ «بهاءالدین»ی ڕحمه‌الله تەوێڵە ئەکا، وە داوای لێ ئەکا بنێرێ بە دوای شێخ «ضیاءالدین»ی ڕحمه‌الله برایا کە تۆزێك دڵگیر بووبوو لەکاکی وە ڕۆیشتبوو بۆ مەریوان.

(٢) بکیانە: بنێرە. پەیك: فروستادە، نامە. بیارانەوە: بیگێڕێنەوە. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی‌دا دێ.

(٣) بشارانەوە: بشارنەوە. نەشۆ: نەڕوا. واتە: شاترێ بنێرە بە زمانی تۆوە بپاڕێتەوە لە شێخی برات کە ئەوەندەی خۆش ئەوێ وەك مەجنوون بۆ لەیلا، بەڵکو بگەڕێتەوەو ناوتان نەزڕێ لە شارانا.

☜

[١٣]

بێچارە وە تای

بـــێچـــارە وە تـــای زوڵفت گـــیر بـــیەن
هـــانە پـــای تـــەڵدا جـــواوش نـــیەن[١]

[١٤]

بڕیا وە باڵای[٢]

بـــڕیـــا وە بـــاڵای کـــاڵای ڕەئـــیسی
«رجـــال الغـــیب»ە ئـــەحمەد پـــریسی[٣]

☞

لە شیعری یەکەمدا بە پێی عیلمی بەدیع هونەری «جناس الترکیب» هەیە لە بەینی «پەیکێ»و «پەی کێ» دا، وە لە بەینی «بشارانەوە»و «بە شارانەوە»دا کە جاران بە بێ «ها»ی «بە» ئەنووسرا. «جناس الترکیب» لە عیلمی بەدیعدا ئەوەیە دوو وشەکە وەك یەك وابن، بەڵام یەکێکیان یەك پارچە بێ‌و ئەویان لە دوو وشە پێکهاتبێ.

[١٣]

(١) تەل: تەلگراف. جواو: جواب، وەڵام. واتە: ئەو عاشقە داماوە بێچارەیە بە تای درێژی زوڵفەکەت گیرۆدە بووە وەك بڵێی لەسەر تەلی تەلگراف وەستابێ‌و وەرامی دەسگیر نەبێ لەو کەسەوەکە ئەیەوێ قسەی لەگەڵ بکا. مەولەوی لەم شیعرەدا تەشبیهی زوڵفی یاری کردووە بە تەل، وە تەشبیهی دڵدارەکەی کردووە بەکەسێك لە تەلگرافخانەدا ماتڵ بوویێ‌و هەرچەند تەلگراف بکا وەرامی دەسگیر نەبێ.

[١٤]

(٢) مەولەوی لەم شیعرەدا باسی ئەحمەد پریسی ئەکاکە یەکێك بووە لە مریدەکانی شێخ عوسمانی تەوێڵە.

(٣) واتە: کاڵای گەورەیی بڕیا بەباڵای ئەحمەد پریسی، وە بووبە یەکێك لە «رجال الغیب» کە بە عورفی ئەهلی تەسەووف تاقمێکن لە ئەولیا کاروباری زەوی‌یان دراوەتە دەس، وە بە هێزێکی مەعنەوی ئەتوانن زۆر بە زوویی بە هەموو لایەکا بگەڕێن بۆ سەر پەرشتی کارو بار. «پریس» دێیەکە لە نزیکی هەڵەبجەوە.

تیپی پێ

[١]

پەشێو وێنەی وێم(١)

پــەشێو وێنـــەی وێم نــیشتەبێم خــەجڵ
دیــم شــادی دەس دا نــە دەروازەی دڵ(٢)

واتــم نــامانی هــەرگیز هــای چــێشــەن
لەب بــەردەوە چــێش نــامەیێ پــێشــەن(٣)

نــە تــاریکی خــەت مــەعناش مــەجۆشا
چون ئــاو حــەیات دڵ خــاس‌خاس نۆشا(٤)

ئــاخ، قــووەی زەمــین دەروونــم کــەم بی
بــووڵەکــەی سفتەم ســەرەڕای خــەم بی(٥)

وەرنــە ئــەو شــەونم جــە ســەردا مــەوەشت
مــەشیا کــەردایێش وە رەوزەی بــەهەشت(٦)

---

[١]

(١) مەولەوی ئەم غەزەلەی لە وەڵامی ئەحمەد بەگی کۆماسی‌یا وتووە، گوایا ئەحمەد بەگ بۆی نووسیوە: یار ئێستە وەکو لەمەوبەر نیە، گەلێ شوخ‌و شەنگ‌ترە لە جاران.

(٢) واتە: بە عادەتی خۆم بە شەرمەزاری‌و پەشێوی دانیشتبووم، ناکاو سەیرم کرد خۆشی‌و شادی دەسێکی نا بە دەروازەی دڵمەوەو هاتە ژوورەوە.

(٣) نامای: نەهاتووی. لەب بەردەوە: لێوی بردەوە بە ناوا، زەردەخەنەیەکی کرد. پێشەن: پێ‌یەتی. واتە: بە شادیم وت هەرگیز نەهاتووی بۆ لام، ئێستە چۆن بوو وا هاتی، ئەویش زەردەخەنەیەك گرتی، تمەز نامەیەکی پێ‌یە.

(٤) واتە: وەك چۆن ئاوی حەیات لە تاریکی‌یایە، مەعنای جوانی نامەکەش لە خەتە رەشەکەیا ئەدرەوشێتەوە، لەبەر ئەوە دڵی منیش زۆر باش تێی‌گەیشت‌و وەك ئاوی حەیات نۆشی کرد.

(٥) بووڵ: خۆڵەمێش. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی‌دا دێ.

(٦) مەوەشت: ئەباری. مەشیا: ئەبوو. واتە: داخی گرانم زەویی دەروونم هێزی کەم بوو،

فـــەرمابێت ئـــیسا جـــەمین جـام جـــەم
پـــاسەیچە نـــیەن تـــۆ دینـت وە چـــەم[١]

نـــرخ کـــاڵاکـــەش ئـــاڵاتـــەر بـــیەن
ســـەد گـــیان وە پـــووڵێ بـــاڵاتـــەر نـــیەن[٢]

ئـاریێ تـا پـەی ئـەو مـن رۆمـەن چـون شـەو
شەوقەن پەی خەندەی سوبح جەبهەی ئـەو[٣]

☞

چونکە لەشم سووتابوو وە بووبوو بە خۆڵەمێش، وە بێجگـە لەوەش گـوزەرگای خـەم‌و مەینەت بوو. دیارە خۆڵەمێش گیا ناروێنـێ نـەخوازەڵا ئـەگـەر مـەیدانـی هـات‌و چـۆی رێبواریش بێ. ئەگینا شەونمی ئەو ئاوی حەیاتەکە لەو نامەوە ئەهات وە لە سەرەوە ئەباری بە سەر دەروونما، ئەبوایە دڵمی بکردایە بە باخچەی بەهەشت. نیوەی شیعری دوهەمی شیعری یەکەم لە هەندێ نوسخەدا بەم جۆرە نوسراوە:

بوولگەی سفتەی سەوادایی خەم بێ

واتە: زەوی دەروونم جێگای رشتنی خـۆڵەمـێشی لاشـەی ئـەوانـە بـوو کـە سـووتاوی سەودای خەم‌و مەینەتن، دیارە خۆڵەمێشیش هیچی لەسەر سەوز نابێ.

(١) جەمین: جەبین، ناوچاو. جام جەم: ئاوێنەکەی جەمشید. ئەڵێن جەمشید کە یەکێکە لە پادشا کۆنەکانی ئێران، ئاوێنەیەکی بووە بە شوێـنێکـی بـەرزەوە هـەڵی‌واسیوە جم‌و جووڵی لەشکری دوژمنی لە دوورەوە تیا دیوە. پاسەیچە: وەهایش. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی‌دا دێ.

(٢) ئاڵاتەر: ئەعلاتر، گرانتر. واتە: فەرمووبووت ئەو یارەکـە روخسـاری وەکـوو جـامی جەمشید وایە، وەکوو ئەو دەمە نەماوەکە تۆ دیوتە، بەڵکو گەلێ لەوسا جوانترە، وەنرخی پارچەی باڵای لە بازاری دڵدارانا بەرزتر بووەتەوە بـە جـۆرێ کـە سـەد گـیان لە بـازاریـا پوولێك نایەنێت.

(٣) ئاریێ: بەڵێ. خەندە: پێکەنین. جەبهە: ناوچاو. واتە: بەڵێ، راست ئەکـەی تـا مـن لە عەشقی یارا رۆژم وەك شەو وابێ، بەیانیی رۆژی روخساری ئەو جوانتر هەڵدێ، چونکە رەوشتی یار وایە تا دڵی دڵدارەکەی خەفەتبارترو تاریكتر بێ، ئەم زیاتر بە عیشوەو نازەوە خۆی ئەنوێنێ، وەك چۆن تا شەو تاریكتر بێ بەرە بەیان باشتر دیاری ئەدا.

تــا وە ئــەڕەی دەرد دڵەی مــن شـانەن
زەریــف‌تەر تــوڕڕەی ئــەو دانــە دانــەن(١)

تــام دووی ســفتەی جــەستەم فــێشتەرەن
جــەلای ئــاوێنــەی ئــەو زیــادتەرەن(٢)

تــا ســفتەی قــامەت مــن وســمە وەشــەن
ئــەبرۆی ئــەو وە رووی دڵ کــەمان کــەشەن(٣)

های چــێشت واتــەن، وە رەحــمەت شـاد بــی
مــەر زووتــەر کــەم بــی، ئــیسە زیــاد بــی؟(٤)

---

(١) ئەڕە: مشار. توڕڕە: زوڵف. واتە: تا من دڵم بە مشاری دەردی ئەو بکرێ بە شانە، زوڵفی ئەو باشتر دانەدانە رائەوەستێ، چونکە هەمیشە مەعشووق بە شانەی دڵی عاشق زوڵفی خۆی دائەهێنێ.

(٢) دوو: دوکەڵ. واتە: تا من دوکەڵی لەشی سووتاوم زۆرتر بێ، وە لەشەم ببێ بە خۆڵەمێش، رووناکی بۆ ئاوێنەی روخساری ئەو زۆرتر ئەبێ، چونکە ئاوێنەکە خۆڵەمێشی لێ بدەی پاك ئەبێتەوە.

(٣) وسمە: ئاردێکی سەوزی تۆخە، ئافرەتان ئەیگرنەوەو ئەیگرنە سەریان تا قژیان رەش ببێ. وەش: رەنگ. واتە: تاخۆڵەمێشی لەشی سووتاوی من رەنگی وەك وسمە وابێ، ئەو ئەو وسمەیە زۆرتر دێنێ بە برۆکانیا، وە برۆکانی ئەو لە بەرامبەری دڵی عاشقەکانیەوە زۆرتر وەك کەوان ئەکێشنەوەو تیر ئەگرنە دڵی عاشقان. لە هەندێ نوسخەدا نیوەی دووهەمی ئەم شیعرە بەم جۆرە نووسراوە:
ئەبرۆی ئەو خاستەر نەکەمان کەشەن
واتە: ئەبرۆی ئەو چاکتر وەك کەوان ئەکشێ، چونکە بە خوڵەمێشی لەشی سووتاوی من رێك خراوە.

(٤)های: وشەیەکە بۆ وریا کردنەوە. مەر: مەگەر. مەولەوی لێرەدا ئاوڕ ئەداتەوە بۆلای خاڵۆی کۆماسیداو پێی ئەڵێ: بەر رەحمەتی خواکەوی ئەمە ئەڵێی چی؟، بۆچی پێشان یار کەمتر لە ئێستا جوان بووەو ئێستا جوانی‌یەکەی زیادی کردووە؟ حاشا یاری من لە حاڵی خۆی ناگۆڕێو نەگۆڕاوە، وە چۆن بووە هەر وایە، بەڵام ئێمە باش لە حاڵی ناگەین...

ئــەر جــە زام دڵ مــن نــیگات مــەکــەرد
مەزانات ئـەو زات ئـەو وەسـف بـێ گـەرد(١)

ئەو راز، ئەو ناز، ئـەو قـەوس، ئـەو خـەدەنگ
بـیەن، هــەن، مـەبۆ، مـەگـێڵان جـە ڕەنگ(٢)

حـــاڵش دەســـتە مـــل وە ئـیستیقباڵەن
ئـیستیقباڵ چـەنی مـازیش یـەك حـاڵەن(٣)

بـــارێ، دڵ وە خشت وێرانـــی ئـــاوان
حـــەقت وە دەســـەن نـەداری تـاوان(٤)

دڵ تـــفڵو ئـــازیز هـــەر رۆ نـە شـانێ
هــەر لادێ تـەرزێ، هـەر سـات نیشانێ(٥)

---

(١) مەزانات: ئەتزانی. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێت.
(٢) راز: قسە. قەوس: کەوان، مەبەس برۆی یارە. خەدەنگ: تیر، مـەبەس بـرژانگـیەتی. مەگێلا: ناگۆڕێ.
(٣) حاڵ: ئێستا. ئستیقباڵ: لەمەو پاش. مازی: رابردوو. واتە: ئەگەر لایەکت ئـەکـردەوە بەلای زامی دڵی منا، بۆت دەرئەکەوت کە یار نە خۆی وە نە سروشتە بێ گەردەکانی، نە گفتی شیرینی، نە نازو غەمزەی، نە تیرو کەوانی برۆی، هـیچ نـەگـۆڕاوە، بـووەو مـاوەو هەروەهایش ئەمێنێ. ئێستا دەستی کردووەتە ملی لەمـەوپاشی، لەمـەوپاشیشی لەگـەڵ رابووردوودا یەك شتە.
(٤) بارێ: بەهەرحاڵ. ئاوان: ئاوەدان. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی‌دا دێ.
(٥) هەر رۆ: هەر رۆژێ. شان: شەئن، کار. لادێ: کاتێ. تیپی «دال» لەم وشەدا وەك دالی «ئەحمەد» ئەخوێنرێتەوە لە شێوەی سلێمانی‌دا. مەولەوی لێرەدا عوزر دێنێتەوە بۆ خاڵۆی کۆماسی‌و پێی ئەڵێ: بە هەر حاڵ تۆ کە وا لە یار حاڵی بووی، حەقت بە دەستە، چونکە خانووی دڵی ئێمە لە خشتی وێرانی دروست کراوە، لەبەر ئەوە خەتات ئەگەر وا تێ بگەی، دڵی ئێمەیش منالو تێ نەگەیشتووە، ئازیزیش هەر رۆژێ خەریکی ئیشێکە، وە هەر تاوێ بە جۆرێك خۆی نیشان ئەداو نیشانەیەکی تایبەتی هەیە، وەك لە شیعرەکانی پاشەوەدا باسی ئەکا. دیارە مەبەستی مەولەوی‌و خاڵۆی کۆماسی لە خۆشەویستیەکەیان، خـوای گەورەیە، بۆیەش وا مەولەوی ئیشارە بە ئایەتی ﴿كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ﴾ ئەکا.

گـــا چـــون ســتارەی تــاریکەی ســەحەر
گـــا قـــەمەر، گـــا خـــۆر مـــەیۆ وە نـــەزەر(١)

گـــا وە بـــێســـتوون هـــەستی بـیناوە
حوسنیش وە گوڵ‌گـوون وەش ئیستیغناوە(٢)

دەست شــــیرینش مـــاوەرۆ وەیـــاد
فـــەرهادی نـــە تـــاق فـەرقەكـەی فـەرهاد(٣)

---

(١) ستارە: ئەستێرە. سەحەر: بەربەیان. قەمەر: مانگ. واتە: یار، جارێك وەك ئەستێرەی تاریكەی بەرەبەیان ئەگەشێتەوە، جارێكی‌تر وەكو مانگ ئەدرەوشێتەوە، جارێكی‌تریش وەكو رۆژ رووناكی ئەداتەوە. مەولەوی لێرەدا ئیشارەت بە مەسەلەكەی حەزرەتی ئیبراهیم ئەكا كە بیری لە دروست‌كەری گیتی ئەكردەوە، یەكەم‌جار كە ئـەستێرەی پـرشنگداری شەوی تاریكی دی بە خوای دانا، ئەنجا كە مانگی دی لەو جاونتر بوو پەشیمان بووەوەو ئەمی كرد بە خوا، كە پاش مانگیش رۆژی دی دەسی لە مانگ هەڵگرت‌و ئەمی بە خوای خۆی دانا، تا لە ئەنجاما خوای دۆزی‌یەوە، وەك لە قورئانا باسی كراوە.
(٢) بێستوون: شاخێكە ئەكـەوێتـە رۆژاوای كـرماشانەوە. هـەستی: بـوون. گـوڵ‌گـوون: گوڵ‌ڕەنگ. وەش: خۆش. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی‌دا دێ.
(٣) ماوەرۆ: دێنێتەوە. فەرق: كەللە سەر. فەرهاد: كوڕی پیاوێكی كوردی لوڕ بووە لەگەڵ شیرین حەزیان لە یەك كردووە، وە لە پێناوی خۆشەویستی‌دا تاقە بەناوبانگەكەی شاخی بێستوونی هەڵكەندووە، چونكە خەسرەو پەرویزی شـای ئێران كـە ئـەویش حـەزی لە شیرین كردبوو وە بردبووی بۆ خۆی گفتی دابوویە ئەگەر ئەو تـاقە هـەڵكـەنێ شـیرینی ئەداتەوە. كە فەرهاد ئەكەوێتە لێ‌بوونەوە لە ئیشەكەی وە خەبەرەكە ئەگاتە خەسرەو، ئەم ئەكەوێتە پەلەپرووزەكە چی بكا بۆ ئەوەی فەرهاد شیرین نەبا بە پێی گفتەكـەی خـۆی. لێرەدا «پیرە ژنی فەرهادكوژ» ئەكەوێتە كار، وە بۆ بەكوشت دانی فەرهاد پیلانێك ئەنێتەوە، فەرمان ئەداكە سێ رۆژ نەیەڵن كار وە بەرخ بەرژێنە لای دایكیان تا ئەو ئەگاتە لای فەرهاد. كە ئەچێتە لای فەرهاد لەو كاتەدا كارو بەرخ بەرەڵڵا ئەكەن، وە ئەبێ بە هەرا، فەرهاد لە پیرەژن ئەپرسێ چی رووی داوە، ئەمیش وەرامی ئەداتەوەكە خۆت خۆش بـی شـیرین مردووە، فەرهادیش لە داخا قوڵونگەكەی خۆی هەڵئەدا بە ئاسمانا وە ئەداتەوە بە تەوقی سـەریاو ئـەی‌كوژێ. وەك مـەشهووره پـاشانیش شـیرین بـۆ خـەسرەو نـەبوو، چـونكە شیرویەی كوڕی خەسرەویش دڵی لە شیرین ئەچێ‌و باوكی خۆی ئەكوژێ، شـیرینیش

گـا چـەرخ دیـدەی سـەد لەیـلا فـرۆش
کـوورەی نـار نـاز مـاوەرۆ وە جـۆش[١]

نـابۆی حـەرارەت مـەوج دەریـای دەرد
مەجنوون وێنەی تـەم بـەرۆ هـەردەو هـەرد[٢]

خـاڵۆ پـەی جـەلال ئـەر کـار سازیشەن
وادەی تـەجەللای تـیر ئـەندازیشـەن[٣]

☞

دێتە سەر گۆڕەکەی فەرهاد، وە لە پێناوی خۆشەویستی دا لەسەر گۆڕەکەی ئەو خۆی ئەکوژێ. واتە: ئەو ئازیزە بە شەوکەتە جار جارێکیش لەسەر لووتکەی بێستوونی بینای گیتی یەوە؛ بە جیلوەی هەزار رەنگەی جوانی و بە بێ موبالاتی و بێ باکی یەکەوە، بە دەسکارە شیرین و سەیرەکانی رەنجی بێ مایەی فەرهادمان دێنێتەوە یاد لە مەسەلەی هەڵکەندنی تاقەکەدا کە لە ئەنجاما قولنگەکەی دا بە سەری خۆیا و خۆی کوشت. مەبەس ئەوەیە هەر ئیشێ کە ئێمە بمانەوێ بیکەین ئەو بە بێ باکی تێکی ئەدا، وە خۆی چی ئارەزوو بێ ئەوە ئەکات. مەولەوی لەم دوو شیعرەدا جگە لە وردیی مەعنا، بەلاغەتی خۆی دەرئەخا لە کۆکردنەوەی وشەی بیستوون و شیرین و شیرین و تاق و فەرهادا...

(١) چەرخ: هەڵسووڕان. ماوەرۆ: دێنێتە. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی دا دێ.

(٢) بەرۆ: ببا. واتە: جار جاریش بە هەڵسووڕاندنێکی چاوی خۆشەویستی و، بە جیلوەیەکی ئولفەت لەو چاوانەوەکە سەد خۆشەویستی وەك لەیلا ئەکا بە کەنیزەك و ئەیان فرۆشێ، کورەی ئاگری نازی خۆی دێنێتە جۆش و عالەم بە جۆرێك گەرم ئەکا کە هەر بە شنۆی گەرمای شەپۆلی دەلیای دەردی عەشق، مەجنوون وێڵی هەردەو هەرد ئەکا وەك تەمی دەلیا کە بچێ بە ئاسمانا. مەبەس ئەوەیە سەوداو عەشقی مەجنوون و دڵدارانی تر کە وەك تەم و مژی دەلیا داوێنە تەکێوان، نیشانەیەکە لە جیلوەی خۆشەویستی یار کە دولبەرەکان ئەداتە بەر.

لێرەدا ئەبێ سەیری ناسکیی وتەی مەولەوی بکەین کە ئیشارەتی کردووە بۆ کار کردنی گەرما لە دەلیادا کە هەڵمی لێ پەیدا ئەکاو ئەو هەڵمە بەرز ئەبێتەوەو ئەبێ بە هەور بە سەر شاخانەوە...

(٣) جەلال: لە عورفی ئەهلی تەسووف دا عاجز بوون و رق گرتنە. تەجەللا: دەرکەوتن. تیر ئەندازی: تیر تەقاندن. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

«بسم الله» ئەو تیر پەڕ تێدا بەستەش
ئید نیشانەی تەن سەد جار شکستەش[١]

چون ڕەنگ کەرۆ زام تازە زامانم
ئاو مزۆ ئەو دەم کۆنە زامانم[٢]

زام تەن وە تیر بەلاش زیاتەر
ڕای ئاموشۆی دڵ وە لاش زیاتەر[٣]

[٢]

پای شادیم[٤]

پای شادیم دیسان ماران گەستەوە
نە پیاڵەی چەم ژار تۆ بەستەوە[٥]

---

(١) پەڕ تێدا بەستە: جۆرە تیرێکە نووکەکەی لق و پۆپی پێوەیە بۆ ئەوەی لەش زۆر بریندار بکا. ئید: ئەم.

(٢) ئاو مزۆ: ئاو ئەزێنێتەوە. واتە: خاڵۆ گیان ئەو دولبەرە نازارە ئەگەر خۆی بۆ عاجز کردن ئامادەکردووەو وادەی تیر تەقاندنیەتی لە دڵدارەکانی، با بفەرموێ ئەوە تیری لق و پۆپ دار، ئەمەش نیشانەی تیرەکانی کە لەشی سەدجار پێکراوو تێك شکێنراوی ئێمەیە، چونکەکە زامی تازەی لێ کردمو بە خوێنی سوور زامە تازەکانی لەشمی ڕەنگ کرد، زامەکۆنەکانیشم ئاویان تێ ئەزێتەوەو برینەکانیان تازە ئەبێتەوە.

(٣) واتە: من بەم کارەساتە دڵشادم، چونکە تا زامی لەشم بە تیری بەڵای ئەو زۆرتر بێ، زۆرتر کون ئەبێتە لەشم، وە ڕێگە زۆرتر ئەبێ بۆ دڵ کە لە لەش بێتە دەرەوە بڕوا بۆ لای ئەو دولبەرە خۆشەویستە.

[٢]

(٤) مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لە لاواندنەوەی خوا لێ خۆش بوو شێخ «عبدالصمد»ی خەڵکی «خانەگا»ی لای «پاوە»دا وتووەکە ڕۆیشتووە بۆ کرماشان تەدارەکی ژن هێنان بکڕێ، لە ڕێگادا مار ئەدا بە پێیەوەو ئەمرێ.

(٥) واتە: دیسانەوە پێی شادیم مار گەستی، وە ژاری ئەو مارە لەکاسەی چاوما تۆیی بەست، چونکە یەکێك مار پێیەوە بدا ژارەکەی کار ئەکاتە چاوی و ڕەنگی ئەگۆڕێ.

سـەنەم پـەرەست نـیم سـەمەد نـاسەنان
دووی کــوورەی دەروون شـیوەن راسـەنان(۱)

سـاقی، مـەی هـەی داد، مـوغەننی، چـەنگێ
نەیچی، های فەریاد، مـوتریب، ئـاهەنگێ(۲)

گــەرمی مــەی، نــەواو کــزەی دەفـو نــەی
تـێکـەڵ بـۆ چــەنی زایـەڵەی وەی وەی(۳)

واچـــدێ چ وادەی نشـــینگەی تــەنگەن
یـــاران چـــەمەڕا بـــرا دارەنگـــەن(۴)

گـــردین تـــەدارك بـەغداشــان چــەمەن
وادەی زیـــارەت «غـــوث الاعـظم»ەن(۵)

---

(۱) سەنەم: بت. سەمەد: خوا. واتە: من کەوا بۆ مەرگی شێخ «عبدالصمد» پەرێشانو دڵ گرانم، بت پەرست نیم بۆ شێوەی ئەو نارەحەت بم، بەڵکو خواناسمو ئەزانم مەرگی شێخ «عبدالصمد» زیانی گەیاندووە بە سوودی گشتی، بۆیە وا خەفەتبارمو دووکەڵی کوورەی دەروونمو شیوەنی بە سۆزم راستەو لە خۆڕایی نیە. مەولەوی لە هێنانەوەی وشەی «سەنەم»و «سەمەد»دا بە عیلمی بەدیع هونەری «جناسی ناقص»ی بەکار هێناوە، وە لە هێنانی وشەی «سەمەد»دا هونەری «توریە»ی کردووەکە ئەوەتە وشەیەك دوو مەعنای بێ یەکێکی نزیكو یەکێکی دوور. لێرەدا مەعنای نزیکی «سەمەد» زاتی خوایە، مەعنا دوورەکەشی «عبدالصمد»ی خوا لێ خۆش بووە.

(۲) لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «نەی چی» نووسراوە «دەرویش». مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایییەوە.

(۳) نەوا: ئاوازە. کزە: سووتانەوە. واتە: ساقی تۆ مەی بێنە، گۆرانی بێژ تۆش بدە لە چەنگەکەت، شمشاڵژەن تۆش با هاوار لە شمشاڵەکەتەوە هەڵسێ، موترب تۆش ئاهەنگێك ساز کە، تا گەرمیی مەیو کزەی دەف تێکەڵی یەك بین لەگەڵ هاوارو گریانو وەی وەی کردنا. مەولەوی لێرەدا هونەری «لفو نشری مشوّش»ی بەکار هێناوە چونکە "نەوا" هی نەیەو "کزە" هی دەفە.

(۴) واچدێ: بڵێن. نشینگە: جێی دانیشتن. چەمەڕا: چاوەڕێ. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

(۵) گردین: گشتیان. «غوث الاعظم»: شێخ «عبدالقادر»ی گەیلانی.

بـێ تـۆ بـەوخشووع دەس وە دۆعـاوە
کـێ گـەردەن کـەچ بـۆ نـەو بـارەگـاوە؟(١)

دەخـیل جـەماعەت بـێ ئـیمامەتەن
ئـیمامەت مـاتەم وە بـێ قـامەتەن(٢)

گـۆشـەی تـای هـیندی مـەندیل بێ گـەرد
مـایل کـەر ئـەو لای سـای گـەردەن زەرد(٣)

قـیام دەر وە بـەژن ئـەو قـەدو قـامەت
قـیامەت قـام دەر پـەرێ «قـد قـامت»(٤)

---

(١) واتە: بانگ کەنە شێخ «عبدالصمد» پێی بڵێن کەی ئێستا وادەی ئەوەیە تۆ گۆڕی تەنگ بکەی بە نشینگەی خۆت، هاورێکانت هەموو کۆبوونەتەوە بچن بۆ بەغدا بۆ زیارەتی غەوس، چاوەڕێی تۆن، ئەگەر تۆ نەبی لە حوزووری غەوسا بە ئەدەبەوە لە خوا بپاڕێتەوەو دوعای خێر بکەی، کێی‌تر هەیە لەو بارەگایەدا مل کەچ بکات.

(٢) ماتەم: خەفەت. قامەت: «قد قامت الصلوة»... تاد، بەشێکە لە دوعایەکی تایبەتی، بەر لە نوێژی جەماعەت یەکێك لە پشتی ئیمامەوە ئەی‌خوێنێ. لەکۆکردنەوەی «جەماعەت»و «ئیمامەت»و «قامەت»دا بە پێی عیلمی بەدیع هونەری «طباق» هەیەکە بریتی‌یە لەکۆکردنەوەی چەند وشەیەك کە پەیوەند لە نێوانی مەعناکانیانا هەبێ. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٣) تا: تاڵ. هیندی: جۆرەکەتانێك بووەکردوویانە بە مێزەرە. مایل: لار.

(٤) قیام دەر: راپەڕێنە. قیامەت قام دەر: رۆژی حەشر بەرپا کە. پەرێ: بۆ. واتە: بە شێخ «عبدالصمد» بڵێن دەخیلە جەماعەت ئیمامیان نیە چونکە ئیمامەت خەفەتبارە بە هۆی نەبوونی قامەتەوە لەبەر مەرگی قامەت‌کەر ـوەك شێخ «عبدالصمد» بێ ـکەواتە راست بەرەوە لە جێی خۆتاو لای مێزەرەکەت بنێرەوە سەرت‌و بە عادەتی خۆت لاری کەرەوە با ریشووەکانی بە لای گەردنتا بێنە خوارەوە، وە حەشرێ بەرپاکە بۆ «قد قامت الصلوة» کردن. لە بەینی «قدو قامەت»و «قد قامت»دا بە پێی عیلمی بەدیع «جناسی ناقص» هەیە.
لە هەندێ نوسخەدا نیوەی دووهەمی ئەم شیعرە بەم جۆرە نووسراوە:
قامەت سازدەر چەنی «قد قامت».
واتە: لەگەڵ «قد قامت الصلوة» کردنتا قیامەت بەرپاکە.

هــام دەردان پــەی بـەزم شـادی جـەم بـیەن
چ خــەیرەن ســەدای کــار خــەیر نــیەن[(١)]

مــەیلت چــەنیمان یــەکـجاری ســەردەن
یـا دووربـا زامـان مـار کـار لێت کـەردەن؟[(٢)]

ڕۆ پــەرێ ئــەو مــەیل ڕای خـودایـیت، ڕۆ
ڕۆ پــەی وەفــاو شـەرت ئــاشنایـیت، ڕۆ[(٣)]

ڕۆ پـەی ئـێش سـەخت مـارگەستەی کـاریت
ڕۆ پــەی دەرد ســەر کــەس نـادیاریت![(٤)]

ئــەی تــۆ کــام نــەدیت جە عـەرووس نـۆ
تــا عــەرووس خــاك پـەشتان بـی وە تـۆ[(٥)]

جــەی خــار دەنـدان ژار ئـاوردەی مــار
خــاتر نــازك وێت مــەدەر ئــازار[(٦)]

تــۆ نــەوگــوڵ بــاغ «مـصطفوی» بــی
گــەنج خــەزانــەی «مـرتضوی» بـی[(٧)]

---

(١) واتە: هاو دەردەکانت بۆ شایی و زەماوەندی تۆ کۆبوونەتەوە، تۆچ خێرتە وا دەنگی کاری خێرت نیە.

(٢) مان: بەرامبەری مردن. دووربا: دووربێ، خوانەکردە. واتە: ئاخۆ مەیلت لەگەڵ مان یەگجاری سارد بووەتەوە، یان خوانەکردە زامی مار کاری لێ کردوویت.

(٣) پەرێ، پەی: بۆ. واتە: داخی بە جەرگم لە بەر ئەو ئارەزوو کردنەت لە ڕێگای خوا، وە لە بەر ئەو وەفاو بێ مەرجی نەکردنەت.

(٤) واتە: شین و ڕۆ ڕۆ بۆ ئەو ئازارە سەختەکاریگەرەت کە بە هۆی گەستنی مارەوە تووشت بووە، وە بۆ ئەو دەردو مەینەتەت کەکەس هۆیەکەی تێ ناگا.

(٥) کام: مەرام. عەرووس: بووك. پەشتان: هاو پشت. واتە: ئەی کەسێ کە هێشتا نەگەیشتبووی بە مەرامی خۆت لە بووکی نوێت، بووکی گۆڕ بوو بە هاو پشتت.

(٦) جەی: لەم. خار: دڕك. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٧) «مصطفوی»: نیسبەتە بۆ «مصطفیٰ» کە مەبەس لێی پێغەمبەرە درووودی خوای لێ بێ. «مرتضوی»: نیسبەتە بۆ «مرتضیٰ» کە مەبەس لێی حەزرەتی عەلی یە.

گـــوڵ عـــادەتشەن بـــێ خـــار نـــمەبۆ
گـــەنج رەویـــەشەن بـــێ مـــار نـــمەبۆ(١)

غـــەریبیت زیـــاد نـــە شـــەهادەت بـــی
شـــەهادەت هـــەم دەم وە ســـەیادەت بـــی(٢)

ئـــەی رەســـوول ئـــارۆ شـــەوقش پـــەرواز دا
وە نـــازو ئـــیعزاز کـــار تـــۆ ســـاز دا(٣)

رجـــام هـــەن فـــەردا نـــەو گـــەردەلوولدا
بـــویەری نـــە ژێر ســـای ئـەو رەســـوولدا(٤)

---

(١) رەویە: عادەت. مەولەوی لەم سێ شیعرەدا دەس ئەکا بە دڵخۆشی دانەوەو لاواندنەوەی شێخی کۆچ کردوو، وە پێی ئەڵێ بە هۆی دڕکی ددانی پڕ لە ژاری نارەوە دڵی خۆت ئازار مەدە، چونکە تۆ تازە گوڵی باخچەی پێغەمبەر بووی، وە گەنجی خەزێنەی حەزرەتی عەلی بووی، گوڵیش عادەتی بێ دڕك نابێ، وە گەنجیش بێ مار نابێ. پەیوەندی مارو گەنج لەوەوەیەکە لەکونا لە هەر لایەك گەنجێکیان دانابێ، پەیکەری مارێکیان لە سەر داناوە بۆ سام دەربڕین. لە ئەفسانەی کۆنیشا هەیە لە هەر لایەکا گەنج شارابێتەوە مار ئەچێ پەپکەی لە سەر ئەدا وەك چۆن رزق ئەچێتە سەر پارە.

مەولەوی جارێکیان ئەم پارچە هەڵبەستە ئەخوێنێتەوە بۆ ئەحمەد پریسی ئاشنای، ئەویش دەس بەجێ ئەم تاقە شیعرە ئەڵێ:

نە، نە، ئەو مارە هەر ماری غار بێ		پەی پا بۆس پاش هەر ئینتزار بێ

واتە: نەخێر وا نیەکە تۆ وتووتە، ئەو مارە ماری سەر گەنج نەبوو، مارەکەی ئەشکەوتی «ثور» بووەکە هاتبوو بۆ زیارەتی پێغەمبەر، دروودی خوای لەسەر بێ، وە دای بە قاچی حەزرەتی ئەبوبەکرەوە، لێرەشا هاتبوو بۆ زیارەتی شێخ «عبدالصمد»و قاچی ماچ کرد. بەڕاستی ئەحمەد پریسی خەیاڵێکی وردی بەکار هێناوە.

(٢) شەهادەت: شەهید بوون. سەیادەت: سەیدیەتی، نەوەیی پێغەمبەر. واتە: سەرەڕای ئەوەش غەریبیەکەت لەکاتی مردنتا پایەی شەهیدیت بەرزتر ئەکاتەوە، شەهیدیەکەت سەرەڕای سەیدیەتیە.

(٣) شەوقش پەروازدا: شەوق خستیە فڕین. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی دا دێ.

(٤) فەردا: سبەینێ. بویەر: تێپەڕی. رەسوول: مەبەس لێی «شێخ رەسوول»ی باپیرە

[٣]

پزیسکەی چەخماخ(١)

پــزیسکەی چــەخماخ کــافی کــارمەن
چ وەختو وادەی ئـــەی گـــوفتارمەن(٢)

دڵەی کـــۆس کـەفتەم هـەم تـەم کـەردەوە
پـــەردەی سـەبووریش تـەمام دڕدەوە(٣)

نـــاڵاو گـــرەواو خـــولیاوەو خـــول وەرد
جـەو بـوولْ دەردا وێش سامان سا کـەرد(٤)

ئـــیسە بـــوولْ دەرد کـــەرۆ وە ســەردا
دەك سـلامـەت بـی چـیت ئـی خـەبەر دا(٥)

☞

گەورەی «سید طاهری هاشمی»یەکە تەدارەکی بە خاك سپاردنی «شێخ عبدالصمد»ی کردوەکە لە نزیکی دەوڵەتئاوا مار پێوەی داوە وە مردووە. واتە: مادەم ئەم فرستادەیە ئەمڕۆ شەوق خستیە سەر باڵی فڕینو هات بە نازو شکۆوەکاری تۆی ساز کردو وە لە ئەسپەردەکردنی تۆ حازر بوو وە خستیتیە رێ بۆ سەفەری ئەو دنیا، تکام وایە لە گەردە لوولی رۆژی مەحشەریشا ئەو فروستادەکەی‌تر کە حەزرەتی پیغەمبەرە بە فریات بگاو لە ژێر سێبەری ئەودا تێ‌پەڕی.

[٣]

(١) مەولەوی ئەم قسیدە درێژەی کە وەك چەند پارچە هەڵبەست وایە، بە زوبانی حاجی مەحوودی یاروەیسەوە وتووە لە لاواندنەوەی کوڕێکی مردوویا.

(٢) کافیی کارمەن: بەسمە. چ: کەی. واتە: ئێشی پرشنگی چەخماخەی تفەنگەکەکە «عبدالرّحمان»ی کوڕمی کوشت بەسە بۆ ئێشی دڵم کە خۆمی پێوە خەریك بکەم، ئیتر کەی وەختی ئەوەیە قسە بکەمو بی‌لاوێنمەوە. وە چی ئەتوانم بڵێم؟.

(٣) دڕدەوە: دڕی‌یەوە. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوە پێکەوە دێ.

(٤) گرەوا: گریا. خول وەرد: خولی خوارد. بووڵ: خۆڵەمێش. دەردا: دەرەوەدا. سامان‌سا: وێران.

(٥) کەرۆ: ئەکا. چیت: بۆ چیت. ئی: ئەم. واتە: دڵەکۆس کەوتووەکەم دووبارە تەم

☜

دڵە پۆشابێ پەردەی سەبووری
سازابێ چەنی دەردەکەی دووری[١]

پەردەی سەبووریم دڕیا، ڕۆڵە ڕۆ
ریشەی جەرگەکەم بڕیا، ڕۆڵە ڕۆ

وە ناکاە هیجرەت کەردەم، ڕۆڵە ڕۆ
داخان گشت وە خاك بەردەم، ڕۆڵە ڕۆ[٢]

خانو مان خامۆش بێ‌تۆ، ڕۆڵە ڕۆ
ئەتفالان مەدهۆش بێ‌تۆ، ڕۆڵە ڕۆ[٣]

تەڵمیت سیا پۆش بێ‌تۆ، ڕۆڵە ڕۆ
خاتوونان بێ‌هۆش بێ‌تۆ، ڕۆڵە ڕۆ[٤]

کام وەسفت خەیاڵ، کام شێوەت یاد کەم
پەی کام خەسڵەتت دادو فەریاد کەم!

پەی عەقیدەو دین موسڵمانیت، داد
پەی شێوی شیرین نەوجوانیت، داد

☞

دای‌گرتەوەو پەردەی خۆ ڕاگرتنی دادڕیو ناڵاندی‌و گریاو سووڕایەوەو گێژی خوارد، وە لە ناو خۆڵەمێشی بەر ماڵاندا خۆی تلاند، ئێستەش خۆڵەمێشی دەردو مەینەت ئەکا بەسەر خۆیا، بێ بەڵابی، بۆچی ئەم خەبەرە ناخۆشەت پێ‌دا تا وا لە خۆی بکا. وادیارە حاجی مەحموود پاش کوژرانی «عبدالرّحمان»ی کوڕی، کوڕێکی تری مردووە، وە زامی پێشووی کولاوەتەوە .

(١) پۆشابێ: پۆشی‌بووی. سازابێ: گونجابوو.

(٢) واتە: ڕۆڵە ناوادەکۆچ کردووەکەم! ڕۆڵە ئاوات نەهاتووە دی‌یەکەم!.

(٣) واتە: ڕۆڵەکەم ماڵو دیوەخان بێ تۆ کش‌و ماتە.

(٤) تەڵمیت: ئەو بارگەو بنەیەیەکەکۆچەری‌یەکان ئەیبەن بۆ کوێستان. واتە: لەبەر نەبوونی تۆ بارو بارگەی کوێستانمان ڕەش پۆشە.

پـەی ئـەو عـەقڵو فـەهم هـۆشیاریت، داد
پەی خۆش نـیگاری‌و خـۆش رەفـتاریت، داد

فـەریاد پـەی ئیخلاس، ئاخ پـەی ئـایینت
پـەی ئـاغەی دنـیاو پـەی ئاغەی دینت[١]

هەر کەس دیـم، دیـدەم، مـەیل تـۆ پـێش بـی
کێ بی؟ کـێ جـە تـۆ خـاترش رێش بـی؟[٢]

فـەڵەك جـەرگش دەن وە مـەودای چـڵدا
کـام خـاتر رێشـیش بـی نـە تـۆی دڵدا[٣]

دەورش وەی تـەورە، ئـەی جـەورە ئـاوەرد
من حەسرەت‌مەند کەرد، تۆ بەو دەردە بەرد[٤]

---

(١) واتە: ئای بۆ گەورەییت لەکارو باری دین‌و دنیادا.

(٢) رێش: بریندار. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٣) دەن: بدەن. مەودا: تیژی.

(٤) دەورش: سوورڕخواردنەوەی. واتە: گیانەکەم من هەرکەسم دیوە خۆشەویستی تۆی لە دڵا بووە، ئەبێ کێ‌بێ دڵی لە تۆ ئێشابێ. نازانم فەلەك، یاخوا جگەری بدەن بە سەر چڵی تیژا، چ کینەیەکی لە دڵا بوو لە تۆ، وا وای لێ‌کردی، وە بەم جۆرە ئەم ستەمەی منی مەینەتبارکردو تۆیشی بەو دەردە برد؟.

[٤]

پۆی خەیاتەی فەرد(١)

پــۆی خــەیاتەی فــەرد بــۆ عــەنبەرینت
دەس رێســەکــەی فــیکر بـیکر شیرینت(٢)

چون ئارەزووی وەسڵ نە تۆی مەحروومی
تــەندەبێت وە تــان فــەرد مــەعدوومی(٣)

چــون شــەبەندە رۆژ ســەد تــەرزە رەنگدا
تــەوەن دان وە تــاڵ دێــای فــەرەنگدا(٤)

---

[٤]

(١) مەولەوی ئەم پارچە هەڵبەستەی لە وەرامی «شێخ عبداللّٰهی داخی»یا نووسیوەکە شاعیریکی بەرز بووە، وە زۆر جار نامەی بە هەڵبەست بۆ مەولەوی ناردووەو ئەویش وەرامی داوەتەوە. جارێکیان مەولەوی لە وەرام دانەوەدا دوائەکەوێ، داخییش غەزەلێکی بۆ ئەنێری ئەنێرێ، وە لە غەزەلەکەیا گلەیی لێ ئەکا بەرامبەر بە دواکەوتنەکەی، وە تاقە شیعرێکی مەولەوی ئەخاتە ناو شیعرەکانی، مەولەویش لە وەراما ئەم غەزەلەی بۆ ئەنووسێ.

(٢) پۆ: هەر پارچەیەکی تەنراو دوو جۆرە تاڵی تیایە: تاڵی راکێشراو کە پێی ئەڵێن «تان» یا «رایەڵ»، وە ئەو تاڵانەکخ ئەبرین بە ناو تاڵە راکێشراوەکانا پێی ئەڵێن «پۆ». فەرد: شیعر. دەس رێس: رێسراوی دەس. فکر بیکر: فکری تازەی بە خەیاڵی کەسا نەهاتوو. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی دا دێ.

(٣) نەتۆی: لە ناو. تەندەبێت: تەنی بووت. واتە: پۆی خەیاتەی ئاوریشمی شیعرە بۆن خۆشەکەت ـ کە بە دەستی فکری تازەی جوانی خۆت رستبووت ـ تەنی بوو لەگەڵ تانی شیعری ناپەسەندی من. ئەمەش وەك ئەوە وابوو کە ئارەزووی بە یار گەیشتن ـ بەو جوانی یەکە هەیە ـ بیخەیتە ناو خەیاڵی نائومێدی یەوە. لێرەدا مەولەوی بە نەزاکەت خۆی ئەشکێنێ کە شیعری داخی بە ئارەزووی بە یار گەیشتن، وە شیعری خۆی بە خەیاڵی نائومێدی دائەنێ.

(٤) شەبەندە رۆژ: شەبەنگە بە رۆژ، پارچەیەکە بە چەندرەگ ئەنوێنێ. تەوەن بەرد. دیبا: جۆرە قوماشێکە. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی دا دێ.

پـــەی دەفـــع ســـەودای دەرد نـــەمامان
بـــەرگێ بـــی پـــەی دڵ ســـەرتا وە دامـــان(١)

دڵ ئـــەو بـــەرگو بـــۆی جـــارانش نـــەبی
رووی لوای مـــەجلیس یـــارانش نـــەبی(٢)

پـــۆشـــتەت کـــەردەوە ئـــیحسانت یـــاوا
دەك هـــەی دەوڵەمـــەند یـــانەت هـــەر ئـــاوا(٣)

بـــێ بـــاکـــیم عـــیللەت دڵ ســـەردی نـــیەن
بێ مـــەیلیم جـــە تـــەرك هـــام فـــەردی نـــیەن(٤)

بـــەڵام مـــەسئلەی فـــتوای قـــەزای حـــەق
نـــە مـــەحکەمەی شـــەرع حـــاکـــم مـــوتڵەق(٥)

نـــەو عـــەرووس ســـۆز وە دڵ پـــەروەردە
خـــەرج گـــیان وە کـــابین کـــەردوە(٦)

---

(١) پەی: بۆ. نەمامان: ئەو دولبەرانەی وەك تووڵی نەمام سافو بەرزن، یان ئەو کەسانەی کە بەین تێك ئەدن. واتە: ئەو پارچە شیعرەی تۆ کە وەك شەبەنگەبەرۆژ بە چەند رەنگ ئەنوێنێ، وە لە جوانی‌یا بەردی دابوو بە تاڵی پارچەی فەرەنگیدا، بۆ چار کردنی سەوداو عەشقو دەردی دولبەرەکان بەرگێکی رەساو سەر تا پێ داپۆش بوو، یا خود: بۆ دەفعی سەودای فیتنەی نەمامەکان بەرگێکی دڵ پارێز بوو، وە هەموو دڵی ئەپاراست.

(٢) نەبی: نەبوو. لوای: رۆیشتنی. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی‌دا دێ.

(٣) یاوا: گەیشت. یانە: ماڵ. واتە: بەر لە هاتنی پارچەکەی تۆ دڵم بەرگو بۆکەی جارانی جارانی نەبوو، وە رووی نەبوو بچێتە ناو کۆڕی یارانەوە، بەڵام کە پارچەکەی تۆ گەیشت، دڵمت پۆشتەکردەوە، زۆر خێرت گەیشت، سا یاخوا دەوڵەمەند هەر ماڵت ئاوابێ.

(٤) عیللەت: بە هۆی. واتە: نامە نەنووسینم بەهۆی دڵ ساردی‌یەوە نیە، وە لە بەر ئەوە بێ مەیل نەبووم کە دەستم لە دۆستایەتیت هەڵگرتووە.

(٥) مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی بەسراوە بە یەکەوە.

(٦) عەرووس: بووك. سۆز: شەوق. خەرج: پارەی نەخت. کابین: مارەیی.

وەهـەر سـێ تـەڵاق بـاینه کـەردەن
یـاد رجـعەتش وە دڵ نـاوەردەن(١)

کـەم بـی شـنۆی وەش ئـاه سوب دەمی
وشکـاوش ئـاما جۆی چـەمەی چـەمی(٢)

بـێ سـۆزی مـەنزڵ دڵ کـەرد وە یـاتاخ
پـەی ئـاوو هـەواش ئـاو ئـاەو ئـەو داخ(٣)

وەبـێ مـن تـۆ وێت زیـهنت پـێ یـاوان
خـاست فـەرماوان دانـەت شکـاوان:(٤)

(١) باینه: ئەو تەڵاقەیەکە چاك ناکرێتەوە. رجعەت: گێڕانەوە، ئەو تەڵاقەیەکە چاك ئەکرێتەوە. واته: بۆیە نامەم بۆ نەناردووی‌و شیعرم بۆ نەنووسیوی چونکە مەسەلەی فتوای قەزاو قەدەر خوا لە دادگای شەرعی حاکمی موتڵەق‌دا کە خوایە وای پێویست کردووە ئەو تازە بووکە خۆشەویستەم کە بیرتیە لە شەوق‌و سۆزی دڵم، وە بە دڵ بەخێوم ئەکرد، وە گیانی خۆم دابوو لە مارەیی‌یدا، فتوای هەر سێ تاژەڵاقەی خۆی وەرگرێ وە دەرفەتی هێنانەوەی بۆ نەهێشتووم. بەکورتی بە هیچ کلۆجێك سۆز لە دڵما نەماوە، ئیتر چون نامەت بۆ بنووسم.

(٢) کەم بی: کەم بووە. وەش: خۆش. سوب دەمی: بەیانیان. جۆی: جۆگەی. چەمەی: سەرچاوەی. چەمی: چاو. واتە: بە هۆی ئەوەوەکە سۆزی دڵم نەماوە، شنۆی هەناسە هەڵکێشانی سبەینیانم کەم بووەتەوە، وە ئاوی سەرچاوەی چاوم کە جاران لەبەر سۆزو عەشق دام ئەڕژاند، ئێستا وشکاوی هاتووە.

(٣) یاتاخ: مەبەس جێ‌و ماوایە. ئەو: ئەگەرێتەوە بۆ هەوا. واتە: لەو کاتەوەکە سۆزی دڵم نەماوە، بێ سۆزی کە دوژمنیەتی هاتووە دڵی داگیر کردووك وەکردوویە بە مەنزڵی خۆی وە لە بریتی ئاوو هەوای خۆش لە دڵما ئاه وە هەناسەی سارد بووە بە ئاو، وە ئاخ‌و داخ بووە بە هەواکەی.

(٤) وێت: خۆت. یاوان: گەیشتووە. دانەت شکاوان: دورت قڵاشتووە، کینایەیە لە قسەی جوان‌و بە جێ کردن. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری پاشەوەدایە.

بـێ بـەدەڵەن عـومر خـاسش هـەر پـاسەن
باختش پەی مەعشووق بێ بـەدەڵ خـاسەن(١)

[٥]

پێشانیم(٢)

پــێشــانیم هــەوەس زانــووش جــازمەن
تــەعزیم جــەناب پــیری لازمــەن(٣)

بــاڵا کــەردەوە مــەیل ئــەو لای پــەستی
وردیکــڵانــەن دەروازەی هــەستی(٤)

مــەعدوومی! کــردەی بــەدی هــەزار تــەرز
زانــووی ئــومێدت نــاوەرۆ ئــەو لەرز(٥)

---

(١) پاسەن: وایە. باخت: خەرج کردن. واتە: گیانە تاۆ بەبێ من باشی تێ گەیشتووی و چاکت فەرمووەکە وتووتە هیچ شتی نابێ بە هاوتاو بەرامبەری عومر وە بە هیچ شتێ ناگۆڕرێتەوە، کەواتە وا چاکە ئینسان بە خۆڕایی بێبەخشی بە دڵدار، وە بە تەمای ئەوە نەبێ کە ئەو لە بریتی ئەو بەخشینەدا پاداشی بداتەوە، بۆیە تۆیش کە ئەوەندە بە وەفاو دۆستی من بووی نابێ بە تەمای هیچ بی لێمەوە.

[٥]

(٢) مەولەوی لەم پارچە شیعرەیدا سکاڵا لە دەس پیری ئەکاو لەگەڵ خۆی ئەدوێ.

(٣) پێشانی: ناوچاو، تەوێڵ. هەوەس: ئارەزوو. زانوو: ئەژنۆ. واتە: ناو چەوانم دانەوێتەوە ئارەزووی ئەوەی هەیە بگا بە ئەژنۆم، چونکە پیری وادەی هاتووەو رێز لێ گرتنی پێویستە.

(٤) ئەو لای: بۆ لای. پەستی: دانەوینەوە. وردیکڵانەن: بچکۆلەیە. هەستی: بوون مەبەس لە ژیانی ئەو دنیایە. واتە: باڵام ئارەزووی دانەوینەوەی کردووەتەوە، چونکە گۆڕ کە دەرگای ژیانی ئەو دنیایە بچکۆلەیە، وە ئەگەر مرۆڤ خۆی دانەنەوێنێتەوە ناتوانێ پیابڕوا. مەولەوی کە وشەی «کەردەوە» بەکار دێنی واتە «کردووەتەوە»، ئەیەوێ ئەوە بگەیەنێ کە مرۆڤ لەکاتی لە دایك بوونیشا خۆی دائەنەوێنێ. ئەم شیعرە ئیشارەتە بە ئایەتی پیرۆزی ﴿وَ مَنْ نُعَمِّرْهُ نُنَكِّسْهُ فِي الْخَلْقِ﴾. واتە: ئەوەی زۆری بژێنین لە ئەنجاما ئەی چەمێنینەوە.

(٥) کردە: کردەوە. ناوەرۆ: نەیەنێت. واتە: ئەی مەعدوومی کرداری خراپی هەزار رەنگت، ئەژنۆی هیوات نەیەنێتە لەرزە، وە ئومێدت بە لوتفی خواکەم نەبێ.

ئـەو کـەس مـزانـوو سـتارەن ئـارۆ
جەو بوزورگ تەرەن شـەو ئـەو رۆت نـارۆ[(١)]

سـفیدیت قـەڵغـان پـەی رووی سیات بـۆ
کـــەمانیت شـــەفیع تـیر دیـات بـۆ[(٢)]

نـمەبۆ پـیریو تـەن نـاتەوانـیت
وەی دوو فـەردەوۆ ئـاو دەس جـوانـیت:[(٣)]

عـەزابـم ئـەر سـەد جـە حـەد بـەرشیەن
جـە روو سـیایم گـرانـتـەر نـیەن

---

(١) سەتارەن: گوناه پۆشە. ئارۆ: ئەمڕۆ. نارۆ: نەیەنێ. واتە: ئەو خوایەکە ئەزانم ئەمڕۆ لە دنیادا گوناه پۆشە لەوە گەورەترەکە شەو نەیەنێتە رۆژت وە رۆژی قیامەتت لێ نەکا بە شەو، وە گوناهەکانت ببەخشێ.

(٢) سفیدیت: ریش سپیەتیت. کەمانیت: چەمینەوەت وەك کەوان. شەفیع: تکاکار. دیات: روانینی حەرامت بۆ خەڵك. واتە: ئومێدم وایە سپیەتی مووی سەرو ریشت ببێ بە قەڵغان نەیەڵێ لە رۆژی قیامەتا روو رەش ببی، وە پیریو چەمینەوەی باڵات وەك کەوان ببێ بە تکاکار بۆ ئەوەی نەیەڵێ گرفتاری سزای روانینی حەرام ببی. مەولەوی لەم شیعرەدا بەپێی عیلمی بەدیع هونەری «طباق»ی بەکار هێناوەکە بریتی‌یە لەکۆکردنەوەی چەند وشەیەکی پەیوەند دار بە یەکەوە، وەك سپیو رەشیو تیرو کەوانو قەڵغان. هەروەها ئیشارەتی کردووە بۆ فەرموودەی پێغەمبەر کەفەرموویەتی:

«النَّظَرَةُ سَهْمَةٌ مَسْمُومَةٌ مِنْ سِهامِ إِبْلِيس».

واتە: سەیر کردنی حەرامی ئافرەت تیرێکی زەهراوی‌یە لە تیرەکانی شەیتان.

(٣) تەن ناتەوانی: بێهێزیی لەش. ئاو دەس: هاو تا. واتە: پیریو لاوازیی لەشت لەگەڵ ئەم دوو شیعرەی پاشەوەدا نابن بە هاوتای خوا پەرستی سەردەمی لاوینیت، چونکە دوو شیعرەکەکە سکاڵای حاڵتن لە پیریدا، لە بارەگای خوادا باشترن لە خواپەرستیو خۆ بە باش زانینی دەوری لاویت لەبەر ئەوەکە لای خوا گناهکردنو پاڕانەوە بە نرخترە لە پەرستنو خۆ لێبایی بوون بە هۆی پەرستنەوە.

مــن کــه خــەجاڵەت خــزمت ئــاما پـێم
جــەهەننم سـەد سـاڵ دۆزەخ بـۆ وە جـێم[(١)]

مــــوتریب، بــــۆ وە داد دڵگــــیریمەوە
پــــیری هــــا ئــــاما وە پــــیریمەوە[(٢)]

نــــەوات وێرانــــەی دڵ کــــەرۆ ئــــاوا
چــەنی بــەستەی فــەرد بــێساران مــاوا:[(٣)]

«ئــینە گــرد جــە وە خت نــادانــیم بــیەن
فــەسڵ ســەرمەستی جــوانــیم بــیەن»[(٤)]

«ئــیسه هــا جــە گشت پــەشیمانیم بــەرد
وادەی پــیریمەن جــوانــیم ویــەرد»[(٥)]

«کــۆچ دوایــیمەن، یــاوانــم نــۆبــە
نــۆبــەی تــۆبــەمەن، کــەرەمدار، تــۆبــە!»[(٦)]

---

(١) ئەم شیعرەو شیعری پێشوو ئەو دوو شیعرەن کە لە شیعری پێشووتردا ئشارەتی بۆ کردن. واتە: هەرچەند عەزاب دانم لە رادە بە دەربێ لام گرانتر نیە لە روو رەش بوونم لە خزمەتتا وە ئەوم پێ باشترە، چونکە من لە ئەنجامی تاوانباریی خۆما بە شەرمەساریەوە بگەمە خزمەتت ئیتر مەبەسم نابێ هەرچەند سەد ساڵیش لە دۆزەخا سزا بدرێم، لەبەر ئەوە سزا چەشتنم پێ باشترە بۆ ئەوەی بە رووبەکی سپیەوە بێمە خزمەت.

(٢) بۆ: بێ. داد: هاوار. دڵگیری: زویری. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی دا دێ.

(٣) نەوات: ئاوازەی خۆشت. چەنی: لەگەڵ. بێساران ماوا: ئەوەی خەڵکی بێسارانە، مەبەس مەلا موستەفای بێسارانی یەکە شاعیرێکی بەرز بووە. واتە: کاکی گۆرانی بێژ بێ بە هاواری عاجزیمەوە، چونکە پیری وا هات بە پیریمەوە، وە بە ئاوازەی خۆشت دڵی وێرانەم ئاوا کاتەوە بەم شیعرانەی خوارەوەی مەلای بێسارانی.

(٤) گرد: گشت. فەسڵ: سەردەم. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٥) ویەرد: بەسەرچوو.

(٦) یاوانم نۆبە: سەرەم هاتووە. واتە: خوایە هەرچیم کرد لە سەردەمی نەزانی و لاوێتیما

[٦]

پەژارەت شادیم

پـــەژارەت شـــادیم جـــە بـــێخ ئـــاوەردەن
دووریت ریشەی دڵ خـەیمەکـەن کـەردەن[(١)]

فـــیراقت فـــەرقم وە تـــووتیاکـــەرد
جـیاییت ئـازام جـە هـەم جـیا کـەرد[(٢)]

وەسواسەت وەی تـەور ئێش دان وە جـەرگم
وە مـــەرگت قـەسەم رازیـم وە مـەرگم[(٣)]

وێت بـدەر ئـینساف نـەو نـەمام نـۆ
مـەردەن خـاستەرەن یـا خـۆ دووری تـۆ؟[(٤)]

مـەردەن یـەك سـاتەن ئەڕواحـەکـەی وێم
دووریت هەر ساتێ سـەد مـەرگەن پـەرێم[(٥)]

☞

کردم، وا ئێستا پەشیمان بوومەوە لە هەمووی چونکە جوانیم بەسەر چوو، وە وادەی پیریم هاتەو ئەجەلم نزیك بووەتەوە، وە وەختی ئەوەیەکە تۆبە بکەم، ساخوای بـەخشندە لێم ببوورە.

[٦]

(١) خەیمە: خێوەت. واتە: خەفەتی دووریت شادیو خۆشی لە دڵما نـەهێشتووە، وە ریشەی دڵمی وەك خێوەتی هەڵکەنراو لێ کردووە.

(٢) فەرقم: کەللە سـەرم. تـووتیا: دەرمـانێکـی زۆر وردە. ئـازام: ئـەعزام. واتـە: فـیراقت کەللەی سرمی وەك تووتیا هاڕیوە، وە جیاییت ئەندامەکانی لەشمی لە یەك کردووەتەوە.

(٣) وەسواسەت: خەیاڵ لێ کردنەوەت. وەی تەور: بە جۆرێ.

(٤) وێت بدەر ئینساف: واتە: خۆت بە ئینسافی خۆت حوکم بدە.

(٥) پەرێم: بـۆم. واتـە: مـردنم چـاکـترە لە چـەشتنی دووریت چـونکە ئـەو جـارێکـەو ئەبڕێتەوە، بەڵام دووریت هەر سەعاتێکی مردنیکە.

مەر جەستەی خەستەی من جە فۆلادەن
یەند دووریت وینۆ هێمان دڵ شادەن[١]

دەك رەحمەت ئەو قەبر گشت وەفا داران
خوسوسەن ئەو كەس شای وەفا داران[٢]

[٧]

پەشێوی[٣]

پەشێوی وە نەزم لوولووی ئەسرین‌دا
پەروین دائیرەی خورشید تەزین‌دا[٤]

جای ناخوون وە خوون ئەو گۆنای بێ گەرد
ئیشارەت وە مانگ مەینەت دڵ كەرد[٥]

---

(١) فولاد: پۆڵا. وینۆ: ببینێ. واتە: بۆچی لاشەی نەخۆشی من لە پۆڵا داڕێژراوە تا ئەم هەموو دووری‌یەت ببینێ و هێشتا هەر دڵشاد بێ.

(٢) ئەو: لە. واتە: دەك رەحمەتی خوا لە گۆڕی هەموو خاوەن وەفایەك، بەتایبەتی لە گۆڕی ئەوانەكە وەفاكەیان ئەوەندە بێ گەردە شای هەموو وەفایەكە.

[٧]

(٣) مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لە لاواندنەوەی پەریزاد خان ناوێكدا وتووەكە یەكێك بووە لە ژنە بەگزادەكانی جاف.

(٤) لوو لوو: لوء لوء، مرواری. ئەسرین: فرمێسك. پەروین: ئەستێرە. خورشید: خۆر. واتە: ئەم ماتەمە رشتەی مرواریی فرمێسكی هۆنراوەی ئافرەتانی تێك دا، وە ئەو دەنكە فرمێسكانەكە وەك ئەستێرە وان تۆپی رووی ئەو ئافرەتانەیان رازاندەوەكە وەك رۆژ وایە. مەبەسی ئەویە نازاران ئەوەندە بەسۆز ئەگرین فرمێسكیان كە ئەوسا وەك رشتەی مرواری وابوو ئێستە بە نارێكی ئەڕژێتە خوارەوە، وە ئەو دەنكە فرمێسكانەكە بە دەوری روویانا ئەڕژێتە خوارەوە دائیرەی روویان ئەرازێنێتەوە.
مەولەوی لەم هەڵبەسە بەرزەیا لە لایەكەوە تەشبیهی رووی ئافرەتەكانی كردووە بە رۆژ، وە لە لایەكی ترەوە ئیشارەتی كردووە بۆ ئەوەكە لە خەفەتا رۆژی روویان زەرد بووە، ئەگینا ئەستێرە بە دەوری رۆژا دەرناكەوێ.

(٥) ناخوون: نینۆك: خوون: خوێن. واتە: جێ نینۆكی ئەو نازارانەكە روو خۆیانیان

شــيرينى قــامەت قــيامەت نــەوەرد
ســەڵاى فــەرز بــەرگ ئــازيەتى ئاوەرد[١]

هــەنى فــتواى شــەرع بــادە نــۆشان بــۆ
حــەڵاڵى كــاڵاى مــاتەم پــۆشان بــۆ[٢]

وەشــەن ئــەو بــاڵا چــون بــەو كــاڵاوە
بــازش ئــەو كــاڵا هــەر بــەو بــاڵاوە[٣]

حــەيات جــە زوڵمــات جــيا نــمەبۆ
كــاوە وە بــێ بــەرگ ســيا نــمەبۆ[٤]

☞

هەڵكەندووە، وەك مانگى يەك شەوە وايە بە روويانەوەكە نيشانە ماتەم و مەينەتى پێوە بێ. ئەمە ئيشارەتە بەوەكە ئەستێرە ژمێرەكان ئەڵێن هەر مانگێكى يەك شەوە رەنگى سوور بنوێنێ نيشانەى شەڕو شۆڕە.

(١) قامەت: باڵا. قيامەت نەوەرد: بيابانى قيامەت تەى كەر. ئازيەتى: تەعزيە. ئاوەرد: هێنا. واتە: جوانيى باڵاى ئەو خاتوونەكۆچ كردووەكە بيابانى قيامەتى تەى ئەكرد بانگى هەڵدا بۆ فەرز بوونى پۆشينى بەرگى ماتەم. مەولەوى لێرەدا بە وشەى «قامەت» ئيشارەت بۆ «قامت»ى نوێژ ئەكا كە وردێكى تايبەتى‌يە بەر لە نوێژ بە دەنگى بەرز ئەخوێنرێ بۆ راست بوونەوەى نوێژكەران. وە بە وشەى «سەلا» ئيشارە بۆ «صلاة» ئەكا بە مەعناى نوێژ. واتە: وەك چۆن بە دواى «قامت» كردنا نوێژى فەرز دێ، بە دواى قامەتى ئەو نازارەكۆچ كردووەشا پۆشينى بەرگى ماتەم فەرز بووە. لێرەدا بە پێى عيلمى بەديع لە بەينى وشەى «قامەت»و «قيامەت»دا هونەرى «جناسى ناقص» هەيە، وەك چۆن لە بەينى «قامەت»«سەلا»دا هونەرى «طباق» هەيە.

(٢) هەنى: ئيتر. كاڵا: پارچە، قوماش. واتە: مادەم كە ئەو مرد ئيتر با شەرع فتواى حەڵاڵ بوونى شەراب خواردنەوە بدا، چونكە قوڕگى خەڵك پڕ بووە لە گريان وە لە شەراب بەولاوە بە هيچى‌تر چاك نابێتەوە، كەواتە شەراب خواردنەوە دورستە، وە با شەرع فتواى حەڵاڵى پۆشينى بەرگى ئازەيەتى بدا.

(٣) وەشەن: جوانە. بازش: لێى گەڕێ. مەعناى ئەم شيعرە لەگەڵ شيعرى دوايى‌دا دێ.

(٤) حەيات: ئاوى حەيات. زوڵمات: تاريكى. كاوە: ميسكى بۆن خۆش. سيا: رەش.

☜

[٨]

پەیغام(١)

پـــەیغام بـــاڵای خـــەمبارەکـــەی تـــۆ
خـــەمیای حـــەڵقـەی گـۆشـوارەکـەی تـۆ(٢)

چـــەند وە ســـەرگۆشـــی وە گـۆشت ئـاوەرد
چون بەد بەخت بیم تۆ گـۆشت نـەکـەرد(٣)

[٩]

پەی کەسێ

پـەی کـەسێ خـاسەن هـەوای سـەیر باخ
مـاسیوای مـەعشووق نـە بـۆش ئـاخو داخ(٤)

☞

واتە: باڵای ئەو ئازەیەتی بارانە زۆر جوانە بەو بەرگە رەشەی بەریانەوە، کـەواتـە لێیـان گەڕێ با هەر ئەو بەرگەیان لەبەرا بێ، چونکە ئەوانە وەك ئاوی حەیات وان، هەروەك ئەو لە تاریکی دایە ـ بە پێی ئەفسانەی کۆن ـ ئەمانیش ئەبێ لە بەرگی رەشا بن، وە ئەوانە وەك میسکی بۆن خۆش وانە، ئەبێ بەرگی رەشیان لە بەرا بێ وەك ئەم پێستێکی رەشی هەیە.

[٨]

(١) مەولەوی لەم دوو شیعرەیا لومەی دۆستێکی ئەکا کە چەند جار راسپێریـەکـی ناردبوە لای، بەڵام ئەوگوێی نەدابوویە.

(٢) پەیغام: راسپێری. خەمیا: چەمیوە. گوشوارە: گوارە. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بـە شیعری پاشەوە.

(٣) سەرگۆشی: چپە. واتە: راسپێریـەکـەی مـنی خـەفەتباری تـۆو چـەماوەی ئـەڵقـەی گوارەکەت، چەندجار بە چپە درا بە گوێتا، بەڵام چونکە من بەدبەخت بووم تـۆ گـوێت نەدایە.

[٩]

(٤) هەوا: ئارەزوو. سەیر: تەماشا کردن. نەبۆش: نەی‌بێ. مـەعنای ئـەم شـیعرە لەگـەڵ شیعری دوایی‌دا دێ.

مــن جــفـت مــەعشووق دەرد هــەمڕازمـەن
چـــون بــاز ســەرچــڵ وادەی بـــازمەن(١)

[١٠]

پەنج بیەن وە شەش(٢)

پەنج بیەن وە شەش، شەش روو کەرد نە پـەنج
حــەریر نــە مـابەین بـیەن گـەوهەر سـەنج(٣)

[١١]

پیری

پــیری‌و فــەقیری‌و کــەسیفی، هــەر ســێ
نــەبۆ وە هــیجران بــار هــیچ کــەسێ(٤)

---

(١) جفت: لەگەڵ. هەمڕاز: هاوڕێ. واتە: ئارەزوو کـردنی سـەیری نـاو بـاخ بـۆ کـەسێ باشەکە جگە لە یار خەفەتێکی لە دڵا نەبێ، بەڵام من سەرەڕای یـار دەردیش بـووە بـە هاوڕێم، وە وەك بازی سەر چڵان، یان وەك بازی ئوقرە نەگرتوو، وادەی بازدانمە وە خۆم پێ ڕاگیر ناکرێ لە باخا بۆ سەیر کردن.

[١٠]

(٢) مەولەوی لەم شیعرەیا شێوەی نووسین روون ئەکاتەوە.

(٣) حەریر: ئاوریشم، مەبەس قاقەزە. گەوهەر سەنج: گـەوهەر ڕێك خـەر. واتـە: پێنج پەنجەکەم لەگەڵ قەڵەمەکەی دەسما بوون بە شەش، وە ئەم شەشە روویان کردووەتە پێنج پەنجەکەی ترم، قاقەزەکەیش لە بەینی ئەم دوو دەستەما بـووە بـە گـەوهەر ڕێك خـەر. مەبەسیش لە گەوهەرەکە تیپە نووسراوەکانە.

[١١]

(٤) کەسیفی: پیس‌و پۆخڵی. هیجران بار: باری مەینەت. واتە: یـاخوا پیری‌و هـەژاری‌و پیس‌و پۆخڵی نەبن بە باری مەینەتی سەرشانی هیچ کەس.

تیپی تێ

[١]

تەژنەی گیان(١)

تـەژنەی گـیان وە لەب سـەودای سـەبووری
کـەفتەبێم نـە گـێج دەریـاکـەی دووری(٢)

دیـم نـەشئەی فـێنك سـێراوی سـەردا
شـنۆی زیـندەگـیم ئـاما وە بـەردا(٣)

چـێش «خـضر» نـامەی تـۆش ئاوەردەوە
دەك رسـتگار بـۆ ئـیحیام کـەردەوە(٤)

یـاوا پـێم پـەرێم زایـەڵەی زاریت
زگـاری زامـەت بـێ دەوای کـاریت(٥)

---

[١]

(١) مەولەوی ئەم پارچە هەڵبەستەی لە وەرامی برادرێکیا نووسیوەکە ئەو ئیزنی دۆستێکی خۆی‌و مەولەویی دابوو بڕوا بۆ سەفەرێك، ئەو برادەرەی زوری پێ ناخۆش بووەکە ئەو دۆستە بڕوا بۆ سەفەر، مەولەویش هەروا پێی ناخۆش بووە، جا برادەرەکەی مەولەوی بۆ مەولەوی ئەنووسێ من زۆر عاجزم لەبەر خەفەتباریی تۆ بە هۆی سەفەری دۆستەکەمانەوە، وە بۆ ئەو خەفەتباریی تۆیە عاجزترم لە عاجزی‌یەکەی خۆم لەبەر سەفەری ئەو، وە بانگی مەولەوی ئەکا بڕوا بۆ لای تا هەندێك پێکەوە رابوێرن. مەولەویش لە وەرامی ئەو برادەرەیا ئەم پارچە هەڵبەستە ئەنووسێ:

(٢) تەژنە: تینوو. گیان وە لەب: گیان هاتووە سەر لێو. کەفتەبێم: کەوتبووم. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوە پێکەوە دێ. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «تەژنە» نووسراوە «خەستەی» واتە ماندوو بووم... بەم پێیە ئەم پارچە هەڵبەستە یەکێك ئەبێ لە پارچە هەڵبەستەکانی تیپی خێ.

(٣) سێراوی: تێراوی. سەردا: دەرکەوت. شنۆ: شنە. ئاما وە بەردا: هاتەوە بە بەرا.

(٤) چێش: چونکە. رستگار: رزگار. واتە: تینوو بووم، لە تاو خۆڕاگرتنم لە بەر دەردی دووریی دۆست، گیانم گەیشتبوە کونە لووتم، وەکەوتبوومە گێژاوی دەلیای دووری‌یەوە، لە ناکاو دیم نەشئەی فێنکی تێراو بوون سەری داو شنۆی ژیانم هاتەوە بە بەرا، چونکە خدری فروستادەت نامەی تۆی هێنا. دەك سا خوا رزگاری کا وا زیندووی کردمەوە.

(٥) یاوا: گەیشت. پەرێم: بۆ من. زگاری: زوبری. زامەت: زەحمەت. کاری: کاریگەر.

مــزانــوو، هــام فــەرد، پڕ شــەرتو شــۆنــی
یــــارم، دڵدارم، غـــەم خـــوارم تـــۆنــــی(١)

بـــەڵام تــۆیــچ ئــاخر ڕەنــجت بــەردەبێ
چـــەند جـــار ژار مـار دووریت وەردەبێ(٢)

پەی چێش وستانێت ئەی مەهلەکەی سەخت
فـــــتوای لوات دا، لواوە بـــــێ وەخت(٣)

زوانت، وەخـــــتێ ئــیزنش تــەڵەب کــەرد
لاڵ کــەی نــمەبۆ چــەنی «ئــا»ش ئـاوەرد(٤)

چـــەم بـــێ پـــەی دینش بینایيش کـەم بی
گـــۆش بێ شــنەفتش ســەداش مـاتەم بی(٥)

تــەن بــێ کــێشیش خــەستەی هـیجران بی
دڵ بـــێ مـــەنزڵگـــەی مـــەیلش وێران بی(٦)

☞

مەعنای ئەم شیعرەو سێ شیعری پاشەوە پێکەوە دێ.

(١) مزانوو: ئەزانم. پڕ شەرتو شۆنی: بە وەفاو شەرتی. تۆنی: تۆی.

(٢) تۆیچ: تۆیش. بەردەبێ: بردبوو، کێشابوو. وەردەبێ: خواردبوو.

(٣) وستانێت: منت خستە. ئەی: ئەم. لوا: ڕۆیشتن. واتە: نامەکەتم خوێندەوە، وە حتاڵی بووم لە هاوارو گریانت بۆ من، وە زوریت بە هۆی زەحمەتی کاریگەری بێ دەرمانتەوە. من ئەزانم تۆ دۆستێکی بە وەفای وە یارو دڵدارو خەمخۆری منی، بەڵام خۆ تۆیش چەند جار ژاری ماری دووریت چەشتبوو وە ئەتزانی چەند ناخۆشە، ئەی بۆچی منت خستە ئەم مەینەتەوەو ڕێگای ڕۆیشتنی یارت داو ئەویش بە ناوەخت ڕۆیشتو بەجێی هێشتین.

(٤) واتە: وەختێ کە ئەو دۆستە داوای ئیزن دانی لێ کردی بۆ ڕۆیشتن، زمانت، لاڵ کەیەکە بێ، چۆن «ئا»ی پیاهاتو ڕێگای بڕوا؟.

(٥) پەی دینش: بۆ روانینی. شنەفتش: گوێ لێبوونی. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٦) بارکێشیش: بارکێشانی. ئەم زەمیری «شین»انە هەموویان ئەگەڕێنەوە بۆ دۆستەکەی.

چ دادێ مدۆ خاکم وە سەر بۆ
ئیسە تەمای من یا زایەڵەی تۆ(١)

مەعلووم بی وەنەم حەسرەتت کێشان
پەی سەیرو سوحبەت سەفای دڵ ڕێشان(٢)

هام رەفێقم دەرد، هام سوحبەتم کۆس
وێم جە وێم خاڵی، مەوج مدەو جە دۆس(٣)

---

(١) مدۆ: ئەدا. واتە: بینایی چاوم کز بووە بە هۆی نەڕوانینەوە بۆ ئەو، وە گوێم پڕ بووە لە هاواری خەفەتی دوورکەوتنەوەی بە هۆی نەبیستنی قسەیەوە تا ببێ بە مایەی خۆشی، وە لەشم ماندوو بووە لە بەر دیار نەبوونی ئەو تا باری بکێشێ، وە دڵم وێران بووە چونکە جاران مەنزڵگەی مەیلی ئەو بوو، وەکە ئێستا ئەو نەماوە چۆڵ بووەو کەسی تیا نیە، ئیتر سا خاك بە سەرم چ سوودێکی هەیە تەماو ئومێدی منو هاوارو گریانی تۆ.

وەئەگەر «ی»ی «بی» بە درێژی بخوێنینەوە، بە مەعنا «بوو» وەك ئەوەش دەس ئەدا، مەعنای وا لێ دێتەوە: چاوم هەبوو بۆ دیتنی ئەو، بە ڕۆیشتنیو نەدیتنەوەی، بینایی کز بووە، وە گوێم هەبوو ئەی بیست، ئێستا کە ئەو نەماوە سەدای خەمو خەفەتی تیایە، وە لەشم هەبوو باری ئەوی ئەکێشا، ئێستا بە هۆی نەمانی ئەوەوە ماندوو بووە، وە دڵم هەبوو مەنزڵگەی مەیلی ئەو بوو، کە ئەو ڕۆیی وێران بوو. بە پێی ئەم مەعنایە ئەوە ڕاستەکە لە هەندی نوسخەدا لە جیاتی «شنەفتش» نووسراوە «مەشنەفتش»، وە لە جیاتی «بارکێشیش» نووسراوە «بارکێشش».

وە ئەگەر لە جیاتی «بی» بخوێنینەوە «پەی» وەك لە هەندێ نوسخەدا نووسراوە، مەعنای وای لێ دێتەوە: چاو کە بۆ دیتنی ئەوم دانابوو بە هۆی دوورکەوتنەوەیەوە بینایی کەم بووە، وە گوێ کە بۆ بیستنی قسەی خۆشی ئەوم ئەویست، ئێستا کە دەنگی ئەوی تیاپڕ بووە لە سەدای خەمو خەفەت، وە لەشم هەبوو بۆ بارکێشانی ئەو، ئێستا لەبەر دوور کەوتنەوەی ئەو مانوو بووە، وە دڵم هەبوو کردبووم بە مەنزڵگەی مەیلی ئەو، ئێستا وێران بووە چونکە ئەوی تیا نەماوە. بە پێی ئەم مەعنایەش هەر «بارکێشیش» ڕاستە نەك بارکێشش. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «شین»ە زەمیرەکان لە هەموو نیوەی شیعرەکاندا، زەمیری «تی» هەیە. بەم پێیە مەولەوی ڕاستەو خۆ قسە لەگەڵ برادەرەکەی ئەکا، بەڵام گۆڕانی مەعنای شیعرەکان لە سنووری گۆڕینی زەمیر لە «غایب»ەوە بۆ «مخاطب» دەرناچێ.

(٢) وەنەم: لێم. کێشان: کێشاوە. مەعنای ئەم شیعرەو سێ شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٣) هام سوحبەتم کۆس: کۆس کەتن بووە بە هاوڕێم. مەوج مەدەو: شەپۆل ئەدەم.

تــا ئــەو بــەو جــەماڵ دڵ دەســە پــاڵەن
مــن ســەیرم مــەحاڵ، ســەفام بــەتاڵەن(١)

جــەو بــۆ نــۆ فــەردم ئــیستیفا بــێژەن
دامــــەنەش لایــــق ئــــەی پــەراوێزەن:(٢)

شــێوە ئــەر ئــێدەن مــن کــەردەنم ســەیر
فام، خــودا حــافز! دیــن، بنیش وە خــەیرا(٣)

تــۆ ســەرووەش وەی ســەیر ســەفاو بەختەوە
مــــن وێڵ وێڵ وەی زام ســزای ســەختەوە

تــۆ هــەر ســات شــادیت بێ ئــەندازە بۆ
مــــن هــەر لاد دەردێ پــەرێم تــازە بــۆ(٤)

تــۆ وێنــەی بــولبول مــەست هــەوای گــوڵ
مــن چــون بــایەقوش چــوڵ نــەوای دڵ(٥)

---

(١) دەستە پاڵ: کەسێکە کەوتبێ لەسەر شان.
(٢) جەو بۆنۆ: بەو بۆنەوە. فەردم: شیعرم. ئیستیفا: پارچە قوماشێکی جوانە وەك تاقە. دامەنەش: داوێنەی. ئەی: ئەم. واتە: زانیومەکە زەحمەتت کێشاوەو خۆت ماندوو کردووە بۆ ئامادەکردنی سەیران‌و رابواردن بۆ هاوڕێ دڵ بریندارەکانت، بەڵام من ئەم رابواردنەم پێ ناکرێ چونکە دەردو کۆس کەوتن بووە بە هاوڕێم، وە خاڵی بوومەتەوە لە خۆم‌و فکری خۆمم پێ نەماوەو شەپۆل ئەدەم لە خەیاڵی دۆستا، چونکە تا ئەو بەو جوانی‌یەو شۆخ‌و شەنگی‌یە بێ کە دڵ ئەکوتێ بە عەرزاو لە سەر لا ئەی خا، من سەیرو خۆشیم پێ ناکرێ، بۆیە شیعری من وا ئەوەندە جوان‌و رازاوەیەو پارچەی ئیستیفا لە بەر چاو ئەخا، وە داوێنەی شیعرم شایانی ئەوەیەکە ئەم شیعرانەی پاشەوەی بۆ بکرێ بە پەراوێز.
(٣) ئیدەن: ئەمەیە. دین: ئایین. بنیش: دانیشە. مەعنای ئەم شیعرەو شیعرەکانی پاشەوە پێکەوە دێن.
(٤) هەر لاد: هەر کاتێ. پەرێم: بۆم.
(٥) بایەقوش: باڵندەیەکە بە نەگبەتی ناوبانگی دەرکردووە.

پەرێ تۆ راحەت، پەرێ من زامەت
هەردوو سڵامەت، تا رۆی قیامەت(١)

[٢]

تەدریس و تەقدیس(٢)

تەدریس و تەقدیس، تەمجید بێ دەنگەن
حەسارەی تەقریر تەوحید بێ رەنگەن(٣)

پارچەی تەئلیفات شێخ «مهاجر»
گرانەن، نیەن مشتەری و تاجر(٤)

---

(١) پەرێ: بۆ. واتە: شێوەی دۆست ئەگەر ئەو شێوەیە بێ کە جاران من دیومە، نەفامم لا ئەمێنێ و نە ئایین وە ئەبێ ماڵاوایی‌یان لێ بکەم، کەواتە تۆ بۆ خۆت بەکامەرانی رابوێرەو سەرخۆشی بەختیاری خۆت بە، منیش بە زامی سەختی خۆمەوە سەری خۆم هەڵئەگرم، ئیتر خوا بکا تۆ هەر تاوێ لە خۆشی و شادمانی‌یەکی بێ ئەندازەدا بی و منیش هەموو وەختێ دەردم بۆ تازە بێتەوە، تۆ وەك بولبول بە بۆنی گوڵ مەست بی و منیش وەك بایەقوش لە چۆڵی‌یەکدا بم کە جگە لە ئاوازەی دڵی خۆم هیچی تیا نەبیسم، هەردووکمان بە سەلامەتی بژین تا رۆژی قیامەت بەڵام تۆ بە رەحەتی و من بە دەردو مەینەتەوە.

[٢]

(٢) مەولەوی ئەم غەزەلەی بۆ خزمەتی شێخ محمد جەسیمی برای شێخ قادری دانەری شەرحی «تهذیب الکلام» نووسیوەکە یەکێ بووە لە زانا گەورەکانی سنە بە بۆنەی کوێر بوونی خۆیەوە. ئەم غەزەلە لە هەندێ نوسخەدا بەشێکە لە غەزەلی «بینایی دیدەم تۆ وە سڵامەت» کە لە تیپی «بێ»دا بڵاومان کردەوە.

(٣) تەدریس: دەرس وتنەوە. تەقدیس: بە بێ‌گەرد زانینی خوا. تەمجید: شانو شکۆ بۆ خوا دانان. حەسارە: شوورە. تەقریر: روون کردنەوەی دەرس. تەوحید: خوا بە یەك دانان، مەبەس عیلمی کەلامە. واتە: دەنگی دەرس وتنەوەو تەقدیس و تەمجید کردنی خوا نایەت لە خوێندنگاکەمەوە بە هۆی کوێر بوونمەوە، وە شوورەی خوێندنگای عیلمی تەوحیدم رەنگ و رووی نیە.

(٤) شێخ مهاجر: مەبەس زانای بەناوبانگ شێخ «عبدالقادری مهاجر»ە. ئەم زاتە کوڕی

«کشف الغطا»ی سەدر موحەممەد جەسیم
غونچەی نەشکەفتەن بیّ شنۆی نەسیم(١)

☞

زانای گەورە «شێخ محمد سعیدی تەختەیی» مدرسی مزگەوتی «دار الاحسان» بووە لە سنە، وە سێ برای وەك خۆی زانا بووە «شێخ جەسیم»و «شێخ نسیم»و «وسیم»، وە لە پاش وەفاتی باوکی لە جێگەی ئەو بووە بە مدرسی «دارالاحسان»، تا ساڵی ١٢٧١ی هیجری‌دا لە سەردەمی والیی کوردستان «غوڵام شاە خان»ی مەشهوور بە «امان الله خان»ی دووهەمدا لە ئەنجامی کارەساتەکەی «کاروانسەرا»دا کە لە نێوان شێعەو سوننی‌دا قەوما، لەگەڵ شێخ نەسیمی برایا سنەیان بەجێ‌هێشت‌و هاتن بۆ سلێمانی وە لەوێ دامەزران. بەڵام شێخ جەسیم‌و شێخ وەسیمی برای هەر لە سنە مانەوە، هەرچەند والی لەسە مزگەوتی «دارالاحسان» لای‌بردن‌و شێخ یوسفی مەردۆخیی خزمیانی کرد بە مدرس تیایا چونکە لایەنگری خۆی بووە. موشتەری: کڕیار. تاجر: بازرگان. واتە: کتێبە عیلمی‌یەکان کە شێخ «عبدالقادری مهاجر» دای‌ناون کەس نەماوە بی‌یانڵێتەوە بە فەقێ، چونکە لەو ناوچەیەدا تاقە مامۆستایەك کە ئەو کتێبانەی زانیبێ هەر مەولەوی بووە. ئەو کتێبانەی شێخی مهاجر بریتین لەمانە: سێ شەرح لە سەر کتێبی «تهذیب الکلام» وە نامیلکەی «اثبات الواجب» وە حاشیەی «الزوراء»و «الحوراء» کە «جلال‌الدینی دوانی» دای‌ناون لە عیلمی کەلاما، وە حاشیە لەسەر حاشیەی «مصلح الدینی لاری» لە سەر شەرحی «قاضی» لە بەشی «طبیعیات»و «الهیات» لەکتێبی «الهدایە»ی «اثیر الدینی ابهری» وە گەلێ کتێبی‌تر. مەولەوی لەم شیعرەیا کتێبەکانی شێخی مهاجری شوبهاندووە بە پارچە قوماشی گران‌بەها کە نە بازرگانێك هەبێ توانای فرۆشتنی بێ وە نەکەسیش بتوانێ بیکڕێ. بەڕاستی مەولەوی لە زانایدا شایانی ئەم پیاهەڵدانەی خۆیەتی کەکردوویەتی، بەڵگەش دانراوە بە نرخەکانیەتی لە عیلمی کەلامدا بە عەرەبی‌و فارسی‌و کوردی.

(١) نەشکەفتەن: نە پشکووتوو. واتە: کتێبی «کشف الغطاء» کە زانای گەورە «صدر العلماء شێخ محمد جسیم» دای‌ناوە، وەك چۆن خونچە بە بێ شنۆی نەسیم ناپشکوێ، ئەویش بە بێ نەسیمی زانستی ئیمە دەم ناکاتەوەو نازانرێ. مەولەوی لەم شیعرەی‌دا دوو هونەری «بدیع»ی بەکار هێناوە، یەکەم یەکخستنی «خونچە»و «نەسیم» کە پێی ئەڵێن «طباق»، دووهەم کۆکردنەوەی «جسیم»و «نسیم» کە پێی ئەڵێن «جناسی ناقص».

بـــێ نـــازەن کـــیتاب «عـــطا»ی «دولتـــین»
یەند رێزان قەترەی خوم جە عـەین عـەین(١)

تـــەفاوت نـــیەن تـــێش‌دا جـــە مـــابەین
شوبهەی شین‌و سین میسل عـەین‌و غـەین(٢)

بـــاڵ نـــمەدۆ تـــەیر تـــەحریر وە هـــەم‌دا
گـــا وە رووی رۆم‌دا، گـــاوە عـــەجەم‌دا(٣)

ئـــومەنای دەوڵەت جـــە گـــردین لاوە
نـــە ئـــینتیزارەن چـــەم نـــە رووی راوە(٤)

تـــەوانـــای وانـــای فـــەرمان نـــەمەندەن
چـــەپەر بـــێ جـــواو، خـــەبەر پـــا بـــەندەن(٥)

---

(١) عەطای دەوڵەتەین: «عطاء الدولتین» کتێبێکە، هەرچەند نەم‌دیوە بەڵام بـە هـەندێك نیشانەدا وا دیارە باسی مەزهەبی شێعەو سوننی ئەکا، وە بە نیازی نەهێشتنی ناکۆکی‌و لە یەك نزیك کردنەوەی دەولەتی عوسمانیی سوننی مـەزهـەب‌و دەولـەتـی ئـێرانـی شـێعـە مەزهەب نووسراوە. عەین: سەرچاوە. عەین: چاو. واتە: ئەوەندە فرمێسکی شینی وەك خوم لە سەرچاوەی چاوم هاتووەتە خوارەوەکتێبی «عطاء الدولتین» بێ ناز کەوتووە.

(٢) تەفاوت: جیاوازی. تێش‌دا: تیایا. شین: ئیشارەتە بۆ شێعە. سین ئیشارەتە بۆ سوننی. عەین مەبەس لە قسەی راست‌و رۆشنە. غەین: مەبەست قسەی غەڵەت‌و تاریکە. هەڵیش ئەگرێ هەر مەبەس ناوی تیپەکان بێ. واتە: بە هۆی کوێر بوونمەوە فەرق نەماوە لەکتێبی «عطاء الدولتین»دا لە نێوانی شوبهەی شیعەکان‌و دەلیلی راستی سوونی‌یەکاندا، وە جیاوازی نەماوە لە نێوانی رۆشن‌و تاریکا، یان جیاوازی نـەماوە لە بـەینی تـیپی شین‌و سین‌و، عەین‌و غەین دا، چونکە فەرق بە چاو ئەکرێ، وە منیش چاوم نەماوە.

(٣) باڵ نمەدۆ: باڵ لێ نادا.واتە: باڵداری نووسینم بە هۆی کوێر بوونمەوە، وەك جـاری جاران ناداتە شەقەی باڵ، جـارێك بـەرەو وڵاتـی رۆم‌و جـارێك بـەرەو وڵاتـی عـەجەم. مەولەوی لێرەدا توانای نووسینی خۆی شوبهاندووە بە باڵدار.

(٤) ئومەنا: امناء. گردین: هەموو. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی‌دا دێ.

(٥) وانا: خـوێندنەوە. چـەپەر: مـەئمووری پۆسـتە. جـواو: جـواب، وەرام. واتـە: پـیاو

سـەهلەن بـینایی دیـدەی مـەعدووم سـەند
داخـم هـەر ئیدەن ئاخ پـەی یـاران مـەند(١)

بـــەڵام کـــێن بـــدۆ نـــەی راگـــوزەردا
شـــان وە شـــان شـــێر قـــەزاو قـــەدەردا(٢)

مـــەحبووبەن هـــەرچـــی مـــوقتەزای قـــەزان
مەغووبەن جەلای هـەر کـەس پـێش رەزان(٣)

هـــەر شـێرێ جـە شیر شـێران شیر وەردەن
گەردەن پەی زەنجیر تەقدیر کـەچ کـەردەن(٤)

بـــارێ ئـــەگـــەر هـــەور ئـــەلتاف بـــاری
پـــەی مـــەدەدکاری وە دڵدا بـــاری(٥)

☞

ماقوڵانی رۆمو عەجەم چاویان لە رێیەو بە تەمان منیان پـێبگـات، بـەڵام مـن تـوانـای خوێندنەوەی نامەی ئەوانم نەماوە تا وەرامیان بدەمەوە، لە بەر ئەوە مەئمووری پۆسـتە ماتڵەو خەبەر پێی بەسراوە.

(١) مەند: مایەوە. واتە: کوێر کردنی مەولەوی وەنەبێ لە خۆیا شتێکی گران بێ، وە مـن بۆ چاوم خەفەتبار نیم، وە بۆ ئەوە خەفەتبارم کەکوێر بـوونەکـەم بـووە بـە مـایەی خـەم خەفەت بۆ دۆستو برادەرانم.

(٢) کێن: کێیە. بدۆ: بدا. نەی: لەم. واتە: بەڵام چار چیەو کێ هـەیە لەم رێگـوزەرەدا بتوانێ شان بدا لە شانی شێری قەزاو قەدەر؟.

(٣) پێش: پێی. رەزان: رازیە. واتە: هەرچی قەزاو قەدەری خوا پێویستی بکا خـۆشـە، وە هەرکەس بە قەزاو قەدەر رازی بێ پێی ناخۆش نابێ.

(٤) وەردەن: خواردووە. واتە: هەر شێرێ شیری شێری خواردبێ گەردەن کەچ ئەکا بـۆ قەزاو قەدەری خوا. مەبەس شێر ئینسانی مەردە.

(٥) بارێ: بە هەر حاڵ، هەر چۆن بێ. باری: خوای گەورە. مەعنای ئەم شـیعرە لەگـەڵ شیعری دوایی‌دا دێ.

دیـدەی سـەر ئـەر شـی دیـدەی سڕ کـافین
ئـێد دای مـونافین ئـەو دەوای شـافین(١)

ئـێد وەزیـفەی گـڵ، ئـەو لەتـیفەی دڵ
ئەو چون مـەنزڵەن، ئێد بـێ چـون مـەنزڵ(٢)

ئـەو بـەقاش نـیەن، فـەناش تـاقیەن
ئـێد عـەتای تـاقیو بـاقیو لاقـیەن(٣)

---

(١) ئەر: ئەگەر. شی: لەکیس چوو. دیدەی سڕ: چاوی دڵ. واتە: بە هەر حاڵ ئێستەش کەکوێر بووم، ئەگەر هەوری لوتفی خوا بۆ کۆمەکی بارانێکی رەحمەت بە سەر دڵما بارێنێ من زەرەر ناکەم چونکە هەرچند چاوی سەرم نەماوە خۆ چاوی دڵم ماوە، وە بەسمە، بە تایبەتی کە چاوی دڵ گەلێ قازانجی زۆرترە لە چاوی سەر، بەڵکو موناسەبەیان بە یەکەوە نیە بە هۆی ئەوەوەکە چاو تەماشای حەرامی پێ ئەکرێ، وە سەیری شتی وا ئەکا کە ئینسان مەشغووڵ ئەکا لە یادی خوا، وە وەکو دەردێك وایەکە لەگەڵ تەندروستیدا یەك نەکەوێ، بەڵام چاوی دڵ لە بەر بیر کردنەوەی لە شتی بە سوود وەك دەرمانێی شیفا هێنەر وایە. مەولەوی لەم سێ شیعرەی پێشوویدا هونەری «جناس»ی بەکار هێنا وەك کۆ کردنەوەی وشەی «شێر»ی بە مەعنا پیاوی ئازاو «شیر»ی بە مەعنای خواردەمەنی، وە «باری»ی بە مەعنای خوای گەورەو «باری»ی لە بارانەوە وەرگیراو، وە «سەر»و «سڕ».

(٢) بێ چون: ئەوەی کەکەسی لە وێنە نیەکە خوایە. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٣) تاقیەن: تەحقیقە، راستە. لاقی: بە ئینسان گەیشتوو. واتە: ئیشی چاوی سەر ئەوەتە سەیری شتی مادی بکا، بەڵام ئەرکی سەرشانی چاوی دڵ ئەوەتە خەریکی کارو باری مەعنەوی بێ، وە چاوی سەر جێگای شتی مادیی تیا ئەبێتەوەکە وێنەی بێ، بەڵام چاوی دڵ ماواو مەنزڵی خوای بێ وێنەیە وەك لە حەدیسا هەیە:

«قَلْبُ الْمُؤْمِنِ عَرْشُ الرَّحْمٰنِ».

واتە: دڵی پیاوی موسوڵمان بارەگای خوایە، هەروەها چاوی سەر مانەوەی بۆ نیەو گومانی تیا نیەکە ئەفەوتێ، بەڵام چاوی دڵ بەخششێکی راستو دەوام دارو بە خوا گەیشتووە.

لێرەدا مەبەسی مەولەوی ئەوە نیەکە چاوی سەر لە هەموو رووپەکەوە خراپو بێ سوودە، وە چاوی دڵ لە هەموو سەرێکەوە باشو بەکەڵکە، چونکە ئاشکرایەکە هەردووکیان شتی

[٣]

تەختەی مۆبەت تاش[١]

تــەختەی مـۆبـەت تـاش، نـەجار دڵ تـەنگ
گــیر گـێج دام کـڵافـەی شـەوڕەنگ![٢]

نــامەی ئــایرین گــەرمی ئــەنگێزت
دووی پووش جـەستەی دەردیـنان خـێزت[٣]

یـاواو حــاڵـیم بــی یـەك یـەك ئـیشاران
خەندەم کەرد، هەی‌های، دەردەکـەن یـاران[٤]

☞

چاك‌و خراپیان پێ ئەکرێ. بەڵکو مەبەسی ئەوەیە ئەو چاکەیەی بە چـاوی دڵ ئـەکرێ بەکەڵك ترە لەوەی کە بە چاوی سەر ئـەکرێ. لە راستی‌دا سـەعاتێك بـیر کـردنەوە لە عیبادەتی حەفتا ساڵ بەکەڵك‌ترە، وەك لە حەدیسا هەیە.

[٣]

(١) مەولەوی ئەم پارچە هەڵبەستەی لە وەڵامی نامەی دۆستێکیا نووسیوەکە ناوی «مەلا عبدالرّحیمی نجاری» بووەکە لە نامەکەیا باسی سۆزی دڵی خۆی کردووە بۆ مەولەوی بە هۆی تەئسیری مورشیدیەوە لە سەرەتای تەریقەت وەرگرتنیا.

(٢) موبەت: محبەت، خۆشەویستی. نەجار: دارتاش. گیر: گیر خواردوو. گێج: پێچ. دام: داو. شەوڕەنگ: تاریك وەك شەو. واتە: ئەی ئەو دۆستەی کـە تـەختەی خـۆشـەویستی ئەتاشی، وە ئەی دارتاشی دڵ تەنگ‌و گرفتاری پێچی داوی کلافەی رەشی خۆشەویستی. مەولەوی کە لەم شیعرەدا بە «نەجار» بانگی کردووەتە مەلا «عبدالرّحیم» کە ئەم پـارچـە شیعرەی بۆ ناردووە، وە مەلا «عـبدالرّحـیم»یش خـەڵکـی دێی «نـجار» بـووە لەویـەری سیروانەوە لە نزیکی «پاوە»، نەزاکەتێکی جوانی بەکار هێناوە.

(٣) ئەنگێز: بەرپا کەر. دوو: دووکـەڵ. جـەستە: لاشـە. دەردیـنان: دەرداوی. خـێز: بـرز کەرەوە. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی‌دا تەواو ئەبێ.

(٤) خەندەم کەرد: پێکەنیم. واتە: نامە ئاگراوی‌یەکەت کە گەرمای بەرپا ئەکردو دووکەڵی هەڵئەساند لە لەشی برینداری وەك پووشمان، پێم گەیشت‌و لە هـەموو ئیشارەتەکـانی گەیشتم‌و دام لە قاقای پێکەنین‌و وتم ئەرێ وەڵلا دەردەکەیە ئەویش گرفتار بووە!.

ئەر راسەن دۆسیت دۆسەکەی گیانی
مـن وە دار کـۆڵەك خـەمان مزانی[١]

هـوون بـێ پـایان دەردم وەردەبـۆ
تـەجرەبەی تـۆڕدام عـەشقم کـەردەبۆ[٢]

هـاڵای گـرپەی دەرد ئـەو بـاڵای ئـاڵا
نـەکـوورەی دەروون نـە گـرتەن بـاڵا[٣]

دام دوو بـادەی سـەیاد قـاتڵ
نـەپێچـیان نـەدەور پـای شکستەی دڵ[٤]

فـرسەت نـەکـەوتەن بـەو رەنگ قـادر بـۆ
جـەفاش فـراوان، وەفـاش نـادر بـۆ[٥]

دەخـیل زووتـەر کـێش پـات ئـەو دماوە
نـەگـنی نـەی تـۆڕدام وە هـەردوو پـاوە[٦]

---

(١) ئەر: ئەگەر. کۆڵەك: کۆڵەکە. خەمان: داری چەمیوە. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٢) هوون: خوێن. وەردەبۆ: خواردبێ. تۆڕدام: تۆڕ داو.

(٣) هاڵای: هێشتا. ئاڵا: جوانو بەرز. نەگرتەن باڵا: بەرز نەبووەتەوە. واتە: برای شیرینم ئەگەر بەراستی دۆستمیو من بەکۆڵەکەی راگیرکەری داری خەمو مەینەتی خۆشەویستی ئەزانیو لات وایە من خوێنی دەردو ئازارم خواردووەو تۆڕ داوی خۆشەویستیم تاقی کردووەتەوە، باوەڕم پێبکەکە پێت بڵێم هێشتا بڵێسەی دەرد لەکوورەی دەروونتەوە بەرز نەبوەتەوەو زۆرت ماوە...

(٤) دووبادە: دوولۆ. سەیاد: راوچی. مەعنای ئەم شیعرە بە شیعری دوایی‌یەوە بەسراوە.

(٥) قادر بۆ: بتوانێ. واتە: داوی دوو لۆی راوچیی کوشندە هێشتا نەئاڵاوە لە قاچی شکاوی دڵت، وە هێشتا بۆی هەڵنەکەوتووەکە بتوانێ وەفای کەم بێ لەگەڵتاو سزای زۆرت بدا.

(٦) کێش: بکێشەرەوە. نەگنی: نەکەوی. واتە: دەخیلتم زووتر پێت بکێشەرە دواوە پێش ئەوەی بە هەردوو پێ بکەویتە ئەو تۆڕداوەوە.

جــەو دمــا وە دەس پــای ئـیستیغناوە
لەرزی وە ســـەر تــەڵ دار فــەناوە(١)

ســەر وەنــەت بــبۆ وە بـار گـەردەن
بـوازی هــەر سـات ئـاوات وە مـەردەن(٢)

نـە پـەی ئـەو رەویـەی بـەینەت داری بـۆ
نـە پـەی تـۆیـچ مـەرگ رستگاری بـۆ(٣)

ئەو سـەبر، ئـەو تـاقەت، ئـەو تـەوانـای دەرد
نەدیت خەرجـم کـەرد فـائێدەش نـەکـەرد(٤)

ئـیسە سـۆچـیای گـەرمی دڵ سـەردیم
سـەودایـی سـارای دەرد بـێ دەردیـم(٥)

ئـەر مـژنەوی خـاس، وەرنـە مـزانـوو
مـەرگ پـەرێ تـۆیـچ مـدۆ نـەزانـوو(٦)

---

(١) جەو دما: لەوەوپاش. واتە: ئەگینا لەوەوپاش بە سەر تەڵی داری لە ناو چوونەوە بە دەم بای بێموبالاتی دۆستەوە ئەلەرزی.

(٢) وەنەت: لێت. ببۆ: ئەبێ. بوازی: ئەخوازی.

(٣) واتە: ئەو وەختە نە ئەو ئاگای وەفاو بەین ئەزانێ، وە نە تۆیش بە مردن رزگار ئەبی.

(٤) تەوانەی دەرد: دەرەقەتی دەردو مەینەت هاتن. نەدیت: نەت دی. واتە: نەت دی من چەند خۆم راگرت کەچی کەڵکی هیچی نە بوو؟.

(٥) سۆچیا: سووتاو. واتە: ئێستا من سووتاوی گەرمای دڵ ساردیی یارم، وە گرفتاری دەردێکم کە لەکەسەوە دیار نیەو بە جۆرێکە کەکەس بە دەردەدارم نازانێ.

(٦) مژنەوی: ئەبیسی. پەرێ: بۆ. زانوو: ئەژنۆ. واتە: جا ئەگەر گوێم بۆ شل ئەکەی باشە، ئەگینا خۆم ئەزانم کە مەرگ بۆ تۆیش دێتە سەر ئەژنۆو خۆی ئامادە ئەکا.

[٤]

تەئسیر خەیاڵ(١)

تــەئسیر خــەیاڵ کــردەی مــن ســەردا
ســســتی شــەرمندەن ســەرشی وە وەردا(٢)

ســەنگی ســەنگی بــار تــاوان زۆر کــەردەن
پــیری بــەدنامەن قــامەت خــەم کــەردەن(٣)

تــەن خــەمیاوە، یــانێ دەســتوورەن
وادەی هــۆرێزنــای گــیان ئــەو حــوزوورەن(٤)

تــاوان رای نــەفەس رجــا گــرتەن لێم
کــردە یــاگــەی دەس تــەما نــاستەن پێم(٥)

---

[٤]

(١) مەولەوی لەم پارچە شیعرەیا باسی وەزعی پیریو چەمینەوەو فەلسەفەی چەمینەوەی باڵای خۆی ئەکا.

(٢) شی: چوو. واتە: ئەنجامی بیر کردنەوەم لەکردەوەی بەدم دەرکەوت، لەبەر ئەوەی سستیو تەمەڵیم لەکردنی ئیشی باش شەرمەزار بوو، وە سەرم دانەوییەوە.

(٣) سەنگی: قورسی. سەنگی بار: باری قورس. خەم چەمیوە. واتە: قورسی باری قورسی گوناحە زۆری هێناوەو باڵامی چەماندوەتەوە، کەچی پیری بەدناو بووەو خەڵك ئەڵێن ئەوە چەماندوویەتەوە.

(٤) خەمیاوە: چەمیاوە. هۆرێزنا: هەستاندن. واتە: ئەم لەش چەمینەوەیە ئیشارەتە بۆ ئەوەکەکاتی ئەوە هاتووە گیان راست ببێتەوە بچێ بۆ حوزووری خوا، چونکە هەرکەس کە هەڵسێتەوە سەر پێ ئەبێ جووڵەیەکی بۆ بکاو لەو جوڵەیەدا سەری دانەوێنێ. مەبەس لە چوون بۆ حوزووری خوا، مردنە. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «خەمیاوە» نووسراوە «نامیاوە» ئەمیش هەر بە مەعنای ئەوە.

(٥) را: رێگا. نەفەس: هەناسە. یاگە: جێگا. ناستەن: نەهێشتووە. واتە: گوناح رێگای لێ گرتووم کە هەناسە بدەمو تکات لابکەم، وەکردەوەی خراپ جێگەی دەسی هیوای پێ نەهێشتووم.

پـــای هــەوەس تــەزان، ئــارەزوو مــۆڵەق
مــەندەن وە رەحـــمەت بــێ پایان حــەق[١]

دامــــنەکـــەی ئـــایێر دەروونـــم تـــۆنـــی
وەی دوو فــەردەوە مــوغەننی کــۆنـــی؟[٢]

یـــــارەبی نـــەو شــــەو تـــاریکەی فـــانی
هـــەر تــۆ وەکـــردەی بــەدیم مـزانـــی[٣]

ئـــای سـوبح مـەحشـەر سـەر ئـەفگەندە وێم
شـەرمەندەی حـوزوور خـوداو بـەندە وێم[٤]

---

(١) تەزان: تـەزیوە. مـولەق: معلّق، سـەرگەردان. واتـە: پـێی هـیواو هـەوەسم تـەزیوەو جوڵەی پێ ناکرێ، ئارەزوویشم سـەرگەردان بـووە، بـەس ماوەتەوە سـەر رەحـمەتی نەبڕاوەی خوای گەورە.

(٢) دامنەکەی: داوێنەکەی. کۆنی: لەکوێی. واتە: لەم کاتەدا کە من داماوم‌و دڵم سارد بووەتەوە، تۆی بووی بە داوێنە بۆ خۆش کردنی گڕی ئاگری دەروونم، ئەی گۆرانی بێژ، دەسا لەکوێی بێی بە ئاوازە خۆشەکەت ئەم دوو شیعرەم بۆ بڵێیت‌و گڕ بەربدەیتە دەروونم. دوو شیعرەکەش ئەمانەی دواوەن.

(٣) واتە: خوایە لەم شەوی تـاریکی دنیای فـانی‌یەدا، هـەر تـۆی شـارەزای کـردەوەی بەدمی‌و چاوت لێ‌یەتی، دەسا بەزییتپیاما بێتەوە.

(٤) سەرئەفگەندە: سەر داخستوو. وێم: خۆم. واتە: ئەگینا ئـەبێ لە بـەرەبەیانی رۆژی مەحشەرا سەری خۆم داخەم‌و خەجاڵەت باری حوزووری خواو بەندە بیم.

[٥]

تەرك ئینتیزار[١]

تــەرك ئــینتیزار حــەیات كــەردەنم
یــانێ ژار مــار دووری وەردەنــم[٢]

شــنۆی رەشــەبای زووســان هــیجران
ســەرچــڵەی عــەیشم كــەردەن وە بــوریان[٣]

كــڵێڵەی خــەفەت نــەسەر كــاوەی دڵ
مــەزرەعەی شــادیم كــەردەن بــێ حــاسڵ[٤]

مــن جــە خــێڵخــانەی مــەینەت پــامالْم
كــۆن بــەینەت داریٚ پــەرسۆ ئــەحواڵم؟[٥]

مــەر ئــازیز وە خــەیر تــەشریف بــاوەرۆ
نــەی گــێجــاو خــەم دەسگــیریم كــەرۆ[٦]

---

[٥]

(١) مەولەوی لەم پارچە شیعرەیا سكاڵای حاڵی خۆیو باسی خەمو مەینەتو دووریی دۆستان ئەكاو داوای لوتفی دۆستان ئەكا.

(٢) كەردەنم: كردوومە. وەردەنم: خواردوومە. واتە: دەسم لە چاوەڕێیی كردنی ژیان هەڵگرتووە، چونكە ژەهری ماری دووریی یارانم خواردووە.

(٣) زووسان: زستان. بوریان: بوریانی. واتە: شنەی رەشەبای زستانی دووریی یاران ئەوەندە سارده، سەرەتای ژیانمی، كە وەرزی لاویمە، كردووە بە بوریانیو دای رزاندووە. مەولەوی لێرەدا سەردەمی لاوێتیی خۆی شوبهاندووە بە سەر چڵی درەخت كە سەرما بیباو دایڕزێنێ.

(٤) كڵێڵە: بەو بەفرە ئەڵێن كە لەلا شانی شاخە بەرزەكانا گرد ئەبێتەوەو ریچكە ئەبەستێ. كاو: بەرزی. واتە: كڵێڵەی مەینەت لەسەر بەرزایی دڵم بە جۆرێ زۆری هێناوەكێڵگەی شادیو خۆشی دڵمی فەوتاندووەو كارێكی لێ كردووە هیچی لێ نەیەتە بەرهەم.

(٥) كۆن: كوا. پەرسۆ: بپرسێ. واتە: من لە ناو هۆزی مەینەتو خەما گوم بوومو شوێنەوارم كوێر بووەتەوە، دەسا كوا دۆستێكی بە وەفا لێم بپرسێتەوەو بە دواما بگەڕێ؟.

(٦) باوەرۆ: بێنێ. نەی: لەم. واتە: مەگەر ئازیزەكەم بە خێریەت تەشریف بێنێ بۆ لامو لەم گێژاوی مەینەتەدا دەسم بگرێو رزگارم بكا.

بـــنۆشـــنۆ وە دڵ ســـەهبای مـــەیل وێش
پەی وەخت مەردەن حەسرەت نەبۆ پێش[(١)]

[۶]

تا جە داخی تاق[(٢)]

تـــا جـــە «داخـــی» تـــاق، جـــفت خـــەمەنان
راس بـــاڵا چـــون چـــەوگان چـــەمەنان[(٣)]

شـــەماڵ وە خـــزمەت ئـــەو زامـــان خـــەتەر
بشـــۆ، ئـــەر پـــەرساش ئـێدش جـواو دەر:[(٤)]

گـــیرۆدەی ئـــازار ســـەخت فـیراقـەن
هـــەر چـــەند مـوشتاقی ئـێنـدە مـوشتاقەن[(٥)]

بـــەڵام تـــاو ســـەیل دەردەکـــەی دووریت
لافـــاو هـــووناو رەنـــج مـــەهجووریت[(٦)]

---

(١) بنۆشنۆ: بنۆشێ. سەهبا: «صهباء»، مەی. واتە: پیاڵەی شەرابی خۆشەویستی خۆی دەرخواردی دڵم بدا، بەڵکو لەکاتی مردنا داخ و خەفەتی تیا نەبێ.

[۶]

(٢) مەولەوی بەم پارچە هەڵبەستەی قسە لەگەڵ شاعیری بەرز «شێخ عبداللەی داخی» ئەکا کە دۆستی بووە، وە ویستوویە سەری لێ بدا بەڵام بە هۆی لافاوکردنی ئاوی سیروانەوە نەی توانیوە بڕوا بۆ لای.

(٣) جفت: جووت. چۆ: دار. چەوگان چەم: گۆچان چەمینەوە. واتە: تا بە تەنها بەو شێخ عبداللەی داخیم لەگەڵ نەبێ، هاو جووتی خەم و خەفەت ئەبم، وە باڵای راستم وەکو داری گۆچان چەمینەوە وا ئەبێ. لە دێهاتی کوردەواری‌دا کە گۆچان دروست ئەکەن سەرێکی ئەچەمێننەوە وە بە تووڵی باریك ئەی‌بەستن تا وشك ئەبێتەوە و دەق ئەگرێ. لە بەینی وشەی «تاق» و «جفت»ا بە پێی عیلمی «بدیع» هونەری «طباق» هەیە.

(٤) بشۆ: بچۆ. پەرساش: پرسی. واتە: شەماڵ بڕۆ بۆ خزمەتی ئەو دۆستەم کە گیرۆدەی برینی خەتەرناکە، وە ئەگەر پرسیاری لێ کردی لە وەراما بڵێ... واتەکەی دواوەدا باس کراوە.

(٥) ئێندە: ئەمەندە.

(٦) سەیل: لافاو. مەعنای ئەم شیعرە و دوو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

تــانجەرۆی ئـەی چـەم، سـیروان ئـەو چـەم
جۆشاوێ وە هەم ئەی چـەم تـا ئـەو چـەم[١]

کـــەڵەك هـــۆر مـــدا نـــمازا دەو لێش
رای ئـــامام نـــەوی پـــا بـــنیەو ئـەو پێش[٢]

---

(١) تانجەرۆ: چەمێکە سەرچاوەکەی ئەکەوێتە رۆژاوای سەرووی سولەیمانی‌یەوە، وە بە بەردەمی «جیشانە» و «هەزار مێرد»ا تێ‌پەڕ ئەبێ وە لە «شارەزوور» لە نزیکی «بیسەلمێن» ئەڕژێتە ئاوی «زەڵم»ەوە، پاشان هەردووکیان لە نزیکی «شەکەمەیدان» تێکەڵی ئاوی «سیروان» ئەبن. سیروان: رووبارێکی گەورەیە، سەرچاوەکەی ئەکەوێتە ژووررووی شاری «سنە»وە لەکوردستانی ئێران. ئەم رووبارە لە سێ بەشی گەورە پێك دێ، یەکەم ئاوی ناوچەی «کۆماسی»، دووهەم ئاوی «مەریوان»، ئەم دوو بەشە لە نزیکی دێی «دوورۆ»وە تێکەڵ یەك ئەبن وە پێکەوە ئەڕۆن تا لای دێی «روار» لە ژووررووی «هەجیج»ەوە تێکەڵی ئاوی «گاوەرۆ» ئەبن، ئیتر لەوێوە پێی ئەوترێ «سیروان». کەواتە سیروان لە «سێ روودان»ەوە گیرواە واتە سێ چەم. جۆشاوە وە هەم: تێکەڵی یەك بووبوون... مەولەوی لەم شیعرەدا چاوێکی خۆی شوبهاندووە بە تانجەرۆو ئەو چاوەکەی شوبهاندووە بە سیروان.
(٢) کەڵەك: چەند پارچە تەختەیەك بە یەکا ئەکوترێ‌و لە ژێریەوە چەند پێستە گای فوو دراوی پێوە ئەبەسرێ‌و ئەخرێتە سەر ئاو بۆ پەڕاندنەوەی خەڵك، ئەوە پێی ئەوترێ کەڵەك. نمازا: نایەڵن. دەولێش: لێی بدەم. واتە: بەڵام تاوی لافاوو خوێناوی دەردی دووریت، وەك ئاوی سیروانو تانجەرۆ لە چاوەکانمەوە ئەڕژانە خوارەوەو تێکەڵی یەك بووبوون، وە ئەوەندە زۆر بوون کەڵەکیان فڕێ ئەداو نەیان ئەهێشت پێ بنێمە بەر پێ‌و بپەڕێمەوە بێم بۆ لات.
شێخ عبداللّٰه‌ی داخی کە پارچە شیعرەکەی مەولەوی ئەگاتە دەستی، بە پارچە هەڵبەستێکی جوان وەرامی ئەداتەوە. وا لێرەدا بۆ زیندوو کردنەوەی یادی داخی‌و پیشان دانی پایەی بەرزی لە جیهانی ئەدەبدا، ئەو پارچە هەڵبەستە ئەنووسینەوە:

تەسکین بەخشی دەرد «داخی» داخ نە دڵ — دامان وە هووناو ریشەی دڵ گوڵ گوڵ
یەك رۆ چەم نەچەم گرەو بەردە بێ — سەیل خەم یانەم وێران کەردە بێ
نیشتەبێم چون تەیر دوور وامەندەی گوڵ — پەشێو حاڵ، خەمناك، چون سازەدەی دڵ
ناگا دەوای دەرد دەروون پڕ خاران — نۆش داررووی زامان زامەت ئەوگاران
یانی نامەکەی خامەی خەم رەقەم — مەنزومەی مەعدووم چەنی خەم هەمدەم

[٧]

تۆنەی کۆچدا(١)

تـۆنـەی کـۆچدا کـار وێت مـەحکەم کـەردەن
بـەڵام ریشـــەی مـن جـە بـێخ ئـاوەردەن(٢)

تـۆ مـەردەی شـەهید زیندەی بێ باکی
من زیندەی مـەردەی دەشت خـەمناکی(٣)

تـۆ ئـازاد پـەی سـەیر جـای جـاویدانـی
مـن پـا بـەستەی بەند ئـەی دنیای فـانی(٤)

☞

یـاوا وە سـەر دار دەروون پڕ داخـان
پـەروانـەی پـای شـەم سـەڵار ئوتاخان

ئـەر سـەد شـەرارەی نـائیرەی دووری
تـاو دابێ وە تـاو کوورەی مـەهجووری

گـــەمی تـــەوەنتاو دەرد تـــەنیاییم
بـەردە بـێ یـەکسەر سـۆمـای بینـاییم

سـانام جـە قـاسید سـاکن بی دەردم
وە دیـدەی بـێ نـوور موتاڵاش کـەردم

نمەز چەرخ چەپ چەواشەی چـەپگەرد
پەی کـام دەردی سـەر نیگاداریم کـەرد

وەرنـە مـەویا وەخت وانـای نـامەکـەت
گیان کەردام فیدای رەشحەی خامەکـەت

رووی ئەجەل چون بەخت سیام سیا بۆ
نـاما گـیان جـەو دەم جـەتەن جیا بـۆ

[٧]

(١) مەولەوی ئـەم قـەسیدەشی لە لاواندنەوەی «عبدالرّحمان»ی کـوڕی مـەحمودی یاروەیسی پیاوماقووڵی مەحمووپاشای جاف وتووە.

(٢) نـەی کـۆچـدا: لەم کـۆچ کـردنەتا. واتـە: تـۆ لەم کـۆچـی دوایـی‌یەتا ئیشی خـۆتت رێکخستووە چونکە بە شەهیدی رۆیشتووی، بەڵام ریشەی منت لە بێخ هەڵکێشاوە.

(٣) مەردە: مردوو. زیندە: زیندوو. واتە: تۆ مردوویەکی شەهیدی لەبەر ئەوە زیندووی‌و ترست نیە، بەڵام منیش کە ماوم‌و بە سەر زیندووم، مردووی دەشتی خەمباری‌و داماویم.

(٤) جاویدانی: نەبڕاوە. واتە: تۆ ئازادی بۆ سەیر کردنی بەهەشت، منیش پێ بەندی ئەم جیهانە لەناو چووم.

تــۆ لواى بــەو ئــەجر ســەختى زامــەوە
مــن پــەرىٚ حــەسرەت دووريت مـامەوە[(١)]

پـەى تــۆ راحــەت بـۆ، پـەرىٚ مـن زامـەت
هــەر شــەو رۆرۆ بــۆ تــا رۆى قــيامەت[(٢)]

[٨]

تۆپڵاخەى دووكەڵ[(٣)]

تــۆپــڵاخــەى دووكــەڵ هــيجران دڵبــەر
جەم بووگە وەك هەور نە رووى سەقف سەر[(٤)]

حــاشا خــۆ رەنگــم هــيچ نــەماگــە پــێ
ســەرم وەكــوو تــاس دەنگــى لێوە تــێ[(٥)]

كەى كەم ئيستەكەم خوێناو ئـەكـا شـەست
لە دوو پلووسكەى چاو شۆڕاو گەى بەست[(٦)]

---

(١) لواى: رۆيشتى. پەرىٚ: بۆ. واتە: تۆ بە ئەجرى زامە سەختەكەتەوە رۆيشتى، منيش مامەوە بۆ خەفەت خواردن بە بۆنەى دوور كەوتنەوەتەوە.

(٢) زامەت: زەحمەت. واتە: تۆ بۆ خۆت بحسييتەوەو منيش بۆ خۆم بە زەحمەتو دەردو مەينەتەوە بتلێمەوە تا رۆژى قيامەت، وە هەموو شەوىٚ لە رۆ رۆو هاوارو گريانا بم.

[٨]

(٣) مەولەوى ئەم پارچە هەڵبەستەى لە سەر شێوەى قسەكردنى خەڵكى ناوچەى «تاوەگۆزى» وتووەكە نيشتمانى خۆى بووە.

(٤) تۆپڵاخە: تۆپەڵ. بووگە: بووە. واتە: تۆپەڵە دووكەڵى دووريى يار وەك پارچەى هەور كۆبووەتەوە بە سەربانى سەرمەوە.

(٥) نەماگە: نەماوە. تىٚ: دێت.

(٦) كەى كەم ئێستەكەم: جوملەيەكى خەڵكى ناوچەى تاوەگۆزى بەكارى ئەهێنن بە مەعناى «هەميشەو بە زۆرى». واتە: خوێناو بەردەوام لە چاوەكانمەوە وەك باران شەست ئەكاو چۆڕاوگەى بەستووە.

لافاو کووچەی جەستەی زوخاڵی
هەڕگاو هەستی هەرچی بوو ماڵی (١)

[٩]

تەن وە ئێش دەرد

تەن وە ئێش دەرد زامەتان خەستەن
فەڵەك پای ئامام وە زەنجیر بەستەن (٢)

خەم زەدەی خەم کێش خەفەت بارەنان
بەری جە یاوەر، دوور جە یارەنان (٣)

چەپ گەرد هەر ساتێ دەردێ مدۆ پێم
رای ئامای قاسید ئازیز بەستەن لێم (٤)

وەشڵە هەر پەی تۆن هەی شادمانی
پەیك لەیل ئاما وە تۆ مزگانی (٥)

---

(١) کووچە: کۆڵان. زوخاڵی: رەش بووەوە وەك خەڵووز. هەڕگاو: قوڕاو. واتە: لافاوی فرمێسکە خوێنینەکەم کە بە چاوما دێتە خوارەوە، بەکۆڵانی لەشی سووتاوی ڕەش بووەوەما ڕۆیی و هەرچی نیشانەیەکی بوونم پێوە مابوو هەمووی راماڵی و لەگەڵ خۆیا بردی.

[٩]

(٢) ئامام: هاتنم. بەستەن: بەستووە. مەعنای ئەم شیعرەو شیعرەکانی پاشەوە پێکەوە دێن.
(٣) خەم زەدە: خەم لێ داو. خەفەت بارەنان: خەفەتبارم. یاوەر: یارمەتی دەر.
(٤) مدۆ: دەدا. ئامای: هاتنی. قاسد ئازیز: فروستادەی یار.
(٥) وەشڵە: خۆشی: پەیك: شاتر، پەیام هێنەر. مزگانی: مژدە. مەولەوی لە گەڵێ شوێنا وا پیشان ئەدا ئەوو شادمانی پەیوەندیان بە یەکەوە نیە وە هەرگیز یەك ناکەون، چونکە دوژمنی خوێنە خۆری یەکترین و خێری هەر کامیان شەڕی ئەویانە. لێرەشا ئەڵێ: من لەشم گرفتاری دەردی زەحمەتە، وە گەردوون پێی بەستووم ناتوانم بچم بۆ لای یار، وە بەمەش دەس بەردارم نەبوە، رێی هاتنی فروستادەی ئەویشی لێ گرتووم کە بێت بۆ لام.

[١٠]

تا تەوانام بێ

تـا تـەوانـام بـێ شـەو بـێداریـم کـەرد
پـەرێ نـۆشـای جـام بـێ قـەراریـم کـەرد(١)

وێت واتـەن هـەر کـەس شـەوان بێداربۆ
مشیۆ مـەست زەوق بـادەی مـەی خـار بـۆ(٢)

[١١]

تەرسوون

تـەرسوون ئـەر بـەدەن رەقـیب دڵ سـەرد
بکـەرۆش وە خـاك گـەردش چـەپ گـەرد(٣)

☞

کەواتە ئەی شادمانی، هاتنی فروستادەی لەیل بۆ لای تۆیە، چونکە ئەگەر بۆ لای من بهاتایە ئەبوو بە مایەی دڵخۆشیم، خۆ دیارە منو دڵ خۆشیش بەینمان رێك نیە... دەسا مژدە بێ لێتو خۆشی لە خۆت.

[١٠]

(١) تا تەوانم بێ: تا توانام بوو. نۆشا: نۆشین. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دووهەمەوە.

(٢) وێت: خۆت. واتەن: وتووتە. مشیۆ: ئەبێ. خار: پڕ. واتە: تاجوان بوومو هێزم تیابوو شەو نوخونیم کێشا، وە پەلەم بوو بۆ نۆش کردنی پیاڵەی پڕ لە شەرابی بە تۆ گەیشتن. ئێستە ئیتر هێزم تیا نەماوەو چاوەڕێی پاداشی ئەو شەو نوخونیەم، چونکە خۆت فەرمووتە هەرکەس شەو بە بێداری رۆژ بکاتەوە، ئەبێ لە ئەنجاما وە لە پاداشی ئەو شەو بێداری‌یەیا سەرخۆشی چەشتنی پیاڵەی پڕ لە مەی ببێ.

[١١]

(٣) تەرسوون: ئەترسم. بکەرۆش: بیکا. گەردش: گۆڕان. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی‌دا دێ.

وەخت تــــەماشای ئــــەو بــــەر گــوزیدەم
شـــەماڵ بشـــانۆ گــەردش ئــەو دیــدەم(١)

[١٢]

تا دڵ

تـــا دڵ وە تـــــەمای ئــــەو تــرفە تــرفەن
«نحو»م هەر مەحوەن «صرف»م بێ سەرفەن(٢)

[١٣]

تا وە زوڵفو...

تـــا وە زوڵفو رووی تـــۆ تــــەماشامەن
ئــەدای نــمای فــەرز سوبحو عــیشامەن(٣)

---

(١) بەر گوزیدە: هەڵبژاردە. بشانۆ: بوەشێنێ. گەردش: تۆزی. واتە: ئەترسم ئەگەر هەڵسووڕانی چەرخ لەشی بەدکارە دڵ ساردەکەم بکا بە تۆز، هێشتا ئەو هەر دەس بەردارم نەبێ، وە لەکاتی سەیرکردنی یارە ئازیزەکەما شەماڵ هەڵکاو ئەو تۆزی لەشی ئەوە بکا بە چرو چاوما بۆ ئەوەی نەتوانم بڕوانم بۆ یارەکەم!.

[١٢]

(٢) ترفە ترف: بریسکە دانەوە. نەحو: عیلمی نەحو. سەرف: عیلمی سەرف. واتە: تا دڵ بە تەمای شەوق و بریسکەی روخساری یار بێ، نەکەڵک لە خوێندنی عیلمی نەحو وەرئەگرم، وە نە خوێندنی عیلمی سەرفم قازانجێکی ئەبێ.

[١٣]

(٣) ئەدا: بە جێ هێنان. نما: نوێژ. واتە: تا من خەریکی تەماشای ئەو زوڵفە رەشەی تۆو ئەو روخسارە رووناکەت بم، ئەبێ هەر خەریکی کردنی نوێژی عیشاو بەیانی بم، چونکەکە سەیری زوڵفت ئەکەم وا ئەزانم شەوەو ئەبێ نوێژی عیشا بکەم، وەکە سەیری رووت ئەکەم وا ئەزانم رۆژ بووەتەوەو ئەبێ نوێژی بەیانی بکەم، وە ئیتر نە نوێژێکیتر و نە ئیشێکی ترم هیچ پێ ناکرێ.

تیپی جیم

[١]

جەرگت لەت لەت بۆ(١)

جەرگت لەت‌لەت بۆ چەواشەی چەپ گەرد
خالۆت جیا کەرد، یەکار بێ تۆ کەرد(٢)

دیدە، وادەی سەیل هۆنەی هووناوەن
دڵە، وەخت بەزم نۆشای زوخاوەن(٣)

وەش رەنگی بازەم، سادەی بێ رەنگی
شادی با وەس بۆ، وەختەن دڵ تەنگی(٤)

وەشی، وادەت شی وەش ئامای وە خەیر
شەوقە، وە تەوق بای تاکەی هەوای سەیر(٥)

مانیای مەینەت سەرەو کۆی ستەم
«مەعدوومی»ی بەرکۆی سەرەو چێرەی خەم(٦)

---

[١]

(١) مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی بە بۆنەی دوور کەوتنەوەی ئەحمەد بەگی کۆماسی‌یەوە وتووەکە وا دیارە دوور خرابێتەوە بۆ ناوچەی «رەشت»و «گیلان».

(٢) چەواشە: سەر لێ‌شێواو. خالۆ: مەبەس ئەحمەد بەگە. یەکار بێ... تاد: ئەمەکار بوو تۆکردت. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «جەرگت لەت لەت بۆ» نووسراوە «خۆ هوونیت نەویم» واتە: خۆ دوژمنی خوێنە خۆرت نەبووم. بەم پێیە جێگای ئەم پارچە هەڵبەستە تیپی «خێ» ئەبێت.

(٣) هۆنە: دارژان. نۆشا: نۆش کردن. واتە: ئەی چاو ئێستا وادەی ئەوەیە لافاوی خوێن برێژی، وە ئەی دڵ ئێستا وەختی ئەوەیە ئاهەنگی زوخاو خواردنەوە بگێڕی.

(٤) وەش رەنگی: رەنگی خۆشی. بازەم لێم گەڕێ. با وەس بۆ: با بەس بێ.

(٥) وەشی: خۆشی. شی: بەسەر چوو. وەش ئامای: خۆش هاتی. وە تەوق بای: بە تەوقەوە بیت. واتە: ئەی شادمانی وادەت بەسەر چووە، خوا حافیزت بێ بەخێر هاتی، تۆیش ئەی شەوق یاخوا تەوق بچێتە ملت تاکەی ئارەزووی تەماشاکردنت لەکەللە دەر ناچێ.

(٦) مانیا: ماندوو. سەرەوکۆ: سەرەو ژوورە. بەرکۆ: ئەوەی لە پێشەوە سوار ئەبێ. سەرەو چێرە: سەرەو ژێر. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایی‌یەوە.

چ وەخـــتەن دڵەت جــە شـــادی کــەیلەن
دەك لێڵاویت بـــۆ یـــە وەفـــاو مـــەیلەن[١]

ئـەو چـەم بـە سـورمەی خـەمناکـی ڕەشـتە
چەنی گەشت دەشت پای ڕەشت سەرگەشتە[٢]

هـــام راز ئـــاخو داخ، نـــاڵە نـــەوای نـــەی
دڵ کەباب، چەم جام، خەم ساقی، هوون مەی[٣]

تـــۆ ئـــالوودەی بـەزم جـەرگەی هـام فـەردان
کەیف مەی، سوحبەت گـرۆی هـام دەردان[٤]

ئـەو سـەبوون سفتەی پڕ داخ بـێ پـەرداخ
تـــۆ بـــۆی شـنۆی بـای ئـێڵاخ نـە دەمـاخ[٥]

---

(١) یە: ئەمە. واتە: هەی ماندوو بووی ئێش و مـەینەتی سـەرەو ژوورەی دەردو بـەڵای ڕۆزگار، وە هەی لە بەرەو ژێرەی خەمو خەفەتا لە پێشەوە سوار بوو، ئێستا کەی وەختی ئەوەیە دڵت پڕ بێ لە شادیو خۆشی، دەك لێڵاییت دابێت ئـەمەکـەی وەفـاو مـەیلی پێ ئەڵێن. شایانی باسە ئەوەی لە بەرەو خوارەدا لە پێشـەوە سـوار ببێ زۆر ئـازاری پـێ ئەگات وە هەمیشە ترسی کەوتنە خوارەوەی ئەبێت.

(٢) چەم: چاو. سورمە: کڵە. ڕەشتە: ڕەشتوو. چەنی: لەگەڵ. ڕەشت: شارێکە لە شیمالی ئێران لە نزیکی دەلیای خـەزەرەوە. سـەرگەشتە: سـەر لێ شـێواو. واتـە: ئـەحمەد بـەگ چاوەکانی بە سورمەی مەینەت ڕەشتووە وە سەرگەردانی گەڕانی دەشتی ڕەشتە.

(٣) واتە: ئاخو داخ هاودەنگی‌یەتی، هاوارو ناڵە ئاوازەی شمشاڵیەتی، دڵی کەبابیەتی، چاوی پیاڵەی شەرابیەتی، خەم مەی گێڕیەتی، شەرابەکەشی خوێنی دڵیەتی.

(٤) ئالوودە: تێکەڵ. واتە: تۆ تێکەڵ بەزمو ئاهەنگی کۆمەڵی هاوڕێکانتیو وەختت بـە خواردنەوەوە لەگەڵ هاو دەردەکانت ئەبیتە سەر.

(٥) سەبوون: بایەکی سووزندەیە لە هاوینانا دێ. سفتە: سووتاو. ئێڵاخ کوێستان. واتـە: ئەو سووتاوی بای سەبوونەو دڵی پڕە لە خەفەتو هیچ خۆشی‌یەکی لە دڵا نیە، بەڵام تۆ شنۆی نەسیمی کوێستان داویە لە دەماخت.

ئەو تەشنەی رای چۆڵ سای گەردەن پڕ گەرد
تۆ سێراو نە پای وەفراوان سەرد(١)

ملان، سەربەرزان، کۆساران، هەردان
بێ شەرتان، جە داخ وەفاتان مەردان(٢)

چێشەن ئارایش سەر تا وە دامان
مەر خاڵۆم وە عەزم سەیرتان ئامان(٣)

مەشنیە چین‌چین چنوور نەکاوان
توخوا ماتەم بە، هاژەی وەفراوان(٤)

چنوور نەکاوان ئەو نەبۆ پەی چێش
هاژەی وە فراوان ئەو نەبۆ پەی چێش(٥)

نەسیم وەس بویەر وە کۆساراندا
وەسەن شانای وەڵگ وە دیاراندا(٦)

---

(١) تەشنە: تینوو. سا: تەخت. سێراو: تێراو. واتە: ئەو لە ڕێگای چۆڵ‌و هۆڵا تینوو بووەو تەختی گەردەنی تۆز دای گرتووە، کەچی تۆ لە داوێنی بەفراوی ساردا دانیشتووی‌و تێراوی.

(٢) ملان: ئەی سەر ملەکان. مەردان: مردم.

(٣) ئارایش: خۆڕازاندنەوە. مەر: مەگەر. ئامان: هاتووە. واتە: چیە خۆتان لە سەرتانەوە تا داوێنتان رازاندووەتەوە، ناشێ خاڵۆ ئەحمەد بەگ هاتبێ بۆ لاتان بە نیازی سەیرکردنتان.

(٤) مەشنیە: شنە شن مەکە. چنوور: گیایەکی بۆن خۆشە بە زۆری لە شاخەکانی هەورامانا هەیە. کاوان: بەرزایی شاخەکان. واتە: تۆ خوا چنووری بەرزایی‌یەکان چین‌چین شنە شن مەکەن، تۆیش ئەی هاژەی بەفراوان تۆ خوا کش‌و مات‌بەو هاژەت نەیەت.

(٥) واتە: ئەگەر ئەحمەد بەگ دیار نەبێ، چنووری سەرکاوان‌و هاژەی بەفراوان کەڵکیان چی ئەبێ‌و بۆچی ئەشێن.

(٦) وەس: بەس. بویەر: تێپەڕە. شانا: هەڵوەراندن‌و وەشاندن. وەڵگ: گەڵا. دیاران: وڵاتان. واتە: ئەی نەسیم بەس تێپەڕە بەکوێستانەکاناو بەس گەڵای درەخت داوەرێنە بە سەر وڵاتا.

شنۆی ئەو بەرزە ئەو نەبۆ پەی چێش
لەرزەی سەد تەرزە ئەو نەبۆ پەی چێش(١)

وە سەدای سەروەش دڵ وەش مەزاقان
هەنی نەلەرزۆ کەڵڕەم نە تاقان(٢)

سەدای ماردومان ئەو نەبۆ پەی چێش
سەفای کەڵڕەمان ئەو نەبۆ پەی چێش(٣)

خاڵخاسان بێ ئان هەر بار وە لێو بان
هێلانەی دڵان با هەر پەشێو بان(٤)

ئەو ئانە پەی دڵ ئەو نەبۆ پەی چێش
ئەو لانە پەی دڵ ئەو نەبۆ پەی چێش(٥)

---

(١) واتە: چونکە ئەگەر ئەحمەد بەگ دیار نەبێ شنەی بەرزاییەکان بۆچی باشەو لەرینەوەی هەزار جۆرەی داری کوێستانەکان کەڵکی چیە.

(٢) سەروەش: سەرخۆش. دڵ وەش مەزاقان: ئەوانە لە ئاهەنگو رابوادنان. هەنی: ئیتر. نەلەرزۆ: نەترسێ. واتە: ئیتر کەڵەکێوی لە تاقی ئەشکەوتەکانا نەترسن لە دەنگی راچیی بە زەوقە سەرخۆشەکان.

(٣) ماردم: تفەنگێکی راویە. واتە: کە ئەو دیار نەبێ دەنگی تفەنگ سوودی چیە، چونکە هەر ئەو راوچی بوو، وە لەو بەو لاوە لە تفەنگی کەس مەترسی ناکرێ، وەکە ئەو دیار نەبێ ئیتر سەیری رانەکەڵەکێوی سوودی چیە، چونکەکەس نیە لێیان بپێکێ...

(٤) بێ ئان: هەمیشە، بێ ئۆقرە گرتن. بان: بن. هێلانەی دڵان: مەبەس یارانی نازارە. واتە: با یارە دولبەرەکان هەر لێو بەباربن، وە ئەو نازارانەکە هێلانەی دڵن، با هەر پەشێو بن.

(٥) واتە: چونکە ئەگەر ئەو یارانە تاوێك لێو بەبار نەبن ئەبێ دڵشاد بن، وە مادەم کە خاڵۆی کۆماسی دیاری نیە ئیتر سوودی ئەو تاوە دڵشادیەیان چیەو بۆچی باشە؟ وە ئەگەر یاران، کە هێلانەی دڵی دڵدارانن، پەشێوو تێکچوو نەبن، ئەبێ جێگای دڵی دڵدارێك بن، وە مادەم دڵی ئەو دیار نەبوو تا تیایانا بنیشێتەوە، ئیتر ئەبێ سوودیان چی بێو بۆچی بشێن؟...

دەخیل هەی دەخیل خالۆکەی گیانی
وێت نەی سەفەردا تەنها نەزانی (١)

مەرگ تۆم هەرچەند تەشریف بەردەنی
تەرك خەڵتەو خاك جەستەم کەردەنی (٢)

گیان، دۆس گیانی، رەفیق راتەن
سورمەی بینایش تۆزەکەی پاتەن (٣)

هەی رۆ نەواچی خودا نەکەردە
خەم وەفاو بەینەت نە ویرم بەردە (٤)

بادەی بێ وادەی فەنام وەردەبۆ
شەرت بۆ، کامین شەرت، یاران کەردەبۆ (٥)

تا دڵ جە لەزەت دینت ناکام بۆ
ئەو زەوقە تۆ دیت وەنەم حەرام بۆ (٦)

---

(١) لێرەوە مەولەوی رووی گفتگۆی ئەکاتە خاڵۆی کۆماسی‌و قسەی لەگەڵ ئەکا. مەعنای ئەم شیعرەو سێ شیعری پاشەوە پێکەوە دێ.
(٢) مەرگ تۆم: قەسەم بە مەرگت.
(٣) دۆسی گیانی: ئەی دۆستی گیانی بە گیانی.
(٤) نەواچی: نەڵێی. ویرم: بیرم، یادم. واتە: دەخیل خاڵۆگیان خۆت لەم سەفەرەدا بە تەنیا نەزانی، چونکە، قەسەم بە مەرگت، هەرچند تۆ تەشریفت بردووەو خاك‌و خۆڵی لەشی منت بەجێ‌هێشتووە، بەڵام ئەی دۆستە گیانی بە گیانی‌یەکەم گیانم هەمیشە هاوڕێتەو تۆزی بەری پێی تۆ دێنێ بە چاویا بۆ بینایی لە جیاتی کلە. کەواتە خوا نەکردە نە فەرمووی خەم‌و مەینەت وەفاو خۆشەویستی تۆی لە بیر بردوومەتەوە.
(٥) وەردە بۆ: خواردبێتەوە. کامین: کام. کەردە بۆ: کردبێتیان. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.
(٦) دینت: دیتنت، چاو پێ‌کەوتنت. وەنەم: لێم. واتە: یاخوا شەرابی بێ وادەی مەرگم خواردبێتەوە، وە شەرتی یاران بێ، تا دڵم بێ‌بەش بێ لە لەزەتی چاو پێ کەوتنت ئەو کەیف‌و خۆشی‌یەم لێ حەرام بێ کە جاران ئەم کردو تۆ ئەت‌دێ.

جەستەی خەستەی خـار سـەودایـی خـەجڵ
با بەس بۆ، تـاکـەی، ئـەی دڵ وەشـی دڵ؟(١)

چەپ گەرد بـێ فرسەت شـانا مۆرەی نـەرد
عـومرێ بـی ئـاما، ویـەرد، گـوزەر کـەرد(٢)

زەحـــمەتەن خـــەلاس جـــە دووری وەردە
بـــە هـــووناو بـــەیۆ عـــومر ویـــەردە(٣)

[٢]

جە گیان سێر وەردەی(٤)

جە گیان سێر وەردەی، جـە تـەن هـەراسـان
خاڵوی خەمیای خەم خـاڵ خـاڵ خـاسان(٥)

---

(١) خار: دڕك. مەولەوی لێرەوە لا ئەکاتەوە بە لای لەشیاو رووی قسەی تێ ئەکاو ئەڵێ: ئەی لەشی نەخۆشی دەردی دڕكو داڵی مەینەتو شەرمەساری، ئەم شادمانی‌یەی دڵت بەسە تا کەی؟

(٢) نەرد: یاری‌یەکە لە چەشنی تاوڵەو شتی وا.. مەعنای ئـەم شیعرەو شیعری دوایـی پێکەوە دێ.

(٣) وەردە: خواردن. بەیۆ: بگەڕێتەوە. واتە: گەردوونی چەپ گەرد بێ مـوڵەت مۆرەی نەردی هەڵداو شادیو خۆشی‌یەکەی جارانی لێ‌وەرگرتینەوە، ئەوەی تۆ دیت عـومرێ بوو هات بەسەر چوو، تازە ئیتر زەحمەتە رزگار ببین لە خواردنی دەردی دووریی دۆستان وە بە خوێناو هەڵڕشتنی چاومان رۆژانی رابردوومانو بۆ بگەڕێتەوە. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «بە هووناو بەیۆ» نووسراوە «ئەی هوو تا بەیۆ» واتە: ئەی هوو تا عومری بە سەر چوو ئەگەڕێتەوە.

[٢]

(٤) مەولەوی ئەم غەزەلەی بۆ یەکی لەدووکەس نووسیوە: یان شێخ یوسفی خەڵکی دێی «نوسمە» لە نزیکی «پاوە» یان ئەحمەد بەگی کۆماسی، چونکە تەنها لەگەڵ ئەم دووکەسە بە وشەی «خاڵۆ» قسە ئەکا.

(٥) سێر وەردە: تێر خواردوو. خەمیا: چەمیوە. واتە: ئەی خاڵۆی لە گیان تێر خواردووی لە لەش هەراسان بوو، وە ئەی بە هۆی خاڵی خاڵ خاسانەوە پیر بووی پشت کۆماوە...

نـــامەی چـــون یـــاوا مـــولاحەزەت کـــەرد
بشۆ وە پا بۆس عەرز کەر جە رووی دەرد(١)

واچە هەی سـەد جـار «مـەعدوومی» تـوفەیل
پەرسابێت جە رووی گەرمی کوورەی مەیل(٢)

کـۆ جـە دووری مـن چ تـەورەن حـاڵش
کـێ بـەر مـەکـەرۆ خـەم نـە خـەیاڵش(٣)

چون ئەوێ جە دین چون تـۆیـێ دوور بـۆ
چەم لێڵاو، دڵ تەنگ، تەن سفتەی توور بـۆ(٤)

هـەر سـات وە نـەوعێ دەردش خـەتەر بـۆ
حـاڵش چ تـەورەن خـاکش وە سـەر بـۆ(٥)

هـام فـەرد نـاڵەی دڵ، سـەیرانگـە ستەم
هام دەرد دووی دەروون، خەم بەرکەرکۆی خەم(٦)

---

(١) چون یاوا: کە گەیشت. بشۆ: بڕۆ. پابۆس: قاچ ماچ کردن. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێ. لە هەندێ نوسخەدا ئەم شیعرە بەم جۆرە نووسراوە:
نـــامە مکـــیانوون مـــوانـــان پـــەرێت گۆش‌دەر وە نامەی دێوانەی سـەرشێت.
واتە: نامە ئەنێرم بۆت ئەخوێننەوە، گوێ شل‌کە بۆ نامەی دێوانەی سەر شێت.
(٢) واچە: بڵێ. توفەیل: خزمەتکار. پەرسایێت: پرسیبووت.
(٣) کۆ: کە ئەو. چ تەورەن: چۆنە. بەرمەکەرۆ: دەرئەما. واتە: کە نامەکەمت پێ گەیشت بڕۆ بۆ خزمەتی ئەو دۆستە نازارە، قاچی زیارەت کەو بە دەردو ناڵەوە عەرزی بکە بڵێ هەی مەعدوومی سەدجار بە خزمەتکارت بێ، بە هۆی گەرمیی مەیل‌و خۆشەویستیەوە ئەحواڵی منت پرسیبوو، وە فەرمووبووت ئاخۆ لە چی‌یایەو کێ خەم‌و خەفەت لە خەیاڵی دەرئەکا... جوابی منیش لە شیعرە داهاتووەکانا دێت.
(٤) چون: وەك. دین: دیتن، بینین. چەم: چاو. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێ.
(٥) سات: سەعات. خاکش وەسەر بوو: قوڕ بە سەری.
(٦) واتە یەکێکی وەك ئەو کە لە چاو پێ کەوتنی یەکێکی وەك تۆ دوور بێ‌و لێڵایی چاوی

تــۆ خــاسەن نــەوتوولْ ســەرو ســەراوان
خــەم مــدەی وە بــاد شــنۆی ســەرکاوان(١)

گــا چــون بــۆی نــەسیم وە رووی شــەتاودا
گــا چــون گــولْ نــەپای چۆڕەی وەفــراودا(٢)

ســـەیر لەرزەی نــەرم ســەوزەی ســەر بــەرزان
ســـەفای گـــولاڵان ســـەد تــەرزان لەرزان

ســوب نــە ســـەر مــلان سەیادان هام دەم
شــریخەی مــاردم کــلافــەی کــەڵڕەم(٣)

نــەك چــون ئــەو پابەند قــەڵای شــار دەرد
جەی وەهار چون وەڵگ پایزان رەنگ زەرد(٤)

☞

داهاتبیو دڵ تەنگی بێو لەشی سووتاوی خۆشەویست بێ وەك کێوی توور، وە هەر تاوی بە جۆرێ گرفتاری دەردی مەترسی لێ کراو بێ، ئەبێ حاڵی چۆن بێ، خاك بە سەری... حاڵی ئەمەیە: هاوارو ناڵەی دڵ هاوڕێیەتی، ستەمو جەوری رۆژگای سەیرانگایەتی، دووکەڵی دەروون هاو دەردیەتی، کۆگای خەمو مەینەت خەفەت دەرکەری دڵیەتی.

(١) مدەی: ئەدەی. شنۆ: شنەی. مەعنای ئەم شیعرەو سێ شیعری پاشەوە پێکەوە دێ.

(٢) گا: گاهێ، دەمێك. پای: داوێنی.

(٣) واتە: پێی بڵێ ئەمە بوو حاڵی مەعدوومی کە عەرزم کردی، بەڵام تۆ وەعزت زۆر باشە ئەی نەونەمامی دار سەروی سەراو، غەمی خۆت ئەدەی بە بای سەر کێوەکان، وە جار جار وەك نەسیم کە بۆنی گوڵی وەرگرتبێو بە سەر شەتاوانا بڕوا، تۆیش بە گوێ ئاوەکانا گوزەر ئەکەی، جار جاریش وەك گوڵ کە لە داوێنی بەفراوی چۆڕاوگە بەستوودا روا بێ بۆ خۆت گەشە ئەکە یتو تەماشای نەرمە لەرینەوەی سەوزە گیای سەر بەرزان ئەکەیتو لە سەفای گوڵاڵەی کوێستانەکان ورد ئەبیتەوەکە بە سەدان جۆر دێنە لەرزە، وە بەیانی‌یان بە سەر شاخەکانەوە لەگەڵ راوچی‌یانداو گوێ لە شریخەی تفەنگی ماردم ئەگریو سەیری خولخواردنەوەی کەوتنی کەڵەکێوی‌یەکوژراوەکان ئەکەی.

(٤) پابەند: پێ بەسراو، گیرۆدە. جەی: لەم. وەڵگ: گەڵای دار. واتە: وەك ئەو لە قەڵای

☜

ئاخ نە جەهدو جەخت داخ زامەت سەخت
بەرگ ماتەم رەخت ناڕەسایی بەخت(١)

کزەی خەم چون موو خەم پەنەش وەردەن
دووریت خۆ یەکجار تەمامش کەردەن(٢)

وەخت جۆش دەرد کزەی نالەی سەرد
گوم بۆ نە گێجاو گەردەلوول دەرد(٣)

ئەو خەندەی بێ وەخت مەیۆش وە دەمدا
مەگێڵۆ ماچۆ نەو گێجو تەمدا(٤)

ئەر هەر ئەو بەختەن، هەر ئەو تاڵەمەن
دیدەم دیدەنیت ئەڵڵاو ئاڵەمەن(٥)

☞

شاری دەردو مەینەتا گرفتار نیتو بەم بەهارە وەك گەڵای درەختی پایزان رەنگت زەرد هەڵنەگەڕاوە.

(١) جەهدو جەخت: هەوڵ دانو رەنج کێشان. زامەت: زەحمەت. رەخت: پۆشاك. نا رەسایی: ناتەواوی. واتە: ئاخو داخیەتی لەبەر هەوڵ دانو رەنج کێشانی زۆری، وە پۆشاکی بریتی‌یە لە بەرگی خەفەتەکە لە ناتەواوی بەختی‌یەوە پەیدا بووە.

(٢) خەم: چەمینەوە. واتە: کزەکزی خەفەت وەك موو بە ئاگر هەڵقرچێ بەو جۆرە چەماندوویەتیەوە.

(٣) گێجاو: گێژاو. واتە: لەکاتی جۆشی دەردو کزەی هەناسەی ساردیا لە ناو گێژاوو گەردەلوولی دەردا گوم ئەبێ.

(٤) خەندە: پێکەنین. مەیۆش: دێت. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێت.

(٥) تاڵە: «طالع»، بەخت. ئەڵڵاو ئاڵەم: الله اعلم. واتە: ئەو زەردەخەنە ناوەختەکە بەسەر لێویەوەیە لە راستیدا لەبەر شادی نیە، بەڵکو دێتو ئەچێو لە ناو گێژو تەمی هەناسە ساردەکەیا بە زمانی حاڵ ئەڵێ ئەگەر بەختو تالعم هەر بەختو تالعە پێشووەکەم بێ، ئیتر ئازیم مەگەر خوا خۆی بزانی ئاخۆ جارێکی تر ئەت بینمەوە یا نە...

[٣]

جه سەردی مۆبەت

جــه ســەردی مــۆبــەت ئــازیز بـێ گــەرد
جـۆی هــووناو دڵ جــه دیـدەم یـەخ کــەرد[(١)]

دەست بــێ رەحــمیش دانــه سینەی شـەوق
گڕ وەردان نه جەرگ جەستەی هەستی زەوق[(٢)]

زەهــــر خـــەم شــیەن نــە کــام شــادیم
هــــەر دەردەن مــــەیۆ مــوبارەك بــادیم[(٣)]

هــــەناسەم ریزەی دڵ مــــارۆ ئـــەو بــەر
ســـەر کـــەردەن زوخـــاو جـــە زام خـــەتەر[(٤)]

مەینەت چــون تــوجار وە مــەتای ســەد تــەرز
کــــەردەن نــە دەروون نــەوای شــادی بــەرز[(٥)]

---

[٣]

(١) موبەت: محبت، خۆشەویستی. جۆ: جۆگە. یەخ: سەهۆڵ. واتە: لەبەر ساردیی مەیلی خۆشەویستە بێ گەردەکەم جۆگەی خوێناوی گەرمی دڵم لە ناو چاوەکانما مەیی‌و بوو بە سەهۆڵ.

(٢) وەردان: بەرداوە. واتە: دەستی بێ رەحمیی‌دا بە سەر سنگی شەوق‌و خۆشیما، وە بەو دەستە گڕی بەردا لە جگەری جەستەی قەوارەی زەوق‌و شادیم.

(٣) شیەن: رۆیشتووە. کام: دەم. مەیۆ: دێت. واتە: لەبەر بێ مەیلیی یارەکەم ژاری خەم‌و مەینەت چووەتە ناو دەمی شەوق‌و شادیم وەکارەساتێکم بە سـەر هـاتووە هـەر دەردو بەڵایەو دێت بۆ پیرۆزبایی لێ کردنم.

(٤) رێزە: وردە. مارۆ: دێنێ. ئەو بەر: بۆ دەرەوە. واتە: بە هۆی دڵ ساردیی یـارەوە دڵم دافرەقاوەو کە هەناسە ئەدەم وردە پارچەکانی بە دەم هەناسە دانەوە دێتە دەر، وە زوخاوی زامی مەترسی لێ کراوم هێرشی هێناوەو لە رادە دەرچووە.

(٥) توجار: بازرگان. مەتا: مەتاع، شت‌و مەك. نەوا: ئاوازە. واتە: مەینەت وەك بازرگان بە شت‌و مەکی رەنگاو رەنگیەوە لە ناو دڵما ئاوازەی شادی بەرز کردووەتەوە.

دڵ وڵوڵ کـــەردەن خـــەدەنگ دووری
سـۆچـنان جـەستەم دەرد مـەهجووری(١)

هــانا هــامدەردان تــاقەت نـەمەندەن
جـەورەکـەی ئـازیز ریشـەی دڵ کـەندەن(٢)

بــەیدێ وە لای مــن حــاڵم بـەدحاڵەن
جـە دووری ئــازیز تـەن کـۆی زوخـاڵەن(٣)

بــزانـدێ خـەم چـۆن کـەردەنم پـاماڵ
دەخــیلم ســاقی گـەردەن سیم قـاڵ(٤)

جـامێ جـە مـەعجوون دەرد ئـەوگـاران
دورد وامــەندەی بـەزمەکـەی یـاران(٥)

پـێمدەر تـا ریشـەی هـەستی کـەرۆ پەی
قوربان تۆیچ، نەیچی، دەستێ بەر پەی نەی(٦)

---

(١) وڵ وڵ: کون کون. خەندەنگ: تیر. سۆچنان: سووتاندوویەتی. واتە: تیری دووری یار دڵی کون کون کردووم و دەردی فیراق لەشی سووتاندووم.

(٢) هانا: هاوار. نەمەندەن: نەماوە. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٣) بەیدێ: بێن. زوخاڵ: خەڵووز. واتە: هاوار ئەی هاوار دەردەکانم تاقەتم لا نەماوەو ستەمی دۆست ریشەی دڵی هەڵکەندووم، وەزعم ناڕەحەتە بێن بە لامەوە، لە دووریی دۆست سووتاوم و لەشم بووە بەکۆگای خەڵوز.

(٤) بزاندێ: بزانن. کەردەنم پاماڵ: ریشەکێشی کردووم. سیم قاڵ: زیوی پوختە. نیوەی شیعری دووهەمی ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعرەکانی پاشەوەو مەعنای لەگەڵ ئەوانا دێت.

(٥) مەعجوون: شێلراو. ئەوگاران: گرفتارەکان. دورد: خەڵتەی بنی قاپی شەراب. وامەندە: پاشماوە.

(٦) کەرۆ پەی: بکا پەی، لە بن بیبڕێ. نیوەی شیعری یەکەمی ئەم شیعرە مەعنای پێشەوەی تەواو ئەکا، واتە: دەخیلتم ئەی مەی گێڕ کە گەردنت وەك زیوی پاك وایە، پیاڵەیەکم لە پاشماوەی شەرابی ئاهەنگی یاران بدەرێ کە وەك دەرمانی دەردەداران

وه تــــەرزەکــــەی وێت مـــن لاونـــەوە
وه مـــــەقامیٚ وەش خـــەم تـــاونەوە[١]

بـــا خـاس خـاس هـۆشـم هیچ نـەمەنۆ پـێم
بــەڵ ئـازیز وه خـەیر رەحـمیٚ کـەرۆ پـێم[٢]

[٤]

جەمن تا دووری[٣]

جــەمن تـــا دووری ئـەر سـەد فـرسەنگ بـۆ
ئـــەر بـــۆ رازی بــوو زوانــم لەنگ بـۆ[٤]

بـــەڵام چـێش کـەروو بــەڵام هــەم رازەن
فــەڵەك کــەڵەك چـین چـەنیم کـەچ بـازەن[٥]

☞

خەستو شێلراوە، تا بیخۆمەوەو ریشەی بوونم لە بنەدا ببڕێ. مەعنای نیوەی شیعری دووهەمی ئەم شیعرە بە سراوە بە دوو شیعری پاشەوە.

(١) لاونە: بلاوێنەرەوە. تاونەوە: بتوێنەرەوە.

(٢) نەمەنۆ: نەمێنیٚ. بەڵ: بەڵکو. واتـە: کـاکـەی بـلوێر ژەن تـۆیش دەس درێژکـە بـۆ بلوێرەکەتو خۆت ئـاسایی بـملاوێنـەرەوە، وە بـە نـەقامێکـی خـۆش خـەمو خـەفەتم بتاوێنەرەوە، با هیچ بیرو هۆشم لانەمێنیٚ بەڵکو ئازیز بە خێری خۆی رەحمم پیٚبکا.

[٤]

(٣) مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی بۆ جەنابی شێخ عومەری بیارە ﷺ نووسیوە لە وەڵامی گلەیی کردنی ئەواکە بۆ مەولەویی نووسیوە بۆچی ناچیٚ سەریٚ لیٚبدا.

(٤) فەرسەنگ: فرسەق، فەرسەخ. واتـە: مـن لەگـەڵ دووریـی دۆسـتانا ئـاشنایيم نـیە، هەتاوەکو ئەگەر ماوەی بەینی منو دووری بیشگاتە سەد فرسەق، یاخوا ئەگەر رازی بم بەو ماوەیە زمانم لاڵ بیٚ، بەڵکو حەز ئەکەم بەینمان زۆرتر بیٚ، یانی ئەوەندە موشتاقی نزیکیم.

(٥) چەنیم: لەگەڵ. واتە: بەڵام چیبکەم بەڵاو مەینەت هاوڕێمە، وە گەردوونی فێڵ بازو کەڵەك نەرەوە لەگەڵما رێك نیە، بۆیە نەم توانیوە بە خزمەت بگەم. لە نێوانی دوو وشەی «بەڵام»دا «جناسی تام» هەیە بە پێی عیلمی بەدیع.

کارد مەینەتش ئیستیخوان کاوان
«ضیا»ی دیدەو دڵ مەگێرەم تاوان[(١)]

قەڵای ویرم سەیل هووناو بەردەبێ
بورج ئاگاییم وێران کەردەبێ[(٢)]

کێشکچی خەیاڵ خەم فام سەندەبێ
دووکانچەی بەدەن بێ کەس مەندەبێ[(٣)]

فرسەت زانابێ تەریدەی قاتڵ
یەکسەر بەردەبێ کاڵای گیانو دڵ[(٤)]

خەبەر بیم هۆشم ئاما وە بەردا
ئەم لا گیان، ئەو لا دڵ دام وە سەردا[(٥)]

(١) کارد: کێرد، چەقوی گەورە. ئیستخوان: ئێسقان. کاوان: قڵەشاندووە. مەگێرەم: لێم مەگرە. واتە: کێردی دەردو مەینەت ئێسقانەکانی لەشمی قڵەشاندووە بۆیە ناتوانم جووڵە بکەم، کەواتە تۆیش تاوانبارم مەکە ئەی رووناکی چاوی دڵم. لە بەکار هێنانی وشە «ضیا»دا ئیشارەتێکی جوان هەیە، چونکە لەقەبی شێخ عومەر «ضیاءالدین» بووە.

(٢) ویر: بیر. بورج ئاگاییم: بورجی ئاگادار کردنەوەم. لە گوێ دەلیاکانا برجێکی بەرز دروست ئەکەن، وە لە قەلەپۆپەکەیدا چرا دائەنێن بۆ ئەوەی کەشتیەوانەکان لە دوورەوە ببینن وە رێ ون نەکەن، ئەوە پێی ئەڵێن بورجی ئاگادار کردنەوە. واتە: لافاوی خوێناوی قەڵای بیری بردووم و بورجی ئاگادار کردنەوەمی وێران کردبوو.

(٣) کێشکچی: ئێشکچی. واتە: خەم ئەقڵو فامی لە ئێشکچی وجوودم ـکە خەیاڵەـ سەندبوو، وە دووکانچەی لەشم بێ کەس مابووەوە.

(٤) تەریدە: «طریدە»، دەربەدەر. واتە: جەردەی دەربەدەرو پیاو کوژ بە هەلی زانیبوو سەرمایەی بوونمی دزیبوو کە دڵو گیانمە.

(٥) واتە: کە خەبەرم بووەوەو هۆشم هاتەوە بە بەرما روانیم بەم لاو بەو لاما سەیرم کرد نەگیانم ماوەو نە دڵم، لە داخانا دام بە سەرما.

لادێ ئێش سەخت، ساتێ وەی رۆ وەی
واتم چار نیەن مەر بشوون وە پەی(١)

دیم ناڵچەکەی داخ دڵەی پڕ جە هوون
شەقڵش هانە رووی گەرد رای دەروون(٢)

رەوانتەر جە هەرس وە سەد قەترەو دەو
تا وە مەکۆگەی ئاسەنەکەی ئەو(٣)

لاڵام‌و ناڵام حاشات موشکوڵەن
گیان فیدای تۆ بۆ یە بەڵگەی دڵەن(٤)

سیوای تۆ ئازیز نەی زەمانەدا
کێن گوزەر کەرۆ بەی ویرانەدا؟(٥)

نە نیم نیگایێ، نەکەرد تەماشا
چێدیش وێنەی ماڵ یاران کەرد حاشا(٦)

---

(١) لادێ: تاوێك. بشوون: بڕۆم. وەپەی: بە دوایا. واتە: تاوێك ئێشو ئازارم چەشت بە دەست ئەم کارەساتەوە، تاوێکی تریش هاوارو رۆ رۆم کرد، بەڵام ئاخری وتم کەڵکی نیە ئەبێ بڕۆم بە دوایانا بزانم بۆ کوێ براون.

(٢) شەقڵ: نیشانە. را: رێ. واتە: سەیرم کرد داخ‌و خەفەتی دڵەی خوێناویم کە وەك ناڵ بە قاچیا داکوتراوە، نیشانەی بەجێ هێشتووە بە تۆزی رێگای دەروونمەوە.

(٣) رەوانتەر: سافتر. هەرس: فرمێسك. قەترە: بازرەقە. دەو: راکردنی توند. مەکۆگە: جێگای مەکۆ، پێ‌چاڵ. مەبەس شوێنی شاردنەوەی ماڵی دزی‌یە. ئاسانە بەردەرگا. واتە: منیش بە پەلە بە شوێن پێ‌کەیا هاتم‌و رێگام هەڵگرت تا گەیاندمیە مەکۆگای ئاستانەکەی ئازیزم.

(٤) لاڵام: لاڵامەوە. ناڵام: ناڵاندم. یە: ئەم. واتە: لێی پاڕامەوەو ناڵاندم لایاو پێم وت دڵ‌و گیانم لای تۆیە، وە ناتوانی حاشای لێ بکەی، چش لە گیانم، بەڵام ئەم شوێن پێ‌یەکە گەیشتووەتە بەر دەرگاکەی تۆ نیشانەی ئەوەیەکە دڵم لە لای تۆیە، بمدەرەوە.

(٥) نەی: لەم. کێن: کێ‌یە. بەی: بەم. واتە: ئازیز، کێ بێ جگە لە تۆ لەم زەمانەدا روو بکاتە ماڵی وێرانی من. ئەمەش بەڵگەیەکی‌ترە لەسەر ئەوەکەوا دڵ‌و گیانم لای تۆیە.

(٦) چێدیش: لە مێش. واتە: نە سەیری کردم، نە لایەکی لێ کردمەوە، حاشای لە دڵ‌و

[٥]

جیلوەی جەلای جام(١)

جـیلوەی جـەلای جـام دڵەی پـڕ جـە گـەرد
فـەرمات پـەی تـەزبێح ها ڕەوانـەم کـەرد(٢)

پـەرێ تـۆ خـاسەن هـەر شـام تـا سـەحەر
هـەر ژمـارەی وەسـڵ بـاڵای دڵـبەر کـەر(٣)

نـەك چـون مـن «وضـو» وە هـووناو ئـەستە
خـەم سـیواك، نـمای مـەینەتان بـەستە(٤)

نـیشتەی گـۆشـەی تـار نـمازخانەی دەرد
ڕوو نـە پـای مـیحراو هـەناسان سـەرد(٥)

☜

گیانی منیش کرد وەك حاشای لە ماڵی یاران کردووە. بۆیە وا منیش هۆش و دڵم نەماوە، وە ئەگەر نەیەم بۆ خزمەتی تۆو یارانی تر عوزرم پەسەندە. مەولەوی لەم شیعرەیا بە شێوەیەکی وردو جوان ئیشارەت ئەکا بۆ ئەوەکە خۆی دڵ و گیان بەخت ئەکا لە پێناوی یارا، بەڵام خەڵکی ماڵ بەخت ئەکەن.

[٥]

(١) جارێکیان شێخ «عثمان سراج‌الدين» تەوێڵەﷺ داوای تەزبێحێك لە مەولەوی ئەکا، ئەویش تەزبێحەکەی بۆ ئەنێرێ و ئەم شیعرانەی بۆ ئەنووسی.

(٢) جیلوە: خۆ دەرخستن. جەلا: ڕووناکی. فەرمات: فەرمووت. واتە: ئەی ئەو دۆستەی کە هۆی پاك بوونەوەو ڕووناکی جامی دڵە پڕ لە تۆزەکەی منی، فەرمووبووت بۆ تەزبێح وا بۆم ڕەوانەکردی. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «گەرد» نووسراوە «دەرد».

(٣) پەرێ: بۆ. شام: ئێوارە. واتە: تەزبێح بۆ تۆ باشە هەر لە ئێوارەوە تا سبەینێ ژمارەی گەیشتن بە باڵای یاری پێ بکە. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «هەر شام و سەحەر» نووسراوە «هەر شام، هەر سەحەر».

(٤) وضوو: دەس‌نوێژ. ئەستە: سەندوو، گرتوو. نما: نوێژ. بەستە: دابەستوو. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٥) واتە: نەك وەك من کە دەس‌نوێژ بە خوێناو گرتووەو خەم و مەینەت سیواکمەو نوێژی

☜

وەی «وضـــو»و نـــماو وەی سـیواکــەوە
جـەی گـۆشـەی مـیحراو مزگی پـاکـەوە[(١)]

دانـــەی مـەرجـانی هـەرس مـەهجووری
هـۆنـیای تـای کـرژ رشتەکـەی دووری[(٢)]

پـەی ژمـارەی زیکـر کزەی ئـێش‌و نـێش
کافی‌یەن دەیـدەم تـەزبێحـم پـەی چـێش؟[(٣)]

[٦]

جە دووریت[(٤)]

جـە دووریت دەروون مـەوج دەریـای هـوون
مـدۆ وە جـەمدا، بـەڵام چـێش کـەروون[(٥)]

☞

مەینەتم دابەستووەو لە سووچی تاریك مزگەوتی دەردا دانیشتووم رووم کردووەتە میحرابی هەناسەی سارد.

(١) وەی: بەم. جەی: لەم. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێت.

(٢) مەرجانی: وەك مەرجان. مەرجان رەگێکی سووری دەلیایی‌یە وەك پەنجەی دەس. هۆنیا: هۆنراوە. تا: تاڵ.

(٣) واتە: من بەم جۆرە دەس‌نوێژو سیواك‌و نوێژەوە، وە لەم سووچە پاکەی میحرابی مزگەوتا، دەنکە دەنکەی فرمێسکی مەرجان رەنگی دووریم کە بە تاڵی کرژی دەزووی هیجران هۆنیومەتەوە، بەسمە بۆ ژمارەکردنی کزەی ئێش‌و دەردی خۆم، ئیتر تەزبێحم بۆ چیە گیانەکەم.

[٦]

(٤) مەولەوی لە ١٢٩١ی ﻫ ئەم پارچە هەڵبەستەی نووسیوە بۆ مەحموود پاشای جاف کاتێك کە پاشا ماڵی لە بەغدا بووە.

(٥) واتە: لە دووریی تۆ ئەوەندە دەروونم پڕ بووە لە خوێناو، شەپۆلی دەلیای خوێن ئەدا بە چاوەکانما وە لەوانەیە خوێن لە چاوەکانمەوە بێتە خوارەوە، بەڵام من ئەبێ چی بکەم تا لەم لافاوە بەغدا نەبا؟ لە شیعرەکانی پاشەوەدا باسی ئەو چارەیە ئەکاکەکردوویەتی لە رووەوە.

پــــاتەخت مــــەحموود «دارالسّـــــلام»ەن
مــــنیچ کــــەمێ فــام ئــەیاز جــەلامەن(١)

ئــــەیازت فــــاماش تــــەفاءول کــــەردەن
ســــڵامــەتی تــۆش وە یــاد ئــاوەردەن(٢)

وە خــــارو خــــاشاك مــوژەی چــەسپیدە
سەد بــەستەن نــە دەور ســەرچــەمەی دیــدە(٣)

وەرنــە دەجــلەی غــەم تــوغیان کــەردەبێ
تــا ئیسە چــەند جــار بــەغداش بــەردەبێ(٤)

---

(١) «دار السلام»: لەقەبی شاری بەغدایە. منیچ: منیش. ئەیاز: وەزیرەکەی سوڵتان مەحموودی غەزنەوی‌یە، لێرەدا مەبەس لێی مەولەوی خۆیەتی. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٢) فاماش: فامی. تفاءول: جاران عادەت بوو دیوانی خواجە حافیزی شیرازی یا هەر کتێبێکی فاڵ گرتنەوەیان ئەکردەوە بە نیازی ئەوەی دێڕی یەکەمی ئەو لاپەڕەیەی کە دەرئەکەوت شیعرێك یا وشەیەکی وابێ لەگەڵ ئامانجەکەیانا بگونجێ، ئەوە پێی ئەوترا تەفاءول. هەروەها ئەم تەفاءولە ئەوەشی گرتووەتەوەکە چاو پێ‌کەوتنی دۆستێك یا شتێکی جوان یا بیستنی وشەیەکی خۆش نیشانەی خێر بێ. واتە: بەغداکە نشینگەو پایتەختی مەحموود پاشایە، منیش کەمێکم لە عەقڵی ئەیاز هەیە، ئەوەم بە خەیاڵا هاتووەکە ناو برانی بەغدا بە «دارالسلام» بکەم بە نیشانەی خێر کەوا تۆ هیچت لێ نابێ‌و سەلامەت ئەبیت.

(٣) خار: دڕك. موژە: برژانگ. چەسپیدە: بە یەکەوە نووساو. سەد بەستەن: بەستێکی دروست کردووە. سەرچەم: سەرچاوە. واتە: بە دڕك‌و داڵی برژانگەکانم کە لە تاوی زۆریی گریان نووساون بە یەکا، بەری سەرچاوەی چاوم گرتووە، بۆ ئەوەی شەپۆلی خوێنی دەروونم بە دەشتی گەرمیانا نەیەتە خوارەوە بەغدا ببا.

(٤) وەر نە: ئەگینا. واتە: ئەگینا بە هۆی خوێناوی چاوەکانمەوە دجلەی خەم‌و مەینەت لێشاوی ئەکرد، وە تا ئێستا چەند جار بەغدا ئاو ئەی برد.

[٧]

جۆراب چون من زامان(١)

جـــۆراب چـــون مـــن زامـــان نـــەسرەفتە
وە ســـەر پـــەنجەی پـــای ئیستیغنا کـەفتە(٢)

بـــەدبەختێ چـــون مـــن تـــەن کـــەفتەی کـۆیـێ
یـــا خـــەیاڵ خـــامێ ئـەبلەە چـــون تـۆیـێ(٣)

ئـــەو روتـــبەی نـــازك تـــۆ وە دەروون بـــەرد
جـــە رووی گـــوستاخی تـــۆ ئـارەزووت کـەرد

لەب وە تـــەمای دڵ چـــەند حـــەسرەتش بـەرد
پـــێش ئـــاوڵە کـــەرد فـــرسەتش نـــاوەرد(٤)

---

[٧]

(١) وا دەر ئەکەوێ مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی بۆ ئەوە وتبێ کە گۆرەوی‌یەکی بێ کەڵکی بووبێ‌و بە تەما بووبێ لەگەڵ برادەرێکی بێ گۆڕێتەوە بە گۆرەوی‌یەکی باش، بەڵام ئەم داوایەی لێ نەکردبێ بە هیوای ئەوەکە ئەو خۆی بۆی بگۆڕێتەوە، کەچی ئەویش هیچی نەوتبێ‌و مەولەوی هەلەکەی لەکیس چووبێ. ئەمجا بەم شیعرانە قسەی لەگەڵ گۆرەوی‌یەکەی کردبێ‌و سکاڵای دڵی خۆی هەڵ رشتبێ.

(٢) جۆراب: گۆرەوی. ئیستیغنا: ئیش پێ نەبوون. کەفتە: کەوتوو. مەعنای ئەم شیعرەو شیعرەکانی پاشەوەی پێکەوە دێ.

(٣) تەن کەفتە: لەش داکەوتوو. ئەبلەە: نەفام.

(٤) پێش: پێی، قاچی. ئاوڵە: تولۆق. واتە: ئەی گۆرەویی کەسێکی زام نەسرەوتووی وەك من، کە لەبەر پێویست پێ نەبوون‌و کەڵك پێوە نەمان کەوتوویتە سەر لووتی پێم، منی بەدبەختی لەش سووتاوی سەر کێوان بە هیوای ئەوە بووم تۆ ئەو پایە بڵندەت دەسکیر ببێ کە ئەو دۆستە بکاتە پێی، وە تۆی نەفامی خەیاڵ خاویش هەر ئەو ئارەزووەت ئەکرد. بەڵام من بە هیوای رەزا بوونی برادەرەکەم وە بە هیوای ئەوەکە ئەو خۆی داوا بکا، ئەوەندە لێوم جووڵاندەوەو هیچم نەوت تا پێی لێوم بوو بە تلۆق، وە هەلەکەم لەکیس چوو، وە جگە لە خەفەت خواردن هیچم بۆ نەمایەوە.

[٨]

جەبێ کەس[١]

جــه بــێ کـەسی وێم تـۆم کـەردەن وەکـەس
نــه بــەکـەس شیای، نـه بـه نـیمەکـەس[٢]

ســـەر جـــه راســـتی کـەردەنم تـوفەیل
من مەجنوون تـۆم، تـۆم کـەردەن وە لەیـل[٣]

[٨]

(١) مەولەوی لەم دوو شیعرەیدا گلەیی لەدۆستێکی هیچ لێ نەهاتووی ئەکا.

(٢) واتە: لەبەر بێ کەسیی خۆم تۆم کرد بەکەسی خۆم، کەچی تۆ نە بەکەس بووی بۆم وە نە بە نیوەکەس وە رەنجم بێ هوودە بوو.

(٣) توفەیل: «طفیل»، خزمەتکارو شوێن کەوتوو. واتە: من بە راستیو دڵ پاکی سـەری خۆم کردووە بە خزمەتکارو شوێن کەوتووی تۆ وە خۆم کردووە بە مەجنوونی تۆو تـۆم کردووە بە لەیلی خۆم.

تیپی چیم

MAWLAWI.KRD

[١]

چون وەڵگ شادی(١)

چــون وەڵگ شــادی مـن وای دووری لەیـل
وەیشووم بەرد ئەو هەرد نەو رشتەی سوەیل(٢)

گـێج سـەر کـاوان جە سـەردەی بـین کـەیل
بـۆ مـەدان چـون بـۆی بـێ وەفـایی لەیـل(٣)

بــێ دەس بــی چــنار زیــز خــاتر رێش
بەڵ خـاکێش کـەرۆ وە سـەردا پـەی وێش(٤)

وی‌کــۆڵ وەی وەکـۆڵ پـەی زەردان دەرد
مــاساو نــە سـەراو رێزان هـەرزان کـەرد(٥)

---

[١]

(١) مەولەوی ئەم غەزەلەی بۆ دۆستێکی جافی ناردووەکە لەکوێستان ماوەتەوە لەگەڵ عیلا نەگەڕاوەتەوە بۆ گەرمەسێر، داوای لێ ئەکاکە بگەڕێتەوەو پیێ ئەڵێ درەنگە.

(٢) وەڵگ: گەڵا. وا: با. وەیشووم: وای شووم، بای نەگبەت، مەبەس بای ساردە. نەو رشتە: تازە رەنگ کراو. سوەیل: سهیل، ئەستێرەیەکە پایزان ئەکەوێ. واتە: وەك چۆن بای دووریی لەیل گەڵای درەختی شادیی منی وەراندووە، ساردە بای پایزیش گەڵای دارە زەرد هەڵگەڕاوەکانی بردووە بەکێوانا، مەبەسی ئەویە گەڵا بە دارەوە نەماوەو زستانی نزیك بووتەوە.

(٣) گێج: پێچو نەسرم. کاوان: بەرزاییەکان. کـەیل: پڕ. بـۆ: بـوون. واتـە: پێچو لوفـەی شاخەکان پڕ بوون لە سەرما، وە بۆنی سەرمایان لێ دێت وەك بۆنی بێ وەفایی یار.

(٤) واتە: دار چنارەکان لە بەر ئەوەکە گەڵایـان داوەریـوە، بێ دەس کـەوتوونو زویـرو بریندار بوون، ئیتر مەگەر گڵ بکەن بە سەری خۆیانا لەبەر دارزانی بەرگەکەیان.

(٥) وی‌کۆڵ: بێیەکۆڵە. زەردان دەرد: ئەوانە تووشی زەردوویی هاتوون. ماساو: ماسی. رێزان: کەوتن. واتە: دار بێیەکۆڵەکان لە بەر سرمای پایز دەردو بەڵا چووەتەکۆڵیان، وە ئەوەندە وردە گەڵای تاڵیان داوەراندووە بۆ ناو رووبارەکان، ماسییەکان هەموو مردوون. کەوتوونەتە سەر ئاو، وە مـاسی زۆر بـووە بـۆ ئـەوانـەی گـرفتاری دەردی زەردوویـن و

کۆچ کـەردەن خـاسان، چـیهرەی ئـێڵاخـان
داوۆ وە هـــەمدا دیســـان نـــە داخـــان[(١)]

رۆی حـــەشر دووری گـــەردەن بـــێ گـەردان
بـــێ‌وادە پـــیر کـەرد کـاوان سـەر هـەردان[(٢)]

هـــەور نـــەو زار زار کـــڵاو ئـــەو کـڵاو
مـــە گـــێڵۆ ئـــەسرین مـــەڕێزۆ وە تـــاو[(٣)]

مـــاچی ئـــەویش دەرد هـــیجرانش وەردەن
یـــا چـــون مـن بـاڵای ئـازیز گـوم کـەردەن[(٤)]

وێنـــەی عـــوقدەی پـێچ ریشـــەی ئـەرواو دڵ
بەستە بۆ جە نـم خـووی مـۆبـەت زەنگـڵ[(٥)]

☞

پێویستیان بە ماسی‌یە تەماشای بکـەن تـا چـاك ببنەوە. وە لەکـوردەواریـدا مـەشهوورە زەردووی دار سەیری ماسی بکا چاك ئەبێتەوەو دەردەکەی تووشی ماسی‌یەکە ئەبێت.

(١) خاسان: جوان خاسەکان. چیهرە: روو. ئێلاخ: کوێستان. داوۆ وە هەمدا: داویانە بە یەکا. واتە: هەموو رۆخسار جوانەکان لەکوێستان کۆچیان کردووەو هاتوونەتە خوار لەبەر سەرما، وە ئەوکوێستانانە دیسانەوە لە داخی کۆچ کردنی کچە شۆخەکان روویان گرژ کردووەتەوە.

(٢) رۆ: رۆژ. واتە: دووریی ئازیزە گەردن بێ گـەردەکـان کـە ئـەوەندەی رۆژی حـەشر ناڕەحەتە لای شاخە بەرزەکان، ئەو شاخانەی بێ وادە پیر کردووەو سەریان سپی کردووە. مەولەوی لە م شیعرەیا تەشبیهێکی زۆر ناسکی کـردووە: شـاخەکـانی شـوبهاندووە بـە ئینسانی دڵدار، وە بەفری قەلەبۆپەکانیانی شوبهاندووە بە مووی سەری دڵدارەکـان کـە لەبەر خەم خەفەت بێ‌وادە سپی بووبێ

(٣) نەو: نوێ، تازە. زار زار: بە عاجزی‌و زویری‌یەوە. کڵاو: بەرزی. مەگێڵۆ: ئـەگـەڕێ. مەڕێزۆ: ئەڕژێ. واتە: هەوری تازە بە عاجزی‌یەوە بە سەر بەرزایی‌یەکاندا ئەگەڕێ‌و بە تاو فرمێسك لە چاوەکانیەوە ئەڕژێ.

(٤) ماچی: ئەڵێی. وەردەن: خواردووە. واتە: ئەڵێی ئەویش دەردی دووریی چـەشتووە، یان وەك من باڵای ئازیزی گوم کردووە وا ئەگەڕێ‌و ئەگری.

(٥) عوقدە: گرێ. ئـەروا: ئـەرواح، گـیان. بـەستەبۆ: بـەستێتی. خـوو: ئـارەق. زەنگـڵ: زەنگڵە. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

سـیلسیلەی پـێچ پـێچ زوڵف نـازاران
زەنگـڵە بـەستەوە جـە دانـەی واران(١)

قـازان چـون یـاران ئـاواتـە خـوازان
قـەتارە بـەستەن مـەکـەران رازان(٢)

بـێ لەیـل، ئـاخ، ئـامێ، جـە ئـیلاخـەوە
پەی ئاخ داخ تـەك دان بـە «ئاخ داخ»ەوە(٣)

جـەیرانـان گـەل گـەل تـازە کـەردەن مـەیل
فەڕ وستەن ئەو زێد پای هەردەی دوجـەیل(٤)

---

(١) سیلسیلە: زەنجیر. واران: باران. واتە: هەر وەکو چۆن ریشەی گیانو دڵ بە نمی ئارەقی خۆشەویستیو مەیلی ئازیزان گرێ ئەبەستێو ئەپێچرێ بەیەکا، هەروەها زەنجیرەی زوڵفی یارانیش قەترەی بارانی وەك زنگڵە پیا شۆڕ بووەتەوە. چۆنیەتیو جوانیی ئەم شوبهاندنە بە بیر کردنەوەیەکی ورد نەبێ دیار نادا، چونکە لە لایەکەوە تەشبیهی «محسوس»ە بە «معقول» وە لە لایەکی ترەوە تەشبیهی «مرکب»ە چونکە چ لە لای «مشبە» وە چ لە لای «مشبە بە» یەوە هەر دیمەن سەرنج ئەدرێت.

(٢) قازان: قازەکان. مەکەران رازان: قسە ئەکەن. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٣) ئامێ: هاتن. تەك دان: پاڵیان داوە. ئاخ داخ: کێوێکە لە نزیکی قەسری شیرین. واتە: قازەکانی کوێستان لەبەر سەرمای زستان هاتنەوە بۆ گەرمەسێر، وە وەکو هاوڕێیانی موشتاق ریزیان بەستووەو قسە ئەکەن، بەڵام داخی گرانم لەیلیان لەگەڵ نەبوو، بە داخو حەسرەتەوە بە تەنیا هاتنەوە، وە داخی بێ لەیلیدا پاڵیان داوە بەکێوی ئاخداخەوە. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «جە ئیلاخەوە» نووسراوە «جە لەیلاخەوە». لەیلاخ ناوچەیەکی کوێستانییە لەکوردستانی ئێران.

(٤) جەیرانان: ئاسکەکان. فەڕ وستەن: فەڕیان خستووەتە. زێد: نیشتیمان، جێگای لە دایك بوون. دوجەیل: شوێنەکەی مەجنوونی لەیلا، مەبەس لێرە گەرمە سێرە. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

چـــەم ســـیاوەکـەی وە نـاز دیـاکـەم
ســەر رەوێڵەکـەی جـە رەم جـیا کـەم(١)

هـــاڵای ســەرمەستەن وە شنۆی لەیـلاخ
بـــۆی نــەو پـایزش نـامان وە دەمـاخ(٢)

شـەماڵ شـۆ هـۆر کـەر بـدەر بێ درەنگ
سـەیلو تـەم زەردی دیـدەو دڵو رەنگ(٣)

هـــوونەی ســـەیل چـــەم وە شـەتاواندا
تـــەم دڵ وە رووی زاخــان کــاواندا(٤)

زەردی رەنگ نـــە وەڵگ نـەوتووڵ نـەمامان
تـــا لێش مـــالووم بـۆ نـەوپایز ئـامان(٥)

(١) وە ناز دیاکەم: بە نازەوە روانیوەکەم. سەر رەوێڵ: سەر گەلە. رەم: گەلە. لە هەندێ هوسخەدا لە جیاتی «دیاکەم»و «جیاکەم» نووسراوە «دیاکە»و «جیاکە» وە لە جیاتی «سەر رەوێڵەکەی» نووسراوە «سەر دەلیلەکەی» واتە: پێشەنگی رێگا پیشان دەرەکان.

(٢) هاڵای: هێشتا. شنۆ: شنە. واتە: ئاسکەکان کۆمەڵکۆمەڵ مەیلیان تازەکردووەتەوەو هاتوونەتەوە بۆ گەرمیانو فەڕو بەرەکەتیان خستووەتە مەنزڵگەی یاران، کەچی لەگەڵ ئەم سەرماو سۆڵەدا کەکۆچی بە هەموو هاوینە خۆرەکان کردووەتەوە بۆ گەرمەسێر، هێشتا ئاسکە چاو رەشەکەی من سەرمەستی شنەی کوێستانەو بۆنی پایز نەیداوە لەکەللەی. مەبەسی مەولەوی لە ئاسکەکان دەستەی نازاران، وە مەبەسی لە ئاسکەکەی خۆی خۆشەویستەکەی خۆیەتی.

(٣) شۆ: بڕۆ. بدەر: بدە. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٤) هوونە: بە خوڕ رۆیشتن.

(٥) لێش: لێی. مالووم: مەعلووم، ئاشکرا. واتە: مادەم ئازیز هێشتا ئاگای لە سەرمای پایز نیە، شەماڵ تۆ بە بێ تەفرە پێدان هەڵسە برۆ لافاوی چاوەکانمو تەمی دڵمو زەردیی رەنگم لەگەڵ خۆت ببە، لافاوی بە خوڕی چاوەکانم هەڵکە بە چەمەکاندا، تەمی دڵەکەم بنێرە بۆ شاخەکان، زەردی رەنگیشم بدە لە گەڵای تووڵە نەمامە تازەکان تا ئازیز سەیری

مــەپەرسۆ بـــەو مـــەیل بـێ ســامانەوە
هـــای چ خـــەبەرەن جـــە دامــانەوە(١)

واچــە پــڕ جــە تــۆ جــە وێ فــەرامۆش
مـن دیـم، تـۆ حـاڵش نـەژنەوی وە گـۆش(٢)

دیـدەش یـەند خـەیاڵ بـاڵات بـی تێش‌دا
راگـــەی خـــاو نـەبی بـویەرۆ پـێش‌دا(٣)

یـەند گـێڵان بـەو دەرد شـەر نـە دەروون‌دا
بـا بـۆی دەرد مـارۆ وە رووی هـاموون‌دا(٤)

زایـــفیش گـــرەو جـــە کـــا بـەردەبێ
بای هەناسەی سـەرد گـێج پـێش وەردەبێ(٥)

☞

ئەم لافاوو تەم‌و گەڵا زەردانە بکاو بۆی دەرکەوێ کە وەرزی پایز هاتووە، بەڵکو ئیتر ماتڵ نەبێ لەکوێستان‌و بگەڕێتەوە بۆ لامان.

(١) های: ئەمە. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٢) واچە: بڵێ. وێ: خۆ. نەژنەوی: نەبیسی. واتە: ئەی شەماڵ کە تۆ لافاوی چاومت هەڵکرد بە چەمەکاناو تەمی دڵمت بەرز کردەوە بە شاخەکاناو گەڵای نەونەمامەکانت بە رەنگی زەردم رەگ کرد، ئەو دۆستە مەیل بێ‌ئەندازەیە لێت ئەپرسێ دەنگ‌و باسی دەشت چیە، تۆیش پێی بڵێ عاشقەکەت کە پڕە لە خۆشەویستی تۆو لە خۆی خاڵی‌و بێ ئاگایە، من بە چاوی خۆم دیم حاڵی ئەوەندە ناخۆش بوو یاخوا تۆ بە بیستن نەی بیسی.

(٣) یەند: ئەوەندە. راگە: رێگا. خاو: خەو. بویەرۆ: تێ‌پەڕێ. واتە ٪ چاوەکانی ئەوەندە وێنەی باڵای تۆیان تیابوو رێگەی خەویان تیا نەئەبووەوە پیایانا تێ‌پەڕ بێ، وە خەوی لێ نەئەکەوت.

(٤) گێڵان: گەڕاوە. مارۆ: دێنێ. هاموون: دەشت‌و دەر. واتـە: بـە دەردێ لە دەروونـەوە سەر کردوویەوە ئەوەندە گەڕاوە، با بۆنی دەردەکەی دێنێ بە وڵاتا.

(٥) زایفیش: زەعیفی. گێج: خول. واتە: ئەوەندە لاواز بووبوو لاوازیەکەی گرەوی لەکا بردبووەوەو بای هەناسەی سارد خولی پێ خوارد بوو.

گـێج مـەوەرد پـووشش بـەو هـەناسەوە
سروەی پووش مەوات جـەرووی تـاسەوە:(١)

ئـازیز شـۆخ شـەنگ شـیرین تـارەنی
ئـاهووی بـێ ئـاهووی وەش رەفـتارەنی(٢)

جـەڵەو جـەڵەو گـەل سـپی تـەتاران
دیـن دیـدەکـەت وە چـەم مـداران(٣)

ئـێڵاخـان سـەردەن بـازشان، ئـامان
گـەرمەسێر وەشـەن بـۆرێ وە دامـان(٤)

تـا گـێران یـاران ئـاهون رەم رەم
بـاجت وە گـەردن، خـەراجت وە چـەم(٥)

---

(١) گیج مەوەرد: خولی ئەخوارد. سروە: ئەو دەنگەی لە پوشەوە دێت بە دەم باوە. مەوات: ئەی‌وت. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی‌دا دێ.

(٢) تار: تاق کەوتن. ئاهوو: ئاسک. بێ ئاهوو: بێ عەیب. واتە: پووشی لهشی عاشقە داماوەکەت خولی ئەخوارد بە دەم بای هەناسەی ساردەوە، وە بە سۆزو ئیشتیاقەوە ئەی‌وت ئازیزەکەم تۆ ئاسکێکی جوانی شۆخو شەنگی بێ‌عەیبی، وە زۆر جوان تار ئەکەوی لە ئاسکەکانی‌تر.

(٣) جەڵەو جەڵەو: جەڵەب جەڵەب، کۆمەڵ کۆمەڵ. سپی تەتاران: ئاسکە تاتاری‌یە سپی‌یەکان. دین: دیتن. وە چەم مداران: چاوەڕێنی. واتە: گەلە ئاسکە سپی‌یە تاتاری‌یەکان چاوەڕێی چاو پێ‌کەوتنی چاوتن.

(٤) بازشان: بەجێ‌یان بێڵە. وەشەن: خۆشە. بۆرێ. وەرەوە. واتە: کوێستانەکان ساردن، دەخیلتم دەسیان لێ‌هەڵگرە، گەرمیان خۆشە وەرەوە بۆ داوێنی چیا.

(٥) گێران: بگرن. رەم رەم: رەوگ رەوگ. چەم: چاو. واتە: وەرەوە بۆ گەرمیان تا کۆمەڵی ئاسکەکان ـکە یارەکانتن ـباجت بگرنە ئەستۆی خۆیانو خەراجت لە سەر چاو بۆ دانێنو بۆت بهێنن. مەولەوی کە باسی گەردنو چاو ئەکا ئەیەوی ئیشارەت بۆ ئەوە بکا کە جوانی گەردنو چاوی ئاسک بەناوبانگە.

[٢]

چەرخە یە تۆنی[(١)]

چــەرخــە یــە تــۆنــی ئــەی مــەیلە کــەردی
بــەختە یــە تــۆنــی شــادی ئــاوەردی[(٢)]

خـــەمە فــرســەتێ، ئــامانەن زامــان
دەردە مـــۆڵەتــێ نــامەی لەیــل ئــامان[(٣)]

تــەحریر خــوردەی ڕێحــان بــێزەکــەت
تــەقریر شــیرین شــەکــەر ڕێزەکــەت[(٤)]

یــاوا وە ســەروەخت خــەستەی دەردەکــەت
مــەڵهــەم دا نــە زام دووری کــەردەکــەت[(٥)]

---

[٢]

(١) مەولەوی جارێکیان ئەڕوا بۆ «تەوێڵە» بۆ زیارەتی شێخی «بهاالدین»رحمه الله چەند ڕۆژێ لەوێ ئەمێنێتەوە، بەڵام چونکە شێخ نەخۆش ئەبێ ناتوانێ چاوی پێ بکەوێ، لەو بەینەدا شێخ نامەیەکی بۆ ئەنێرێ و هەواڵی ئەپرسێ، ئەمیش بەم شیعرانە وەڵامی ئەداتەوە.

(٢) چەرخە: ئەی فەڵەك. یە تۆنی: ئەمە تۆی. کەردی: کردت. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٣) خەمە: ئەی خەم. دەردە: ئەی دەرد. ئامان: هاتووە. واتە: ئەی فەڵەك ئەمە تۆ بووی ئەم مەیلەت لەگەڵ کردم، وە ئەی بەخت ئەمە تۆ بووی شادی و خۆشیت هێنا، توخوا سا ئەی دەردو خەم مۆڵەتم بدەن نامەی لەیلم بۆ هاتووە با بیخوێنمەوە.

(٤) تەحریر: نامەی نووسراو. خوردە: ورد. ڕێحان بێز: ئەو خەتەی کە خەتی ڕێحانی لە بەر چاو ئەخا. «ریحانی» جۆرە خەتێکە. تەقریر: قسە. شەکەر ڕێز: ئەوەی شەکری لێ ئەوەرێ.

(٥) دووری کەردە: ئەو زامەی کە دووری کردوویە. واتە: ئەی خۆشەویستەکەم نامە خەت وردەکەت گەیشت کە ئەوەندە جوان بوو خەتی ڕێحانی لە بەر چاو ئەخست، وە قسە جوانەکانت هاتن کە شەکریان لێ ئەوەری وەکەوتنە فریای دۆستەکەت کە گرفتاری دەردتە، وە بوون بە مەڵهەم بۆ ئەو برینانەی کە بە هۆی دووریی تووە پەیدا بوون.

من کێنان خامەت وە یادم کەردەن
حوسنت زیاد بۆ پەی دڵان بەردەن[۱]

جەمینت هەر سات نە جەلایێ بۆ
هەر جەلا پەی من وە بەڵایێ بۆ[۲]

نیم نیگات رەفێق تیر ئەندازی بۆ
دڵەی من نیشان نە جان بازی بۆ[۳]

واتم مەیل دڵ، پەی کەسێ کەسەن
جە تەن خوای سوحبەت زاهیری وەسەن[۴]

خەیاڵم کەفتەی ئاسانەکەی تۆن
چ حاجەت زاهیر ئاماو ئامۆشۆن[۵]

دیام خەیر دووریت زۆرش ئاوەردەن
ئامانێ بەڵکم ئینە چەپ گەردەن[۶]

هەر پاسە شادیش نیەن بەینەتش
بەڵ بێ بەقا بۆ سزاو مەینەتش[۷]

---

(۱) کێنان: کێم. خامەت: قەڵمەکەت. واتە: من کێم قەڵەمەکەی تۆ هێناومیەتەوە یاد، یاخوا جوانیت هەمیشە روو لە زیادی بێ بۆ فڕاندنی دڵی دڵداران.
(۲) جەمین: جەبین، روخسار. سات: سەعات. واتە: یاخوا روخسارت هەر تاوێ تیشکێك بداتەوە، وە هەر تێشك‌دانەوەیەکی بەڵایەك بێ بۆ من.
(۳) جانبازی: گیان بەخت کردن. واتە: یاخوا هەمیشە روانینت بە لاچاو وەك تیر تەقاندن وابێ بۆ کوشتنی یاران، وە دڵی منیش ببێ بە نیشانەی‌و لە گیان بەخت کردنا بێ.
(۴) تەن‌خوا: جیاتی. وەسەن: بەسە. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.
(۵) کەفتەن: کەوتووە. واتە: وتم بۆ کەسێ کەس بێ خۆشەویستی دڵ بەسەو پێویست بە هاتنی خۆی ناکا، منیش خەیاڵم هەمیشە لەبەر دەرگای تۆدا کەوتووە، ئیتر چ ئیحتیاجی‌یەکم هەیە بۆ هات‌و چۆی ئاشکرا.
(۶) دیام: سەیرم کرد. ئامانێ هاتم. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێ.
(۷) هەر پاسە. هەروەك. بەینەت: وەفاو بەین.

سێر ساوون وە چەم ئەو پاڵای بێ گەرد
چێش هەر زیاد کەرد دەرد وە بان دەرد(١)

وەشڵە وە مەینەت وەخت مەهجووری
سەد رەحمەت ئەو قەبر دووریی و رەنجووری(٢)

ئەر سەد تۆی دەروون پەرێت قەقنەس بی،
یانەی دڵ وە یاد ئاوا بی بەس بی(٣)

ئیسە حەسرەتان، بیم بەد ئەندێش
هەر یەك جە لایێ مەکێشۆم پەی وێش(٤)

خوسووس تۆ وەی رەنگ مەوینوون دڵگیر
چمان دەروونم مەپێکان وە تیر(٥)

---

(١) سێر: تێر. ساوون: بسووم. پاڵا: کەوش. چێش: کەچی. واتە: بەڵام دیتم سوودی نیە، دووریت زۆری هێناوە بۆم، وتم با بڕۆم، ئەمە خوایە گەردوون وەك خۆشییەکەی زۆر دەوام ناکا، بەڵکو سزاو مەینەتیشی زۆر درێژە نەکێشێ وە چاوم بە یار بکەوێ و تێر تێر کەوشە بێ گەردەکانی بێنم بە چاوەکانما، کەچی دەردی زیاد کردم و چاوم بە یار نەکەوت.

(٢) وەشڵە: خۆزگە. ئەو: لە. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٣) ئەر سەد: هەرچەند. تۆی دەروون: تۆیی ناو سك. پەرێت: بۆت. واتە: خۆزگە بە دەردو مەینەتەکەی زەمانی دووری، وە رەحمەت لەو گۆڕە تاریکەی فیراق کە ئەوسا تییا ئەژیام، هەرچەند ناوسکم بۆت سووتابوو، وە بووبوو بە قەقنەس، بەس نەبوو ماڵی دڵم بە یاد کردنەوەت ئاوەدان بوو.

(٤) بیم: ترس. بەد ئەندیش: رەقیبی نیاز خراپ. مەکێشۆم: رامئەکێشێ. واتە: ئێستە داخ و خەفەت و ترسی بەدکار هەریەکە لە لایەکەوە رامئەکێشن بۆ لای خۆیان.

(٥) وەی رەنگ: بە رەنگی. مەوینوون: ئەبینم. چمان: وائەزانم. مەپێکان: ئەپێکن. واتە: بە تایبەتی تۆ بە رەنگی خەفەتبار ئەبینم وائەزانم دڵیان بە تیر پێکاوم. ئەش گونجێ شیعرەکە بەم جۆرە بێ: «چەمان دەروونم... تاد» چونکە لە نووسینی کۆنی کوردیدا لە جیاتی جووڵە «حرکە» تیپ «حرف» دانەئەنرا وەك ئێستا، «چمان»و «چەمان» وەك یەك ئەنووسران. بەم پێیە مەعنای شیعرەکە بەم جۆرەی لێ دێتەوە: بە تایبەت هەر کە تۆ بەم

دڵ خـــەریك مــــەوج گـــێجــاو دەردەن
زوانــــم دایــم ویــردش ئــەی فــەردەن:[۱]

مـــن نـــە بـــوون ئـــازیز گـــەردەن بـلووری
کێن رەحـــمەت کـەرۆ وەسـڵش نـە دووری[۲]

خاس بی ئـەر سـەد جـار شـادی وە بـاد بـیم
دووراو دوور وە دیـن ئـاسانەش شـاد بـیم[۳]

ئـــیسە هـــا فـــەڵەك کـــەڵەك بـەستەوە
تـــۆڕداو دووریش هـــا وە دەســــتەوە[۴]

خـــەفەت وادەتـــەن، مـــەینەتان ســا دەی
وەخت بـارانـەن ئـەسرین دەی پـەی کـەی[۵]

☞
رەنگە ئەبینم، چاوەکانم دڵم بە تیر بریندار ئەکەن، چونکە ئەو چاو پێ کەوتنە ئەبێ بە هۆی خەمبار بوونی دڵ.

(۱) ویرد: دوعای سەرزمان. مەبەس قسەیەکەکە هەمیشە بووترێتـەوە. مـە عـنای ئـەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

(۲) نەبوون: نەبم. کێن: کێیە. کەرۆ: بکا. واتـە: دڵـم گـرفتاری شـەپۆلی دەلیـای دەردەو هەمیشە ویردی سەرزمانم ئەوەیە ئەڵێم: ئازیزە گردەن وەك بلووری بێ گەردەکەم، مـن نەبێ چ عاشقێکی تر ئەوەندە چارە رەشەکە بە یارگەیشتنەکەی خۆزگە بە دووری بخوازێ لە بەر ئەوەکە هیچ کەڵکێکی لە خۆی دەسگیر نەبووبێ.

(۳) باد: با. بێم: بووم. واتە: باش بوو جاران هەرچەند شادیو خۆشیم درابوو بە با، بەڵام خۆ هیچ نەبێ دووراو دوور دڵم بە دیتنی بەر دەرگاکەی خۆش بوو...

(۴) واتە: کەچی وا ئێستە گەردوونی چەپ گەرد کـەڵەکـی بـۆ نـامەوەو تـۆڕداوی دوور خستنەوەی گرتووە بە دەستیەوە. مەبەسی مەولەوی ئەوەیەکە تـەوێڵە بـەجێ ئـەهێڵێ و ئەگەڕێتەوە. کۆکردنەوەی «کەڵەك» کە پێی ئەپڕنەوە لە ئاو، لەگەڵ «تۆڕ داو» کە هی ماسی گرتنە، تەعبیرێکی ناسکە لەم شوێنەدا چونکە گەلێ جار ماسیگر سواری کەڵەك ئەبێ و ئەچێ بۆ ماسی گرتن.

(۵) پەی کەی: بۆ کەیت هەڵگرتووە. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

ئـــازیزت ئـــاستەن هـــا وە دمـــاوە
تـــەنە بـــۆ بـــێ گـیان ســـا شـــۆ وە راوە(١)

[٣]

چێشەن پەشێویم(٢)

چـــێشـــەن پـــەشێـویـم: مـــاتەمی دڵەن
یـــا کـــزەی ئـامای نـــامەی بـــوڵبـــوڵەن(٣)

---

(١) ئاستەن: بەجێ هێشتووە. دما: دوا. تەنە: ئەی لەش. بۆ: بێ. واتە: ئەی خەفەت ئیتر وادەتەو ئەی مەینەت داباریٚ بە سەرما، ئەی فرمێسك نۆش سەرەتە خۆت بۆ کەی هەڵگرتووە، وەك باران دارژێ، چونکە ئازیزتان ـکە گیانمە ـلای یار بە جێماوەو لەشم بە تەنیا گەڕاوەتەوە. مەولەوی ئەنجا روو ئەکاتە لەشی و پێی ئەڵێ ئەی لەش تۆش بە بێ گیان بێ بە ڕێوە. لە شیعرەکانی لەمەوپاشیدا رووی قسەی ئەکاتە گیانو لەگەڵ ئەو ئەدوێ.

[٣]

(٢) بولبول شاعرێکی بەرزی هاوچەرخی مەولەوی بووە حەزی لەکچێکی مەولەوی کردووە، بەڵام حەزەکەی دەرنەبڕیوە تا مەولەوی کچەکەی ئەدا بە شوو، جا هاتووە قەسیدەیەکی پڕ لە عاجزیو دوعای شەڕی بۆ مەولەوی نووسیوە، مەولەویش لە وەراما ئەم قەسیدەیەی بۆ ئەنێرێ. وا لێرەدا بەر لەوەی کە لە قەسیدەکەی مەولەوی بکۆڵینەوە قەسیدەکەی بولبول ئەنووسینەوە:

نـــیشانەی نـــاوك نـــیگای نـــازاران ... یـــانی ســـەر دەفـــتەر ســـوپای خـەمباران
وەغـــەڵەت مـــەشهوور حـــاڵ زان دەردان ... پەی وێت وەرپا کەرد هـەناسەی سـەردان
نـەتیجەی قیاس «قضیە»ی «قضا»ی تۆ ... تـــەدبیر چـــەند دڵ پـــێ نـارەزای تـۆ
بـــزیسکەی نـــاسۆر دەرد جـــەستەی من ... کـــزەی کـــولیای زام تۆ ژار بـەستەی من
گـــەردەلوول گـــێج هـــەناسانی ســـەرد ... دوور نـــیەن بـــوزۆت نـــە ســـەد گـێج دەرد
فەڵەك وەکوورەی مۆرەی ساختەی دەرد ... پەی تـەفرەقەی وەسڵ بشانۆ یـەك نـەرد
وزۆت نـــەگـــێجـــاو مـــەینەتان خـــەم ... رۆی شادی، رووی وەسڵ نەوینی وە چەم
تـــا ئـــاوخانەی دڵ نـــەکـــەللەی ســـەر بۆ ... ئـــانە شـــیرینەن ئـــەوەڵ چـــەمەر بـــۆ
پـــەی گـــەرمی کـــوورەی مـــەیل دەروونت ... هـــەناسەی ســـەردم ئـاما ئـەو شـۆنت

(٣) چێشەن: چیە. ماتەمی: خەفەتباری. ئاما: هاتن. واتە: هی چیە وا پەشێوم، هەر خۆم خەفەتبارم، یا کزەی هەناسەی ساردی بوڵبوڵە لە نامەکەیەوە سەری داوە؟

شــاهید دانـــای گـــردین ئـــەحواڵان
وەســەن پــەی راســی عــەرزەی مـەلاڵان(۱)

ئــێش هـــام فــەردم، ئــێش وێم زانــان
دەرد هـــــام دەردم، دەرد وێم زانـــان(۲)

بــەڵام تــۆ قــەزاو بــێ تــەدبیری وێت
کەردەن پێت ئانا هـەرچی کـەردەن پێت(۳)

کــەی تــۆ خــەیاڵێت وە دەروون ئــاوەرد
هانات کەرد ئەو من، من بـێ مـەیلیم کـەرد(۴)

تــا تــەئسیرێ بــۆ پــەرێ شــەو نــاڵەت
یــا پـەی هـەناسەی سـوب دۆعـاو لاڵەت(۵)

گـــۆیـــا جــە لاوێت دەروونت ئــێشـان
بــەد دۆعــاییت کــەرد تــەسدیعت کـێشـان(۶)

---

(۱) دانا: زانا. گردین: هەموو. وەسەن: بەسە. واتە: ئەو خوایەی کە ئاگاداری هەموو شتێکە، بەسە بۆ ئیسپات کردنی راستی ئەم قسانەم کە بە عاجری‌یەوە بۆتی ئەکەم.
(۲) وێم: خۆم. زانان: زانیوە.
(۳) وێت: خۆت. ئانا: ئەوەتە. هەر چێو: هەرچی. واتە: بەڵام تۆ یەکەم قەزاو قەدەری خواو دووهەم بێ سەرو بەربی خۆت ئەوەیان پێ کردی کە پێیان کردی.
(۴) هانات کەرد ئەو من: هاوارت هێنا بۆ من. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.
(۵) پەرێ: بۆ. واتە: کەی تۆ خەیاڵێکی وات بە دڵا هاتو دەسەو دامێنی من بوویتو من بە گوێم نەکردی، تا لاڵانەوەو هاوارو ناڵەی شەوت کار بکا لە حوزووری خوادا، یا هەناسە ساردی تەك دوعای بەیانی‌یانت ئەنجامێکی بێ.
(۶) لاوێت: لای خۆت. ئێشان: ئێشاوە. تەسدیع: زەحمەت. کێشان: کێشاوە. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

من رۆی مامەڵەی گردین خاس‌و کەس
جەو راسە بازاڕ شارەکەی ئەلەس[١]

جە سەر دووکانچەی شای سەر توجاران
هۆر گرتم کاڵای بەڵای نازاران[٢]

نامان نە گۆشت مەر فەردەکەی من
فەرد وەش مەزموون بێ گەردەکەی من:[٣]

ئەر هەر سات دەردێ دەردێو تەر چەنی
بەیۆ ماچوو ئاخ پەی دەردێ هەنی[٤]

یەکێوەن جە لام شادی‌و رەنجووری
کەیفی‌و بێ کەیفی نزیکی‌و دووری[٥]

---

(١) رۆی: رۆژی. خاس: بەرامبەری «عام»، مەبەس پیاوی خوایە، هەروەها وشەی «کەس»یش بەم مەعنایە. ئەلەس: ﴿أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ﴾ ئەو رۆژەی کە خوا لە عالەمی ئەرواحدا قسەی لەگەڵ گیانی هەمووکەس کردو موسوڵمان‌و کافر لە یەك جوێ نەبوونەوە.

(٢) شای سەر توجاران: مەبەس خوایە. هور گرتم: هەڵم گرتووە. واتە: گوایە لای خۆت دڵت ئێشاوەو دوعای شەڕت لێ کردووم، بەڵام لە خۆڕایی زەحمەتت کێشاوە، چونکە من خۆم لەو رۆژەدا کە لە راستە بازاڕی شاری «الست بربّکم»دا هەرکەس خەریکی مامەڵە کردن بوو، چوومە سەر دوکانچەی شای سەر بازرگانان‌و پارچەی بەڵای نازارانم بۆ خۆم هەڵبژارد، مەبەسی ئەوەیە لە رۆژی ئەزەلدا کە خوا چارەنووسی دیاری کرد ئەو دەردو بەڵای بەرکەوتووەو ئیتر باکی نیە لە دوعای شەڕی کەس.

(٣) مەر: مەگەر، بۆچی. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری پاشەوەی‌دا دێ.

(٤) چەنی: لە گەڵی. بەیۆ: بێت. ماچوو: ئەڵێم. هەنی: دیسان. واتە: تۆ کە دوعای شەڕم لێ ئەکەی بۆچی شیعرە بێ گەردە خۆش مەعناکەی منت نەبیستووەکە ئەڵێ ئەگەر هەر سەعاتێ دەردێکم توش بێ‌و دەردێکی تریش بە دوادا بێت، هێشتا تێری پێ ناخۆم‌و ئەڵێم خۆزگە دەردێکی تریشم تووش بهاتایە.

(٥) یەکێوەن: یەیەککە. رەنجووری: خەفەتباری.. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

مــەر چــون تــۆ هــەڵوای مــەحەبیەت خــامێ
قـــەبای عـــەشق دڵ پشت نـــاتەمامێ[١]

وەشـــــیو نـــاوەشی تـــەفاوت زانـــۆ
مـــەلێ نـــەزانـــۆ هـــەر پـــەلێ شـــانۆ[٢]

مەیلو قین هـەردوو هـەر جـە شـەخسێوەن
جـەریمەو خـەڵات شـێوەی کـەسێوەن[٣]

لا هـــۆر کـــەردە جـــەو، پـــەی ئـــێد تـــەماشا
بـــەو شـــاد، پـــێد نـــاشاد «کَـلّا و حـــاشا»[٤]

سـا هــەر دۆعـا کـەر بـا چـەرخ چـەپ گـەرد
تـــا تـــاقەتش هـــەن هـــەر بشـــانۆ نـــەرد[٥]

---

(١) چون: یەکێك وەك. هەڵوا: حەڵوا، شیرینی. خام: کاڵ. قەبا: کەوا.

(٢) زانۆ: بزانێ. مـەلێ: مـەلە. پـەلێ: پـەل. شـانۆ: بـوەشێنێ. واتـە: شـادیو خـەفەتو نزیکیو دووری لە لای مـن وەك یـەك وان، مـەگـەر یـەکێکی وەکـو تـۆ کـە حـەڵوای خۆشەویستی دۆستانی کاڵ بێو پشتەکەوای عەشقی نـا تـەواو بـێ، فـەرقی خـۆشیو ناخۆشی بکا وە لە دەلیای عەشقا مەلە نەزانیو هـەر پـەل بـوەشێنێ، ئـەگینا عـاشقی راستەقینە فەرقی لا نیە.

(٣) جـەریمە: جـاران کـە ئـاغا کـوردەکـان تـورە ئـەبوون لە فـەلاح حـوکمیان ئـەدا کـە ئەندازەیەکی تایبەتی پارەی لێ بسێنرێ، ئەوە پێی ئەوترا جەریمە. کەسێوەن: کەسێکـە. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٤) هورکەردە: هەڵ چەرخاندن. ئێد: ئەم. پێد: بەم. واتە: قینو خۆشەویستیو جەریمە دانانو خەڵات کردن هەردووکیان هەر ئیشی خوان، کەواتە من هەرگیز ئەوە ناکەم حەز بـەمیان بکـەمو خـۆشم لەوی تـریان نـەیەت، وە سـەیری ئـەمیان بکـەمو مـل لەویـان وەرچەرخێنم.

(٥) کەر: بکە. هەن: هەیە. بشانۆ: بوەشێنێ. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوە پێکەوە دێ. لە هەندێ نووسخەدا لە جیاتی «نەرد» نووسراوە «دەرد».

مـن وزۆ ئـەو دەرد، ئـەو ئـەو سـەردی مـەیل
ئەو ئـەو قـەبایل، مـن ئـەو كـۆی دوجـەیل(١)

خــوسوسەن، بـولْبـولْ جـە لای زامـداران
دووری خـــاستەرەن نـــە وەســـڵ یـــاران(٢)

نـــزیكی یـــاگـــەی تـــەردیدەی فـــەسڵەن
دووری رای خـــەیاڵ قـــافڵەی وەســـڵەن(٣)

پـــەوكە خـــوو گـــرتەی بـــەڵاو كـــۆسـەنان
نـــزیكی بـــێزار، دووری دۆســـەنان(٤)

---

(١) وزۆ: بخاتە. ئەو: ناو. قەبایل: هـۆزەكـان. ئیشارەتە بـۆ ئـەوەكـە لەیـلا كـەوتبوە نـاو عەشیرەتەكانو مەجنوون وێڵی هەردەی دوجەیل بووبوو. واتە: كەواتە تا پێت ئەكرێ هەر دۆعا بكە با چەرخی چەپگەرد تا پێی ئەكرێ هەر زاری چارەڕەشی هەڵدا بۆ من، من تووشی دەردو بەڵا بكاو مەیلی ئەو سارد بكاتەوە، من وێڵی هەردەی دوجەیل بكا وەك مەجنوونو ئەو بخاتە ناو هۆزەكان وەك لەیل.

(٢) خوسوسەن: بەتایبەتی. زامداران: برینداراانـی دەردی خـۆشـەویستی. مـەعنای ئـەم شیعرەو شیعری دوایی پێكەوە دێ.

(٣) یاگە: جێگا. تـەریدە: «طـریدە»، دەربـەدەر كـراو. فـەسڵ: جیایی. را: رێـگـا. قـافڵە: كاروان. واتە: من ترسی دۆعای شەڕم نیە بە تایبەتی لەبـەر ئـەوەكـە بـرینداارانـی زامـی خۆشەویستی دووری‌یان لا باشترە لە گەیشتن بە یار، چونكە نزیكی جێگـەی جـەردەو دەربەدەر بووانی جیاییو دوور كەوتنەوەیە، بەڵام دووری رێگای تێپەڕ بوونی كاروانی بە یار گەیشتنە. مەبەسی ئەوەیەكە بە یار گـەیشتن تـووی دوور كـەوتنەوەی لەگـەڵ خـۆی هەڵگرتووە لە بەر ئەوە ناخۆشە، بەڵام دووری پاڵ بە ئیسانەوە ئەنێ بۆ بیر كردنەوە لە بە یار گەیشتن، وە بۆ ئەوەكە بگا بە یار. بەم پێیە دۆعا شەڕەكەی بولبول ئەبێ بە مایە خێر بۆ مەولەوی.

(٤) پەوكە: بۆیە. كۆسەنان: كـۆسـم، كـەوْس كـەوتنم. مـەعنای ئـەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پێكەوە دێ.

نــــه کــــۆی نــــزیکی شـــادی وه بـــادم
نــــه دەورەی دووری وه یـــادش شـــادم[١]

[٤]

چەرخ هەر ئەو چەرخەن

چەرخ هەر ئەو چـەرخـەن تـا ئـاوەردو بـەرد
دەس ئـەو دەس نگـین تـا خـاتەم ئـاوەرد[٢]

(١) کۆ: خەرمان. دەورە: سەردەم. واتە: بۆیە خووم گرتووە بە بەلاو کۆس کەتنەوەو بێزارم لە نزیکیو حەزم لە دووریی‌یە، چونکە لە سەر خەرمانی نزیکی‌دا شادیم بەر بادە، وە لە سەر دەمی دووری‌دا شادم بە یادکردنەوەی دۆست.

* * *

کە وەرامەکەی مەولەوی ئەگاتە دەستی «بولبول»، ئەم پارچە شیعرەی‌تری بۆ ئەنێرێ:

سەرشار سـەرخۆش مـەیخانەی «الست»
وە نـەشئەی مینای دەس سـاقی مـەست
پـا بـەستە بـە قـەید سـەبیادی مـەعنی
فـارغ نـە سـوورەت فـیرقەی «لایعنی»
سـینە خــەزانــەی نـازك خـەیالان
نـازكتەر جــە نــاز نـازك نـەوهالان
شـێویـای شـانای شـیرین ئـەتواران
شـەریك تـاڵیو شـادی خـەمباران
راسـتـەن نـەتیجەی قـیاست سـەختەن
مـودەعات ئـیلزام خـەسم بـەدبەختەن
بـەڵام دەعـوای بـەخت جـە دەڵالاتـەن
قـیاست مـەجموع مـوغالەتاتەن
یـەکسـەر عـەمیقەن قـەزایای تـەحریر
غـەیر جـە وسیلەی دەلیـل تـەقدیر
خـۆ مـن ئـەزانم ئـەدەب تـەقسیرەن
واتـەی بـەدکاران جـە لات دڵگـیرەن
بـدیە بـێ مـەیلیت وە جـایێ یـاوان
بـە واتـەی بـەدان مـەگـیریم تـاوان
سـەد نـەوبەت یـاوان قـرینەی حـاڵی
ئـیحتیاج چـیش بێ هـانای مـەقاڵی
ئاخ جە حاڵ زانیت خـەیلێ ئیشکاڵەن
حـاڵ نـەزانـات مـونافی حـاڵەن
پـەی تـەتمەی رەد مـەولام کـافی‌یەن
بێ باکیت جە رووی بێ ئینسافی‌یەن
ئەر بێ وەفایی، وەر بێ مـەیلیت کـەرد
جە بەدبەختی من هەرچی بی وەرد
ئەما حەیف «بوڵبوڵ» جە وێت هەراس کەرد
پەی تەنیا گوڵێ وێت کـەس نەناس کـەرد

[٤]

(٢) چەرخ: گەردوون. نگین: مۆرخانەی ئەمووستیلە، مەبەس شانو شکۆی پێغەمبەریەتی‌یە.

دا بـــەزم خـــوسرەو شـــیرین وە هـــەمدا
جام دا وە سەر جەم، جەم وە سـەر جـەمدا[1]

شـۆرەت نـامەی نـام حـاتەمش کـەرد تـەی
کەرد وەکـاسەکـەل کـاسەی کـەلەی کـەی[2]

ســـاقی، گـــەرد ئـارد یـاران هـام فـەرد
مـدۆم نـە دەمـاخ ئـاسیای چـەپ گـەرد[3]

☞

خاتەم: ئەموستیلە، مەبەس حەزرەتی محمدەکە خاتەمی پێغەمبەرانە. واتـە: گـەردوون هەر ئەو گەردوونەیەکە بە چەند جۆر وەزعی هێنایە پێشەوە وە نگینی پێغەمبەریەتی دەس بـە دەس لە لەنـاو پـێغـەمبەرانـا گـێڕا تـا گـەیاندیە سـەر حـەزرەتی مـحمد کـە ئـاخری پێغەمبەرەکانە. مەولەوی لەم شیعرەدا تەعبیرێکی ناسکی بەکار هێناوەکە لە دوای «نگین» کە مۆرخانەی ئەموستیلەیە «خاتەم»ی هێناوەکە بە ئەموستیلە ئەڵێن، واتە: وەك چۆن پاش مۆرخانەی ئەموستیلە ئەموستیلەکە دێت، پاش پێغەمبەرانیش حەزرەتی مـحمد هات. کۆکردنەوەی «نگین»و «ئەموستیلە» بە پێی عیلمی بەدیع هونەری «طباق»ی تیایە.

(١) دا: دای. وە هەمدا: بە یـەکـدا. جـام: ئـاوێنـەکـەی جـەمشیدی شـای ئـێران کـە وا مەشهوورە بە شوێنێکی بەرزەوە دای ئەناو لەشکری دوژمنی لە دوورەوە تیا ئەری. جەم مەبەس لە جەمی یەکەمو دووهەم جەمشیدی شای ئێران، وە مەبەس لە جەمی سێهەم جەمعە بە مەعنا کۆمەڵانی خەڵك. واتە: بەزمی خەسرەوو شیرینیدا بە یەکداو جامی دا بە سەر جەمشیداو کوشتیو جەمشیدی هێنا بە سەر خەڵکاو کردی بە بەڵای گیانیان، یـان کۆمەڵە خەڵکێکی دا بە سەر کۆمەڵێکی تراو بە یەکتری فەوتاندنی. مەبەسی ئەوەکە بەزمو رەزمی هەزار خەسرەوو شیرینو تەختو بەختی هەزار جەمشیدی تێك داوە.

(٢) شۆرەت: شهرت، ناوبانگ. نام: ناو. تەی: پێچانەوە. کەی: کەیخەسرەو، یەکێکـە لە پادشا کۆنەکانی ئێران. واتـە: نـاوبانگی حـاتەمی پێچـاوەتەوەکـاسەی کـەللەی سـەری کەیخەسرەوی کرد بە کاسەی کەل. لەکۆ کردنەوەی «حاتەم»و «تەی»دا بە پێی عـیلمی بەدیع هونەری «تۆریە» پەیدا بووە، چونکە مەبەس لە «تەی» هۆزەکـەی «حـاتەم» نـیە، بەڵکو پێچانەوەیە.

(٣) گەرد: تۆز. مدۆم: ئەدا. ئاسیا: ئاش. ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

سـەدای ئــاسیاوچی مـــەیۆ پـەیاپەی
ئــاساو خــاڵی‌یـەن نـەوبەتەن سـا دەی(١)

هــەرکــاتێت زانـا چــەرخـێ وەردەوە
چــون یــاران دانـەی ئێـمـەیچ هـەڕدەوە(٢)

نـە هـــەر ســەردەشتێ کشـتێ کـریابۆ
وە جـۆی چــەمەی چــەم ئــاو نـەدریابۆ(٣)

نــەیاوابــۆ خــاس دانـەش بـەو ئـاوە
لایــق نــین بـەردێش بـەو ئــاسیاوە(٤)

فـیدات بـوون ئـامان سـا هـۆر کـەر با بـەی
وە سەر کشتمدا پەی‌پەی جەو جـۆی مـەی(٥)

---

(١) ئاسیاوچی: ئاشەوان. مەیۆ: دێت. ئاساو: ئاش.
(٢) وەردەوە: سووڕایەوە. دانە: دەنك. باراش. هەڕدەوە: هاڕی‌یەوە. واتـە: ئـەی سـاقی ئاشی گەردوون بۆنی ئاردی لاشەی هاڕاوی هاوڕێیان ئەدا بە لووتما، بە سـەرەمڕیش ئاشەوان دەنگی دێ ئەڵێ ئاش خاڵی‌یەو سەرەتانە فەرموون ئەی خاوەن باراشەکان، جا هەر ئەوەندەت زانی ئێمەیش سووڕێکمان خواردو ئاشەکە دانەوێڵەی ئێمەیشی هاڕی. مەبەس لەم شیعرانەدا لە «ساقی» خوای گەورە، وە لە «تۆزی ئارد» خۆڵی لاشەی رزیو، وە لە «ئاش» گەردوون، وە لە «ئاشەوان» فریشتەی گیان کێشان، وە لە «دانە» لەشە. واتە: هاوڕێیان هەموو مردنو سەرەی ئێمەیش هاتووە.
(٣) کشتێ: زەرعاتێك. کریابۆ: کرابێ. جۆ: جۆگە. چەمە: سەر چاوگە. چەم: چاو. نەدار بۆ: نەدار بێ. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.
(٤) نەیاوابۆ: نەگەیشتبێ. بەردێش: بیبەن. بەو: بۆ ئەو. واتە: هەر کشتو کاڵێك لە هەر دەشتێکا کرابێ، مادەم بە فرمێسکی لە ترسی خوا داڕژاو ئاو نەدرابێ، وە دەنکەکانی بەو ئاوە پێ‌نەگەیشتبێ، لایقی ئەوە نیە ببەنە ئەو ئاشە. لەم دوو شیعرەدا مەبەس لە «دەشت» لاشەی ئادەمیزاد، وە لە «کشت» کردەوە، وە لە «جۆگا» سەرچاوەی خوا پەرستی‌یە. واتە: تەنها کردەوەی چاك شایانی ئەوەیە ببرێت بۆ ئەو دنیا.
(٥) بوون: بـم. هـورکەر: هـەڵکـە. بـابەی: بـابێت. مـەعنای ئـەم شـیعرەو دوو شـیعری دوایی پێکەوە دێ.

ئـەر سـەد کشـتەکـەم ئـاخر کـارشەن
هــەفتەکــەی ئـاخر نـەو وەهــارشەن[(١)]

بــەڵام بــەڵ تـەڵ کـەشێو کـەرۆ
جــەی ئـاخرەوە دانــاویٚ وەرۆ[(٢)]

حــەیفەن تـۆ مـیراو سـەرجۆی بادە بی
وە هـەر کـەس بـە قـەد کـەفاف دادە بی[(٣)]

مــن کشـتم رووزەرد هـام فـەردانش بـۆ
دانــەم روو سـیای هـام دەردانش بـۆ[(٤)]

---

(١) ئەر سەد: هەرچەند. ئاخر کارشەن: دوایی‌یەتی. نەو بەهار: بەهاری نویٚ. کە لە ئاخرو ئوخری بەهارا باران ئەباریٚ و گیای وشك بوو سەوز ئەکاتەوە، ئەڵێن بەهار نویٚ بووەتەوە.

(٢) کەسێوە: کەشێك. کەش کێشمانو هەڵچوونە. کەرۆ: بکا. داناو: دانە ئاو، یەك باران کە بدا لە دەغڵو بی‌بووژێنێتەوە. وەرۆ: بخوا. واتە: دەسم دامێنت بە قوربان ئەو جۆگەی شەرابە هەڵکە با پەی دەر پەی بێت بە سەر کشتو کاڵی مندا، تا هەر چەند تاخرو ئۆخریەتی و دوا هەفتەی بەهاری نویٚیەتی، لقەکانی هەڵچن و لەم دوا دوایی‌یەدا ئاویٚ بخۆنەوە. مەبەسی ئەوەیە هەرچەند عومرم گەیشتووەتە ئاخی، وە تا ئێستا ئیشێکی باشم نەبووە، با بە بیٚ کردەوەیەکی چاك نەمرم، تەوفیقم بدەو کارێك بکە چاکەیەك بکەوێتە ریزی کردەوەکانمەوە.

(٣) میراو: ئەوەی سەرپەرشتی ئاوی جۆگەکان ئەکاو دابەشی ئەکا بە سەر زەرعات کەرانا. بادە: مەی. کەفاف: ئەوەندەی بەش بکا. دادە بی: دابێت. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دیٚ.

(٤) واتە: حەیفە تۆ میراوی جۆگەی مەی بی‌و بە هەرکەست بەشی حاڵی خۆی دابیٚ، کەچی من بیٚبەش بکەیت، منیش دەغڵەکەم وشك بیٚ و بیٚ بە پووش، وە دانەوێڵەی سەر خەرمانەکەم رەش بێتەوە. مەبەسی ئەوەیە حەیفە تۆ هەموو شتت بە دەس بیٚ و، کەچی منیش بە هۆی بەدکرداریمەوە روو زەردی لای هاوڕیٚیانو روو رەشی حوزووری تۆ ببم، مەولەوی بە هێنانەوەی وشەی «ڕوو زەرد»و «ڕوو سیا» بەرامبەر «کشت»و «دانە» ئیشارەتی بۆ ئەوەکردووەکە دەغڵ ئەگەر بارانی نەبوو، ساقەکەی زەرد ئەبیٚ و گوڵەکەی رەش ئەبێتەوەو دەنکەکانی ئەبن بەکوێروو.

[٥]

چون چیهرەی خەیاڵ(١)

چون چیهرەی خەیاڵ روخسارەکەی وێش
نە تۆی پەردەی دڵ مەعدومی دڵ رێش(٢)

نمانا جەمین شای سۆسەن خاڵان
کەمکەم جە گۆشەی لای سیاماڵان(٣)

زەمین منەتبار پا منیاو مەویەرد
جارجار وە رووی ناز باوەشێن مەکەرد(٤)

باوەشێن مەکەرد ئەو سەفحەی بێ گەرد
نازکیش جە باد ئیحتیات مەکەرد(٥)

---

[٥]

(١) مەولەوی بەم قەسیدەیە تەعریفی نازارێکی جاف ئەکا کە لەودیوی دەوارەوە خۆی دەرخستووە.

(٢) چیهرە: روو. نە تۆی: لە ناو. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٣) نمانا: دەری خست. جەمین: جەبین، ناو چاو. سۆسەن: گوڵێکی پەمەیی تۆخە لەکوێستانەکانا ئەڕوێ. سایواڵ: دەوار. واتە: شای سۆسەن خاڵەکان وردە وردە لە پشتی دەوارەوە خۆی پیشان دا، وە لە دیمەنی روخساری خۆی ئەچوو لە دڵی کون کون بووی مەعدوومی دا. مەولەوی وای داناوەکە ئەو نازارە ئەوەندە شۆخ و جوانە هیچ شتێك نیە بۆ ئەوە دەس بدا پێی بشوبهێنرێ جگە لە وێنەی خۆی لە دڵی ئەمدا. لەم دوو شیعرەدا تەشبیهی «محسوس» کراوە بە «معقول» واتە وێنەی راستەقینەی یار لە پەنا دەوارا تەشبیە کراوە بە وێنە خەیاڵی‌یەکەی لە دڵی مەولەوی‌دا، وە ئەو دەوارە رەشەی کە یار خۆی لەو دیویەوە دەرخستووە، تەشبیەکراوە بە دڵی برینداری رەش بووەوەی مەولەوی. بە پێی ئەم تەشبیهە ئەبێ وێنەی خەیاڵی‌یەکەی ئەو نازارە لە دڵی مەولەوی‌دا، جوانتر بێ لە وێنەی راستەقینەی خۆی، وە ئەبێ دڵی مەولەوی لە دەوار زیاتر رەش بوویێتەوە. ئەم جۆرە تەشبیهە لای ئەدیبەکان تەشبیهێکی زۆر جوان و پەسەندە.

(٤) منیا: دای ئەنا. مەویەرد: تێ ئەپەڕی. مەکەرد: ئەی کرد. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایی‌یەوە.

(٥) نازکیش: ناسکیی. باد: با. واتە: منەتی ئەنایە سەر زەوی و پێی پیا ئەناو تێ ئەپەڕی،

نە تۆی تاریکی تای شەدەی بێ گەرد
لەتافەت چون ئاو حەیات مەوج مەوەرد(١)

غەریب بیم چەنیم کەرەم نمانا:
وە سەوقات پەرێم خەدەنگێ شانا(٢)

ئەر سەد چون یاران گیان تەسلیم کەردم
خاس بی پەی یادگار خەدەنگێ بەردم(٣)

[٦]

چەمان هەم قامەت

چەمان هەم قامەت کەیفم، خەمبارەن
زەردی نە رووی دڵ زەوقم دیارەن(٤)

☞

جار جارێکیش لە رووی نازەوە روخساری بێ گەردی خۆی باوەشین ئەکرد، روخساری ئەوەندە ناسك بوو ناسکی یەکەی ئەترسا لە شنەی بای باوەشێنەکە زیانی پێ بگەیەنێ.

(١) تا: تاڵ. لەتافەت: ناسکی. مەوج مەوەرد: شەپۆلی ئەدا. واتە: لە ناو تاڵە رەشەکانی پووشینە بێ گەردەکەیەوە ناسکی شەپۆلی ئەدا وەك چۆن ئاوی حەیات لە تاریکاییەکەیدا شەپۆل ئەدا. لەم شیعرەدا مەولەوی تەشبیهی ناسکیی کردووە بە ئاوی حەیات، وە تەشبیهی تاڵە رەشەکانی سەرو پووشینی یاری کردووە بەو تاریکاییەی کە ئەڵێن ئاوی حەیاتی تیایە.

(٢) بیم: بووم. چەنیم: لەگەڵم. نمانا: پیشانی دا. سەوقات: دیاری. پەرێم بۆم. شانا: وەشاندی. واتە: غەریب بووم پیاوەتی لەگەڵ کردم، تیرێکی بە دیاری بۆ وەشاندم.

(٣) واتە: هەرچەند منیش وەکوو یاران گیانم تەسلیم کردو کوژرام، بەڵام هەر باش بوو تیرێکم لەگەڵ خۆم برد بۆ یادگار.

[٦]

(٤) چەمان: چەمیوەتەوە. رێشی تێ ئەچێ «چمان» بێ بە مەعنای «ئەڵێی، کأنە». واتە: باڵای کەیف و شادیم لە خەفەتدا چەمیوەتەوە، یان: ئەڵێی باڵای کەیفم خەفەتبارە، وە زەردی بە سەر روخساری دڵی زەوقمەوە دیارە.

تـەوق خـەم گـەردەن شـەوقەکـەم بـەستەن
کـەف پـای شـادیم خـار تـێ شکـەستەن[١]

سـاقی، سـا دەخـیل جـام مـەی وەکـەف
دەروێش، ئـامانەن کـەفێ نـە رووی دەف[٢]

خـۆ نـەوی فـرسەت جـارێ نـەجاران
هەر پۆس وە مشت بـیم پـەی دیـن یـاران[٣]

چەپگەرد جـە خـاتر وێش هـەرگیز نـەویەرد
کـەی بـی جـامێمـان پڕ جـە بـادە کـەرد[٤]

ئـێمـە بـا سـاتێ بـە زمـێمـان جـەم بـۆ
لادێ هـەر خـاسەن ئـەر سـەد کـە کـەم بـۆ[٥]

مـن نـاڵە، تـۆ دەف، ئـەو سـافی یـا دورد
هـەنی فـەرد دەرد مـەینەت گـەردەن ورد[٦]

---

(١) کەف: لەپ. خار: دڕك. واتە: تەوقی خەم و خەفەت چووەتە ئەستۆی شەوقم، لەپی پێی خۆشیشم دڕکی تیا شکاوەتەوە.

(٢) کەف: لەم شیعرەدا مەبەس لێی لەپی دەستە. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوە پێکەوە دێ.

(٣) نـەوی: نـەبوو. پـۆس وە مشت: ئـەوەی دەس‌کـێشی چـەرمی لە دەستایە، بـەو رەنجبەرانە ئەڵێن کە دەس‌کێشی چەرم لە دەس ئـەکـەن و دڕك ئـەدوورنەوە. دیـن: چـاو پێ‌کەوتن. واتە: دەخیلتم ئەی ساقی کە پیاڵەی مەی ئەگێڕی، پیاڵەیەکمان بدەرێ، تۆیش ئەی دەروێش دەسێ بدە لە دەفەکەت و هەندێکمان بۆ لێدە، خۆ جارێکیان هەلمان بـۆ هەڵنەکەوت و هەمیشە هەر لە رەنج کێشانا بووین بۆ چاو پێ‌کەوتنی یار.

(٤) خاتر: خەیاڵ. نەویەرد: لای نەدا. واتە: فەلەك هەرگیز لە خەیاڵی خۆی لای نەدا، وە جارێك نەبوو کە پیاڵەیەکمان بۆ پڕ بکا لە مەی.

(٥) واتە: با ئێمەیش تاوێك کۆ ببینەوەو کۆڕمان گەرم کەین، ئەو تاوە هەرچەند کـەمیش بێ باشترە لە هیچ.

(٦) سافی: شەرابی بێ‌گەرد. دورد: خەڵتە. هەنی: ئیتر. واتە: من ئەناڵێنم و تۆ دەف لێدەو

[٧]

چێش واچۆ مەعدووم(١)

چێش واچۆ مەعدووم خەستەی مەهجووریت(٢)
حـــاڵ دیـــدەو دڵ جـــە دەرد دووریت

بـــدیە بـــەو دەجـــلەی بـــێ کـــەنارەدا
رەوانـــەن وە بـــەین بـــەغدا شـــارەدا(٣)

ســـەیر کـــەر ئـــەو گـــەرماو شـــەرارەی تـــاوە
هـــوەیدان هـــامن جـــەلای بـــەغداوە(٤)

ئـــەو ئـــاخر وشکـــاو ئـــەسرین دیـــدەم
ئـــێد دمـــا نـــەفەس دڵەی خـــەم دیـــدەم(٥)

جـــەو گـــەرماو جـــەو ئـــاو بـــەرگوزیدەکـــەم
تـــەفتیش کـــەر حـــاڵات دڵەو دیـــدەکـــەم(٦)

☞

ساقی‌یش شەرابی بێ‌گەرد یا خڵتەی بنی پیاڵەی دۆستانمان بە سەرا بگێڕێ، شیعری دەردو مەینەتیش ملی بشکێ‌و گۆڕی گوم بێ. مەولەوی لەم شیعرەدا دەوری خۆی‌و ساقی‌و دەروێشی دیاری کردووە لە ئاهەنگەکەدا.

[٧]

(١) مەولەوی لە ١٢٩٢ی هـ ئەم پارچە هەڵبەستەی نووسیوە بۆ مەحموود پاشای جاف کە ئەو کاتە ماڵی لە بەغدا بووە لە وەرامی نامەیەکیا کە بۆ هەواڵ پرسینی مەولەوی‌ی ناردبوو.

(٢) چێش واچۆ: بڵێ چی. واتە: منی گرفتاری دەردی دووریت، بڵێم چی‌و چۆنت بۆ باس بکەم کە دیدەو دڵم لە ناو دەردی فیراقت چی‌یان لێ هاتووە.

(٣) بدیە: بڕوانە. بێ کەنار: بێ قەراخ، مەبەس گەورەیی دەجلەو زووری ئاوەتی. رەوانەن: بە سافی ئەڕوا. مەعنای ئەم شیعرەو سێ شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٤) هوەیدا: ئاشکرا. هامن: هاوین. (٥) نەفەس: هەناسە. دیدە: دیتوو.

(٦) بەرگوزیدە: هەڵبژاردە. واتە: سەیرێکی ئەو دەجلە پان‌و پۆڕە بکەکە بە ناوەڕاستی

☜

[٨]

چەم پەی فەرش پات

چەم پەی فەرش پات مـوژەش چـون خـارەن
بـەڵام چـێش کـەرۆ چـارش نـاچارەن[١]

چـەنی تـاوۆ تـەرك پـا بـۆست کـەردەن
سـەوگەندش وە زوڵف سیای تـۆ وەردەن[٢]

[٩]

چون شەماڵەی نور

چــون شــەماڵەی نـوور گـڕ گـڕانـمە
پــەی پـــاس مـــاران زەنگ زڕانـمە[٣]

☞

بەغدادا تێ ئەپەڕێ، وە سەرنجێ بدەرە تینی گەرمای هاوینی بـەغدا، ئـەویان دواتکـی فرمێسکی چاوەکانمەو ئیتر وشکاویان هاتووە، ئەمیشیان دوا هەناسەی دڵە خەفەتبارەکەمە. جا بەو گەرمای بەغداو ئاوی دەجلەدا بزانە حاڵی دڵو چاوم چۆنـەو لێی ورد ببـەرەوە تێ ئەگەی لە چی‌یام.

[٨]

(١) چێش کەرۆ: چی بکا. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٢) چەنی تاوۆ: چۆن ئەتوانێ. سەوگەند: سوێن. واتە: هـەرچـەند چاوەکـانم بـۆ ئـەوە ناشێن لە بەر پێتا بکەون چونکە برژانگەکانم وەك درك وانو قاچت بریندار ئەکەن، بەڵام چاریان ناچارە چونکە سوێندیان بە زوڵفی رەشی تۆ خواردووەکە ئەبێ قاچت ماچ کەن لەبەر ئەوەکە زوڵفەکـانت ئـەوەندە درێژن گـەیشتوونەتە قـاچت، وە نـاتوانـن دەس لەو سوێنەیان هەڵگرن.

[٩]

(٣) شەماڵەی نوور: کرمێکە هاوینانە دەرئەکەوێو بە شەوان لە دوورەوە تیشك ئەداتەوە، پێ‌یشی ئەڵێن «گۆ ئەستێرە» گڕگـڕان: گـەڕانو درەوشـانەوە. زەنگ زڕان: زەنگ لێ‌دان.

☜

تیپی خێ

[١]

خورشید سەمای

خــــورشید ســـــەمای شـــیرین جـــەماڵان
رەشك ئـــەفزای گـــرۆی دیـــدە غـــەزاڵان(١)

دانـــەی شـــەو چـــراغ خـــەزانـــەی هـــەستی
مـــەزەی نـــەشئەی عـــەشق بـــادە پـــەرەستی(٢)

دەرگـــــای مـــەدینەی حـــوسن مـــەحبووبی
نوور ئەفزای دیـدەی جـەرگەی یـەعقووبی(٣)

---

(١) خورشید: خۆر. سەما، «سماء»، ئاسمان. رەشك ئـەفزای: داخو خـەفەت زیـادکەر. گرۆ: گرۆه، كۆمەڵ. واتە: ئەی بریسكەدار وەك رۆژ بە ئاسمانی جوانانەوە، ئەی زایدكەری خـەمو خـەفەتی ئـەو جـوانخاسانەی كـە چاویان وەک چـاوی ئـاسك وایـە. هـۆی وەسفـكردنی ئەو خۆشەویستە بە زیادكەری داخو خەفەتی جـوانـان لەبـەر ئـەوەیەكـە ئەوەندە جوانە، هەرچەند ئەوان سەیری ئەكەن بەخیلی پێ ئەبەنو داخی دڵیان زیاد ئەبێ.
(٢) دانە: گەوهەر. شەو چراغ: شەو وەک چرا ئەدرەوشێتەوە. هەستی: بوون، گیتی. واتە: ئەی گەوهەری شەو درەوشاوە لە گەنجینەی گیتی دا، ئەی ئەوەی كە بۆ دڵداری وەك مەزە وای بۆ مەی خۆر. مەبەسی ئەوەیە وەك چۆن مەی خواردنەوە بێ مـەزە نـابێ، جیهانی خۆشەویستی ش ئەمی تیا نەبێ بە هیچ دانانرێ.
(٣) مەدینە: شار. نوور ئەفزا: رووناكی زیـاد كـەر. جـەرگە: كـۆڕ، كـۆمـەڵ. یـەعقووبی: ئەوانەی موشتاقی چاو پێ كەوتنی یارن، وەك چۆن حەزرەتی یەعقووب موشتاقی چـاو پێ كەوتنی یوسفی كوڕی بوو. واتە: ئەی دەرگای شاری خۆشەویست بوو لە بەر جوانی، ئەی زیاد كەری رووناكی چاوی ئەوانەی چاوەڕوانی یـار ئـەكـەن. مـەولەوی تـەشبیهی یەكەمی ئەم شیعرەی لەو حەدیسە وەرگرتووەكە پێغەمبەر فەرموویەتی:
«اَنا مَدِینَةُ العِلْمِ وَ عَلِیٌّ بابُها». واتە: من دەرگای شاری زانستم، وە عەلی دەرگاكەیەتی. وە تـەشبیهی دووهـەمیشی لە مـەسەلەكـەی حـەزرەتی یـوسف وەرگـرتووەكـە لە قـورئانا ئەفەرموویت: یەعقووب بە هۆی گوم بوونی یوسفی كوڕیەوەكوێر بووبوو، بەڵام هەر كە یوسف كراسەكەی خۆی لە میسرەوە بۆ نارد هێنای بە چاویاو چاوی رۆشن بووەوە.

خـــودا وه تـــۆش دان بـــاڵای عـــەرعەری
هـــەر لایـــق وه تـــۆن شـــێوەی دڵبـــەری(١)

کـــاڵای شـــیرینی وه بـــاڵات بـڕیـــان
تـــاس مـــەحبووبیت نـــە عـــاڵەم زڕیـــان(٢)

نـــیگای خـــوماریت خـــەمبارم کـــەردەن
ژار مـــــار دەرد وه دڵدا بـــــەردەن(٣)

بـــە وێنـــەی نـــەچیر زامـــان ئـاوەردەم
نـــێش گـــولوولەی خـــەمباری وەردەم(٤)

پـــەلەپەل پـــەی گـــیان نـــە دەس تـۆ بـەردەن
پـــەنام وه پـــەنای فـــیراقت کـــەردەن(٥)

ئـــیسه بـــێ ئـــامان خـــەستەی هـــیجرانـــم
سـەر کـەردەن هـووناو نـە تـۆی زامـانم(٦)

نـــە ســـەبرم چـــەنی دووریت مـــەسازۆ
نـــە وەســـڵت وه مـــەیل دڵم نـــەوازۆ(٧)

---

(١) وه تۆش دان: به تۆی داوه. عەرعەری: وەك عەرعەر که دارێکی بەرزە وەك چنار.
(٢) بریان: براوه. تاس: تەپڵ. زڕیان: زڕیاوه. واته: کاڵای جوان چاکی بڕاوه بـه بـاڵاتو ناوبانگی خۆشەویستیت له جیهانا دەنگی داوەتەوه.
(٣) نیگا: روانین. خوماری: مەستانه. بەردەن: بردووه.
(٤) گولوولە: گولله. واتـه: وەك نـەچیری راو بریندار بـووم‌و ئازاری گـوللەی خـەفەتم چەشتووه.
(٥) بەردەن: رزگار کردن. واته: بۆ ئەوەی به تیری چاوت گرفتار نەبم‌و گیانم رزگار کەم له دەستت، به هەڵە داوان پەنام بردە بەر دوور کەوتنەوه لێت.
(٦) واته: کەچی ئێستا تووشی دەردی بێ‌ئەمانی دووریت بووم‌و خوێناو له زامەکانمەوه لێشاوی کردووه.
(٧) چەنی: لەگەڵ. مەسازۆ: ئەسازێـنـێ. نـەوازۆ: ئـەلاوێـنـێـتـەوه. واتـه: نـەسەبری مـن‌و دووری تۆ پێکەوه ئەگونجێن، وه نه وەسڵیشت به خۆشەویستی‌یەوه دڵ نەوابیم ئەکا.

نــــە یــــارای خــــەیاڵ وەســـاڵ تــــۆمــەن
نــــە تـــاب دووریٍ خــــەیاڵ تـــۆمــەن(١)

دڵ مـــەندەن نــــە بــەین خـــۆف‌و رجـــادا
مـــەزانـــۆ راش کـــام یـــاوۆ ئـــەو لادا(٢)

مـــەرتۆ وەکـــەرەم تـــەشریف بـــاوەری
یـــا وە لای وەســـڵت رابـــەریش کـــەری(٣)

وەر نــــە، ئـــازیزم، قـــەسەم وە نـــامەت
ســـەرگەردان مـــەبۆ تـــا رۆی قـــیامەت(٤)

---

(١) یارا: ماوەی فرسەت. تاب: توانا. واتە: نە فرسەتم هەیە بیر لە وەسڵت بکەمەوە، وە نە توانای ئەوەم هەیە دوور بم لە خەیاڵ کردنەوە لێت.

(٢) مەندە: ماوەتەوە. مەزانۆ: نازانێ. یاوۆ: ئەگات. واتە: دڵم ماتڵ ماوە لە نێوانی ترسی نەگەیشتن بە تۆو هیوای گەیشتن‌دا، وە نازانێ رێگای ئەچێتە سەر کامیان.

(٣) باوەری: بێنیت. واتە: مەگەر یا تۆ بە پیاوەتی خۆت تەشریف بێنی بۆ لام، یا رێگای پیشان‌دەی کە لەکوێوە ئەگاتە گەیشتن بە تۆ.

(٤) نامەت: نامت، ناوت. واتە: ئەگینا گیانەکەم قەسەم بە ناوت، دڵم تا رۆژی قیامەت بە سەر گەردانی ئەمێنێتەوە. ئەش گونجێ «نامەت» نەبێ «نامت» بێ، وە «قیامەت» نەبێ «قیامت» بێ بە مەعنای «راست بوونەوەت». بەم پێیە مەعنای شیعرەکە بەم جۆرە ئەبێ: ئەگینا ئازیزم قەسەم بە ناوت، دڵم تا ئەو رۆژەی تۆ هەڵئەسیتەوە بێی بۆ لای، هەر سەرگەردان ئەبێ.

[٢]

خامەی سەراوێز[١]

خامەی سەراوێز نە چای سیایی
مەڕێزۆ ئەسرین شەکوای جیایی[٢]

نامەی سەد شکەنج وە هەم پێچ وەردەن
چون من سەر تا پاش شکستەی دەردەن[٣]

دەوات دووی سیاش جە دەم مەخێزۆ
نامە سیا خاك وە سەر مەڕێزۆ[٤]

دەوات دووی دەروون گێج دان وە هەمدا
لیقە وێش کێشان وە لیتەی خەمدا[٥]

---

[٢]

(١) مەولەوی ئەم غەزەلەی بۆ برادەرێکی نووسیوە، گلەیی تیا ئەکا لە چەرخی ڕۆزگار بە بۆنەی ئەوەوە کە ماڵەکەی ئاگری تێ چووەوە کتێب و هەڵبەستەکانی سووتاون.

(٢) خامە: قەڵەم. سەراوێز: سەرەوخوار. چا: چاڵ. مەڕێزۆ: ئەڕێژێ. واتە: قەڵەکەم کە سەرەوخوار بووەتەوەو کەتوتووەتە ناو چاڵی ڕەشی شووشەی مەرەکەب، لە داخی دووری دۆست ئەگری و سکاڵای حاڵی خۆی ئەنووسێ. مەبەسی لە گریانەکەی ئەوەتەکە مەرەکەب لە نووکەکەی ئەتکێ.

(٣) شکەنج: شکاندنەوە، قەد کردن. وەردەن: خواردووە. واتە: کاغەزەکەم کە ئەوەندە دوورو درێژە سەد جار قەد کراوە، پێچی خواردووە بە یەکاو وەك من هەموو لەشی لە تاو دەرد تێك شکاوە.

(٤) دەوات: شووشەی مەرەکەب. دوو: دووکەڵ. مەخێزۆ: هەڵئەسێ. واتە: شووشەی مەرەکەبەکەم دووکەڵی ڕەشی لە دەم دەر ئەرئەچێ، کاغەزەکەشم خۆڵە ڕەشە ئەکا بە سەری خۆیا. مەولەوی لەم شیعرەدا ئیشارەت بۆ ئەوە ئەکا کە جاران لە حوجرەکانا بە مەرەکەبی ڕەش ئەیان نووسی، هەندێ جار کە مەرەکەبەکە ماوەیەك بەکار نەهێنرایە، کە قەڵەمیان تیا را بدایە، هەڵمێکی ڕەشی لێ هەڵئەسا. هەروەها نووسراو کە وشك نەبوایەتەوە خۆڵیان پیا ئەکرد تا وشکی بکاتەوە، ئەنجا خۆڵەکەیان دائەوەراند.

(٥) لیقە: جاران کە بە مەرەکەبی ڕەش ئەیان نووسی پارچە پەڕۆیەکیان ئەخستە ناو

خــامە شــەوق وەردەن دەم مــە کــەردەوە
زار زار مـــــەناڵۆ وە دەم دەردەوە[١]

مــەوات هــەی ئــاوات واســتەکــەی جـەستەم
هــەی مــۆمــیایی پــێشــەی شکــەستەم[٢]

کــام زام بــی جـە تــۆ مـن نـەویم نـەسیب
جــەفا هــەر وە مــن، وەفــا پــەی رەقیب[٣]

زامـــان تـــاونان هـــووناوان جـــۆجـــۆ
دەرد وە بـــان دەرد یـــە جـــە دووری تـــۆ[٤]

بـــڕیـــان تـــای روبـــاب قـــافیە خـــوانـیم
نـــەمەندەن تـــاقەت عـــیبارەت زانـــیم[٥]

☞

شووشەکەی بۆ ئەوەی مەرەکەبەکە هەڵمژێ تا درەنگ تەواو بێ، بەو پارچە پەڕۆیەیان ئەوت لیقە. واتە: دووکەڵی ناو دەواتەکەم خۆی داوە بە یەکاو، لیقەکەی ناویشی خۆی هەڵژەندووە لە قوڕو لیتەی خەمکە مەرەکەبەکەیە.

(١) شەق‌وەردەن: شەقی بردووە. زار زار: بە خەفەتەوە. مەناڵۆ: ئەناڵێنێ. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

(٢) مەوات: ئەی‌وت. مۆمیایی: دەرمانێکە جاران بۆ گیرساندنەوەی ئێسقانی شکاو بەکاریان ئەهێنا. پێشە: ئێسقان.

(٣) واتە: قەڵەمەکەم شەقی بردووە، دەمی ئەکردەوەو بە دەم دەردەوە بە عاجزی‌یەوە ئەی ناڵاندو ئەی‌وت ئەی دۆستە ئاوات بۆ خوازراوەکەم، ئەی گیرسێنەرەوەی ئێسقانی شکاوم، من کام دەردم تووش نەهات لە رێگای تۆوە، کەچی تۆیش وەفات هەر بۆ بەدکار بوو، وە بۆ من هەر ئێش‌و ئازارت هەبوو.

(٤) تاونان: تواندووەوە. جۆ: جۆگە. یە: ئەمە. واتە: زامەکانم خوێناوی لەشمیان تواندووەتەوەو جۆگەیان لێ هەڵکردووە، ئێستەش وا لە ئێشی دووری تۆ دەرد لە سەر دەرد کەوتووە بەسەرما.

(٥) بڕیان: پچڕاو. تا: تاڵ. روباب: ئالەتێکی موسیقایە. قافیە: شیعر. نەمەندەن: نەماوە.

☜

دەمــــەی هــــەناسەی گــــەرم تــارەکــەم
نــەکــوورەی دەروون پــڕ جــە خــارەکــەم[(١)]

ئــــایر دان حـــوجرەی دڵەی پـــڕ دەردم
ســۆچـــنان کــتاو مـــەجمووعەی فــەردم[(٢)]

[٣]

خاڵۆی مەنزڵ چی[(٣)]

خـــاڵۆی مـــەنزڵ چـی، سـەرکردەکـەی دەرد
تەمام بـە تـۆ بـێ، ئـای یـە چـێشت کـەرد[(٤)]

☞

واتە: ژێی موسیقای شیعر دانانم پچڕاوەو تاقەتی تێ گەیشتنی نووسراوم نەماوە. لەم شیعرەدا تەشبیهی شیعر دانان کراوە بە رەبابە لێ دان، هەروەك رەبابەکە ژێ کەی بچڕا ئیتر پێی لێ نادرێ ئەمیش ئەو هێزەی نەماوەکە پاڵی پێوە ئەما بۆ شیعر وتن.

(١) دەمە: تین. نار: ئاگر. جەخار: زوخاو. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوە پێکەوە دێ.

(٢) سۆچنان: سوتاندوویە. کتاو، کتێب. واتە: تینی بۆقی گەرمی دەروونە پڕ زوخاوەکەم ئاگری بەرداوەتە حوجرەی دڵی پڕ دەردمو هەرچی شیعری تیابووە هەمووی سوتاندووە، ئیتر هیچ شیعرم بۆ نایەت. مەولەوی بەم جۆرە ئیشارەت ئەکا بۆ سووتانی کەشکۆڵی شیعرەکانی، وە دەری ئەخا کە ئەو کارەساتە ناخۆشە چ کارێکی کرد بوە سەر دڵو هەستی.

رێکەوتێکی سەیر: هێشتا لە چاپ کردنی فۆرمەی پێش ئەم فۆرمەیە نەبووبووینەوە چاپخانەی نەجاح کە ئەم دیوانەی تیا لە چاپ ئەدرێ ئاگری تێ چوو، وە چەند بەند کاغەزو فورمەی ئەم کتێبەشی تیا سووتا.

[٣]

(٣) لەم قەسیدەوە وا دەرئەکەوێ کە لە لاوانـدنەوەی لاوێك لە شێخەکانی «پەنجە»«پاپاڵە»دا وترابێ، وە ئەو لاوە لە زەردو مایەکەوەکەوتبێتە خوارو لەشی تێك شکابێو برابێتەوە بۆ ماڵو لەوێ مردبێ، وە وادەرئەکەوێ کە ئەم کارەساتە لە سەفەرێکی راوا رووی دابێ، وە مەولەوی بەم قەسیدەیە گلەیی لەکابرای بنەی راوچی یەکان بکا کە بۆچی ئاگاداری ئەو کورە نەبوو تا وای بەسەر هات.

(٤) واتە: ئەی خاڵۆی سەرپەرشتی کەری بنەی راوچی یەکانو ئەی سەرکردەی دەردو

وەختێ بەو گەردەن سیم سافەوە
چون وەش غەزاڵان وە بۆی نافەوە(١)

دەور مدا وە پێچ ئەو کاوو بەردە
بۆ بەخشانیش بێ ئەی هەرد بەو هەردە(٢)

ئەو بۆ جەو تەرەف سوب نەسیم ماوەرد
هەر جە دوورەوە زام ساڕێش مەکەرد(٣)

خەیلێ دێرت کەرد، ئافەرین چەپ گەرد
بەو بۆ دڵ شاد بیم ئەویشت لابەرد(٤)

ئیسە ئەو گەنجە، بەو لارو لەنجە
رەنجەکەرد پەنجە، شی پەرێ «پەنجە»(٥)

☞

مەینەت، من بە تەمای تۆ بووم ئاگات لەو کوڕە بێ، کەچی گوێت نەدایە تا بۆ خۆی وای بە سەر هات... توخوا خاڵۆ تۆ ئەوە چیت کرد؟

(١) سیم: زیو. ناف: ناوك. مەبەس بۆنی میسکەکە پارچە خوێنێکی مەیبوە لە لای ناوکی هەندێ جۆری ئاسکەوە. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

(٢) کاو: بەرزایی. بۆ بەخشانی: بۆن بڵاو کردنەوە.

(٣) ماوەرد: ئەی هێنا. واتە: کاتێك کە ئەو لاوە گەردەن وەك شووشی زیوی بێ گەردە، بەو پێچ و زەردو مایەدا ئەسووڕایەوە، وە بۆنی خۆشی بڵاو ئەکردەوە بە هەردەکانا، وەك ئاسکی خوتەن کە بۆنی میسکی لێوە بێت، بای نەسیمی بەیانیانیش لەو سەرەوە ئەو بۆنەی ئەهێناو ئەی‌دا بە لووتمانا، وە هەر لە دوورەوە برینەکانمانی ساڕێژ ئەکرد.

(٤) دێرت کەرد: پەلەت کرد. واتە: ئافەرین چەپ گەرد بۆ کارێ کردت، ئێمە دڵمان بەو بۆنە خۆش بوو، ئەویشت بە پەلەپەل لابرد. ئەش گونجێ «دێرت کەرد» نەبێ «ویرت کەرد» بێ، واتە: بیرت کردەوە تا ئەو بەڵایەت بۆ دۆزینەوە.

(٥) رەنجەکەرد: ئەزیەتی دا. پەرێ: بۆ. پەنجە: دێیەکە لە ناوچەی «دیواندەرە» لەکوردستانی ئێران. واتە: ئێستە ئەو لاوە بەو لارو لەنجەوە پەنجەی خۆی ئەزیەت داو رۆیشتەوە بۆ پەنجە.

ئــیسه تــەن وەی زام دڵ وەی خــەریکی
دیــدار وەی دووری، مـەرگ، وەی نـزیکی(١)

ئــەو لا کــێ بــەروون ئــەی راو تــەدبیره
ئـاخ جـەی تـەدبیره، داخ جـەی تـەقدیره(٢)

خـەیر، مـەینەت زەدەی جـەگیان هـەراسـان
بـەخته سـیاکـەی وێش زووتـەر نـاسان(٣)

پـەی فـەنای ئـەو هـەم جـە دووری دڵبـەر
نـەك جـارێ، چـوار جـار، «اللّـهُ اَکـبر»(٤)

[۴]

خاڵۆ چون تەدبیر

خــاڵۆ چــون تــەدبیر دەرد زانــات نـەوی
هــانام کـەرد ئـەو تـۆ تـەوانـات نـەوی(٥)

---

(١) مەعنای ئەم شیعره بەسراوه به شیعری دوایی‌یەوه.

(٢) ئەو لا: بەو لای. به روون: بەرم. واته: ئێستا که ئەو لاوه رۆیی‌و منیش لەشم ئەوەنده برینداره‌و دڵم ئەوەنده مەشغوڵه‌و دیتنی ئەویش ئەوەنده دووره‌و مەرگم ئەوەنده نزیکه، ئەبێ ئەم پرس‌و راو سکاڵای حاڵمه بەرمه لای کێ... هەی هاوار لەم مەسەلەیەو لەم قەزاو قەدەره‌که بەسەر منا هات.

(٣) خەیر: نه. ناسان: ناسیوه. مەعنای ئەم شیعره لەگەڵ شیعری پاشەوه دێت.

(٤) واته: نەخێر، با باسی تەگبیر کردن‌و چاره دوزینەوه نەکەین، چونکه ئەم گرفتاری مەینەته‌که هەراسان بووه له گیانی خۆی ـمەبەسی خۆیەتی ـ بەختی رەشی خۆی زووتر ناسیوه، کەواته ئەبێ لەبەر فەوتانی ئەویش به هۆی دەردی دووری دولبەرەوه، له جیاتی جارێ، چوار جار «الله اکبر» بکەین. مەبەسی ئەوەیه ئەبێ نوێژی مردووی له سەر بکرێ که چوار جار «الله اکبر»ی تیایه، وەك چۆن له سەر جەنازەی ئەو لاوه پەنجەیی‌یەکرا.

[۴]

(٥) زانا: زانین. هانا: هاوار. مەعنای ئەم شیعره بەسراوه به شیعری پاشەوه.

نــــەتاوات وێت دەی وە مـــەودای وەی‌دا
گـێج بـدەی نـەگـێج دەریـای بـێ پـەی‌دا(١)

هـــا خـــودام، وە حـــەق شـــادەتم ئـــاوەرد
خالۆت گێج مەوج دەریـای هـەواش کـەرد(٢)

جــــە کــــەنارەوە ســــەعی کــــەردەت بــۆ
هــەوڵ پــڵو پــووش ئـاو ئـاوەردەت بـۆ(٣)

پەی چێش خاڵۆکەی دەروون جە هوون کەیل
خەیلێن ئەجزای مەیل لەیلەکەی پڕ مـەیل(٤)

ئـــامێتـــەن وە جـــزو ریزەی مـــەجنووندا
حــەیفەن ئـاو بـەرۆش وە تـوونای تـوون‌دا(٥)

---

(١) مەودا: نووکی تیژ. واتە: خاڵۆگیان لەبەر ئەوەکە چارەی دەردی عەشقت نەئەزانی، زۆرم پێ وتی خۆشەویستی ئەرکێکی قورسە لە عۆدەی نایەیت، وە زۆر دەسەو دامێنت بووم کە دەسی لێ‌هەڵگرە، بەڵام بە گوێت نەکردم، کەچی نەشت توانی خۆت بدەی بە سەر نووکی تیژی شیری دەردو مەینەتا، وە لە دەلیای بێ‌بنی عەشقا مەلەوانی بکەی.
(٢) شادەت: «شهادت»، «اشهد ان لا اله الّا الله». هـەواش: خـۆشـەویستی ئـەو. واتـە: خوایە، وا شایەتیمانی بە حەقم هێناو باوەڕم کرد کە خاڵۆت سەرگەردان کردووە بە دەم شەپۆلی دەلیای خۆشەویستی‌یەوە. لە شیعرەکانی پاشەوەدا دیسانەوە مـەولەوی رووی قسەی وەرئەچەرخێنێتەوە بۆ لای خاڵۆو لەگەڵی ئەکەوێتە دوین..
(٣) کـەنار: قـەراخ ئـاو. واتـە: ئـێستەش مـادەم تـووش هـاتووی‌و شـەپۆلی دەلـیای خۆشەویستی فڕێی داویتەکەنارەوە، هەوڵ بدە بەڵکو ئەمە خوایە دەستت‌گیر ببێ لە پڵ‌و پووشی لافاو هێناو، وە خۆت رزگار بکەی.
(٤) مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.
(٥) ئامێتە: تێکەڵ. ریزە: وردە. توونای توون: گێژی ئاوی ناو شیو. واتـە: لە بـەرچی؟ چونکە ئەی خاڵۆی دەروون پڕ لە خوێن، دەمێکە تۆسقاڵەکانی خۆشەویستی لەیلی پڕ مەیل تێکەڵ بوون لەگەڵ وردە پارچەی لەشی مەجنوونا، کە تۆیت، لەبەر ئەوە حەیفە ئاو ئەو لەشە بەرێ‌و لە گێژی خۆیا نوقمی کاو تۆسقاڵەکانی خۆشەویستی لەیلێشی لە گەڵا بفەوتێ.

[٥]
خەرامان ئاما

خـــەرامـــان ئــاما نــە تــۆی پــەردەوە
نــیقاب جــە ســەفحەی جــەمین کــەردەوە[(١)]

چــیهرەی دڵەی زار خــووی گــەرمی پــێدا
عــەکسش هــوەیدا مــنمانا تــێدا[(٢)]

بـاوەشێن مـەکـەرد ئـەو سـەفحەی بـێ گـەرد
نــازکیش جــە بــاد ئــیحتیات مــەکـەرد[(٣)]

نــە تــۆی ئــاینەی جــەمین چــون گــۆل
کەم مـەکـەرد نـمنم خـووی روخسـار دڵ[(٤)]

---

[٥]

(١) خەرامان: ئافرەتی بە لەنجەو لار. نیقاب: پەچە. سەفحە: تەخت. واتە: یار بە لەنجەو لارەوە هات، عاباو پەچەی دادابوەوەو، کە گەیشتە بەرەوە پەردەی لە سەر تەختی رووی خۆی لادا.

(٢) هوەیدا: ئاشکرا. واتە: رووی دڵەی خەفەتبارم لە گەرمای خۆی ئارەقی بە ناو چاوی یار کرد، وە وێنەی بە ئاشکرا لە تەوێڵیا دەرکەوت.

(٣) واتە: ئەویش لە بەر گەرما باوەشێنی رووی بێ گەردی خۆی ئەکرد، دەم‌و چاوی ئەوەندە ناسك بوو ئەترسا باوەشێنەکە زیانی پێ بگەیەنێ. ئەم شیعرە لە قەسیدەیەکی تریشا هەبوو. مەولەوی ئەوەی هەیە جار بە جار شیعرێك یا نیوە شیعرێك لە زیاتر لە یەك قەسیدەدا ئەڵێتەوە.

(٤) واتە: بە هۆی باوەشێن کردنەکەیەوە نمی ئارەقی رووی دڵمی بە سەر رووی خۆیەوە کەم کردەوە.

[۶]

خەمە فرسەتێ

خــــەمە فـــرسەتێ ســـاتێ، وە بــێ خــەم
گــــەرد پــاڵاکــەش بگــێڕوون وە چــەم(۱)

چــــەرخ چــەپ چـەنیم راس بـەستەن کـەڵەك
مــەر مــن ســەنگم دان وە مـینای فـەڵەك(۲)

چـــەپ گــەرد نــمازۆ ســاتێ فــەراغــەت
ئەی خوا یا وەسڵ، یـا مـەرگ، یـا تـاقەت(۳)

[۷]

خەیر بۆ هەم فەڵەك(۴)

خــەیر بــۆ هـەم فـەڵەك کـام خـەیاڵ کـەردەن
دیســـان مـن پـەی شـەڕ وە یـاد ئـاوەردەن(۵)

---

[۶]

(۱) خەمە: ئەی خەم. پاڵا: کەوش. بگێروون بگرم. واتە: ئەی خەم سەعاتێك مۆڵەتم بدە با بە بێ‌خەم تۆزی کەوشەکانی بە چاو بگرم، یا بگرمە چاوم.

(۲) چەنیم: لەگەڵ. بەستەن کەڵەك: کەڵەکی چنیوە، مەبەسی لەوەیە بنیانی دوژمنایەتی ناوە. مەر: مەگەر، بۆچی. سەنگ: بەرد. مینا: شووشە. واتە: چەرخی چەپگەرد بە راستی بنیاتی دوژمنایەتی ناوە لەگەڵما، نازانم بۆچی وا ئەکا خۆمن بەردم نەداوە بە شووشەی ئاسمانا.

(۳) نمازۆ: نایەڵێ. واتە: چەرخی چەپگەرد نایەڵێت سەعاتێك بۆ خـۆم بحەسێمـەوە، سا خوایە یا بمگەیەنە بە یار، یا بمکوژە، یا سەبووریم بدە.

[۷]

(۴) مەولەوی جارێکیان خەبەری بۆ دێنن کە دۆستێکی لە سەرەمەرگایە وە بانگی ئەکەن کە بچێ بۆ لای، ئەویش بەو موناسەبەتەوە ئەم شیعرانە ئەڵێ:

(۵) واتە: خوا بە خێری بگێڕێ، ئەبێ دیسان فەڵەك خەیاڵی چی لە دڵا بێ، وا ئەمجارەش منی بۆ شەڕ کەوتووەتەوە یاد...

دیــــارەن ئــەساس دووری مســـــازۆ
وە بــــالّام کـــالّای خـــەمان مـــوورازۆ[١]

داخــۆم دووی دووری کـێش هـانە سـەردا
دیســـــان مـــن مــدۆ وە رووی چــەمەردا[٢]

[٨]

خەیلێوەن خەریك

خـــەیلێوەن خـــەریك زاکــەی زەحـــمەتم
بـــەڵکـو وە را بــۆ بــەرشۆ عـوسرەتم[٣]

فـــەڵەك وە بـــەختم مـــەگـــەس مکیانۆ
وە راکـــەی رەحـــمەت هـەم دیس مڕیـانۆ[٤]

---

(١) ئەساس: بنچینە. مسازۆ: دروست ئەکا. موورازۆ: ئەدووریێ. واتە: وادیارە بناغەی دوور خستنەوەی دۆستێکی تریش دائەمەرزێنێو بەرگی خەمو مەینەت ئەبڕێ بە باڵای من.

(٢) کێش: کێی. چەمەر: شینو زاری. واتە: ئاخۆ ئەبێ خەیاڵی دوور خستنەوەی کێی لە سەرا بێ، وا دیسان من ئەخاتەوەکۆڕی شینو زاری.

[٨]

(٣) خەیلێوەن: دەمێکە. زاکە: هاوار. وە را بۆ: بکەوێتە رێ. بەرشۆ: دەرچێ. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٤) مەگەس: مێش. مکیانۆ: ئەنێرێ. راکەی: رێگاکەی. مڕیانۆ: ئەڕیێ، پیسی ئەکا. واتە: دەمێکە سەرم قاڵە بە دەس هاوارو ناڵەی زەحمەتەوە ئەمەوێ بیخەمەوە رێو دووری بخەمەوە تا نارەحەتیم نەمێنێ، کەچی لە چارەی رەشی منا فـەڵەك مێشـسێك ئـەنێرێ رێگاکە پیس ئەکاتەوە تا مەینەتەکەم رێگای رۆیشتنی نەبێ. هەروەها لەگەڵ ئەم مەعنایەدا مەولەوی مەعنایەکی تریشی مەبەس بووە، کە ئەوەتە: دەمێکە خەریکی تیپی «زێ»ی وشەی «زەحمەت»م نوختەکەی ئەکرێنم تا بیکەم بە «رێ»و ببێ بە «ڕەحمەت» بەڵکو مەینەتم لەکۆڵ ببێتەوە، کەچی لە بەختی رەشما چەرخی چەپگەرد مێشێك ئەنێرێ گوو ئەکا بە «ڕێ» کەداو ئەیکاتەوە بە «زێ»و «رەحمەت» ئەبێتەوە بە «زەحمەت».

[٩]

خەیاڵان شەو

خـــەیاڵان شـــەو، هـــیجرانـــان رۆ
قامەت خەم کەردەن چون چەمیلەی چۆ(١)

دڵ بـیەن وە دار سـەرکەل لای وەشت
چـەمەڕای وایێن ریشەش بێ وە دەشت(٢)

[١٠]

خاك وە دەس(٣)

خـــاك وە دەس زۆر زەنـــجیرم کـــەردەن
یـــاد هـــەمڕازان جـــە یـــادم بـــەردەن(٤)

هـاو قەد خـاکو سـەنگ وە جـەسەم بـارەن
نـە راگـەی جـواب، نـە جـای گـوفتارەن(٥)

---

[٩]

(١) رۆ: رۆژ. چۆ: دار. واتە: بیرکردنەوەی شەوو دووری رۆژ باڵامیان وەك داری چەماوە چەماندووەتەوە.

(٢) وەشت: باران. وایێن: بایەکە. واتە: دڵم وەك دارێکی لێ‌هاتووەکە بەسەر یاڵێکەوە بێ لە شوێنێکا کە باران بنەکەی کەندڕ کردبێ‌و ریشەکەی دەرخستبێ، وە چاوەڕێی بایەك بێت هەڵکات‌و ریشەکێشی کا.

[١٠]

(٣) مەولەوی ئەم دوو شیعرەی لەکاتێکا وتووەکە خەریکی خەندەق لێ دان بووە بۆ خانوو، وەرامی دۆستێکی پێ ئەداتەوەکە گلەیی لێ کردبوو لە سەر ئەوەکە خستبویە پشت گوێ.

(٤) مەعنای هەردوو شیعرەکە پێکەوە دێت.

(٥) هاو قەد: بە ئەندازەی باڵام. راگە: رێگا. واتە: خاك بە دەستی زۆرو توانای خۆم

[١١]

خاڵۆ خاڵۆتەن(١)

خـــاڵۆ خـــاڵۆتــەن، کــەم واچــە خــاڵۆ
خـــاڵۆ دەم وە بـــان خـــاڵانت مــاڵۆ(٢)

شــەرت بـۆ مـن جـە داخ خـاڵۆ خـاڵۆی تـۆ
وێم کــەروو وەکــوڕ چوارده ســاڵەی نـۆ(٣)

☞

گرفتاری کردوومو یادی برادەرانی لە بیر بردوومەتەوە، ئێستا وا بە بەرزی باڵام خاكو بەرد لە سەرم کەڵەکەی کردووە، نە رێگەم هەیە وەرامێ بدەمەوە، وە نە ماوەم هەیە قسە بکەم. مەولەوی لەم دوو شیعرەیا خۆی شوبهاندووە بە مردوو لە گۆڕا کە ماوەی قسەکردنو توانای وەرام دانەوەی نەبێ.

[١١]

(١) مەولەوی پێش مارەکردنی عەنبەر خاتوونی خێزانی، چووە بۆ ماڵی باوکی تا چاوی پێ بکەوێ بزانێ ئاخۆ دڵی ئەیگرێ یا نە. لەوێ داوای ئاوو دۆیەك ئەکا لە عەنبەر خان تا بەو بیانووەوە بیبینێ، عەنبەرخان کە ئاوو دۆکەی ئەداتە دەستی پێی ئەڵێ «فەرموو خاڵۆ» ئەمیش بەو موناسەبەتەوە ئەم دوو شیعرە ئەڵێ:

(٢) واچە: بڵێ. ماڵۆ: بماڵێ، بکوتێ. واتە: خاڵۆ خاڵوی چیتە، بەس بڵێ خاڵۆ، یاخوا خاڵۆ دەمی بماڵێ بە سەر خاڵەکانتا.

(٣) کەروو: بکەم. نۆ: نوێ، تازە. واتە: شەرت بێ لە داخی خاڵۆ خاڵۆی تۆ، خۆم بکەمەوە بەکوڕێکی تازەی چوارده ساڵان.

[١٢]

خاست فەرماوان(١)

خــاست فــەرماوان ئــەربابەکــەی خــەم
ســاکــن نــە گۆشــەی بــاڵەخــانەی چــەم(٢)

[١٣]

خەرمانی خەمان

خــەرمانی خــەمان هــا وەکــەل بــاوە
شــەن کــەر یــەکــێکــە دوو شــەن وە لاوە(٣)

---

[١٢]

(١) جارێکیان مەولەوی لە سنە ئەبێ، بە بەردەمی باڵاخانەی یەکێك لە ئەعیانەکانا تێ ئەپەڕێ کە لە سەر روخی رووبارێك بووە. یەکێك لە ژنە ئەعیانەکان لە پەنجەرەوە سەیری خوارەوە ئەکا، ئەو ژنە شاعیرە بووەو ناوی «زیبا خانم» بووە، کە چاوی بە مەولەوی ئەکەوێ بانگی ئەکاو ئەم شیعرەی بۆ ئەڵێ:

هەرکاتێت زانا چەم دا وە هەمدا   باڵاخانەی چەم دا وە رووی چەمدا

واتە: هەر ئەوەندەت زانی خوا ئەم چەمەی دا بە یەکاو لافاوی هەڵساندو ئەم باڵاخانەی سەرچەمەی دا بە سەر چەمەکەداو بردی، یان کاتێکت زانی خوا چاوی مەیلی دا بە یەکاو پێڵووی چاومانی هێنایەوە بەسەر چاوماناو مراندینی. مەولەویش بەم شیعرەی خوارەوە وەرامی ئەداتەوە.

(٢) فەرماوان: فەرمووە. ئەرباب: خاوەن. واتە: قسەکەت راستەو چاکت فەرمووە ئەی خەم پەروەری دڵداران، ئەی لە گۆشەی باڵەخانەی سەرچەما دانیشتوو، یان ئەی لە گۆشەی چاوما جێ گرتوو.

[١٣]

(٣) مەبەس لە «خەرمانی خەمان» رووی یارەکە خرە وەك خەرمان وە لە جوانیدا بووە بە مایەی خەفەتی دڵی دڵداران. وە مەبەس لە «کەلی با» گەردەنی بەرزی یارە، کە هەمیشە شەماڵ ئەیگرێتەوە، وە مەبەس لە «شەن کەر» بای شەماڵە، کە زوڵفەکانی تێك ئەدا، وە لە دووشەن زوڵفەکانیەتی کە بای شەماڵ هەڵیان ئەسوورێنێ. واتە: بای شەماڵ زوڵفەکانی یار ئەجووڵێنێ و رووی رووناکی دەرئەخاو لەوەوە خەم و خەفەت بڵاو ئەکاتەوە بە سەر دڵدارانا.

تیپی دال

MAWLAWI.KRD

[۱]

دڵەی دڵ...(۱)

دڵەی دڵ وە مـــەی مـــەیل لەیـلێ کـــەیل
مـەحرەم وە رازان خـەڵوەت خـانەی لەیـل(۲)

لانە حەڵقەی زوڵف عـەنبەر بـۆی شـەو رەنگ
هام دەم جای تەنگ ئەڵحـەدسەرای سـەنگ(۳)

پـەروانـەی مـەزار ئـەو ئـاوات واسـتەم
تـەرجـەمەی حـاڵات پـەشێوی جـەستەم(۴)

عـــەرز کـــەر وە لەیـلا وە ســەد خـــەمەوە
چـــەم وە نـــمەوە، دڵ وە تـــەمەوە:(۵)

دێوانـەکـەت دیـم بـڵێسـەش بـەرز بـی
بەرزی بڵێسەش هەر سات سـەد تـەرز بـی(۶)

---

[۱]

(۱) مەولەوی ئەم قەسیدەشی لە لاواندنەوەی عەنبەر خاتوونی خێزانیا وتووە.

(۲) کەیل: پڕ. واتە: ئەی دڵەکەم کە پڕ بوی لە شەرابی حەزکردن لە لەیل، وە مەحرەمی ژووری تایبەتی ئەوی کە گۆڕەکەیەتی. مەبەسی ئەوەیە ئەی دڵەکەم کە لەگەڵ لەیلا چوویتە گۆڕ.

(۳) لانە: هێلانە. جا: جێ. واتە: ئەی دڵەکەم کە لەسەر ئەڵقەی زوڵفی رەشی بۆن خۆشی یار هێلانەت کردووەو بووی بە هاودەمی جێگە تەنگەکەی کە ئەلحەدی گۆڕە بەردینەکەیەتی.

(۴) مەزار، زیارەتگا، گۆڕستان. واتە: ئەی دڵەکەم کە وەك پەروانە بە دەوری گۆڕی ئەو یارە ئاوات بۆ خوازراوەما ئەسووڕێیتەوەو بووی بە تەرجومانی حاڵی جەستەی پەشیوم لای ئەو.

(۵) مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(۶) واتە: بە دڵی خەفەتبارو چاوی پڕ فرمێسكو دڵی تەماوی‌یەوە عەرزی لەیل بکە چاوم بە دڵدارە شێت بووەکەی کەوت گڕی تێبەر بووبوو، وە هەر سەعاتە بە سەد جۆر گڕەکەی ئەچوو بە ئاسمانا.

وە هــــەر تـــەرزێ لەیـــل مـــلاوناوە
دڵەی ســـەنگ ســـەخت مـــتاوناوە[(١)]

گـــا گـــۆیـــا مـــەویەرد ئـــیند مـــەویەردەوە
گـــا مـــوات وە دەم ئـــێش دەردەوە:[(٢)]

ئـــای جـــە ئێش تـــەن جـــە گیان جیای مـــن
ئـــای جـــە لوای تـــۆو ئـــەو شـــۆن دیـــای مـــن[(٣)]

ســـەختی ئـــێش دەرد بـــەدحاڵیـــم لایـــێ
وای بـــێ تـــۆ مـــەنزڵ گشت خـــاڵیـــم لایـــێ[(٤)]

وە هـــەر مـــەنزڵداو هـــەر راگـــوزەردا
هـــەر دەست حـــەسرەت مـــدا وە سـەردا[(٥)]

چـــێشـــەن مـــوینوون مـــەنزڵ بـــێ تـــۆ بـــۆ
بـــێ هـــۆشـــم، خـــەو بـــۆ، راس بـــۆ، درۆ بـــۆ[(٦)]

---

(١) ملاوناوە: ئەلاواندەوە. متاوناوە: ئەتواندەوە. واتە: هەر چۆن لەیلی ئەلاواندەوە دڵی بەردی رەقی ئەکرد بە ئاو.

(٢) گا: گاه، جاروبار. مەویەرد: تێ ئەپەڕی، ئەمرد. مـەویەردەوە: ئـەبووردەوە. مـوات: ئەی‌وت. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٣) لوا: رۆیشتن. ئەو شۆن: بە دوادا. دیا: روانین. واتە: جارو بـار ئـەوەندە ئـەبووردەوە ئەت‌وت مردووە، جارو باریش کە هۆشی ئەهاتەوە بە خۆیـا بـە دەم دەردەوە ئـەی‌وت هاوار لە ئێش‌و ئازاری لەشی بێ گیانی من، هاوار لە تاو رۆیشتنی تۆو بە دوادا روانـینی من...

(٤) واتە: ئەی‌وت لەلایەکەوە ئێشی دەردم زۆر سەختە، وە لەلایەکی ترەوە ماڵەکەم بە بێ تۆ چۆڵ بووە، وە هاواری بوو لە دەس ئەم حاڵە.

(٥) مدا: ئەدا. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٦) موینوون: ئەبینم. واتە: لە هەموو مەنزڵێك‌و رێ‌گوزەرێکی تۆدا هـەر دەستی داخ‌و حەسرەتی ئەدا بە سەریاو ئەی‌وت چیە وا ئەبینم ماڵ تۆی تیا نیت، نازانم هۆشم لە خۆم نیە، یان خەو ئە بینم، وە ئەمەی ئەی بینم راستە یان درۆیە.

گـا تـێکـەڵ مـەکـەرد چەنی دەرد وێش
فـەرد هـام فـەردش چـەنی فـەرد وێش(۱)

مـوات: فـیداش بـام یـە جـای شیرینەن
گـوزەرگای ئەو شۆخ زوڵف عـەنبەرینەن(۲)

جـە بـاڵای ئـەی سـەنگ پـا ئـاوەردەوە
بەرقەی ناز جە رووی ئەو شەنگ کـەردەوە(۳)

جـەو جـاسووس گـاوە، بـەو خـەدەنگەوە
دڵ تــــلنا وە زام هـــەزار رەنگـــەوە(۴)

جـــەو سـەردەشتەوە گـوڵاو رێزان کـەرد
سـارا بـۆی عـەنبەر سـارا هـەرزان کـەرد(۵)

چـۆگـە جـەلای جام جـەبهەی جـەماڵ دا
بـــەرگەشتی وە بـەخت بـەدر کـەماڵ دا(۶)

---

(۱) چەنی: لەگەڵ. واتە: جارجاریش لەگەڵ دەردو ئێشی خۆیا شیعری «فەرهاد»ی هاوڕێی تێکەڵی شیعری خۆی ئەکرد. ناوەرۆکی شیعری پاش ئەم شیعرە لە سەر زوبانی فەرهاد وتراوە لە چیرۆکی «شیرین و فەرهاد»دا، مەبەسی مەولەویش ئەوەیەکە ئەڵێ شیعری خۆی و فەرهادی تێکەڵ ئەکرد.

(۲) واتە: ئەی‌وت بە قوربانی‌بم ئەمە جێگەی شیرینەو گوزەرگەی ئەو شۆخەیەکە بۆنی زوڵفی وەك عەنبەر خۆش بۆیە.

(۳) بەرقە: «برقع»، سەرپۆش. واتە: وەختی خۆی ئەو شەنگە پێی لە سەر ئەو بەردە هەڵ هێنایەوەو سەرپۆشی نازی لە سەر رووی خۆی لادا.

(۴) تلنا: تلاندەوە. واتە: لەو جاسووسگەی راوچی‌یانەوە بە تیری نیگای خۆی دڵمی گرفتاری هەزار رەنگ زام کرد.

(۵) واتە: لەو تەختە بەرزانەوە ئارەقی رووی خۆی هەڵپرژاند کە وەك گوڵاو بۆن خۆش بوو، وە ئەو دەشتە بە هۆی بۆنی ئەو ئارەقەوە بۆنی عەنبەری تیا هەرزان بوو.

(۶) چۆگە: لەوێ. واتە: لەوێ ئاوێنەی تەوێڵی جوانی خۆی پاك كردەوەو بەختی مانگی چواردەشەوەی شێواند.

چــێگــە حــوقەی راز شــیرین کــەردەوە
تــــام تـــاڵی دەرد دووری بـــەردەوە[١]

گوزەرگەی جیلوەی لەیل بێ حەد بەو تەرز
زایەڵەی مەجنوون جە عەد رەد بەو تەرز[٢]

چۆن کەروون تەقدیر پەی سەرکار تۆ
نــە تــۆ بــژنەوی نــە دۆس‌دار تــۆ[٣]

مــەعدووم چــون قــەزا ئاما جــە ناکاو
دانـــا چـــون نـــادان وزۆ وە گــەرداو[٤]

عـــیرفانەکـــەت کـــۆن، فـــامت کـــۆ شـــیەن
ئای پەی جیلوەی دۆس نیهایەت نیەن[٥]

---

(١) چێگە: لێرە. حوقە: قوتووی نوقڵ. واتە: لێرەش دەمی کردەوەو دەسی کرد بە قسەی وەك شەکر شیرین، وە تامی ناخۆشی دەردی دووری لە دڵمانا نەهێشت.

(٢) حەد: ئەندازە. عەد: ژمارە. رەد: تەجاوەز کردوو. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٣) کەروون: بکەم. تەقریر: باس کردن. سەرکار: سەرگەورەی خزمەتکاران وە وەکیلی ئاغا لە دێهاتەکانا. بژنەوی: ببیسی. واتە: گوزەرگەی خۆدەرخستنی لەیل بەو چەشنە لە ئەندازە بە دەر بوو، وە هاوارو ناڵەی مەجنوونیش ئەوەندە زۆر بوو لە ژمارە نەئەهات، ئیتر من چۆن بتوانم باسی ئەمە بکەم بۆ سەرکارەکەی تۆ؟ حاڵەکەی ئەوەندە ناخۆشە یاخوا نە خۆت ببیسی و نە دۆس‌دارت. لە ئەدەبی کۆنا باو بۆ رێز گرتن لە قسە لەگەڵ کراوو نامە بۆ نێرراو، رووی قسە ئەکرێتە خزمەتکارەکەی، گوایە قسەکەرەکە یا نامە نووسەکە خۆی بە شایانی ئەوە نازانێ راستەو خۆ لەگەڵ ئەو بکا. لێرەشا هەر بەو جۆرە مەولەوی داوای لە دڵی خۆی کردووەکە رووی قسە بکاتە سەر نۆکەرانی یار، وە خۆی بە شایانی ئەوە نەزانی کە راستەوخۆ بۆی باس کا.

(٤) وزۆ: ئەخاتە. لێرەوە مەولەوی رووی قسە وەرئەچەرخێنێتەوە بۆ سەر خۆی، وە بە خۆی ئەڵێ قەزاو قەدەری خوا کە لە ناکاو هات عاقڵ و بێ‌عەقڵ وەك یەك راپێچ ئەکاو ئەیانخاتە گەرداوەوە.

(٥) کۆن: لەکوێیە. کۆ شیەن: بۆ کوێ چووە. مەعنای ئەم شیعرە شیعرەکانی پاشەوە پێکەوە دێ.

ئـارۆ یـەك جـیلوەش هـا نـە رووی کـاردا
فـەردا چـێش ئـەو یـەك جـیلوەش دیـار دا(١)

لا، بـەڵ ئـەو جـیلوەی روو نـە پـەنهانی
نـەوعە زوهـوورێن، زانـاش ویـجدانـی(٢)

چ مـاتەمێوەن پـات بـیەن پـێوە
دانـاو مـەخشووشی کـێ دیـەن پـێوە(٣)

ئـەو جـیلوەکـەردەن ئـەر شـی وە تـاقی
ئـێد جـیلوە کـەردەن سـوراحـیو سـاقی(٤)

---

(١) ئارۆ: ئەمرۆ. فەردا: سبەی. دیاردا: دەرخست.
(٢) لا: نەخێر. بەڵ: بەڵکو. زاناش: تێگەیشتن و لێ حاڵی بوونی.
(٣) کێ دیەن: کێ دیویە. پێوە: بە یەکەوە.
(٤) شی: بە سەرچوو. تاقی: «تحقیق»، راستی. سوراحی: کاسەی مەی. مەبەسی شەرابی مەرگە. واتە: ئەوە عەقڵ و تێگەیشتنت چی بە سەر هاتووە، بۆچی نازانی لوتفی خوا بڕانەوەی بۆ نیە، ئەمڕۆ خۆ دەرخستنێکی لە ناوایە، کە ئەوە نەما سبەینێ یەکێکی تری دێتە رووی کار، بەڵکو هەرگیز هەر لەناو ناچێ، وە گوم بوونی هەر لوتفێکی لە راستیدا جۆرە دەرکەوتنێکی تریەتی کە پیاوی خاوەن باوەڕو دەروون پاك هەستی پێ ئەکا، کەواتە بۆچی قاچت کەوتووەتە بەر دوای خەم و خەفەت، وەکێ دیویە پیاوی تێگەیشتوو وا سەری لێ بشێوێ. ئەگەر ئەمڕۆ لوتفی خوا ـ کە لە ژیانی عەنبەر خاتوونا دیمەنی دیاری ئەدا ـ وا لە شێوەیەکی ترا دەرکەوت کە نۆشاندنی شەرابی مەرگە پێی، لە لایەن مەیگێڕەوەکە فریشتەی گیان کێشانە.
ئەش گونجێ مەبەسی ئەوەبێ ئەمڕۆ لوتفی خوا لە ژیانی عەنبەر خاتوونا دەرئەکەوێ و لە قیامەتا لە زیندوو کردنەوەی دا، وە ئەگەر ئەمڕۆ خوا بیباتەوە بۆ خۆی لە قیامەتا ئەیداتەوە پێکەوە لە بەهەشتا مەی نۆش ئەکەنەوە...

[٢]

دڵ ته‌م که‌رده‌وه[١]

دڵ تــــه‌م کـــه‌رده‌وه گـــرته‌وه کـــاوان
دیســـان دووی نـــامه‌ی تـــۆش وه‌لا یـاوان[٢]

مــه‌زموون: هــه‌وای مــه‌رگ، زامـداری تـیرت
پـــه‌نهانی قـــاتیل، ده‌واو، تـــه‌دبیرت[٣]

لاڵ بوون په‌ی مه‌ینه‌ت جه‌سته‌ی خه‌سته‌که‌ت
بـمروون پـه‌رێ زام جـێ نـه‌ڕه‌سته‌کـه‌ت[٤]

مـــن‌و تـــۆ بـــه‌ڵاو زامـــان ئـاوه‌رده‌ن
نـه چـه‌شمه‌ی حـه‌یات ئـاومان وه‌رده‌ن[٥]

خـــه‌یاڵ خـــامه‌ن ئـــینه تـــۆ کـه‌رده‌ن
پـــه‌یما نـــمه‌بۆ جـــیایی وه مــه‌رده‌ن[٦]

---

[٢]

(١) مه‌وله‌وی ئه‌م غه‌زه‌له‌ی‌له وه‌رامی دۆستیکیا نووسیوه‌که نامه‌یه‌کی بۆ ناردبو، وه سکاڵای حاڵی خۆی کردبوو.

(٢) یاوان: گه‌یشتووه. واته: دڵم ته‌می کردووه‌ته‌وه‌و ته‌مه‌که‌ی به‌رزاییه‌کانی داگرتووه، چونکه دیسانه‌وه دووکه‌ڵی نامه‌ی تۆی پێ گه‌یشتووه.

(٣) مه‌زموون: ناوه‌رۆك. هه‌وا: ئاره‌زوو. واته: ناوه‌رۆکی کاغه‌زه‌که‌ت ئه‌وه‌بوو به تیر گرفتاری‌و نازانی کێ برینداری کردووی‌و ده‌رمانت کامه‌یه‌و چارت چیه، له به‌ر ئه‌وه ئاواتی مه‌رگی خۆت ئه‌خوازی.

(٤) په‌رێ: بۆ. جێ نه‌ڕه‌سته: لێ رزگار نه‌بوو. واته: لاڵ بم بۆ مه‌ینه‌تی له‌شی بیمارت‌و بمرم بۆ ئه‌و زامه‌ی لێی رزگار نه‌بوویت. له هه‌ندێ نوسخه‌دا له جیاتی «بمروون» نووسراوه «مروون».

(٥) چه‌شمه: کانی. وه‌رده‌ن: خواردووه‌ته‌وه. مه‌عنای ئه‌م شیعره به‌سراوه به شیعری دواییه‌وه.

(٦) ئینه: ئه‌مه. په‌یما: بۆمان. واته: من‌و تۆ له رۆژی ئه‌زه‌ڵا ده‌ردو به‌ڵامان گرتووه‌ته

هـا چـەند هـەوات دا وەگـێج بـێ پـەی
بـمری و بـناڵی گـیان تـەسلیم نـەکـەی(۱)

تـازە وارگـەی عـەشق مـەنزڵ کـەردەنی
هـەوەسیای هـاژەی بـاڵ دەردەنـی(۲)

خوسووس بەو جەستەی خەستەی مەهجووری
کـەفتەنی نـە پـێچ رای دوەی دووری(۳)

هـۆشت نـە تـۆی کـاخ دەمـاخ فـیرارەن
وەرنـە چ خـێرەن قـاتیل دیـارەن(۴)

کـێ بـۆ چـون خـەدەنگ نـاز هـەوا دەرۆ
هـەریەند بـزانـی جـەوپەڕ بـویەرۆ؟(۵)

☞

خۆمانو لە سەرچاوەی ئاوی حەیات ئاومان خواردووەتەوە، کەواتە تۆ شوێن خەیاڵی خاو کەوتووی کە ئەتەوێ بمری، وە ئێمە بە مەرگ رزگارمان نابێ لەم ژیانەی ئێستامان.

(۱) هەوات دا: فرەتدا. گێج بێ پەی: گێژی بێ بن.

(۲) وارگە: هەوارگە. هەوەسیا: حەپەساو. واتە: بۆیە کەوتوویتە پەلەقاژە چونکە تازە هەوارگەی عەشقت کردووە بە مەنزڵو حەپەساوی لە هاژەی باڵی دەردو مەینەت.

(۳) کەفتەنی: کەوتوویتە. واتە: بە تایبەتی بەم لەشەتەوە کە نەخۆشی دەردی دوور کەوتنەوەی دۆستە، رێت کەوتووەتە قەمچو پێچی رێگای تەم داگرتووی دووری. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «مەهجووری» نووسراوە «ڕەنجووری» واتە: مەینەتباری، وە لە جیاتی «دوەی» نووسراوە «دەورەی» واتە: لوفەدار.

(۴) نەتۆ: لەناو. کاخ: باڵەخانە. واتە: لە بەر ئەوەکە تازە دڵداری و حەپەساوی، فامو تێگەیشتنت باڵەخانەی مێشکتیان بەجێ هێشتووە، ئەگینا چ خێرتە ئەڵێی قاتڵەکەم دیار نیە، دیارەکێیە، دۆستە چالاکە دەس راستەکەی خۆمانەکە هەموومان ئەیناسین...

(۵) هەوا دەرۆ: فڕێدا. بویەرۆ: تێپەڕێ. واتە: کێ بێ غەیرەز ئەو هەر کە تیری نازی تەقاند ئەوەندە بزانێ لەو دیوی نیشانەکەوە دەرچێ؟

کێ بۆ بەو جەمین نەزاکەت چون گوڵ
خەیمەش هۆر بدا نە پای دەشت دڵ؟(١)

کێ بۆ پێکۆ دڵ زام نەسرەفتەش
یەکێو کوشتەش، ئێد ئەو زەمین کەفتەش؟(٢)

ئەر رستگاریت جەو دەرد ئومێدەن
دەوای خەلاسی‌و تەدبیرت ئێدەن(٣)

مەبۆ وەخت سەخت زامان ئاوەردەت
رەماو پەلەپەل هەردەو هەرد کەردەت(٤)

پەی چێش تا ئیسە لێت مەعلووم نیەن
سەیاد جە واکوژ درێغش نیەن(٥)

بەڵام یە رەویەی ئیبتیدای مەشقەن
خیلاف شێوەی تاویای عەشقەن(٦)

---

(١) خەیمە: خێوەت، دەوار. پا: بنار. واتە: کێ بێ لەو بەولاوە بەو ناوچاوە وەك گوڵ ناسکەیەوە لە بناری دەشتی دڵی عاشقانا دەوار هەڵدا؟

(٢) پێکۆ: بپێکێ. نەسرەفتە: نەسروتوو. یەکێو: یەکێك. واتە: کێ بێ لەو زیاتر دڵی بریندارە زام نەسرەوتووەکەی خۆی بداتە بەر تیر، وە یەکێك بکوژێ‌و یەکێکی‌تر بدا بە عەرزا؟

(٣) رستگاری: رزگار بوون. ئێدەن: ئەمەیە. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٤) مەبۆ: نابێ. رەما: راکردن. واتە: ئەگەر بە تەمای لەو دەردە رزگار ببێ دەرمانی رزگار بوون‌و تەگبیرت ئەوەیە نابێ لەکاتێکا کە ئەو دۆستە زامێکی سەختت لێ ئەکا تۆ را بکەیت‌و پەلەپەل بکەویتە هەردەو هەرد کردن، چونکە تا تۆ زیاتر را بکەیت خوێنت زۆرتر لێ ئەرژێ‌و ئەویش شوێن پێت هەڵئەگرێ‌و ئەت دۆزێتەوەو تیرێکی ترت پێوە ئەنێ، بەڵام ئەگەر لە شوێنی خۆتا بکەوی وا ئەزانێ مردوویت‌و وازت لێ دێنێ. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «مەبۆ» نووسراوە «نەبۆ» واتە: نابێ.

(٥) واکوژ: دیسانەوەکوشتنەوە. واتە: بۆچی تا ئێستا نەت زانیوەکە راوچی دریغی ناکا لە دووبارەکردنەوەی کوشتنی نەچیر؟

(٦) یە: ئەمە. رەویە: ئوسووڵ. تاویا: تواوە. واتە: بەڵام ئەم پێ ناخۆش بوونی زامی

دەخیل سەر سەخت بەر هەر بکەر بازی
نازی دڵ سەرد بۆ جە تیرئەندازی[(١)]

نە دڵەی پڕ زەوق کۆنە نەچیردا
های لەزەت دارۆ تیر وە شۆن تیردا[(٢)]

[٣]

دڵە، راگەكەت[(٣)]

دڵە، راگەکەت خەیلێ تاریکەن
پردەکە سەختەن، خەیلێ باریکەن[(٤)]

سارای هیدایەت تاریك مەوینوون
رای نەجات یەکجار باریك مەوینوون[(٥)]

☞

دۆستو بە دوای دەرمانا گەڕانە، رەوشتی ئەوانەیەکە تازە فێری دڵداری بوونو هێشتا تیا قاڵ نەبوون، وە لەگەڵ شێوەی ئەوکەسانەدا یەك ناکەوێ کە لە عەشقا تواونەتەوە.

(١) بازی: یاریوگاڵتە. نازی: نایەڵی. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دواییەوە.

(٢) لەزەتدارۆ: بەلەزەتە. شۆن: دوای. واتە: دەخیلت بم هەر سەرسەختو کەللەرەق بەو بۆ خۆت یاری بکە، وە مەیەڵە دۆست دڵی سارد بیێتەوە لە تیر هاویشتن، چونکە لە دڵی پڕ زەوقی کۆنە عاشقا زۆر شتێکی خۆشو بەلەزەتە یار یەك لە دوای یەك تیری پێوە بنێ. مەبەسی ئەوەیە دڵداری قاڵ بوو هەتا زۆرتر ئازار بچێژێ لە یارەوە زیاتر لەزەتی پێ ئەگات.

[٣]

(٣) مەولەوی لەم قەسیدەدا لۆمەی خۆی ئەکاو سامی رۆژی قیامەت دێنێتەوە بەرچاو، وە خۆی بانگ ئەکا بۆ خواپەرستیو بەندەگی راست.

(٤) راگەکەت: رێگاکەت، مەبەس گۆڕیەتی کە رێگایە بۆ قیامەت. خەیلێ: گەلێك. پردەکە: مەبەس پردی سیراتە. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «خەیلێ»ی دووهەم نووسراوە: «یەکجار».

(٥) سارا: سەحرا، دەشت. هیدایەت: رێ بە دەرکردن. مەوینوون: ئەبینم. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «یەکجار» نووسراوە «یەکسەر».

چـــۆڵە چـــراوێ پـــەرێ وێت ســاز دەر
وە قـــەد تـــوانـــای وێت بـــاربەندی کـــەر(١)

ئـــەر گـــونا رای راس بـــەردەنی جـــەویر
شـۆن پـای کـردار هـام فـەردان هـور گـیر(٢)

بـــەڵ لەو دیـــواندا دێوانـــەی ســـەرشێت
خـــەجاڵەتـــی بـــەزم یـــاران نـــەیۆ پـــێت(٣)

بـــارێ ئـــەر غـــەفڵەت دام تـــەندەن نـــە رێت
نـــیەنی وە تـــەنگ شـــەرمەساری وێت(٤)

یـــاد ئـــەو ســـەروەر وە دەروون بـــاوەر
ئـــەر واچـــان پـــەنەش نـــەو بـــەزم مـــەحشەر(٥)

یـــە مـــەنسووب تـــۆن ئـــینە کـــردەشەن
چـــەنی تـــوانـــای ســـەر هـــۆردەردەشـــەن(٦)

---

(١) چـۆڵە چـراو: چـرای بـچکۆلە، بـە قـوتیلە ئـەڵێن. پـەرێ: بـۆ. بـاربەندی کـەر: بـار بپێچەرەوە. واتە: قوتیلەیەك پەیدا کـە بۆ خـۆت و ئـەوەندەی پێت ئـەکـرێ کـۆڵ و بـار بپێچەرەوە. مەبەسی لە خۆ ئامادەکردنە بۆ ئەو دنیا.
(٢) گونا: گوناە. واتە: ئەگەر گوناح رێی راستی لە یاد بردوویتەوە شوێن پێی کـردەوەی باشی هاورێیان هەڵگرە.
(٣) بەڵ: بەڵکو. نەیۆ: نەیەت. پێت: بۆت. واتە: بەڵکو لە دیوانی رۆژی حیسابدا، هەی دێوانەی سەرشێت، لەکۆڕی بەزم و رابواردنی یاراندا خەجاڵەتی نەیەت بە سەرتا.
(٤) بـارێ: لە سـوورەتێکـا. دام: داو. تـەندەن: تـەنیوەتەوە. مـەعنای ئـەم شـیعرە و دوو شیعری پاشەوە پێکەوە دێ.
(٥) باوەر: بێنە. واچان: بڵێن. پەنەش: پێی. نەو: لەو.
(٦) یە: ئەمە. ئینە: ئەمە. هوردەردە: هەڵبڕین. واتە: وە ئەگەر لە سوورەتێکا بێ ئاگایی و قیامەت لە بیر چوونەوە دوای لە رێتا تەندووە و تۆیش بە تەنگی شەرمەزاریی خـۆتـەوە نیت، هەر هیچ نەبێ ئەوە بێنە یادی خۆت کە لە رۆژی مەحشەرا بە پێغەمبەر بڵێن ئەمە سەر بە تۆیە کەچی ئەوە کردەوەیەتی.

ئــەو بــە شــەرمەوە مــدیۆ بــە وەردا
مــن مشیۆ کـام خـاك کـەروون وە سـەردا(١)

ئــیسە مــوینی چــێش پــەنەم ئـامان
هــانا هــاوارەن هــای نــەیچی ئــامان(٢)

جــفت مــەعسیەت، جــە تــاعەت تـاقم
روو ســیای مەجلیس جەرگەی عـوشاقم(٣)

بــینای وجــوودم خــەجڵەت ئــەساسەن
بــەختم مــوخالیف، نـامەدیم راسـەن(٤)

«صبا»ی هـەناسەم نە دەروون سـەد تـەرز
کـەردەن کـڵپـەی نـار ئـیبراهیمی بـەرز(٥)

پــەنجەت بــەو نــەغمەی بـین وە تـینەوە
بــاوەرە ئــەی بـەیت وە حــەزینەوە:(٦)

---

(١) مدیۆ: ئەڕوانێ. بە وەردا: بە بەردەمی خۆیا. مشیۆ: ئەشێ. واتە: ئەو کاتە ئەو لە شەرمانا سەر دائەنەوێنێ، جا ئەبێ من خاکی کوێ بکەم بە سەری خۆما.

(٢) موینی: ئەبینی. واتە: ئێستا ئەبینی چیم بە سەر هاتووە، هاوار هەی شمشاڵژەن بگەرە فریام.

(٣) جفت: جووت. مەعسیەت: گوناه. واتە: لەگەڵ تاوانا بووم بە هاو جووت‌و تاك کەوتووم لە خوا پەرستی‌و رووڕەشی کۆڕی ئەنجومەنی دڵداران بووم.

(٤) موخالیف: پێچەوانە. نامەدی: بۆ نەهاتن. واتە: بنچینەی بوونم لە سەر خەجاڵەتی دامەزراوەو بەختم یار نیەو نەگبەتیمە.

(٥) «صبا»: بای بەیانی. نار ئیبراهیمی: ئاگرێ بە تینی وەك ئەوەی نەمروود کردیەوەو ئیبراهیمی تێ فڕێ دا. واتە: هەناسەی وەك بای سەبا بە تەوژمم بە هەزار جۆر کڵپەی ئاگری بە تینی دەروونمی بەرز کردەوە.

(٦) باوەرە: بێنە. واتە: کاکەی نەیچی پەنجە بخەرە سەر نەیەکەت‌و دەمی پێوە نێ‌و بە ئاوازە بەرزو بە هێزەکەت بە خەفەتباریەوە ئەم شیعرەم بۆ بڵێ.

سـەهلەن مـن روو زەرد سـەر نـەوەرەنان
ئـای مـایەی تـەسدیع پـەیغەممەرەنان(١)

[٤]

دڵ دیار نیەن

دڵ دیـار نـیەن هـای نـەکـەردەبۆ
وە خـزمەت ئـازیز تـەشریف بـەردەبۆ(٢)

جـەو دمـا مـن داد وە لای کـێ بـەروون
نـا بـەڵەد تـەنیا را چـۆن دەر کـەروون(٣)

پای دڵ سفتەی دەرد سـەر هـەردان سـەختەن
وێت یـاونەوە هـای نـەسیم وەخـتەن(٤)

بکـیان پـەرێ مـن دڵ ئـەو دمـاوە
وێت، وێت ئـاسایی بشـۆ وە راوە(٥)

---

(١) سەر نە وەرەنان: سەر دانەویوم. واتە: قەیدی نیە من خۆم روو زەردمو سەرم دانەواندووە، بەڵام ئاخ بووم بە مایەی زەحمەت کێشانی پێغەمبەر «درودی خوای لێ بێ».

[٤]

(٢) نەکەردەبۆ: نەی کردبێ، ناشێ.

(٣) جەودما: لەمەوپاش. بەروون: بەرم. را: رێ. وەرکەروون: دەرکەم. واتە: دڵەکەم شارەزای رێگای ماڵی یار بوو، کە ئەوم لەکیس چوو ئیتر من تەنیا چۆن رێ دەرکەم.

(٤) سفتە: سووتاو. یاونەوە: بگەیەنەرەوە. واتە: پێی دڵم بە ئاگری دەرد سووتاوەو سەر هەردەکانیش سەختن ناتوانێ پیایانا بڕوا. دەسا نەسیم دەسم دامێنت وەختیەتی خۆت بگەیەنەرەوە لام.

(٥) بکیان: بنێرە. بشۆ: بڕۆ. واتە: دڵەکەم بۆ بگێڕەوە دواوەو. خۆیشت خۆت ئاسایی بە رێی خۆتا بڕۆ...

مسـپارووت وە دەس کـزەی تـاسەی وێم
وە دووی گێجەلوول سـوب هـەناسەی وێم[١]

چـون یـاوای وە لای بـاڵا عـەرعەر تـەرز
پـەرساش جـواو دەر وە زایـەڵەی بـەرز[٢]

گـلاراوش بـێ چـەنی ئـێش چـەم
مـەوات و مـەوەرد خـەم وەکـووزەی خـەم[٣]

چـەم جـە ئـێش دەرد مـەحرومی پـاڵات
نـمەنمانۆ عـەکس خـەیاڵ بـاڵات[٤]

پـەردەی لێڵایـی گـرتەن دوو دیـدە
خـەڵوەتـەن سـا بـۆ هـەی بـەرگوزیدە[٥]

دیـدەم تـاو سـەیل هـووناوان وەردا
هـا ئـاو بـە دەردا ئـاما جـە سـەردا[٦]

---

(١) مسپاروت: ئەتسپێرم. واتە: ئەتسپێرم بەکزەی بیر کردنەوەو تاسەم بۆ یار، وە ئەتدەمە دەسی گەردەلوولی هەناسەی بەیانیانم.

(٢) چون: کە. یاوای: گەیشتی. پەرساش: پرسی. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٣) مەوەرد: ئەیخوارد. کووزە: گۆزە.

(٤) نمەنمانۆ: نانوێنێ. واتە: کەگەیشتیتە لای ئەو باڵا بەرزەو هەواڵی منی لێ پرسیت، بە دەنگی بەرز هاوار بکەو وەرامی بدەرەوە بڵێ لە بەر چاو ئێشە گلاراوی پێ کەوتبوو، گۆزەی خەم و مەینەتی نابوو بە سەریەوە ئەیخواردەوەو ئەیوت چاوم لە تاو ئێشی دووری تۆزی کەوشەکانت وێنەی خەیاڵی باڵاتی تیا دەرناکەوێ.

(٥) گرتەن گرتووە. بۆ: وەرە. بەرگوزیدە: هەڵبژاردە. واتە: پەردەی لێڵایی هاتووە بە سەر چاوەکانما، فرسەتە ئازیز وەرەکەس لەوێ نیە.

(٦) وەردا: بەردا. واتە: چاوەکانم لافاوی بە تاوی خوێناویان بەردا، ئەوەتا ئاو لە سەرەوە هات و لە دەرگاوە دەرچوو.

دڵ یـەند جـۆش گـەرم خـەمان دان پـێ‌دا
سـەمەندەر لانـەش مـەگـێرۆ تـێ‌دا[١]

فـیدات بـوون ئازیز جـەمین پـەڕەی گـوڵ
دووریت کـارێ کـەرد ئانه چـەم، ئـێد دڵ[٢]

حـاڵ چـینه تـەنگ‌تەر نـیەن پـێم ئـامان
قـەدەم ڕەنـجه کـەر ئـامان سـەد ئامان[٣]

چـون جـەستەی خـەستەی مـەینەتان مـایه
بـەڵکـم دیـدەو دڵ نـەشان وە زایـه[٤]

دیـدە سـورمەی تـۆز پـالآکـه نـاسەن
دڵ جـای دەردتـەن مـەندەیشا خـاسەن[٥]

---

(١) پێدا: پیایا. سەمەندەر: پەلەوەرێکە ئەڵێن لە ناو ئاگرا هێلکە ئەکا. مەگێرۆ: ئەگرێ. واتە: جۆشی گەرمای خەمو خەفەت ئەوەندە داویە بە دڵما، وتای لێ هاتووە سەمەندەر کردوویە بە هێلانەی خۆی. لە هەندێ نوسخدا لە جیاتی «پێدا»و «تێدا» نووسراوە «پێش‌دا»و «تێش‌دا» وە لە جیاتی «لانەش» نووسراوە «لانە».

(٢) ئانە: ئەوە. واتە: ئازیزە ناوچاو وەك گوڵەکەم، بە قوربانت بم، دووریت کارێکی لێ کردم ئەوە حاڵی دڵو دیدەمەکە ئەی‌بینی.

(٣) چینە: لەمە. ڕەنجەکەر: ئەزیەت بدە. واتە: گیانە دەسم دامێنت هەرگیز وەزعم لەمە ناخۆش‌تر نابێ، ئەزیەتی قاچی خۆت بدەو وەرە لام.

(٤) نەشان: نەچن. زایە: «ضایع»، فەوتاو. واتە: بەڵکو دیدەو دڵیشم نەفەوتێن وەك لەشی نەخۆشم فەوتاکە بووبوو بە مایەی خەمو خەفەت بۆم.

(٥) سورمە: کلە. مەندەیشا: مانەوەیان. واتە: چاوم تۆزی کەوشەکانی تۆ ئەناسێو کردوویە بەکلە بۆ خۆی، دڵیشم جێگای دەردو بەڵای تۆیە، لەبەر ئەوە مانەوەیان چاکترە.

[٥]

دەرمان زامان(١)

دەرمـــان زامـــان دەردەکـــەی کـــاریم
هـــامڕاز نـــاڵەی شـــەوان بـــێداریـــم

راحـــەتی جـــەستەی مـــەینەت بـــارەکـــەم
تـــەسکینی دڵەی پـــڕ جـــە خـــارەکـــەم

نـــامەو هـــەدیەی دۆســـانەت یـــاوا
تـــەسدیعت کـــێشـــا خـــەیلێ مـــاڵ ئـــاوا

رەویـــەی بـــوزورگیت وە جـــا ئـــاوەردەن
غـــەریب نـــەوازیت وە پـــیشە کـــەردەن

بـــەڵام بـــینایـیم، مـــن دۆس گـــیانیم
نـــەك چـــون بـــێشـــەرتان نـــانیو زوبـــانیم(٢)

دڵم وە مـــۆبـــەت مـــەیل تـــۆ شـــادەن
ئـــەی تـــەعاروفە جـــە لام زیـــادەن(٣)

خـــوسووس مـــن ســـەرعیو لێوەو وێڵ تـــۆم
ســـەودایـــی خـــەمبار ئـــەڕاگـــێڵ تـــۆم(٤)

---

[٥]

(١) مەولەوی ئەم غەزەلەی بۆ دۆستێکی نووسیوەکە دیارییەکی بۆی ناردبوو، دووریش نیە ئەو دۆستە شێخی تەوێڵە بووبێ.

(٢) بینایيم: ئەی رووناکی چاوم. نانیو زوبانی: ئەو دۆستەیەکە هەر بە زمان، وە بە هیوای وەرگرتنی دەسکەوتێك دۆستت بێ.

(٣) مۆبەت: محبت، خۆشەویستی.تەعارف: خۆ ناساندن، مەبەسی دیاری ناردنە.

(٤) سەرعی: فێ دار.لێوە: کەف چەرێن. ئەراگێڵ: بە دوادا گەڕاو، لە بنچینەدا دوو وشەیە «ئەڕا» واتە «بۆ» وە «گێڵ» واتە «گەیشتن». لە هەندێ نوسخەدا نیوەی دووهەمی ئەم شیعرە بەم جۆرە نووسراوە:

پـــەی تـــۆ خـــاترم پـــڕ نـــێش‌و خـــارەن
پـــەی تـــۆ زیـــندەگـــیم چـــون ژار مـــارەن(۱)

دەروونـــم دایـــم جـــە هـــوون کـــەیل تـــۆن
حـــەیاتم وە شـــەوق هـــەوای مـــەیل تـــۆن(۲)

هـــەرگا دیـــم وە چـــەم شـــێوەی بـــاڵاکـــەت
بـــۆسـام خـــاک پـــاو گـــەرد پـــاڵاکـــەت(۳)

ئـــانە گـــرد مـــایەی کـــامەرانـــی‌مەن
ئـــانە گـــرد وەشـــی‌و شـــادمانی‌مەن(۴)

وەر نـــە ئـــیسە مـــن هـــوون دڵ وەردە
قـــامەت سـەنگی بـار خـەمان خـەم کـەردە(۵)

دەروون وە مـــەودای دووریت بـــیەن ڕێش
هەی خاکم وە سەر سەوقاتم پـەی چـێش(۶)

☞
سەودای ئەڕاگێڵ لەعل لێڵ تۆم
واتە: نەخۆش کەوتووی گەڕانم بە دوای لەعلی لێڵی لێوی تودا.
(۱) خاتر: دڵ. نێش: ئێش. زیندەگی: ژیان.
(۲) هوون: خوێن. کەیل: پڕ. هەوا: ئارەزوو.
(۳) گا: کات. بۆسام: ماچم کرد.
(۴) ئانە: ئەوە. گرد: هەموو. وەشی: خۆشی.
(۵) وەرنە: ئەگینا. وەردە: خواردوو. خەم: چەماوە. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی دا دێ.
(۶) مەودا: تێغ. ڕێش: بریندار. سەوقات: دیاری. واتە: ئەگینا ئێستە من کە خوێنی دڵی خۆم ئەخۆم‌و باری قورسی خەم‌و مەینەت پشتمی چەماندووەتەوەو دەروونم بە تێغی تیژی دووریت بریندار بووە، هەی قوڕم بە سەر دیاریم بۆ چیە؟

[۶]

دڵە، وەردەی نەفس(١)

دڵە، وەردەی نـــەفس گـــوناه ئـــاوەردە
سـیفەت نـەڕووی زات وە پـەردە کـەردە(٢)

جـە ڕووی بــێ شـەرمی پـەردەت دردەوە
هـیچ نـەویت وە تـەنگ ئـەودیم پـەردەوە(٣)

ســـــەتاری لاو دا وە یـــــــانەتەدا
کـــــەریمی شــــوومی وە شـــانەتەدا(٤)

کـــردم وە عـــامی ڕەحـــمەتەکـەی وێش
وادەی بــەزم گــەرم خــزمەتەکـەی وێش(٥)

---

[۶]

(١) مەولەوی لەم قەسیدەدا لەگەڵ دڵی خۆی ئەدوێ و تانەی لێ ئەدا.

(٢) وەردە: خوراو. ئاوەردە: هێناو. واتە: ئەی دڵ کە نەفسی گوناهبار خواردوویتی، وە سیفەتی خوات کردووە بە پەردە بە ڕووی زاتیەوە. مەبەسی ئەوەیەکە سیفەتی «بەخشەندەیی خوا»ت کردووە بە قەڵغان، وە بەو بیانووەوە خوات لە بەر چاوی خۆت لا بردووەو دەستت کردووە بە گوناح کردن.

(٣) دەردەوە: دادڕی. نەویت: نەبوویت. ئەودیم: ئەودیو. واتە: لەبەر بێ شەرمی و بێ عاری خۆت پەردەی حەیات لە سەر ڕووی خۆت لادا، وە هیچ بە تەنگی ئەو خواوە نەبووی کە وا لەو دیوی پەردەی غەیبەوە، وە بە هەموو شتێکت ئەزانێ. یان: نەبووی بە تەنگی ئەوەوەکە لەو دیوی پەردەی حەیاوە خۆت هەی کە هەموو گیانت گوناحەو عالەم پێت ئەزانێ.

(۴) لاو: لافاو. شانە: شان. واتە: یاخوا بەخشەندەیی خوا لافاو بێنێ بە سەر ماڵەکەتاو نەگبەتی بدا بە شانتا.

(۵) عامی: هەموو کەس گرەوە. وێش: خۆی. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایی یەوە.

ویـــەرد، نـــەزانـــاش ســیوای ئـەو هـــەنی
ئـــاخ زانـــایی ئـەو چێش کـەری چـەنی[١]

نـــەو دەمدا جـــە یـــاد کـردەی ویـــەردەم
جـــە حـــاڵەت سـەخت وە دۆزەخ بـەردەم[٢]

هـــــەر دەڵاڵەتـــــێش مـــــەلالەتێوەن
هـــەر لوتـــفێش پـەرێم خـــەجاڵەتـێوەن[٣]

هـــەوای وەش نـــەسیم وەســـڵو حـــوزووری
ســـەموومەن پـەرێم چـون شنۆی دووری[٤]

هـــای نـــایی نـــایێ، مـــوتریب مـــەقامێ
مـــوغەنی تـــەرزێ، ســـاقی‌یا جـــامێ[٥]

تـــا دەمـــاخ نـــەی بـــەزم نـــەشئەیێ ســـانو
مـــانۆ، تـــا ئـــەبەد وە جـــیا مـــانۆ[٦]

---

(١) ویەرد: بوورد. هـەنی: هـەیت. واتـە: وا فـەرزمان کـرد لەکـاتی بـەزمی گـەرمی بـە حوزووری خوا گەیشتن‌دا ئەو بە رەحمەتی فراوانی خوی لێت بووردو لەو بەولاوەکەس نەی‌زانی تۆ هەیت، باشە خۆ خوا خۆی پێت ئەزانی، ئەی لە حوزووری ئەوا چۆن رووت دێ سەر بەزر کەیتەوە.

(٢) نەو: لە. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٣) دەلالەت: دڵدانەوە.

(٤) سەموم: بای سەبوون. واتە: لەو کاتەدا کە بیر ئەکەمەوە لەکردەوەی رابردووم و لەو وەزعە ناخۆشەم کە ئەبێ بە هۆی چوونە دۆزەخم، ئا لەو کـاتەدا هـەر دڵدانەوەیەکـم لەلایەنی خوای گەورەوە هۆی شەرمەزاری‌یەکە بۆم، وە هەر لوتفێکی خوا لە لەگەڵم ئەبێ بە مایەی خەجاڵەتی بۆم، وە هەوای خۆشی بە خزمەت گەیشتن وەك بای سەبوون وایە بۆم لەشم ئەسووتێنێ، چونکە خۆم بە شایانی ئـەو بـە خـزمەت گـەیشتن‌و لوتـفو دڵ دانەویەوە نازانم.

(٥) نایێ: نەی‌ژەن.

(٦) سانۆ: وەربگرێ. مانۆ: بمێنێتەوە. مانۆ: ئەمێنێتەوە. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

شنۆش نەی دەمدا، نەی دڵەی تەنگدا
ڕیشەی ویر غەیر بدۆ وە هەمدا

بەڵ دڵەی چەند ساڵ ئینتیزارەکەش
لەزەتێ بەرۆ جە دیدارەکەش[1]

[٧]

دڵە پڕ چینەن[2]

دڵە پڕ چینەن پێشانی شەوقت
پۆس مەردەن وە بان روخسار زەوقت[3]

شادیت مواچی ئازیزش مەردەن
کەیفەکەت ماچی لەیلش گوم کەردەن[4]

گومانم وەی ڕەنگ زامت نەسرەوتەن
کۆچ خێڵ خانەی «ئەحمەد» دوور کەوتەن[5]

---

(١) بەرۆ: ببا. واتە: بۆ ئەوەی دەماخم نەشەیەکی وا لەم بەزمە وەرگرێ، تا «ئەبەد» بە تەنیا ئەمێنێتەوە، هەر بمێنێتەوە وە شنەی ئەو بەزمە ریشەی داری بیرکردنەوە لە غەیری خوا لە دڵی خەفەتبارما هەڵ کەنێ و نەی هێڵێتەوە، تا دڵە چەند ساڵ چاوەڕوانی کردووەکەم لەزەتی وەر بگرێ لە دیداری خواو رووی بێ چاوی پێ بکەوێ.

[٧]

(٢) مەولوی ئەم قەسیدەیەی بە بۆنەی کۆچ کردنی ئەحمەد بەگی برای حەمە پاشای جافەوە وتووەکە چووە بۆ مەریوان بۆ هاوینە خۆری.

(٣) پڕ چینەن: پڕە لە چرچ و لۆچ. پێشانی: ناوچاوان. پۆس: پێست. واتە: ئەی دڵ ناوچاوانی شەوقت لۆچی زۆری تێ کەوتووە، وە پێستی رووت وشك بووەتەوە بە سەر دەم و چاوی ئارەزووتا، مەبەس لە خەفەتباری‌یە.

(٤) مواچی، ماچی: ئەڵێت. لە هەندی نوسخەدا نیوەی شیعری دووهەمی ئەم شیعرە بەم جۆرە نووسراوە:
کەیفت مواچی لەیلش کۆچ کەردەن.

(٥) گومانم: وا گومان ئەبەم. نەسرەوتەن: نەسرەوتووە. واتە: وا بزانم بۆیە وا زامت ناسرەوێ چونکە بنەو بارگەی ئەحمەد بەگ دوور کەوتووەتەوە.

نـــەواتـــم دەخـــیل ئـــامان ســـەد ئـــامان
وێت مـەدەر وە مـەیل نـەو تـووڵ نـەمامان(۱)

وەس وە تــەمای وەســڵ مــەزاقت شـاد بـۆ
ژار مــــار دەرد دووریت وە یـــــاد بـــــۆ(۲)

نـەژنەفتی چـەنەم سـەد جـار دادم کـەرد
ئیسە های گەردش گـەردوون چـەپ گـەرد(۳)

وە تــای قــەڵمــاسك تنیای سـەردی مـەیل
ئەو هۆردا پەی حەی، تۆ پەی کۆی دوجەیل(۴)

ســا خـــاسەن ئـــەمجار شـــووم سیا بـەخت
تـــۆ ئـــالوودەی دەرد، مـن زامـان سـەخت(۵)

ســـــاقی گـــــەرد کـــۆچ یـــاران دیـارەن
هـــــاوماڵان پـــــەرێم نـــــە ئـــــینتیزارەن(۶)

---

(۱) نەواتم: نەموت. وێت مەدەر: خۆت مەدە. مەعنای ئەم شیعرەو سێ شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(۲) وەس: بەس. مەزاق: چەشتن، مەبەس لە دڵە.

(۳) نەژنەفتی: نەتبیست. چەنەم: لێم.

(۴) قەڵماسك: قۆچەقانێ. تنیا: تەنراو. هوردا: هەڵدا. حەی: خێڵەکەی لەیل. دوجەیل: شوێنەکەی مەجنوون. واتە: چەند دەسەو دامێنت بووم کە خۆت نەخەیتە داوی خۆشەویستی باڵا بەرزانەوە، چەندم پێ وتی دڵت بە وەسڵیان خۆش مەکەو ژاری ماری دووریت لە یاد بێ، کەچی هەرچەند دادم کرد گوێت نەدایە، وا ئێستا گەردوون وەك بەرد خستنیە ناو قۆچەقانێی لەکەم مەیلی تەنراوو هەر یەکەی فڕێ دانە شوێنێك کە بەزەحمەت بتوانن بگەنەوە یەك.

(۵) سیا بەخت: چارە رەش. ئالوودە: گرفتار. واتە: جا چاکت کرد ئەی دڵەی شوومی چارە رەش خۆتت گرفتاری دەردو منیشت گیرۆدەی برینی نابار کرد.

(۶) پەرێم: بۆم. مەولەوی لەم شیعرەوە رووی قسە لە دڵیەوە وەر ئەگێڕێتە سەر ساقی، وە داوای لێ ئەکا بگاتە فریای. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایی یەوە.

مـن خـۆ تـەنیا مـاڵ، وامـەندەی دڵ تـەنگ
بێ کەس، بار سـەنگی، پـای بـارەبەر لەنگ[١]

مـەرتۆ وە هـەی هـەی نـەشئەی جام مـەی
نەی رای پلەی سـەخت فـەریاد رەسیم کـەی

سـا پـێم دەر جـامێ مـنیچ چـون یـاران
هەی کەروون ئـەو کـۆچ تـا سـەر هـەواران[٢]

[٨]

دڵە چەند مەستیت[٣]

دڵە چـەند مـەستیت جـەم بـی نـە سـەردا
چـەند کـار ئـارۆت وستەو رۆی فـەردا[٤]

---

(١) وامەندە: داماو. بارەبەر: وڵاخ. لەنگ: شەل.

(٢) منیچ: منیش. کەروون: بکەم. ئەو: لە. واتە: ساقی، ئەوەتا تۆزی کاروانی یاران دیارەو چاوەڕێم ئەکەن، منیش تەنیا ماڵ ماومەتەوە بە دڵ تەنگی‌یەوە، کەسم نیەو کـۆچو بـارم قورسەو پێی وڵاخەکەیشم شەلە، کە ئـەمە ئـەوپەڕی دامـاوی‌یە... جـا لە وەزعـێکی وا ناخۆشا مەگەر تۆ بە نەشەی جامی مەیەکەت ـ کە وەك هۆرەی کۆچ کردوو وایە ـ لەم پلە رێ سەختەدا بگەیتە فریام، سا بۆ خوا پیاڵەیەك مەیم بدەرێ با منیش وەك یاران دەس کەم بە هۆرەکردنو بخورمە کوچو بارەکەمو برۆم تا ئەگەمە سەر هەوارەکـان. مـەولەوی لەم شیعرانەی‌دا هۆرەی کاروانی شوبهاندووە بە مەی لەوەدا کە وەك چۆن مـەی یـارمەتی خەفەتبار ئەدا بۆ ئاسان کردنی مەینەتەکەی، هۆرەیش یارمەتی کاروانی ئـەدا لە بـڕینی رێگاو گەیشتنە جێ‌دا.

[٨]

(٣) مەلەوی لەم قەسیدەشا هەر بە سەر نەفسی خۆی‌دا دێتو لۆمـەی ئـەکـاو لە خـوا ئەپارێتەوەکە لێی ببوورێ.

(٤) ئارۆ: ئەمرۆ. وستەو: خستەوە. واتە: ئەی دڵ چەند مەستی کۆبـووەتەوە لە سـەرتاو چەند ئیشی ئەمڕۆت ئەخەیتە سبەینێ. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «چەند» نووسراوە «یەند» واتە: ئەمەندە.

شـــەرتێوم نـــیەن جـــە بـــێ شـــەرتی تـــۆ
روو ســـیای تـــۆبـــەی ســـەد فـــەردا نـــەبۆ(١)

نـــەکـــەفتی ئـــەو را پـــەی حـــەق پـــەرستی
تـــا بـــی وە هـــەمتای مـــەستی پـــای سستی(٢)

پـــیری حـــەڵقـــە ســـان خـــەم پـــەنەم وەردەن
پـــەی دەرگـــای عـــەدەم ئـــامادەم کـــەردەن(٣)

ســـــــەروەخت ئـــــــەدای ئـــــــەمانەتمەن
نـــــــەشر ســـــــیاهەی خـــــــیانەتمەن(٤)

مـــوغەننی ، تـــە نـــخوای مـــن وە نـــەوایێ
وەی چـــەند فـــەردەوە هـــۆردەر سەدایێ(٥)

یـــا رەبـــی نـــەی شـــەو تـــاریکەی فـــانی
هـــەر تـــۆ وەکـــردەی بـــەدیم مـــزانـــی(٦)

---

(١) شەرتێوم: شەرتێکم. واتە: بە هۆی بێشەرتی تۆوە شەرتێکم نیە روو رەشی لای تۆبەی سەد سبەینێ نەبوبێ. مەبەسی ئەوەیە هەرچی شەرت ئەکەم کە خەراپە نەکەمو تۆبە لەو خراپانە ئەکەم، بۆ سبەینێ ئەو شەرتە ئەشکێنمو دیسانەوە تۆبە ئەکەمەوەو شەرتەکەم لە حوزووری ئەو تۆبانەدا روو رەش ئەبێ.

(٢) نەکەفتی ئەو را: نەکەویتە رێ. بی: بوو. واتە: نەکەویتە رێی حەق پەرەستی تا پیری بوو بە هاورێی سەرخۆشی‌یەکەت‌و کەڵکت پێوە نەما.

(٣) حەڵقەسان: وەك ئەڵقە. واتە: پیری وەك ئەڵقە چەماندوومیەتەوەو ئامادەی کردووم بمکوتێ بە دەرگای نەبوونی‌دا کە گۆڕە. چەند جوانە لێرەدا مەولەوی ئەڵقەو دەرگای خستووەتە یەك، چونکە ئەڵقە بە دەرگادا ئەکوترێ.

(٤) ئەدا: دانەوە. نەشر: بڵاوکردنەوە. سیاهە: لیستە.

(٥) تەنخوا: لە جیاتی. نەوا: ئاواز. سەدا: دەنگ.

(٦) واتە: خوایە لەم تاریکە شەوەی دنیای فانی‌دا هەر تۆ شارەزای کردەوەی خراپمی.

ئـای سـوبح مـەحشەر سـەر ئـەفگەندە وێم
شـەرمندەی حـوزوور خـوداو بـەندە وێم(١)

بـە رەحـمەکـەی وێت فـەرد تـەنیای تـاك
بـەشق مـەشق عـەشق دڵ پـاکـان پـاك(٢)

بــەو فــەسڵ فـیراق خـاتر پـڕ خـاران
بــەو دیـای دمـای یـەکـتری یـاران(٣)

ئـەر سـەد تـاوانـم جـە حـەد ئـەودەرەن
دەفـتەرم جـە رووی وێم سـیاتەرەن(٤)

تـۆ بـویەر جـە مـن جـە پـڕ ئـینسافی
مـن روو زەردی وێم کـافی‌یەن کـافی(٥)

[٩]

دڵە تەب خاڵەت(٦)

دڵە تـەب خـاڵەت وە لێو مـەوینوون
حـاڵاتت یـەکـجار پـەشێو مـەوینوون(٧)

---

(١) سەرئەفگەندە: سەرداخستوو. وێم: خۆم.

(٢) بەشق: بۆ خاتری. واتە: ئەی خوای تاكو تەنیا سوێندت ئەدەم بە رەحمی خۆت، وە لەبەر خاتری مەشقی دڵداری پاکی دڵپاکان...

(٣) دیا: چاو بە یەك کەوتنەوە. دما: دوایی. واتە: خوایە سوێندت ئەدەم بەکاتی لە یەك جیابوونەوەی دۆستە دڵ پڕ دڕکەکان، وە بەکاتی بە یەك گەیشتنەوەی لەوەو پاشیان.

(٤) ئەر سەد: هەرچەند. ئەو دەرەن: بە دەرە.

(٥) بویەر: ببوورە. کافی‌یەن: بەسە. مەولەوی بە عادەتەکەی خۆی لەم قەسیدەدا چەند شیعرێکی وتەوەکە لە شوێنی تریشا وتبوونی.

[٩]

(٦) مەولەوی لەم قەسیدەشا هەر لەگەڵ نەفسی خۆی قسە ئەکا.

(٧) دڵە: ئەی دڵ. تەب خاڵە: خاڵی تێ، ئەو زیتکانەیە بە سەر لێوی تادارەوە پەیدا ئەبن. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایی‌یەوە.

کـەردەنیش وە تـەیر هـەڵۆ هـۆش بـەردە
نـاکـەردە کـەردە، کـەردە نـا کـەردە[(١)]

رجـات، گـا بـەی دیـ.، گـا بـەو دیمەدا
هـانە گـەردەلوول بـاد بـیمەدا[(٢)]

هـا نـەکـەردەبۆت تـۆ یـەت کـەردەبۆ
پـێچ عـەقیدەی وە دڵ بـەردەبۆ[(٣)]

پەی چێش هەرکۆ وەسف وەش نیگارانەن
چـەنی عـەقیدەی دڵ ئـەوگارانـەن[(٤)]

تـۆ زەنـنت چـێشەن ئـەویچ بـەو تـەورەن
ئەر مەیلەن، مـەیلەن وەر جـەورەن، جـەورەن

سـتارەی رجـات هـەر دەم دارۆ سـوو
دەمـاخ شـاد، وە بـۆی «وَ لا تَـیْأَسُوا»[(٥)]

---

(١) کەردەنیش: کردوویەتی. واتە: ئەی دڵ ئەبینم وەك تادار زیتکەت بە سەر لێوەوەیەو حاڵت یەکجار پەشێوە، وە وەك باڵداری هەڵۆ فڕاندوو هۆشت لا نەماوەو بە جۆرێ سەرت لێ تێك چووە ئەوەی نەت کردووە وا ئەزانی کردووتە، وە ئەوەی کردووتە لە یادت چووەتەوە.

(٢) بەی دیم: بەم دیو. بیم: ترس. واتە: تەمای رەحمەتی خوات کەوتووەتە بەر گەردەلوولی بای ترس، وە وەك پووش تاوێك بەمدیوو تاوێك بەویوا ئەکەوی. مەولەوی لەم شیعرەدا ئەویەڕی وردیی بەکار هێناوە چونکە مرۆڤ خۆی لە بەینی ترس و تەمادا ئەبێ، کەچی ئەم هاتووە تەماکەی خستووەتە بەینی ترس و تەما.

(٣) یەت: ئەمەت. پێچ: گرێ. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە سێ شیعری پاشەوە.

(٤) هەرکۆ: لە هەرکوێ. وەش‌نیگار: جوان چاك. چەنی: لەگەڵ. ئەوگار: گرفتار.

(٥) ستارە: ئەستێرە. دارۆ: ببێ. سوو: تیشك. «ولاتیأسوا»: بەشێکە لە ئایەتێکی قورئانی مەعناکەی ئەوەیە: بێ تەما مەبن لە رەحمەتی خوا. واتە: ئەی دڵ دەسم دامێنت نەکەی باوەڕت لەق ببێ و گرێی تێ کەوێ، چونکە سیفەتی جوان چاکان بە پێی باوەڕی

ویـــەردە ویـــەرد، هـــەوڵێ پـەی بـاقی
ئەمجار یـە دەروێش، یـە نـەیچیو ساقی(١)

هۆش وە سەدای دەف، گۆش وە نـەوای نـەی
دەس وە شـــیشەوە، لێو وە جـــام مـــەی

ســــەفات جــەفا دۆ وە قـــەفای هــەستی
نـۆشـا نـۆشت بـۆ دەواچـەی مەستی(٢)

وە کـــردە وە فـــام ئـــەر گــا نــاوەردەن
بـــاك نـیەن وەفـام وە بـاوەڕ کـەردەن(٣)

☞

دڵدارەکانیانە پێیان، ئەوان گومانی چییان پێ بەرن ئەوانیش بەو جۆرە ئەبن، ئەگەر بە تەمای خۆشەویستی بن خۆشیان ئەوێن، وە ئەگەر بە تەمای سزا بن سزایان ئەدەن.

(١) ویەردە: بەسەر چوو. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوە پێکەوە دێ.

(٢) دۆ: بدا. قەفا: پشتی مل. دەواچە: دەرمان. واتە: ئەوەی بەسەر چوو بە سەرچوو، هەوڵێ بۆ پاشماوەی عومرت بدە، ئەوە دەف ژەنو شمشاڵ لێدەرو مەی گێڕ، نۆبەتە لەگەڵیان، هۆش بدە بە دەنگی دەفو گوێ بدەرە ئاوازی شمشاڵو شیشەی مەی بگرە بە دەستەوەو جامی مەی بنێ بە لێوتەوە، تا شادیت شەقازلەیەك بدا لە بنا ملی بوونو دەرمانی مەستی نۆشی گیانت بێو گیتیت لە بیر بچێتەوە.

(٣) واتە: ئەگەر جار جار بەکردەوە وەفام نەهێنابێتە دی، قەید ناکاو ترسم نیە، چونکە وەفام کردووە بە باوەڕی خۆم. ئەم شیعرە ئیشارەتە بۆ حەدیسی پێغەمبەر کە فەرموویەتی: «لا یَضُرُّ مَعَ الْایمانِ ذَنْبٌ» واتە: لەگەڵ باوەڕدا گوناح زیان ناگەیەنێو موسوڵمان لە موسوڵمانیەتی ناخات.

[١٠]

دەرد وە بان دەرد(١)

دەرد وە بــــان دەرد زامـــان کــــاری
گرد جە لام جەم بی، یـە تـەشریف مـاری(٢)

ئـــای یــە چێشت کـەرد تـەشریفت نـاوەرد
دەردت دا وە دەرد، مــنت مــاتەم کــەرد(٣)

ئــیسەیچە دیــدەم چــەم هــا وە راوە
هــەڵای ســـەروەشم بــەو تــەمەنناوە(٤)

ئــــەمرت مــــوتاعەن «اَطَــــعْنا» وەنـــدم
دۆعـای چـەمە زەخـم جـە پـیران سـەندم(٥)

[١٠]

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بۆ ئامینە خان ناوێك نووسیوەکە یـەکـێك بـووە لەکچە بەگزادەکانی جاف، وە بە هۆی شیر خواردنەوە مەحرەم بووە بە مەولەوی، ئامینە خـان گفتی دابوو بە مەولەوی کە بچێ سەری لێ بدا، بەڵام پاشان بۆی ئەنووسێ کە ناتوانێ بچێ بۆ لای، وە داوای دوعایەکی چاوەزاری لێ ئەکا، مەولەویش دوعاکەی بۆ ئەنێرێ لەگەڵ ئە پارچە هەڵبەستەدا.

(٢) ماری: ئەهێنی. واتە: دەردی کـاری زامـەکـانم و دەردی چـاوەڕوانـی کـردن هـەموو کۆبوونەوە لەسەرم بە هۆی ئەوەوەکە بڕیار بوو تەشریف بێنی.

(٣) واتە: ئای ئەوە چیت کرد تەشریفت نەهێناو دەردت‌دا بـە دەردەکـانم و خـۆیشـمت خەفەتبار کرد.

(٤) ئێسەیچ: ئێستاش. هـەڵای: هـێشتا. واتـە: ئـێستاش هـێشتا هـەر چـاوم لە ڕێـتەو سەرخۆشی هیوای هاتنتم.

(٥) موتاع: بە گوێ کراو. «اطعنا»: بە گوێمان کرد، ئیشارەتە بە ئایەتی «سَمِعْنا وَ اَطَـعْنَا». وەندم: خوێندم. چەمەزەخم: چاوەزار. واتە: فەرمانت ڕەوایەو هەرکە بیستم وتم بە سەر چاو، وە چووم دوعای چاوە زارم بۆ وەرگرتی لە شێخ.

تەعویز بەند ریشەی دڵەی سەد پارەم
بەرگش پەڕەی جەرگ وە دەرد ئاوارەم(١)

حافیز بۆ وە عەشق مەستان یا هوو
بپێچەش نە دەور باهووی بێ ئاهوو(٢)

ئینە عادەتێن وە زاهیر ئامان
وەرنە هەی سەرخێڵ نازك ئەندامان(٣)

تۆ ئیند نازکیت جە حەد ویەردەن
بینایی خەیاڵ راگەش گوم کەردەن(٤)

سەفات خەجاڵەت دان وە جام جەم
دیدەی بەد مەر عەکس وێش بدیۆ وە چەم(٥)

دیدەی بەد دەردش نا دیاری بۆ
جە کۆ موینۆت تالێت کاری بۆ؟(٦)

---

(١) تەعویز بەند: بەنی بەستنی نووشتە. پارە: پارچە. مەولەوی لەم شیعرەو شیعری دوایی دا لە ئامینە خان ئەگەیەنێ کە چی بکا لە دوعاکە. واتە: ریشەی دڵە سەد پارچە بووەکەم بهۆنەرەوەو بیکە بە قەیتان بۆ بەستنی دوعاکە، وە پەڕەی جگەری دەردەدارم بکە بە بەرگ‌و دوعاکەی پێوە بپێچە.

(٢) حافیز: پارێزگار. بپێچەش: بیپێچەرەوە. یاهوو: ئەی خوا. باهوو: قۆڵ: ئاهوو: عەیب. واتە: خوا بکا بۆ خاتری عەشقی ئەو پیاو چاکانەی کە سەرمەستی هاوار لە خوان، ئەو دوعایە پارێزگاریت بکا. ئەنجا ئەڵێ: دوعاکە بپێچە بە دەوری قۆڵتا.

(٣) وەرنە: ئەگینا. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوە پێکەوە دێ.

(٤) ئێند: ئەوەندە. واتە: ئەم دۆعا نووسینە شتێکە بۆ عادەت‌و هۆیەکی زاهیری‌یە، ئەگینا ئەی سەرقافڵەی جوان‌خاسان جوانی تۆ ئەوەندە لە ئەندازە لای‌داوە هەتاوەکوو چاوی خەیاڵیش رێگای گوم کردووەو نات دۆزێتەوە.

(٥) دیدەی بەد: چاوی پیس. بدیۆ: ببینێ. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی دا دێ.

(٦) جەکۆ: لەکوێ. واتە: پاکی‌و بێ‌گەردی رووی تۆ ئاوێنەکەی جەمشیدی خەجاڵەت کردووەکە هەموو شتێکی تیا بەدی ئەکرا، ئیتر چاوی پیس کەی سەیری تۆ بکا مەگەر هەر

[١١]

دەورێ دەر ساقی

دەورێ دەر ســاقی وە لای مــەحزوونـدا
لەیـل ئــاسا بــویەر وە لای مــەجنوونـدا[١]

جــامێ جــە سـەهبای دیــای بـاڵاکـەت
ئــالوودەی غــوبار تــۆز پــاڵاکــەت[٢]

بــەو نــازو عــیشوە وێت پــێم دەردەوە
جــەستەی پــەژموردەم ئــیحیا کــەرەوە[٣]

جــەی «قــلب الاســد» تــاوسان دووری
فــێنك کــەرەوە جــەستەی مــەهجووری[٤]

بــەڵکــەم شــەرارەی نــائیرەی فــیراق
نــەسۆچــنۆ تــەمام ســەوزەی ئــیشتیاق[٥]

☞

رووی خۆی لە ناو چاوتا ببینێتەوە. کەواتە -خوا تووشی دەردێکی بکا کەس سەری لێ دەرنەچێ- چۆن ئەتوانێ بتبینێ تا کارت لێ بکا؟.

[١١]

(١) واتە: ئەی مەیگێڕ سووڕێ بخۆ بە لای منی خەفەتباراو، وەك لەیل بە لای منی مەجنوونا تێپەڕە.

(٢) سەهبا، «صهباء»: مەی. دیا: دیتن. ئالوودە: تێکەڵ. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٣) پەژموردە: سیس و ژاکاو. واتە: بە نازو عیشوەوە پیاڵەیەك شەرابی دیتنی باڵای خۆتم بدەرێ بەو شەرتە کە تۆزی کەوشەکانتی تێکەڵ بووبێ، وە بەو پیاڵە شەرابە لاشەی سیس بووم ببوژێنەرەوە.

(٤) «قلب الاسد»: ناوەڕاستی هاوین کاتێك کە رۆژ ئەچێتە برجی ئەسەدەوە. تاوسان: هاوین. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی دا دێ.

(٥) نایرە: نائیرە، ئاگر. نەسۆچنۆ: نەسووتێنێ. سەوزە: شینایی. واتە: لەم قرچەی هوینی گەرمی دووری‌یەدا بە شەرابی دیتنت لەشم فێنك کەرەوە، بەڵکو بزیسکەی ئاگری جیایی شینایی سۆزم بە تەواوی نەسووتێنێ.

بــەڵام بــەو شــەرتە مــەیلت مــودام بــۆ
مــنیچ بــەو مــەیلە دنــیام وەکــام بــۆ(١)

نــەك غــەزاڵ ئــاسا دیــاو رەمت بــۆ
گــا مــەیل شــادی، گــا مــاتەمت بــۆ(٢)

ئــیتر کــافی بــۆ جــەورو جــەفاکــەت
بــەڵ تــا وە ســەر بــۆ مــەیلو وەفــاکــەت(٣)

ئــەر چــەند هــەفتەیێ عــومرم مــەندەبۆ
بــەڵکــەم دووری تــۆ لێم نــەسەندەبۆ(٤)

[١٢]

دووریت دیارەن(٥)

دووریت دیــارەن چــەند ســاحیب نــێشەن
تۆی دەروون وە خار نــێشیٚ‌وتــەر رێشــەن(٦)

هــەرچــی بــوینوون شــێوەی تــۆ پــێشەن
دڵ وە هــەتیتەی حــەسرەتدا کــێشــەن(٧)

---

(١) مودام: دەوامدار. وەکام: بە ئارەزوو.
(٢) غەزاڵ: ئاسك. رەم: راکردن. واتە: نەك وەك ئاسك هەر خۆت دەرخەیتو راکەیت...
(٣) تا وە سەر بۆ: تا سەر بێ.
(٤) مەندەبۆ: مابێ. لێم نەسەندەبۆ: لێم نەسێنێ.

[١٢]

(٥) مەولەوی ئەم قەسیدەشی لە لاواندنەوەی عەنبەر خاتونی خێزانیا وتووە.
(٦) خار: درك. نێشیٚ‌وتەر: ئێشێکی‌تر. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایی‌یەوە.
(٧) پێشەن: پێوەیەتی. هەتیتە: تەختە دارێکە شاڵی بە توندی پێوە ئەپێچن بۆ ئەوەی دەق بگرێ. کێشەن: راکێشەرە. واتە: هەرچەند کە دیارە ئێشو ئازاری دووریت چەند زۆرە، بەڵام من جگەرم بە درکی ئازارێکی‌تر بریندار بووە کە ئەویش ئەوەتە هەرچی ببینم شێوەی تۆی پێوە بێ دڵم لە دار هەتیتەی داخو خەفەت ئەکێشێ.

هــەر مــاهێ نــەو بــۆ حــاڵم پــەشێوەن
چون هیلال شێوەی ئـەبرۆی تـۆش پـێوەن(١)

نــە شــەو راحــەتم، نــە رۆ دڵشــادم
شـەو زوڵفـ‌و رۆ رووت مـەوزۆ ئـەو یـادم(٢)

شــمشادو نـەرگس وەنـەوشەی چــەمەن
ســەیرشان ئــازار بــینایی چــەمەن(٣)

ئــاد مــارۆ بــە ویــر تــەرزەکــەی بــاڵات
ئـەو دیـدەی مـەستت ،ئـێد خـاڵ ئـاڵات(٤)

ســۆچــنۆم حــەسرەت دەرد جـیاییت
نــەك چــون بــڵێســەی یــاد تــەنیاییت(٥)

وە مــەرگت، دیـدەم، هـام نـە گـوزەردا
مــنیچ لام لای تــۆن ئـارۆ یـا فـەردا(٦)

---

(١) ماە: مانگ. نەو: نوێ، تازە. واتە: هەر مانگێ نوێ ببێتەوە من حاڵم تێك ئەچێ، چونکە مانگی یەك‌شەوە لە ئەبرۆی تۆ ئەچێ.

(٢) مەوزۆ: ئەخاتە. واتە: نە بە شەوو نە بە رۆژ رەحەتیم نیە چونکە شەوی تاریك زوڵفی رەشت دێنێتەوە یادم‌و رۆژی رووناك رووی درەوشاوەت.

(٣) شمشاد: دارێکی بەرزە. سەیرشان: تەماشا کردنیان. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە دوایی‌یەوە.

(٤) ئـاد: ئـەو. مـارۆ: دێـنێ. ئاڵا، ئاڵ. واتـە: تـەماشا کـردنی دار شـمشادو نـەرگس‌و وەنەوشەی باخەکان ئازاری چاوم ئەدا، چونکە دار شمشادەکە باڵاتـم دێـنێتـەوە یـادو، نێرگسەکە چاوی مەستت‌و وەنەوشەکە خاڵی ئاڵت.

(٥) سۆچنۆم: ئەم‌سووتێنێ. واتە: راستە داخی دەردی جیایی ئەم سووتێنێ، بەڵام ناگاتە ئەندازەی ئێشی یادکردنەوەی تەنیاییت لە گۆڕا.

(٦) تۆن: تۆیە. ئارۆ: ئەمڕۆ. واتە: ئازیز قەسەم بە مەرگت منیش لە سـەر رۆیشتنم، وە ئەمڕۆ بێ‌و سبەی بێ شوێنم لای تۆیەو ئەمرم‌و دێمە لات.

مــــوتریب مـــەقامێ دەردم نـــاچارەن
ســــاقیا جــامێ دۆس ئــینتیزارەن(١)

[١٣]

دەلیل وادەی(٢)

دەلیـــل وادەی ســـەر ســـەراوەکـــەم
بـینایی دیـدەی شـەو بـێ خـاوەکـەم(٣)

رەفـــیق ســـەرحـــەد ئـــەقلیم دەردان
نـاخودای کـەشتی بەحرەکـەی هـیجران(٤)

ئـــوستاد تـــەعلیم دەرس مـــەجنوونیم
دەسگـــیر راگـەی سـەختیو زەبـونیم(٥)

(١) ناچارەن ٚ چار ناکرێ. واتە: کاکەی گۆرانیبێژ سەدای مەرگم هەڵدە، چونکە دەردم بێ دەرمانە، کاکەی مەی گێڕ تۆیش پیاڵەیەك شەرابی مەرگم بدەرێ، چونکە یار چاوەڕوانمە با بمرمو بڕۆم بۆ لای.

[١٣]

(٢) جارێکیان شێخی «بهاءالدین»ﷺ ئەنێرێ بە دوای مەولەوی‌دا بۆ ئەوەی بە سەفەر بینێرێ بۆ شوێنێكو ئیشێکی پێ بسپێرێ، مەولەویش پێی ناکرێ بڕوا، لە وەراما ئەم پارچە هەڵبەستە بۆ شێخ ئەنێرێ.

(٣) وادەی سەر سەراوەکەم: کاتی بردن بۆ سەر ئاو بۆ شۆرین پاش مردن. واتە: ئەی رێنموونی کەرەم لەکاتی مردنا، ئەی بینایی چاوەکانم کە شەو خەویان نیە.

(٤) سەرحەد: سنوور. ئەقلیم: وڵات. ناخودا: کەشتیەوان. واتە: ئەی هاوڕێم لە سنووری وڵاتی دەردو مەینەتاکە ئەمپارێزی، وە ئەی کەشتیەوانی ناو دەلیای دووری کە ئەمگەیەنیتە جێ.

(٥) ئوستاد: مامۆستا. مەجنوون: عاشق بوون وەك مەجنوون. واتە: ئەی مامۆستایەك کە دەرسی عەشقت فێر کردم...

شـــەمع بــەزمگەی مــەهجووری‌و دووری
مــــیعمار ئـــەساس پــایەی ســەبووری(١)

مـــەسقەڵچـــی ســەواد ئــاینەکــەی دڵ
غــەواس دانــەی دەریــاچەی مۆشکـوڵ(٢)

خــەم نــە وەخت بــەزم فــەرمان فــەرماشەن
شــادیم ئــەلوەدای جــە لەیــل جیاشەن(٣)

مـن خـۆ پـای خـەمان سـامان سام کـەردەن
دەك بـــمرم هـــانات بــەمن ئــاوەردەن(٤)

وە مـــەرگت دایـــم زامــم هــەر بــەسۆن
دەرد وێم کـــەمەن ئـــەمجار نـــۆبــەی تـۆن(٥)

پـــێســـە مـــزانـــی هـــیچم کــەم نــیەن
وێران یـــانەکـــەم وێت وە چـــەم دیـــەن(٦)

---

(١) شەمع: مۆم. میعمار: وەستا بەنای بەناوبانگ. واتە: ئەی روون کەرەوەی دڵم لەکاتێکا کە بە هۆی دووری دۆستانەوە دنیام لێ تاریك ئەبێ، وە ئەی دروست کەری بـنچینەی دیواری خۆ راگرتن‌و بوردەباریم.

(٢) مەسقەڵچی: سپی‌کەرەوە. سەواد: رەشایی. غەواس: ئـەوەی خـۆی لە بـنی دەلیـادا نوقم ئەکاو گەوهەر دەردێنێ. واتە: ئەی رۆشن کەرەوەی ئاوێنەی رەش بووەوەی دڵم، وە ئەی دەرهێنەری گەوهەری مەعنا لە دەلیای ئەو باسە عیلمی‌یانەدا کە زانینیان گرانە.

(٣) فەرمان فەرما: حوکمڕان. ئەلوەدا: «الوداع»، مـاڵاوایـی. واتـە: خـەم‌و مـەینەت وا لە بەزمی فەرمان رەوایی‌و سەرداریدا، وە شادی خەریکی ماڵاوایی کردنە بە بۆنـەی جـیا بوونەوەیەوە لە من.

(٤) سامان‌سا: تـەخت وەك زەوی. واتـە: قـاچی خـەفەت منی لەگـەڵ زەویـدا تـەخت کردووەو پلیشاندوومیەتەوە، کەچی تۆیش هانات هێناوەتە منی بێ دەسـەڵات کـە ئـەو ئیشەت بۆ بکەم.

(٥) سۆ: سوێ. واتە: قەسەم بە مەرگت زامی دڵم هەمیشە سوێی پیا دێتەوە، ئـەنجا بـە مەعناوە ئەڵێ: دەردی خۆم کەمەو هەر هی تۆی ناتەواوە، با ئەویشی بێتە سەر.

(٦) پێسە مزانی: وائەزانی. دیەن: دیوە. واتە: وائەزانی هیچم کەم نیەو حاڵم رێك‌و پێکەو

[١٤]

دەخیلم خاڵۆ(١)

دەخـــیلم خـــاڵۆ زەدەی زام ســـەخت
حاڵ شێوێنەکەی مـەعدوومی بـەد بـەخت(٢)

راز رێزەی شـەکـەر، شـای شـەکـەر رازان
فـــتێڵە پـــەی زام کـــەسێ مســـازان(٣)

وەخـــتێ دڵ وە تـــیر مـــەینەتان رێش بـــۆ
جـەو دمـا تـەمای سارێشـی پێش بـۆ(٤)

خـۆ جـای پـەیکانان ژار وەردەکـەی تـۆ
تـا بـەر پـەڕەی دڵ پـەی کـەردەکـەی تـۆ(٥)

☞

لە سەر خۆیەتی، خۆ تۆ بە چاوی خۆت ماڵە وێرانەکەمت دیوەو ئەزانی چۆنە، ئیتر چۆن تەکلیفی وام لێ ئەکەی؟

[١٤]

(١) مەلەوی ئەم قەسیدەیەی بۆ شێخ یوسفی نوسمەیی برادەری نووسیوە لە وەرامی نامەیەکی ئەوا کە هاواری لە دەس وەزعی خۆی کردووە تیایا، وە داوای چارەی کردووە لێی.

(٢) زەدە: لێ دراو. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێت.

(٣) راز: قسە. رێزە: وردە. فتێڵە: پەڕۆیەکی لوول دراوە جاران ئەیان کرد بە ناو برینا بۆ پاك کردنەوەی زووخ و کیمەکەی. مسازان: دروست ئەکەن.

(٤) جەودما: لەوەوپاش. پێش: پێی. واتە: دەسم دامێنت ئەی خاڵۆی گرفتاری زامی سەخت، وە ئەی ناخۆشکەری حاڵی من بە دەنگ و باسی گرفتاریت، وە ئەی کەسێك کە قسەت وەك وردە شەکر وایەو شای شیرین گوفتارانی، فتێڵە بۆ زامی کەسێك دروست ئەکرێ کە ئەگەر دڵی بە تیری مەینەت بریندار بووبێ بە تەمابێ لەوەو پاش سارێش ببێ، خۆ تۆیش لە وانە نیت.

(٥) پەیکان: تیر. پەی کەردە: بڕێوو کون کردوو: مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

وەختێ فوارەی هووناوان پێشەن
زوخاو جۆش بدۆ، ئانە سارێشەن[١]

دەرگای مەینەتان جای نەدامەتەن
ناسۆریش یادئار رۆی قیامەتەن[٢]

فتێڵە پەی چێش رۆ وە یانەم رۆ
یەك جار داد نە دەس ئیستیغناکەی تۆ[٣]

تۆ پیرت بازەم دڵ وەشی دڵەن
غەم زەدەی زامان وەشیش موشکوڵەن[٤]

[١٥]

دیاکەی وە شەرم

دیاکەی وە شەرم جە پەنجەرەی ناز
تاتا ریشەی جەرگ بەراوەرد وە گاز[٥]

---

(١) ئانە: ئەوە واتە: خۆ سارێش بوونی راستەقینەی جێگای تیرە زەهراوییەکانی تۆ کە تا پەرەی دڵی سمیوە، کاتێك ئەبێت کە فوارەی خوێناوی لێوە بچێت بە ئاسماناو زوخاوی لێوە هەڵقوڵێ.

(٢) نەدامەت: پەشیمان بوونەوە. یاد ئار: بیر خەرەوە. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٣) واتە: کرانەوەی دەمی زام وەك دەرگا وایە بۆ پیا رۆیشتنی پەشیمان بوونەوە لە گوناە، بە ناسۆر کەوتنەوەشی رۆژی قیامەت دێنێتەوە یاد. کەواتە بۆچی ئەتەوێ فتێڵە بخەیتە دەمی زامتەوە، هەر قوڕ بەماڵی منا بدرێ، وە هاوار لە دەس بێ باکی تۆ کە ناتەوێ دەمی زامت کراوە بێ تا هەمیشە قیامەتت بخاتەوە یاد.

(٤) بازەم :لێم گەرێ. وەشیش: چاك بوونەوەی. واتە: بۆ خاتری پیرەکەت لێم گەرێ، چونکە ئەمە کە ئەڵێیت فتێڵە بۆ برینەکەت دروست بکەم، مەگەر هەر کەڵکی دڵ خۆش کردنتی پێوە بێ، ئەگینا چاك بوونەوەی گرفتاری زامی عەشق زۆر زەحمەتە.

[١٥]

(١) دیاکەی: سەیر کردنەکەی. واتە: یار کە بە شەرمەوە لە پەنجەرەی نازەوە سەیری کردم، تاڵەکانی ریشەی جەرگمی یەك یەك بە گازی سەرنجی دەکێشا.

پـــەترۆی زامـــەکـــەم هـــەم لابـــەردەوە
وەخت بـــی ســـارێش بـێ تـازەش کـەردەوە

تـــیرێ هـــەوادا وە پـــەنجەی بـــێ گـــەرد
دا نـــە پـــەڕەی دڵ تـــا ســـۆفـــار ویـــەرد(۱)

لاو هـــوون گـــۆلاو دەروونـــم کـــەرد کـــەیل
سەرواز کەرد جۆشا نە دیدەم چـون سـەیل(۲)

خـاشاک هـەستیم هـۆر گـرت جـە نـاو بـەرد
وســـتش نـــە گـێجـاو تـەنوورەکـەی دەرد(۳)

ئـیسە هـانە تـۆی بـەحرەکـەی بـێ پـەی
سـاقی جـەو جـامە، یـا، هـا دات بـە کـەی(٤)

وە قـــەتـرەی مـــنیچ ئـــاویاری کـــەر
مەست بوو تا مەحشەر سەر باروو ئەو بـەر(٥)

---

(۱) نە: لە. سۆفار: ئەو پەڕەیەکە بە بنی تیرەوەیە. واتە: بە پەنجە بێ گەردەکانی تیرێکی تێ تەقاندم دای لە پەڕەی دڵم وە تا بن چەقی.

(۲) مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەی و نیوەی یەکەمی شیعری پاشترەوە.

(۳) خاشاك: پڵ و پووش. وستش: خستیە. تەنوورە: ئەو شوێنەیە. کە ئاوی رووبارەکان لوولی تیا ئەخوا و پڵ و پووشی تیا نوقم ئەکا، چونکە شوێنەکە خۆی بنی قووڵە.

(٤) ها: وا. جەو: لەو. یا، ها: ئائەوەی. کەی: کەیخەسرەو. مەعنای نیوەی شیعری دووهەمی ئەم شیعرە لەگەڵ مەعنای شیعری پاشەوەیدا دێ، واتە: لافاوی خوێن گۆلاوی دەروونمی پڕ کردو لێشاوی کردو بە خوڕ لە چاومەوە هاتە خوار و لەشی وەك پڵ و پووشی سوکمی هەڵگرت و لەو ناوەیدا نەی هێشت، خستیە گێژی تەنوورەی دەردو مەینەتەوە، وە ئێستا لە ناو دەلیای بێ بن دایە.

(٥) ئاویار: ئاودار. باروو: بێنمە. ئەوبەر: دەرەوە. واتە: کاکەی مەی گێڕ بە قەترە ئاوێك لەو جامەی دات بە کەیخەسرەو منیش ئاو بدە بۆ ئەوەی تا رۆژی مەحشەر سەرخۆش ببم و ئەو کاتە سەر بەرز کەمەوە. لە ئەفسانەی کۆنا ئەگێڕنەوە کەکەیخەسرەو شای ئێران سەودای نە مردن دابووی لەکەللەی، وە بە دوای «ئاوی حەیات»ا ئەگەڕا. مەشهووریشە

[۱۶]

دیدەم وە دیدەت

دیـدەم وە دیـدەت شـای شـیرین چـەمان
فـیراقت قـامەت کـەردەن وە کـەمان(۱)

مـەزاق یـەند تـاڵی دووری تـۆ چـەشتەن
هـووناوەکـەی چـەم سـەرزەمین رەشتەن(۲)

سـەر پـەیکانەکـەت بـڕیـەن رشتەی دڵ
وە نـاسۆر کـەفتەن دایـم مـدۆ چـڵ(۳)

سـەمتوور سـینەم وە زایـەڵەی بـەرز
مـەژەنۆ نـەوای دووریت وە سـەد تـەرز(۴)

بـڵێسـەی کـوورەی دەروون گـرتەن تـاو
نـە بۆتـەی خـەمدا دەروون کـەرد وە ئـاو(۵)

☞

ئاوی حەیات لە تاریکایی‌دایە، ئەویش جارێکیان لە گەڕانەکەیا ڕێی ئەکەوێتە ئەشکەوتێکی تاریکی بێ پایان، وە پیا ئەڕوات‌و سەر نایەنێتە دواوە...

[۱۶]

(۱) کەمان: کەوان. واتە: چاوەکەم ئەی شای چاو جوانان، قەسەم بە جوانیت دووریت باڵامی وەك کەوان چەماندووەتەوە.

(۲) مەزاق: چەش، مەبەس دڵە. چەشتەن: چەشتووە. رەشتەن: رەنگ کردووە. واتە: دڵم ئەوەندە تاڵی دووریی تۆی چەشتووە، لە خەفەتانا چاوم خوێناوی لێ ئەرژێ، وە ئەو خوێناوەی چاوم رووی زەوی رەنگ کردووە.

(۳) بڕیەن: بڕیوە. واتە: نووکی تیرەکەت تاڵی دڵمی بڕیوە، ئێستا ئەویش بە ناسۆر کەوتووەتەوە هەڵ چڵ ئەداو ژان ئەکا.

(۴) مەژەنۆ: ئەژەنێ، لێ ئەدا. واتە: سازو سەمتووری سنگم بە هاواری بەرز بە سەد جۆر ئاوازی دووری لێ ئەدا.

(۵) بۆتە: کوورەی تواندنەوەی زێڕو زیوو شتی وا. واتە: بڵێسەی کوورەی دەروونم تاوی سەندووەو دڵمی لەکوورەی خەفەتدا تواندووەتەوەو کردوویە بە ئاو.

گـــلاراوەکـــەی جـــە تـــۆ جـــیامەن
وەخت لواکـــــەی ئـــەوە نـــامامەن[1]

پـــووشەکـــەی هـــەستیم، گـیاکـەی پـای چـەم
وای نـــیستی فـــەنا بـەردەش پـەی عـەدەم[2]

[۱۷]

دڵەی خەم خەیاڵ[3]

دڵەی خـــــەم خـــەیاڵ جـــۆش ئـاوەردەوە
مـەعدووم هـەم هـەوای «زەهـاو» کـەردەوە[4]

زرنگـەی سـەدای سـاز جـە ریشـەی ئـەعزام
کـــــەمانچە دەســـــتوور مــاوەرۆ مــەقام[5]

---

(۱) لوا: ڕۆیشتن. ئەوەناما: نەگەڕانەوە دوا. واتە: بۆیە گلاراوم پێ کەوتووە چونکە لە تۆ جیابوومەتەوە دەمی ڕۆیشتنی بێ گەڕانەوەمە.

(۲) وا: با. نیستی: نەبوون. بەردش: بردی. واتە: لەشم کە وەك پووش و گیای رزیوی گوێ چەمان وایە، بای لەناو بردن هەڵی گرت و بردی بۆ جیهانی نەبوونی.

[۱۷]

(۳) مەولەوی ئەم پارچە شێعرەی بە بۆنەی یادکردنەوەی هەندێ برادەری زەهاویەوە وتووە.

(۴) زەهاو: ناوچەیەکە بە ناوی گەورە دێیەکەوە ناو نراوە لە سەر سنووری عێراق و ئێران لە نێوانی خانەقین و قەسردا. واتە: دڵەکەم کە لەبەر زۆری خەم و خەفەتی خۆی هەمیشە بیر لە خەفەت ئەکاتەوە، دیسانەوە هاتەوە جۆش و منیش خەیاڵی سەفەری زەهاوم کەوتووەتە سەر.

(۵) ساز: ئالەتێکی موسیقایە. کەمانچە: ئالەتێکی تری موسیقایە. دەستوور: بە دەستووری، وەك. مارۆ: دێنێ. واتە: زرنگەی دەنگ دانەوەی ئەو سازەکەکە دروست کراوە لە ریشەی ئەندامی لەشم، وەك کەمانچە ئاوازی لێ دێ. مەولەوی لەم شیعرەدا لەشی خۆی شوبهاندووە بە ساز، وە دەمارەکانی لەشی شووبهاندووە بە تاڵەکانی ژێی سازەکە، وە لەبەر زۆری ئازاری لەشی، زریکەیەکی بە خەیاڵ بۆ داناوە و ئەو زریکەیەی شوبهاندووە بەو ئاوازەی لە کەمانچە بەرز ئەبێتەوە.

بــانگ رســوایــیم جــه عــالَم بــەرزەن
زیــندەگــیم زیــاد، مــەردەنم فــەرزەن

لەت لەت جــەرگم «عــومان» عــەینەین
پــڕ کــەردەن، بــڕیــان بــوخار «بــەحرەین»(١)

بــەو تــەور تــەن غــەرقەن نــە گــێج هــوونْدا
مــاچی مــوورێوەن هــانە «جــەیحوون»دا(٢)

ئــیمشەو وە هــەر حــاڵ شــەو وە ڕۆ بــەروون
ئەی خودا سا مەرگ سەحەر چێش کەروون(٣)

---

(١) عومان: وڵاتێکە لە گۆێی دەلیای عەرەبا لە خوار خەلیجی بەسرەوە، وە ئەو بەشەی دەلیای عەرەب کە ئەکەوێتە سەر سنووری ئەو ناوچەیە بە دەلیای عومان ناوبانگی دەرکردووە. بەحرەین: وڵاتێکی چەند جەزیرەیە لە ناوچەی خەلیجی بەسرە دا. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی‌دا دێ.

(٢) ماچی: ئەڵێی. موورێوەن: مێروولەیەکە. جەیحوون: رووبارێکی گەورەیە لە تورکستانی سۆڤیەتی «پێشوو». مەولەوی لەم دوو شیعرەدا چاوەکانی خۆی شووبهاندووە بە دەلیای عومانو بەحرەین، وە فرمێسکی سوێری خۆی داناوە بە ئاوی دەلیا، وە بڕیاریشی داوەکە وەك چۆن دەلیا هەڵمو بوخاری لێ هەڵئەسێ، چاوەکانیشی کە ئەوسا فرمێسکییان تیابوو هەڵمیان لێ هەڵئەسا، جا ئەڵێ: لە تاو زۆری دەردو ئازار ئەوەندە گریاوم فرمێسکی چاوەکانم بووە بە خوێن، هەر ئەڵێی پارچە پارچەی جگەرم لەکاسەی چاوما گیرساوەتەوە لەشیشم خەڵتانی خوێن بووەو لە دەلیای خوێنا خنکاوە ئەڵێی مێروولەیەکە لە ناو روباری جەیحووندا کە دیارە بە هیچ کلۆجێك دیاری نادا.

(٣) بەروون: ئەبەم. واتە: ئەمشەو هەر چۆن بێ ئەتوانم رۆژ بکەمەوە، بەڵام خوایە گیان سبەینێ چی بکەم، وە بەم حاڵەوە چۆن بتوانم بڕۆم بۆ زەهاو؟

[١٨]

دنیا نە گێجاو(١)

دنــیا نـــە گـێجـاو تـاریکە شـەو بـی
جـەلاو رۆشـنیش جە لا چـون خـەو بـی(٢)

نـاگـا شـۆڵەی خـۆر سـوب فـەردا، فـەڕ دا
وە ســـەر بـەرز هـەرد وە دەشتەو دەردا(٣)

تـەك دا تـاریکی ئـەو لای تـەریکی
ئـاڵەم چـەنی نـوور کـەرد هـام شـەریکی(٤)

دنـــیایێ مـــەویەرد وە عـــەیش شـیرین
ساحیب دین دیدەش بی وە سـاحیب دیـن(٥)

ئـەو شـــۆڵە دیسـان مـەیل ئـاوەردەوە
ئـەو لای پـەردەوە تـەشریف بـەردەوە(٦)

---

[١٨]

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە پیاهەڵدانو لاواندنەوەی شێخ «عبدالرّحمان» خالسی تاڵەبانیدا وتووە.

(٢) واتە: دنیا لە گێژاوی تاریکە شەودا بوو، وە رۆشنی شەوق دانەوەی وەك خەو ئەهاتە بەرچاو، چونکە دەورو بەری کەرکوك کەسێکی وای تیا نەبوو رێنموونی خەڵك بکا بۆ رێگای راست.

(٣) ناگا: لە ناکاو. شۆڵە: «شعلە»، تیشك. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە.

(٤) ئـاڵەم: عـالەم، خـەڵك. واتـە: کـوتوپڕ تـیشکی رۆژی بـەیانی دای لە سـەر هـەردە بەرزەکانو لە دەشتو دەر، وە دنیای روون کردەوەو تاریکی پاڵیدا بـە پـاڵی تـەنهاییو کەنارەگیرییەوەو گیتی لەگەڵ رووناکیدا بوون بە هاوبەش... مەبەس پەیدا بوونی شێخ «عبدالرّحمان»ە.

(٥) مەویەرد: تێئەپەڕی. دین: ئایین. دین: دیتن. واتە: دنیایەکی خۆش تێئـەپەڕێ، وە چاوی هەر پیاوێکی دیندار بینا بووبوو، هەموو شتێکی ئەبینی.

(٦) واتە: بەڵام دیسانەوە ئەو تیشکە لای دایەوەو کەوتەوە پشتی بەردو ئاوا بوو.

دل پــەی تــەئریخ وات وە دەم دەردەوە:
ئــەی وای وەی دنــیاش تــاریك کــەردەوە(۱)

[۱۹]

دیدەم نەو نەمام(۲)

دیــدەم نـــەو نـــەمام نــەوتووڵ ســاوا
نــامەت پــەی خــەرجی وە لا مــن یــاوا(۳)

ئــەمرت دڵگــیرەن، فــەرموودەت خــاسەن
بــێ شك مــاهەنی مــاهانەت راســەن(۴)

بــەڵام جــە دووریت هــۆشــم رەم کــەردن
ئــاگــاهیم نــیەن چــەن رۆ ویــەردەن(۵)

هــەر ئــێد مــزانــوون ئــازیز گــیان تــۆ
نــەدیەنم وە چــەم هــەڵای مــاە نــۆ(۶)

---

(۱) وات: وتی. واتە: دڵ لە مێژووی وەفاتیا بە دەم دەردەوە ئەو نیوە شیعرەی وت کە مەعناکەی ئەوەیە هاوار دنیای تاریك کردووە. ئەو نیوە شیعرە بە پێی ژمارەی ئەبجەدی وە بە شێوەی نووسینی کۆن «ای وای وی دنیاش تاریك کردوه» ئەکاتە ۱۲۷۷ کە ساڵی کۆچ کردنی شێخ عبدالرحمانە.

[۱۹]

(۵) مەلەوی ئەم قەسیدەیەی لە وەرامی نامەی شێخ عەزیزی جانەوەرەیی برادەریا نووسیوە کە ناردبوویە لای پارەی بۆ بنێرێ، لەکاتێکا کە هەردووکیان لە فەقێیەتیدا بوون.

(۳) واتە: ئازیزە نەونەمامەکەم نامەکەتم پێ گەیشت کە بۆ خەرجیت نووسی بوو.

(۴) واتە: جوانت فەرمووەو ئەمرت لە سەر سەرم، تۆ خۆت چونکە وەك مانگی پێویستە مانگەکانت بدرێتێ. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «دڵگیرەن» نووسراوە «موتاعەن».

(۵) رەم کەردەن: هەڵاتووە. واتە: بەڵام لە تاو دەردی دووری تۆ هۆشم لا نەماوەو نازانم چەند رۆژ لە مانگ بەسەر چووە.

(۶) هەڵای: هێشتا. واتە: ئازیز بە گیانت قەسەم هەر ئەوەند ئەزانم هێشتا مانگی نوێم بە چاوی خۆم نەدیوە.

شـــیرین رایـــەتم، خـــاسەی ســـەر کـــارم
بـــێ وادە زوڵمـــەن بـــدەی ئـــازارم(١)

هـەرگا دیـم هـیلال ئـەو ئـەبرۆی سێوەنگ
یـە سـیم ئـەسرین، یـە ئـەشرەفی رەنگ(٢)

[٢٠]

دەروێش

دەروێش ئـەهل خـەم هـەر یـەند جـەم مـەبۆ
پـای کـاو دەروون هـەر یـەند تـەم مـەبۆ(٣)

کـام زامـەت مـەندەن دڵ پـێش نـە ئێشـۆ
کـام خـەفەت مـەندەن جـەسەم نـەکێشـۆ(٤)

هەنی چێش واچوون چـۆن مـەکـەرۆ چـوون
گـــەرد ئـاردەشان ئـاسیای گـەردوون(٥)

---

(١) رایەت: رەعیەت. خاسەی سەرکار: نۆکەری تایبەتی ئاغا. واتە: رەعیەتێکی فەرمان بەرمو نۆکەرێکی تایبەتیم، زوڵمە بێ وادە ئازارم بدەی.

(٢) سێوەنگ: رەش‌و پەیوەست. سیم: زیو. ئەشرەفی: لیرەی زەرد. واتە: هەر کاتێ مانگی نوێی برۆی رەش‌و پەیوەستی تۆم دی، فرمێسك وەك زیوو رەنگی وەك ئەشرەفی زەردت پێشکەش ئەکەم. مەبەسی ئەوەیە هەرکات خۆت هاتیتەوە بە رەنگی زەردمەوە لە خۆشی‌یانا ئەگریم بە سەرتاو فرمێسك ئەرێژم‌و مانگانەکەت ئەدەمێ.

[٢٠]

(٣) مەبۆ: ئەبێ. واتە: کاکەی دەف ژەن چاوەڕوانی چیت، خەفەتباران هەر ئەوەندەکۆ ئەبنەوەو بناری شاخی دەروون هەر ئەوەندە دای ئەگرێ.

(٤) واتە: کام زەحمەت ماوە دڵم بە هۆیەوە ژان نەکا، وەکام خەفەت ماوە لەشم هەڵی نەگرێ.

(٥) هەنی: ئیتر. ئاردەشان: ئەو ئاردەی کە ئاش لە ژێر بەردەکەیەوە ئەی‌کاتە دەر. ئاسیا: ئاش. واتە: ئیتر من بڵێم چی‌و تۆزی ئاردی ئاشی گەردوون چی ماوە پێمی بکا؟

یەند تۆز مەینەت جە دڵ جا کەردەن
بینایی خەیاڵ باڵاش گوم کەردەن[١]

سا دەی سەر پەنجەت پەی دەف بەرەوە
رووی یاد باڵاش مەخسەڵ دەرەوە[٢]

[٢١]

دیارەن دیدەم

دیارەن دیدەم هەم دەرد نۆمەن
ئەمجاریش جە نۆ ئارەزووی تۆمەن[٣]

جە گۆشەی مزگی تەنیایی پڕ دەرد
نیشتەبیەم خەیاڵ دەرمانم مەکەرد[٤]

ناگا مەیلەکەت عەودش کەردەوە
دیسان نێش دەرد، دا وە دەردەوە[٥]

هیجرانت دەردان جە لام جەم کەردەن
هەر جوزوێم پەی وێش خەریك دەردەن[٦]

---

(١) واتە: ئەوەندە تۆزی مەینەتی جێ کردووەتەوە لە دڵما، هەتاوەکو بە چاوی خەیاڵیش باڵای یارم بۆ نادۆزرێتەوە.

(٢) مەخسەڵ: رۆشن، لە «مغسول»ەوە وەرگیراوە. واتە: کەواتە هەی دەروێش سەرپەنجەت بەرەوە بۆ دەفەکەت و دەفێکمان بۆ لێدە تا خەم و خەفەت لە دڵمانا نەمێنێ و رووی یادی باڵای یارم بۆ رۆشن کەرەوە.

[٢١]

(٣) نۆ: تازە. (٤) مزگی: مزگەوت. نیشتەبیەم: دانیشتبووم.

(٥) عەود: گەڕانەوە. واتە: لە ناکاو ئارەزووی دیتنت هاتەوە بە دڵما، وە دیسانەوە دەردێکی تری سەرەڕای دەردەکانی خۆم کرد.

(٦) جوزو: «جزء»، پارچە. واتە: دووریت هەزار دەردی کۆکردووەتەوە لە سەرم، وە ئێستا هەر ئەندامێکی لەشم بۆ خۆی گرفتاری دەردێکە.

دەرد کۆنەو نۆ یەکسەر جەم بیەن
سەر تاپام جە دەرد هیچ خاڵی نیەن

[٢٢]

دەک فەڵەک

دەک فەڵەک چون من دەردت کاری بۆ
زامت پڕ نە ئێش نادیاری بۆ

جەفای نەونەمام سەفات هۆر کێشۆ
خاترەت وە نێش حەسرەتان بێشۆ[١]

ساتێ بێ خەم بی جەستەن جەفاکێش
ویارا وە شاد چەنی یار وێش[٢]

وەخت بی لێلاویت بگێرۆ چەمان
تا ئاخر دووریت وست نە بەینمان[٣]

[٢٣]

دڵ یەند وە ئایر

دڵ یەند وە ئایر دووری تۆ تاوان
سا راسەن کزەش وە لات نەیاوان[٤]

---

[٢٢]

(١) بێشۆ: بێشێت. واتە: یا خوا ئازاری دەردەکەت نەونەمامی شادیت لە بن هەڵکەنێ و دڵت بە ئێشی داخەوە بێتە ژان.

(٢) ویارا: وەختی بردەسەر، مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایی یەوە.

(٣) بگێرۆ: دابگرێ. وست: خست. واتە: لەشی مەینەتبارم تاوێك بە خۆشی وەختی لەگەڵ یار بردە سەر، کەچی تۆ لە بەخیلی دا وەخت بوو کوێراییت دابێت و لە یەکت جوێ کردینەوە.

[٢٣]

(٤) تاوان: تواوەتەوە. نەیاوان: نەگەیشتووە. واتە: دڵم ئەوەندە بە ئاگری دووری تۆ هەڵقرچاوە تەڕایی لێ بڕاوە، کەواتە راستەکزەی هەڵقرچانەکەی نەگەیشتووەتە لای تۆ.

وەی مـــن پـــەی ســـەفای یـــاران هـــام دەم
ئـــای پـــەی ئـــەو ســـەیران مـــاردمو کـــەڵرەم(۱)

یـــاران گـــردین شـــین وە تـــوونای تـــوونـدا
هـــەر خـــەیاڵ مـــەندەن نـــە تـــۆی دەروونـدا(۲)

[۲۴]

دڵ، ئەرچی(۳)

دڵ، ئـــــەرچـــــی شـــەماڵ قـــەدیمی یـــارەن
پـــەی شـــنۆی زەلان یـــار جـــە نـــزارەن(۴)

بـــــەڵام کـــــۆن تـــــاقەت دیـــــن دڵدارم
ئـــەو مـــەهـ چـــیرەسان، مـــن کـــەتان وارم(۵)

---

(۱) واتە: ئاخ بۆ رابواردنەکەی جاران لەگـەڵ یـارانو هـاوڕێـیان، وە داخ بـۆ سـەیران کردنەکانمان کە پێکەوە تفەنگمان هەڵ ئەگرتو ئەچووین بۆ راوەکەڵ.

(۲) شین: رۆیشتن. واتە: یاران هەموویان تووناو توون کـەوتنو مـردن، ئـیستا هـەر یاد کردنەوەیان ماوە.

[۲۴]

(۳) مەلەوی جارێکیان لەگەڵ برادەرێکی لە شوێنێکی نسرما دائەنیشێ، تـاقمێکـی‌تر لەولاوە بانگی ئەکەن بۆ نایەیتە ئێرە شەماڵ ئەیگرێتەوە، ئەویش لە وەرامیانا ئـەم دوو شیعرە ئەڵێ:

(۴) زەلان: رەشەبا. واتە: هەر چەند شەماڵ دۆستی کۆنە، بەڵام دڵ بۆ وەرگرتنی شنەی رەشەبای لۆمەی یار لەم شوێنەدا دانیشتووە.

(۵) کۆن: کوا. مەهـ چیهرەسان: روو وەك مانگ. کەتان: جۆرە پارچەیەکـە ئـەڵێن ئـەگـەر تیشکی مانگەشەو لێی بدا دائەڕزێ. واتە: بەڵام لەگـەڵ ئـەوەشا مـن کـوا تـوانـای چـاو پێ‌کەوتنی یارم هەیەکە ئەو رووی وەك مانگ وایەو من وەك کەتان وام، وە هەرکە سەیرم بکا دائەفرەقێم.

[٢٥]

داخۆ چەند[١]

داخـــۆ چـــەند وە دەس نــازك نــەوهاڵان
ئــامۆشــۆت كــەردەن پــەی دڵێ مــاڵان[٢]

ئـیسە هــا چــون مــن پەشێوت بـی حـاڵ
كــەفتەنی نــە خــاك مــەكــەرات پاماڵ[٣]

[٢٦]

دڵ بیەن وە دار

دڵ بـــیەن وە دار ســـەركەل لای وەشت
لافــاوان ئـامان ریشـەش وست وە دەشت[٤]

چـــەمەڕای وایـــێن نـــەسیم بـدۆ لێش
ریشـەكـەنش كـۆ ساكـن بـۆ پـەی وێش[٥]

---

[٢٥]

(١) مەلەوی بەم دوو شیعرە قسە لەگەڵ گۆزە شكاوێكا ئەكا.

(٢) نەو هاڵ: تازە هەڵچوو. دلێ: ناو. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایی‌یەوە.

(٣) كەفتەنی: كەوتووی. مەكەرات: ئەتكەن. واتە: گۆزەكە ئاخۆ چەند بە دەستی یارانی تازە پێ گەیشتووەوە هاتو چۆی ناو ماڵانت كردووە، كەچی ئێستا وەك من حاڵت پەشێو بووەو كەوتوویتە سەر عەرزو خەڵكی ئەتسوونەوە بە پێ‌یان.

[٢٦]

(٤) وەشت: باران. وست: خستە. واتە: دڵم وەك دارێكی لێ هاتووەكە بە بەرزایی‌یەكەوە بێ و باران لێی دابێ و لافاوێ هاتبێ ریشەكەی خستبێتە دەر.

(٥) كۆ: بكا. واتە: ئێستا چاوەڕوانی بایەكە لێی بداو ریشەكەی لە بن هەڵكەنێ، تا بـۆ یەكجاری بۆ خۆی دامركێتەوە.

[٢٧]

دیسان دەس...

دیسان دەس چەرخ هەم هانە کاردا
تای تانتەی دووریش وستەن وە داردا(١)

[٢٨]

دیدەن دیدار

دیدەن دیدار غەزاڵەی وەرمن
چی دما یاران وەرمەن پەرێ من(٢)

[٢٩]

دەفتەری قەزات(٣)

دەفتەری لەوحی قەزات لە بەرە
خەفەتت جەهلی خاوەن دەفتەرە(٤)

---

[٢٧]

(١) تانتە: تان. واتە: دیسانەوە دەستی گەردوون کەوتووەتەوەکارو تانی پارچەی دوور خستنەوەی دۆستانی بەستووەتە دارو ئەیەوێ پۆی بۆ بکاو قوماشی لە یەك کردنمان بچنێ.

[٢٨]

(٢) غەزاڵە: «غزال»، ئاسك. وەرمن: دێیەکە لە ناوچەی شەمێران لە قەزای هەڵەبجە. چی دما: لەمەوپاش. وەرم: خەو دیتن. واتە: لە ئێستە بە دواوە مەگەر لە خەوما چاوم بە یارە وەرمنی‌یە وەك ئاسك جوانەکەم بکەوێ.

[٢٩]

(٣) مەولەوی جارێکیان لەگەڵ «قەمەر» ناوێکا ئەکەوێتە مشت‌و مڕ لە سەر نوێژ، پێی ئەڵێ بۆچی نوێژ ناکەی؟ ئەویش ئەڵێ چونکە لە دەفتەری عیلمی خوادا تێپەڕیوەکە من نوێژ ناکەم، خواست‌و زانراوی خوایش نابێ پێچەوانەی یەك بن، کەواتە خوا خۆی نایەوێ من نوێژ بکەم، مەولەویش لە وەڵامیا ئەم شیعرە ئەڵێ:

(٤) واتە: دەفتەری لەوحی قەزاو قەدەری خوات لە بەرەو ئەزانی تیا نووسراوە نوێژ ناکەی!، وە ئەترسی ئەگەر نوێژ بکەی خوا بە نەزان دەر ئەچێ؟! بیانوویەکی هیچ‌و پووچ‌و بێ جێ‌یە...

[٣٠]

دزەكەی زەهاو(١)

دزەكـــــەی زەهـــاو زاووزۆ كـــەردەن
هــەر دزێ حــەو دز پــەی وێش ئـاوەردەن(٢)

[٣١]

دیدەم

دیـــــدەم «رێژاو»ە روخســـــارم «زەردە»ن
جـــە داخ «یـــاران»، «پـــیران»م كــەردەن(٣)

---

[٣٠]

(١) جارێكیان لە دانیشتنێكا باسی ئەوە ئەكرێ كـە نـاوچەی زەهـاو دزی زۆری تـیایە، مەولەویش بەو بۆنەیەوە ئەم شیعرە ئەڵێ:

(٢) زاو زۆ: زاو زێ. واتە: دزی زەهاوی زاو زێیان كردووە، وە هـەر دزێكـیان حـەوت دزی لێ كەوتووەتەوە. كۆ كردنەوەی «زەهاو»و «زاو زۆ» كە لە وشـەو مـەعنادا نـزیكن لە یەك، شتێكی جوانە.

[٣١]

(٣) رێژاو: فرمێسك رێژ. پیران: ئەوەتەكە منالٚ لە ئەنجامی گـریانی زۆرا لە تك ئـەچێ‌و دەنگی دەرنایەت. واتە: چاوم فرمێسك ئەڕێژێ‌و ڕەنگم زەرد بووە، وە لە داخی دووری یاران ئەوەندە گریاوم دەنگم دەرنایەت. ئەو وشانەی كە لە شیعرەكـەخستوومانەتە نـاو كەوان، ناوی چوار دێن لە ناوچەی «زەهاو» لە سەر رێی جارانی جافەكۆچەری‌یەكـان. مەولەوی زۆر دڵی بەند بووە بەو دێهاتەوە، وە لەم شیعرەی‌دا ئیشارەتی بۆ كردوون.

تیپی رێ

MAWLAWI.KRD

[١]

رویٚ فکر بەخت

رویٚ فکر بـەخت سـیای ویٚم مـەکـەرد:
پەی چێش هەر پـەستی پـەریٚ مـن ئـاوەرد(١)

یـــاران گشت کـەیف وەش سـەفا فـراوان
یـــەك یـەك وە عـــەلای مـەقامان یـاوان(٢)

گــرد ســـەرشار مـــەی لەقـــا نـماوە
هـەر مـن بـەستەی خـاك چـەم ئـەو دمـاوە(٣)

جـــەو فکـرەدا بـیم یـەك هـام دەرد وێم
رێزە بـــــلووریٚ قـــەدیمش دا پـێم(٤)

ئـــاما وە جـــواو رێزەی قـــەدیم سـاڵ
بـە زوبـان حـاڵ فـەسیحتەر جـە قـاڵ(٥)

---

[١]

(١) رۆی: رۆژێ. واتە: رۆژێ لە رۆژان بیرم لە بەختی رەشی خۆم ئەکردەوەکە بۆچی هەر نشستی بۆ من هێنا؟.

(٢) یاوان: گەیشتووە. واتـە: بیرم لەوە ئـەکـردەوەکـە چۆن وا یـاران هـەموو دڵشـادن‌و گەیشتوونەتە پایەی بەرز؟.

(٣) سەرشار: مەست. لەقا: «لقاء»، گەیشتن. نـما: پیشاندەر. بـەستە: بـەسراو. واتـە: وە چۆن ئەوان هەموو سەرخۆشی شەرابی گەیشتن بە یارن، وە هەر من بەسراومـەتەوە بـە خاکەوەو بۆ دواوە ئەڕوانم؟.

(٤) پێم: بووم. رێزە: وردە. بلوور: شووشە. واتە: لە بیر کردنەوەدا بووم، هـاوڕێـیەکـی هاودەردم پارچە شووشەیەکی کۆنی دایە دەستم.

(٥) جواو: جواب، دەنگ. قاڵ: قسەی دەم. واتە: پارچە شووشەکۆنەکە بە زوبانی حاڵ، فەسیحتر بوو لە قسەی دەم، هاتە دەنگ.

وات: مـن سـەنگێ بـیم کـەفتەی هـەواران
بـێ قـەدرو قـیمەت نـاڕەوای شـاران(١)

گـرتم نـە گـەردەن بـێ بـاکو شـادان
بەڵای پیك سەخت کوورەی ئوستادان(٢)

ورد بـیم جـۆشـم وەرد تـاویامەوە
تـا وە روتـبەی بـەرز سـەر نـیامەوە(٣)

عـاڵەمـێ تـازە دیـم هـوەیدا بـی
شـەخسێ عـەجیوتەر جـەمن پـەیدا بـی(٤)

بـیم وە بـلوورێ پـڕ جـە سـەفاو نـوور
لایـق وە سـوحبەت بـەزم سـەلمو تـوور(٥)

گـا جـای «مـاء الورد» عـەتر عـەبیر بـیم
بـۆ بـەخش دەمـاخ شـا تـا وەزیر بـیم(٦)

---

(١) کەفتە: داکەوتوو. هەوار: مەنزڵگەی کوێستانی. واتە: وتی من بەردێکی بێ قیمەت بووم لە هەوارە کۆنێك کەوتبووم.

(٢) پیك: ئاسنێکی ئەستووری درێژە بەردی پێ ئەشکێنن. واتە: بە دڵشادی وە بێ ترس ناڕەحەتی بەر پیك دانو خستنە کورەی وەستایانم قبووڵ کرد.

(٣) سەر نیامەوە: سەرم نایەوە. واتە: بە پیکەکە ورد بوومو لە کوورەکەدا کوڵامو توامەوە تا گەیشتمە پایەیەکی بڵند.

(٤) هوەیدا: ئاشکرا. واتە: دیم عالەمێکی تر دەرکەوتو شەخسێکی عاجیاتی‌ترم لێ دەرچوو.

(٥) سەلمو توور: دوو پاشای کۆنی ئێران بوون کە هەمیشە شەڕیان بووە. واتە: بە شووشەیەکی پرشنگداری وا شایانی کۆڕی بەزمی سەلمو توور بێ.

(٦) «ماء الورد»: گوڵاو: واتە: جار جار گوڵاویان تێ ئەکردمو بۆنی خۆشم ئەدا بە لووتی پادشاو وەزیرانا.

گا ماوای سەهبای كۆنەی پڕ تەئسير
نەشئە بەخش حاڵ پەی بوڕناو پەی پير[١]

نە جەرگەی ياران شۆخ ديدە مەس
مەكەردم گەردش مەشيم دەس وە دەس[٢]

جەو بێ قيمەتی وە قيمەت ياوام
وە پايەی روتبەی عالی سەر ساوام[٣]

دەورەی دووبارەی رای حەق هەر كەس ديش
بۆی باخچەی ئەبەد مەيۆ نە بينيش[٤]

جەو بۆنۆ ئەو نوور هەڵای تاقی‌یەن
نە رێزەی مندا بەرقش باقی‌یەن[٥]

مەعدوومی سەرشار بەزم دڵ رێشی
تا تۆيچ چون ياران تەسديع نەكێشی[٦]

---

(١) بوڕنا: لاو. واتە: جار جاريش كۆنی كاريگەريان تێ ئەكردم كە دڵی پيرو لاو ئەژينێتەوە.
(٢) مەشيم: ئەچووم. واتە: لەكۆڕی يارە چاو مەستەكانا ئەگەڕام‌و دەسەو دەسيان پێ ئەكردم.
(٣) ياوام: گەيشتم. سەرساوام: سەرم هەڵسوی. واتە: لەو بێ قيمەتی‌يەی جارانەوە بووم بە شتێكی بە نرخ‌و گەيشتمە پايەی بڵند.
(٤) ديش: ديتی. واتە: هەركەس خولی دووهەمی رێی حەقی خۆی ببينێ، هەميشە بۆنی باخچەی نەمری لە لووتی دێ. ئەم شيعرە ئيشارەتە بۆ ئەو فەرموودەی حەزرەتی عيساكە فەرمووبەتی «لَنْ يَلِجَ مَلَكوتُ السَّمٰواتِ مَنْ لَمْ يُولَدْ مَرَّتَيْنِ». واتە: هەركەس دوو جار لە دايك نەبووبێ پێ نانێتە بارەگای پايە بەرزی‌و لە خوا نزيك بوونەوە. جاری يەكەميان لە دايك بوونی عادەتی‌يە، جاری دووهەميشيان ئەوەيە رێگای راست بدۆزێتەوەو بكەوێتە سەر خوا پەرستی كە وەك ئەوەيە جارێكی‌تر هاتبێتە دنياوە.
(٥) جەو بۆنۆ: بەو هۆيەوە. تاقی‌يەن: تەحقيقە، راستە هەيە. بەرق: تيشك. واتە: جا بە هۆی ئەوەوەكە من خولی دووهەمی رێگای راستی خۆم ديوە، هێشتا ئەو تيشكەم تيا ماوە.
(٦) مەعنای ئەم شيعرە دوو شيعری دوايی پێكەوە دێ.

نــە گــری وە گــەردەن چــی هــانە رێتدا
پــا نــەنیەی وە ســەر وجــوود وێتدا[١]

کــەی مــەشی نــە ســیلك یــاران هــەم دەم
کــەی روتــبەی عــالی مەوینی وە چەم[٢]

هــەرکەس «تَــوَلُّدْ» دووبــارەش نــیەن
ئــەڵبــەت ســەعادەت ستارەش نــیەن[٣]

هــانە ئــەشکەنجەی پــەستی نــەنگەدا
تــا مــەنزڵ گــێرۆ نــە ســای ســەنگەدا[٤]

[٢]

را جەعفەر ئاباد[٥]

را جـــەعفەر ئـــاباد ســارای گــەرم مــەیل
مەنزڵ شیراز، شار سەودای عەشق لەیل[٦]

---

(١) پا نەنیەی: پێ نەنێیت.

(٢) مەشی: ئەچی. سیلك: ریز. واتە: ئەی مەعدوومی کە سەرخۆشی شەرابی دڵ برینداریت، تۆیش تا وەك یاران زەحمەت نەکێشی و، هەر چیت بێتە رێ پێی رازی نەبی و دەس لە خۆت هەڵنەگری، چۆن ئەچیتە ریزی هاورێکانت، وە چۆن پایەی بڵند بە چاوی خۆت ئەبینی؟.

(٣) «تولّد»: لە دایك بوون. سەعادەت ستارە: ئەستێرەی بەختیاری. واتە: هەر کەس بۆ جاری دووهەم لە دایك نەبێتەوە بێ گومان نابێ بە خاوەنی ئەستێرەی بەختیاری.

(٤) ئەشکەنجە: جەڕو مەنگەنە. گیرۆ: ئەگرێ سا: سێبەر. واتە: لە ناو جەڕو مەنگەنەی عەیب و عارا ئەمێنێتەوە تا ئەمرێ و ئەچێتە گۆڕ.

[٢]

(٥) مەولەوی بەم قەسیدەیە قسە لەگەڵ «خواجە حافظی شیرازی» ئەکا، وە دیوانەکەی ئەگرێتەوە بە نیازی ئەوەکە بزانێ بۆچی نامەی یار دیار نیە.

(٦) جەعفەر ئاباد: گەڕەکێکە لە شیراز. سارا: «صحرا»، دەشت. واتە: ئەی کەسێ کە

دەس‌ودیـــم وە ئــاو روکــن ئـاباد شـەوق
ئـیمام مـیحراب سـەر «مُصَلّا»ی زەوق[١]

خواجەی سەر حەڵقەی بـەزمەکـەی «أَلَسْتْ»
دەمــاخ وە نـەشئەی بـادەی فـەنا مـەست[٢]

خـــەیلێوەن ئـــازیز، شـــای نـەونەمامان
پـەی شـیفای زامــان نـامەش نـەیامان[٣]

هـیچ نـەبەردەن نـام خـەستەی دەردەکـەش
نـەکـەردەن خـەیاڵ مـەینەت وەردەکـەش[٤]

☞

ڕێگای گوزەرت جەعفەر ئابادەکە دەشتی گەرمی ئارەزووی یارانە، وە ئەی کـەسێ کـە مەنزڵت شاری شیرازەکە کەڵکەڵەی عەشقی لەیلە. مەبەسی ئەوەیە ئەی حافیزی دڵدارکە کەڵکەڵەی دیتنی یارت ئەکەیتە سەر، وە بە دەشتی گەرمی خۆشەویستی‌دا ئەڕۆی بۆ لای.

(١) دەس‌و دیم: دەس نـوێژ. روکـن ئـاباد: سـەرچـاوەو کـانیاوێکـە لە شـیراز. «مـصلا»: گەڕەکێکە لە شیراز. واتە: ئەی کەسێ کە بە ئاوی روکـن ئـابادی سـۆزی دڵداران دەس نوێژت گرتووە، وە لە میحرابی مصلای ئارەزوویانا پێش نوێژیت کردووە. مەبەسی ئەوەیە ئەی کەسێ کە پێویست‌یەکانی خۆشەویستیت جێ‌بەجێ کردووەو سەر قافڵەی دڵدارانی. مەولەوی لەم دوو شیعرەدا ئیشارەت بۆ چەند شـیعرێکـی حـافیز ئـەکـا کـە نـاوی ئـەو شوێنانەی کۆکردووەتەوە تیایانا، وە بە بۆنەی ئەوەوە کە حافیز شیرازی‌یەو ئەو شوێنانەش لە شیرازان، ناویانی هێناوە.

(٢) «الست»: ئیشارەتە بۆ ئایەتی ﴿اَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قالُوا بَلیٰ﴾ فەنا: «فنا فی الله»، توانەوە لە خۆشەویستی خوادا. واتە: ئەی کەسێ کە لە ڕۆژی پرسیارەکەی خوادا لە ناو موسوڵمانانا سەرحەڵقە بووی، وە ئەی کەسێ کە مەست بووی بە نەشئەی بای توانەوە لە خۆشەویستی خوادا.

(٣) واتە: ئازیزم دەمێکە یار نامەی بۆ نەناردووم تا زامەکانمی پێ چاك بێتەوە.

(٤) واتە: بە هیچ جۆرێ ناوی منی گرفتاری دەردو مەینەتی خۆی نەهێناوەو بیری لێم نەکردووەتەوە.

یادش گوزەرگای دڵ جە ویر بەردەن
مەیلش رای خاتر فەرامۆش کەردەن[١]

ساتێ وەساڵێ جە لام ویەردەن
هەرەس وەماڵم ماچی دڵ سەردەن[٢]

دڵ بێ ئارامەن دایم مدۆ چڵ
من هەر مواچوون پەی دڵ وەشی دڵ[٣]

من تاڵەم وە تام تاڵی تاڵ وەردە
گەرد بەدبەختیم وە رووی دا مەردە[٤]

نام نە سەر زوان شیرینش تاڵم
نام پەی خاترش گەردەن خەیاڵم[٥]

نەدارۆ تاقەت تەحریرم خامەش
مەپێچۆ وە هەم جە دەردم نامەش[٦]

---

(١) واتە: یادی، ئەوەی لە بیر چووەتەوەکە بە دڵما تێ‌بپەڕێ، وە مەیلی، ڕێگای دڵی منی خستووەتە پشت گوێ. مەبەسی ئەوەیە نایەڵێ هیچ نەبێ یادی بگاتە خەیاڵم، وە دڵم ئارەزووی بکا.

(٢) هەرەس: کە لەکوێستانا بەفر زۆر ئەبارێ‌و کۆمەڵ ئەکا، بەهار بنەکەی فش ئەبێ‌و لە جێگەکەی خۆی ئەخلیسکێ‌و کۆمەڵێ خاک‌و بەرد لەگەڵ خۆی تل ئەدا، ئەوە پێی ئەڵێن هەرەس. گەلێ جاریش وا ئەبێ ئەو هەرەسە دێت بەسەر ئاواییەکا وە چەند ماڵی لێ وێران ئەکا. واتە: لەتاو دووری یار هەر سەعاتێکم بە ساڵێ لێ بەسەر چووە، ئەی هەرەس بە ماڵم وابزانم یار دڵی سارد بووتەوە.

(٣) مواچوون: ئەڵێم. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دواییەدێ.

(٤) تاڵە: «طالع»، بەخت. تاڵ وەردە: تاڵ دراوە: واتە: دڵم لە تاناوا ئارامی نەماوە هەمیشە چڵ ئەدا، وە لە ناچاریدا بۆ دڵخۆشی دانەوەی خۆم ئەڵێم بەختم بە دەرمانی تاڵی تاڵ‌دراوەو تۆزی بەدبەختی نیشتووە لە رووم، وا هەواڵم ناپرسی.

(٥) نام: یاوەکو. واتە: یا من تاڵم بە سەر زوبانی شیرینیەوە، وە ئەگەر ناوم بێنێ ناو دەمی تاڵ ئەبێ، وە یان خەیاڵم تۆزاوی‌یە وە ئەگەر بێت بە خەیاڵما تۆزاوی ئەبێ.

(٦) واتە: قەڵەمەکەی توانای نووسینی نیە بۆ من، وە خۆیشی لەبەر نەگبەتی من کاغەز دەق ناکا تا بۆمی بنێرێ.

ماوای دڵگەرمیش جە حەد بەرشیەن
لایق وە مەنزڵ یاد ئەو نیەن[(١)]

خاترم یەند خار مەینەت ها تێشدا
پای مەیلش زەحمەت بویەرۆ پێشدا[(٢)]

سەد دەلیل ماروون نیەن فەراقەت
جە من های تامڵ، جە ئەو کۆن تاقەت؟[(٣)]

بۆ بەشق ئەو جام، ئەو بەزم، ئەو جەم
بێ مەیلی ئازیز نەوینی وە چەم[(٤)]

مزانی چەنیم چەم ها وە راوە
ئەر وەی زوو مەیۆ پەیکێ جە لاوە[(٥)]

ماوەرۆ نامەی جام جەمینەکەم
دیدەی دنیاو دین، دنیاو دینەکەم[(٦)]

یەك غەزەڵ مەتلەع «مژدە ئەی دڵ» بۆ
باوەر، بەڵ پەی دڵ تەسکین حاسڵ بۆ[(٧)]

---

(١) واتە: دڵم کە جێگای ئەوە گەرمای لە ئەندازە دەرچووەو بۆ ئەوە ناشێ ببێ بە جێگای یادی ئەو چونکە ئەی سووتێنێ.

(٢) بویەر: تێپەڕە. واتە: دڵم ئەوەندەی درکی مەینەت تیایە زەحمەتە پێی ئارەزووی ئەوی پیا بڕوا چونکە لەوانەیە بریندار بکا.

(٣) ماروون: دێنمەوە. فەراقەت: فەراغەت، دەس بەتاڵ. تامڵ: سەبرو چاوەڕوانی. واتە: چەند دەلیل دێنمەوە بۆ دڵم کەوا یار دەسی ناگا نامە بنوسێ، لێی بوەستەو سەبر کە، کەچی ئەو هەر ئەڵێ لەکوێ ئەتوانم خۆم راگرم.

(٤) مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە.

(٥) مزانی: ئەزانی. مەیۆ: دێت. پەیك: فروستادە.

(٦) ماوەرۆ: دێنێ. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «ماوەرۆ» نووسراوە «باوەرۆ» واتە: بێنێ.

(٧) مەتلەع: یەکەم شیعری قەسیدە. مژدە ئەی دڵ: ئیشارەیە بۆ شیعری یەکەمی

وەر بـــۆ نـــەیشەڵڵا لمـێش تـێکـەڵ بـۆ
خـواجـە تـۆ پیرت بـا هـەر مـوجمەڵ بـۆ(١)

چ حـــاجـەت سـەریح تـۆ بـواچـی پـێم
مـــن زووم شـناسا بـەخت سـیای وێم(٢)

☞

قەسیدەیەکی حافیزی شیرازی کە ناوەڕۆکەکەی مژدەی هاتنی یارە. ئەو شیعرە بەم جۆرەیە:
مژده ای دل که مسحیا نفسی می‌آید   که ز انفاس خوشش بوی کسی می‌آید
باوەر: بێنە. واتە: خواجە حافیز! ـیا خوا هەرگیز وەك من بێ مەیلی ئازیز بە چاوی خۆت نەبینێ ـ تۆ خۆت ئەزانی من چەند چاوەڕوانی نامەی یارم، بۆیە سوێندت ئەدەم بە عەشقی ئەو پیاڵە شەرابەکە خواردووتەتەوەو، ئەو کۆڕی ئاهەنگەی کە تیایا بەشدار بووی‌و، ئەو کۆمەڵەی لەگەڵیانا بوویت، ئەگەر ئەزانی بەم زوانە فرستادەیەك دێت‌و نامەی یارە ناوچاو وەك ئاوێنەکەمم بۆ دێنی ـکە چاوی دنیاو دینمە، بەڵکو هەر دنیاو دینمە ـ قەسیدەیەکم بۆ بێتەوە کە سەرەتاکەی «مژده ای دل» بێ، بەڵکو دڵم تۆزێ ئۆقرە بگرێ.
(١) وەر بۆ: وە ئەگەر بێتوو. نەیشەڵڵاً: خوانەخواستە. لمێش: لمێکی. موجمەل: کورت. واتە: وە ئەگەر بێتوو خوانەخواستە ئەو شیعرەی کە بۆم دێتەوە بێ گەرد نەبێ‌و موژدەی هاتنی یار بە ڕۆشنی نەدا بەدەسمەوە، تۆ سەری پیرەکەت، حافیز! بە قسەیەکی کورت ئەو خەبەرە ناخۆشەم بدەرێ با کەم دڵم سوێی پیابێتەوە. مەولەوی لەگەڵ ئەم مەعنایەدا مەعنایەکی تریشی مەبەس بووە، کە ئەوەتە «نەیشەڵڵاً» لە «نە»و «یشاءالله» دروست بووبێ وە لە جیاتی «لم» بخوێنرێتەوە «لەم» کە حەرفی نەفیە، واتە: وە ئەگەر بێتوو لە «یشاءالله» کەدا «لەم» یەك تێکەڵ بێ‌و ببێ بە «لم یشاء الله»... مەبەسی ئەوەیە ئەگەر هاتوو خوا موقەددەری نەکرد کاغەزی یارم بۆ بێت... تاد.
(٢) بواچی: بڵێیت. شناسا: ناسی. واتە: پێویست نیە بە ئاشکرا ئەو خەبەرە ناخۆشەم بدەیتێ چونکە من زۆر بەختی ڕەشی خۆم ناسیوەو ئەزانم نامەی یارم بۆ نایەت.

[۳]

ڕەفیق مەحرەم(۱)

ڕەفـــێق مـــەحرەم عـــیجزو ســـروورم
حـــەکـــیمەکـەی ئـێش زام نـــاسۆرم(۲)

ئـــاویارەکـــەی ســـەوزەی ئـــارەزووم
دانـــا بـــە گـــردین راز کـــۆنـــەو نـــۆم(۳)

دەمـــاخ وە نـــەشئەی ســـەر بـــەرزان کـــەیل
مورشید میراو سەر جۆی بـادەی لەیـل(۴)

ئـــەنیس مـــەجلیس عـــەیش‌و نـــیشاتم
دەسگـــیر راگـــەی هـــات‌و نـــەهاتم(۵)

جـــڵەو کـــێش زەوق ئـــاهووی رەوێڵم
بـەزم‌ئـارای مـەجلیس کـەمەن وە پـێڵم(۶)

---

[۳]

(۱) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بۆ جەنابی شێخ «سراج‌الدین»ی تەوێڵە ﵀ نووسیوە.

(۲) واتە: ئەی هاوڕێی مەحرەمی خۆشی‌و ناخۆشیم، وە ئەی تیمار کەری برینی ناسۆر کەوتووم.

(۳) ئاویار: ئاودێر. دانا: ئاگادار. واتە: ئەی ئـاودێرەکـەی پـەلە دەغڵی هـیوام، وە ئـەی شارەزای هەموو رازێکی کۆن‌و تازەم.

(۴) واتە: ئەی کەسێ کە لووتت پڕ بوو لە بۆنی خۆشی پایە بەرزی بە خوا گەیشتن، وە ئەی رێ پیشاندەرێ کە وەك مێراوی جۆگەی شەرابی خۆشەویستی وای.

(۵) ئەنیس: ئـولفەت پێوەگیراو. واتـە: ئـەی هـاودەمی مـەجلیسی خـۆشـیم، وە ئـەی دەسگیرم لە رێگای هات‌و نەهاتدا.

(۶) رەوێڵ: گەلە. پێڵ: کەلەکە. واتە: ئەی راکێشەری جڵەوی ئارەزووی گەلە ئاسکەکان کە مەنسووبەکانن ئەیان هێنیتەوە سەر رێگای راست، وە ئەی رازێنەرەوەی مـەجلیسی ئەوانەی کەمەندیان بەستووە بۆ عیبادەت. لە تەریقەتی نەقشبەندی‌یا ئوسووڵەن سۆفی‌یەکان دەستەو ئەژنۆ دائەنیشن وە قایشێك لە پشتیانەوە دێنن‌و لە سەر ئەژنۆیان توندی ئەکەن.

وه مـەرگت یـەند خـەم جـە لا بیەن جەم
لاو هـون گـرتەن پـای شـەرم مـەحکەم(١)

زەنـجیر مـەینەت پـای گـوریز بـەستەن
مـارەکـەی دووریت ریشـەی دڵ گـەستەن(٢)

سـامان سـام کـەردەن دەردەکـەی فـیراق
بـۆی تـاڵی دووریـم مـەیۆ نـە مەزاق(٣)

جـەو سـاوە ئـازیز لێم نـادیارەن
سـەیر کـائینات نـە دیـدەم خـارەن(٤)

ئـامۆشـۆی یـانەم کـەردەن ویـانە
یـەکسـانەن جـە لام قـەوم و بـێگـانە(٥)

ئـیلتیجام بـە تـۆن جـای هـانامەنی
نـە بـەیدای هـیجران رەهـنـومامەنی(٦)

---

(١) واتە: قەسەم بە مەرگت ئەوەندە خەم و خەفەت کۆ بووەتەوە لام، وە ئەوەندە گریاوم لە جیاتی فرمێسك خوێن لە چاوم هاتووە، ئێستا لافاوی خوێن پێی شەرمی بەستووم و ناتوانم بجوڵێمەوە.

(٢) گوریز: راکردن. گەستەن: گەستووە. واتە: زەنجیری مەینەت پێی راکردنی بەستووم و ماری دووریت ریشەی دڵی گەستووم.

(٣) مەیۆ: دێت. واتە: دەردی دووری لەگەڵ زەوی تەختی کردووم و ئێستا بۆنی تاڵی دووری لە دەمم دێ.

(٤) واتە: لەو کاتەوە ئازیزم لێ دیار نیە، هەرچی سەیری خەڵك بکەم وا ئەزانم درك ئەچێ بە چاوما.

(٥) ویانە: بیانوو. واتە: ئامۆشۆی ماڵم کردووە بە بیانوو بۆ دەرنەکەوتن، ئەگینا قەوم و بێگانە وەك یەکن لە لام.

(٦) ئیلتیجا: پەنا. هانا: دەسەو دامێن بوون. بەیدا: «بیداء»، دەشت. واتە: پەنام بە تۆیە و دەسەو دامێنی تۆ بووم، چونکە تۆی لە دەشتی دووری‌یا رێنگام پیشان ئەدەی.

یـەکـجار تـەن خـەستەی زارو رەنـجووریم
دڵ ریزە ریزەی کــــارد مـــەهجووریم[١]

گـرمەی کـوورەی دەرد کـۆی تـاقەت تـاوان
بـۆی سفتەی جـەرگم وە گـەردوون یـاوان[٢]

هـــەر رۆ جـەیحوونێ مـەڕێزۆ نـە چـەم
ســـارای دڵ بـــیەن وە هـــووناو چـەم[٣]

هـــەر ســـاتێ دەردێ ســـزا مـدۆ پـێم
یـەك ئـان زینـدەگـیم حـەرام بیەن لێم[٤]

دەخـــیل تـــا هـــاڵا تـەن نـەویەن وە گـەرد
ســـفتەش نـەبەردەن وە نـاڵەکـەی دەرد[٥]

رجـــا کـــەر «احـمد» لوتـفش بـۆ چـەنیم
خــەجاڵەتـی بـەرز «کـریم» نـەیۆ پێم[٦]

---

(١) واتە: لەشم بە هۆی نەخۆشی‌یەوە یەکجار ناڕەحەتە، وە دڵم بە چەقۆی دووری پارچە پارچە بووە.
(٢) واتە: گرمە گرمی کوورەی دەردم کێوی سەبرو بوردەباریمی تواندووەتەوە، وە بۆنی جگەری سووتاو بە هەموو لایەکا بڵاو بووەتەوە.
(٣) مەڕێزۆ: ئەڕێژێ. واتە: هەر ڕۆژێ ئەوەندەی چەمی جەیحوون فرمێسك لە چاوەکانم ئەڕژێ، وە تەختانی دڵم بووە بە چەمی خوێناو.
(٤) مدۆ: ئەدا. واتە: هەرتاوێك دەردێك سزام ئەدا، وە وام لێ لێ هاتووە بە یەکجاری ژیانم لێ حەرام بووە.
(٥) هاڵا: هێشتا. سفتە: سووتاو. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایی‌یەوە. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «نەبەردەن» نووسراوە «نەوەردەن» واتە: نەخواردووە.
(٦) واتە: دەخیلتم تا لاشەم نەبووە بە تۆزو، دەرد خۆڵەمێشەکەی بە دەم ناڵی ئەسپی خۆیەوە نەداوە بە با، تکا بکە بەڵکو پێغەمبەرﷺ لوتفی لەگەڵم بێ‌و شەفاعەتم بۆ بکا، بەڵکو خەجاڵەتی حوزووری خوا نەبم لە قیامەتا.

وەرنـــە هـا مـــردم، تــۆ بــای ســڵامــەت
بــا هـــەر بــمانۆ تــا ڕۆی قــیامەت[١]

[٤]

ڕەمەزان تلوع[٢]

ڕەمـــەزان تـــلوع ســوبح شـادی شـەن
شـەوال شـام شـووم نـا مـرادی شـەن[٣]

دەردیـــنە شـەوال، ئـــای زام ســەختە مــن
تـاڵە شـووم شـەوال، ئـای بـەد بـەختە مـن[٤]

غــورە، غـورەی ئـەو سـەفاش پـەی غـەیری
ئـازیز قـیلەی مـن، وەفـاش پـەی غـەیری[٥]

هـای مـوغەننی تـار حـەنجەرەی وەش تـەرز
وە ســـەر پـــەنجەی نـاز بـاوەرە ئـەو لەرز[٦]

---

(١) بای: بێت. واتە: ئەگەر وا ناکەی وا ئەوا من مردم، تۆ سەلامەت بی، با دەردو مەینەتەکەیشم تا ڕۆژی قیامەت بمێنێتەوە.

[٤]

(٢) مەلەوی ئەم قەسیدەیەی لە شەوێکی جەژنی ڕەمەزانا وتووە.

(٣) واتە: ڕەمەزان، کاتی دەرکەوتنی بەربەیانی شادیەتی، چونکە ڕۆژی جەژن لە ڕۆژەکانی خۆی نیەکەچی بە ناوی ئەوێشەوە دەرئەچێ، شەشەڵانیش ئێوارەی نەگبەتی بە ئاوات نەگەیشتنیەتی، چونکە ڕۆژی جەژن لە ڕۆژەکانی ئەوەکەچی خەڵکی لێیان دابڕیوەو داویانە بە ڕەمەزان.

(٤) دەردینە: دەرداوی. تاڵە: «طالع»، بەخت. واتە: ئای دەردەدار شەشەڵانو، ئای گرفتاری زامی سەخت خۆم! ئای چارە ڕەش شەشەڵانو ئای بەدبەخت خۆم! هۆی ئەم بەدبەختی‌یەی ئەمو شەشەڵانیش لە شیعری پاشەوەدا باس کراوە.

(٥) غورە: سەرەتای مانگ. واتە: سەری مانگ هی شەشەڵانە، کەچی خۆشی‌یەکەی بۆ بێگانەیەکە ڕەمەزانە، ئازیزیش قەبیلەی منە، کەچی وەفای بۆ بەدکارانە.

(٦) باوەر: بێنەرە. واتە: کاکەی گۆرانی بێژ تارەکەت بە دەستی ناز هەڵگرەو فووی پیاکەو ئاوازێکی خۆشمان بۆ لێدە.

مــن ئــاسا یــاد کــەر جــەرگەی ویــەردە
یـــاران مـــەرحـــووم دەرد دڵ وەردە(١)

بـــەو لەرەی دڵ ســـۆز وە جگـــەرەوە
مـــەزموون ئـــەوان تـــەکـرار کـــەرەوە(٢)

ئــاخ، مــن و شــەوال هــەردوو هام فــەردیم
هــەر دوو گــرفتار ئــێش یــەك دەردیم(٣)

غــورەی ئــەو قــبیلەی مــن وە یــەك تــارەن
وە نــام ئــێمــەو کــام ئــەغیارەن(٤)

[٥]

ریازەت کێشان(٥)

ریـــازەت کـــێشـــان.. ریـــازەت کـــێشـــان
ســـەیدان خـــاس ریـــازەت کـــێشـــان(٦)

---

(١) واتە: بە عادەتەکەی خۆم کۆمەڵی هاوڕێیانی کۆچ کردووی دەردی دڵ خواردوو بێنەرەوە یاد.

(٢) دڵ سۆز: دڵ سووتێن. ئەوان: شیعرەکانی پێشوو. واتە: بەو لەرە دڵو جەرگ سووتێنەی دەنگت ناوەرۆکی شێعرەکانی پێشەوەمان بۆ دووبارەکەرەوەکە بریتی‌یە لەم دوو شیعرەی پاشەوە.

(٣) مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە.

(٤) تار: «طرح»، جۆر. واتە: ئاخ، منو شەشەڵان هەردووکمان هاوڕێی یەکین گرفتاری یەك دەردین، سەرەتای ئەوو قەبیلەی من وەك یەك وان، بە ناو هی ئێمەن، کەچی لە راستی‌دا خێرو بێریان بۆ بێگانەیە.

[٥]

(٥) مەلەوی ئەم قەسیدەی بۆ خوا حافیزی کردن لە فەقێکانی هاوڕێی وتووەکە لە ئێرانەوە هاتووە بۆ عێراق بۆ خوێندن.

(٦) ریازەت کێشان: ئەهلی تەسەووف ئوسووڵیانە بە هەموو جۆرێ نەفسی خۆیان

جــەماعەت، قــەومان ڕای خــەیر ئــەندێشـان
جەرگەی هامسەران، دڵڕێشـان، خـوێشـان(١)

هــا هــەوای تــەحسیل دڵ وە جــۆش ئاوەرد
نســـیو عـــەزم ســـەیر وڵاتـــانش کـــەرد(٢)

ئـــەر جـــارێ ڕاگـــەم غـــەڵەت کـــەردەبۆ
ڕام وە ســـەر ئـــاداب هـــیچ نـــە بـــەردەبۆ(٣)

هـــەرکەس خـــاترش جـــە مـــن ئـــێشـا بـۆ
یـــا خـــود ڕەنـــجیۆەش پـــەڕێم کـــێشـا بـۆ

گـــــەردەنم ئـــازاد بکـــەران ئـــارۆ
گـــرد وە دڵ ڕوخســـەت بـــدەران ئـــارۆ(٤)

☞

ئەزیەت ئەدەن بۆ ئەوەی لە خراپە پاك ببێتەوە، بۆ نموونە چل شەوی خشت، ڕۆژێ بە دەنکە خورمایەك قەناعەت ئەکەن، بە وانە ئەڵێن ڕیازە ئەکێشن. جا چونکە فەقێکانیش لە پێناوی خوێندنا هەموو جۆرە مەینەتێك قوبووڵ ئەکەن مەولەوی بە ڕیازەت کێشی ناوی بردوون. واتە: ئەی ڕیازەت کێشەکان، ئەی لە ناو ڕیازەت کێشەکانا تایبەتیو لە هـەموو گەورەتر. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «سەیدان» نووسراوە «سەیران» واتـە: گـەڕۆکـە تایبەتی‌یەکانی دەستەی ڕیازەت کێشەکان، چونکە فەقێ بـەم‌لاو بـەولادا ئـەگـەڕێن بـۆ خوێندن.

(١) ڕای خەیر ئەندێشان: ئەوانە بیر لە ڕێ خێر ئەکەنەوە.

(٢) هەوا: ئارەزوو. تەحسیل: خوێندن. نسیو: «نصیب»، بەختو چارە. واتە: ئـارەزووی خوێندن دڵمی هێناوەتە جۆش، وە بەختم عەزمی کرد کە بڕۆم بۆ سەیری وڵاتان.

(٣) ڕاگەم: ڕێگام. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٤) بکەران: بکەن. واتە: ئەگـەر جـارێك ڕێگـام لێ تـێك چـووبێو نـەچووبمەوە سـەر ئوسووڵو پەیڕەوی کۆمەڵ، یان یەکێك دڵی لێم ئێشابێ، یان ڕەنجێکی کێشابێ بۆم، ئێوە ئەمڕۆ گەردنم ئازاد بکەنو هەمووتان بە دڵ ئیزنم بدەن بڕۆم.

عـــەزمم پـــەرێ ســـەیر عـــێراقـــەن ئـــارۆ
بـــنیشدێ وە خـــەیر فـــیراقـــەن ئـــارۆ(١)

دنـــیا فـــانی‌یەن هـــەر مـــبۆ مـــەردەن
لازمـــەن گـــەردەن ئـــازادی کـــەردەن(٢)

[٦]

رۆشنی دیدەم(٣)

رۆشـــنی دیـــدەم، ســـەرمایەی ژیـــنم
مـــەزەی بـــەزم کـــەیف دڵەی خـــەمینم

ســـاکـــە مـــن بـــێ تـــۆ نـــەسپەردم ئـــەڕوا
ســـەر نـــەنیا نـــە ســـای ئـــەڵحـــەد بـــێ پـــەروا(٤)

چـــۆن واچـــوون وەفـــام هـــانە تـــۆی دڵدا
وەفـــام هـــەم جـــەرگم بـــدەن وە چـــڵدا(٥)

تـــاقیق مـــن جـــە ســـەنگ ســـەرسەخیم بـــاڵان
مـــەزرەعەی خـــارج ئـــینسانیم کـــاڵان(٦)

---

(١) پەرێ: بۆ. بنیشدێ: دانیشن.
(٢) مبۆ: ئەبێ. واتە: دنیا بەقای بۆ نیەو مردن لە رێدایەو پێویستە گەردنی یەکتر ئازاد بکەین.

[٦]

(٣) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە لاواندنەوەی مناڵێکیا وتووەکە ناوی موحەممەد بووە.
(٤) نەسپەردم: نەم سپارد. ئەڕوا: «ارواح»، گیان. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە.
(٥) واچوون: بڵێم. واتە: من کە پاش مەرگی تۆ گیانم نەسپاردو بێ ترس سەرم نەنایەوە لە ژێر سایەی بەردی ئەلحەدا، چۆن بۆم هەیە بڵێم بە وەفام، ئەی خوا وەفاو جەرگم بدا بە چڵی داری مەینەتا.
(٦) تاقیق: «تحقیق»، دیار. کاڵان: کێڵاوە. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری

وەرنــە مــن وەی تــەور كـێشــان سزاو دەرد
ئــەگــەر ســەنگ بـیا مـەكـەردش وە گــەرد(١)

دەك ئـــەجەل وە دام هـــیجران بــەستەبۆ
ســـەرتاپاش وە ئـێش زامــان خــەستەبۆ(٢)

پـێم نــە نــۆشــا مــەی پـیاڵەی مــەردەن
ئیسته من، ســەر ژان، دڵ ســەردان كـەردەن(٣)

[٧]

ڕیشێ چەنی من(٤)

ریشـــێ چـــەنی مــن نــەیۆ وە حــوزوور
مــبۆ بــتاشوش تــا وە نــەفخ ســوور(٥)

☞

دوایی‌یەوە.

(١) بیا: بوایە. واتە: دیارە سەرسەختی من لە هی بەرد زیاترە، وە من كێڵگەیەكم كێڵاوە لە سنووری توانای ئادەمیزاد بە دەرە، ئەگینا ئەم هەموو دەردو سزایەكە من كێشاومە ئەگەر بەرد بی‌كێشایە لە ژێر باریا وردو خاش ئەبوو، وە ئەبوو بە تۆز.

(٢) بەستەبۆ: ببەسرێتەوە. مەعنای ئەم شیعرەش بەسراوە بە شیعری دوایی‌یەوە.

(٣) واتە: دەك خوایە ئەجەل بە داوی دووری ببەسرێتەوەو سەرتاپای بە ئێشی زام گرفتار بێ، وا شەرابی مەرگی پێ نەنۆشاندمو سەری بەم جۆرە هێنامە ژانو دڵی سارد كردمەوە.

[٧]

(٤) مەولەوی جارێكیان لە سەردەمی فەقێ‌یەتیدا، بە پێچەوانەی ئوسووڵی فەقیەكانی ئەو سەردەمە، ریشی ئەتاشێ، هاوڕێ كانیشی ناڕەزایی پیشان ئەدەن لەم ریش تاشینەی، ئەویش بەم شیعرە بیانوویان بۆ دێنێتەوە.

(٥) نەیۆ: نەیەتە. بتاشوش: بتاشم. نەفخ: فوو پیاكردن. سوور: شاخێكە مەلائیكەیەكی تایبەتی ـكە ناوی ئیسرافیلە ـلە قیامەتا دوو جار فووی پیا ئەكا، لە جاری یەكەمیانا هەموو زیندوویەك ئەمرێنێ وە لە جاری دووهەمیانا هەرچی مردووە زیندووی ئەكاتەوە. واتە: ریشێك لەگەڵ مندا نەیەتە حوزووری خوا، ئەبێ تا ئیسرافیل فوو ئەكا بە شاخەكەیا هەر ئەبێ بیتاشم.

تیپی زێ

[١]

زیلەی تەڵمیت‌بار[١]

زیـــلەی تـــەڵـمـیت‌بار کـــۆچ نـــەوهاڵان
تـــەئسیرش نـــیەن ئـــیمساڵ چـــون ساڵان[٢]

یـــەقینەن ســـەر خـــێڵ نـــازك نـــەمامان
نـــەکـــەردەن هـــەوای هـــەوارگـــەی دامـان[٣]

بـــەڵێ یـــە نـــامەی دڵ پـــێ ئـــێشـــاکـــەش
یەکـزەی دەروون حـــەسرەت کـــێشـاکـەش[٤]

ئـــەو سینە سیم وەنگ، ئـاینەی جـەم رەنگ
مـــنمانۆ هـــەوەس نـــە دڵ دای خـــەدەنگ[٥]

---

[١]

(١) مەلەوی ئەم غەزەلەی بۆ دۆستێکی نووسیوەکە پایز داهاتووەو ئەو هەر لەکوێستان ماوەتەوە.

(٢) زیلە: هەراو دەنگە دەنگ. تەڵمیت‌بار: کۆچەری‌یەکان دوو جێغ بەم‌دیوو بەودیوی وڵاخەوە ئەبەستن، پشتی وڵاخەکە وەك تەختانی لێ‌دێ، جێگەو بانی لەسەر رائەخەن‌و منداڵو ژنی لەسەر سوار ئەکەن، بەوە ئەڵێن تەڵمیت‌بار. نەوهاڵ: تازە پێ گەیشتوو. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی‌دا دێ.

(٣) دامان: داوێن. واتە: ئەمساڵ وەك ساڵان دەنگی کۆچو باری یاران نایەت، وا دیارە سەرقافڵەی نەونەمامە شۆخەکان ئارەزووی گەرمەسێری نەکردووەو لەکوێستان ناگەڕێتەوە.

(٤) واتە: بەڵێ راستە نایەتە خوار، ئەوەش نامە دڵ بریندارەکەی کە ئەو خەبەرەی تیا نووسیوە، ئەمەش کزەی دەروونی من کە بە هۆی ئەوەوە زەحمەتم کێشاوە، وە نیشانەی نەگەڕانەوەی ئەوە.

(٥) سیم وەنگ: لە زیو چوو. منمانۆ: ئەنوێنێ. دای: دانی. واتە: ئەو خۆشەویستەکە وەك زیو سپی‌یەو وەك ئاوێنەکەی جەمشید رۆشنە، ئارەزووی وایە تیر بنێ بە دڵمەوە، بۆیە ئەم نامەیەی بۆ نووسیم.

حەسرەتا حەسرەت، های یە چێش کەردی
چون جێ ویەردی پێشدا ویەردی(١)

نم مدۆ مادەی نامش ئەو نامە
ئاو دەندان ئاسا، دەندان خامە(٢)

نەمەندەن قووەت سەرمایە تێشدا
هەرسێ بێ نە را هۆر مەگنۆ پێشدا(٣)

پووش ئایریچم جای نەسیم نیەن
هۆر کەردەو بەردەیم تا وە لاش شیەن(٤)

پایز زەڕ، یەخ جام، چارشێوێ هەی تەم
دێرەن سوارەن نەوعەرووس خەم(٥)

---

(١) حەسرەتا: داخەکەم. جێ: لێرەوە. ویەردی: تێپەڕیت. واتە: ئای داخ بە جەرگم ئەوە چیت کرد؟ تۆ کە لێرەوە تێپەڕیت بە ناو دڵی منا تێپەڕیت، ئیتر چۆن دڵت هات تیری پێوە بنێیت؟.

(٢) مەولەوی لێرەدا وا دائەنێت کە یەکێك پێی وتووە مادەم ئەو نایەتەوە لەکوێستان، تۆ بۆ هەوڵێ نادەی بۆ چاری ئەم دەردی دووری‌یە. ئەمیش لە وەراما ئەڵێ یا ئەبێ نامەی بۆ بنووسم، یا یەکێك هەڵم گرێ و بم‌با بۆ لای. هیچ کامیش لەمانە لە توانادا نین، وە دیت هۆی لە توانادا نەبوونی ئەم دوو چارەیە لە سێ شیعرا روون ئەکاتەوەکە یەکێکیان ئەم شیعرەیە تیایا ئەڵێت: ناتوانم نامەی بۆ بنووسم چونکە هەرچەند لەکاغەزەکەدا ناوی بێت قەڵەمەکەم سوێی پیا دێتەوەو لە درزی نووکەکەیەوە فرمێسك ئەرێژێ، وەك چۆن کەسێك ناوی شتێکی خۆشی لا بەرن ئاو ئەزێتە دەمی و لە نێوانی دانەکانیەوە دەرئەچێ.

(٣) هەرسێ: فرمێسك. هۆرمەگنۆ: هەڵ ئەکەوێ. واتە: لەبەر ئەوە قەڵەمەکەم هێزو پێزی تیا نەماوە، وە ئەگەر بێت و کاتێك کە بەسەر کاغەزا ئەڕوا، دڵۆپە فرمێسکێکی خۆی بێتە رێی لێی هەڵ ئەکەوێ.

(٤) هۆرکەردە: هەڵ کردن. شیەن: بەسەرچووە. واتە: وەك ناتوانم بۆی بنووسم، کەسیش ناتوانی هەڵم گرێ بم‌با، چونکە لەبەر سۆزی یار بووم بە پووشێکی ئاگر تێ چوو، وە بای نەسیم ناتوانێ هەڵ کاو بم‌با.

(٥) دێرەن: درەنگە. نەوعەرووس: نەوبووك. واتە: مادەم نە پێم کرا کاغەزێ بنووسم، وە

مـوتریب، یـەکـارەن، مـەر سـیا سـەنگی
مـن بـەی حـاڵەوە، تـۆ وەی بـێ دەنگـی

جـە تـەنخوای نـەی بـەزم خـەم وەیـلانەوە
هـۆردەر ئـەی چـەند فـەرد وە دیـلانەوە:[1]

بـــە وەردەی زامدا دڵ تــاقەت بـــێزا
هـەرچـی بـی یـەکسـەر وە چـەمدا ڕێزا[2]

ئـەر هـەڵای ڕەمـەق مـەندەن وە تـەنش
بـێ مـەیلیت لیـباس کـەردەن بـەدەنش[3]

چون خەیاڵ وە ماچ پات خـۆش حـاڵ مـەبی
کاش جە کۆن ئەو بەخت لەب تەب خاڵ مەبی[4]

☞

نە لە تواناشا بوو کەس بمبا بۆ لای، ئەبێ لە جیاتی خۆم خەمو خەفەتەکەم بنێرم. کەواتە: ئەی پایز تۆ لە گەڵای زەردی وەریوی درەختەکان لێرە بەندێك بهۆنەرەوە بۆ سەری، تۆیش ئەی سەهۆڵ ببە بە ئاوێنە بۆ ئەوە لە پێشیەوە رات گرن، ئەی تەمو مژی شاخەکان تۆیش ببە بە چارشێوو سەری داپۆشە.

(١) وەیلانەوە: بلاوێنەرەوە: دیلان: نقامێکی کۆنی کوردی‌یە لەکاتی بووك بردنا ئەوترێ. واتە: کاکەی ئاهەنگ گێڕ لە جیاتی شمشاڵ ئەم ئاهەنگی بووك سوارکردنە دەس کە بە لاواندنەوەی خەمو بە نقامی دیلان ئەم چەند شیعرەم بۆ بڵێ:

(٢) وەردە: خوراو. بێزا: بێزرا. ڕێزا: داوەری. واتە: سەبرو تاقەتی دڵ نەماو بەو شوێنانەدا کە تیری یار کون کونی کردبوو هەمووی ڕۆیشتو گشتی بوو بە فرمێسکو لە چاوبەوە دارژایە خوار.

(٣) ڕەمەق: نیوەگیان. واتە: ئەگەر هێشتا نیوەگیانێك لە لەشیا مابێ هی ئەوەیە بێ‌مەیلیت وەك بەرگ دەوری داوەو نایەڵێ ئەو نیوەگیانەش دەرچێ، ئەگینا دەمێك بوو مردبوو.

(٤) کاش: خۆزگە. واتە: مادەم خەیاڵی بە ماچ کردنی پێت دڵشاد ئەبێ، کوا خوا ئەوەی لەگەڵ بکردایە بهاتیتایەتە خەوی تا پێت ماچ کاو کە ڕاچنی لێوی هەڵزڕێ وەك تا دار، یان کوا بەختی بووایە لێوی بهاتایە بۆ لات بۆ ماچ کردنی پێت وە لە ڕێگادا تلۆقی بکردایە.

یـــەند دیـــان وەو را تـــۆ مـــەی نـــەپێش‌دا
دیـــدەی دڵ نـــیگا نـــەمەندەن تـــێش‌دا[١]

مەعدووم خـەم مـایەی فـیکرەکـەت بـەردەن
یـا پـەی دڵ وەشـی وێت غـەڵەت کـەردەن[٢]

تـــۆو ئـــێستە تـــەشریف ئـــازیز گـیانی
ســـفتەنو تـــەئسیر ئـــاو حـــەیوانـــی[٣]

(١) دیان: روانیویە. مەی: دێیت. واتە: چاوی دڵی ئەوەندەی روانیوە بۆ ئەو رێگایەی تۆی پیا دێیت، هێزی بینینی خۆی هەموو خەرج کردووەو هیچی تیا نەماوە.
(٢) مەولەوی لەم شیعرەوە دیسانەوە ئەگەڕێتەوە سەر قسەکردن لەگەڵ خۆی. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.
(٣) واتە: ئەرێ ئەوە مەولەوی! خەم فکرو هۆشی لا نەهێشتووی، یان هەر بۆ دڵخۆشی دانەوەی دڵی خۆت وا خۆت هەڵئەخەڵەتێنیو بە تەمای دیتنی دۆستی؟ ئـەگینا تـۆو هاتنەوەی دۆست ئەوەندە دوورن لە یەکـەوە، وەك سـووتاو بـە ئـاوی حـەیات زیـندوو بکرێتەوەکە نە دەسی کەس ئەکەوێ، وە نە سوودیشی هەیە.
سەرنج: خوێنەر، بێ‌گومان، لەم قەسیدەدا هـەست بـەوە ئـەکا کـە تـا رادەیـەك بـەزۆر نووسێنراوە بە یەکەوە، وە مەعناکان وشکی‌یەکیان تیایە. لە راستیدا لە تێکـڕای چـەند نووسخەوە ئەم قەسیدەیە بەم چەشنەکۆ کراوەتـەوە. ئـێمـە بـێ‌گـومانین لەوەدا کـە ئـەم قـەسیدەیە لە ئـەنجامی خـەراپ نـووسینەوەو نـەگونجاوی شـێوەی نـووسینی کـۆنی کوردی‌یەوە چەند هـەڵەی تـێ‌کـەوتووە. لە بـەر ئـەوە هیوامـان وایـە ئـەگـەر کـەسێك نوسخەیەکی‌تر شك ببا ـ چ بۆ ئەم قەسیدەیەو چ بۆ قەسیدەکانی‌تر ـ بۆمانی بنێرێ، بەڵکو خوا یار بێ ئەگەر جارێکی‌تر لە چاپمان دایەوە لەمەی ئێستا راست‌ترو پوخت‌تر بێ.

[٢]

زووسانەن(١)

زووسـانەن وەی رەنگ وە گـەردوون یـاوان
گـێجـیای لوولگـێج کـڵێڵەی کـاوان(٢)

بـەنا بـاشی بـورج بـەرزە دیـاران
سـفید کـاری کـەرد تـاقچەی مـوغاران(٣)

چ شـیرین زەڕگـەر تـۆف هـەوای سـەرد
گـۆشـوارە نـە گـۆش نـەونەمامان کـەرد(٤)

پـەی نـیگای بـاڵای مـەحبووب بێ گـەرد
یـەخ ئـاینە گـرت، تـەم چارشێو ئـاوەرد(٥)

ئـەی مـەحبووب خـاس، وەی بینای تـەمام
مـناڵو پـەی بـەزم سـاقی و شیشەو جـام(٦)

---

[٢]

(١) گێجیا: خول خواردوو. لوول گێج: گەردە لوول. کڵێڵە: بەفری لا شان. واتە: زستانە، بۆیە وا بەفری باگێژداوی لا شانی شاخە بەرزەکان گەیشتووەتە ئاسمان.

(٣) بورج: قەڵا. دیار: وڵات، مەبەس شاخەکانە. موغار: ئەشکەوت. واتە: باش وەستای قەڵای شاخە بەرزەکان -کە دەستی قودرەتی خوایە- دەرگای ئەشکەوتەکانی سپیکاری کردووە.

(٤) زەڕگەر: زەڕەنگەر. گۆشوارە: گوارە. واتە: ماشەللّا تۆفی هەوای سارد کە بووە بە زەڕەنگەرو ئیش لە گەڵای دارەکانا ئەکا کە وەك زێڕ زەرد هەڵگەڕاون، گوارەیەکی چەند جوانی کردە گوێی نەونەمامەکان. مەبەسی ئەوەیە چەند جوان گەڵای زەردی بە لق و پۆپی درەختەکانا شۆڕ کردووە.

(٥) نیگا: تەماشا کردن. واتە: تۆفی زستان بۆ تەماشا کردنی باڵای نەونەمامی گووراە لە گوێ کردوو، سەهۆڵی بۆ گرتووە لە باتی ئاوێنەو تەمی بۆ کردووە بە چارشێو.

(٦) مناڵۆ: ئەناڵێنێ. واتە: ئەم خۆشەویستە جوانەو کۆشکە سپیکاری کراوە هاواریانەو داوای کۆڕی مەی خواردنەوە ئەکەن.

ساقی، باك نیەن جە سەردی «دەی»، دەی
هەوا وەش كەردەن نەشئەی نۆشای مەی[١]

ئاخر سەر مەشقەن پەرێ مەی خواران
واردەی ویەردەی ویاردەی یاران[٢]

چون نە دڵ شنۆی مەزەی مەی داران
بدیە چۆن وە تۆی لۆنگێ مەویاران[٣]

زوانەكەی سۆز، دەسەكەی ناڵە
بكیانۆ، ڕێزۆ، ڕەحمەت پیاڵە[٤]

ڕەحمەت وە ڕووی خاك ڕستگاراندا
پیاڵە وە دەم ئینتیزاراندا[٥]

دێرەن با ئێمەیچ نەی گوزەرەوە
جامێ وە دەس نیێن، دەس وە سەرەوە[٦]

---

(١) دەی: یەكەم مانگی زستانە. واتە: كاكەی مەی گێڕ زووكە دەس كە بە مەی گێڕان، ترست نەبێ لە سەرمای زستان، نەشەی مەی‌خوادنەوەی تاقمەكانی پێش ئیمە هەوای خۆش كردووە.

(٢) واردە: خواردوو. ویەردە: پاشماوە. ویاردە: بەجێ هێڵراو. واتە: چونكە خوادنەوەی پاشماوەی بەجێ هێڵراوی یارە مەی‌خۆرەكان ئەبێ بە سەرمەشق بۆ ئێمەی تازە مەی خۆر.

(٣) داران: هەیانە. بدیە: بڕوانە. لونگ: بەرماڵی سەرشانی هەژار. مەویاران: بەسەر ئەبەن. واتە: سەیركە چونكە مەزەی مەی لە دڵیانایە، لە قەبرا بە تۆی كفنێ ڕائەبوێرن.

(٤) بكیانۆ: بنێرێ. ڕێزۆ: بڕێژێ. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێكەوە دێ.

(٥) واتە: مادەم كە ئەوان مردوونو ئێمەش بە ڕێوەین، با زمانی سۆزی خۆشەویستی ڕەحمەت بنێرێ بۆ گۆڕی ڕزگار بووەكان، وە دەسی ناڵە پیاڵەی مەی بڕێژێتە دەمی ئەوانەی چاوەڕوانن. لە شیعری یەكەمی ئەم دوو شیعرەدا بە هونەری بەدیع «لف و نشر» هەیە، وە وای لێ دێتەوە «زوانەكەی سۆز بكیانۆ ڕەحمەت، دەسەكەی ناڵە بڕێزۆ پیاڵە».

(٦) واتە: كاكەی مەی‌گێڕ زووكە، با ئێمەیش بەم ڕێ‌گوزەرەی ژیاندا پیاڵەیەك بگرین بە دەستمانەوەو، دەستی تەسلیم بوون بنێنە سەر سەرمانو خۆمان بدەین بە دەس مەرگەوە.

تیپی سین

[١]

سەردار زومرەی[(١)]

سەردار زومرەی موسیبەت کێشان
فەرمان فەرمای مولْك دەروون پڕ ئێشان[(٢)]

بادەی خەم وەردەی مەرگ ناکامان
زام ناسۆر کەفتەی دەروون پڕ زامان[(٣)]

پەردەی دڵ وە نێش مەودای خەم پارە
چار نەبردەی دەرد دڵەی بێ چارە[(٤)]

وەختێ سەیل چەم دەروون پڕ خاران
تاو مەوەست چون تاو ئەوەڵ بەهاران[(٥)]

بۆی کزەی کەواو جەرگم چون جاران
هەم، وەی، تەم مەوست ئەو رووی ستاران[(٦)]

---

[١]

(١) مەلەوی ئەم قەسیدەیەی لە لاواندنەوەی زانایەکی گەورەدا نووسیوە، وە بۆ باوکی زانایەی ناردووەکە خەبەری مەرگی کوڕەکەی بۆ مەولەوی ناردبوو. داخەکەم نەمزانی زاناکە کێیە.

(٢) زومرە: تاقم. فەرمان فەرما: حوکمڕان. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «موسیبەت» نووسراوە «فەلاکەت».

(٣) واتە: ئەی شەرابی مەرگی منالّی ناکام چەشتوو، وە ئەی لە ناو دەروون زامارانْدا زام بە ناسۆر کەوتوو.

(٤) پارە: لەت لەت. واتە: ئەی کەسێ کە دلّت بە ئێشی تێغی خەفەت لەت بووەو چارەت بۆ دەردی دلّی بەسەزمانت نەدۆزیوەتەوە.

(٥) تاو مەوەست: تاوی ئەبەست. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٦) کەواو: کەباب. هەم: خەفەت. وەی: هاوار. ستاران: ئەستێرەکان. واتە: کاتێك کە لافاوی فرمێسکی دەروون بریندارەکان وەك بارانی بە تاوی نیسان ئەڕژا، بۆنی کزەی کەبابی جەرگی منیش رووی ئاسمانی بە تەم دائەپۆشی.

بـۆ پـڕووز جـەرگ قـرچـەی پـارچـەی دڵ
بـۆی هـوون جـۆشیای دەروون پـڕ چـڵ(١)

ئێد چون تۆف سەخت تەم وست ئـەو کـووان
ئـــەو وێنـــەی لافـــاو بـــاڵای تـــۆ ڕەوان(٢)

هـــەناسەی ســـیای ســـەرد دڵســـۆزی
بـــەرد مـــدا وە بـــەرد «بـــرد العـــجوز»ی(٣)

یـــانێ نـــامەکـــەی خـــەم ئـــینشا کـــەردە
مـــەرقووم قـــەڵەم وە خـــەم شـــەق وەردە(٤)

شـــــۆڵە داوە گـــــڕ شـــــەرارەی نـــــارم
دەمـــــیاو جـــــۆش دا دڵەی خـــــەمبارم(٥)

مـــن وەر جـــە ئـــامای نـــامەی زگـــاریت
زووتـــەر جـــە خـــەبەر کـــۆس دیـــاریت(٦)

---

(١) جۆشیا: هاتووە جۆش. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.
(٢) وست: خست. کووان: کێوەکان. ڕەوان: ساف ڕەو. واتە: بۆ پڕۆزی جەرگمو قرچەی پارچەی دڵی سووتاوم وەك تۆفی سەخت شاخەکانیان بە تەم دائەپۆشی، بۆنی خوێنی لێشاو کردووی لەشیشم کە هەمیشە لە تاو ئازار چڵ ئەدا، وەك لافاوی باڵای تۆ ساف ئەڕۆیشت. لە ئەدەبی کۆنا هەیە تەشبیهی باڵای دۆست کراوە بە لافاو لە مەنگیو خۆش ڕەویدا.
(٣) بەرد «ی دووهەم»: سەرما. «برد العجوز»: بـرجی پیرەژن، حەوت ڕۆژی ئاخری زستان. واتە: هەناسەی ساردم کە لە دڵێکی ڕەشی سووتاوەوە دەر ئەچێ، ئەوەندە سارد بوو بەردی ئەدا بە سەرمای برجی پیرەژندا، وە ئەو لە چاویا هیچ نەبوو.
(٤) مەرقووم: نووسراو. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی دا دێ.
(٥) شۆڵە: «شعلە»، بڵێسە. شەرارە: بزیسك. دەمیا: دەماندی. واتە: مەبەسم لەم بـەیانی وەزع ناخۆشییەم ئەوەیە نامەکەت کە خەفەت دای نابوو، وە قەڵەمی بە هۆی خـەمەوە لەت بوو نووسیبووی، بڵێسەی بە گڕی ئاگری دەروونم سەندو دڵی خەمبارمی دەماندو هێنایە جۆش.
(٦) وەر: بەر، پێش. زگاری: عاجزی. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دواییەوە.

خــاترم چــەند رۆ خــەستەی خــەمان بــی
چــەمانم چــون تـاف سـاف چـەمان بـی[(۱)]

جــە ئـامای نـامەت چــەمەریم بــەرز بـی
شـادیم شـێویـا، شـینم سـەد تـەرز بـی[(۲)]

شــەمع شـام شــووم مـاتەم هــۆرگــرپــا
تـای تـەل سـەمتوور شـادیو زەوق بـرپـا[(۳)]

شای شـادیم شکیا، سوپای خـەم جـەم بی
بــەیداخ دەمــاخ شـێوەی مــاتەم بــی[(۴)]

دەخــیل بــیم وە نـوتق خـەمان لاڵ کـەردەم
لاڵام جــە خــەیاڵ خـەم غـارەت بـەردەم[(۵)]

نــامەرد، یــە وادەی شـین بـێ شـۆمــەن
هــیچ کــۆسـم نـیەن، یـە کـۆس نـۆمـەن[(۶)]

---

(۱) واتە: من خۆم بەر لە هاتنی نامەکەت کە ئەو خەبەرە ناخۆشەت تیا نووسیبوو، وە بەر لە گەیشتنی خەبەری کۆس کەوتنت، چەند رۆژ بوو دڵم خەفەتبار بوو، وە چاوم وەك چەم فرمێسکی سافی لێ ئەڕژا.

(۲) چەمەری: شیوەن. شێویا: تێكچوو. واتە: نامەکەت هات هاوارو شیوەنم بەرزبووەو شادیم تێكچوو، وە شینو گریانم بوو بە سەد جۆر.

(۳) شام: ئێوارە. هۆرگریا: هەڵگرا. لەکوردستانا عادەت بوو یەکەم شەوی پاش مردنی کەسێك شەمعێك یان قوتیلەیەکیان لە جێگای شوردنەکەیا دائەگیرساند، ئەیان وت رۆحیانەتەکەی سەر لەو شوێنە ئەدا وە ئەگەر ببینێ هیچیان تیادانەگیرساندووە دڵگران ئەبێو ئەڵێ کوتوپڕ لە بیریان چوومەتەوە. جا مەولەویش ئەڵێ: بە هاتنی نامەکەت چرای ئێوارەی نەگبەتیو خەفەتم داگیرساو تاڵی سازو سەمتووری خۆشیم پچڕا.

(۴) شکیا: شکستی خوارد. واتە: شای شادیم بەزیو سوپای خەفەت کۆمەڵی کردو بەیداخی بێ دەماخیم داگیرایە خوار بۆ نیشانەی خەمباری.

(۵) نوتق: دەنگ. غارەت: تالان. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە دوو شیعری پاشەوە.

(۶) بێشۆ: لە ئەندازە بەدەر چوو. یە: ئەمە.

سا دەی، هەی پەی کەی هەر یەك جە لایێ
باوەرین ئەو ساز شیوەن سەدایێ[(١)]

خەیاڵ غەمگین بی، نوتق ئاما وە دەنگ
ئێد موات وە سۆز زایڵەی سەد رەنگ:[(٢)]

ناکام ئەییام کامەرانیم رۆ
بەر نەوەردەی باغ نەوجوانیم رۆ[(٣)]

شاب شێخ عەشق یەکتای فەردم رۆ
وە ناکام مەردەی دڵ پڕ دەردم رۆ[(٤)]

کەنگەرەی ئەیوان کاخ دینم رۆ
تورەی لای تەڵای رای یەقینم رۆ[(٥)]

حەللال عوقدەی راگەی شەرعم رۆ
رەهنومای تەریق جادەی وەرعم رۆ[(٦)]

---

(١) باوەرین: بێنین. واتە: کە نامەکەت هات´دەسەو داوێنی زەمانم بووم کە خەم لاڵی کردبوو، وە لاڵامەوە لە خەیاڵم کە خەم بە تاڵان بردبووی، پێم وتن نامەردینە ئێستە من وادەی زاریو شینی بێئەندازەمە، وە تا ئێستا هیچ کۆسم نەکەوتووە ئەمە یەکەم جارەکۆسم بکەوێ، کەواتە ئیتر ئێوە خۆتانتان بۆ کەی هەڵگرتووە، با هەرکاممان لە لایەکەوە دەنگێك دەربێنین لە سازی شیوەنو زاری.

(٢) موات: ئەیوت. واتە: خەیاڵم خەفەتبار بوو هیچی پێ نەوترا، بەڵام نوتقم هاتە دەنگو بە سۆزێکی سەد جۆری ئەمڵاواندنەوەی خوارەوەی وت.

(٣) ئەییام: رۆژان. بەر نەوەردە: بەر نەخواردوو. واتە: ئای، رۆژی کامەرانی نەگەیشتووەکەم رۆ... ئای، بەری درەختی جوانی نەخواردووەکەم رۆ...

(٤) شاب: لاو. ناکام: ناوەخت. واتە: ئای، لاوە بێ هاوتاکەم رۆ کە لە عەشقی خوادا پیر بووبوو.

(٥) کەنگەرە: هیلالی. کاخ: کۆشك. تورە: مۆری شاهانەکە لە سەر لیرەی عوسمانی لێ ئەدرا. واتە: ئای، هیلالیەکەی هەیوانی کۆشکی دینم رۆ... ئای، مۆرەکەی سەر لیرەی رێی خواناسیم رۆ...

(٦) حەللال عوقدە: گرێ کەرەوە. وەرع: خۆ لە گوناه پاراستن.

کـێ نــە تــەفاسیر قــورئان بــدۆ دەم
کــێ بــۆ ئــەحادیس رەسـوول کـەرۆ جـەم

کێ وە «صرف»و «نـحو» خـاتر کـەرۆ مـەحو
کـێ وادەی تـاعەت دەم بـدۆ نـە «صَـحو»[۱]

هــەنی کــێ «آداب» وە ئــاداب وانــۆ
کــێ عـیلم «مَـنطِق» جـە «مَـنطِق» زانـۆ[۲]

«مُــطَوَّل» پــەی کــێ تــوول دۆ عــیبارەت
بــا «مُـختَصَر» بــۆ وە بــێ ئـیشارەت[۳]

کــێ وە قــووەی عـیلم زەکـای حـەق بـینی
دەم بــدۆ نــە «کــونە» عـیلم «چـەقمینی»[۴]

---

(۱) «صَحو»: هۆشیاری. مەولەوی لەم شیعرەوە بە پێی پلەکانی خوێندنی فـەقێ نـاوی هەندێ لەو عیلمانەو لەو کتێبانە دێنێ کە لە حوجرەدا ئەخوێنرێن، بۆ پیشاندانی پـایەی زانستی شێخی کۆچ کردوو. واتە: ئیتر کێ بێ دڵی خۆی بفەوتێنێ بە خـەریك بـوونی «صرف»و «نحو»ەوە، وەکێ لە خواپەرستی‌دا ئاگای لە خۆی بێ‌و دەم لە هۆشیاری بدا. مەولەوی بۆیە شانازی بەم سیفەتەی شێخی کۆچ کردووەوە ئەکا، چونکە هەندێ لەوانەی کە ئیدیعای پایەی بڵند ئەکەن لە خوا ناسینا، جاروبار لەکاتی عیبادەتا ئەکەونە «شطحات» وتن کە لە نێوانی زانایانی دینا گفتوگۆیەکی زۆری لە سەر پەیدا بووە ئاخۆ حوکمی چیە.
(۲) هەنی: ئیتر. «آداب»: عیلمێکە باسی شێوەی موناقەشەکردن ئەکا. ئاداب: ئوسووڵ. وانۆ: بخوێنێ. «منطق»: عیلمێکە ئامانجی جوێ کردنەوەی بیری راستە لە بیری چەوت. «منطق»ی «دووهەم»: قسە. زانۆ: بزانێ. واتە: ئیتر کێ بێ بە پێی ئوسووڵ عیلمی ئـاداب بخوێنێ‌و لە قسەی خەڵکا عیلمی «منطق» بزانی‌و راست‌و چەوتیان لە یەك بکاتەوە.
(۳) «مطول»: کتێبێکی گەورەیە لە عیلمی بەلاغەدا شەرحی «تلخیص المعانی» یە مەلای زۆر زانا ئەیلێنەوەو فەقێی زیرەك ئەی‌خوێنێ. دۆ: بدا. واتە: ئیتر کتێبی «مطول» بۆ کام زانا درێژە بدا بە جوملەکانی، دەسا مادەم ئەو نەما با کورت بێتەوەو ئیشارەتی تـیا نـەبێ بـۆ سەرچاوە زانیاری‌یەکان. وشەی «مختصر» ئیشارەتە بۆ شەرحێکی‌تری کورتی «تلخیص المعانی» کە مەلاکانی پلەی دووهەم ئەیلێنەوەو فەقێی پلەی دووهەم ئەی‌خوێنێ.
(۴) زەکا: «ذکاء»، زیرەکی. کونە: «ماهیت»، چی‌یەتی. چـەقمینی: کـتێبێکـە لە عـیلمی

فـەقێ بـێ تـەدریس، مـەدرەسە بێ زەوق
مـزگی بـێ ئـیمام، جـەماعەت بێ شـەوق

عـالمان بـێ فکـر، شـاعیران مـاتەم
نـازك خـەیاڵان غـەرق دەریـای خـەم

مـیرزام چـون بـێ وەخت وە نـاکـام دڵ
وەر جـە مـن تـەشریف بـەردی وە تـۆی گـڵ

شـاد بـی وە حـووران خـاسەی جـینانی
تـەمەننای وێت بـی لەقـای سـوبحانی[(١)]

مـەنزڵ مـوبارەك، بـێ هـەمتات یـار بـۆ
شەفا خوات رەسوول خاسەی موختار بـۆ[(٢)]

بێ زەحمەت جە هـەوڵ مـەحشەر ئـازد بی
وە لوتــف ئــیزەد رەحـمانی شـاد بی

☞

فەلەکیات‌دا فازلی رۆمی نووسیویە. واتە: کێ بێ بە هێزی زیرەکی حەق بینین چەقمینی بزانێ و بزانێ فەلەکیات لە راستی‌دا چیە.

(١) حووران: حۆری‌یەکان. جینان: بەهەشت. ئەم شیعرە شیعری پاشەوە تەواو ئەکا. واتە: خوا شادت بکا بە حۆری‌یە تایبەتی‌یەکانی بەهەشت، تۆ خۆت حەزت ئەکرد بە حزووری خوا بگەی.

(٢) بێ‌هەمتا: مەبەس خوای گەورەیە. شەفاخوا: شە فاعەت‌کەر.

[٢]

سەرشار سەهبای[1]

سەرشار سەهبای بەزم موناجات
مەلجەی ئیلتیجای ئەرباب حاجات[2]

جای رجای جەرگەی پادشاو دەروێش
بارگاو پەنا، پەی بێگانەو خوێش[3]

ئاهووی خوتەنی فەیز ئیلاهی
نافەی ناف راهی جە مەه تا ماهی[4]

شکۆفەی وەش‌بۆی رەیحانەی رەسوول
نەوباوەی نەمام «طَـیِّبە»ی «بەتوول»[5]

سەرو سایەدار نیشاندەی وەلی
یەعنی یادگار «مُرتَضیٰ علی»[6]

---

[٢]

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەی لە سەر قەبری «باوە یادگار» وتووە کە یەکێکە لە ئیمام زادەکان.

(٢) موناجات: پاڕانەوە، مەلجە: ملجأ، پەنا پێ براو.

(٣) جا: جێ. جەرگە: کۆڕ، تاقم. پەی: بۆ.

(٤) خوتەن: ناوچەیەکە لە تورکستان بە ئاسکی میسك هەڵگر ناوبانگی دەرکردووە ناف: ناوك. راهی: ناو دەرکردوو. واتە: ئەی ئاسکەکەی خوتەن ـ مەبەس لێی فەیزو بەرەکتی خوایە ـ کە ناو بانگی بۆنی خۆشی میسکی ژێر ناوکت لە ئاسمانەوە تا بنی ئەرزی گرتووەتەوە.

(٥) شکۆفە: گۆپکەی تازە دەرچووی درەخت. نەوباوە: خەلفی نوێ. تەییبە: پاك. بەتوول: ئافرەتێکە حەیزی پیانەیەت، لەقەبی حەزرەتی فاتیمەی کچی پێغەمبەرە ﷺ. واتە: ئەی گۆپکەی بۆن خۆشی رێحانەی پێغەمبەر، وە ئەی تازە خەلفی درەختی پاکی حەزرەتی فاتیمە.

مەولەوی دانانی سیفەتی «طبیە»ی بۆ «نەمام» لە ئایەتی ﴿کَشَجَرَةٍ طَیِّبَةٍ اَصْلُها ثابتٌ وَ فَرْعُها فِی السَّماءِ﴾ وەرگرتووە.

(٦) سایە: سێبەر. نیشاندە: دەس‌نێژ. وەلی: دۆست، مەبەس لێی حەزرەتی عەلی‌یە، کە

وه ڕەوزەتـــانا هـــەر نـــوور واران بـــۆ
تـــا دەفـــع زوڵمـــەت دیـدەی یـاران بـۆ[١]

هـــەوای ســـایەتان هـــەر مـــەمدوود مـــانۆ
سەبوون بـوردەی جـورم نـەك زەرەر سـانۆ[٢]

نـــاپوختەکـــاریو شـــەرمەساری مـــن
خـــەجڵەت غـــەفڵەت گـــوناەکـاری مـــن

کـــەفتەن وه هـــەمدا یـــەند زۆر ئـاوەردەن
ڕووی رجـــام وه پـــای بـــارەگـــات کـەردەن

تـــۆ چـــون جـــه ئـــەولاد ئـــەمجاد مـەولای
پەی رجا وه جـا، پـەی هیممەت ئـەولای[٣]

زاریو زگـــــاریو زوێری کـــــەردم
وه بـــــارگەی پـــــاکت پـــــەنا ئـــاوەردم

☞

لەقەبی «ولی‌الله»یە. لە وشەی «یادگار»دا بە پێی عیلمی بەدیع «توریە» هەیە، چونکە مەعنای نزیکی مەبەس نیەکە ئەوەتە لەگەڵ «باوە یادگار» قسە ئەکا، بەڵکو مەبەس «یادگار»ی بە مەعنا «بیرخەرەوە»یە.

(١) ڕەوزە: قەبر. واران: باران. لەم شیعرەوە وا دەرئەکەوێ کە مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە سەردەمی کوێری‌دا وتووە.

(٢) مەمدوود: درێژ. مانۆ: بمێنێتەوە. سەبوون بوردە: ئەوەی بای سەبوون بردبێتی. سەبوون بایەکی گەرمە لە هەرکەس بدا ئەی پڕووکێنێ. جورم: گوناە. سانۆ: بێنێ. واتە: یاخوا هەوای سایەتان هەر فراوان بێ بۆ ئەوەی سەبوون بردوانی گوناە لە بەریا بحەسێنەوەو زەرەر نەیەنن.

(٣) ئەمجاد: جەمعی مەجیدە بە مەعنای خاوەن شکۆ: مەولا: مەبەس حەزرەتی عەلی‌یە چونکە لە حەدیسا وتراوە «من کنت مولاه، فهذا علی مولاه» واتە هەرکەس من خۆش ئەوی عەلی‌یش خۆش بوێ بێ. وەجێ: بەجێ. ئەولا: «اولیٰ»، شایانتر.

ئـــامام ســـەر نـــیام وە بـــارەگـــاوە
غـــەریو، مـــوو ســـفید، وە رووی ســیاوە[(١)]

تـەن مـەعسیەت بـار، دەروون پڕ جە دەرد
دیدە تەڕ، لەب خوشك، دڵ گەرم، نەفەس سەرد

هـــای چـــەند پـلەی سـەخت هـانە ڕێمـەدا
جـــە رووی ئـــیلتیفات بـــدیە پـــێمـــەدا[(٢)]

بـــەڵکـــم جـــە رووی ئـــەو ئـــیلتیفاتەوە
مـــەولام حـــازر بـــۆ وە نـــەجاتەوە

دەس شـــای مـــەردان مـــەدەدکارم بـــۆ
پـــلە ئـــەو پـــلە ئـەو دەس‌وارم بـــۆ[(٣)]

مـەعسیەت نـیەن چـون هـیچ سـەدمەتێ
خـــەیلێ مـــەلوولم، یـــا پـــیر هـــیممەتێ[(٤)]

هـــیممەتت بـــاعیس رســـتگاری بـــۆ
یـــار بـــۆ، دیـــار بـــۆ، یـــادگاری بـــۆ[(٥)]

---

(١) سەرنیام: سەرم نا. غەریو: غەریب.

(٢) ڕێمەدا: ڕێم دا. بدیە: بڕوانە. پێمەدا: پێم‌دا.

(٣) مەدەدکار: یارمەتی دەر. دەس وار: وەك دەس. واتە: بەڵکو دەسی شای مەردان کە حەزرەتی عەلی‌یە، یارمەتیم بداو لە پلەکانی ڕێگە سەختەکەما وەك دەستم وابێ بۆم‌و سەرم خاتە سەر.

(٤) سەدمەت: مەینەت. واتە: بۆیە ئەپاڕێمەوە چونکە گوناە وەك هیچ مەینەتێکی‌تر وانیە.

(٥) یادگاری: بۆ یادگار بشێ، وە لە وانە بێ کە لە پیاوێکی گەورەی وەك «باوە یادگار» بوەشێتەوە.

[٣]

ساقی ئاوەردەی[١]

سـاقی ئـاوەردەو گـرد کـیاستێنین
وریـا بـەردێن و کـردە ئـاستێنین[٢]

حـاڵ «مـاضی» ئـاسا هـا نـەگـوزەردا
مـوقیم مـوسافر رەنگ نـەسەفەردا[٣]

کـاروان سـەرای کـۆن دەور دنـیای دوون
جـە بـارگەی یـاران وە چـۆڵ مـەوینوون[٤]

قـافڵە کـۆچ کـەردەن، بـەرزەن دەنگ زەنگ
وڕان حوجرەی خان وجوود سەنگ بە سەنگ[٥]

هـۆسـای تـای شـاوڵ دانش وە مشـتی
بـەناباشی بـورج دیـواران گشـتی[٦]

---

[٣]

(١) مەولەوی لەم قەسیدەداگلەیی لە بێوەفایی دنیا ئەکا.

(٢) کیاستێن: رەوانەکراو. وریا: خوراو. بەردێ: بەردوو. ئاستین: بەجێ هێڵ. واتە: کاکەی ساقی ئێمە بە زۆر هێنراوینە ئەم دنیا، وە لێیەوە رەوانە ئەکرێین، چیمان خواردبێ هەر ئەوەمان دەس کەوتووەو بردوومانە بۆ خۆمان، چیشمان دروست کردبێ لە پاشمان بەجێ ئەمێنێ بۆ نەوەو میراتگر.

(٣) «ماضی»: رابوردوو. موقیم: نیشتەجێ. واتە: ئێستامان بە رێوەیە تێئەپەڕێ وەك لەمەو پێشمان تێپەڕی، نیشتەجێیشمان وەك سەفەر وایە چونکە هەر دەقیقەیەك لە ژیانمان بڕوا نزیك ئەبینەوە لە رۆژی مەرگ.

(٤) دوون: بێ قابیلەت. واتە: ئەبینم ئەم دنیایەکە وەك کاروان سەرایەکی بێ قابلەت وایە، بارو بارگەی یارانی تیا نەماوە چونکە رویشتوون و مردوون.

(٥) وڕان: رووخاوە. سەنگ: بەرد. واتە: کاروانی یاران کوچی کردووەو دەنگی زەنگی بەرز بووەتەوەو حوجرەی خانی لەشمان بەرد بە بەردی رووخاوە.

(٦) هۆسا: وەستا. شاوڵ: ئاسنێکی سەر سووچە وەستا بەنا لە سەر دیوارەوە بە

قـــەدەم رەنـــجەكـــەر وە لای كـــارەوە
بـــنچینەم وە تـــەرح مـــەی هـــۆردارەوە[١]

عـــــەمارەتێوەن بـــیناش بـــاقی بـــۆ
ئاو مەی، خـاك دوردی، بـەناش سـاقی بـۆ[٢]

[٤]

سەر حەڵقەی[٣]

ســـەر حـــەڵقـــەی فـــیرقەی نـــازك خـــەياڵان
دیـــباچەی كـــیتاب ســـاحێب كـــەماڵان[٤]

جـیلوەی جـەلای دۆس تـەدریج پـەی یـاران
مـــبۆ، تـــا وە قـــەدر تـــاقەت بـــویاران[٥]

☞

پەتێكەوە شۆڕی ئەكاتە خوار بۆ ئەوەی راستی وە چەوتی دیـوارەكـەی بـۆ دەركـەوێ.
مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایی‌یەوە.

(١) رەنجەكەر: ئەزیەت بدە. هۆرارەوە: هەڵ دەرەوە. واتـە: ئـەی وەسـتا بـەناكـە تـاڵی شاوڵی خواناسینت بە دەستەوەیە، وە باش وەستای بەرز كردنەوەی هەموو دیوارێكی، زەحمەت بكێشە تەشریف بێنە بۆ سەر ئیش، وە بە مـەی رەنگـی خـانووەكـەم بـڕێژەو بنچینەكەی دیاری بكە.

(٢) واتە: چونكە تەنها ئەو كۆشكە نارووخێ‌و ئەمێنێتەوەكە مـەی كـرابـێ بـە ئـاوی قـوڕ گرتنەوە بۆی، وە خەڵتەی شەرابی بۆكرابێ بە قوڕ، وە مەی گێڕ بیناكەی دروست بكا.

[٤]

(٣) مەلەوی ئەم شیعرانەی لە وەڵامی دۆستێكیا وتووە گلەیی لەوەكردبووكە مورشیدەكەی زۆر تەئسیری تێ ناكا، ئەمیش هۆی ئەوكەم تەئسیری‌یەی بۆ روون ئەكاتەوە.

(٤) سەرحەڵقە: لە تەریقەی نەقشبەندی‌دا ئوسووڵەن سوفی‌یەكان حەڵقە ئـەبەستن بـۆ «خەتم» ئەوكەسەی كە دۆعا تایبەتی‌یەكانی خەتمەكە ئەخوێنێ پێی ئەڵێن «سەرحەڵقە».
دیباچە: سەرەتای كتێب.

(٥) بویاران: رابوێرن. واتە: بۆیە تەئسیری پیر كەم‌كەم دەرئەكەوێ بۆ مریدان، تا ئەوانیش ئەوەندەی توانای خۆیان وەرگرن.

گــــا وه «تَــبَسُّمْ» «بَــیْضا» بـــێزەوه
گـــا وه «تَکَـــلُّمْ» شـــەهد ئـــامێزەوه(۱)

تـــەبەسسوم وه نـــاز زوڵمـــەت زەداوه
تـــەکـــەللوم وه راز وەحشـــەت فـــزاوه(۲)

ئـــەر دەس پـــەی نـــیقاب تـــەمام بـــەردەوه
جـــه روخســارەی وێش پـــەردەش دردەوه(۳)

فـــەنا پـــەی عـــاڵەم پـــا مـــنیۆ ئـــەو پـــێش
بـــاقی ئـــەو مـبۆ، وێش مـــمانۆو وێش(۴)

[۵]

سەرلەتەرەی خەم

ســـەرلەتەرەی خـــەم خـــول ئـــاوەردەوه
تـــای کـــرژ مـــەینەت دووبـــاد کـــەردەوه(۵)

---

(۱) گا: گاه، جارجار. «تبسم»: زەردەخەنە. «بیضا» بێز: سپی لەبەر چاو خەر. شەهد ئامێز: تێکەڵ بە هەنگوێن.

(۲) زەدا: لابەرو پاك کەرەوه. فزا: زیاد کەر. واتە: زەردەخەنەکەی لەگەڵ نازێکی وادا ئەبێ کە تاریکی بڕەوێنێتەوه، وه قسەکردنەکەی بە شتی وا ئەبێ کە دەردی دووری زۆرتر بچەژێنی بە دڵی دڵدار بە عادەتی یارانی بێ باك، یان زۆرتری دوور خاتەوه لە بێگانە.

(۳) نیقاب: پەچە. دەردەوه: دادڕی. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوه بە شیعری دوایی‌یەوه.

(۴) ممانۆ: ئەمێنێتەوه. واتە: ئەگینا ئەگەر ئەو دۆستە بە یەکجاری پەردە لە رووی خۆی هەڵماڵی و خۆی دەرخا بۆ موریدی، هەموو عالەم ئەفەوتێنێ و تەنها خۆی ئەمێنێتەوەو بەس.

[۵]

(۴) سەر لەتەرە: سەرە تەشی. گرژ: بادراو. دووباد: دووبارە بادراو. واتە: سەر تەشی خەم و مەینەت کەوتەوه خول خواردن و تاڵی بادراوی مەینەتی جارێکی‌تریش بادرایەوه.

مــوقەددیمەی خـــەم تــاڵی مــەزاقــەن
دەك وە خـــەیر نــەیۆ وادەی فــیراقــەن(١)

[٦]

سەر وە بان عەین

ســەر وە بــان عــەین عــەینم خـەم وەردەن
هوون چون چەشمەی عەین نە عەین سەرکەردەن(٢)

یــەند دەردو ئـاهم عـەین کـەردەن بـێ نـوور
وەختەن هەشت کەم بۆ نە پەنجەی مەشهوور(٣)

[٧]

سیاییم ئاوەرد

ســیاییم ئــاوەرد، ســفیدیم پــێ رەشت
هــەفتم کــەردەوە گــرێم دا لە هــەشت(٤)

---

(١) مقدمە: نیشانەو سەرەتا. نەیۆ: نەیەت. واتە: نیشانەی ئەوەش کە سەرە تەشی خەم کەوتووەتەوە خول خواردنو سەرەتای خەم دەرکەوتووە، ئەوەتەکە دەمم تاڵە، دەك سا خوا بە خێری نەهێنێ وا دیارە وادەی جیا بوونەوەمە لە دۆستان.

[٦]

(٢) عەین «ی یەکەم»: خۆی ـ نەفس ـ. عەین «ی دووهەم»: ئەژنۆ. عەین «ی سێهەم»: ئاو. عەین «ی چوارەم»: چاو. واتە: سەرم دانەویوە بە سەر ئەژنۆم خۆیدا، وە خوێن وەك سەرچاوەی ئاو لە چاوەکانمەوە سەری کردووە.

(٣) واتە: داخو دەرد بە ئەندازەیەك رووناکی چاومی کەم کردووە، لە وانەیە رۆژی رووناکم لێ ببێ بە شەو، وە هەشت رکاتی نوێژی نیوەڕۆو عەسر نەمێنێ لە ناو پێنج فەرزەکاندا، چونکە بە شەوا تەنیا نوێژی مەغریب و عیشاو بەیانی هەیە، ئەو دوو نوێژەکە هی رووژن، کە رۆژ نەما خۆ دیارە وەختەکەیان ناگوێزرێتەوە بۆ شەو.

[٧]

(٤) واتە: رەشی گوناهم هێناو دەفتەری سپی و پاکی کردەوەی خۆمم بێ رەش کردەوەو، حەوت دەرگاکەی دۆزەخم کردەوە بۆ خۆمو هەشت دەرگاکەی بەهەشتم لە رووی خۆما داخست.

[٨]

سفیدیم ئاوەرد

سـفیدیم ئـاوەرد، سـیایـم پـێ ڕەشت
هـەفتم کـەردەوە ڕوو نـیام لە هـەشت(١)

[٩]

سازش نە مابەین(٢)

سـازش نـە مـابەین ئـارو پـووش کـەمەن
وەرنـە هـانامەن نـەفەس یـەك دەمـەن(٣)

[١٠]

سەنگی سەنگ

سـەنگی سـەنگو خـاك نـە سـەر دۆشـم بـۆ
مـەر ئـەوسا مـەیلت فـەرامـۆشـم بـۆ(٤)

---

[٨]

(١) واتە: ڕەنگی سپیم هێناو مووە ڕەشەکانی خـۆمـم پـێ سـپی کـردو دەرگـای گـرێی حەوتەمی عومرم کردەوەو ڕووم کردە گرێی هەشتەم.

[٩]

(٢) جارێکیان دۆستێك بە مەولەوی وتووەکە فوویەك لە ئاگر بکا، ئەویش بـەم شیعرە وەرامی داوەتەوە.

(٣) سازش: گونجان. واتە: من لەشم وشك بـووەتەوە وەك پـووش وە دەروونیشم وەك ئاگری گەرمە، ئەگەر فوو بکەم خۆم گڕم تێ ئەچێ، چونکە ئاگرو پووش پێکەوە نـایان کرێ، ئەگەر وا نەبوایە بۆچی فووم نەئەکرد، فووکردن هەناسەیەکی تێ ئەچێ.

[١٠]

(٤) سەنگی: قورسایی. دوش: کۆڵ. واتە: مەگەر کاتێك لە بیرم بچێتەوە کە قورسایی بەردو خۆڵی قەبر بنیشێتە سەر کۆڵم.

[١][(١)]

سەد پەرێم

سەد پەرێم دایم خەم بەستەن کەڵەك
ئاخ هەر یەکجار داخ تۆ سەوزەن فەڵەك[(٢)]

مەپێکی ناکاو جە نیمەڕادا
نیگای ئارەزوو وە تەمەنادا[(٣)]

کام سەر، شام تەمای تاج "کەی"ت نەکەرد
سوبحدەم وە تاج سەر "نەی"ت نەکەرد[(٤)]

کێ بی کێ مەجلیس شادی نیاوە
پۆس کەللەش وە دەف تۆ دەنگ نەداوە؟[(٥)]

مەعدووم، ئەر زەڕەی شێوەی فاماتەن
بە فام قەرینەی لوات ئاماتەن[(٦)]

---

(١) ئەم چوار شیعرە (سەد پەرێم، سوبحەن، سەدای های هیلال، سەد دووری) لە تیپی «صاد»دا بوون، چونکە لە رێزمانی کوردیدا «صاد»مان نیە، ئێمە هێنانمانە ئاخری تیپی سین. (بڵاوکەرەوە، ناشر).

[١]

(٢) واتە: هەرچەند خەمو مەینەت کەڵەکی فرو فێڵی بۆ ناومەتەوە، بەڵام فەڵەك داخی تۆ یەکجار سەوزە، چونکە ئەگەر تۆ نەبی بە سەرباری ئازارم خەم لە عۆدەم نایەت.

(٣) مەپێکی: ئەبەستی. تەمەننا، «تمنّا»: هیوای شتی دوور. واتە: هەر کاتێ ئادەمیزاد ئارەزووی شتێکی ئاسان بکا بەر لەوەی بگا بەو ئارەزووەی، تۆ لە ناوەڕاستی رێگادا جێبەجێ بوونی ئەبەستی بە مەرجێکی واوەکە نەیەتە دی.

(٤) شام: ئێوارە. سوبح دەم: دەمی بەیانی. نەی: رم. واتە: کام سەر بوو تۆ لە ئێوارەدا تەماعی لەسەر نانی تاجی کەیت نەنایە بەری‌و بۆ سبەینێ خۆیت نەکرد بە تاج بە سەر نووکی رمەوە؟

(٥) نیاوە: نایەوە. پۆس: پێس. واتە: کێ بوو ئاهەنگی شادیی گێڕاو پاشان پێستی کەللەی بە دەفی تۆوە دەنگی نەدایەوە؟

(٦) فاما: تێگەیشتن. فام: عەقڵ. واتە: مەعدوومی ئەگەر ئەوەندەی تۆزێ نیشانەی تێگەیشتنت پێوەبێ، ئەبێ بە عەقڵ ئەوە بزانی کە هاتنە دنیا نیشانەی مردنە.

ئــــەی را رای خـــەتەر راو یـــارانـــــەن
ســـفیدیش غـــوبار کـەللەی یـارانـەن(١)

بـورکەش چـای دیـدەی پـڕ هـووناو دڵ
مـیل، بـاڵای بـیٚ گـیان وامـەندەی خـجڵ(٢)

ها سـەف پـیٚکـان پـۆس کـەللەی هـام دەمـان
کـەللە بـڕ پـەی پـۆس کـەللەمان تـەمان(٣)

هـۆردەر چـەنی سـۆز دەروون پـڕ نـیٚش
فەریاد ئەو سـاقیو ئـەو نـەیچیو دەرویٚش(٤)

ســـەدای دەفـو نـــەی بـەیۆ نـە گـۆشت
نەشئەی مەی بـەخشۆ حـەیات وە هـۆشت(٥)

بـــویەر جـە ســای تـەرز دەفـو نـەیەوە
وە زات مـــەستی نـــەشئەی مـــەیەوە(٦)

---

(١) سفیدی: سپیەتی. واتە: ئەم رێگای دنیایە رێگایەکی مەترسیدارە بۆ رێبواران، وە تۆزە سپیەکەی تۆزی کەللەی یارانەکە مردوون.
(٢) بورکە: چاڵاو. میل: ئەو دارەی کە جاران لە سەر رێگا دایان ئەچەقاند بۆ ئەوەی رێبوار رێ ون نەکا. وامەندە: داماو. واتە: چاڵاوەکانی رووی زەوی چاڵی چاوی مردووەکانە پڕە لە خوێناوی دڵیان، دارە داچەقێنراوەکانیش باڵای داماوی بێ گیانیانە.
(٣) سەف پێکان:ریزی بەستووە. واتە: پێستی کەللەی هاوڕێیانی ریزکراوەو، سەربڕ چاوەڕێی ئێمەشە سەرمان ببڕێو کەللەمان بگۆڕێتەوە.
(٤) مەولەوی لێرەدا دوا بە دوای ئەو قسانەی لەگەڵ خۆیو فەلەکدا کردی، بە خۆی ئەڵێ: مادەم فەلەك ئەمەکردەوەیەتی لە گەڵمان، بە سۆزی دەروونی دەردەدارتەوە بانگی مەیگێڕو شمشاڵژەنو دەروێشی دەفژەن بکە.
(٥) بەیۆ: بێت. بەخشۆ: ببەخشێ. واتە: با دەنگی دەفی دەروێشو شمشاڵی شمشاڵژەن بێتە گوێت، وە نەشەی مەیەکەیش هۆشت بڕێنێتەوە.
(٦) واتە: بەو ئازایەتیەوەکە پەیدا ئەبێ لە سەرخۆش بوون بە نەشەی مەی، لە سایەی شێوەی لێدانی دەفو شمشاڵا تێپەڕە.

تاکەی کەنۆ دەست چەرخ چەپ ئەندێش
پۆس کەللەت ناکاو پەی پۆس کەللەی وێش[(١)]

[٢]

سوبحەن

سوبحەن، بۆی گوڵان میاونۆم نەسیم
وێنەی وای رەحمەت خەزانەی کەریم[(٢)]

سەحراو دەشت و دەر بەهەشت منمانۆ
مۆرەی هەوای وەش وە شەش دەر شانۆ[(٣)]

جە هەر تەرەفدا موینوون گوڵزار
رەنگ رەنگ مەدرەوشۆ بە وێنەی دڵدار[(٤)]

لالە گەردەن کەچ تۆی دیدە رەشتەن
گۆیا عەکس یار وە رووش دا وەشتەن[(٥)]

چەمەن هام لیباس سەوز رەنگ پۆشان
وەفراو چون ئەسرین دیدەی من جۆشان[(٦)]

---

(١) کەنۆ: هەڵکەنێ. واتە: ئیتر بزانین کەی دەستی گەردوونی نیاز خراپ پێستی کەللەت ئەگرێ و ئەیکا بە پێست بۆ کەللەی تەپڵەکەی و ئەی کوتێتەوە.

[٢]

(٢) میاونۆم: پێم ئەگەیەنێ. وا: با.

(٣) منمانۆ: ئەنوێنێ. واتە: نەسیم هەموو لایەك وەك بەهەشت ئەنوێنێ، وە نەردی هەوای خۆش بە هەر شەش قوڕنەی دنیا هەڵئەخا.

(٤) موینوون: ئەبینم. مەدرەوشۆ: ئەدرەوشێتەوە.

(٥) لالە: گوڵێکی ناو چاو رەشە. رەشتەن: رەشتووە. وەشتەن: باریوە. واتە: لالە گەردنی کەج کردووەو ناوچاوی خۆی رەشتووە، ئەڵێی عەکسی یاری بە روودا باریوە.

(٦) چەمەن: چیمەن. جۆشان: هاتووەتە جۆش.

جــەمادو نــەبات گــرد شــادیشانەن
جــەماڵ رۆژ عــید ئــازادیشــانەن(١)

تــەمام رووی دنــیا جــە شــادی کــەیلەن
دڵ نــــەبۆ پــەشێو فــیراق لەیــلەن

ســـەهلەن بــەهارم دۆزەخ ئــاسا بــۆ
بــەهەشتم بــێ دۆس دۆزەخ‌نــما بــۆ(٢)

وەر نـــەدۆزەخدا یــارم دڵبــەر بــۆ
پەی من ئار نە تــۆی گــوڵشــەن وەشتـەر بـۆ(٣)

دڵ دوو زەنـــــجیرەی زوڵف نــیگارەن
وە ســەیر ســەوزەو ســەحراش چ کــارەن(٤)

[٣]

سەدای های هیلال(٥)

ســەدای هــای هــیلال هــام فــەردان مــەیۆ
زەمــزەمەی تــەکــبیر هــام دەردان مــەیۆ(٦)

---

(١) جـەماد: دارو بـەرد. نـەبات: ئـەوەی بـڕوێ. واتـە: دارو بـەردو درەخت هـەموویان شادی‌یانە، وە بە بۆنەی رۆژی جەژنی ئازاد بوونەوە لە جەوری زستان خۆیان جوان کردووە.
(٢) واتە: شتێکی ئاسانە لە بەر دووری لەیل بەهارم لێ ببێ بە دۆزەخ، وە بەهەشتم وەك دۆزەخ وابێ.
(٣) ئار: ئاگر. وەشتەر: خۆشتر. واتە: ئەگینا ئەگەر لە دۆزەخدا دولبەر یارم بێ، ئـاگـر خۆش‌تر ئەبێ لام لە ناو باخچەی گوڵ.
(٤) واتە: دڵم بەسراوە بە دوو زەنجیری زوڵفی یارەوە، ئیتر چی‌یەتی بە سەیری سەوزەو سەحراوە.

[٣]

(٥) مەلەوی ئەم قەسیدەیەی بە بۆنەی جەژنی رەمەزانەوە وتووە.
(٦) واتە: دەنگی «ئای ئەوە مانگ... ئەوە مانگ»ی هاوڕێ‌یانو، ناڵەی «الله اكبر»، کردنی برادەران دێت.

یــەکــێ هــام رەفــێق دۆس دڵ دۆزەن
یـەکـێ مـەست کـەیف جـەژن پـیرۆزەن(١)

مــن نــەبوون شـادیم جـێ بـێزار بـیەن
گــەرد وە ســەر مــن، کــەس دیـار نـیەن(٢)

شـــەوم تـــاڵەی شـــووم، هــیلالم قــامەت
شــەفەق هــوون دڵ، مــەنزڵگــە زامــەت(٣)

تــەکــبیر نــەوای زام مــــەهجووری
دەســم هــەم ئــاغۆش زام رەنــجووری(٤)

جــەژنو جــەژنانەم هــەر یــەك جــەردەیێ
بــەردەوە پــەی هــەرد، مـوتریب پـەردەیێ(٥)

لەرزەی ریشــەی دڵ، سـەمتووری دەسـتوور
وەزن تــەبع تــار پــڕ سـۆزەی سـەمتوور(٦)

---

(١) دڵ دۆز: ئەوەی دڵ ئەدووریێ بە خۆیا. واتە: سەیری خەڵك ئەکەی یەکێك هاوڕێی دۆستێکە دڵی دووری‌وە بە خۆیا، یەکێکی تریش بە خۆشی‌و ئاهەنگی جەژنی پیرۆز مەست بووە. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «دڵ‌دۆزەن» نووسراوە «دڵسۆزەن».
(٢) واتە: من نەبێ شادیم لێ بێزار بووەو هیچ نایەت بەلامەوە، هەی قوڕ بە سەرم‌کەسم نیەو بێ کەس کەوتووم.
(٣) واتە: لە جیاتی شەوی جەژن چارەی رەش، وە لە جیاتی مانگی یەك‌شەوە باڵای چەمیوە، وە لە جیاتی ئاسۆی سووری ئێوارەی جەژن خوێنی دڵ، وە جیاتی مەنزڵگەی شەوی جەژن زەحمەت شك ئەبەم.
(٤) نەوا: ئاوازە. هەم ئاغوش: هاوباوەش. واتە: لە جیاتی اللەاکبری بە یانی جەژن هاورمە لە تاو ئێشی زامی دووری، وە لە جیاتی ئەوەی دەس بخەمە دەسی خەڵك بۆ جەژنە پیرۆزە دەسم باوەشی کردووە بە زامی گرفتاری‌دا.
(٥) پەردە: نقام. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوە پێکەوە دێ.
(٦) واتە: جەردە، جەژنو جەژنانەمی فراندووە بۆ کێو، سا توخوا کاکەی گۆرانی بێژ

واچــه بــەو مــەقام ئــەڵوانــاتەوە:
هەی داد.. هـەی بـێ داد مـەعدووم واتـەوە(۱)

خــەستەی خــار خــەم، خــەم خـەیاڵ وێم
وەکــــزەی دەروون تــــەن زوخــــاڵ وێم

بــێ ئــــەبرۆی هــیلال نــەو نــیهاڵ وێم
نــیەت نــا دروست، عــید بــەتاڵ وێم(۲)

[۴]

سەد دووری(۳)

سەد دووری چون دڵ مـەعدوومی دڵ تـەنگ
مــارۆ ئــەو فــریاد دڵەی سـەخت سـەنگ(۴)

ســـزان ئــــەر گــێرۆ تــەم دڵەی کــاوان
هـــەور نـــەو وە جـــان ڕێزۆ هــووناوان(۵)

☞

نقامێکم بۆ بڵێ ببێ بە مایەی لەرزینەوەی ڕیشەی دڵەکەم کە هەمیشە وەك سەمتوور دەنگی لێوە دێ، وە ئاوازەکەی لە سەر شێوەی تار بێ و پڕ بێ لەو جۆش و سۆزەی کە لە سەمتوور هەستی پێ ئەکرێ.

(۱) ئەڵوانات: ڕەنگاو ڕەنگت. واتەوە: وتیەوە. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوە پێکەوە دێ.

(۲) نەونیهاڵ: تازە داچەقێنراو. واتە: بەو نقامە ڕەنگاوڕەنگەتەوە پێی بڵێ هەی داد هەی بێ داد مەعدوومی دیسانەوە وتیەوە: ئای برینداری دڕکی خەفەت خۆم... ئای هەمیشە بیر لە خۆم کەرەوە خۆم... ئای بە هۆی کزەی دەروونەوە لەش بوو بە خەڵووز خۆم... ئای لەبەر نەبوونی مانگی یەکشەوەی برۆی یاری نەونەمام، ڕۆژوو دانەمەزراوو جەژن بەتاڵ خۆم...

[۴]

(۳) مەلەوی ئەم قەسیدەیەی بە بۆنەی سەفەر کردنی دۆستێکیەوە وتووە.

(۴) مارۆ: دێنێتە: مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(۵) سزان: شایانە. گێرۆ: دابگرێ. ڕێزۆ: بڕژێ.

بـــەڵام، تـــاقەتێ، هـــای هـــەوره ئـامان
هـــا نـــە سـەفەردا شـــای نـــەونەمامان[١]

نـــازکیش چـــون نـــاز جــە حــەد بــەرشیەن
خـــاترداریش کــەر وێنـــەی کــەس نیەن[٢]

وێش چـــۆن حـــەوسەڵەی وەشتو تـەم دارۆ
یـــادش نـــە دڵدا زەحـــمەت مـــویارۆ[٣]

پـــەی بـــار خـــاتر ئـــەو شـــیرین شـێوه
چ حـــاجەت وەی تـــەم، وەی سـەیل ئـێوه[٤]

وەســـەن دووی بـەدەن جـە گـیان جـیای مـن
وەســـەن سـەیل چـەم بـەخت سـیای مـن[٥]

(١) واتە: ئەی هەور هەرچەند دووری یار بەردی رەقیش دێنێتە دەنگ، وەك منی خەفەتباری هێناوەتە دەنگ، وە حەقە ئەگەر تەم دڵی شاخەکان دابگرێو تۆش لەگیانتەوە خوێناو ببارێنی، بەڵام تۆ کەمێك خۆت راگرەو باران مەبارێنە چونکە یار بە رێوەیە.

(٢) واتە: ناسکی یار وەك نازەکەی، زۆر زیاد لە ئەندازە دەرچووە، دڵی راگرە ئەو وەك کەس نیە.

(٣) دارۆ: هەیەتی. مویارۆ: تێئەپەڕێ. واتە: یار، وا لەوێ یادی بە زەحمەت بە دڵی منا تێئەپەڕێ کە تەمی مەینەت دایگرتووە، ئیتر خۆی چۆن حەوسەڵەی ببێ تەم دایبگرێو بارانی بەسەرا ببارێ؟

(٤) مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە.

(٥) واتە: ئەی هەور ئەگەر هەر سووری لەسەر باران باراندنو تەم کردن بە سەر یارا، ئەوا بۆ باری دڵی ئەو پێویست ناکا خۆت تەمو بارانی بنێرێتە سەر دووکەڵی لەشی لەگیان جیا بووەوەی منو لافاوی چاوی چارە رەشم بەسە.

تیپی شین

[١]

شێخ دەوڵەمەند(١)

شـــێخ دەوڵەمـــەند بـەهرەی سـەرمەدی
یـاگـەی حـەقیقەت جیلوەی ئـەحمەدی(٢)

جـــە شـــەو هـەوارگـەی فـەنا ویـەردە
پـای هـەردەی بـەقا یـاتاغگە کـەردە(٣)

«مُـتَّصِف» بـە وەسـف شـەئنیو سـیفاتی
«مُشَـــرَّفْ» بـە فـەیز «تَـجَلّا»ی زاتـی(٤)

خـــەلیفەی سـەدای «اُدن» شـنەفتە
بـــەڵد نـــە سـارای ئـەتوار هـەفتە(٥)

---

[١]

(١) مەلەوی ئەم قەسیدەیەی لە وەڵامی نامەیەکی شێخی «سراج‌الدین»رحمه الله وتووەکە گلەیی کردبوو لێی بۆچی نامەی بۆ نانووسی.

(٢) بەهرە: خوا داو. سەرمەدی: نەبڕاوە. واتە: ئەی شێخێ کە لە بەش‌و بەهرەی نەبڕاوەدا دەوڵەمەندی، وە جێگای دەرکەوتنی نووری راستەقینەی پێغەمبەری.

(٣) شەو هەوارگە: ئەو شوێنانەیەکەکۆچەری بە ناچاری ئەیکەن بە مەنزڵ. یاتاغگە: جێگای یاتاغ. واتە: ئەی شێخێ کە عالەمی فەوتانت بەجێ هێشتووەو لە عالەمی مانەوەی هەمیشەیی دا جێگات گرتووە.

(٤) واتە: ئەی شێخێ کە ئەوسافی فیعلی‌و زاتیت هەیە، وە بەرەکتی دەرکەوتنی نووری زاتی خوا لێی داوی. ئەوسافی فیعلی ئەو سیفەتانەن کە مەعنای کردن بگەیەنن وەك رێ پیشان دان‌و یارمەتی دان، ئەوسافی زاتیش ئەو سیفەتانەن کە لە شەخس خۆی‌دا هەن، وە لەو لا نادەن وەك زانین‌و توانا.

(٥) «اُدن»: نزیك بەرەوە. مەبەس لەوەیەکە خوا لە شەوی میعراجا بە پێغەمبەری فەرمووە لێی نزیك ببێتەوە. ئەتوار هەفتە: حەوت حاڵەتە.

ئەهلی تەسەووف ئەڵێن مرید ئەبێ بە حەوت حاڵدا تێ‌بپەڕێ تا ببێ بە مورشیدی کامل، حەوت حاڵەگەش ئەمانەیە: تەسفیەی رۆح، سرِ، خەفی، تەسفیەی قەلب، ئەخفا، نەفس،

واسیتەی راگەی بەین عیلمو عەین
ساحیب جەناحەین یەعنی «ذیالنّورَین»[١]

پیر پاك جە گەرد خاك ناسووتی
مەنزلگەی سەر بەرز سەر مەلەکووتی[٢]

دڵ وە نەوای بەزم جەبەرووت ئاوا
سێراو سەراو لاهووتی ماوا[٣]

«جِسْماً لَدَیْنا، رُوْحاً لَدَیْهِ»
دائیرەی تەمام «مِنْهُ اِلَیْهِ»[٤]

☞

تەبیعەت. واتە: ئەی شێخێ کە جێ نشینی ئەو پێغەمبەرەی کە بانگی «نزیك بەرەوە»ی بیستووە لە خوا، وە لە مەیدانی ئەو حەوت حاڵەدا شارەزای کە بەسەر موریدا تێ ئەپەڕێ.

(١) واتە: بۆ خواناسین دوو رێگا هەیە: رێگای زانست کە هی زانایانە، وە رێگای لە حەقیقەت گەیشتن کە هی ئەهلی تەسووفە، وە بە هۆی تۆوە رێگای یەکەمیان ئەبەسرێ بە رێگای دووهەمەوە، وە زانایان شارەزای رێگای دووهەمیش ئەبن، وە تۆ خاوەنی دوو باڵی کە عیلمی زاهیرو باتینە. مەولەوی نەزاکەتێکی جوانی کردووە لە دانانی سیفەتی «ذی النورین»دا کە لەقەبی حەزرەتی عوسمان خەلیفەی سێهەمە بۆ شێخی «سراج‌الدین» کە ئەویش ناوی «عوسمان» بووە.

(٢) ناسووت: جیهانی ئادەمیزاد. مەلەکووت: جیهانی مەلائیکەتان. واتە: ئەی شێخێ کە گەردو خۆڵی جیهانی ئادەمیزادت پێوە نەماوە، وە لە سەرووی جیهانی مەلائیکەتانەوە جێگات بۆ خۆت درووست کردووە.

(٣) نەوا: ئاوازە. جەبەرووت: هێزی خوا. سێراو: تێراو. لاهووت: خوایی. واتە: ئەی شێخێ کە ئاوازەی بەزمی تەئسیری خوا ئاوەدانە، وەکانیاوی فەرمانی خوات کردووە بە جێگەی خۆت و لێی تێراو بووی.

(٤) واتە: ئەی شێخێ کە بە لەش لای ئێمەو بە دڵ لای خوای، وە دائیرەی مەعنەویات لە خۆتەوە دەس پێ ئەکاو لە خۆتا دوایی دێ.

بێ تەلوین نە سای تەمکین‌دا مەکین
«رَوَّحَ آللّٰهُ رُوحَهُ، آمین»(۱)

نامەی رۆح ئەفزای شیرینت یاوا
دڵ وە مەردومەك دوو دیدەش ساوا(۲)

تۆی دەروون وە نوور سەفا دا پەرداخ
بۆی ئاشناییم دا نە رووی دەماخ(۳)

دەرگای حوقەی لاڵ دانەت شکاوان
جە رووی لوتفەوە ئینەت فەرماوان:(۴)

یا کاغەز بڕیان، یا مەلا مەردەن
یا خۆ عارتەن دۆس وە یاد کەردەن

غەمگین مەنیشە غەم بدەر وە باد
فەلەك نمازۆ کەس وە خاتر شاد(۵)

ئەوڵ من کێنان، وجوودم جەکۆن
واچوون دۆسەنان شەرت قەبووڵ تۆن(۶)

---

(۱) تەلوین: رەنگ کردن، مەبەس گۆڕینی وەزعە. تەمکین: جێ گرتن. مەکین: جێ گرتوو: واتە: ئەی شێخێ کە لە سێبەری دامەزراوی و نەگۆڕانی وەزعدا جێگات گرتووە، خوا گیانت تواناترو بەهێزتر کات.
(۲) مەردومەك: بیبیلەی چاو. واتە: نامە گیان بەهێزکەرەکەت گەیشت، دڵم هێنای بە بیبیلەی چاوەکانیا.
(۳) واتە: بە تیشکی خۆشی ناوی دڵی بوژاندمەوەو بۆنی ئاشنایی کرد بە لووتما.
(۴) حوقە: سندووق. لاڵ: لەعل. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە دوو شیعری پاشەوە.
(۵) واتە: دەرگای سندووقی دەنکە لەعلت شکاندووەکە لە رووی لوتفەوە فەرمووتە یا کاغەز براوە تا لێی بنووسی بۆنم یا مەلا مردووە تا بنووسی، یا عەبت لێ دێ یادی دۆستانت بکەیتەوە؟ وە فەرمووتە بە خەفەتباری دامەنیشەو خەمت بدە بە با، چونکە فەلەك کەس بە دڵشادی ناهێڵێتەوە.
(۶) کینان: کێم. کۆن: کوێیە. واچوو: بڵێم. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە.

ئــەر وە بــێگــانە، وەر خــوێشــم زانــی
تــۆ حــەساوەنی وە هــەر چـیم وانــی (١)

دووەم چــون کــەسێ گــەدایــی کــێش بــۆ
یــاد «تَــواضُــع» خــەسڵەت وێش بــۆ (٢)

ئــەر بــارۆ نــە دڵ «تَــواضُــع» کــەردەن
هــەر عــادەت وێش وە جــا ئــاوەردەن (٣)

بــەڵام هــەر کــەسێ شــێخــی مــیسالەن
عــادەت ئــیستیغناو شــێوەش جــەلالەن (٤)

ئــەر جــار جــارێ نــام چــون مــنێ بــەرۆ
«خَــرقُ العــادَة»ێ زاهــێر مــەکــەرۆ (٥)

ئــەر رازیت وە یــاد خــەستەی دڵگــیری
یــا شــێخ تــۆ دایــم نــەقش «ضَمیر»ی (٦)

---

(١) زانی: بزانی. حەساوەنی: حسێبی. وانی: بخوێنیتەوە. مەولەوی بەم شیعرانە وەڵامی گلەیی شێخ ئەداتەوەو ئەڵێ: یەکەم من چیم تا بڵێم دۆستی تۆم‌و نامەت بۆ بنووسم، شەرت ئەوەیە تۆ بە دۆستی خۆتم پەسەند کەی، چونکە هەر تۆ حەسێبی بە دۆستم دانێی یا بە بێگانە.

(٢) کێش: پەیڕەو. «تواضع»: خۆ بەکەم دانان. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایی‌یەوە.

(٣) بارۆ: بێنێ. واتە: دووهەم، ئەگەر هەژارێکی وەك منی خۆ بەکەم زانیو بی‌یەوێ نامە بنووسێ‌و خۆی بەکەم بداتە قەڵەم، ئەوە شتێکی سەیری نەکردووە، چونکە ڕەوشتی خۆی هیناوەتە دی.

(٤) شێخی: شێخەکەی من. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە.

(٥) بەرۆ: ببا. «خرق العادة»: شتێ لە عادەت بە دەر. واتە: بەڵام هەرکەس وەك شێخەکەی من وابێ‌و بێ ئیتحیاج بێ لە خەڵك‌و خۆی نەداتە قەرەیان، ئەگەر جار جارێ ناوی یەکێکی وەك منی بیر بکەوێتەوەو نامەیەکم بۆ بنووسێ، ئەوە شتێکی کردووە لە دەسی کەس نەیەت.

(٦) «ضمیر»: دڵ. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

چ حــاجەتەن دەس پــەی قــەڵەم بــەروون
یــادم نــمەشی چــەنیت یــاد کــەروون(١)

پەی کەسێ خاسەن نـامەی جە حـوب کـەیل
تــازە بســانۆ «وُضــو» جـە جـۆی مـەیل(٢)

خــۆ مــن هــەر جـە زوو وە مـەیلت مـەستم
هــەر جــان فـیداکـەی رۆکـەی «أَلَسْت»م(٣)

سـێـیەم، خـەمگینیم جـە دەس خـەجڵەتـەن
خەجڵەتـم جـە دەس سـەختی غـەفڵەتـەن(٤)

یــاران وێنــەی ســاف مــەی وەکــامەوە
ویــەردەن، چــون دورد هــەر مـن مـامەوە(٥)

گـیای پـەژموردەی تـەژنەکـەی بـێ شـۆم
چـــەمەڕای وارای هـــەور لوتــف تــۆم(٦)

---

(١) نمەشی: ناچێت. چەنیت: چۆنت. واتە: یا شێخ ئەگەر رازیت منی گرفتاری دەردی خەفەتباری یادت بکەمەوە، ئەوە بزانەکە تۆ هـەمیشە لە دڵما نـەخش کـراویو لە یـادم ناچی، ئیتر هیچ پێویست نیە دەس بەرم بۆ قەڵەم نامەت بۆ بنووسم.

(٢) بسانۆ: بگرێ. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری پاشەوەی‌دایە.

(٣) واتە: بۆ کەسێ باشە نامەی پڕ لە رازی خۆشەویستی بنووسێ کە تازە لە سەرچاوەی خۆشەویستی دەس‌نوێژی گرتبێ، خۆ من هەر لەکۆنەوە سەرخۆشی خۆشەویستی تۆمو لە ئەزەلەوە گیان فیدام.

(٤) واتە: هۆی سێهەم نامە نەنووسینم ئەوەتە لەبەر خەجاڵەتی خۆم خەفەتبارمو توانای نووسینم نیە، بۆیەش خەجاڵەتم چونکە زۆر بێ ئاگام لە خواو قەبرو قیامەت.

(٥) واتە: یاران وەك شەرابی پاك بەسەرچوون، هەر من ماومەتەوە وەك خڵتەی بنی کووپە.

(٦) پەژموردە: سیس بوو. واتە: من وەك گیایەکی سیس بووی لە رادە بەدەر تینووم لێ هاتووە، چاوەڕوانی بارانی لوتفی تۆم.

تـۆ دەس وە ڕەشـحەی ڕەحـمت پـەیاپەی
مـن وەی پڕخـاوی حـەیفەن یـە تـاکـەی[١]

تـــەنیای حـــەقیقی نـــەردێ بشـــانۆ
مـــن و تـــۆ جـــە دەس مـــن و تـــۆ ســـانۆ[٢]

تـۆ بـێ تـۆ لوتـفت پـەی مـن زیـاد بـۆ
مـن بـێ مـن ڕۆحـم وە خـزمەت شـاد بـۆ[٣]

[٢]

شەماڵ ئەڕجووم[٤]

شەماڵ ئەڕجـووم هـەن هـەی وە فـیدات بـام
وە سـەرگەرد بـاڵ شـانای هــەوات بـام[٥]

جـەستە خـەستەی خـار خـەم خـەڵاتـەنان
بـــەیدا پـــێوگـــێڵ دوور وڵاتـــەنان[٦]

---

(١) ڕەشحە: نم. واتە: نمی نەبڕاوەی ڕەحمەت بە دەس تۆوەیەو منیش بەم جۆرە خەوم لێ کەوتووە، بۆچی چەند دڵۆپێك ناپرژێنی لە دەم و چاوم تا هۆشم بێتەوە بە خۆما؟

(٢) بشانۆ: بوەشێنێ. سانۆ: بسێنێ. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوە پێکەوە دێ.

(٣) واتە: هیوام وایە تەنیای ڕاستەقینەکە خوایە، زاری هەڵدا من و تۆ لە من ـ من و تۆ ـ ڕزگار بکا، بەڵکو تۆ هەر لە خۆتەوە لوتفت لەگەڵ من زیاد ببێ و منیش بە بێ ئاگای خۆم ڕۆحم بگاتە خزمەتت.

[٢]

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بۆ دۆستێکی نووسیوە کە ناوی «مەلا خەیاڵ» بووە لە «پاوە» دانیشتووە.

(٥) ئەرجوو: تکا. باڵ شانا: باڵ ڕاوەشاندن. مەعنای ئەم شیعرەو سێ شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «هەی» نووسراوە «خێز» واتە: هەڵسە.

(٦) گێڵ: گەشت. خەم خەڵاتەنان: خەمم بە خەڵات دراوەتێ. لە هەندێ نوسخەدا نووسراوە «هەردە پێوگێڵ» وە لە هەندێکی ترا نووسراوە «بادە پێوگێڵ».

شـــاخو داخو زاخ چـــۆڵو هـــۆڵو کـــاو
سەر بەردو سەر هەرد ساراو سـەر سـەراو[١]

تـــەی کـــەر وە پــڕتـــاو مـــدارات نـــەبۆ
چـــون دووی هــەناسەم شـەوان تـا بـە رۆ[٢]

ســەر بــەر کــەر نــە ســەر کـۆی ئـاتەشگاوە
بـــدیە وە مـــەسکەن «خـــانەگـــا»و «پـاوە»[٣]

زار زارو خـــاس خـــــاس وە زار بـــناڵە
جـا گـیر نـە سـەر ئـەوج قـوللەی «قـەزاڵە»[٤]

تـا جـە هـــەر کـــۆ بـــۆ تـەمان مـوان جـەم
نــەو جــەمدا زاری مــەکــاران وە چــەم[٥]

ســـا مــــاچان یـــاران ئـینە چـێش بـیەن
«قـــەزاڵە» نـــاڵاش چـــون جــاران نـیەن

---

(١) زاخ: وردە بەردی لێژایی شاخەکان: کاو: بەرزایی.
(٢) پـڕتاو: پـەلە. مـدران: وەسـتان. دوو: دووکـەڵ. واتـە: شـەماڵ بـە قـوربانی خـۆتو باڵوەشاندنت بم بە ئاسمانەوە، لەشم بە دڕکو داڵی دووری بریندار بووەو خەمو خەفەت بووە بە خەڵاتمو دەشتی دوور وڵاتان ئەپێوم، تکام وایە تـۆ بـە پـەلە هـەڵکـەی وە وەك دووکەڵی هەناسەم چۆن گەیشتووەتە هەموو لایەك تۆش بە شەوو بە رۆژ نەوەستی هەموو لایەکم بگەڕێیت.
(٣) ئاتەشگا: شاخێکە لە نزیکی پاوەوە. بدیە: بڕوانە. خانەگا: دێیەکە لە نزیکی پاوەوە لە هەورامانی لهۆن. مەعنای ئەم شیعرەو چوار شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.
(٤) قەزاڵە: شاخێکەکەوتووەتە پشتی خانەگاوە، تاقی کراوەتـەوە هـەروەختێ بـای بـبێ ئەی بە هەورو بارانی لێ ئەبارێ.
(٥) موان: ئەبن. مەکەران: ئەکەن. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «تـا جـە هـەر کـۆ بـۆ» نووسراوە «تا جە سەر هەرکۆ» واتە: لەسەر هەرکێوێکەوە.

یەکسان دڵ بەی ڕەنگ پەریشان جەستەن
هەر کۆ هەن نەشئەی مەعدوومی خەستەن[١]

ئانا جە گرۆی جەرگەی هام سەران
«خەیاڵ» گرۆی دانەی دڵبەران[٢]

چ خێزەن نامەرد مەر نمەزانی؟
وەلای وێتەوە تۆی دۆس گیانی![٣]

مەعدوومی خەم کێش خەم زەدەی خەمبار
زەرد دەرد سەخت دووری باڵای یار

یەن دەرد بێ حەد جەلاش جەم بەستەن
تەسدیع جە گەردەن ئەزرائیل وستەن[٤]

---

(١) یەکسان: یەگجاری. هەرکۆ هەن: لە هەر کوێ بێ. واتە: لە سەر شاخی ئاتەشگاوە سەر دەربێنەو سەیرێکی خانەگاو پاوە بکەو لووتکە قەزاڵە بکە بەجێی خۆت‌و بە عاجزی‌یەوە دەس کە بە ناڵینێکی بە سۆز، جا لە هەر کێوێك‌دا تەم هەبێ دێت‌و لەوێ کۆ ئەبنەوەو دەس ئەکەن بە گریان، دۆسانیش ئەڵێن ئەبێ ئەم ناڵە ناڵەی قەزاڵە هی چی بێ، بێ گومان بۆنی مەعدوومی پێوەیە وا یەگجاری دڵی بەم‌جۆرە لێ‌هاتووەو لەشیی پەرێشانە.
(٢) گرۆ: «ی یەکەم»: گروە، کۆمەڵ. گرۆ «ی دووهەم»: لە «گرەویدە»ی فارسی وەرگیراوە، کەسێکە دڵی بەسرابێ بە شتێکەوە. واتە: مەلا "خەیاڵی" دۆستم کە دڵی بەسراوە بە دانەی خاڵی دولبەرانەوە، لەناو کۆڕی ئەو دۆستانەدایە.
(٣) نمەزانی: نازانی. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.
(٤) ئەزرائیل: «عزرائیل»، فریشتەی گیان کێشان. وستەن: خستووە. واتە: پێی بڵێ هەی بە نامەردت نەکەن، ئەوە چیتە، خۆ تۆ لای خۆی دۆستی گیانی بە گیانی مەعدوومیت، ئەوە نازانی ئەو دۆستە خەفەتبارە خەم لێی داوە خەم هەڵگرتووەت کە بە هۆی دەردی دووری‌یەوە زەرد هەڵگەڕاوە، ئەوەندەی مەینەت بە سەرا کەوتووە پێویستی بەوە نەماوە کە عیزرائیل خۆی ماندوو بکا بڕوا گیانی بکێشێ.

عـــەلاوە ئـــەو بـــار وێش وەنـــەش بـــارەن
خوسووس جە یاگێش جـاکـەش دیـارەن(١)

بـــەو دەردان ســـەخت گـــرد کـــاری‌یەوە
هـــەر ئـــێد مـــواچـــۆن وە زاری‌یـــەوە:(٢)

دڵ ســـفتەی بـــریان زوخـــاڵی‌یـــە وێم
خـــەم وە خـــەم خـــەیاڵ خـــەیاڵی‌یە وێم(٣)

مـــەتەرسوون بـــمروون جـــە داخ یـــاران
هـــەر بـــتلوون وە دەرد چـــون دەردەداران(٤)

[٣]

شەماڵ، دارانەن(٥)

شـــەماڵ، دارانـــەن.. شـــەماڵ، دارانـــەن..
زەردی رەنگ نـــــە رووی وەڵگ دارانـــەن(٦)

---

(١) یاگێ: جێگا. واتە: سەرەڕای ئەو بارەی سەرشانی، خۆیشی لێ بووە بە بار، وە بە تایبەتی وای لێ‌هاتووە ئەگەر سەیری جێگاکەی بکەی خۆی نابینێ تیایا، وە تەنها جێگەکەی دیارە.

(٢) گرد: گشت. مواچان: ئەڵێ. واتە: بەو هەموو دەردەکاریانەوە هەر ئەمە ئەڵێ بە دەم گریانەوە. وتراوەکەی لە دوو شیعری پاشەوەباس کراوە.

(٣) بریان: گۆشتی سوورەوەکراو. زوخاڵی: خەڵووز رەنگ. واتە: ئای لە من کە دڵم سووتاوەو وەك گۆشتی سوورەوەکراوی وام لێ هاتووەکە لەسەر ئاگر دانەگیرابێ تا سووتابێ‌و وەك خەڵووزی لێ هاتبێ. ئای خەم بە سەر خەماکەوتوو خۆم... ئای هەر تاوێك خەیاڵێك کردوو خۆم.

(٤) بمروون: بمرم. بتلوون: بتلێمەوە.

[٣]

(٥) مەلەوی ئەم قەسیدەیەی لە پاوە وتووە لەکاتی هاتنە خوارەوەی جافدا لەکوێستانی «داڵەهو»وە بۆ دەشتی زەهاو.

(٦) وەڵگ: گەڵا. واتە: ئەی شەماڵ سەرە هاتووەتە سەر درەختەکان وە رەنگی زەرد نیشتووە لە رووی گەڵا دارەگان.

تـــەمەن، گـــەردەلوول، بـــادەن، بـــارانـــەن
بـێزیـای وارگـەی سـەر کـۆسارانـەن[١]

هـــەوای ســـیامالْ وێنـــەی جـارانـــەن
پـەی سـەمت زەهـاو زەردەو یـارانـەن[٢]

هـەو هــەوو بــەو بــەو تــەڵمیت بارانەن
گــەرمی بــەزم نــەزم ســەر هــەوارانـەن[٣]

«نَـــظارە»ی رای راز شـــەکـــەر وارانـــەن
فـــەسڵ ســەیر ســەید میرشکارانـەن[٤]

چ خـــێزەن نـــامەرد مـــەر جـــە خـــاوەنی
بـــێ خـــۆف جـــە لوای رای زەهـــاوەنی[٥]

شـۆ وە لای ئـەو شـۆخ جـەمین پـەڕەی گـوڵ
دەوای دەرد ســەخت پــەی دەرمــان دڵ[٦]

---

(١) بیزیا: دڵی لێ بێزران. وارگە: هەوارگە.
(٢) سـیماڵ: دەوار. سـەمت: لا. «زەردە»و «یاران»: دو دێن لە نـاوچەی زەهـاو. واتـە: دیسانەوە وەك جاران دەوار نشینەکان ئارەزووی چوون ئەکەن بۆ زەهاوو زەردەو یاران.
(٣) هەو هەو: هۆ هۆی خورِین لە وڵاخ. بەو بەو: وەرە وەرە. واتە: دەنگە دەنگی لە وڵاخ خورِینی کۆچەریەکان دێت، وە ئاهەنگی ئاوازەو گۆرانی سەر هەوارەکان گەرمە.
(٤) «نظارە»: روانین. میرشکار: سەرکردەی تیپی راوچی یان، مـەبەس لەو راوچـی یانەیە کە بە بنەو بارخانەوە ئەچن بۆ راو. واتە: وادەی بە رێ دا لاکردنەوەی جوان چاکەکانە بۆ قسە، وەکاتی تەماشای راوە ئاسکی راوچی یە پۆشتەو پەرداخەکانە.
(٥) لوا: رۆیشتن. واتە: هەی شەماڵی نامەرد ئەوە چیتە، خـەوت لێ کـەوتووە، وا هـیچ ترسی ئەوەت لە دڵدا نیە کە دۆست کوێستانی بەجێ هێشتووەو رێگای زەهاوی گرتووەتە بەر.
(٦) شۆ: برِۆ. دەرمان: تیمار کردن. واتە: برِۆ بۆ لای ئەو دۆستە کە دەرمانی تیمار کردنی هەموو دەردێکی سەختی دڵە.

مـــدیۆ وە فـــیرقەی زەلیـــلان خـــێڵ
دیـار نـیەن مـەعدووم لۆنگ خـەم وە پـێڵ(١)

مـــەپەرسۆ حـــاڵم، ئـــێدش دەر جـواو
واچـــە ئـــەو فـــەقیر سـفتەی دڵ کـــەواو(٢)

ئـــانا دەور مـــدۆ وە «شـــاهۆ» کـــۆوە
وە ســـــزای دووری دیـــدار تـــۆوە(٣)

هـــەریەك چـــەنی یـــەك وادەشـــا کـــەردەن
وادەشـــان راســـەن تـــا وە رۆی مـــەردەن(٤)

ئـەو، تـا سایەی بـەرد، ئـەو تـا بـۆ وە گـەرد
ئەو تەم‌و ئەو خەم، ئەو سـەردی، ئـەو دەرد(٥)

خـــۆلاســـەی کـــەلام نـــوور دیـدەی دڵ
شـیفای ئـێش‌و نـێش زامـان پـێ حـاسڵ(٦)

---

(١) مدیۆ: ئەڕوانێ. لۆنگ: بەرماڵە شڕ. پێڵ: شان. واتە: کـە سـەیری تـاقمی هـەژارانـی خێڵەکە ئەکا من نابینێ کە بەرماڵی خەمم کردووتە شانم.
(٢) واچە: بڵێ. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی‌دا دێ.
(٣) واتە: کە ئەحواڵی پرسیم وای وەرام بدەرەوە بڵێ ئەو هەژارە دڵ وەك کەباب برژاوە، لە تاو دەردی دووریی تۆ هەر خول ئەخوا بە دەوری کێوی شاهۆ دا.
(٤) مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.
(٥) واتە: مەعدوومی‌و شاهۆ گفتیان کردووە بە یەك، وە ئەو گفتەیان ناشکێنن تا ئەم ئەچێتە ژێر سێبەری بەردی ئەلحەدو ئەو لە ڕۆژی قیامەتا ئەبێ بە تۆز، بڕیاریان داوە شاهۆ تەم‌و سەرمای لێ نەبڕێ‌و مەعدوومی خەمی لە دڵ دەرنەچێ‌و لەشی بێ دەرد نەبێ. مەولەوی کە ئەڵێ «تا شاهۆ ئەبێ بە تۆز» ئیشارەت بۆ ئەو ئایەتە ئەکا کە ئەڵێ ﴿وَتَكُونُ الْجِبالُ كَالْعِهْنِ الْمَنْفُوشِ﴾ واتە: شاخەکان وەك لۆکەی شی‌کراوەیان لێ دێ.
(٦) مەعنای ئەم شیعرەش لەگەڵ شیعری دوایی‌دا دێ.

سـەوزەی حـەیاتم رسـتەی وەفـای تـۆن
ئـەر وەفـات نـەبۆ زیندەگیم جە کۆن؟[١]

[٤]

شەماڵ داخان

شـەماڵ داخـان.. شـەماڵ داخـان..
شەماڵ، یا کۆگەرد، گرد یاگە داخـان..[٢]

شـانە شـانای تـای تـوڕەی وەر زاخـان
مـڵەمـای بـاڵای نـەوتووڵ بـاخان[٣]

هـانام تـۆ خـودا، پـەنام ئاوردەن
هـا، نـام خـودام سـا پـەوکە بـەردەن[٤]

جـە وێ بـەرگ گشت، کشت هـەوادەرنـی
هـەوای زامـەت کـەر، زام دەواکـەرنی[٥]

---

(١) رستە: رواو. واتە: بەکورتی ئازیزەکەم کە دەرمانی هەموو دەردێکمی، پەڵە سەوزەی ژیانم بە ئاوی وەفای تۆ رواوە، ئەگەر تۆ وەفات نەبێ من چۆن ئەژیم.

[٤]

(٢) داخان: کێوەکان. کۆگەرد: کێوگەڕ. واتە: ئەی شەماڵی سەرکێوەکان کە هەموو ئەو شوێنانە ئەگەڕێیت کە جاران یاران تیا دائەنیشت، وە ئێستا بوون بە جێگای خەم و مەینەت، چونکە ئەو رۆژانەمان ئەخەنەوە یاد.

(٣) شانا: وەشێن. وەرزاخان: گیای لای پاڵی تاش و بەردەکان. مڵەما: نەرمکەر. واتە: ئەی شەماڵ کە ئەچی بۆ ناو گیای لاتاش و بەردەکانا، وەك شانە بچی بە ناو زوڵفی لوولی یاری باڵابەرزا، وە لقە تازە رواوەکانی ناو باخەکان نەرم ئەکەیتەوە.

(٤) هانا: هاوار. پەوکە: بۆیە. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی و نیوەی یەکەمی شیعری پاشتر پێکەوە دێ.

(٥) وێ: خۆت. کشت: کشت و کاڵ.

بــدیە وە مــدرای ســەیل ئــەسر چــەم
فـیدای بـاڵات بـام هـەی شـەماڵ تـۆ هـەم[١]

ئــەر نــیمە شــەو بــۆ، وەر نــیمە شــەو بـۆ
نــیمە خــەو، پــڕ خــەو نــە نیمە خـەو بـۆ[٢]

وێت دەر وە نــــەرمی نــــە تــۆی یــەمانی
نــــەو تــورەی مــانی ئــاو حــەیوانــی[٣]

ســا ئــەوسا نــە خــاو چــون بــێدار مـەبۆ
جـە ئـەو سـات ئـەو سـات ئـاشکار مـەبۆ[٤]

مـدیۆ، مـدیەی چـێش، شـەماڵ چـێش مـدیۆ
مـەپەرسۆ چـێشـەن هـای شـەماڵ جـەنۆ؟[٥]

---

(١) بدیە: بڕوانە. مدرا: وەستان. ئەسر: فرمێسك. واتـە: تۆ خـوا هـاوارم بـۆ هـێناوی سەیرێکی وەستانی لافاوی فرمێسکی چاوەکانم بکە... بۆیە ناوی خوا دێنم چونکە تۆ خۆت کردووە بە جل و بەرگ بۆ هەموو شتێ، وە باوەشێنکەری کشت و کاڵی و ئارەزووی زەحمەت دانی دڵداران ئەکەی و تیماری زامەکانیشیان ئەکەی... بەکورتی چونکە دەردو دەرمان هەموو لە خۆتەوەیە. مەعنای نیوەی دووهەمی ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٢) وەر: پێش. نەنیمەخەو بۆ: نیوەخەو نەبێ.

(٣) یەمانی: جۆرە قوماشێکـە. مـانی: هـونەرمەندێکـی بـەناوبانگ بـووە نـەخشی زۆر جوانی کێشاوە. واتە: بەقوربانت بم شەماڵ ئـەوەشم بـۆ بکـە بـڕۆ بـۆ لای یـار، وەخت نیوەشەو بێ، وە یار لە پرخەی خەوا بێ تازە خەوی لێ کەوتبێ، گوێ مەدەرێ بە ئارامی لە ژێر لێفە یەمەنی یەکەوە خۆت بدە لە زوڵفە لوولەکانی کە ئەڵێی مۆری توغڕایەو مانی نەخشی کێشاوەو بە سەر ئاوی حەیاتەوەیەکە ڕوویەتی.

(٤) خاو: خەو. سات: سەعات. واتە: جا ئـەوکاتەکـە لە خـەو خـەبەری ئـەبێتـەوە، لەو سەعادتەدا لە جوانی ئەو یارە سەرسام ئەبی وەك ساعەتی قیامەتت هاتبێتە بەر چاو.

(٥) مدیە: ڕوانین. واتە: ئەڕوانێ، چۆن ڕوانینێ؟ بۆچی ئەڕوانـێ؟ لێت ئـەپرسێ ئـەڵێ: ئەوە شەماڵ دیسانەوە چی ڕووی داوە وا هاتووی؟

بــــدیە وە ســـەختی ســـزای ئـیـێش‌و نـیـێش
هەنی واچوون چێش، شەماڵ واچی چـێش[١]

ئـەر هـەر مـواچـی، واچـە: چـێش واچـوون
واچوون ئێد واچە: وە سـەر گـەردت بـوون[٢]

رام گـــنا نـــاکـــام وە نـــاکـــام داریٚ
چەنی؟ چەنی خـار، چـەنیٚ خـار؟ خـاریٚ[٣]

ئـیبتیدا مـەعرووز پـەی نـەزەر، وە خـەو
ئـەر ویـنۆ گـەردیٚ دەرد سـەختی ئـەو[٤]

ئەر سـەد جـاریٚ بـۆ نـەو نـەمام، نـەو دەشت
فـــەرقیٚ نـــمەبۆ پـــەی لوای بـــەهەشت[٥]

---

(١) هەنی: لەمە زیاتر. واتە: شەماڵ چیت پیٚ‌بڵێم تا تۆیش بەوی بڵێیت، خۆت سەیری سزای ئێش‌و ئازارم بکەو حاڵی ببەکە چۆنی وەرام بدەیتەوە.
(٢) مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.
(٣) رام گنا: رێم کەوتە. ناکام: بە بیٚ مەبەست بوون. چەنی «ی یەکەم»: چۆن. چەنی «ی دووهەم»: لەگەڵ. واتە: ئەگەر هەر ئەڵێی بڵیٚ چی بڵێم؟ ئەڵێم ئەمە بڵیٚ: بەقوربانت بم بەڕێکەوت رێم‌کەوتە لای دڵدارێکی وا دڵێکی بە مراد نەگەیشتووی هەبوو، ئەگەر پرسی: چۆن بو؟ بڵیٚ: دڕکی خەم‌و مەینەتی پێوە بوو، وە ئەگەر پرسی: دڕکەکەی چۆن دڕکیٚ بوو؟ بڵیٚ: دڕکێکی وابوو لە باس کردن نە ئەهات.
(٤) وینۆ: ببینیٚ. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.
(٥) نمەبۆ: نابیٚ. بۆ ئەوەی بە باشی لە مەعنای ئەم دوو شیعرە بگەین ئەبیٚ لە پێشا ئەوە بزانین کە خوا لە ئایەتێکا فەرموویەتی: ﴿اَفَلا يَنْظُرُونَ اِلَى الْاِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ﴾. واتە: ئەوە خەڵك سەیری وشتر ناکەن چۆن دروست کراوە، تا لەوەوە باوەڕ بە گەورەیی خوا بکەن، وە ئەم ئایەتە یەکەمی ریزە ئایەتێکە کە چەند شتێکی تیا پیشان دراوە بۆ سەیر کردن‌و بیر کردنەوە بە هۆیانەوە لە گەورەیی خوا. هەروەها لە ئایەتێکی ترا فەرموویەتی: ﴿وَ لا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ حَتّٰى يَلِجَ الْجَمَلُ فى سَمِّ الْخِياطِ﴾. واتە: کافرەکان ناچنە بەهەشت تا وشتر نەچیٚ
☜

تـــەمام دەوایـــی جـــە دەســـتت پـــێتـــەن
هـــەنی نـــەوەشی بـــە دەست وێتـــەن[١]

••••••

[٥]

شەرارەی کوورەی

شـــەرارەی کـــوورەی دەروون پـــڕ جـــۆش
دیگ چـــەمەی چـــەم ئـــاوەرد وە خـــرۆش[٢]

ســـەر کـــەردەن هـــووناو نـــە رووی روخســـارم
کـــەردەن وە شـــەتاو جـــەستەی خـــەمبارم[٣]

وەلوەلەی لوولەی پـــێشـــەی ئـــازای چـــاك
یـــاوا وە ســـەرین نـــۆ پـــەردەی ئـــەفلاك[٤]

☞

بەکونی دەرزی دا. جا کە ئەمەمان زانی ئەتوانین بە باشی لە مەبەسی مەولەوی بگەین. مەولەوی بە شەماڵ ئەڵێ: بڵێ بە یار، وشتر کە یەکەم شتە پیشان دراوە بۆ ئەوەی سەیری بکرێ بە هۆیەوە بیر لە گەورەیی خوا بکرێتەوە، ئەگەر بێتوو بە خەو ئەوەندەی تۆزێك لە مەینەت باری دۆستەکەت ببینێ، ئەوەندە باریك و لاواز ئەبێ، ئەگەر مەسەلەی بەکونی دەرزییاچوونەکە لە جیاتی جارێ سەد جار بێ، پیایا ئەڕوا، وە ئیتر لە دەشتی مەحشەرا جیاوازی نامێنی لە نێوانی کافرو موسوڵمانا بۆ چوونە بەهەشت.

(١) نەوەشی: نەخۆشی. واتە: هەموو دەرمانێك لە دەستی خۆتایەوە بە خۆتە، هەروەك نەخۆش خستنیشت بە دەستە، کەواتە فریای کەوەو چاری کە...

[٥]

(٢) دیگ: مەنجەڵ. چەمە: سەرچاوە. خرۆش: کوڵ. واتە: بڵێسەی تەنووری دەروونی بە جۆشم مەنجەڵ ئاوی سەرچاوەی چاومی هێنایەکوڵو فرمێسکی بە خوڕ لێ رژاند.

(٣) واتە: خوێناو لە چاومەوە لێشاوی کردووەو لەشی خەمبارمی وەك شەتاو لێ کردووە.

(٤) وەلوەلە: ئاوازە. پێشە: ئێسقان. چاك: لەت لەت. واتـە: دەنگـی شـمشاڵی ئێسـقانی تێك شکاوی لەشم گەیشتووەتە ئاسمانی حەوتەمو عەرش و کورسی.

پەرێم مەگرەوان ئینس و جینن و حوور
ناڵە مەکاران جە دەرگای غەفوور(١)

مەلاڵان یەك یەك پەرێ رزگاریم
پەرێ سارێشی زامان کاریم(٢)

تۆ نە تۆی حیجاب ئیستیغنا مەدهۆش
نە حەجلەی خاوگای راحەتی خامۆش(٣)

نەیاوان هێمان وە لات فەریادم
نەزانات وە دەرد دادو بێدادم(٤)

سا گۆش دەر ساتێ وەی زیرو بەمدا
بویەر وە باڵین ئەهل ماتەمدا(٥)

تا لێت مەعلووم بۆ سەختی هیجرانت
بزانی وە دەرد خەستەی زامانت

بەڵکم رەحم خەیر باوەری وە دڵ
ساتێ پەی دەروون تەسکین بۆ حاسڵ(٦)

---

(١) مەگرەوان: ئەگرین. واتە: ئادەمیزادو جنۆکەو حۆری‌یەکانی بەهەشت بۆ ئەگرین و ئەپاڕێنەوە بۆم لە قاپی خوا.
(٢) واتە: هەموویان ئەلاڵێنەوە بەڵکو رزگار ببم و زامە کاریگەرەکانم سارێش ببن.
(٣) حیجاب: پەردە. حەجلە: پەردەیەکە دائەدرێتەوەو بووکی تێ ئەچێ. خاوگا: جێگەی خەو. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایی‌یەوە.
(٤) هێمان: هێشتا. واتە: کەچی تۆ لە ناو پەردەی بێباکی‌دای و ئاگات لەکەس نیە، وە لەسەر جێگای رابواردن و نووستنی خۆتا خۆت مات کردووە، هێشتا هاوارو فوغانی منت پێ نەگەیشتووەو پێت نەزانیوە.
(٥) زیروبەم: ئالەتێکی موسیقایە. بویەر: رابوورە. باڵین: ژوورسەر. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێ.
(٦) باوەری: بێنی. واتە: مادەم بە حاڵی منت نەزانیوە، تاوێك گوێ بگرە لە سازو

☜

چـــینە زیـــاتەر، شـــای نـەو نـەمامان
بـێ ئـینسافی‌یەن جـەفای بـێ سـامان(١)

[٦]

شی ئەو سەفاو سەیر(٢)

شـــی ئـەو سـەفاو سـەیر دیـدەن یـاران
لوا ئـــەو دووری‌و ئـــەو وەسڵ یـاران(٣)

ئـێد نـە ئـەو دەورەن هـەر ماماو مـەویەرد
ئەم جار وە راسی چـەپگەرد شـانا نـەرد(٤)

وەخت تـــەماشای ســـەوزەی شـــەتاوان
ســـەیر شکـــۆفـــەی پـــای لارە کـاوان(٥)

☞

سەمتووری هاوارو ناڵەم، وە بەلای جێگەی خەفەتبارانا تێپەڕە، تا بزانی دەردی دووریت چەند ناڕەحەتەو تێبگەی ئەوەی کە بە زامی تۆ بریندار بووە لە چ حاڵێکدایە، بـەڵکو بەزەییت پیا بێتەوەو کارێ بکەی تاوێ بحەسێتەوە.

(١) چینە: لەمە. واتە: شای تازە پێگەیشتووەکان ئینساف نیە لەمە زیاتر سزای بدەی.

[٦]

(٢) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە بەغداوە نووسیوە بۆ کاك ئەحمەدی خەسرەو چاوەش «ئەحمەدی پرێسی» کە لە شارەزوور بووە.

(٣) شی: بەسەرچوو. واتـە: ئـەوکـەیفـو ئـاهەنگەی جارانـی چـاو پـێکـەوتنی یـاران بەسەرچوو، وە ئەوە نەماکە لە یار دوور بکەوینەوەو بە تەما بین پێی بگەینەوە.

(٤) ماما: ئـەهات. واتـە: ئێستا زەمـانی ئـەوسا نـیەکـە نـاخۆشـیمان بـەسەرا ئـەهاتو تێئەپەڕی، ئێستا گەردوون بە یەگجاری زاری ناخۆشی هەڵداوە، وە جارێکی‌تر خۆشی نابینینەوە.

(٥) شکۆفە: گۆپکەی درەخت. پا: داوێن. لارەکاوان: لێژایی شاخە بەرزەکـان. مـەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.

مـەدارە نـەو بـەزم شكـۆفـان جـەم جـەم
هـــەنی شكـــۆفـە دیـدەنی وە چـەم[(١)]

مـەوج دەجـلەی چـەم تـوغیان كـەردەوە
گـــێج هـــوون دڵ جـۆش ئـاوەردەوە[(٢)]

ئـەو سـارای بـەغداش ئـاوەردەن وە تـەنگ
ئـێد كـەردەن سـارای كـەربەلا رەنگ

ئـەو جـە ئـەندازەی كـەشتی بـەرشی یـەن
ئـێد بـۆی هـوون مـدۆ، رای گـوزەر نـیەن[(٣)]

ئـــەر نـــامە نـــامان قـــاسید نـەیاوان
بـــینایی دیـــدەم مـــەگـــێرە تـاوان[(٤)]

راویـــار مـــاتەم، گـــرد دەروون تـەنگەن
قـــافڵەم تـــا قـــام قـیامەت لەنگـەن[(٥)]

---

(١) واتە: بەهاران لەكاتی تەماشا كردنی سەوزایی گوێ شەتاوەكانو سەیری گـۆپكـەی درەختی داوێنی چیاكانا، لەكاتێكا كە گۆپكەی درەخت كۆمەڵ كۆمەڵ هەڵ ئەتۆقێن، تۆ بە هۆی خەمباریتەوە لە بەر دووری دۆستان، سەیری ئەو گۆپكانە مەكەو لەزەت لە دیمەنی بەهار وەرمەگرە.
(٢) توغیان، «طغیان»: سەركردن. گێج: ئاوی تەنوورەكردوو. مەعنای ئـەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێكەوە دێ.
(٣) واتە: شەپۆلی فرمێسكی چاوەكانم وەك ئاوی دەجلە هـەڵساوە، وە خـوێنـی دڵم هاتووەتەكوڵ، ئەویان دەشتی بەغدای داگرتووەو لەوەدا نەماوەكەشتی بگەڕێ، ئەمیشیان سەحرای كەربەلای سوور كردووە، وە لەبەر بۆنی خوێن رێی هاتو چۆ كردن بڕاوە.
(٤) قاسید: نامەهەڵگر. مەعنای ئەم شیعرەلەگەڵ شیعری دوایی دا دێ.
(٥) راویار: رێبوار. قام: بەرپابوون. واتـە: ئازیز گلەییم لێ مـەكـە ئـەگـەر نـامەمتان بـۆ نـەهاتبێو فـروستادە نـەگـەیشتبێتـە بـەرەوە، چـونكە رێبـوارەكـان هـەموو دڵتـەنگو خەفەتبارن، وەكاروانم هەمیشە شەلەو درەنگ ئەگاتەجێ.

[٧]

شیفای ئێش و دەرد(١)

شـیفای ئـێش و نـێش ئـەی زامـان سـەخت
«ضیا»ی دیدەو دڵ مـەعدوومی بـەدبەخت(٢)

دەسـتـەی وەنـەوشەی پـەل دێزت یـاوا
بۆش بـۆی وەفـای لەیـل نـە دەمـاخ سـاوا(٣)

گـــەرد دەرد ڕێش دەروون بـــەردەوە
عـــەشقەکـەی قـەدیم تـازە کـەردەوە(٤)

سـەودای وەنـەوشەی پـەلدێز بـاخان
هـەوای گـوڵاڵان سـەر کـاوان زاخـان(٥)

پـەی کـەسێ خـاسەن ئـەوەڵ دەردش بـۆ
ئـیبتیدای خـێزیـای دوود سـەردش بـۆ(٦)

کـەرۆ مـەشق عـەشق وێنـەی مـناڵان
گـا سـەیر کـاوان، گـا بـۆی گـوڵاڵان

نـەك چـون مـن سـەرعی سـادار مـەردە
لافـاو دەردان دڵ وێران کـەردە(٧)

---

[٧]

(١) مەلەوی ئەم قەسیدەیەی بۆ شێخی «ضیاالدین» نوسیوە لە وەرامی ئەوەدا کە ئەو چەپکەیەك وەنەوشەی بۆ ناردبوو.

(٢) ئەی: ئەم. «ضیا»: ڕۆشنی، ئیشارەیشە بۆ لەقەبی «ضیاءالدین».

(٣) واتە: چەپکە وەنەوشە پەل سەوزە تۆخەکەت گەیشت، بۆنە خۆشەکەی بۆنی وەفای لەیلیدا لە لووتم. مەبەس لە لەیل شێخی «ضیاءالدین» خۆیەتی.

(٤) واتە: تۆزی دەردی دڵە بیمارەکەمی لابرد.

(٥) سەودا: ئارەزوو. مەعنای ئەم شیعرەو سێ شیعری پاشەوە پێکەوە دێ.

(٦) خێزیا: هەڵسان.

(٧) سەرعی، صرعی: فێدار. سادار: کەسێکە هەر لە خۆیەوە لە هۆشی خۆی بچێ.

کوورەی عەشق دڵ هەر یەند جۆش وەردەن
گـوڵاڵەم چـون وێم فـەرامۆش کـەردەن[(١)]

[٨]

شادی گەرد خەم[(٢)]

شـادی گـەرد خـەم چـۆن نـەدۆ وە بـاد
خـەم چـۆن وە یـاگـەی شـادی نـەبۆ شـاد[(٣)]

ئـازیز، وە کـەرەم مـن تـەڵەب کـەردەن
مـن دەرد دووری تـەوانـام بـەردەن[(٤)]

دڵ چـۆن وەش نـەبۆ، گـیان چۆن نـەتاوۆ
لەیـل ئـینتیزار بـۆ، مـەجنوون نـەیاوۆ[(٥)]

☞

واتـە: ئـارەزوو کـردنی وەنـەوشەی پـەل دێزی ناوباخەکانو حەز کردن لە گوڵی سەریەرزایی و زەردو ماکان بۆ کەسێ باشەکە سەرەتای دەردەدار بوونو هەڵسانی دووکەڵی هەناسەی سەردی بێ، وە وەك منداڵان تازە فێری دڵداری ببێ و تاولك بۆ شاخەکان بڕوانێ و تاولك بۆنی گوڵ بکا، نەك وەك منی فێداری بێهۆشی مردوو کە لافاوی دەرد دڵی وێران کردووم.

(١) واتە: من تەنووری عەشقم ئەوەندە بە تاوە، لە تاوا گوڵیشم وەك خۆم لە بیر چووەتەوە.

[٨]

(٢) مەلەوی ئەم قەسیدەیەی بە بۆنەی ئەوەوە نوسیوەکە جارێکیان دۆستێکی ناردبووی بە دوایا بچێ بۆ لای.

(٣) نەدۆ: نەدا. واتە: شادی چۆن گەردی خەم نەدا بە با، وە خەم شاد نەبێ بە جێگە ناخۆشەکەی جارانی شادی.

(٤) واتە: من کە دەردی دووری توانای لێ سەندووم، ئازیز بە لوتفی خۆی بانگی کردووم.

(٥) نەتاوۆ: نەتوێتەوە. واتە: جاران مەجنوون ئەبوایە چاوەڕوانی لەیل بوایە، ئێستەکە لەیل چاوەڕوان بێ و مەجنوون نەگاتە بەرەوە، ئەبێ دڵ یەکجار شاد بێ و گیان لە خۆشی دا بتوێتەوە.

بــێ ئــەمری فــەرمان ئــازیز تــا وەکــەی
هایدەروێش،نەیچی،مەیچی،دەف،مەی،نەی(١)

بــەڵ بــاڵ بــەیداخ تــاقەت ئــەو پــا بــۆ
بــۆی تــەئسیر بــەزم بــەدرەقەی را بــۆ(٢)

دەفئــاسا بــەو ســۆز نــاڵەو سەداوە
روو ئــەو یــاران بــوو، پشت ئەو دماوە(٣)

دەس گێروو نە سەر سەدای نەی پەی
تــا وە ئــینتیهای ئــەو سەر سەدای نــەی(٤)

چون پیاڵەی ساف دەروون جە مەی کەیل
بنمانوو خاس خاس عەکس چیهرەی لەیل(٥)

---

(١) واتە: تاکەی بێ فەرمانی ئازیز بکەمو نەچم بۆ لای، دەروێش دەسم دامێنت زووکە بدە لە دەفەکەت، کاکەی شمشاڵژەن تۆیش شمشاڵەکەت بنێ بە دەمتەوە، با ساقیش دەس بکا بە مەیگێڕان.

(٢) ئەوپابۆ: راست بێتەوە. بەدرەقە: رەوانەکردن. واتە: بەڵکو باڵی بەیداخی تاقەتم راست بێتەوەو بۆنی کار تێکردنی ئەم ئاهەنگە لەگەڵما بکەوێتە رێ.

(٣) واتە: بەڵکو بە هۆی سۆزی ناڵەو دەنگی دەفەوە هێزم بێتەوە بە بەراو وەك دەف روو بکەمە یاران‌و پشت بکەمە دوواوە.

(٤) دەسگێروو: دەسبگرم. واتە: وە لەسەر ئاوازی نەیەکە چینچین هەڵپەڕم تا لێ ئەبێتەوە.

(٥) بنمانوو: بنوێنم. واتە: وە عەکسی رووی لەیلم تیا دەرکەوێ وەك لە پیاڵەی سافی پڕ لە مەیدا دەرئەکەوێ.

[٩]

شووراى عاشووران(١)

شووراى عـاشووران ديسـان بـەزمش بـەست
«موحەڕڕەم» ئاما «مەحرەم» شى نـە دەست(٢)

ئــەو خــەريك نــە چــۆڵ شـار عــەدەمدا
مــن نــە «كــەربەلا»ى ســاراى مـاتەمدا(٣)

ئــەو «يــەزيد» مــەرگ وە ئــەسير بــەردە
مــن زادەى «زيــاد» خــەم يــەقير كـەردە(٤)

بـــــازاڕەن، وادەى مــــامەڵەن، ســــاقى
هــــەى بگــره فــانى، وەى بــدەر بــاقى(٥)

---

[٩]

(١) مەلەوى ئەم قەسيدەشى لە لاواندنەوەى عەنبەر خاتوونى خێزانيا وتووەكە وا ديارە لە مانگى موحەڕڕەمدا مردووە.

(٢) عاشوورا: ڕۆژى دەهەمى مانگى موحەڕڕەم كە يادى كوشتنى حەزرەتى حوسەينە. موحەڕڕەم: يەكەم مانگى ساڵى هيجرى. واتە: وا ديسان قەرەباڵغى سەنگ كوتانى ڕۆژى عاشوورا پەيدا بووەوەو مانگى موحەڕڕەم هات، وە من مەحرەمەكەى خۆم لەكيس چوو كە خێزانمە.

(٣) كەربەلا: شارێكە لە ناوەڕاستى عێراقدا حەزرەتى حوسەينى تيا شەهيد كراوە. واتە: عەنبەر خاتوون لە دەشتى چۆڵى شارى فەوتاوى و نەبوونىدا داماوە، منيش ئەوەندە خەفەتبارم ئەڵێى لە سەحرايەكى خەفەتاكەوتووم كە ئەوەندەى كەربەلا، لە ڕۆژى كوشتنى حەزرەتى حوسەين دا، خەمو خەفەتى تيايە.

(٤) يەزيد: كوڕى مەعاويە، ئەوەى لەشكرى كردە سەر حەزرەتى حوسەين و كوشتيان. زادەى زياد: ئەوەى لە زياد كەوتووەتەوە، مەبەس «عبدالله»ى كوڕى زيادەكە فەرماندارى لەشكرەكەى يەزيد بوو. يەقير: گير خواردوو. واتە: ئەو مەرگ بە ديل بردوويەتى كە وەك يەزيد وايە منيش خەمگيرى پێ خواردووم كە وەك «عبدالله»ى كوڕى زيادە.

(٥) ساقى: مەبەس لێى خوايە. واتە: خوايە ئەم جيهانە وەك بازاڕ وايە جێگاى مامەڵەكردنە، شتى فەوتاومان لێ وەربگرەكە ژيانى ئەم دنيايەيە، وە لە بەرامبەريا شتى نەبڕاوەمان بدەرێ كە ژيانى هەميشەيى بەهەشتە.

رۆ، «حوسەین»ئاسا فەردا کە رۆ بۆ
داخۆم سەر جە کۆ، لاشەم جە کۆ بۆ(١)

[١٠]

شەریك ناڵەی(٢)

شەریك ناڵەی شەوان بێداریم
مەڵهەمەکەی ئێش زامان کاریم

مەحرەم حەرەم کەعبەی مەقسوودم
رەهنومای تەریق یاگەی سجوودم(٣)

بە مەرگت دایم خدێم زاری‌یەن
رەفێقم ناڵەی شەو بێداری‌یەن(٤)

خەریکم نە گێج بەحر موشکوڵدا
هەر دەردەن مەیۆ مشۆ وە دڵدا(٥)

---

(١) واتە: هەی رۆ... سبەینێ کە رۆژ بووەوە ئاخۆم منیش وەك حەزرەتی حوسەین سەرم بکەوێتە کوێ و لاشەم بکەوێتە کوێ.
مەولەوی لەم قەسیدەیەدا ئیشارەتی بۆ کارەساتەکەی حەزرەتی حوسەین کرد کە لە رۆژی دەی موحەڕڕەمی ساڵی ٦٠ی هیجریدا، «عبداللە»ی کوڕی زیاد، فەرماندەی لەشکری یەزید لە دەشتی کەربەلا داگەمارۆی داو سەری بڕی و سەرەکەی نارد بۆ شام بۆ یەزید.

[١٠]

(٣) واتە: وەك چۆن حەرەمی کەعبە بە تایبەتی نەبێ بۆ کەس ناکرێتەوە، ئامانجەکانی منیش هەر تۆ پێیان ئەزانی شارەزایانی، وە تۆ رێگای جێگای سوجدە بردنم پیشان ئەدەی. مەبەسی لە سەردانەواندە بۆ خۆشەویستی.

(٤) خدێ: خوو.

(٥) مشۆ: ئەچێ. واتە: لە گێژی دەلیای گیروگرفتا گیرم خواردووە، هەر تاوێ دەردێکی تازە دێ و ئەچێ بە دڵما.

[۱۱]

شنه‌فتم دووربا(۱)

شنه‌فتم دووربا له‌یل زوکامشه‌ن
دیشوار بالای نه‌ونه‌مامشه‌ن(۲)

هه‌ناره‌که‌ی دڵ پڕ جه دانه‌ی ئێش
پیشیای کووره‌ی نار عه‌شق وێش(۳)

به مه‌ودای موژگان سۆراخش که‌رۆ
وه گه‌رمی نیشان ده‌ماخش ده‌رۆ(۴)

[۱۲]

شنه‌فتم گیانم(۵)

شنه‌فتم گیانم بالا تووڵ نه‌ی
ئیراده‌ت که‌رده‌ن چه‌نی خه‌سته‌ت به‌ی(۶)

---

[۱۱]

(۱) مه‌له‌وی ئه‌م چه‌ند شیعره‌ی بۆ دۆستێکی ناردووه‌که هه‌ڵامه‌تی بووه، ده‌رمانی تیا پیشان ئه‌دا بۆ هه‌ڵامه‌ته‌که‌ی.

(۲) دیشوار: گیرو گرفت. واته: بیستوومه له‌یل، دوور بێ لێی، هه‌ڵامه‌تیه‌تی وه بالای نه‌ونه‌مامی ناڕه‌حه‌ته.

(۳) پیشیا: پیشاو. مه‌عنای ئه‌م شیعره‌و شیعری دوایی پێکه‌وه دێ.

(۴) موژگان: برۆ. سوراخ: کون. ده‌رۆ: بدا. واته: دڵه‌ی وه‌ك هه‌نارم که پڕه له ده‌نکی ئێش‌و ئازار، له ناو ته‌نووری ئاگری عه‌شقی خۆیا بپیشێنێ، وه به تێغی برژانگی خۆی کونی کاو بژنه‌که‌ی هه‌ڵمۆێ چاك ئه‌بێته‌وه. به‌کورتی هه‌نارێ بپیشێنێ‌و کونی بکاو بۆنی پێوه بکا.

[۱۲]

(۵) مه‌له‌وی ئه‌م چه‌ند شیعره‌ی به بۆنه‌ی ئه‌وه‌وه نوسیوه‌که دۆستێکی نیازی بووه له‌گه‌ڵیا بڕوا بۆ سه‌فه‌رێك، ئه‌میش ئه‌وه‌ی زۆر پێ خۆش بووه.

(۶) گیانم: گیانه‌که‌م. نه‌ی: قامیش. به‌ی: بێیت. له هه‌ندێ نوسخه‌دا له جیاتی «خه‌سته‌ت» نووسراوه «هاوڕێ» مه‌عنای ئه‌م شیعره‌و شیعره‌کانی پاشه‌وه پێکه‌وه دێ.

مـەگـەر پـای تـەدبیر بـەدبەختی ڕێش بـۆ
گیان هەوای سوحبەت جـەستەکـەم پـێش بـۆ

وەرنـــە شـــێتـــە وێم، دڵ وەشـــی دڵەن
گیان جە تـەن بـەرشی ئـاماش مـوشکوڵەن[١]

(١) شێتە: شێتۆکە، نەفام. بەرشی: دەرچوو. واتـە: ئـازیزە بـاڵا وەك قـامیش بـەرزەکـەم بیستوومە ویستووتە لەگەڵ منی دەردەداری خۆتا بێیت، بەڵام مەگەر قاچی تەگبیر کردنی بەدبەختی شکابێ، تۆ کە گیانمت لایە بتەوێ بێ بە هاوڕێی لەشم، ئەگینا قوڕ بەسەرم مەگەر بەم جۆرە هیوایانە هەر دڵی خۆم خـۆش کـەم، چـونکە گـیان لە لەش دەرچـوو زەحمەتە جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ لای.

تیپی ضاد

MAWLAWI.KRD

[١][١]

«ضیا»ی دڵ[٢]

«ضـــیا»ی دڵ نــامەت وە لای دڵ ڕێشـــان
یــاواو ڕەنگــین کــەرد بــەزم دەروێشان[٣]

شـنەفتم پـەرێت ڕاس گــێڵا چـەپ گـەرد
بــە وەســـڵ لەیـلا شـادمانت کــەرد[٤]

دڵ وە نــزیکی هــەر یــەند مــەسروور بـی
جە سزای مـەینەت ڕای دووری دوور بـی[٥]

پـەرێ تـۆ ڕاحـەت، پـەرێ مــن زامـەت
وەردەبـــێم هـەردوو تـا ڕۆی قـیامەت[٦]

تـۆ نـە تـۆی بـاخچەی وەسـڵ دڵبـەردا
مـن نـە پـێچ گـێج دەریـای خـەتەردا[٧]

---

(١) شیاوی وتنە کە پیتی ضاد لە کوردیدا نیە، بەڵام بە بۆن ئەوەوە کە ناتوانین وشـەی «ضیا» بگۆڕینە سەر شێوە نووسینی کوردی، بـەم بـۆنـەوە، هـەر بـە «ض» هـێنـاومانە. (بڵاوکەرەوە، ناشر).

[١]

(٢) مەلەوی ئەم قەسیدەیەی بۆ شێخ «ضیاءالدین»ﷺ نوسیوە لە وەرامی نامەیەکی ئەوا کە مژدەی هاتنەوەی دۆستێکی تیا بووە.

(٣) واتە: ئەی ڕووناکی دڵم، نامەکەت کە بۆ مـنی دڵ بـرینـدارت نـووسیبوو گـەیشت، وەکۆڕی ئاهەنگی هەژارانی خۆش کرد.

(٤) گێڵا: وەرگەڕا. واتە: بیستم گـەردوونی چـەپ گـەرد بـۆ تـۆ ڕاست دەرچـوو، وە بـە وەسڵی یار دڵشادی کردی.

(٥) واتە: دڵم بە نزیك کەوتنەوەی لە لەیل یەگجار شـادمان بـوو، وە دوور کـەوتەوە لە چەشتنی سزا بە بۆنەی ڕێگای دووری تۆوە.

(٦) وەردەبێم: بخۆین. واتە: یاخوا تا ڕۆژی قیامەت تۆ هەر ڕەحەت بیو من مەینەت بچێژم.

(٧) واتە: تۆ لە باخچەی وەسڵی یارا ڕابوێریو من لە گێژو تەنوورەی دەلـیای خـەتەردا وەختم بەرمە سەر.

تیپی فێ

[١]

فەڵەك بێ فرسەت

فەڵەك بێ فرسەت.. فەڵەك بێ فەرسەت
ئەی چەرخ چەپ گەرد، بێ سەبرو فرسەت(١)

غەددار بەدكار، بێوادەو بەینەت
پڕ جەورو ستەم بێ میهرو مۆبەت(٢)

فەڵەك، وە بەختم چ نەردێ شانای
نامەی حەیاتم وە هیچ نەوانای(٣)

مەزرەعەی شادیم دای وە فەنادا
پووشەكەی جەستەم وە سۆزەی بادا(٤)

ئازیزم جە من بێگانە كەردی
شەرت دۆسیمان جە بەین لابەردی(٥)

عەهدو مۆبەتت نە ویرش بەردەن
نە مەرهەم زام، نە دەوای دەردەن(٦)

---

[١]

(١) بێ فرسەت: ماوە نەدەر. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «بێ سەبرو فرسەت» هەر «فەڵەك بێ فرسەت» دووبارەكراوەتەوە.

(٢) وادە: وەعدە، بەڵێن. بەینەت: بەین، میانە. میهر: خۆشەویستی.

(٣) نەوانای: نەتخوێندەوە. واتە: ئای فەڵەك چ نەردێكت هەڵدا بۆ بەختی من، لاپەڕەی مێژووی ژیانمت بە هیچ نەخوێندەوەو گوێت نەدایە.

(٤) واتە: كێڵگەی شادیو خۆشەویستیمت فەوتاند، لەشی وەك پووش باریك بوومتدا بە دەم باوە.

(٥) واتە: ئازیزمت لێ كردم بە بێگانەو مەرجی دۆستایەتیت لە نێوانمانا نەهێشت.

(٦) واتە: بەڵێنو خۆشەویستیت لە یادی دۆست بردووەتەوە، ئێستا نە مەڵهەم ئەنێتە سەر زامەكەم وە نە دەرمانی دەردم ئەكا.

فـــیراقش فـــەرقم تـــا وە پـــەنجەی پـــام
ڕەنگو ریشـــەو پـــۆس جـیا کـــەرد تـــەمام(١)

لافـــاو ئـــەسرین نـــە چـــەم هـــۆر ڕێزا
وەڵگـــەکـــەی ســـەر تـــەڵ حـــەیاتم ڕێزا(٢)

هـــەر ئـــازام پـــەی وێش شـــینو زاریشـــەن
لاڵەو نـــاڵەی ســـەخت زام کـــاریشەن(٣)

تـــۆ بـــێ وەفـــاییت جـــە حـــەد بـــەرشیەن
بـــاکت جـــە فـــەریاد مـــەزڵومـــان نـــیەن

یـــەند ئـــازارم دای بـــێ ئـــەڕوام کـــەردی
وەسەن جەفاو جەور بـێ مـەیلیو سـەردی(٤)

شـــوهرەی مـــەجنوونیم لوان وە عـــالەم
کـــافر مـــەگـــرەوۆ پـــەی شـــوومی تـــاڵەم(٥)

ڕەحـــمێ کـــەر ئـــازیز جـــە هـــیجر حـــاڵت
مـــانوو پـــەی تـــەواف ئـــاسانەی مـــاڵت(٦)

---

(١) فەرق: تەوقەسەر. واتە: دووری ئەو یارە ڕەگو ریشـەو پێستی لەشمی لە تـەوقی سەرمەوە تا پەنجەی پێم هەموو لە یەك کردووەتەوە.
(٢) هۆرڕێزا: هەڵسا. تەڵ: لق. ڕێزا: وەری. واتە: لافاوی فرمێسك لە چاومەوە هـەڵساو گەڵای سەر تەلی ژیانمی وەراند.
(٣) واتە: ئێستا هەر ئەندامێکی لەشم بۆ خۆی شین ئەکاو لە تاو ئێشی زامی سـەخت ناڵەو هاواریەتی.
(٤) واتە: ئەوەندەت ئازار دام گیانت لا نەهێشتم، ئیتر با بەس بێ سزادانو بێوەفـایی کردن.
(٥) شوهرە: «شهرت»، ناوبانگ. لوان: ڕۆیشتووە. مەگرەوۆ: ئەگری.
(٦) واتە: ئازیز ڕەحمێکم پێ بکە با لە تاو دووری تۆ نەمرم، بەڵکو بمێنمەوە بۆ زیارەت کردنی بەردەرگای ماڵەکەت.

[٢]

فەسڵ نەو پایز(١)

فـــەسڵ نـــەو پـــایز تـــازەکـــەردەن مـــەیل
شەماڵ هەرزان کـەرد رشـتەی نـەو سـوەیل(٢)

گـێج سـەر کـاوان جـە سـەردی بین کـەیل
بـۆ مـدان چـون بـۆی بـێ وەفـایی لەیـل(٣)

ئـــازیز تـــاقەت شـــی ئـــاخر نـــەفەسەن
رەحـــمێ کـــەر ئـــامان ئـیستیغنا وەسـەن(٤)

بـــەر کـــەنار کـزەی دەروون پـڕ داخـــان
پـــەی تـــۆ تـەسدیعەن سـەردی لەیلاخان(٥)

جـــە قـــەتازەی خـــێڵ دیـــدە سـیاوان
بـــاقی هـــەوارگـــەی گـــەرمیان ئـــاوان(٦)

---

[٢]

(١) مەلەوی ئەم قەسیدەیەی بۆ دۆستێکی نووسیوەکە پایز داهاتووەو ئەو هەر لەکوێستان ماوەتەوە.

(٢) رشتە: رەنگ کراو. واتە: پایزی نوێ مەیلی تازەکردووەتەوەو هاتووەتەوە، شەماڵیش گەڵای ئەستێرەی سیوەیل زەرد کردووی وەراندووەو هەرزانی کردووە لە بن دارەکانا. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «شەماڵ» نووسراوە «رزان» بە مەعنای داوەرین.

(٣) مدان: ئەدەن. واتە: چاڵو شیوی شاخەکان پڕ بوون لە سـەرما، وە وەك بـێ وەفـایی لەیل چۆن بۆنی دێ، ئەوانیش بۆنی سەرمایان لێ دێ.

(٤) شی: چوو. واتـە: ئـازیز دوا هـەناسەمەو تـاقم نـەماوە، کـەم بـێ پـەروا بـە لە گـەڵم رەحمێکم پێ بکە.

(٥) بەر کەنار: بیخەرە لاوە. واتـە: چش گـوێمەدە بـە کـزەی دەروونـی دۆسـتە داخ لە دڵەکان، ئەگەر لەبەر خاتری ئەوان ناگەڕێیتەوە، هیچ نەبێ لەبەر ئەوە بگەڕێرەوەکە کوێستان ساردەو ناڕەحەتە بۆت.

(٦) ئاوان: ئاوەدانە. مەعنای ئەم شیعرە شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

گەرمەسێر دڵ مەعدوومی نەبۆ
وارگەش خاڵی‌یەن قیبلەم دوور جەتۆ(١)

کۆچێ کەر وە خەیر مەنزڵ وە مەنزڵ
تا قەدیم وارگەی گەرمیان دڵ(٢)

نەیاوایی، های ساقی زۆر ئاوەرد
تەفاوت نە بەین وەسف ئازیز کەرد(٣)

نمەدۆ نە چەم تار دڵەی تەنگ
بێ وەفایی دۆس سەفاو وەفا ڕەنگ(٤)

چون تەمام نە تەم غەفڵەتەنان گوم
سا مەی، نەك وە جام، های وە خوم وە خوم(٥)

تا یەکسەر مایەی خامیم بسانۆ
چون جەماڵ جەلال جە لام بنمانۆ(٦)

---

(١) وارگە: هەوارگە. واتە: هەوارگەکانی گەرمیان هەموو ئاوەدان بوونەتەوە بەریزی یارانی چاوڕەش، هەر گەرمیانی دڵی من چۆڵ چونکە تۆی تیا نیت.

(٢) واتە: کەواتە ئازیز بە خێر کۆچ بکەو مەنزڵ بە مەنزڵ بکەوە ڕێ تا ئەگەیتە دڵم کە هەواری گەرمەسێری خۆتە.

(٣) نەیاوایی: تێ نەگەیشتن. مەولەوی لێرەوە ڕووی قسە وەر ئەچەرخێنێ و ئەڵێ: کاکەی مەیگێڕ تێ نەگەیشتن زۆری بۆ هاوردووم بۆیە جیاوازیم خستە نێوانی سروشتەکانی یار کە باسی بێ وەفایی ئەوم کرد، ئەگینا دڵدار فەرق نەکا لە نێوانی هیچ سروشتێکی یاراو هەمووی پێ خۆش بێ.

(٤) نمەدۆ: دیاری نادا. تار: تاریك. واتە: لە بەر ئەوەیەکە تێ نەگەیشتن زۆری بۆ هێناوم، وا وەفاو بێ وەفایی یار لە چاوی تاریکی دڵەی خەفەتبارما وەك یەك نانوێنن.

(٥) خوم: کووپە. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٦) خامی: تێ نەگەیشتوویی. بسانۆ: لێ بسێنێ. جەماڵ: سروشتی میهرەبانی. جەلال: سروشتی بێ وەفایی. واتە: کاکەی مەیگێڕ لەبەر ئەوەکە بە تەواوی لە دەلیای نەزانین دا

[۳]

فەڵەك مشناسووت

فـەڵەك مشـناسووت كـارت چـەپ گـەردەن
دەست درازەن پـەی زامـان كـەردەن(۱)

چـێش مـبۆ ئـەی زام نـە دڵ نـەدەری
مـەحرووم وڵات قـیبلەم نـەكـەری؟(۲)

پـەی تـۆ دیـدەنی شـەم دیـدارەكـەش
پەی تۆ گۆش‌دای راز شـەكـەر وارەكـەش(۳)

بـەڵام بـا وەس بـۆ ئـەی تـاڵەی شـوومە
بـازەم دڵ وەشـم وەی بـەرو بـوومە(۴)

پـەی فـێنكـی دڵ هـەراسانەكـەش
كـافی‌یەن تـەواف رای ئـاسانەكـەش(۵)

☞

خنكاوم، دەسكە بە مەی دەرخواردداتم، بەڵام بەكوویە نەك بە پێك، بەڵكو بە یەگجاری هۆیەكانی تێ‌گەیشتنم لێ بسێنێ، وە سروشتی بێ‌وەفایی لەیلم وەك وەفاو میهرەبانی لە لا بنوێنێ.

[۳]

(۱) مشناسووت: ئەت‌ناسم. درازەن: درێژە.

(۲) نەدەری: نەدەی. واتە: چی ئەبێ ئەم زامە نەكەی لە دڵم، وە بێ بەشم نەكەی لە وڵاتی یار؟

(۳) شەم: شەمع، مۆم. گۆش‌دا: گوێچكە شل كردن. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پێكەوە دێ.

(۴) بازەم: لێم‌گەڕێ. واتە: چش با چاو پێ‌كەوتنی شەمعی رووی یارو، گوێ شل كردن بۆ قسەی وەك شەكر شیرینی، بۆ تۆ بێ، بەڵام با ئەم چارە رەشی‌یەی منیش بەس بێ، بێڵە لێرە بمێنمەوە، چونكە دڵم خۆشە بەم وڵاتە.

(۵) واتە: زیارەت كردنی رێگای بەرماڵیان بەسە بۆ فێنك بوونەوەی دڵم كە بە هۆی ئەوەوە ماندوو بووە.

ئازیز، کام هوون بی دیدەم پێ نەڕەشت؟
یا کام زوخاو بی دەروونم نەچەشت؟(١)

یا دڵ کام مەینەت زامت نەکێشا؟
وە کام قیمەی دەرد جەرگم نەئێشا؟(٢)

وەسەن کۆن تاقەت، بڕیان سەبووری
مەتاوون کەروون گفتوگۆی دووری(٣)

ئاخر ئازیزم تەوانام چۆنەن
تەوەن نیەنان، دڵ گۆشتو هوونەن(٤)

ئایر دان بەو تەور مۆبەت سەرای دڵ
مەیلەکەت مەندەن بێ مەسکەن خجڵ(٥)

[٤]

فەریادم وە تۆن

فەریادم وە تۆن.. فەریادم وە تۆن
هانا هەی ئازیز فەریادم وە تۆن(٦)

---

(١) واتە: گیانەکەم کام خوێن بوو چاوم پێ نەڕشتو بە چاوما نەهاتە خوار، وەکام زوخاو بوو دەروونم نەی چەشت؟

(٢) واتە: یان دڵم مەینەتی کام زامی دەستی تۆی نەکێشاو، کام دەرد بوو جەرگم نەبوو بە قیمە لە ژێریاو پێیەوە ئێشی نەکرد؟

(٣) کۆن: کوا. بڕیان: بڕاوە. مەتاوون: ناتوانم.

(٤) تەوەن: بەرد. واتە: ئاخر ئازیز چۆن بتوانم قسە بکەم، خۆ من بەرد نیم، دڵم گۆشتو خوێنە، گۆشتو خوێنیش هەر ئەوەندەی لە تواناداا هەیە.

(٥) خجڵ: داماو. واتە: بە جۆرێك ئاگرت ناوە بە دڵمەوەکە جێگەی خۆشەویستی تۆیە، کوڵو کۆت دامراندووەتەوە، خۆشەویتیت لەبەر بێ جێگەی داماوە.

[٤]

(٦) فەریاد: هاوار.

دەردم گـــرانـــەن، ئـــەڵوەدام بـــێ شـــۆن
شـــیفام ئـــینتیزار مـــەیل بـــاڵای تـــۆن(١)

رەحـــمێ کـــەر وە دڵ خـــەستەی زارەکـــەت
بـــدیە وە روخســـار بـــێ قـــەرارەکـــەت(٢)

زەردم، زایـــیفم، بـــێ خـــوردو خـــوابـــم
ســـەر گـــەردان وێڵ بـــێ ســـەبرو تـــابم(٣)

خـــۆراکـــم خـــەفەت، ژیـــنم مـــەینەتەن
وە مـــەرگت حـــەیات وە لام زەحـــمەتەن

مـــەر تـــۆ وە رەحـــمەت بـــێ پـــایان وێت
وە لوتـــــف کـــەرەم نـــومایان وێت(٤)

جـــامێ جـــەو بـــادەی وەســـڵ دیـــدارت
جەو قەهقەهەی مەی شیشەی روخســارت(٥)

بـــە وێنـــەی جـــاران ســـا پـــێم دەرەوە
عـــیسەوی ئـــاسا ئـــیحیام کـــەرەوە(٦)

---

(١) ئەڵوەدا: «الوداع»، ماڵاوایی. مەیل: لاکردنەوە. واتە: دەردم گرانەو ماڵاوایی کردنمی بۆ بەجێ‌هێشتنی دنیا لە ئەندازە دەرچووە، وە چاك بوونەوەم چاوەڕوانی لاکردنەوەیەکە لە باڵای تۆوە. مەبەسی ئەوەیەکە ئەگەر لایەك بکەیتەوە بە لاما چاك ئەبمەوەو نامرم.

(٢) واتە: رەحمێ بکە بە دۆستە نەخۆشەکەت کە هەمیشە خەفەتبارە بۆت، وە بڕوانە بە رووی خۆشەویستەکەتاکە ئارامی لێ بڕاوە بۆت.

(٣) بێ خورد: ئەوەی هیچی پێ نەخورێ. خواب: نووستن. تاب: توانا.

(٤) نومایان: ئاشکرا. مەعنای ئەم شیعرە بە دوو شیعری پاشەوەی بەسراوە.

(٥) قەهقەهە: قاقای پێکەنین. مەبەسی لە قرمەی دەمی کوپەکە شەرابە لەکاتی شەراب لێ داکردنیا.

(٦) عیسەوی ئاسا: بە شێوەکەی حەزرەتی عیسا. واتە: مەگەر تۆ بە رەحمەتی نەبڕاوەی

[٥]

فەڵەك(١)

فەڵەك، كام تیر بی نەدات نە دەروون
جە كام زامانت شكایەت كەروون(٢)

چون بێ حەدەن زام دەس تۆ كەردە
روو كەروون ئەو لای دۆس ویەردە(٣)

ئازیز، تۆ هەرچەند بێ مەیلی كەردی
وە بێ من تەشریف ئەو حوزور بەردی(٤)

من تەنیایی تۆ مدۆ ئازارم
جە نامایی وێم خەجاڵەت بارم(٥)

☞

خۆت و بە لوتفی ئاشكرات وەك جاری جاران جامێكم بدەیتێ لە شەرابی وەسڵی باڵات و لە قرمەی شووشەی شەرابی رووت، وە وەك حەزرەتی عیسا چۆن مردووی زیندوو ئەكردوە، تۆیش من زیندوو بكەیتەوە. لە شێعری یەكەم و سێهەمی ئەم سێ شیعرەدا ناكۆكی‌یەك هەیە لە نێوانی «مەرتۆ» و «پێم دەرەوە» و «ئیحیام كەرەوە» دا، رەنگە هەڵەی ئەوانە بێ كە نوسخەكۆنەكانیان نووسیوەتەوە. راست كردنەوەی ئەم ناكۆكی‌یە بەوە ئەبێ شیعری ئاخری بەم جۆرە بوایە:

بە وێنەی جاران پێم بدەریوە عیسەوی ئاسا ئیحیام كەرەیوە

[٥]

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە سەر قەبری دۆستێكی وتووەكە نەمان توانی بزانین كێ‌یە، وە مێژووی مردنی تیا باس كردووە بە پێی حەرفی ئەبجەد.

(٢) نەدات: نەتدا. شكایەت: شكات.

(٣) ویەردە: بەسەرچوو. واتە: لە بەر ئەوەكە زامی تۆ كردوو ئەوەندە زۆرە لە ژمارە نایەت، وا باشە روو بكەم بە لای دۆستێكی كۆچ كردووەوە.

(٤) مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی‌دا دێ.

(٥) نامایی: نەهاتن. واتە: ئازیز هەرچەند تۆ بێ‌مەیلیت كردو بێ من تەشریفت برد بۆ

☜

ئای بێ وەفا وێم مـن راحـەت وەش رەنگ
تۆ دڵ تەنگ، بێ رەنگ، نەسای سەرد سەنگ(١)

ئـەی جـەستەی خـەستەم رەویـەش نـەفاما
دڵ وە زیـــارەت مــەزارت ئـــاما(٢)

دەروون وە ســـۆزش ئـــایر نـــماوە
زوان پـــەی تـــەئریخ پـڕ جـە دۆعـاوە(٣)

بــە ئـامین جـە شـەڕ دۆزەخ ئـازاد بـی
وە ســەیر رەحـمەت ئـەبەدی شـاد بـی(٤)

☞

حوزووری خوا، من لە بەر ئەو بێمەیلی‌یەی تۆ عاجز نیم، لەوە دڵ گرانم کە تۆ تەنیایت، وە شەرمەزارم چونکە لە گەڵت نەهاتم.

(١) واتە: ئای بێ‌وەفا خۆم، ئێستا من رەحەتمو رەنگم خۆشە، تۆیش دڵ گرانیو لە ژێر سێبەری بەردی قەبرا رەنگ لە رووت بڕاوە.

(٢) مەزار: زیارەتگا، قەبر. واتە: ئەم جەستە بریندارەی من رەوشتی نەفامی تا لە گەڵتا بێ بۆ ئەو دنیا، وا دڵم هاتە سەر قەبرەکەت بۆ زیارەت.

(٣) واتە: دەروونم بە سۆزێکی ئاگرینەوەو زمانم بە دەم دۆعا کردنەوە بۆت، ئەم شیعرەی دواوەیان وت کە ژمارەی حەرفەکانی نیوەی یەکەمی، ساڵی مردنت ئەگرێتەوە.

(٤) واتە: خوا بۆ قەبووڵ کردنی دوعای ئێمە لە شەڕی دۆزەخ ئازادت بکا، وە دڵت خۆش بکا بە تەماشا کردنی رەحمەتی نەبڕاوەی خۆی. نیوەی یەکەمی ئەم شیعرە بە پێی حەرفی ئەبجەد، وە لە سەر شێوەی نووسینی کۆنی کوردی «بە آمین جە شر دوزخ آزاد بی» ئەکاتە ١٢٥٨ کە ئەبێ ساڵی مردنی ئەو دۆستەی مەولەوی بووبێ.

تیپی قاف

[١]

قیبلەم تۆم نە دڵ...(١)

قـیبلەم تـۆم نـە دڵ.. قـیبلەم تـۆم نـە دڵ
تـا رۆی قـیامەت هـەر تـۆم ها نە دڵ(٢)

فـیدای شـێوەت بـام جـەمین پـەڕەی گـوڵ
دڵ جـــە تـــاسەی تـۆ دایـم مـدۆ چـڵ

مــاتم وێنــەی سـەنگ، زەردم چون خـەزان
دایــم پـێچ مـدەو چـون مـاران گـەزان

گـەستەی مـار خـاسەن سـاتێ دوو سـاتەن
ئەر نـەمرۆ زیـندەی رووی سـەر بسـاتەن(٣)

ئـــەما مـــن دەردم چـــون دەردەداران
دایم هـەر وە سۆن چون گـەستەی ماران(٤)

جـە هـیجران تـۆ هـەر سـات مـەرگمەن
قەترە قـەترەی زووخ نـە رووی جـەرگمەن(٥)

---

[١]

(١) ئەم قەسیدەیەم تەنها لە نوسخەکەی «شێخ جافری سید سادق»دیوە، شێوەی لەوە ناچێ کە هی مەولەوی بێ، بەڵام هەر نووسیمەوە چونکە بە هی ئەو درابوە قەڵەم، وە ئەگەر راست بێ هی ئەو بێ، ئەبێ لە سەرەتای شیعر وتنیا وتبێتی.

(٢) تۆم نە دڵ: تۆ لە ناو دڵمای.

(٣) واتە: ماران گەستە حاڵی زۆر باشترە لە من، چەند ساعەتێك ئازار ئەچێژێ، پاشان یا ئەمرێ یا چاك ئەبێتەوەو وەك جارانی لێ دێتەوە.

(٤) واتە: بەڵام من هەمیشە وەك ماران گەستە وامو سوێم پیا دێتەوە.

(٥) زووخ: کیم.

کـــاشکی هـــەر ڕۆ یـــەك سیا مـاریێ
هەردوو پام مەگەست چەند جار نەك جاریێ(١)

سـەر مـنیام وە سـای گـڵـکـۆی تـازەوە
چـــەنی حــەسرەتان بــێ ئـەندازەوە(٢)

نەك بەی تـەور دیـدەم مـەردەی زیـندە ڕەنگ
هەر ساتێ سەد جار سەر مدۆم وە سەنگ(٣)

پـــەشێوو مـــەلوول ئـــیمان هـــەردەنان
روێ تــا ســەد جـار پـەی تـۆ مـەردەنان(٤)

فــیدای وەفــات بـام یـا وەفـات نـیەن
یـــا خـــود بـــەدکاران مـــانیعت بـیەن

قـــیبلەم تـــۆ خــوداو گشت پــەیغەمەران
ئـــەگــەر مـــەیلت هــەن وێنــەی دڵبــەران

بکــــیانە پـــەرێم گـــاهێ پـــەیامێ
بـــنویسە وە لام دۆعـــاو ســـەلامێ(٥)

---

(١) کاشکی: خۆزگە. ڕۆ: ڕۆژ. مەگەست: بگەستایە.
(٢) سەر منیام: سەرم ئەنا. گڵکۆ: کۆمەڵە گڵی سەر قەبر. واتـە: بـەداخـەوە لە سێبـەری کۆمەڵە گڵی قەبری تازە هەڵکەنراوا دانرامایە.
(٣) واتە: نەك وەك ئێستا کـە بـەسەر زینـدووم‌و لە ڕاستیدا وەك مـردوو وام، وە داخ‌و خەفەت هەر سەعاتێ سەد جار سەرم ئەدا بە بەردا.
(٤) ئیمان هەردەنان: ئیمانم لا نەماوە داویەتە هەرد، مەبەسی ئەوەیە لە بـەر نـاڕەحەتی ئاگای لە هیچ نەماوە. روێ: ڕۆژێ. مەردەنان: مردووم.
(٥) لەو نوسخەدا کە ئەم قەسیدەمان لێ‌وەرگرت، لە پاش ئەم شیعرەوە دوو شیعری‌تر هەبوو کە لە مەعنادا جیاوازی‌یەکی وایان نەبوو لەم شیعرەو شیعری پێشەوەی. لەبەر ئەوە لەوێدا هەڵمان گرت‌و لێرەدا پیشانی ئەدەین، وە لامان وایە دانەر ویستبێتی یا ئـەو دوو

بــا وەس بـنیشوو مــاتو پـەشێو حــاڵ
بــا وەس بکــێشـــوو هــەناسان کــاڵ

پـەی چێش بـێ مـەیلیت کـەردەن وە پیشە
گــاهێ تـۆیـچ پـەی مـن ئـاهێ بکێشە

بــاقی «والسّــلام»، قـیبلەی مـیحرابـم
بــڵێســـەش بــەرزەن جـەرگ کـەبابم

•••••••━━●━━•••••••

[٢]

قوربان! قوربانەن(١)

قـــوربان! قــوربانەن، جــەژنەن، شــادی‌یەن
دەس نــە گــەردەنەن، رۆی ئــازادی‌یــەن(٢)

هەی دەس بۆس دەس بۆس وەش نـیگارانـەن
خــەیر پا بـۆس پـا بـۆس خـاتر دارانـەن(٣)

کـۆن کــوشتی‌و بــاردێی گــوڵ جـەمینانەن
هـەی سـەر، هـەی ئـەڕواح دڵ خـەمینانەن(٤)

☞

شیعرەکە هەڵگرێ‌و ئەمانیان لەجێ دانێ، یا بە پێچەوانەوە. ئەمەش دوو شیعرەکە:

سا ئەر زەرەی مەیل دڵداری پێتەن — دیــدەم چــەمەڕای دەلیلی ڕێتـەن
یــا دەڵاڵەتــێ، یــا وە پــەیامێ — بکـیانە پـەرێم دوعــاو سـەلامێ

[٢]

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بە بۆنەی جەژنی قوربانەوە وتووە.

(٢) قوربانەن: چەژنی قوربانە. (٣) دەس بۆس: دەس ماچ کردن.

(٤) کوشتی: حەیوانێ بۆ سەربڕین ئامادەکرابێ. باردێ: بهێنن. واتـە: وادەی ئـەوەتەکـە یارە جوانەکـان بپرسن کـوا حـەیوانی قـوربانی؟ بیهێنـن بـا سـەری ببڕین، دڵدارانـی خەفەتباریش بڵێن فەرموون ئەوە سەروگیانمان لەبەر دەستانایە.

هـەرکەس گـیان وە کـەف پەی نـیگاریۆەن
هــــەریەك قـــوربانی وەفـــا داریۆەن(١)

سـیوای سـەودایـی هـەراسـانەکـەت
مەحرووم جە کەفتەی پـای ئاسانەکـەت(٢)

نـە پـەی چـەم سـورمەی گـەرد پـاڵاتـەن
نـە پـەی گـیان قـوربان بـەژن بـاڵاتـەن(٣)

مـەرد پـەی «ئۆسـا دەی» بـێ درێغـەکـەت
«بسـم الله» تـەکبیر دەس بـە تـێغـەکـەت(٤)

پەی قوربان کـەردەی نـاڵە نـەی ڕەنگ بـەی
چێش مبۆ ئەر بەی؟ وەی پەی من ئەر نـەی(٥)

سـا تـۆیـچ مـن وەرە، وە قـوربانی کـە
مـن وە قـــوربانی رای ڕەبـــانی کـە(٦)

---

(١) مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی‌دا دێ.

(٢) سیوا: بێجگە. کەفتە: کەوتن. واتە: هەرکەس بگری گیانی خۆی ناوەتە سەر دەستی بۆ جوانێك، وە خۆی کردووە بە قوربانی بۆ یارێك، منی نەخۆشی گرفتارت نەبێ کە بێ بەش بووم لەکەوتن لە بەر قاپی‌یەکەتا.

(٣) واتە: نە چاوم، تۆزی کەوشەکانتی دەس ئەکەوێ بیکا بەکلەی خۆی، وە نە بۆ گیانم ئەلوێ کە ببێ بە قوربانی بەژنو باڵات. مەولەوی لێرەدا ئیشارەت بۆ ئەوە ئەکا ئوسووڵەن حەیوانی قوربانی پێش سەربڕینی چاوی ئەڕێژن.

(٤) ئۆسا دەی: وەستا دەی دەس پێ بکە. واتە: مردم بـۆ ئـەوە بـفەرمووی بـە قـەساب خۆی ئامادەکاو کێردەکەی بگرێ بە دەستی‌یەوەو دەس‌کا بە «بسم الله»و «الله اکبر» کردن بۆ سەربڕینم. ئوسووڵ وایە لەکاتی سەر بڕینی حەیوانی قوربانی‌دا قەسابەکە ئەڵێ «بسم الله و الله اکبر».

(٥) مبۆ: ئەبێ. واتە: چی ئەبێ ئەگـەر مـنی نـاڵە وەك قـامیشی، ڕەنگ وەك بـەی زەرد، بکەی بە قوربانی؟ هاوار بۆ من ئەگەر نەیەیت.

(٦) وەرە: بەرخ. ڕەببانی: خوایی. واتە: ساتۆش منی بەرخ بکە بە قوربانی ڕێگای خـوا پەرستی.

ئەوسا تۆیچ پەی وێت خەیرێت کەردەبۆ
مـــنیچ کـــەمتەر زووخ دەردم وەردەبـــۆ[١]

مـــەعدوومی بـــەدبەخت نـــاتەمامەنی
راســـەن بـــێ دەوڵەت خـــەیاڵ خـــامەنی[٢]

قـــوربانی مشـــیۆ جـــە عـــەیب بـــەری بـــۆ
فـــیدایـــی پـــەسەند رای دڵبـــەری بـــۆ[٣]

تـــۆ پـــا شکســـتەی بـــەرد هـــەردەی دەرد
چەم کۆر مەینەت، تـەن زایـف، رەنگ زەرد[٤]

خـــەیاڵێت کـــەردەن جـــە رووی نـــادانـــی
چ لایـــق وە تـــۆن روتـــبەی قـــوربانی[٥]

---

(١) واتە: ئەگەر ئەوە بکەیت خێرێك ئەکەی بۆ خۆت و کارێك ئەکەی منیش کەمتر زووخ و کیمی دەرد بچێژم.

(٢) لێرەوە مەولەوی دەس ئەکا بە وەرام دانەوەی خۆی و ئەڵێ: هەی بەدبەخت تۆ زۆر ناتەواو و بێ کارەی، وە خەیاڵت خاوە.

(٣) مشـــیۆ: ئـــەبێ. واتـــە: قـــوربانی ئـــەبێ عـــەیبی پـــێوە نـــەبێ و لە رێی دڵداری‌دا پێش‌مەرگەیەکی پەسەند کراو بێ.

(٤) تۆ بە بەردی شاخ و هەردی دەرد قاچەکانت شکاون، وە چاوت لەبەر مەینەت کوێر بووە و لەڕو لاوازی و رەنگت زەردە، ئیتر چۆن بۆ قوربانی دەس ئەدەیت؟

(٥) واتە: لە رووی بێ‌عەقڵی‌یەوە ئەم خەیاڵەت کردووە، کەی تۆ لایقی ئـەوەی پـایەی قوربانیت بدرێتێ.

[٣]

قیبلەم کەردەنی[١]

قیبلەم کەردەنی..قیبلەم کەردەنی
جە نامەت بەی تەور ئیزهار کەردەنی[٢]

نویسیابێ لێش تۆ دڵ سەردەنی
دڵ هەر یەکێوەن تۆ وێت بەردەنی[٣]

دوو حاڵەن جە لات زەنجیرت کەردەن
ئەر گەرمی گەرمەن، وەر سەردی سەردەن[٤]

ئیتر تۆ جە کەس مەپەرسە خەبەر
بینائیم، نەزەر وە حاڵ وێت کەر[٥]

راستش هەر ئێدەن ئیزهارم کەردەن
قەسەم بەو کەسە نەزاو نەمەرگەن[٦]

شەرتم شەرتێوەن مەجنوون شەرت کەردەن
لەیل من تۆنی تا وەرۆی مەردەن[٧]

---

[٣]

(١) مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لە وەڵامی دۆستێکیا نووسیوە کە نامەی بۆ نوسیبوو، وە گلەیی لێ کردبوو تیایدا کە دڵی ساردە.

(٢) کەردەنی: کردووتە. ئیزهار کەردەنی: دەرت بڕیوە.

(٣) نویسیابێ: نووسرابوو. لێش: لێی. بەردەنی: بردووتە.

(٤) وەر: وە ئەگەر. واتە: دڵم دوو حاڵی هەیەو هەردوو حاڵەکەی بەسراوە بە خۆتەوە، ئەگەر تۆ بە سۆزی بۆ من، ئەوا ئەمیش گەرمە، وە ئەگەر بێ مەیلی، دیارە ئەمیش ساردە.

(٥) واتە: کە ئەوەت زانی ئیتر لەکەس مەپرسە، سەیری دڵی خۆت بکە حاڵی من ئەزانی وە تێ ئەگەی بە وەفام یا وەفام نیە.

(٦) نەزا: کەسێك لەکەسێك پەیدا نەبووبێ. نەمەرگ: ئەوەی هەرگیز نەمرێ، مەبەس خوایە.

(٧) واتە: شەرتم هەر یەك شەرتە، لەو جۆرەیەکە مەجنوون لەگەڵ لەیلی کرد، تۆیش لەیلی منی تا ئەو رۆژەی ئەمرین.

تـــۆ خـــواجـــەمەنی، مـــن کـــەمتەر غـــوڵام
پـــەی تـــۆ غـــوڵامـــم، بـــاقی «والسَّلام»(١)

[٤]

قوربان، ئەر چەندێ

قـــوربان، ئـــەر چـــەندێ نـــامام وە لاتـــان
چـــەم رۆشـــن نـــەوی وە گـــەرد پـــاتان(٢)

هـــەی رۆ نـــەواچـــان ئـــەو غـــەم پـــەروەردە
ئـــەڵبـــەت مـــەیلمان نـــە دڵ بـــەر کـــەردە(٣)

خـــەیر وەڵڵا تـــا گـــیان نـــە تـــۆی قـــەفەس بـــۆ
کـــەمکەم ئـــامۆشـــۆی ئـــامای نـــەفەس بـــۆ(٤)

حـــەیاتم وە مـــەیل بـــاڵای یـــارانـــەن
مـــەیلم هـــەر ئـــەو مـــەیل هـــەردە جـــارانـــەن(٥)

---

(١) خواجە: خاوەنی بەندە. غوڵام. بەندە.

[٤]

(٢) نامام: نەهاتم. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی‌دا دێ.
(٣) نەواچان: نەڵێن. واتە: قوربان لەبەر ئەوەکە ماوەیەکە نەهاتووم بۆ لاتان‌و تۆزی ڕێگاتان چاومی ڕۆشن نەکردووەتەوە، نەفەرموون ئەڵبەتە ئەوە پەروەردەی دەستی خەمە مەیلی ئێمەی لە دڵ دەرکردووە.
(٤) قەفەس: مەبەس لەشە یا قەفەزەی سنگ. مەعنای ئەم شیعرەش لەگەڵ شیعری دوایی‌دا دێ.
(٥) هەردە جاران: جارانی پێشوو. واتە: نەوەڵڵا هەرگیز وا تێ نەگەی کە مەیلم کەم بووەتەوە، تا گیانم لە قەفەزەی لەشما مابێ‌و کەمکەم ماوەی هەناسە دانم ببێ، هەر بە خۆشەوستی باڵای یاران ئەژیم‌و خۆشەویستیم هەر خۆشەویستیەکەی جارانە.

[٥]

قوولەی بایەقوش(١)

قـــوولەی بـــایەقوش ســـوب وە هـــەردەوە
زام کـــۆنـــەو نـــۆم تـــازە کـــەردەوە(٢)

[٦]

قسەیێ ئەکەم(٣)

قســـەیێ ئـــەکـــەم بـــە ڕێو جـــێ وێ
کـــە لەیـــلێ نـــەوو، بـــا بـــەییجێ وێ(٤)

[٥]

(١) وا مەشهورە بایەقوش لە هەر لایەك بخوێنێ نیشانەی وێران بوونی ئـەو شـوێنـەیە. مەولەویش جارێکیان گوێی لە خوێندنی بایەقوشێك بووە بە شاخێکەوە، بەو بونەوە ئەم شیعرەی وتووە.

(٢) مەبەسی ئەوەیە بە هۆی خوێندنی بایەقوشەوە ڕۆژانی رابردووی کەوتەوە یاد کە لە ئەنجامی خوێندنی بایەقوشەوە ڕێو شـوێنـی یـاران هـەمووی تـێك چـوو، وە بـوو بـە هەوارگەی کۆن.

[٦]

(٣) ئەحمەد پرێسی دوو خوشکی بووە: «لەیلێ»و «بەهیجە»، مەولەویش حەزی لە لەیلێ کردووە بیهێنێ، بەڵام ئەو شـووی کـردووە بـە یـەکـێکی تر، ئـەنجا مـەولەوی ئـەیەوێ بەهیجەی خوشکی بێنێ، وە بۆ خوازبێنی ئەم شیعرە ئەنووسێ بۆ کاکەی.

(٤) واتە: کە لەیلم دەس نەکەوت ئەم خوشکەکەتم بدەرێ. ئەحمەد پرێسییش لە وەراما بۆی ئەنووسێتەوە:

قسەیێ ئەکـەی بـێ ڕێو جـێ بـێ   تۆ کە مەجنوونی چۆن بەییجێ بێ؟

واتە: مەجنون ئەبێ لە لەیلێ بەولاوەکەسی نەوێ ئیتر تۆ چۆن داوای بەهیجە ئەکەی؟

تیپی کاف

[١]

کۆن ئەو دڵ(١)

کــۆن ئــەو دڵ دیــدەش بــەرایــی بــدۆ
وه گـــەرمیاندا بـــدیۆ وه بـــێ تـــۆ(٢)

کۆن ئەو چەم بێ تۆ بەو رەنگ دڵشاد بۆ
ســەیر مــەنزڵگــەی ئــێڵاخش یــاد بــۆ(٣)

داخ پــەی تــۆ چ تــەور بێ رەحــمی کــریان
ئــێڵات پــەی ئــێڵاخ بــاز ئــیزنش دریــان(٤)

هــەوای وەرکــاوان چــەنی تــۆ وەش بــی
ســەدای شــەتاوان چــەنی تۆ وەش بی(٥)

تــای چــین چــنوور پــای تــاف بــەفراو
هــەر وه تــۆ مــەکــەفت نــه دەورەی کــڵاو(٦)

هــەر گــوڵ پــەی دەمــاخ بـۆ عـەنبەرین بی
دەســتش هــەر وه دەس تــۆوه شــیرین بــی(٧)

---

[١]

(١) مەولەوی ئەم قـەسیدەشی لە لاونـدنەوەی «عـبدالرّحـمان»ی کـوڕی مـەحمـوودی یاروەیسا وتووە.

(٢) بدۆ: بدا. واتە: لەکوێیە ئەو دڵەی بەرایی بدا بڕوانێ بۆ گەرمیان کە تۆی تیا نەبێ.

(٣) واتە: لەکوێیە ئەو چاوە ئەوندە دڵی خۆش بێ تەماشاکردنی کوێستانی لە یاد بێ.

(٤) ئێڵات: عەشایر. باز: دیسانەوە. واتە: داخی بەجەرگم چ بێ رەحمی‌یەکیان لەگەڵ کردووی، بە بێ تۆ ئیزنی چوونەکوێستانیان داوەتەوە بە عەشایرەکان.

(٥) وەرکاوان: پێ‌ینی شاخەکان. سەدا: هاژە.

(٦) مەکەفت: ئەکەوت: واتە: هەر بە تۆ ئەکەوت لە داوێنی تاڤگەی بەفراوەکانا چڵێ چنوور بکەیتەوە بە دەوری کڵاوەکەتا بیکەی بە سەرتا.

(٧) واتە: هەر گوڵێکی بۆن خۆش، وەختێ جوان ئەبوو دەسی بە دەسی تۆوە بێ. ئەش گونجێ «دەسش»، نەبێت «دەسەش» بێ، واتە: وەختێ جوان ئەبوو چەپکەکەی بە دەسی تۆوە بوایە.

ئیسه کێن پەی سەیر دڵ نە ئاهەنگ بۆ
وە بێ تۆ دیدەم مەر دڵ جە سەنگ بۆ[(١)]

کاڵای ماتەمیت پەی ئاڵەم سەندەن
دەشتان گشت زیندان هەر بەندان بەندەن[(٢)]

هەوارگە ماتەم، گوزەرگە بێ رەنگ
شۆنەکەم پڕخەم، سەیرانگە دڵ تەنگ[(٣)]

خوێشان پەرێشان پەڵاس نە گەردەن
تو خوا بازەشان چون تۆشا مەردەن[(٤)]

بێ تۆ کاروبار بەرتەرەف مەندەن
سەرکار پاشا بێ مەسرەف مەندەن[(٥)]

بەزم هام فەردان بێ زەوقەن بێ تۆ
نەزم هام دەردان بێ شەوقەن بێ تۆ[(٦)]

---

(١) واتە: ئێستا کێیە ئارەزووی لە تەماشا کردن بێ، ئازیز مەگەر دڵ بەرد بێ بە بێ تۆ ئەو ئارەزووە بکا؟.

(٢) ئاڵەم: عالەم. هەربەندان: جێگاکانی بەستنەوەی وڵاخ. بەند: دەرگا داخراو. واتە: بە مردنت جل‌و بەرگی مەینەتت بۆ عالەم کڕیوە، وە دەرو دەشت هەمو وەك زیندانیان لێ‌هاتووەوکەس ناگەڕێ پیایاناو دەرگای تەوێڵەی وڵاخەکان داخراوەوکەس ناچێ بۆ راو.

(٣) شۆن: شوێن. واتە: هەوارگەکان ماتەم دایگرتوون‌و رێگا رەنگی تیا نیە، چونکە ئەوانەی پیا ئەڕۆن هەموو رەش پۆشن، جێگاکەی منیش پڕە لە خەم.

(٤) پەڵاس: جلی ئەستوور کە هەژاران لە بەری ئەکەن. بازەشان: لێیان گەڕێ. واتە: کەس‌و کارت هەمویان خەفەتبارن‌و پەڵاسێکیان داوە بە شانیانا، توخوا لێیان گەڕێ با خەفتبار بن چونکە تۆیان مردووی.

(٥) بەرتەرەف: خراوە لا. واتە: بە هۆی نەمانی تۆوە ئیش‌و کار هەمووی پەکی‌کەوتووەو سەرکارەکانی مەحمود پاشا بێ مەسرەف ماونەتەوە.
ئەمە ئیشارەتە بۆ ئەوەکە «عبدالرّحمان» خەزانەداری پاشا بووە.

(٦) بەزم: ئاهەنگ. نەزم: گۆرانی.

پـات وە تـۆی پـەردەی پـێواری کـێشـان
جـەکـام هـامدەمێ خـاترت ئـێشـان؟(١)

[٢]

کام سارا؟(٢)

کـام سـارا سـەدڕەنگ نـوور پـێدا وەشـتەن؟
کشتش کشت دەشت هەر هەشت بەهەشتەن(٣)

فـەزای سـایەی عـەرش دانـای جـەلیلەن
یـا بـارەگـای پـاك «سـیّد خـلیل»ەن؟(٤)

ئـەسرار پـەردەی غـەیب مـەحرەم پـەیك
سـایەی خـودایـی، «سـلام عـلیك»(٥)

کـردەم نـالایق ئـەر وە سـڵاوەن
روو زەردیـم مـوحتاج وە یـەك جـواوەن(٦)

---

(١) پێوار: خاك.واتە: پێت کێشاوەتە ژێر پەردەی خاکەوە، نازانم دڵت لەکێ ئێشـاوە وا ئەمەت کرد؟.

[٢]

(٢) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە سەر «سید خلیل» وتووە کە یەکێکە لە ئیمامزادەکان وە لە نزیکی قەڵای شیروانە نێژراوە. بە بۆنەی ئەوەوە وتوویەتی کە لەگەڵ جەنازەی قادر بەگی کوڕی کەیخەسرەو بەگی جاف چووە بۆ ئەوێ. ئەو قادر بەگە بە گولەی وێڵ کوژرابوو.
(٣) وەشتەن: باریوە. کشت: زەرعات. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی دا دێ.
(٤) دانا: زانا. جەلیل: مەبەسی خوایە. واتە: چ دشتێکە ئەم دەشتەکە سەد جور نـووری پیا باریوەو سەوزە گیای وەك سەوزە گیای دەشتی هەر هەشت بەهەشتەکە وایە، تەختانی بەر عەرشی خوای گەورەیە، یا بارەگای پاکی سەیید خەلیلە؟
(٥) پەیك: فروستادە. مەولەوی لێرەوە رووی قسەی ئەکاتە سەیید خەلیلو پێی ئەڵێ: سەلامی خوات لێ بێ ئەی فروستادەی مەحرەم بە نهێنیەکانی ئەودیوی پەردەی عالەمی غەیب، وە ئەی سێبەری خوا بەسەر خەڵکەوە.
(٦) واتە: هەرچەند بەکردەوەم شایانی ئەوە نیم رووم بێ سـەلامت لێ بکـەم، بـەڵام خەجاڵەتباریو روو زەردیم پێویستی بە وەرامدانەوەیەکە لە تۆوە.

هــەر یــەك شــەفیعێش پــەی وێش ئـاوەردەن
مــن خــەجاڵەتــی وێم شــەفیع کــەردەن(١)

یــــەکــــێ جــــە دۆســـان بــەو زام نــۆوە
ســـەر نـــیان وە خـــاك ئـــاسانەی تــۆوە(٢)

مـــیهمان غـــەریو کـــەرەم‌سەرای تـــۆن
مــوحتاج وە رێزەی سـفرەی رجـای تــۆن(٣)

درێغـــــی مـــەکـــەر، ئـــامان ســـەد ئـــامان
مـــەفەرما مـــیهمان بـــێ تـــۆشـــە ئـــامان(٤)

یـــا خـــەلیل، دەخـیل کــێ عـادەت کـەردەن
تــۆشــە وە دەرگــای کــەریمان بــەردەن؟(٥)

[٣]

کزەی چزەی

کـــزەی چـــزەی زام گـــرپەی گـــرەی دڵ
داخ دووری دۆس دوور کـــەفتە مـــەنزڵ(٦)

شــــــەرارەی ئــــاهیر دڵەی پـــڕ دەردم
تـەپو دووی دووکـەڵ هـەناسەی سـەردم(٧)

---

(١) شەفیع: تکاکار.
(٢) واتە: یەکێ لە دۆستەکانمان بە زامی تازەوە لە سەر خاکی بەر دەرگای تۆ سەری داناوە.
(٣) غەریو: غەریب. رێزە: وردەنان. واتە: میوانێکی غەریبە لە دیوەخانی بە دەس و دەهەندەی تۆدا، وە موحتاجی وردەنانی سەر سفرەی تکاکردنی تۆیە بۆی.
(٤) مەفەرما: مەفەرموو. ئامان: هاتووە. (٥) تۆشە: توێشوو. بەردەن: بردن.

[٣]

(٦) دوور کەفتە مەنزل: ماڵ دوور کەوتووە.
(٧) ئاهیر: ئاگر. تەپو دوو: بەرز بوونەوە. مەبەسی هاوار کردنە لە دەستی ئەمانە.

جــە شــەرارەی نــار دڵەی پــڕ جــە خــەم
سۆچیا تــەمام هــەر هــەفت پــەردەی چــەم[(١)]

بــۆی کــزەی کــەباب ســۆز ســینەی ڕێش
قــرچــەی بــرێشــتەی جــەرگ جــەفاکــێش[(٢)]

جـــۆش ســـەماوەر دیگ دڵەی تـــەنگ
لوولەی فــوارەی فــرمێسك ســەد ڕەنگ[(٣)]

واژاوش چـــون تــاف ریشـەی هـەستیم بـەرد
ریشـــەی کــۆتــەرەی جــەرگم بــەراوەرد[(٤)]

دڵ جـــە دەروونـدا کـــەردەن وە بــوریان
وە مــەرگت قــەسەم تــاسەی تــۆم کــریان[(٥)]

[٤]

کام حاڵەت

کـــام حـــاڵەت بـــاروون وە ســـەر خـــامەدا
تەن چون تای "نـەی"ەن نـە تـۆی جـامەدا[(٦)]

(١) سۆچیا: سووتا. هەفت پەردەی چەم: حەوت پەردەی چاو، زانایانی پزیشکی کۆن ئەڵێن چاو حەوت پەردەی هەیە.

(٢) برێشتە: برژاو. واتە: قرچەی جەرگی جەفاکێشی برژاو.

(٣) دیگ: مەنجەڵ. واتە: هاتنەکوڵی مەنجەڵی دڵەی تەنگم وەك سەماوەر...

(٤) واژاو: ئاوی سەرکردووی گوێ حەوز. هەستی: بوون. بەراوەرد: دەری هێنا.

(٥) بوریان: بوریانی، قاورمە. تاسە: بیرو ئیشتیاق. کریان: کراوە.

[٤]

(٦) باروون: بێنم. نەی: دەزوو. واتە: باسی کام حاڵی ناخۆشم بێنم بەسەر نووکی قەڵەمداو بینووسم؟ لەشم لە ناو جلەکانما وەك تاڵە دەزووی لەڕو لاواز بووە.

پــێچــیان بــێ جــان ڕەمــەق ڕەمــیدەم
ســەرگەردان نــە گــێج بــەحرەین دیدەم(١)

ئـەر ڕەقـیب چـون خـەس نـەیۆ وە دیـدەم
پـێم وەشـەن گـێجاو گـێج دەریـای خـەم(٢)

[٥]

کۆڕپە ئەگریجان

کـۆڕپـە ئـەگـریجان تـووك تـاوس تـار
سـەوزە کـڵافـان چـون ڕشـتەی زەنـار(٣)

پـــەخش بـیەن وە بـــان قـــورس قـــەمەردا
گـــا وە رووی مـــیحراو، گـــا وە حـــەجەردا(٤)

---

(١) پێچیان: پێچراوە. جان: گیان: ڕەمەق: دواهەناسە. ڕەمیدە: هەڵاتوو. واتە: لەشم وەك تاڵی دەزوو پێچراوەتەوەو نیوەگیانێکم بوو ئەویش هـەڵات، وا ئێـستا لە گـێژی دەلیـای فرمێسکی چاوەکانما سەرگەردان بووم.

(٢) خەس: پڵو پووش. واتە: لەگەڵ ئەوەشا ئەگەر بەدکار وەك پڵو پووشی سەر دەلیا، نەکەوێتە بەر چاوم، پێم خۆشە هەر لە گێژاوی دەلیای خەما سوورِ بخۆم.

[٥]

(٣) تار: ڕەنگ. ڕشتە : هۆنراوە. زەنار: پشتێنێکی تایبەتە بۆ مەسیحی یەکان بەستوویانە بە پشت. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.

(٤) قەمەر: مانگ، مەبەس ڕووی یارە. میحراو: میحراب، مەبەس برۆی یارە. حـەجەر: «حـجرالاسـود»، بـەردێکـە لە دیـواری کـەعبەدا لە ئـەنجامی مـاچ کـردنی زۆردا ڕەش بووەتەوە، مەبەس لێی خاڵی ڕەشی ڕووی یارە. واتە: مووی ئەگریجە تازە ڕواوەکانی یار کە وەك پەڕی تاوس بە هەزار ڕەنگ ئەدرەوشێـتـەوەو لەکـڵافـەی لـوول دراوی سـەوزو زەناری هۆنراوە ئەچێ، بە سەر تۆپی ڕووی خڕو جوانیا بڵاو بووەتەوە، وە تاوێك بە سەر برۆیا ئەکەوێ‌و تاوێکی تر بەسەر خاڵی ڕەشی ڕوویا.

هــەر لادێ ســەد جــار دڵەی پـر جـە دەرد

بــەو زەنــارەوە تــەوافش مــەکــەرد[١]

MAWLAWI.KRD

(١) واتە: دڵەی دەردەدارم هەر تاوێ سـەد جار ئـەچوو بۆ تـەوافی ئـەو ئـەگـریجانە هەرچەند وەك زەناری ملی ئاگر پەرست وابوو.

تیپی گاف

[١]

گەرد ئالوودەن(١)

گـــەردئالوودەن دەور مـــەزار لەیـــلیٚ
ئـــاوپاشیو مـــاڵاش لازمـەن خـەیلیٚ(٢)

خـــادمی تـــوربەت نـــازك ئـەندامـان
پـەی دیـدەو موژگان مـەعدوومی ئـامان(٣)

ئـــاوپاشی، رەویـەی دیـدەی نـم دیـدەم
مـــاڵاش، وەزیـــفەی مـوژەی نـمیدەم(٤)

گـــەردیٚ نـــیٚ وە رووی یـانەی نـۆشـەدا
یا خـەوشیٚ وە حـەوش عـەنبەر بـۆشـەدا(٥)

پـــاس نـــازكی لەیـل یـاگـەی ویٚشـەن
جـای مـوشاهەدەی قـەیس دڵ ریشـەن(٦)

---

[١]

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەشی لە لاواندنەوەی عەنبەر خاتوونی خیٚزانیدا وتووە.

(٢) گەردئالوودە: تۆزاوی. مەزار: زیارەتگا، گۆڕ. ئاوپاشی: ئاورشێن. واتە: دەورو پشتی قەبری لەیل تۆزاوی‌یە، زۆر پێویستە ئاورشێن بکریٚو گسك بدریٚ.

(٣) توربەت: خاك، قەبر. موژگان: برژانگەکان. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە.

(٤) نمیدە: چەماوە. واتە: خزمەت کردنی قـەبری یـاران جـوان چـاك، بـۆ چـاوو بـرۆی مەعدوومی هاتووە، چاوی فرمێسکاویم ئاورشێنی بکاو برژانگی چەماوەم گسکی بداو بیماڵیٚ.

(٥) نیٚ: نەیەت. خەوش: پلو پووش. واتە: بۆ ئەوەی تۆز نەنیشێتە سەر ماڵی تازەی، وە حەوشی بۆن خۆشی خەوشو خاڵی تیا کۆ نەبێتەوە.

(٦) واتە: باسی ناسکیو نازاری لەیل شتێکە لە جێی خۆیایەتی، چونکە جێگـای چاو پیٚ کەوتنی مەجنوونی دڵ بریندارە. ئەشگونجیٚ «نازکی» نەبیٚ «نازگەی»بیٚ، واتە: پاسی جێگەی نازەکەی لەیل...تاد.

بـەڵ بـاڵای ئـاڵاش وە سـەد خـەم‌و چـەم
باز وینوون بێ خەم وەی چەم یا ئەو چـەم(١)

مـەعدووم تـاو یـاو دووری زۆر ئـاوەرد
تـاویاو بـینای قسـەی پـەشێو کـەرد(٢)

مـاخۆلیـای یـاو ئـینە خـدێشـەن
وەرنـە ئـەی خـەیاڵ پـەرێشان چێشـەن(٣)

فـەسڵ وەسـڵ بـەزم خـاسەی نـەدیمان
خـاوێ بـی ویـەرد، دیـمان نـە دیمان(٤)

بـەتاڵەن هـەوای دۆس کـۆچ کـەردە
مـەحاڵەن ئـامای عـومر ویـەردە(٥)

بنیش نـە گـێجـاو دەریـای بـێ پـەیدا
نـە گۆشـەی حـوجرەی سـەفینەی مـەیدا(٦)

---

(١) ئاڵا: جوان‌و رازاوە. خەم‌و چەم: لار بوونەوەو چەمینەوە. واتە: بەڵکو دیسانەوە یا بەچاوی وە یا بە چاوی دڵ، بە سەد سەر دانەواندن‌و چەمینەوەوە باڵای رازاوەی جوانی یار ببینم.

(٢) یاو: تای تێ‌و لەرز. تاویاوە: توایەوە. واتە: مەعدوومی تاوی تێ زۆری بۆ هێناو توایەوەو دەسی کرد بە قسەی بێ رێ‌و جێ.

(٣) ماخولیا: نەخۆشی‌یەکە هەر کەس تووشی ببێ لە هیچ شوێنێ ئوقرە ناگرێ، مەبەس سەر لێ شێوانە. خدی: خوو. واتە: سەر لێ شێوانی نەخۆشی تا ئەمە خوویەتی قسە بە پیاو ئەبزرکێنێ، ئەگینا لەم قسە بێ‌جێ‌یانەم چیە؟

(٤) فەسل: سەردەم. نەدیمان: هاورێ‌یانی رابواردن. خاو: خەو. واتە: رۆژانی گەیشتن بەکۆڕی ئاهەنگی برادەران خەوێ بوو بەسەر چوو، دیمان‌و نەمان‌دی.

(٥) هەوا: ئارەزوو. ئاما: گەڕانەوە. واتە: خەیاڵێکی پووچە ئینسان ئارەزووی دۆستی کۆچ کردوو بکا، وە مەحاڵە تازە عومری بەسەرچوو بگەڕێتەوە.

(٦) بنیش: دانیشە. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

رووت رووت ئەو جیلوەی ستارە کەر راس
با خودا وە «اخلاص»، ناخودا مەناس(١)

تا باد مراد نە پێوارەوە
کەی بدۆت ئاخر ئەو کەنارەوە(٢)

[٢]

گۆشەی ئاتەش خان(٣)

گۆشەی ئاتەش خان دڵەی پڕ جە ئێش
پزیسکەی داخان ئایر وەردا تێش(٤)

دوود ماردومان دوود نە فەرقم بەرد
هەوای کەڵڕەمان خۆ پامالْم کەرد(٥)

---

(١) رووت «ی یەکەم» رووی خۆت. رووت «ی دووەم» بە تەنها. ستارە: ئەستێرە. ناخودا: کەشتی‌یەوان.

(٢) پێوار: وشکانی. بدۆت: بتدا. واتە: تازە ئیتر لە سووچێکی ژووری کەشتی سەرخۆشی‌دا دانیشە لە ناو گێژاوی دەلیای بێ بنی قەزاو قەدەری خوادا، وە رووت تەنها بکەرە تیشکی ئەستێرەی ئاسمان کە بریتی‌یە لە شوکرانە بژێری خوا بۆ ئەوەی رێ دەر کەی، وە لەگەڵ خوای خۆتا دڵ پاك بەو کەشتی‌یەوان مەناسە، تا بزانین کەی بای بە هیوا گەیشتن لە وشکانەوە هەڵئەکاو کەشتی‌یەکەت ئەخاتە گەڕو ئەتداتە قەراخ ئاوو رزگارت ئەکا لەو دەردو بەڵایە.

[٢]

(٣) مەولەوی ئەم غەزەلەی لە وەرامی دۆستێکیا نووسیوە کە دەعوەتی مەولەوی کردبوو لەگەڵی بڕوا بۆ راو.

(٤) ئاتەش‌خان: ئاگردان. داخ: شاخ. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٥) دوو: دووکەڵ. فەرق: کەللە سەر. واتە: پزیسکی شاخەکان ئاگری بەردایە سووچی ئاگردانی دڵم، وە دووکەڵی تفەنگە ماردومەکان دووکەڵی لەکەللەی سەرم دەرکردو کردی بە تۆز، وە ئارەزووی رەوگەکەڵەکان بە یەگجاری تەفرو تووونای کردم.

پـــێچ مـــدەو چـــەنی زامـــان کـــاری
نـــە پـــای ئـــامام هـــەن نـــە رسـتگاری[١]

فەڵەك کـەی بـەرشوون بـێ خـەم نـە دەستت
چێشم کـەرد، کـەی بـیم وە بـاوە کـوشتت[٢]

ئەر چون غەمزەی دۆس پڕ جە ئێش و دەرد
چون فرسەت بازان پێش دەستی‌یەش کـەرد[٣]

ســـارێش مـــبۆ زام دووری تـــۆ کـــەردە
مـەکـەرمێ سـەیران چـەن وەخت ویـەردە[٤]

وەر فـــرسەت نـــەدا فـــەڵەك وێنـــەی وێش
تـۆ سـڵامـەت بـی ئـەر مـن نـەبوو چـێش[٥]

---

(١) واتە: بە دەم زامی کاریگەرەوە تل ئەخۆم، وە نە پێی هاتنم هەیە بێم بۆ لاتان، وە نە بە مردن رزگار ئەبم لە مەینەت.
(٢) بەرشوون: دەرچم. واتە: فەڵەك کەی بێ‌خەم لە دەستت دەرچم، من چیم کرد وا ئەوەندە لەگەڵم خراپ بووی ئەڵێی باوکتم کوشتووە.
(٣) مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە.
(٤) مەکەرمێ: ئەکەین. واتە: ئەگەر هاتوو فەڵەکی ستەمکار، بە چەشنی غەمزەی دۆستی پڕ لە ئێش و دەرد کە جار جار بەزەیی بە دڵدارا دێتەوە، جارێ لە جاران وەك هەڵباز دەس پێشخەری‌یەکی کردو پێش ئەوەی من رزگار بیم ئەو رزگاری کردم، ئەوکاتە زامی دووری تۆ سارێش ئەبێ و لە جیاتی ئەو هەموو ماوە بە سەرچووە سەیران ئەکەین و رائەبوێرین.
(٥) واتە: وە ئەگەر بە عادەکەی خۆی مۆڵەتی نەدام، گوێ مەدەرێ خۆت سلامەت بی برۆ بۆ راوی خۆت قەیدی چیە با منت لەگەڵ نەبم.

[٣]

گوم بی[١]

گــوم بـی چـون خـورشید ئـەو نـە پڕتـەودا
گــوم بـی ئـەهل عـیلم نـە شۆڵەی ئـەودا[٢]

نــار مــەکـەرد وە سـەر دڵ ســازانـەدا
نــادر بــی جــە نــاو هــام رازانــەدا[٣]

بـنویس وە هـوونـاو دڵ نـە پـەڕەی جـەرگ:
«نــادر شـێخ علی» پـەی تـەئریخ مـەرگ[٤]

[٤]

گێج ئاڵانی

گــێج ئــاڵانــی هــا بــە دۆشـەوە
وە قــولاب چــەنگ ئــاهێر نـۆشـەوە[٥]

---

[٣]

(١) مەولەوی ئەم چەند شیعرەی لە لاواندنەوەو مێژووی وەفاتی شێخ عەلی تەوێڵەیی‌دا وتووەکە خەلیفەی شێخ عوسمان «سراج‌الدین»رحمه الله بووە.

(٢) واتە: شێخ عەلی وەك خۆر گوم بوو لە تیشکی خۆیا، وە ئەهلی عیلمیش، کە وەك ئەستێرە وان لە تاریکی گومڕایی‌دا، لەشەقی رۆژی ئەوا گوم بوون.

(٣) نار: ئاگر. نادر: نایاب. واتە: ئاگری بەردایە دڵی ئەو پیاوانەی خواکە دڵی خەڵك رێك ئەخەن، وە لە ناو هاوڕێیان‌دا هاوتای نەبوو.

(٤) واتە: لە مێژووی مردنیا بە خوێناوی دڵ لە پەڕەی جەرگم بنووسە «نادر شێخ علی» کە بە پیتی ئەبجەد ئەکاتە ١٢٧٥.

[٤]

(٥) گێج ئاڵانی: ماری لە خۆ ئاڵاوی سڕ. دوش: کۆڵ، سەرشان. چەنگ: لار. واتە: یار قژێکی وەك ماری لە خۆ ئاڵاوی سڕی پێوەیە بە سەر شانیا بڵاوی کردووەتەوە، بە داوێنێکی لوولی واوە ئاگر بەر ئەداتە دڵی دۆست وەك قولاپی چەماوە لە ئاگرا سوورەوەکراو.

دوو ئـــەبرۆی ســـیای مـــژان چـــڕیـــدە
نـــە رای بـــەندەگـــیش قـــەترانـــی دیـــدە(۱)

[۵]

گەرمی کورەی(۲)

گەرمی کـورەی مـەیل قـەیس چـۆڵ گـەردەن
تـــەئسیر نـــە تـــۆی دڵ لەیـــلێ ئـــاوەردەن(۳)

بـــەڵ نـــە تـــاو رەقـیب وە دەرد مـــەشهوورەن
وەرنـــە دەردو لەیـــل هـــەی نـــە یـــەك دوورەن(۴)

---

(۱) چڕیدە: چڕو پڕ. قەترانی: رەش. واتە: دوو برۆی رەشی ئەو یارە برژانگ پڕە لە رەشیدا گەیشتوونەتە رادەیەك چاوە قەترانییەکانی بوون بە خزمەتکاریان.

[۵]

(۲) جارێکیان لەیلێی خوشکی ئەحمەد پرێسی نەخۆش ئەبێ، کاکیشی بەو بۆنەوە ئەم دوو شیعرە ئەڵێ:

لەیـلی شیفای زام مـەجنوون بـەختانەن — شـــیرینش دەوای فـــەرهاد رەخـــتانەن
حەیف نیەن فەلەك چەواشەی چەپگەرد — شـــیفا وە ئـــازار، دەوایـــی وە دەرد؟

واتە: لەیلێ شیفایە بۆ زامی ئەوانەی بەختیان وەك بەختی مەجنوون وایەو عاشقی بوون، وە شیرینی یەکەی دەرمانە بۆ ئەوانەی چەرخیان وەك فەرهاد بۆ رێ کەوتووە. جا توخوا هەی گەردوونی سەرلاری چەپگەرد حەیف نیە شیفا تووشی ئازارو دەرمان تووشی دەرد بکەی؟

مەولەویش بۆ وەرامی دانەوەی شیعرەکان ئەحمەد ئەم دوو شیعرە ئەڵێ:

(۳) واتە: گەرمی کوورەی مەجنوونی چۆڵگەردە، کـاری کـردووتە سـەر دڵی لەیـلێو نەخۆشی خستووە، ئەگینا لە خۆیا نەخۆشی نیە.

(۴) واتە: بەڵکو لە تاو بەدکار وا ناوبانگی نەخۆش کەوتنی دەرچووە، ئەگینا دەردو لەیل لە یەك دوورن.

[٦]

گۆشەی سیاماڵ(١)

گۆشەی سیاماڵ هۆرداو دیاوە
چون مانگ نە گۆشەی هەور سیاوە(٢)

بە خودا قەسەم پاسەم ئومێدەن
«حُورٌ مَقْصُوراتٌ فِی اَلْخِیام» ئێدەن(٣)

[٧]

گەر زەڕەی

گەر زەڕەی شعوور هەیە پێتەوە
کە وتیان خودا ئەبڕێتەوە(٤)

---

[٦]

(١) مەولەوی جارێکیان ئەڕوا بۆ دیدەنی مەحمود پاشای جاف، کە ئەگاتە بەرەوە خانمێکی جوان لای دەوارەکە بەرز ئەکاتەوە سەیرێکی مەولەوی‌و هاوڕێکانی ئەکا، مەولەویش کە ئەمە ئەبینێ ئەم دوو شیعرە ئەڵێ:

(٢) سیاماڵ: ڕەشماڵ، دەوار. هۆردا: هەڵدایەوە. دیاوە: ڕوانی. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٣) پاسەم: وەهام. واتە: گۆشەی دەوارەکەی هەڵدایەوەو وەك مانگ لە سووچی پەڵە هەوری ڕەشەوە دەرکە وێ، ڕوانی، قەسەم بە خوا هیوام وایە خوا ئەمەی مەبەس بووبێ کە لە قورئانا تەعریفی حۆری‌یەکانی بەهەشتی کردووەو فەرموویەتی ﴿حُورٌ مَقْصُوراتٌ فِي الْخِيامِ﴾. یەعنی: بەهەشتی‌یەکان چەند حۆری‌یەکیان هەیە هەمیشە لە ناو خێوەتانو هەرگیز لێی دەرناچن.

[٧]

(٤) واتە: ئەگەر تۆسقاڵێ هەستو تێگەیشتنت پێوە بێ، لەکاری خوادا قسە ناکەی چونکە وتیان خوا ئیتر هیچی تیا نامێنێو ئەبێ ئادەمیزاد پێی ڕەزامەندبێ.

تیپی لام

[١]

لوای بینایی(١)

لوای بـــینایی دیـــدەی دەروێشـــان
ئـــاسان کـــەرد جـــە لام مـــوسیبەت کـێشـــان(٢)

خـــەم، خـــەفەت، مـــەینەت، هـــەناسان سـەرد
هـــەر کـــام مـــەیۆ ،بۆ، سـەفاییش ئـاوەرد(٣)

ئـــەر کـــەفتەو مـــەحشەر دیـــن جـــەماڵت
وەر نـــمەدۆ دڵ دامـــنەی خـــەیاڵت(٤)

نـــاپەیدای تـــەوەن دوور بـــێ سـەفەرەن
ســـەفەر بێ لەشکـر، لەشکـر بـێ سـەرەن(٥)

مـــەیدان نـــە دیـــدەی ســـوپایی تـــارەن
شـــۆڵەی تـــاس کـــڵاو تـــۆ نـــە پـــێوارەن(٦)

---

[١]

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە لاواندنەوەی قادر بەگی کەیخەسرەو بەگی جافا وتووەکە بەگوللەی وێڵ کوژراوە.

(٢) لوا: رۆیشتن. واتە: رۆیشتن و مردنی قادر بەگ کە بینایی دیدەی هەژاران بوو، هەموو دەردو مەینەتێکی لا ئاسان کردم، چونکە لە هەموویان سەخت‌تر بوو.

(٣) مەیۆ: دێت. بۆ: بێت. واتە: ئیتر لەمەو پاش خەم و خەفەت و مەینەت و هەناسە سارد هەکامێکیان دێت بێت ترسم لێی نیە.

(٤) کەفتەو: کەوتەوە. دین: دیتن وەر نمەدۆ: بەرنادا. واتـە: هـەرچـەند چـاو پـێکـەوتنی جوانیت کەوتەوە ئەو دنیا، بەڵام دڵم داوێنەی بیر لێ کردنەوەت بەرنادا.

(٥) ناپەیدا: دیارنەبوو. تەوەن: بەرد. واتـە: ئـەو کـەسەی کـە دیـار نیەو کـەوتووەتە ژێر بەردی ئەلحەد، بە بێ ئەوە چووبێ بۆ سەفەر دوور کەوتووەتەوە لێمان، وە بـێ لەشکـر سەفەری کردووەو لەشکرەکەی بێ سەفەر ماوەتەوە.

(٦) تار: تاریک. شۆڵە: شوعلە، تیشک. تاس‌کڵاو: کڵاوی ئاسنین کە لە جەنگا ئەکرێتە سەر. واتە: لەبەر ئەوەکە تاس‌کڵاوەکەی تۆ کەوتووەتە ژێر خاک و دیار نیە تـا دنـیا روون بکاتەوە، مەیدانی جەنگ لە رووی لەشکرا تاریک بووە.

تــا فــەڵەك مــەودای نــەی تــۆ شــاردەوە
داوودی رەواج پـــــەیدا کــــــەردەوە(١)

تــا شــێر بــەیداخ تــۆ ئــاما وە بــەر
نە گۆشـەی بێشـەی نـەی فـەوج لەشکـەر(٢)

دلێران «یـــا شـــێر ئـــامان» مـــوانـــان
شـێران وێنـەی شـێر بـەیداخ مـنمانان(٣)

ئــیسە عــــام کــــەردەن مــەرگت دلێری
شــێر بــەیداخــان مــنمانان شــێری(٤)

وەهــار نــەوگوڵان نــە تــۆی خــاك بــەر کــەرد
جە بەدبەختی من تـۆ وە تـۆی خـاك بـەرد(٥)

---

(١) مەودا: تیژی. نەی: رم. داوودی: جۆرێکی بە نرخی کراسی زرێیە. واتە: تا مابوری رمی تیژت هەموو کراسێکی زرێی ئەسمی، لە بەر ئەوەی لیباسی زرێ کەڵکی هیچی نەئەگرت‌وکەس نەی ئەکڕی، بەڵام هەرکە تۆ نەمایت‌و رمە تیژەکەت نەما لە ناوا، کراسی زرێی داوودی رەواجی پەیدا کردەوە.
(٢) شێر بەیداخ: ئیشارەتە بۆ ئەوەکە جاران ئاڵای جافەکان وێنەی شێرێکی پێوە بـووە. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوە پێکەوە دێ.
(٣) موانان: ئەخوێنن. منمانا: ئەنوێنن. واتە: تا لە سووچی دارستانێ کۆمەڵە رمی تـیپی لەشکرەکەتەوە شێری بەیداخەکەت دەرئەکەوت، قارەمانان هەموو «ئامان هەی شێر» یان بوو، وە سەریان بۆ دائەناواندی، وە وەك وێنەی شێری سەر بەیداخەکە بێ گیان‌و هیچ لێ نەهاتوو بوون.
(٤) واتە: کەچی ئێستا مردنی تۆ ئازایی بڵاو کردووەتەوەو شێری سەر بەیداخـەکـان لە وێنەیەکی رووت بەولاوە نین، خۆیان بە شێری راستەقینە ئەزانن.
(٥) واتە: بەهار گوڵی نوێی لە ناو خاك هێنـایە دەرەوە، کـەچی لە بـەدبەختی مـنا تـۆی خستە ناو خاك کە گوڵی منی. لەم شیعرەوە وا دیارەکە قادر بەگ لە بەهارا کوژراوە.

وادەی خــــاو نـــیـەن، وادەی شکـــــارەن
دەشتەکەی پـای هـەرد «شـاکـەل» دیـارەن(۱)

بـــەو هـــیلال نـــاڵ کـــومەیت خـــۆش دەو
مـــانگ شـادیو زەوق هـەردان بکـەر نـەو(۲)

حـــەلق جـــەیرانـــان تـــەشنەگـــی بـێ شـۆن
ئـــینتیزار ئـــاو ســـاف تـــیغ تــۆن(۳)

تـــاریك بــی شـــەوگار شـــەو زیـــندەداران
گـــیریا تـــەمام بـــەدر روخســـاران(۴)

شــیۆیــا یـــانەی دەروون پـــڕ خـــاران
کـــنیا دەســـتەی زوڵف شـیرین نـــیگاران(۵)

ســیاماڵ مـــاتەم، ســـەر کـــۆمـــار دڵ تـەنگ
تـــەڵەبـــە پـــەشێو، مـــەدرەسە بـــێ دەنگ(۶)

---

(۱) شاکەل: دێیەکە لە ناوچەی شیروانە لە قەزای «کفری». واتە: وادەی خەوی مەرگ نیە، وەختی راوە، هەستە دەشتی داوێنی هەردەکان شاکەل دیارەکە جێگای راوتە.

(۲) کومەیت: ئەسپی کوێت. خۆشدەو: باش غار کەر. نەو: نوێ. واتە: هەستە سوار بە بچۆ بۆ راو، وە بە نەخشی ناڵی ئەسپەکوێتە خۆش غارەکەت کە لە مانگی یـەك شـەوە ئەچێ، هەردەکان نیشانە بکەو، مانگی شادیو زەوقیان تازەکەرەوە.

(۳) حەلق: قورگ. جەیران: ئاسك. تـەشەنەگـی: تینوویەتی. واتـە: تینوویەتی قـوڕگی ئاسکەکان لە رادە دەرچووە، چاوەڕوانی ئاوی سافی تێغی تۆن کە بـدەی لە گـەردنیانو خوێنیان بڕێژیو قوڕگیان تەڕ ببێ.

(۴) شەو زیندەداران: ئەوانەی شەونشینی ئەکەن. بەدر: مانگی چواردە. واتە: بـە هـۆی مەرگتەوە شەوی شەونشینی کەران تاریك بوو، چونکە تۆ مایەی رووناکی شەویان بووی وە تۆیش نەمای، وە بە تەوای مانگی چواردەی رووی نازداران گیرا.

(۵) کنیا: هەڵکەنرا. واتە: خانووی ئەو دۆستانەی کە بۆ تـۆ پـڕە لە دەرك وێران بـوو، وە نازداران لە بەر مردنی تۆ ئەوەندە گریان چەپکی زوڵفی خۆیانیان لە بن هەڵکێشا.

(۶) سەرکۆمار: سەرۆکی هۆز. واتە: بە هۆی مـەرگی تـۆوە نـاو دەوارەکـان تـەعزیەیەو سەرۆك هۆزەکان خەفەتبارنو فەقێکان پەشێونو حوجرەکانیان دەنگی خوێندنی لێوە نایەت.

هـــیچ دیـــار نـیـەن کـەست جـەویر بـۆ
مشـــێو گـەرمیان خـــاکش دڵگـیر بـۆ(١)

هەر ساڵێ چەند وەخت سەر هەرد لەیلاخ
وە بۆی هام دەمیت دەمـاخ مـەکـەرد چـاخ(٢)

دڵەی گـــەرمیان نـــەو چـــەند وەخـتەدا
مـەسۆچـیا وە جـۆش دووری سـەختەدا(٣)

ئـــاخر گـــەرمیان ســاڕێش کـەرد زامت
بـــی وە هـــامدەمت تـــا رۆی قـیامت(٤)

دەرد گـــــەرمیان وە ئـــێڵاخ یـــاوا
گـــەرمیان وە حـــاڵ ئـــێڵاخ دڵ تـــاوا(٥)

مـــەرگ بێ وادەت عـەجەب رەنگـێ رەشت
شین وست ئەو دنیا، شـادی ئـەو بـەهەشت(٦)

دنـــیا شـــینشەن نـــیەنی تـــێش‌دا
بـەهەشت شـادیشەن مـەگـێڵی پـێش‌دا(٧)

---

(١) مشیۆ: ئەشێ. واتـە: لەوە نـاچی کـەست لە بیر بێ‌و نیازت هـەبێ سـەرکەوی بۆ کوێستان، وا دیارە ئەمساڵ گەرمیان خاکی دڵگیرە بۆیە وا بە جێی ناهێڵیت.

(٢) چاخ: قەڵەو. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٣) نەو: لەو. مەسۆچیا: ئەسووتا. واتە: سەر هەردی کوێستانەکـان هـەر سـاڵی چـەند مانگێك دەماخی خۆیان بە هاوڕێیەتی تۆ قەڵەو ئەکردەوە، وە لەو چەند مانگەدا لە تاو جۆشی سەختی دووری تۆ ئاگری تێ بەر ئەبوو، وە ئەسووتا.

(٤) قیام: زیندوو بوونەوە. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.

(٥) تاوا: توایەوە. واتە: ئاخری گەرمیان زامی دووریتی سارێژکردو گرتیتیە لای خۆی تا رۆژی قیامەت، کوێستانیش تووشی دەردەکەی جارانـی گـەرمیان بـووە، وە ئـەوەندەی بەزەیی بەکوێستانا هاتەوە دڵی توایەوە بۆی.

(٦) وست: خست. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٧) نیەنی: نیت. مەگێڵی: ئەگەڕێیت. واتە: مەرگی ناوەختت رەنگێکی سـەیری رشت،

نــازاران پــڕ داخ تــۆ تــەشریفت بــەرد
حــووران وە پــەرداخ تــۆ تــەشریفت بــەرد[١]

هــەر یــەند رۆ رۆم کــەرد رۆم نــەبڕیــاوە
ئــای رۆم بــڕیــاوە، رۆم نــە بــڕیــاوە[٢]

تــاکــەی چــەنی شــین رۆ وە سـەر بــەروون
بــا وە ســـۆز دڵ دۆعــایێ کــەروون[٣]

ئــەر ئێمە مـەحرووم دیـنت بیم یـەکسـەر
تــۆ شــاد بــی وە دیـن خـوداو پـەیغەمبەر[٤]

[٢]

لوقمەکەی ماساو[٥]

لوقــمەکــەی مــاساو قــووڵ دەریــای مــەیل
لوخت ســای کــۆڵەی سارای دەرد لەیــل[٦]

☞

شینی خستە دنیاو بەهەشتی پڕ کرد لە خۆشی. ئێستا دنیا شین و زاری‌یەتی چونکە تۆی تیا نیت، بەهەشتیش شادی‌یەتی چونکە تۆی پیا ئەگەڕێت.

(١) واتە: جوانان دڵیان پڕە لە داخ و خەفەت، حۆری‌یەکانیش خۆیان رازاندووەتەوە، چونکە تۆ ئەم دنیات بەجێ هێشت و چووی بۆ بەهەشت.

(٢) رۆ «ی یەکەم و سێهەم»: رۆ رۆ. رۆ «ی دوهەم»: رۆژ. واتە: ئەوەندە رۆ رۆم کرد رۆژم دوایی هات، کەچی رۆ رۆم هەر نەبڕایەوە.

(٣) کەروون: بکەم. واتە: تا کەی رۆژم بە شین کردنەوە بەرمەسەر، با بە سۆزی دڵەوە دوعایەك بکەم. دوعاکە لە شیعری پاشەوەدا دێت.

(٤) بیم: بووین. واتە: هەرچەند ئێمە تێکڕا لە دیتنت بێ‌بەش بووین، قەیدی نیە، خوا بکا تۆ شاد ببی بە خزمەت گەیشتنی پێغەمبەرﷺ.

[٢]

(٥) مەولەوی ئەم پارچە هەڵبەستەی لە وەڵامی «یونس» ناوێکی ئاشنایا وتووە.

(٦) ماساو: ماسی. لوخت: رووت و قووت. کۆڵە: کوولەکە. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.

یـــاوا پـــێم نـــامەی وەش تـــەحریرەکـــەت
ئینشای دەروون سـۆز پـڕ تـەئسیرەکـەت(١)

حـــــاسڵش نــــەبۆ فـــەرامـــۆشـــیمان
وادەی بـــــەزم گـــــەرم بـــاده نـــۆشـــیمان(٢)

چـــەنی هـــام فـــەردگەرد جـــیایی شـــیەن
مـــن‌و تـــۆ جـــە بـــەین مـــن‌و تـــۆ نـــیەن(٣)

ســـاقی جـــام وە دەم ئـــەی یـــەك مـــەڕێزۆ
نـــەشئەی مـــەی نـــە دڵ ئـــەو یـــەك مـــەخێزۆ(٤)

بەڵ نەی تەن ئـەی گـیان تـۆنـی کـەری عـەزم
مەی نۆشـیو، جـەستەی مـن زەمـین بـەزم(٥)

---

(١) واتە: ئەی پارووی دەمی ماسی ناو دەلیای قووڵی خۆشەویستی، وە ئەی بە رووت‌و قووت داکەوتوو لە سێبەری دارکوولەکەی چەشتنی دەردو مەینەتی لەیل‌دا. مەولەوی لە شیعری یەکەم‌دا ئیشارەتی بۆ حیکایەتەکەی حەزرەتی «یونس» کرد کە قەومەکەی فڕێیان دایە ناو دەلیاو ماسی قووتی داو پاشان هەڵی هێنایەوەو فڕێی دایە گوێ ئاو، ئەویش بە رووتی لە سێبەری دارکوولەکەیەکا لێی راکشا.
(٢) حاسڵ: پوختە. واتە: پوختەی نامەکەت ئەوەبوو لەکاتی ئاهەنگی گەرمی مەی خواردنەوەدا لە بیرت نەچین. مەولەوی لە شیعرەکانی لە مەو پاش‌دا وەرامی قسەکانی ئەو ئەداتەوە.
(٣) شیەن: نەماوە. واتە: لەگەڵ هاوڕێیەکی وەکو تۆ دا تۆزی جیایی نەماوە، وە لە نێوانی من‌و تۆدا من -من‌و تو- تۆ نیە.
(٤) مەڕێزۆ: دائەکا. مەخێزۆ: هەڵئەستێ. واتە: من‌و تۆ ئەوەندە یەکین، مەی‌گێڕ مەی ئەکاتە دەمی یەکێکمان، ئەوی‌ترمان نەشەی خواردنەوەی لە دڵی بەرز ئەبێتەوە.
(٥) واتە: گیانەکەم بەڵکو تۆی لە لەشی منا نیازی مەی خواردنەوە ئەکەیت، وە لاشەی من جێگای ئاهەنگی خواردنەوەیە.

چون کـەوت ئـەو دەورەی پـیاڵەی بـێ گـەرد
نە رووی ئەی زەمین نەقش ئەی چەند فەرد:(١)

بـەزمەن، یـاران مـەست، بـادەی بـاقی‌یەن
مـەعدووم ئـەرزەکـەی بـەزم سـاقی‌یەن(٢)

یـا بـاڵای سـاقی وەی لادا خـەمێ
یـا جـام جـەو بـاقی پـەی زەمـین نـمێ(٣)

[٣]

لە سەدای نەبات(٤)

لە سـەدای «نـەبات» لە چـریکەی «فـەرەج»
لە سـەر مـەلاو شـێخ نـەماوە حـەرەج(٥)

---

(١) واتە: چونکە لە گێڕانی پیاڵەی شەرابی بێ‌گەردەوە نەخشی ئەم دوو شیعرەی پاشەوەکەوتە سەر زەوی کە جەستەی منە.
(٢) مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە.
(٣) خەمێ: لار بوونەوەیەك. واتە: ئاهەنگی خواردنەوەیە... یاران سەرخۆشی شەرابی خۆشەویستی هەرگیز نەبڕاوەن، مەولەویش مەیدانی بەزمی مەی‌گێڕە... سا توخوا کاکەی مەی‌گێڕ لایەك بەم‌لادا بکەرەوەو پەرداخێکمان بدەرێ... تۆیش ئەی پەرداخی مەی لەو پاشماوەیەی بنەکەت دڵۆپێ بڕێژە بەسەر زەوی‌یەکەدا کە جەستەی مەعدوومی‌یە.

[٣]

(٤) مەولەوی رۆژێکیان لە هەڵەبجە بە لای زەماوەندێکا تێ‌ئەپەڕێ، سەیر ئەکا ژنێکی دەنگ خۆش «نەبات» ناو گۆرانی بۆ ژنانی هەڵپەرکێ‌کەر ئەڵێ، لەولاشەوە پیاوێکی دەنگ خۆشی «فەرەج» ناو گۆرانی بۆ پیاوان ئـەڵێ... لایان ئـەوەستێ‌و دەس ئـەکا بـە سـەیر کردنیان، وە بۆ پاساودانی ئەو سەیر کردنەی نامەحرەم ئەم شیعرە ئەڵێ:
(٥) واتە: لە خۆشی دەنگی «نەبات»و چریکەی «فەرەج» دا مەلاو شـێخ هـەموو شـێت بوون، وە هەرچی بکەن گلەیی‌یان لێ ناکرێ، چونکە شێت تەکلیفی لە سەر نیە.

تیپی میم

MAWLAWI.KRD

[١]

من پێسەم زانا(١)

مــن پــێــســەم زانــا تــۆ پــڕ مــەیلەنی
دەروون جــە بــادەی مــۆبــەت کــەیلەنی(٢)

دووی کـــوورەی دووریت مشـــۆ وە تـــوونْدا
بــەردت دان وە پــای وەفــای مــەجنوونْدا(٣)

ئــیسە دیـــدەکـــەم ئـــێد دیـــاریەن
ئــەر چـــێوێت کــەم بــۆ وەفـــاداریــەن(٤)

ئـــامۆ شـــۆی وە گـــەرم یـــاران گـیانی
وە بـــــار خـــاتر نـــازك مـــزانـــی(٥)

بــۆی بــێ وەفــاییت چــون بــۆی وەر زاخــان
مــدۆ نــە دەمــاخ بــەختان قــوڵاخـــان(٦)

شـــەرت بــۆ تـــا وەی دەرد دڵەی تــەنگەوە
ســەر بــنیەو وە ســای ســیا ســەنگەوە(٧)

---

[١]

(١) مەولەوی لەم قەسیدەیەدا گلەیی لە بێ وەفایی دۆستێکی ئەکا.
(٢) پێسەم زانا: وامزانی. واتە: من وام زانی تۆ زۆر بە وەفای، وە دەروونت پڕە لە بادەی خۆشەویستی.
(٣) مشۆ: ئەچێ. واتە: وامزانی لە تاو دووری دۆستان دووکەڵی کوورەی شەوق و سۆزت تووناو توون ڕۆیشتووە، وە ئەوەندە بە وەفای بەردت داوە بە قاچی وەفای مەجنوونْدا، وە وەفای ئەو لە چاو هی تۆدا هیچ نیە.
(٤) چیوێت: شتێکت. واتە: ئێستا دەرکەوتووە ئەگەر شتێکت کەم بێ هەر وەفایە، وە هیچ وەفات نیە.
(٥) واتە: هاتوچۆ کردنی گەرمی دۆستان بە باری سەر دڵی ناسکت ئەزانی.
(٦) قوڵاخ: بەرەڵڵا. واتە: بۆنی بێ وەفاییت وەك بۆنی زەردوماکان ئەدا بە لووتی ئەو دۆستانەدا کە بەختیان وێڵ بووە.
(٧) مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.

هــەنی پــێشـانی ڕەنگ وە خــەزان دەر
پــای ئـاسانەکـەت نـەگـێرۆ نـە زەر[١]

دیـدەی کـۆر هـیجر باڵای بـێ خـەوشت
نـەوینۆ سـورمەی گـەردەکـەی کـەوشت[٢]

جـە شـنۆی نـاڵەی شـەو سـۆز زاری
سـەگ ئـاسانەت نـە بـۆش بـێداری[٣]

چـەم نـم نەدۆ تۆز حـەریم چـون جـاران
هـەرزان کـەرۆ بـاد دەوا پـەی یـاران[٤]

جە سای دووی دەروون سەودایی بێ شۆ
نەڕەنجۆ سەفحەی لای سەوزەی وەش بۆ[٥]

دایـم هـەوای پـار پڕ بـەینەتت بـۆ
نـەوینی کـەسێ جـای مـەینەتت بـۆ[٦]

---

(١) پـێشـانی: نـاوچاو. زەڕ: زێڕ، ئـاڵتـوون. واتـە: شـەرت بـێ تـا بـەم دەردەی دڵەی خەفەتبارمەوە ئەچمە ژێر خاك، ناوچاوی لە خەفەتا زەرد بووم کە وای لێ‌هاتووە ڕەنگی زەرد ئەبەخشێ بە گەڵای پایزان، جارێکی‌تر بەردەرگاکەت نەگرێتە زێڕ. مەبەسی لەوەیە سەر نەنێتە سەر خاکی بەردەرگایان.

(٢) واتە: مەرج بێ تا ئەمرم جارێکی‌تر چاوم کە لە دووری باڵای بێ عەیبی تۆ دا کـوێر بووە، خۆڵی ژێر کەوشەکەت لە جیاتی کلە بە خۆیەوە نەبینێ.

(٣) واتە: وە ئەبێ سەگی بەردەرگات لە نـاڵەی شـەونخوونی مـن خـەبەری نـەبێتـەوە، مەبەسی ئەوەیە ئەبێ لە تاو دووری نەناڵێنێ.

(٤) حەریم: حەوش. باد: با. واتە: وە ئەبێ چاوم فرمێسك نەڕێژێ‌و تۆزی حەوشەکەت ئاوڕشێن نەکا، بۆ ئەوەی دەرمان هەرزانکا بۆ یاران‌و ئەو تۆزە بێنێ بە رووماناا.

(٥) نەڕەنجۆ: نەڕەنجێ، ئازاری پێ‌نەگا. واتە: وە ئەبێ لە سێبـەری دووکـەڵی دەروونـی نەخۆشی لە ئەندازە دەرچووما تەختی رووی لای زوڵفی بۆن خـۆشت ئـەزیەت نـەبێ. مەبەسی ئەوەیە لە بەر دەردی دووری هەناسە هەڵناکێشێ لە ڕوویا.

(٦) واتە: با تۆیش هەمیشە ئارەزووی دیتنی دۆستی بە وەفات بێ‌و کـەس شك نـەبەی سکاڵای دەردو مەینەتی خۆتی لا بکەی.

بـــڵێســــەت بـــەرزان بگـــێرۆ پـــەرێم
هـــەر بـــواچـــی ئاخ پـــەی داخـداری وێم(١)

مـــن وێڵ وێڵ گـــێڵوو هـــەردەو هـــەردەوە
هـــەرد دەرد بـــۆ بـــدۆم وە دەم دەردەوە(٢)

تـــا رێزۆ وە خـــاك دڵ چـــون پـــڕ داخـــان
چەند داخ شین وە خاك، ئێدیش بان داخان(٣)

[٢]

ماتەمی و وەهار(٤)

مـــاتەمی و وەهـــار؟ بـــێ شـــەوقی و نـــەوگوڵ؟
مەلوولی و گـــوڵزار؟ بـێ زەوقـــی و بـــوڵبـــوڵ؟(٥)

سوب بـۆی وەش نـەسیم چـون هـەردەجاران
نـــمەدۆ نـــە کـــاخ دەروون یـــاران(٦)

---

(١) بواچی: بڵێی. واتە: وە با بڵێسەی گەرمی دڵت لووتکەو بەرزاییەکان بگرێ لە تاو دووریم، وە هەر ئاخ هەڵبکێشی بۆم.

(٢) بدۆم: بمدا. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بەشیعری پاشەوەیەوە.

(٣) رێزو: داوەرێ. شین: رۆیشتن. واتە: منیش بە وێڵی بە هەردەکانا بگەڕێمو دەرد بمدا بە دەم دەردی ترەوە تا دڵم وەك دڵی دۆستە دڵ پر لە داخەکان بوەرێتە خاك، قەیدی نیە هەزاران داخ براونەتە گڵ، با داخەکانی دڵی منیش بچنە سەر ئەو داخانە.

[٢]

(٤) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە لاواندنەوەی ئەمنە خانی کچی قادر بەگی کەیخەسرەو بەگی جافا وتووە کە خێزانی بارام بەگی جاف بووە، وە لە ساڵی ١٢٩٠ی هیجری دا مردووە.

(٥) واتە: ئەمانە موناسەبەتیان بەیەکەوە نیە، نازانم چۆن یەکیان گرتووە؟.

(٦) واتە: بۆنی خۆشی نەسیم ئێستا وەك جاران بە بەیانیانا نادا لەکۆشکی دەروونی یاران.

داخــۆ نــەی ســەروەخت فــەزای وەهــاردا
کــام تــەم نــە ســەر هــەرد قــەزا دیــاردا[١]

ســەدای «هــای دێــای خــەمان» هــەرزانــەن
ســــەڵای واوەیــلای بــادام تــەرزانــەن[٢]

مەر گـوڵشـەن حـوسن شـای گـوڵ ئـەندامـان
جـە وەیشـوومەی مـەرگ خـەزانش ئـامان[٣]

ئـەو بــاڵای ئــاڵای تــەرز ســەهی ســەرو
پــێوە هــێلانــەی دڵان چــون تــەزەرو[٤]

کـــنیاو خـــەمیاوە وە دەم ڕێشـــەوە
تــەزەرو ئــاسا نــیشت وە ســای وێشـەوە[٥]

---

(١) داخۆ: ئاخۆ. واتە: ئاخۆ لەم دەمی بەهارە فراوانەدا کام تـەم دیـاریی داوە بـە سـەر هەردی قەزاو قەدەرەوە.

(٢) دیبا: پارچە. واتە: هاواری «هەی پارچەی خـەفەت» بـە زۆری ئـەبیسرێ‌و دەنگـی شین‌و زاری کردنی یارەکان کە باڵایان بەرزە وەك لقی بادەم، دنیای پڕ کردووە. مەبەسی ئەوەیە بە هۆی مردنی ئەمنە خانەوە ئەبێ دۆستان بەرگی عازیەتی لەبەر کەن، لەبەر ئەوە فرۆشیار جلی ڕەشیان بەزۆری هێناوە بۆ فرۆشتن.

(٣) مەر: تمەز. گوڵشەن: باخچە. وەیشوومەن: بای سارد. واتە: تمەز ئـەمە هـەموو هـی ئەوەیە باخچەی جوانی یار کە شای نازارە لەش وەك گوڵەکانە، بـە هـۆی بـای ساردی مەرگەوە پایزی هاتووەو گەڵاکانی وەریوە.

(٤) سەهی سەرو: دار سەروی سێبـەر. تـەزەرو: کـۆتـرەباریکە. مـەعنای ئـەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٥) کنیا: هەڵکنرا. خەمیاوە: چەمی‌یەوە. واتە: باڵای ڕەنگاوڕەنگی کە وەك دار سـەروی سێبەر هەڵچووەو دڵی دۆستان وەك کۆترەباریکە هێلانەیان پێوەکردوە، بە دەم دەردەوە هەڵکنراو کەوت‌و وەك باڵندەی تەزەرو «کۆترەباریکە» لە سێبەرەکـەی خـۆیا نـیشتەوە. مەشهوورە ئەم باڵندەیە لە سەر دارەوە سەیری سێبەری خۆی ئەکاو ڕێك دێتە سـەری ئەنیشێتەوە.

تای بەڕەزای شەنگ عەنبەر بـۆی شـەو ڕەنگ
پەخش بی نە رووی تاش ئەڵحەد سەرای سەنگ[(١)]

ئـەو کـۆی نـەزاکـەت وە نـاز پـەروەردە
لەتـافەت جـە بـەرگ حـەریر ڕەم کـەردە[(٢)]

نـە تـۆی جـامەی خـاك حـاڵاتش چۆن بـۆ
دەك چەرخـە بـەختت هـەر نـیل گـوون بـۆ[(٣)]

بـاڵ چـەم هـوردا نـەرگس نـەی دەمدا
چ خـێر بـی تـۆ چـەم نـیای وە هـەمدا[(٤)]

چێش بی خێڵخـانەی وێت جـە یـاد بـەردی
ڕووی تەڵمیت ئەو خێڵ حۆری‌یان کـەردی[(٥)]

راسـەن هـەمرازی حـۆری‌یـان وەشـەن
پەی عەشرەت دووریت دەردێ سەرکەشەن[(٦)]

---

(١) بەڕەزا: گیایەکە بە لا پاڵی بەردو تاشەوە ئەڕوێ. شەنگ: جوان. واتـە: تـاڵی زوڵفـی جوانو ڕەشو بۆن خۆشی وەك بەڕەزای سەر بەرزان بە سەر تـاشە بـەردی ئـەڵحـەدی قەبرەکەیا بڵاو بووەوە.

(٢) کۆ: کۆگا. ڕەم کەردە: هەڵاتوو. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.

(٣) تۆ: ناو. نیل گوون: نیل ڕەنگ، مەبەسی لێڵە. واتە: ئاخۆم ئەو خانمەکە کۆگای ناسکی بوو، وە بە ناز پەروەردەکرابوو، وە ناسکی‌یەکەی لە ڕادەیەکا بـوو لە پـەڕەی ئـاوریشم تەرێزی ئەکرد، ئاخۆم ئیستا حاڵی لە ناو کراسی خاكو خۆڵا چۆن بێ. دەك چـەرخی فەڵەك خوا هەمیشە بەختت تاریك کا وا ئەم پەنەت دا.

(٤) نیای: نات. واتە: لەم دەمی بەهارەدا کە نێرگس باڵی چاوی خۆی داو پشکووت، تۆ چ خێرت بوو وا چاوت نا بە یەکدا؟.

(٥) واتە: چی‌بوو وا جێگای خێڵەکەی خۆتت لە بیر بردەوەو ڕووی بارگەت بەرەو خێڵی حۆری‌یەکان وەرچەرخاندو ڕۆیشتی بۆ بەهەشت؟.

(٦) واتە: بەڵێ، ڕاستە هاوڕێ‌یەتی حۆری‌یەکـان خـۆشـە، بـەڵام دووریشت دەردێکـی سەختە بۆ عەشرەتو کەسو کارت.

بـاریٚ تـۆو سـەفاو سـەیرانو گـوڵ گـەشت
هەمسایەی حـۆریو سـەردەشت بـەهەشت(١)

عـــەشرەت وە پـــێچش وە زامـــەتەوە
وەو زام تـــا قـــام قـیامەتەوە(٢)

[٣]

مایەی ئێشو نێش(٣)

مـایەی ئـێشو نـێش گشت زامـان سـەخت
بـازووی تـەوانـای بـەرگەشتەگی بـەخت(٤)

راسەن خـۆ فـەڵەك چـەواشـەی چـەپ گـەرد
پـەی دووری بـاڵات شـانا مـۆرەی نـەرد

بـــەڵام گـیانەکـەم حـەیفەن پـەریٚ تـۆ
بیٚ شەرتیت بەی تەور نـە عـام مـەشهوور بـۆ

مـــن بـیم خـرِیـدار کـاڵای بـاڵاکـەت
مـن بـیم وە سـەرگەرد گـەرد پـاڵاکـەت(٥)

---

(١) باریٚ: ئیتر. واتە: ئیتر تۆ بۆ خۆت رائەبوریٚری و گەشتو سەیران ئەکەیو هاوماڵی حۆرییەکانی لە تەختانی بەهەشتا.

(٢) پێچش: خۆ پێچ دان لە تاو ئازار. واتە: کەسو کارەکەیشت بە دەم ئێشو ئازارەوە هەر خۆیان پێچ ئەدەن، وە تا رۆژی قیامەت بە دەم ئەو دەردەوە ئەناڵێنن.

[٣]

(٣) لەم قەسیدەدا مەولەوی گلەیی لە بیٚ وەفایی دۆستێکی دوور کەوتووەوە ئەکا. ئەم قەسیدەیە هەرچەند لە دیوانەکانا بە ناوی مەولەوییەوە نووسراوە، بەڵام شێوەو ناوەرۆکەکەی لە هی «بولبول» ئەچیٚ کە قەسیدەیەکی تریشمان بڵاو کردەوە گلەیی تیا کردبوو لە مەولەوی چونکە کچی خۆی نەدابوویە.

(٤) بازوو: قۆڵ. بەرگەشتەگی: وەرگەڕانەوە. واتە: ئەی دۆستیٚ کە بووی بە بنچینەو هۆی هەموو ئێشو برینێکی نابار بۆ من، وە بووی بە قۆڵی بە هێزو بەختم ئەگێڕیتەوە.

(٥) بیم: بووم. خریدار: کڕیار.

بــاعیس گــەرمی بــازاڕت مــن بــیم
جــەلای ئــاینەی روخســارت مـن بـیم

مــن سکــەم وە نــام مــەحبووبیت لێدا
مــن رەواجــم دا وە شــارو دێدا

ئــاخر پــەی ئــەغیار جــە مــن ویــەردی
ئــای بــێ بــەڵا بی، ئانە چێش کــەردی؟(١)

مســپاروت وە ســۆز هــەناسان ســەرد
وە جــۆش و خــرۆش دڵەی پڕ جــە دەرد(٢)

تــەپو دووی دووکــەڵ هــەناسەت بــەرز بۆ
نــاڵەت چــون نــاڵەم جــە هــەزار تــەرز بۆ

هەر شەو سەیل هــەرس وە رووی روخســاردا
تــۆف تــۆفــانش بــۆ وە هــەر دیــاردا(٣)

خــەدەنگ چــل چــەنگ شــۆت وە جگــەردا
پــەنجەی بــەدبەختیت بــدەی وە ســەردا(٤)

تــا بــەڵ نــەو ســەردەم بــەیۆ وە یــادت
رەنــج بــێ ســامان بــەردەی فــەرهادت(٥)

---

(١) ئەغیار: بێگانە. ویەردی: دەست هەڵگرت.
(٢) مسپارووت: ئەتسپێرم.
(٣) واتە: یاخوا هەموو شەوێ لاقاوی فرمێسك بە سەر دەم و چاوتا لافاو بکاو بە هەموو لایەکا بڵاو ببێتەوە.
(٤) چل چەنگ: ئەو تیرەی کە چل پەڕەی پێوەیە بۆ ئەوەی لەشی بریندار بە تەواوی داڕزێنێ. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە.
(٥) بەیۆ: بێت. بەردە: براو. واتە: یاخوا تیری چل سەر بچێ بە چگەرتاو لە بەدبەختی یا بدەی بە سەری خۆتا، بەڵکو لەو وەختەدا رەنجی بێ کەڵك و براوی منت بێتەوە یادکە وەك

[٤]

مەرگت دێوەلوول(١)

مـــەرگت دێوەلوول خـــەمان دێونـــان
بـــونیاد خـــەرمان عـــیرفان شـێونـــان(٢)

جـــە دیـــدەو دەمـــاخ، جـە گۆش‌و گـەردەن
دووریت نـمەز کـام زامـدار تـەر کـەردەن(٣)

دیـدە پـەی روخسـار خـورشید وارەکـەت
یـا دەمـاخ پـەی بـۆی عـەنبەر بـارەکـەت(٤)

گۆش پـەی شنۆی راز رێزەی شـەکـەر رێز
یا گەردەن پـەی بـەند حـەڵقـەی زوڵف دێز(٥)

☞

فەرهاد بە بێ‌سوود رەنجم بۆ دای. مەبەسی لەوەیەکە دەردەدار حاڵی دەردەدار ئەزانێ، وە تا ئەویش گرفتار نەبێ لە حاڵی ئەم نازانێ.

[٤]

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەشی لە لاواندنەوەی عەنبەر خاتوونی خێزانیا وتووە.

(٢) دێوەلوول: گێژە لوکە. دێونان: ئاڵۆزاندووە. بونیاد: بنەرەت. شێونان: تێك‌داوە. واتە: مردنی تۆ گێژەڵووکەی خەم‌و مەینەتی لە دڵم ئاڵۆزاندووەو، بنچینەی هەستمی تێك‌داوە.

(٣) دەماخ: لووت. نمەز: نازانم. واتە: نازانم دووریت لەم چوار ئەندامەی لەشما، چاوم‌و لووتم‌و گوێم‌و گەردنم، کامیانی زۆرتر بریندار کردووە. مەبەسی ئەوەیە بە هۆی مەرگی عەنبەر خاتوونەوە ئەو چوار ئەندامەی ئەوەندە بریندار بوون نازانی کامیان لە وی‌تریان بریندارترە.

(٤) خورشیدوار: رەنگ وەك رۆژ. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

(٥) شنۆ: بیستن. ریزە: ورد. دێز: رەش. واتە: چاوم بۆیە بریندارە چونکە بینینی رووی وەك رۆژتی لێ براوە، وە لووتم لە بەر ئەوەکە بۆنی وەك عەنبەر خۆشتی پیا ناچێتەوە، وە گوێم چونکە قسەی شیرینت نابیسێتەوەکە وردە شەکری لێ ئەوەرێ، ملیشم بە هۆی ئەوەوە تا جارێکی‌تر زەنجیری زوڵفی رەشتی لێ ناڵاڵێ.

خـێڵخـانەی مـەینەت یـەند ئاماو شیەن
وە سـەفحەی دڵدا سـۆهـان ساو بیەن[١]

هـیچ بـەند نـمەبۆ پـای بـەڵاش پـێوە
وەرنـە هـەی شـاباز شـۆخ شـەم شـێوە

جـە کـۆ مـەعدوومی ئـەو تـاقەت دارۆ
سـاتێ وە بـێ دیـن بـاڵات بـویارۆ[٢]

قـەزا وە سـەد تـەرز بـەڵا بـاریشەن
دڵ هـەم هـەر دەمـێ تـەرزێ زاریشەن[٣]

چێش بی، هامدەردان دەروون جە خەم کەیل؟
ئـەو بـاڵاو چـیهرەو خـاڵو زوڵف لەیـل[٤]

تـۆمـەی سـەرو گوڵ وەنـەوشەو سـونبوڵ
شـاناش بـاخەوان ئـەجەل وە تۆی گڵ[٥]

تـا دیسـان ئـەر قـەیس وە مـودارا بـۆ
نـەکـام وەهـارا چـەمەن ئـارا بـۆ[٦]

---

(١) سۆهان: بڕەبەن. ساو: ساف. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

(٢) دارۆ: هەیەتی. بویارۆ: بڕێتە سەر. واتە: منیش بۆیە هێشتا ماوم چونکە کاروانی مەینەت ئەوەندە هاتو چۆی کردووە بە سەر تەختی دڵما، وەك چەقۆی ساف بووی لە هەسان چووەوەی لێ هاتووەو پێی بەڵا راگیر نابێ پێیەوە، ئەگینا ئەی شابازی شۆخی وەك شەمع پرشنگدار، من کەی توانای ئەوەم هەیە سەعاتێك بەرمە سەر بێ دیتنی باڵای تۆ؟

(٣) واتە: قەزاو قەدەر بە سەد جۆر بەڵا ئەبارێنێ بە سەرما، وە دڵم هەر تاوێ بە جۆرێ ئەکروزێنێتەوە.

(٤) نیوەی یەکەمی ئەم شیعرە پرسیارەو نیوەی دووهەمی لە گەڵ دوو شیعری پاشەوەی دا وەرامی پرسیارەکەن، وە مەعنای هەر سیانیان پێکەوە دێ.

(٥) تۆمە: توو. سونبوڵ: ڕێحانە. شاناش: وەشاندن.

(٦) قەیس: مەجنوونی لەیلا. ئارا: رازێنەرەوە. واتە: هاودەردە دڵ پڕ لە داخەکان چی

[٥]

من خەریك ئێش

مـــن خـــەریك ئـــێش زام جـــیایی
نـیشتەی گـۆشـەی تـار مـزگی تـەنیایی[١]

گـــا مـــەشغوولْ زام، گـــا خـــەریك دەرد
گـــا رەفـیق خـەم، گـــا هـەناسەی سـەرد

گـا سـەر مـەکـەرۆ هـوون نـە چـەمەی چـەم
گـــاگـــا مـــەویەرۆ سـێلاو نـــە دیـــدەم[٢]

گـــا زام نـــاسۆر هـــیجران مـدۆ چـڵ
گـــا یـــاوۆ وە عـــەرش ئـاهو نـالەی دڵ[٣]

گـــا نـــێش دووری مـــدۆم ژار مـــار
گـــا تـــیر فـیراق مـەکـەرۆم لە تـار[٤]

☞

رووی داوە وا بەڵاو مەینەت لە ئاسمانەوە ئەبارێو دڵ بە سەد جۆر دائەگرێ. وەرامی پرسیارەکەی ئەمەیە ئەڵێ باڵاو روخسارو خاڵو زوڵفی لەیل کە یەکەمیان تووی داری سەروو دووهەمیان تووی گوڵو سێهەمیان تووی وەنەوشەو چوارەمیان تووی رێحانەیە، باخەوانی ئەجەل وەشاندنی بە ناو خاکا، تا ئەگەر قەیسی دڵداری بتوانێ خۆی بگرێ، بەڵکو لە بەهارێکا دیسانەوە بڕوێنەوەو چیمەنی رووی زەوی بڕازێننەوە.

[٥]

(١) نیشتە: دانیشتوو. تار: تاریك. مزگی: مزگەوت. واتە: من دەسم گیراوە بە ئێشو ئازاری زامی جیایی‌یەوە، وە لە سووچی تاریکی مزگەوتی تەنیایی دا دانیشتووم.

(٢) سەر مەکەرۆ: سەرئەکا. چەمە: سەرچاوە. مەویەرۆ: ئەڕوا. سێلاو: لافاو.

(٣) ناسۆر: ئەو زامەی بووبێ بە تێراویو چاك نەبێتەوە. مەدۆ چڵ: چڵ ئەدا. یاوۆ: ئەگات.

(٤) مدۆم: ئەمداتێ. لەتار: پارچەپارچە...

نــــە هــــاوزوانــــیٚ دڵداریـــم کـــەرۆ
نــــە هــــاوقەتاریٚ دەس‌بــــاریم دەرۆ[١]

نــــە حــــەکــــیمیٚوەن کــەرۆ دەوای دەرد
نــــە تــــەبیبیٚوەن جــــە دڵ لادۆ دەرد[٢]

ســـا ئـیسە سـاقی جـەمین جـام جـەم
وادەی ئــــاماتەن وە بــــان دیــــدەم[٣]

دەوریٚ دەر وە جـام بـادەی پـڕ جـە مـەیل
بـەڵ دەروون جـە مـەیل بـاڵات بـبۆ کـەیل[٤]

جــە مــاسیوای تــۆ فـارغ بـۆ حـاڵم
بــەڵ نــەدۆم ئـازار شــووم خــەیاڵم[٥]

یــەك دڵ بـوو چـەنی عـەشق دیـدارت
گـیان کـەروو فـیدای دیـدەی خـومارت[٦]

(١) دەس باری: دەس دانە بار. دەرۆ: بدا. واتە: نە هاو زوانێکم هەیە دڵم بداتەوە، وە نە هاوکاروانێکم هەیە لە تەنگانەدا دەستێك بداتە بارەکەم.
(٢) کەرۆ: بکا. لادۆ: لابدا.
(٣) ئاما: هاتن. واتە: ئێستا کاکەی مەیگێڕ کە ناوچاوت وەك ئاوێنەکەی جەمشید هەموو شتێکی تیا دەرئەکەویٚ، وادەی هاتنتە، فەرموو بە سەر چاوم بیێ.
(٤) واتە: سووریٚ بخۆ بە سەرمانا بە جامی شەرابیٚ پڕ لە خۆشەویستی‌تەوە بەڵکو دەروونم پڕ بییٚ لە ئارەزووی باڵات.
(٥) فارغ: خاڵی. واتە: وە بەڵکو بەو جامی شەرابە وا سەرخۆش ببم دڵم لە تۆ بەولاوەکەسی تیا نەبیٚ و خەیاڵی خراپ ئازارم نەدا.
(٦) واتە: وە یەك دڵ ببمەوە لە گەڵ عەشقی دیداری تۆ داو گیانم بکەم بە قوربانی چاوی مەستت.

[٦]

موبارەكت بۆ(١)

مــــوبارەكت بــــۆ بـــەزم نـــەو وە خـــەیر
توخوا تەنخوای من خاس‌خاس بكەر سەیر(٢)

سـێر كــەر تــەماشای ئـەو جـەمین جـامان
وە خــوسووس ئـازیز شـای نـەونەمامان(٣)

وەخت ئــامۆشــۆی ئــاماو لواشـــەن
تــەرزەكــەی وە بـەرز دەورەی سـەماشەن(٤)

گـــرمەی نـــقارەو لرفـــەی شـــەروالان
خشـپەی پـاموورەو زرنگـەی خـرخـالان(٥)

چـــریكەی ســـرنـاو پـریكەی خـەندە
پـــەشێوی زولفـــان ریشـــەی دڵ كـەندە(٦)

---

[٦]

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بو مەحموود جاف نووسیوە بە بۆنەی شایی‌و زەماوەندی ژن هێنانەوە وەك لە حسەین بەگی حەسەن بەگی جافم بیستووە ئەم زەماوەندە بۆ یەكەم ژن هێنانی مەحمود پاشا بووەكە ئەمنە خانی كچی قادر بەگی رۆستەم بەگی وەلەدبەگی هێناوە، وە لەو شایی‌یەدا ئافرەتێكی گۆرانی بێژی خەڵكی «كەرەند» كە ناوی «تاوس» بووە گۆرانی بۆ ژنان وتووە.

(٢) تەنخوا: لە جیاتی. واتە: ئەم شایی‌یە تازەت پیرۆز بێ‌و ببێ بە مایەی پیرۆزی بۆت، توخوا تۆ لە جیاتی من باش سەیری هەڵپەركێ كەرەكان بكە.

(٣) سێر: تێر. جام: ئاوێنە. واتە: تێر تەماشای ئەو نازارانە بكـەكـە روویـان وەك ئـاوێنـە رۆشنە، وە بە تایبەتی سەیری رووی دۆست بكەكە شای جوانە تازە هەڵچووەكانە.

(٤) واتە: چونكە لەم شایی‌یەدا وەختی هات‌و چۆیەتی، وەكاتی بەزمی سوورِ خواردنی سەماكردنیەتی.

(٥) نقارە: ئالەتێكی مۆسیقای میللی‌یە. لرفـە: خشـە. شـەرواڵ: ژێر كـراس. پـاموورە: مووررووی پێ، خشڵێكە ئافرەت لە پێی ئەكا. خرخاڵ: بازنە.

(٦) خەندە: پێكەنین. كەندە: هەڵ‌كەن.

ئیشارەی وە ناز لەب خەندەی وە نەرم
نمانای خالان نە تۆی پەردەی شەرم[(١)]

سەر چۆپی وە ناز قۆڵ هوردای دەسماڵ
بریقەی شیشەو لەرەی لیمۆی کاڵ[(٢)]

ورشەی ستارە نەو زوڵف بووم زەڕ
چون قەوس و قەزەح گرتەن دەور وەر[(٣)]

جەو بەزم شیرین منیش کەر وە یاد
بەزمتان جەم بۆ دایم وە دڵشاد[(٤)]

من وێم زووم زانان تاڵەم پەشێوەن
رەفێقم مەینەت، ئەنیسم دێوەن[(٥)]

خودا وە تۆش دان سەیر نەمامان
وە من رەنگ زەردی و ناڵەی بێ سامان

---

(١) نمانا: دەرکەوتن.
(٢) هوردا: هەڵتەکاندن. شیشە: مووررووی مل.
(٣) ستارە: ئەستێرە. بووم: جێگا. قەوس و قەزەح: هەسوونە زێڕینە، «پەلکەزێڕینە». وەر: خۆر. مەولەوی لەم شیعرە دا تەشبیهی رووی جوانانی کردووە بە رۆژ، وە زێر زوڵفیان بە زێڕ، وە ورشەی زوڵفی و بریقەی گوڵ و ئەستێرە زیوینەکان سەر زوڵف و زەردی تەنشتی گۆنایان بە هەسوونە زێڕینەکە لە پاش باران دەرئەکەوێ، بارانەکەش دڵۆپەی ئارەقی ماندوو بوونی هەڵپەڕینیانە... واتە: ورشەی ئەستێرەی سەر زوڵفی یاران کە بە سەر لاجانگی زەردی وەك زێڕەوەیە، وەك هەسوونە زێڕینە دەوری رووی وەك رۆژ یانیانی گرتووە.
(٤) جەو: لەو. کەر: بکە. جەم: «جمع»، کۆمەڵ.
(٥) وێم: خۆم. تاڵە: «طالع»، بە خت. ئەنیس: هاودەنگ.

[٧]

منارە، سەدای سەڵاش...[١]

مــنارە، ســەدای ســەڵاش ســەد تــەرزەن
مــزگی، جــە شــادی دەمــاخش بــەرزەن[٢]

مەی نــە خــوم چــون مــن نــە خــەم ئــەسیرەن
مــــەیخانە ســــەفاش خــەیلێ دڵگــیرەن[٣]

لوولەی تـــەراویــح وەشوەش مــدۆ دەنگ
بــێ ئـــاهەنگەن تــار تــەموورەی ئــاهەنگ[٤]

مــەرحــەبای لیــباس تــاعەت پــۆشــانەن
ئــەلوەدای کــاسکاس بــادە نــۆشــانەن[٥]

---

[٧]

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە مانگێکی رەمەزانا وتووە.

(٢) واتــە: مــنارەی مــزگەوتەکــان ســەد جــۆر ســەڵاو بانگیان لێ بــەرز ئــەبێتــەوە، مزگەوتەکانیش لە خۆشیدا دەماخیان بەرزە.

(٣) خوم: کووپەی مەی. واتە: شەرابیش بە هۆی رەمەزانەوە لەکووپەدا ماوەتەوە، وەك من کە گیرۆدەی خەم بووم. مەیخانەیش خۆشی تیا نیە چونکەکەسی تێ ناچێ بۆ خواردنەوە.

(٤) لوولە: شمشاڵ. تەراوێح: نوێژێکی تایبەتی بیستو سێ رکاتی‌یە بە رەمەزانا پاش نوێژی عیشا ئەکرێت، وە لە نێوانی هەر دوو رکاتێکیا دوعایەکی تایبەتی ئەخوێنرێ. ئاهەنگ «ی یەکەم»: خۆشی. تار، تەموورە: دوو ئالەتی مۆسیقای میللین. ئاهەنگ «ی دووهەم»: شایلوغان. واتە: شمشاڵی تەراویح خۆش خۆش دەنگی لێوە دێو تارو تەموورەی ئاهەنگو رابواردن خۆشیی لێ براوە.

(٥) واتە: کاتی مەرحەباو بەخێر هاتنی ئەوانەیەکە جلو بەرگی تاعەت ئەپۆشن، وە دەمی ماڵاوایی کردن لە پیاڵەی مەی بۆ مەی خۆرەکان. وشەی «مەرحەبا»و «ئەلوەدا» ئیشارەتن بۆ ئەوەکە لە نیوەی یەکەمی مانگی رەمەزانا لەکاتی نوێژی تەراوێحا ئەڵێن: «مرحبا... مرحبا أیا شهر رمضان». وە لە نیوەی دووهەمیا ئەڵێن: «الوداع... الوداع أیا شهر رمضان».

ساقی، سا سەد جار وە نازت نازوو
هوردەر وە گوڵبانگ سەدای «وَٱمْتازُوا»[١]

توررەت نە رووی خاڵ جەبین سەراوێز
پیاڵەت چون جام «کەچ دارو مەرێز»[٢]

ستارەت نە شەو توررەی قەترانی
هوەیداو پەنهان شەمس پێشانی[٣]

هیلال نە پای شەو نەسیم بۆی نافدا
بنمان نەو شەفەق بادەکەی سافدا[٤]

هەی هیلال، هەی عید، خێزۆ جە یاران
وە رەغم گرۆی پەرهێزگاران[٥]

---

(١) نازوو: بنازم. گوڵبانگ: ئاوازی گەرمو بە جۆش. «وَٱمْتازُوا»: بە شێکە لە ئایەتی: ﴿وَٱمْتازُوا الْيَوْمَ أَيُّهَا الْمُجْرِمُونَ﴾. کە لە رۆژی قیامەتا بە تاوانباران ئەوترێ، وە مەعنای ئەوەیە ئەی تاوانباران ئەمرۆ ئێوە جوێ ببنەوەو لاکەون. واتە: کاکەی مەیگێڕ یاخوا سەد جار بنازم بەو نازەتا کە داوتە پێم، هاوارو بانگی ﴿وَٱمْتازُوا الْيَوْمَ...﴾ هەڵدە تا ئەوانەی رۆژوویان گرتووەو ئەوانەی نەیان گرتووە لە یەك جوێ ببنەوە. مەبەسی ئەوەیە رەمەزان دوایی بێنە، چونکە بە هاتنی چەژن دیاری ئەدا کێ خواپەرست بووەو کێ تاوانبار. لە شیعرەکانی پاشەوە دا چۆنیەتی دوایی هێنانی رەمەزان باس ئەکا.

(٢) توررە: «طُرّه»، زوڵف. سەراوێز: سەربەرەوخوار. کەچ دارو مەرێز: جوملەیەکی فارسییە بە مەعنای لاری بکەرەو مەیڕێژە. واتە: بۆ پیشاندانی مانگی شەوی چەژن زوڵفت بە سەر رووی خاڵەکەی ناوچاوتا دابدەرەوە، وە چاوە گەورەکانت بێنە سەر شێوەی ئاوڕدانەوە وەك پیاڵەی شەرابێ کە لار کرابێتەوە بەڵام نەهێڵرێ بڕێژرێ.

(٣) قەترانی: رەش. پێشانی: ناوچاو. واتە: قولاپە زیوینەکانی سەر زوڵفە رەشەکانت دەرخە وەك ئەستێرەی تاریکەشەو با رۆژی رووت دەرنەکەوێ.

(٤) ناف: میسکی بۆن خۆش. شەفەق: سوورایی قەراغی ئاسمان بە ئێوارانا. واتە: لە داوێنی ئەو شەوەدا کە زوڵفەکانتەو، شنەی بۆنی میسکی لێ دێ، لە سوورایی پیاڵەی شەرابی سافدا کە چاوتە، مانگی یەكشەوەمان پیشان بدەکە برۆتە.

(٥) خێزۆ: بەرزبێتەوە. واتە: با بەکوێرایی چاوی پارێزکەران هاواری «ئای ئەوە مانگ... ئەمشەو چەژنە» بەرز بێتەوە لە دۆستانەوە.

شــــادی دەر وە دڵ لای مـــەی خـــوارانْدا
خـــــەفەت دەر وە جـــەرگ ڕۆزەدارانْدا[١]

[٨]

مەیلت ئارەزووی[٢]

مـــەیلت ئـــارەزووی ئـــەغیار کـــەردەبێ
چێش خامەکـەت نـام مـەعدووم بـەردەبێ[٣]

بـــێ مـنەت جـە مـەیل ئـامای نـامەتم
مـەمنوون جـە وەفـای ڕەشحەی خـامەتم[٤]

پـەرسابێت چـۆنی؟ وێت غـەڵەت کـەردەن
مـــەر نـــمەزانـــی دووریت چ دەردەن[٥]

گـــەرمی بـــڵێســـەی دەروون دەمـــاخ
دێوەلوول ئـــاخ دڵەی پـــڕ جـــە داخ[٦]

---

(١) ڕۆزە: ڕۆژوو. واتە: دڵی مەی‌خواردن خۆش‌کە بە بەرەڵڵاکردنی توانای خواردنەوە، وە جەرگی ڕۆژووەوانەکان پڕکە لە خەفەت کە نایانەوێ هەرگیز ڕەمەزان دوایی بێ.

[٨]

(٢) مەلەوی ئەم قەسیدەیەی لەگەڵ نامەیەکی بێ نوختەدا لە وەڵامی نامەیەکی حەمە پاشای جافدا نوسیوەکە لە بارەی ئیشی کەسێکەوە بۆی ناردبوو. مەولەوی لە وەرامەکەیا بە حەمە پاشا ئەڵێ تۆ نەت‌ویستووە نامەم بۆ بنووسی، بەڵام ئیشی ئەم پیاوە ناچاری کردووی.
(٣) چـێش: کـەچی. واتـە: خـۆش‌ویستنی تـۆ ئارەزووی بێگـانەی کـردبوو، کـەچی قەڵەمەکەت ناوی هێنابووم.
(٤) ڕەشحە: پرژە. واتە: منەتی ئارەزووی هاتنی نامەت هەڵناگرم چونکە بە هۆی ئیشی خەڵکەوە بووە، بەڵام مەمنوونی وەفای پرژی قەڵەمەکەتم کە ناومی نووسی.
(٥) واتە: پرسیارت کردبوو کە چۆنم، بەڵام تۆ خۆت بە غەڵەتا بردووە، بۆچی نـازانی دووریت چۆن دەردێکە تووشم هاتووە؟.
(٦) دێوەلوول: گێژەڵووکە: مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

ئەو بەرد نم نە چەم دیدەی پڕ جە دەرد
ئێد مالا رووی حەرف خەیاڵ بێ گەرد[١]

نە قەترەی ئەسرین مەندەن نە چەمدا
نە نوختە نە حەرف ئینشای ماتەمدا[٢]

عەرزە شاهیدەن خاس بدیە پێشدا
حەرف نوختەدار نەمەندەن تێشدا[٣]

[٩]

مامۆسای سەر ئێڵ[٤]

مامۆسای سەر ئێڵ شیرین کەلامان
تەشریف خەیرت باوەر وە لامان[٥]

---

(١) بەرد: بردی. مالا: ماڵیوە. واتە: گەرمی بڵێسەی ناو دەماخم تەڕایی نەهێشتووە لە چاوە پڕ دەردەکانما، وە گێژەڵووکەی ئاهوو هەناسە هەڵکێشانی دڵەی پڕ داخم رووی ئەو حەرفانەی ماڵیوەکە لە خەیاڵی سافو بێ گەردمان.

(٢) ئەسرین: فرمێسک. مەندەن: ماوە. وات: لە بەر ئەوە نە دڵۆپەیەك فرمێسك لە چاوما ماوە، وە نە حەرفەکانی نامەکەم کە باسی خەفەتباریم ئەکا نوختەیان پێوەماوە.

(٣) عرزە: نامە. بدیە: بڕوانە. واتە: نامەکەم شایەتمە، باش سەیری بکە حەرفی نوختەداری تیانەماوە. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «نەمەندەن» نووسراوە «مەوینی» بە مەعنای نابینی. ئەو نامەیەکە مەولەوی لەم قەسیدەیا ئیشارەتی بۆ کردووە بە زمانی فارسی نووسراوە، وە چەند دێڕێکی عەرەبیشی تیایە. نوسخەیەکیم لایە لەگەڵ چەند نامەیەکی تری نووسراوی مەولەویدا.

[٩]

(٤) مەولەوی بەم قەسیدەیە یەکێ لە دۆستەکانی بانگ کردووە بڕوا بۆ لای بۆ رابواردن، وە باسی خۆشی شوێنەکەی خۆی بۆ کردووە

(٥) ئێل: خێڵ. باوەر: بێنە.

نــە شــنۆی بــەدکار، نــە بــۆی بــەدوازەن
وەحشــی‌یان هــەم‌راز، تــەیران دەم ســازەن(١)

شــەتاوان چــون ســەیل دیــدەمەن جــاری
پــێچ مــدان چــەنی زامــان کــاری(٢)

تــۆ نــە ســەرگوزەشت ســزای دەرد لەیــل
مــن نــە حــیکایەت ئــازیز بــێ مــەیل(٣)

ســاتێ پــەی ویٚمــا بــنیشمێ وە شــاد
بــەو رازانــەوە خــەم بــدەین وە بــاد(٤)

تــا فــەڵەك دیســان نــەی راگــوزەردا
بــوینمێ چــێشش هــا نــە ژێر ســەردا(٥)

---

(١) بەدواز: بەدخواز. واتە: نە شنۆی بەدکار هەیە لەم شوێنەدا کە منی تیام، وە نەبۆنی بەدخوای تیایە. هاودەنگ‌و هاوڕێمان باڵدارو گیاندارە کێوی‌یەکانن.
(٢) واتە: چەمەکان وەك ئاوی چاوم زۆرو ڕەوانن، وە بە زامی کاریگەری خۆیانەوە پێچ ئەخۆن. مەولەوی لەم قەسیدەیەدا خەیاڵێکی وردی بەکار هێناوە، وە بڕیاری داوە هەرچی پێچ بخوا لەبەر ئەوەیەکە ئازاری هەیە، وە چەمەکانیش بۆیە پێچ‌و لارن چونکە ئازاریان هەیە، ئەبێ ئەم ئازارە خەیاڵی‌یەی چەمەکان بەهۆی دوور کەوتنەوەی ئەو جوانانەوە بێ کە لە قەراغیا سەیرانیان کردووە.
(٣) مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێ.
(٤) ویٚما: خۆمان. بنیشمێ: دانیشین. راز: قسە.
(٥) وینمێ: ببینین. چێش: چی. واتە: تۆ سەرگوزەشتی دەردو ئازاری لەیلی خۆتم بۆ بگێڕەوەو منیش باسی ئازیزی بێ‌مەیلی خۆمت بۆ ئەکەم، وە سەعاتێ پێکەوە دائەنیشین بەو قسانە خەم‌مان ئەدەین بە با، تا بزانین فەڵەك لەم دنیایەدا چی‌تری لە ژێر سەرایە بۆمان.

[١٠]

مامۆستای شیرین(١)

مـامۆسـتای شـیرین، شـۆخ دیـده مـەست
جـه مـەکـتەبخانەی مـەدرەسەی «أَلَسْتْ»(٢)

دیـدەش مـەکـتەبی قـەدەر سزادا
نـیم نـیگاش تـالیم تـفڵ قـەزادا(٣)

سـەرنووك مـوژەش مـەکـەردش تـەقریر
راسـتی پـەی تـیر تـەدبیر تـەقدیر(٤)

تـۆ پـەی تـەعلیمش نـە رای جـەختەنی
ئـەڵبـەت یـا سـەرسەخت یـا بـەدبەختەنی(٥)

---

[١٠]

(١) مەولەوی بەم چەند شیعرە قسە لەگەڵ مامۆستایەك ئەکا کە دەرسی بە شۆخێك وتووە.

(٢) مەکتەبخانە: قوتابخانە. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٣) مەکتەبی: قوتابی. نیمنگا: لاچاو. تالیم: «تعلیم»، فێرکردن.

(٤) تـەقریر: روون کـردنەوەی دەرس. واتـە: ئـەی مـامۆسـتای شـیرین ئـەم شـۆخـە چـاومەستەکـە تـۆ دەرسـی پـێ ئـەڵێیت، چـاوی لە قـوتابخانەی رۆژی ئـەزەلا سـزای قوتابی‌یەکی ئەداکە قەدەرە، وە تیری چاوی منالی قەدەری فێر ئەکرد کە چۆن تووشی خەڵك بێت، وە نووکی برژانگی دەرسی راست رۆیشتن‌و لانەدانی فێری تیری قـەدەر ئاراستەکردن ئەکرد.

(٥) جەخت: رەنجدان. واتە: کەچی تۆ ئێستا خـۆت ئـەزیەت ئـەدەی بـۆ فـێر کـردنی، ئەڵبەت یا سەرسەختی یا بەدبەختی، ئەگینا تۆ لەکوێ‌و دەرس وتنەوە بە یەکێ لەوانە لەکوێ؟.

[۱۱]

مەجنونەکەی وێڵ(۱)

مـــەجنوونەکـــەی وێڵ شـــەیدای بـــاڵای تـــۆ
ســـــەلام کـــیانا وە خـــــاك پـــــای تـــۆ(۲)

وێش جــــە تــاو دەرد بــار خــەمان بــەرد
جادەی مەینەت گرت، وێڵ بی هەرد ئەو هەرد(۳)

دڵ ئـــــەمیرشەن جــــە لات ئــــەسیرەن
چـــون تـــاوانکـــاران بــەند زەنــجیرەن(۴)

ئـــامان ســـەد ئـــامان خـــاس نـــیگاش دارە
وەرنـــــە ئـــــارونتەن زوو مـــبۆ پـــارە(۵)

[۱۲]

مەنزڵگەی دیدەم

مـــەنزڵگـــەی دیـــدەم ئـــاوپاشی کـــەردەن
چـــەشمەنداز بـــەرز بـــێ تـــۆزو گـــەردەن(۶)

---

[۱۱]

(۱) مەولەوی ئەم چەند شیعرەی بۆ دۆستێکی ناردووە بۆ دەربڕینی خۆشەویستی خۆی.

(۲) کیانا: ناردی. واتە: عاشقە مەجنونەکەت کە شەیدات بووە بە دوای باڵاتا وێڵ بووە، سەلام ئەنێرێ بۆ خاکی بەری پێت.

(۳) واتە: خۆی لە تاو دەردو ئازار نەیتوانی بێت، باری خەمی ناوەتە سەرشانیو ڕێگەی مەینەتی گرتووەتە بەرو کەوتووەتە هەردەو هەرد کردن.

(۴) واتە: دڵەکەی کە فەرمانڕەوایەتی، لای تۆ وێڵەو وەك تاوانباران زەنجیر کراوە.

(۵) ئاروفتە: دارزاو. پارە: پارچە. واتە: دەخیلتم چاك ئاگات لێ بێ ئەگینا داوەشاوە زوو دائەفرەقێو پارچە پارچە ئەبێ.

[۱۲]

(۶) ئاوپاشی: ئاوڕشێن. چەشمەنداز: «چشم‌انداز»، جێگای بەرزی چاو لێوە خستن. مەعنای هەردوو شیعرەکە پێکەوە دێ.

شـــێوەت بـــا بـــەیۆ ئـــەر مـــەیلش بـــارۆ
بـــەڵام بـــویەرۆ ئـــەر بـــەد بـــویارۆ[(١)]

[١٣]

من کە دڵ دایم...[(٢)]

مـــن کـــە دڵ دایـــم نـــە واوەیـــلمەن
غـــەرق مـــوتاڵای خـــاڵ لەیـــلمەن[(٣)]

چ بـــاك تـــانەی تـــەوەن تـــاومەن
شـــەوق مـــوتاڵای رووی کـــتاومەن؟![(٤)]

---

(١) بەیۆ: بێت. بارۆ: بێنێ. بویارۆ: رابوێرێ. واتە: مەنزڵگەی چاوم ئاورشێن کردووەو جێگەیەکی بەرزەو بۆ تەماشا لێوەکردن زۆر خۆشە، هیچ تۆزی تیا نیە. وێنەی ناسکت ئەگەر مەیلی هەیە بابێتە ناو چاوەکانم، وە ئەگەر شوێنەکەی لا خراپ بوو، وە ناخۆشی رابوارد رێگای ئەدەم بڕوا.

[١٣]

(٢) مەولەوی بەم دوو شیعرە بەربەرەکانێی دوو شیعری «مەلاقاسم» ناوێکیی کردووەکە وتوویەتی:

هەرگا من پێکیای پەیکانی لەیل وام — جە بێ‌مەیلی لەیل وەتەن دوجەیل وام
چ بـــاکـــی بـــەدی بـــەدکارانـــمەن — چ پـــەروای تـــانەی ئـــەغیارانـــمەن

واتە: مادەم من پێکراوی تیری لەیل بم، وە لەبەر بێ‌مەیلی لەیل وەتەنم کێوی دوجەیل بێ، ئیتر باکم چیە لە خراپی ئەوکەسانەی خراپەم ئەڵێن، وە لەکوێ ماوەی موبالات کردنم هەیە بە تانەو تەشەری بێگانە؟.

(٣) واوەیل: هاوارو شین. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٤) تەوەن‌تاو: بەرد توێنەرەوە. موتاڵا: «مطالعە»، چاو پیاگێڕان. واتە: من کە دڵم هەمیشە لەگریانو واوەیلادا بێ، وە غەرقی موتاڵای خاڵی روخساری لەیل بم، چ باکێکم هەیە لەو تانەو تەشەرانەی کە بەرد ئەتوێننەوە، وە لەکوێ ماوەی موتاڵای پەڕەی کتێبم هەیە؟.

تیپی نون

[١]

نامەکەت پەی چێش[١]

نـامـەکـەت پـەی چـێش؟ پـەرێ دەوای دەرد
یـاوا خـاس وانـام مـوتاڵەعـەم کـەرد[٢]

ئـاخ، داخـان نیشات جـە بێخ کـەندە وێم
رای تـەدبیر کـەس پـێ نـەمەدە وێم[٣]

سـەرەتای زوخـاو نـە جـەرگم سـەردان
بـەیدێ پـێمـەوە یـاران، هـام فـەردان[٤]

هـاوار یـانێ هـای خـاڵۆم نـەشنەفتەن
جـە نـۆ کۆسـێ تـەر خـاستەرم کـەفتەن[٥]

دیـدەکـەم مـاچان بـێ وەفـاییش کـەرد
شەرتو عەهد بەین وەریـن جـە یـاد بـەرد[٦]

---

[١]

(١) مەلەوی ئەم قەسیدەیەی لە وەڵامی قەسیدەیەکی خاڵۆی کۆماسیدا نوسیوە، کە سکاڵای دەردی عەشقی بۆ مەولەوی کردبو تیادا، وە سۆزی دڵی خۆی دەربڕیبوو، وە چاری لێ ویستبوو.

(٢) وانام: خوێندمەوە: واتە: نامەکەت گەیشتو بەباشی خوێندنمەوەو تێ گەیشتم بۆچیت نووسیبوو؟ داوای دەرمانی دەردت تیا کردبوو.

(٣) واتە: داخی بە جەرگم ناڕەحتی داری جمو جووڵی لە بن هەڵکەندووم و ڕێگای تەگبیر کردنم بۆ کەس نەماوە.

(٤) بەیدێ: وەرن. واتە: برادەرینە، فریام کەون سەرەتا زوخاو سەری داوە لە جەرگم.

(٥) واتە: هەی هاوار وا دیارە هێشتا خاڵۆی کۆماسی نەیزانیوە من بەم نزیکیانە کۆستێکی گەورەترم کەوتووە، وا داوای چارەو تەگبیرم لێ ئەکا. لە شیعرەکانی پاشەوەی دا باسی ئەو کۆستەکەوتووەی ئەکا.

(٦) ماچان: ئەڵێن. واتە: وا بڵاوەکە ئازیزم بێوەفایی کردووەو گفتو پەیمانی نێوانمانی

زیـاد بـی سـەردی پـەی غـەم کـەیلەکـەش
کەم بی گەرمی تـاو کـوورەی مـەیلەکـەش[١]

هــەوای دۆس نــۆش وە دەروون ئـاوەرد
سفتەکەی کۆنەش یەکـجار جـە ویـر بـەرد[٢]

دیـدەکـەم تـۆ مـەیل خـەستەت زەروور بـێ
ئـەی بـێ شـەرتی‌یە فـرە چـێت دوور بـێ[٣]

خـەیلێ واتـم خـەیچ ئـێش زامـم مـەرد
ئــای کــولناتەوە ئـینە چـێشت کـەرد[٤]

بــــەزەییت نــــاما بــــەی زاریــــمەدا
وەی نــــاڵەی شــــەوان بــــێداریــــمەدا

وەی دڵەی پــڕ ئــێش پـڕ زوخـاومەدا
وەی هــەناسەی گــەرم تـەوەن تـاومەدا[٥]

☞

خستووەتە پشت گوێ. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «جە یاد بەرد» نووسراوە «گردش مەرد» واتە: هەمووی شکاند.

(١) واتە: ساردی ئەو زیاد بووە لەگەڵ منا کە دڵم بە هۆیەوە پڕە لە خـەفەت، وە تـینی گەرمای کوورەی مەیلی کەمی کردووە.

(٢) هەوا: ئارەزوو. سفتە: سووتاو. واتە: ئارەزووی دۆستی تازەی گرتووەتە دڵو دڵدارە سووتاوەکۆنەکەی بە یەکجاری لە یاد بردووەتەوە.

(٣) فرە: زۆر. چێت: لێت. لێرەدا مەولەوی بە هۆنەری «التفات» رووی قسەی لە خاڵۆی کۆماسی‌یەوە وەرئـەچەرخـێنێتـە سـەر دۆستو پـێی ئـەڵێ: ئازیزم، تـۆ پـێویست بـوو گرفتارەکەی خۆت خۆش بێ، ئەم بێ‌شەرتی‌یە زۆر دوور بوو لێتەوە.

(٤) خەیچ: ئۆخەی. کولناتەوە: کولاندتەوە. واتـە: زۆرم وت ئـۆخـەی ئـێشی زامـەکـەم دامردووە، ئای ئەوە چیت کرد واکولاندتەوە.

(٥) تەوەن‌تاو: بەرد توێنەوە. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «دڵەی پـڕ ئـێش» نـووسراوە «جەستەی پڕ هوون»، وە لە جیاتی «هەناسەی گەرم» نووسراوە «هەناسەی سەرد».

مــــن دڵم وە تـــیر تـــۆ ئـــێشـــا، یـــا ئـــەو
مـن جـەفاو مـەینەت تـۆ کـێشـام، یـا ئـەو[١]

مـن وێم وە سـەرگەرد بـاڵات کـەرد، یـا ئـەو
مـن وێم فـیدای خـاك پـاڵات کـەرد، یـا ئـەو

جـە بـەدبەختی وێم وەنـەش وارۆ سـەنگ
زانـام بـێ مـەیلی ئـەمما نـەك وەی رەنگ[٢]

مـــن هـــیچ بـــەر کـــەنار، ئـەحواڵم مـەپرس
خـــۆ قـــیامەت هـــەن جــە خـــودا بـترس[٣]

خــــــاڵۆ دەرد دڵ بــــــێ نــــیهایەتەن
شکــــایەت نــــیەن، یــــە حــیکایەتەن[٤]

ئـــاوایـــی پـــەی غـــەیر، وێران مـــاڵە وێم
عـــاڵەم شـــیرینکام، مـــەزاق تـــاڵە وێم[٥]

---

(١) واتە: بۆ دۆستێکی تازە بۆچی وات لیٚهات؟ بۆچی من بووم دڵم تێشا بە تیری تۆ یا ئەو؟ وە من بووم دەردو مەینەتی تۆم کێشا یا ئەو؟.

(٢) وەنەش وارۆ: لێی بباریٚ. یاخوا لە بەر بەدبەختی خۆم بـەرد بـباریٚ لە بـەختم، مـن ئەزانم بێمەیلی بەڵام نەمئەزانی بەم جۆرەی.

(٣) بەرکەنار: بـخەرە لاوە، وشـەیەکـی فـارسییە. واتـە: چش لە مـن گـوێم مـەدەریٚو مەبەستت نەبم، بەڵام خۆ قیامەت و لێپرسینەوە هەیە بۆچی لە خوا ناترسی؟

(٤) یە: ئەمە. مەولەوی لێرەوە رووی قسەی ئەکاتە خاڵۆی کۆماسیو پێی ئـەڵێ: خـاڵۆ گیان دەردی دڵی من برانەوەی نیە، ئەم قسانەش کە ئەیکەم سەرگوزەشتەیە ئەیگێڕمەوە، شکاتی حاڵ نیە، چونکە رەوا نیە دڵدار شکات لە دۆستی بکا.

(٥) واتە: ئاوەدانی حاڵو ماڵ هەر بۆ بێگانەکانە، منیش کە ئەو هـەموو مـافەم بـە سـەر یارەوە هەیە ماڵم وێران بووە، هەروەها هەموو کەس دەمی شیرینەو هەر من دەمم تاڵو ناخۆشە.

نــاوەش پــێ حــەرام، وەش حــەرامە وێم
شــادی پــێ نــوقسان، غــەم تــەمامە وێم[(١)]

هـــــەڵۆ زەدەکـــەی تـــرسیاگـــە وێم
درۆ بـــۆ یـــا راس هـــەوەسیاگــە وێم[(٢)]

چ وەخت ئـــامای ئـــینشای فـــەردت بـــێ
چ وادەی داوای دەوای دەردت بـــــێ[(٣)]

گـــلاراو مـــەرگ چـــێگــەو چـــۆگــەمەن
دەخـــیل تـــەدبیرێ جـــارێ نـــۆگــەمەن[(٤)]

[٢]

نەسیم مەحرەم[(٥)]

نـــەسیم مـــەحرەم مـــابەین یـــاران
مـــاچان وەهـــارەن ســەوزەن دیـــاران[(٦)]

---

(١) واتە: شتی ناخۆشم بۆ حەڵاڵەو خۆشیم لێ حەرامە، وە شادیم کەمو کورتەو خەمو خەفەتم تەواوە.

(٢) ترسیاگ: ترساو. هەوەسیاگ: حەپەساو. واتە: ئای وەك چۆلەکەی هەڵۆ لێداو ترساو خۆم، وە بە راست بێ یا بە درۆ بێ حەپەساوو سەر لێ تێکچوو خۆم.

(٣) واتە: خاڵۆ گیان ئەم کاتی نارەحتیو بێ ئیستراحەتی یەی دڵ کەی بۆ ئەوە ئەشیا تۆ هەڵبەستی تیا دانێیتو بۆمی بنێری وە داوای تەگبیرم لێ بکەی بۆ دەرمانی دەرد؟. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «چ وادەی داوای» نووسراوە «چ وەختو وادەی».

(٤) چێگەو چۆگە: لێرەو لەوێ. نۆگە: نۆبە. واتە: ئێستا من خۆم گلاراوم پێ کەوتووەو ئەمدیو ئەودیو ئەکەمو ئەمرم، کەواتە جارێ نۆبەی منە تۆ تەگبیرێکم بۆ بکەی.

[٢]

(٥) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بۆ «شێخ عەزیزی جانەوەرەی» نوسیوە، وە وای بڕیار داوەکە ئەبێ نەسیم بۆی بەرێ

(٦) مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

گیان وە بێ تاقەت مووینوون ئارۆ
زاهیرەن هەوای لای ئازیز دارۆ[١]

ئامێتەی خەیاڵ ئەو دڵ پەسەندەن
ئێڵاخیچ هەڵای کەمێ یەخ بەندەن[٢]

زەحمەت وە خەیاڵ ئەو ئازیز مەدەر
وەر نەیۆ گیان، هیچ، بە وێت تەشریف بەر[٣]

چون یاوای پەرساش بەناڵە عەرز کەر:
دیم تەن سفتەکەی خەستەی زام خەتەر[٤]

دڵ دەروون هەر یەك وە دەس خامەیێ
ئینشا کەردەبێ توغرا نامەیێ[٥]

دڵش کەردەبێ وە دوو «هو» مەرقووم
دەروونش وە هوون «مُحِبُّكْ مَعْدُومْ»[٦]

---

(١) واتە: ئەی بای نەسیمی بەیانیان کە مەحرەمی بۆ هاتو چۆ لە نێوانی دۆستانا، ئەڵێن بەهارەو دەستو دەر سەوز بووەو وادەی وەزینی تۆیە، منیش وام دێتە بەر چاو گیانم ئەمڕۆ بێ تاقەت بێو ئارەزووی وابێ بچێ بۆ لای شێخ عەزیزی جانەوەرەیی.
(٢) ئامێتە: تێکەڵ. هەڵای: هێشتا. یەخ: سەهۆڵ. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دواییش پێکەوە دێ.
(٣) مەدەر: مەدە. نەیۆ: نەیەت. واتە: بەڵام لەبەر ئەوەکە گیانم تێکەڵ بووە لەگەڵ خەیاڵی ئازیز، وەکوێستانیش هێشتا ساردە، زۆر ئازاری مەدەو رای مەکێشە بۆ لای خۆت، ئەگەر بە ئاسانی لەگەڵتا هات ئەوە باشە، ئەگینا خۆت بە تەنیا بڕۆو ئەم نامەیەم بۆ بەرە.
(٤) یاوای: گەیشتی. واتە: کە گەیشتی هەواڵی منی لێ پرسیت، بناڵێنەو عەرزی بکەو بڵێ چاوم بە دڵدارە لەش سووتاوە نەخۆشەکەت کەوت کە برینێکی مەترسی لێ کراوی پێوەیە.
(٥) خامە: قەڵەم. واتە: دڵو دەروونی هەریەکێ قەڵەمێکیان بە دەستەوە بوو، وە نامەیەکی مۆر لە سەریان نووسیبوو. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «توغرا» نوسراوە «سۆزش» واتە: نامەیەکی بە سۆز.
(٦) دوو: دووکەڵ. مەڕقووم: نووسراوە. واتە: دڵێ، بە دووکەڵی هەناسەی بە سۆزی

ئـەر تـەسدیع نـەبۆ وە جـان فـیدای وێت
گـۆش دەر سـەوادش بـوانـوون پـەرێت:(١)

وە نـام دەرمـان زامـان مـوشكوڵ
جە نـەوای بـوڵبـوڵ جـە ئیستیغنای گـوڵ(٢)

«بَـعْدْ» وە دیـدەت شـای نـەو نـەمامان
هـەر ئـێد مـژنەوو وەهـارێ ئـامان(٣)

نـاستەنش هـەوای نـەو بـەهاران پـێم
تـەماشای وەهـار حـاڵەتـەكـەی وێم(٤)

شـەتاوم هـووناو دیـدەی پـڕ دەردەن
نـەسیمم شـنۆی هـەناسەی سـەردەن(٥)

☞

خۆی لە سەر نامەكە نووسیبووی «هو». دەروونیشی بە خوێنی خۆی لە خواریەوە ئیمزای نامەكەی كردبوو، وە نووسیبووی «مُحِبُّكَ مَعْدُوم» بە مەعنا «خۆشەویستت: مەعدوومی» جاران ئوسووڵ وابوو لە سەری نامە ئەنووسرا «هو» كە ئیشارەتە بۆ ناوی خوا.

(١) سەواد: رەشایی. بوانوون: بخوێنمەوە. واتە: بڵێ بە ئازیز ئەگەر سەرت نایەشێ گوێ شل‌كە بۆ ئەم گیان‌فیدای خۆتە با نووسراوی نامەكەت بۆ بخوێنمەوە.

(٢) موشكوڵ: گیرپێوەخواردوو. واتە: بڵێ لە باتی «بسم الله الرّحمن الرّحیم» لە سەرەتای نامەكەوە نووسیویە دەس ئەكەین بەم نامەیە بە بەرەكەتی ناوی كەسێكەوەكە دەرمانی ئەو برینە خەتەرناكانەیە كە پەیدا ئەبن لە ناڵەو فوغانی بولبول‌و لە بێ‌باكی گوڵەوە. جاران ئوسووڵ بوو لە سەری نامەوە جارجار «بسم الله» ئەنووسرا.

(٣) مژنەوو: ئەبیسم. واتە: لە پاش دەس كردن بە نامەكە، بڵێ ئازیزی شای نەونەمامان بە چاوت قەسەم هەر ئەوەندە ئەبیسم كە بەهار هاتووە. لە شێوەی نامە نووسین‌و كتێب دانانی كۆنا پاش تەواو بوونی هێنانی ناوی خواو سپاس كردنی‌و سەڵەوات دان لە پێغەمبەرو ئاڵ‌و ئەسحابی، ئەنووسرا: «وبعد».

(٤) ناستەنش: نەی‌هێشتووە. واتە: سەیری بەهاری ئەحواڵی خۆم ئارەزووی نەوبەهاری لا نەهێشتووم. لە دوو شیعری پاشەوەی‌دا باسی بەهارەكەی خۆی ئەكا چۆن بەهارێكە.

(٥) شنۆ: شنە.

غونچەی نەشکوفتەم زام کاری‌یەن
بولبولم نالەی دڵ ئەوگاری‌یەن[١]

«والحاصل» سەمووم بای تاڵەی سستیم
پەژمورده کەردەن وەهار هەستیم[٢]

تا واچی خەرمان خەم وەکۆنانێ
وەکەیف دەماخ دووری تۆنانێ[٣]

خوسووس چون خەبەر میاونانێ
گوڵان، بولبولان، ملاونانێ[٤]

من وێم مووینوون خاتر زیزەنان
مەحرووم بۆی گوڵ رووی ئازیزەنان[٥]

مکیانۆ رەحمەت حەسرەت وەکۆکۆ
رەحمەت پەی جەناب دەرد دووری تۆ[٦]

کوورەی ئارەزوو جۆش سەختشەن
ئای بێ مەیل، ئاوێ، دەخیل وەختشەن[٧]

---

(١) نەشکوفتە: نەپشکووتوو. ئەوگاری: گرفتاری.
(٢) پەژمورده: سیس. واتە: بەکورتی بای بەدبەختیم بەهاری ژیانمی شین کردووە.
(٣) واتە: تا بڵێی خەرمانی خەم‌و خەفەتم کۆمەڵەو بە ئارەزووی دوژمنم کە بریتی‌یە لە دووری تۆ.
(٤) میاونانێ: پێم‌ئەگەیەنن. ملاونانێ: ئەلاوێننەوە. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ. (٥) زیز: عاجز.
(٦) کۆکۆ: کۆمەڵ‌کۆمەڵ. واتە: بەتایبەتی لەو کاتەدا کە خەبەرم ئەدەنێ وا گوڵ بولبول ئەلاوێنێتەوە، من هەست ئەکەم کە خەفەتبارم‌و بێ‌بەشم لە بۆنی گوڵ کە رووی یارە. لەبەر ئەوە، داخی نەلاواندەنەوەم لە لایەنی تۆوە، بەکۆمەڵ رەحمەت ئەنێرێ بۆ دەردی دووریت، چونکە هیچ نەبێ کە دوور بی لێم خەفەتی ئەوە ناخۆم بۆچی نام‌لاوێنیتەوە.
(٧) مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «ئای بێ‌مەیل ئاوێ» نووسراوە «ئاخ پەی سێڵاوێ». سێڵاو: لافاو.

ئــــاخر نــەك ئــێمــەیچ داخ نــە دڵێنــمێ
ســۆچــیای ئــایر چــون تــۆکــڵێنــمێ[١]

تــۆ پــەی نیشتمان، مــن پــەی ســەودای تــۆ
هـــەردوو بـــناڵیـــن وە گـــریەو رۆ رۆ[٢]

[٣]

نامەی نەفتینت[٣]

نـــامەی نـــەفتینت یـــەك رۆ بـــاد ئـــاوەرد
کـــڵپـــەی بـــڵێســـەی کـــوورەم زیـــاد کـــەرد[٤]

دەڵاڵەت جـــۆشـــۆ چـــون رۆی ئـــازادی
گـــەرمەی گـــەرم نـــەزم بـــەزم پڕ شـــادی[٥]

---

(١) نەك: بە مەعنا «بۆچی نە» یـە، ئیستفهامی ئینکاری‌یە. سۆچیا: سـووتاو. تـۆکـڵ: توێکڵ. واتە: کوورەی ئارەزووی دیدارت جۆشی سەندووە، ئای دەخیلم ئاوی وەسڵی پیاکە، وەختیەتی، با دامرێتەوە، ئاخر بـۆچـی ئـێمـەیش داخ لە دڵ نین‌و وەك تـوێکـڵی سووتاومان لێ نەهاتووە؟

(٢) نیشتمان: مەبەسی لە دڵی مەولەوی‌یەکە جێگای خەیاڵی دۆستە. واتە: کەوابوو با هەردووکمان دەس‌کەین بە گریان‌و ناڵین، تۆ بۆ دڵی من کە جێگای خەیاڵتەو منیش بۆ ئارەزووی تۆ.

[٣]

(٣) مەولەوی ئەم قەسیدەیەشی لە وەڵامی قەسیدەیەکی ئـەحمەد بـەگـی کـۆمـاسی‌دا نووسیوەکە باسی شایی‌و زەماوەندێکی گـەرمی تـیا نـووسیبوو بـۆ مـەولەوی، وە داخ‌و حەسرەتی پیشان‌دابوو کەوا مەولەوی لەو شایی‌یەدا نەبووە.

(٤) نەفتین: نـەوتاوی. واتـە: رۆژێـکیان «با» نـامەی نـەوتاویتی هـێنـاو دای بـە روومـا، لەوەوە کڵپەی بڵێسەی کوورەی دەروونم زیاتر بوو.

(٥) دەڵاڵەت: میهرەبانی. جۆشۆ: دێتەکوڵ. واتە: نامەکەت مـیهرەبانی‌و خـۆشـەویستی لێوە هەڵ‌ئەقوڵی، وەك رۆژی جەژن کە رۆژی گەردن ئازایی کردنی خـەڵکە لە یـەکـتر،

سـەدای «لاو هـەی لاو»، زرەی زەڕ زەنـجیر
سـڵسـڵەو بـانیسەر، بـەندزریێو لاگـیر[۱]

زیـلەی گـوارەو زرنگـەی زەنگـڵەی زەڕ
لەرزەی نـەونەمام، لەرەی لیـمۆی تـەڕ[۲]

شـەوق زەرقو بـەرق، فـەرق زەڕ کـڵاو
ورشـەو پـرشەی خـووی کـوڵم بـۆ گـوڵاو[۳]

شـەوقە تـەقەی گـەرم، چـەپڵەو چـیلەی نـەرم
چـریکەی وە نـاز، تـریکەی وە شـەرم[۴]

☞

وەکۆڕی گەرمی گۆرانی وتنو هەڵپەڕکێی پڕ زەوقو شادییە. لە شیعرەکانی پاش ئەم شیعرەدا مەولەوی وەسفێکی جوانی دیمەنی هەڵپەڕکێ ئەکا بۆ ئیشارەت بەو شاییو هەڵپەڕکێیەی خاڵۆی کۆماسی باسی کردبوو لە نامەکەیا، وە خەفەتباری خۆی پیشان دابوو کە مەولەوی تیا نەبووە.

(۱) لاو هەی لاو: گۆرانیەکی کۆنە لە سەر ئاوازەی هەڵپەڕیـون. زەڕزەنـجیر: زەنـجیری ئاڵتوون کە ئافرەتان ئەیدەن لە خۆیان. سڵسڵە: خشڵێکە ژنان ئەیدەن لەبەر شەدە. بـانی سەر: پێنج لیرەیی یا پێنج قەرانی کە ژنان ئەیان دووری بە ناوەڕاستی کـڵاوا. بـەندزرێ: هۆنراوەیەکی زیوە شەدەی پێ قایم ئەکرێ. لاگیرە: هۆنراوەیەکی تری زیوە تاکە تارانی پیاکراوە ژنان ئەیدەن لەملاو لەولای کڵاوزەڕ یا سەروپێچ.

(۲) زیلە: زرە. زەنگڵە: ئەو زرێو لیرانە بەربوونەتەوە بە گوێ زنجیرینی سەر سوخمەوە. لیمۆی تەڕ: مەبەسی مەمکی کچە هەڵپەڕکێکەرەکانە. لە هـەندێ نوسخەدا لە جیاتی «گوارە» نووسراوە «تەڵای گۆش» واتە: ئاڵتوونی گوێچکەکە هەر گوارە ئەگرێتەوە، وە لە هەندێکی ترا نووسراوە: «تیتەی گۆش» بـە مـەعنا خشـڵی گـوێچکـە. وە لە هـەندێ نووسخەی ترا یەکسەر شیعرەکە بەم جۆرە نووسراوە:

زێڵەی زایڵەی زرنگەی پۆیلەی هەی   کەوانەی دیانەی زنگڵەو لەرەی بەی

زایەڵە: دەنگ. پۆیلە: ملەوانی مووروو شیلانو کارەبا. کەوانە: چەمینەوە. دیانە: قـولاپ. بەی: مەبەسی مەمکی کچانی هەڵپەڕکێکەرە.

(۳) فەرق: تەوقەسەر. زەڕکڵاو: کڵاوزەڕ کە لیرەو تاکە تارانی پیا دووراوە. خوو: ئارەق.

(۴) چیلە: پێکەنین. چریکە: ئاوازی بەرزی مەقام وتن. تریکە: پێکەنینی پڕو ناسک.

سـەمای دەسـماڵان، رەمـای نـەوهاڵان
نـەمای مـەلالان، نـمای وەش‌حـاڵان(۱)

چفەی گـەردەن کـەچ، مـەرگ مـن چێش واچ
خـاین وە خـەفەت، نـەزان جگـەر پـاچ(۲)

---

(۱) سەما: لەرە. دەسماڵ: دەسەسری دەسی سەرچۆپی کێش. رەما: راکردن. نەوهاڵ: نەونەمام، مەبەسی مناڵانی بەرگەڕەکەکە بە دەوری هەڵپەرکێ کەرانا دێن و دەچن. نەما: نەمان. نما: خۆنواندن.

(۲) چفە: چپە، قسەی نهێنی لە ژێر لێوەوە. گەردەن کەچ: ئەوەی ملی لار کردووەتەوە بۆ چپەکردن. چێش واچ: چی وت. جگەر پاچ: جگەر لەت‌کەر. واتە: دیمەنێ‌کی‌تری هەڵپەرکێ مل لار کردنەوەی هەڵپەرکێ‌کەرانەو چپەکردنیانەکە لەولاوە ئەم‌و ئەو لە یەك ئەپرسن تۆمەرگی من چی‌یان وت، وە پیاوی بەدکار خەفەت دای ئەگرێ‌و ئەوەی نەزانێ چپەکەرەکان چی‌یان وتوە جگەری لە داخا لەت ئەبێ. لە هەندێ نووسخەدا ئەم شێعرە بەم جۆرە نووسراوە:

چـفەی بـێ‌وادە نـیازان نـازان بن‌دەسی دادەنگ بازن نە بازان

نیازان نازان: ئەوانە نیازی ناز کردنیان هەیە. بن دەسی: لە بن دەس کوتان بۆ داوای بێ‌دەنگ بوون. بازن نەبازان: ئەوانەی بازنگیان لە قۆڵایە. لە نووسخەیەکی‌ترا لە جیاتی «چفە» راستەوخۆ نووسراوە «چپە» وە لە جیاتی «نیازان» نووسراوە «نەزاکەت» واتە: ئەوانەی بە نەزاکەتەوە ناز ئەکەن. لە نوسخەیەکی‌تریشا هەر جیاتی «نیازان» نووسراوە «تەیاران» واتە: ئەوانەی نازیان تەواوە، وە لە نوسخەیەکی‌ترا لە جیاتی «دادەنگ» نووسراوە «نازك» وە لە جیاتی «بازن نە بازان» نووسراوە «بازان یا نازان» بە مەعنای بێڵن یا نەیەڵن، واتە: دیمەنێکی‌تری هەڵپەرکێ ئەوەتە هەندێ لە هەڵپەرکێ‌کەرەکان بە شێوەیەکی ناسم دەس ئەدەنە بن باڵی هەندێکی‌تریان، وە دوو دڵن لەوە ئاخۆ بێڵن یا نەیەڵن. مەعنا دۆزینەوە بۆ ئەم هەموو نوسخانە وە نەبێ نیشانەی ئەوەبێ کە هەموویان راستن، کەم‌جار وا رێ ئەکەوێ مەولەوی خۆی شیعرەکەی بە چەند جۆر گۆڕیبێ‌و جۆرەکانی پێشەوەشی هێشتبێتەوە. بەڵام لەبەر ئەوەکە نوسخەی دەسنووسی مەولەوی خۆیمان چنگ نەکەوت ناچار بووین هەموو نوسخەکان داتێین هەرچەند هەندێکیشیان لە نووسینەوەی بە غەڵەت پەیدا بوون، خۆیشمان ئەوەمانە پەسەند کردووەکە لە شیعرەکانا نووسیومانە، خوێندەواریش بۆی هەیە بە بیری خۆی کام مەعنا پەسەند ئەکا بیکا تا هەر کاتێ کە نوسخەی راستەقینە پەیدا ئەبێ.

لارەی قـــەتارەی لاو شــــەدە لاران
ئـــیشارەی کـــەمکەم پــەنجە وشـــاران[١]

شـــاخەی شـریخەی خشـڵ نـمیە رەنگ
فڕەی فۆتەی شۆڕ، پاژنۆی گوڵەنگ چـەنگ[٢]

خشەو خشپەی خاس، ترپەی پەنجەی کەوش
عیشوەو نەزاکەت، کـریشمەی بـێ خـەوش[٣]

وە لیـمۆی ئـاڵای کـاڵای بـاڵای شـەنگ
قرچەو چۆقەی جەرگ، دڵ وە خەمان تەنگ[٤]

خـــەمیاو چـــەمیای نـــاز نـیمچە کـناچان
دەنگ هــەی شــاباش نــەوجوان واچــان[٥]

شـــاباش شـــادی شـــەیدای شـاباشان
خاسخاس کزەی سۆز دەروون خاش خاشان[٦]

---

(١) لارە: سەرلار کردنەوە. قەتارە: ریز. لاو: جوان. پەنجە وشاران: پەنجە وشاردن. واتە: دیمەنێکی تری هەڵپەڕکێ خۆ لار کردنەوەی ریزی جوانەکانەو ئیشارەکردنیانە بۆ یەك بە پەنچە وشاردینێکی سووك.

(٢) شاخە: دەنگ. نیمە رەنگ: کاڵ. فۆتە: سەرپۆش. پاژنۆ: ئەو کێشەی کە ئەکرێتە کۆڵو تا عاستی ئەژنۆ دا ئەگرێ. گوڵەنگ چەنگ: گوڵنگ لار.

(٣) عیشوە: ناز. کریشمە: روانین بە لاچاو.

(٤) واتـە: دیـمەنێکـیتری هـەڵپـەڕکـێ هـەڵقـرچانو لەرزە لەرزی جـەرگی دڵداران‌و خەفەتبار بوونی دڵیانە، یان هەڵقرچانی جـەرگی دۆستە دڵتـەنگەکـانە، بـە هـۆی ئـەو مەمکانەوەکە بەربوونەتەوە بە پارچەی باڵای جوانی یارانا.

(٥) خەمیا: لاربوونەوە. چەمیا: خۆ چەماندنەوە. نیمچەکناچان: ئەو کچانەی کە هێشتا پێ نەگەیشتوون. واچان: ئەیڵێن.

(٦) خاشخاش: تێكشکاوو ورد بوو. واتە: دیمەنێکیتری هـەڵپـەڕکـێ، لە خـۆشـییا شاباش کردنی ئەو کەسانەیەکە شەیدای شاباش کردن بوون، وە سۆزو کـزەی هـەناسە هەڵکێشانی ئەوانەیەکە دڵیان بریندارە.

یـــاران، یـــاوەران، هـــای دەردەداران
بـــەیدێ بکـــەردێ مـــن ســـەنگەباران(۱)

جـــە نـــەحسی تـــاڵەو جـــە بـــەدئیقباڵیـم
هـــەر کـــۆ فـــرسەتەن مـــن یـاگـــە خـاڵیـم(۲)

روو ئـــەو شـــیوەنان دەی ئـــەجەل بـــۆرێ
نـــەو بـــەزم شـــیرین مـــایەی هـەر شـۆرێ(۳)

تـــا وەی ڕەنگ زەرد چـــون خـــەزانـــەوە
سـیم سـاف هـــەرس کـــەس نـــەزانـەوە(۴)

هـــــەرلایێ بـــادەی شـــەوقیۆم وەردا
یەکسەر سـەر چـون گـیان شاباشم کـەردا(۵)

---

(۱) یاوەر: یارمەتی‌دەر. بەیدێ: وەرن. بکەردێ: بکەن. لەهەندێ نوسخەدا لە جیاتی «یاران، یاوەران» نووسراوە «عەزیزان، خوێشان».
(۲) تاڵە: «طالع»، بەخت. یاگە: جێگا. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «نەحسی» نووسراوە «سەختی»، وە لە هەندێکی‌ترا نووسراوە «شوومی». هەروەها لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «هەرکۆ فرسەتەن» نووسراوە «نە هەرجا بەزمەن». لە نوسخەیەکی‌تریشا شیعرەکە تێکرا بەم جۆرە نووسراوە:
یە گشت جە شوومی‌و بێ‌ئیقباڵی‌یەن   وادەی حاسڵات یاگەم خاڵی‌یەن
(۳) بۆرێ: وەرەوە. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «شیرین» نووسراوە «شادی». مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.
(۴) سیم: زیو. هەرس: فرمێسک.
(۵) وەردا: بخواردایە. کەردا: بکردایە. واتە: ئەی خوا مەرگم بدا، من لەم کۆڕو ئاهەنگ‌و شادی‌یەدا ڕووم لە شیوەن‌و زاری‌یە، تا بەم ڕەنگە زەردەمەوەکە ئەڵێی ڕەنگی گەڵای پایزە، وە بەم دڵۆپە فرمێسکەکەس پێ‌نەزانیوانەمەوەکە ئەڵێی زیوی بێ‌گەردن، هەر تاوێك پیاڵەیەك شەرابی شەوقم بخواردایەتەوە، سەرو گیانم بەجارێ بکردایە بە شاباش بۆ یاران.

خـــاڵۆ گــیان نــامان پــەی نــەو نــەمامان
گیان دان وە مۆبەت، پەی مـەعدووم ئـامان(١)

[٤]

نەوای کەژاوەی...(٢)

نــەوای کـــەژاوەی لەیــلێ نـــازانـــەن
ســـەرەتای تــەڵمــیت شــیرین رازانـــەن(٣)

وەی رۆی دمـــای کـۆچ مـەجنوون بـەختانەن
نـــاڵەی فـــەرهادی زامـــەت ســەختانەن(٤)

☞

لە هەندێ نوسخەدا ئەم شیعرە بەم جۆرەیە:
جەو دما بادەی مەشق عەشقش بوەردام   تـا گـیان یـەکسـەر شـاواش بکـەردام
واتە: پاشان شەرابی فێربوونی عەشقی یارم بخواردایەتەوە، تا بە یەگجاری گیانم بکردایە بە شاباشی ئەو.
(١) لەم شیعرەدا مەولەوی وەرامی قسەیەکی خاڵۆی کۆماسی ئەداتەوەکە لە قسەکەی دا بۆ مەولەوەی نوسیبووی گوایە لەو شایی‌یەدا چەند نەوجوان خۆیان ئەکرد بـەقوربانی‌و شاباش. مەولەوی ئەڵێ: خاڵۆکـەم، گـیان بـەخت کـردن ئـیشی نـەونەمامان نیە، ئـیشی مەعدوومی‌یە لە خۆشەویستی‌دا گیانی خۆی بکا بە شاباش. لە هەندێ نوسخەدا نیوەی دووهەمی ئەم شیعرە بەم جۆرەیە:
گیان دادەن پەی تۆ پەی مەعدووم ئامان   دادەن: دان.

[٤]

(٢) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لەکاتی کۆچ کردنی جافەکانا بۆ کوێستان، وتووە.
(٣) واتە: دەنگی ئـەو کـەژاوانـە دێت کـە ئـەوەنـدە جـوانـن نـازاران پـێـیـان ئـەنازن، وە سەرەتای تەڵمیتی یارە قسە خۆشەکان دیاری داوە. تەڵمیت: ئەو جێگەو بانەیەکە بەسەر پشتی وڵاخەوە تەخت ئەکرێ‌و لە سەری دائەنیشن.
(٤) دما: دوا. واتە: بە هۆی کۆچ کردنی یارانەوە دەنگی هـاوارو رۆ رۆی ئـەو دڵدارانـە دێت کە بەختیان وەك بەختی مەجنوون رەشە، وە ناڵەی وەك ناڵەی فەرهاد سەختی ئەو کەسانە بەر گوێ ئەکەوێ کە گرفتاری زامی سەخت بوون.

چـــون شـــێویـــا لانـــەی دڵان پـــڕ داخـــان
جۆق جۆق سیاماڵ شین پەی لەیلاخان[(١)]

ســـەرعێڵ عـــەرزم هـــەن لا بکـــەرەوە
خـــێڵخـــانەی دڵان هـــا لە بـــەرەوە[(٢)]

مـــاڵاش ســـەرجـــەم وە دەرد ئـــەوگارەن
هـــەر دو هـــەوارگـــەش مـــافەتە دارەن[(٣)]

دەوڵەتـــــمەندەنی لا بـــــدەر چـــەنەش
مـــاڵاتو حـــەشام وێت مـــەدەر وەنـــەش[(٤)]

کـــۆچ خـــێرت بـــۆ ئـــیمساڵ چـــون ســـاڵان
تـــا لای ئـــێڵ بـــەگـــی ئـــێڵ نـــەوهاڵان[(٥)]

وەخـــتێ چـــون ســـاڵان وە دەروون ئـــاوەرد
پـــووشانەی دڵان لەوەڕیـــای ئـــەو هـــەرد[(٦)]

---

(١) شێویا: تێك‌چوو. جۆق جۆق: پۆل پۆل. شین: رۆیشتن. واتە: ئەم رۆ رۆو ناڵە ناڵە بە هۆی ئەوەوەیەکە هێلانەی دڵدارە داخ لە دڵەکان رووخاو دەواری رەشی دۆستان کەوتە رێ بۆ کوێستان.

(٢) لێرەوە مەولەوی رووی قسەی ئەکاتە سەرعێڵی کۆچ کردووەکانو ئامۆژگاری ئەکا. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دواوە پێکەوە دێ.

(٣) ئەوگار: گرفتار. مافەتە: دەردێکە ئەکەوێتە ناو حەیوان.

(٤) چەنەش: لێی. حەشام: قەرەباڵغ. وەنەش: پیایا. واتە: کاکەی سەرعێڵ قسەیەکم هەیە ئەمەوێ عەرزتی بکەم، لابکەرەوەو گوێم بۆ شل کە، یار کە جێگار هۆزی دڵانە لە پێشەوەیە، مەڕوماڵاتەکەشی کەکۆمەڵی دڵدارەکانیەتی، هەموو گرفتاری دەرد بوون، وە دەورو بەری ناوچەکەی دەردەدارە، چونکە هەرکەس نزیکی بکەوێتەوە بە دەردی خۆشەویستی گرفتاری ئەکا، تۆیش مەڕوماڵاتێکی زۆرت هەیە ئاگات لێ بێ خۆتی لێ لادەو ئەو مەڕوماڵاتەت مەدە بە قەڵبەی ناوچەکەی ئەودا.

(٥) ئێل بەگی: گەورەی عەشرەت: مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

(٦) پووشانە: مافی پووش کە حەیوان خواردوویەتی، خاوەن شوێن لە خاوەن حەیوانی ئەسێنێ. لەوەڕیا: لەوەڕان.

پرسان کۆن؟ چێشەن؟ پووشانەش نامان
چون تالآی بەردان جواو دەر ئامان(١)

نە دیدەی شادی دیدەنش خار بی
جە ئاشناییش تاقەت بێزار بی(٢)

گێج مەدا سەبوون شارەزوور دڵ
سیروان هووناو دەروونش گوڵ گوڵ(٣)

واژاوش مەویەرد نە دەماخ دەم دەم
تاف مەوەست سەراو چەرخ زەڵم چەم(٤)

---

(١) کۆن: لەکوێیە. واتە: کوچی خێرت بێ ئەمسالیش چون ساڵان برۆ تا ئەگەیتە لای سەرۆکی عەشرەتی نازارە تازە پێ گەیشتووەکان، کە گەیشتیتە لای وەك ساڵان بیری کردەوەو داوای پووشانەی ئەو دڵانەی کرد کە لە هەرێمی یارا لەوەڕاون، وە باسی منی کردو وتی کوا بۆچی ئەمساڵ پووشانەی نەهاتووە، دەسم دامێنت تۆ لە جیاتی من وەك یەکێك ماڵی تالآن کرابێ وەرامی بدەرەوەو پێی بڵێ... واتەکەی لە شیعرەکانی لەمەو پاش‌دا باس کراوە.

(٢) واتە: بڵێ حاڵی ئەوەندە خراپ بوو چاوپێ کەوتنی وەك دڕك وابوو لە چاوی شادمانی‌دا، وە لە توانای «توانا» دا نەبوو ئاشنایەتی لەگەڵ بکا.

(٣) سەبوون: بایەکی گەرمە لەوانەیە لە هەرکەس بدا بیپرووکێنێ. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوە پێکەوە دێ.

(٤) واژاو: ئاوی زیادی سەرکردوو. چەرخ: چەم، بۆیە وای پێ ئەڵێن چونکە بە رێگا رۆیشتنیا گەلێك پێچ ئەخوا. زەڵم: چەمێکە سەرچاوەکەی لە دێی زەڵمەوە لە بناری شارەزوور داوێنی ملەی مڵەخورد لە نزیکی خورماڵەوە. سەراو: سەراوی سوبحان ئاغا، کانیاو ئەستێڵێکە لە نزیکی سەیدسادقەوە لە شارەزوور. واتە: هەناسەی گەرمی دڵێ کە وەك بای سەبوونی شارەزوور بەتینە، گێژی ئەخوارد، وە خوێناوی دەروونی کە ئەوەندەی ئاوی سیروان زۆرە، هاتبوەکوڵ، وە ئەو خوێناوەی دەروونی تاو بە تاو لە زۆری‌یاندا لە لووتیەوە سەری ئەکرد ئاوی وەك چەمی زەڵم تافگەی ئەبەست بۆ سەراوی سوبحان ئاغا. مەولەوی لەم دوو شیعرەی‌دا ورەدەکاری‌یەکی جوانی کردووەکە «سیروان»و «زەڵم»«سەراو»و «شارەزوور»ی کۆکردووەتەوە، لە لایەکەوە لەبەر ئەوەکە ئەم سێ ئاوە لە شارەزوورن، وە لە لایەکی‌ترەوە لەبەر ئەوەکە شارەزوور رێگای گوزەری جافەکان بووە.

عەدەمش نە پووش هەستی مەکەرد ساف
منمانا چون خەس هەستیش نە رووی تاف[١]

هەوای هاژەی تاف بەردەبێ هۆشم
بەڵام ئەی چەند بەیت ئاما نە گۆشم:[٢]

ئای بەختم توغیان وێران ماڵیشەن
گەرمەسێر دڵ سیا ساڵیشەن[٣]

کۆز سۆچیای دەروون پڕ دەرد
ماڵات شادیم یەکسەر قڕان کەرد[٤]

کزەی رەشەبای هەناسان سەرد
سیامالْ عەیش تەختە تەختە کەرد[٥]

هاومالاَن یاوان بە وارگەی جاران
من بێ بارەبەر مەندەی هەواران[٦]

---

(١) خەس: پووش و پەڵاش. واتە: تافگەی ئاوی چاوی بە جۆرێك نابووتی کردبوو، نەبوونی کردبوو بە ئەسڵ، وە لە پووشی بوونی پاك کردبووەوە، ئیتر بوونی وەك پووش و پەڵاش بە سەر ئاوی تافگەوە ئەهات و ئەچوو.
(٢) ئاما: ئەهاتە. واتە: هەوای هاژەی تافگەی ئاوی چاوی هۆشی لا نەهێشتبووم، هەر ئەوەندە بوو گوێم لەم چەند شیعرەوە بوو لە لەشی وەك پووشیەوە بە سەر ئاوی تافگەوە. شیعرەکان ئەمانەی پاشەوەن.
(٣) گەرمەسێر: گەرمیان. سیاساڵی: ساڵی نەهاتی و بێ بارانی.
(٤) کۆز: جێگای کارو بەرخ. واتە: دەروونی پڕ دەردم وەك کۆزی سووتاوی لێهاتووە، شادی و خۆشیم لانەماوەو وەك مەڕوماڵات قڕانی کردووە.
(٥) واتە: کزەی رەشەبای هەناسەی ساردم دەواری ژیانمی تێكداو تەختەکانی لە یەك کردەوە.
(٦) یاوان: گەیشتوون. مەندە: ماوەو پاشکەتوو. واتە: هاوماڵەکانم هەموو گەیشتنە هەوارگەی کوێستانی پێشوویان، من نەبێ لەبەر بێ بارەبەری لە جێی خۆما ماوەمەتەوە.

جـەورەکـەی سـەرئێڵ خـەم بـێ شـومارەن
خێڵخانەم بـەرپێچ تـا خـێڵ ئـەو خـوارەن[١]

[٥]

نەتیجەی پاك دین[٢]

نـــەتیجەی پـــاك دیـــن شـێخ ســازانـــی
خـــاس وەتـەن نـە دڵ مـەعدووم سـازانـی[٣]

پـەرسام «حَسْبَ الْاَمْر» گـوزەشتەی ئـەحواڵ
جـواو دا ڕیزەی شـیشەی قـەدیم سـاڵ[٤]

زەرفـــێ بـــیم نـــە تــۆی وەخت شــامەوە
چـــون ســتارەی ســوبح مــەدرەوشامەوە[٥]

(١) بەرپێچ: پێچراوە. واتە: جەوری ستەمی سەر عێلی خەم‌و خەفەت لە ژمارە نایەت، لە بەر ئەوە من ناتوانم بڕۆم بۆ کوێستان وە دەوارم بە پێچراوەیی لە جێی خۆیا ماوە تا خێڵ تێتە خوارو ئەگەڕێتەوە بۆ گەرمیان.

[٥]

(٢) مەولەوی بەم قەسیدەیە قسە لە گەڵ شێخ مومنی سازانی ئەکاکە پارچە شووشەیەکی دابوە دەستی، وە داوای لێ کردبوو بزانێ سەرگوزەشتەی چیەو بۆی بگێڕێتەوە.
(٣) سازان: دێیەکە لە قـەراغـی چـەمی سـیروان لە ڕوژەڵاتـی عـەبابەیلێوە لە قـەزای هەڵەبجە. سازانی: دروستت کردووە. واتە: ئەی نەوەی ئایین‌پاکی پیری سازان، تۆ بە هۆی خووڕەوشتی بەرزتەوە زۆر باش لە ناو دڵما جێگەت بۆ خۆت دروست کردووە.
(٤) ڕیزە: وردە. واتە: بەپێی فەرموودەکەت سەرگوزەشتەی ئەو پارچە شـووشەکۆنـەم پرسی لە خۆی، ئەویش وەرامی دامەوەو وتی. وتەکەی لە شیعرەکـانی پـاشەوەدا بـاس کراوە.
(٥) شام: ئێواران. ستارە: ئەستێرە. واتە: پیاڵەیەك بووم ئەوەندە جـوانو بـریقەدار بـووم لەکاتی ئێوارانداکە دنیا تاریك ئەبوو وەك ئەستێرەی بەرەبەیان ئەدرەوشامەوە.

پـەی گـوڵاو پـاشیو نـەشئەی بـەزم کـەی
گـا پـڕ گـوڵاو بـیم، گـا سـەرشار مـەی(۱)

گـــا وە ســـەر رەفـــەی زەڕیـــن تـــاقەوە
گـــا وە دەس ســـاقی ســـیمین ســـاقەوە(۲)

گـا نـە سـەر پـەنجەی بـانووی بـێ نـیقاب
چـون سـوەیل رەونـەق پـەنجەی ئـافتاب(۳)

نـــە بـــەزم شـــیرین خـــوسرەوان دەور
مامام نـە گـەردش هـەر سـاتێ سـەد تـەور(۴)

گـــوڵاو مـــەپاشام وە رووی یـــاراندا
بـــادە مـــەبەخشام وە مـــەی خـــواراندا(۵)

گـا گـەردەن نـە دەس نـازك ئـەندامـان
گـا دەس نـە گـەردەن ژەرەژ خـەرامـان(۶)

---

(۱) گوڵاو پاش: گوڵاو پرژاندن. کەی: کەیخەسرەو، مەبەس پادشاهانو گەورەگەورانە. واتە: لەکۆڕی بەزمی پادشاهانا جارجار پڕ ئەبووم لەگوڵاو، گوڵاویان تیا هەڵئەپژاندم، وە جارجار پڕ ئەبووم لە شەرابو تیامیانا ئەخواردەوە.

(۲) زەڕین تاق: تاقی زێڕین. سمین ساق: ساق وەك زیو سپیو جوان.

(۳) بانوو: خانم. نیقاب: سەرپۆش. سوەیل: ئەستێرەیەکی پایزەی سپییە بەر لە ڕۆژ هەڵدێ. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

(۴) مامام: ئەهاتمە.

(۵) مەپاشام: ئەمپرژاند. مەبەخشام: ئەمبەخشی. واتە: جاروبار لەکۆڕی شادمانی پادشاهانا بە سەر پەنجەی خانمانی چارشێو لاداوەوە ئەگەڕام و گوڵاوم ئەپرژاند بە رووی دۆستاناو شەرابم دابەش ئەکرد بەسەر مەیخۆرەکانا. لەکۆکردنەوەی «شیرین»«خەسرەو» دا بە عیلمی بەدیع هونەری «تەوریە» هەیە.

(۶) ژەرەژ: کەو. خەرامان: لەنجەولار. واتە: جارجار ملم بە دەستی ناسك ئەندامانەوە بوو، جارجاریش دەستم لە ملی ئەو جوانانەدا ئەبوو کە وەك کەو بە لەنجەولار ئەڕۆن. مەبەسی لەوەیە کاتێك کە ئەینێن بە دەمیانەوە ملەکەی ئەکەوێتە عاستی ملیان.

گــاهێ روو وە رووی لەیــلێ ئــەندازان
گــاهێ لەب وە لەب شــای شــیرین رازان[(١)]

هــەستیم بــێ شــومار مــەستیم وە کۆ بی
تــوغیانم چــون تــاف جــوانی تۆ بی[(٢)]

جــە رووی نــادانــی ئــەو بــەزمو ئەو جەم
وە جــاویدانــم مــنمانا وە چــەم[(٣)]

فــەڵەك شــی وە قــین جــەورو ستەمدا
ئــەو بــەزمو ئــەو زەوق گشت دا وە هــەمدا[(٤)]

مــنیچ وەی تــەرزە وە ســەد پــارە کــەرد
هــەر پــارە پــەرێم ســەد پــەژارە کــەرد[(٥)]

مــەعدوومی عــامەن بــەڵاو دەردو بــیم
ئــەوەڵ قــاروورەی شکســتە مــن بــیم[(٦)]

---

(١) واتە: جارجار بە دەستی ئەوانە ئەبووم کە لە جوانی‌دا لەیلیان ناوەتە لاوە یان فرەیان داوەتە بەر پێ، وە رووبە روویان رائەگیرام، جارجاریش لێوم بە لێوی شای قسە خۆشانەوە ئەبوو.

(٢) واتە: بوونم لە ئەندازە بە دەرو مەستیم کۆمەڵ بوو، وە خۆ لێ‌بایی بوونم ئەوەندە زۆر بوو وەك تافی جوانی تۆ وابوو.

(٣) جاویدان: هەرگیز نەبڕاوە. منمانا: ئەنواند. واتە: لەبەر تێ‌نەگەیشتنی خۆم ئەو بەزمو ئاهەنگ‌و کۆمەڵەم وائەهاتە بەر چاو کە هەرگیز دوایی نایەت.

(٤) واتە: گەردوون لێم‌چوو بە قیناو ئەو هەموو بەزمو ئاهەنگەی تێك دا.

(٥) پارە: پارچە. پەرێم: بۆم. واتە: منی بەم‌جۆرەکرد بە سەد پارچەوە، وە بۆ هەر پارچەیەکم سەد خەم‌و مەینەتی دروست کرد.

(٦) قاروورە: کاسەی شووشە. واتە: هەی مەعدوومی! دەردو بەڵا نەك هەر من، بەڵکو هەموو کەسی گرتووەتەوە، وە من یەکەمین شووشەیەك نیم شکابم. ئەمە ئیشارەتە بۆ مەسەلەی مەشهووری عەرەب «لیسَتْ اَوَّلُ قارُورَةٍ کُسِرَتْ فِی الْاسلامِ».

هـۆشـیار بــەر مـیوەی مـەستی غـەفڵەتـەن
غــەفڵەت سـەرمایەی هـەزار خـەجڵەتـەن[١]

هــاکــا دەست چـەرخ هــەم سـتێزە کـەرد
چون مـن شـیشەی تـۆیـچ رێزە رێزە کـەرد[٢]

[٦]

نەهاتو نەهات[٣]

نـــە هــاتو نـەهات دڵ مــاتەن ئـیمشەو
ئـەڵبـەت شـنۆی شـەو بـەراتـەن ئـیمشەو[٤]

ســـیاهەی دەفــــتەر مــــیرزای ئــەزەلەن
زیـــادیو نـــوقسان رزقو ئـــەجەلەن[٥]

---

(١) واتە: وشیار بەرەوە ئەنجامی مەستی بێئاگاییەو بێئاگاییش سەرچاوەی هەزاران جۆر خەجاڵەتییە.

(٢) ستیزە: رقەبەرە. واتە: هەر ئەوەندەت زانی دەستی گەردوون لەگەڵ تۆیش کەوتە رقەبەرە، وە وەك منی وردو خاش کرد، شووشەی تۆیشی والێ کرد.

[٦]

(٣) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە شەوی بەرات «١٥ی شەعبان»ا وتووە.

(٤) هاتو نەهات: وشەیەکە لەکاتێکا بەکار ئەهێنرێ کە ئینسان چاوەڕوانی دەرکەوتنی کەسێك بێو ئەوکەسە دیار نەبێ. واتە: دڵم ئەمشەو ماتە چاوەڕوانی دەرکەوتنی دۆستە، وادیارە بای شەوی بەراتە ئەدا لێم بۆیە دڵ وا چاوەڕوانی دۆست ئەکا. مەشهورە لە شەوی بەراتا رزقو رۆزیو مەرگو ژیانی هەرکەس لە دەفتەری قەزاو قەدەری خۆیا دیاری ئەکا. مەولەویش لەم شیعرانەدا ئیشارە بۆ ئەوە ئەکا.

(٥) میرزا: نووسەر، مەبەس لە میرزای ئەزەل خوایەکە لە ئەزەلا چارەنووسی هەموو کەسێکی لە دەفتەری قەزاو قەدەری خۆیا نووسیوە. واتە: ئەمشەو شەوی سیاهەگرتنەوەی زیادو کەم کردنی رزقو رۆزیو ژیانو مەرگە لە لایەن خواوە.

ئـەو هـاوە بـەرات بـێ ئـەندازەوە
ئـێد وە تـەعلیقەی عـومر تـازەوە[١]

کـەسێ قـووتش نـوقڵ راز یـاوەرەن
یـەکـێ زیـندەگـیش وەسـڵ دڵبـەرەن[٢]

هـانا هـام دەردان چـێش مـەکـەردێ پـێم
مـن دیـام نـە رووی تـەقسیم نـامەی وێم[٣]

ژار دووری دۆس ئـازیزەن نـۆشـم
نـمەیۆ رازان شـیرین نـە گـۆشـم[٤]

یـانێ جـە شـوومی بـەخت سـیای من
ئـیمشەو لەرزان تـووڵ تـووڵ تـاڵای من[٥]

وەڵگ زیـندەگـیم هـا وە هـەواوە
دیـمادیمشەن وە بـای فـەناوە

ئـەلوەدای تـەئریخ کـامەرانـیمەن
نـیشانەی ئـاخر زیـندەگـانیمەن[٦]

---

(١) تەعلیقە: هەڵواسراو. واتە: یەکێك بەراتی بێئەندازەی بە دەستەوەیەو یەکێکی‌تر سەر لە نوێ عومری بۆ نوسراوەتەوەو فەرمانەکەی کردووەتە ملی.
(٢) واتە: یەکێك قسە وەك نوقڵ شیرینی یاران خۆراکیەتی‌و یەکێکی‌تر بە وەسڵی یار ئەژی.
(٣) دیام: روانیم. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.
(٤) نمەیۆ: نایەت. واتە: دەخیلتانم ئەی هاودەردەکانم چیم لێ ئەکەن، من سەیری دەفتەری چارەنووسی خۆمم کرد بزانم خوا چی بۆ داناوم لە م شەوی بەراتەدا، سەیرم کرد ئەبێ ژاری دووری دۆست بنۆشم‌و قسەی خۆشم بەر گوێ نەکەوێ.
(٥) تووڵ «ی یەکەم»: لق. تووڵ «ی دووەم»: نەمام. تاڵا «طالع»، بەخت. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.
(٦) وەڵگ: گەڵا. دیمادیم: دیوەودیو. واتە: مەبەسم ئەوەیە بە هۆی شوومی چارەی

یـــاران ویـــەردن نـــۆبـــەمەن دەی دەی
ئـیسە وەکـارەن سـاقی نـەشئەی مـەی[١]

سا دەی تـای دوگـمەی یـەخەی دڵ پـەسەند
ئازاد کـەر چـون دڵ بـێ دەردان جـە بـەند[٢]

پـــەشێو کـــەر لانـــەی دڵان جـــە ســـەردا
گـۆشـەی عـەرەقچین بـاوەر وە بـەردا[٣]

مـــایل بـــۆ کـــەمێ ئـەو ئـەو گـۆشـەی چـەم
گۆشەی چەم ئەو جام، جام ئـەو ئـەهل خـەم

دەورت گـــەرد جـــەور دەوران دا وە بـــاد
ناز واچـۆ بـنۆش، غـەمزەکـەت نـۆش بـاد[٤]

☞

رەشمەوە لق و پۆپی درەختی بەختم کەوتووەتە لەرە، وە گەڵای ژیانم بە ئاسمانەوە بای لەناوچوون ئەمدیو ئەودیوی پێ ئەکا، وەکـەوتوومەتە مـاڵاوایـی کـردن لە بـەختیاریو نیشانەی مەرگم دیاری داوە.

(١) ویەردن: بەسەرچوون. مـەولەوی لێرەوە بـە ئـوسووڵەکـەی خـۆی پـەنا ئـەباتە بـەر سـاقیو مـەی، وە ئـەڵێ: هـاوڕێـیان هـەموو مردنو سـەرە هـاتووەتە سـەر مـنیش، کەواتەکاکەی مەیگێڕ ئێستەکاتی خۆیەتی پیاڵەیەك شەرابم بدەرێ.

(٢) تا: تاڵ. واتە: ئەو تاڵە دەزووەی کە ئاڵاوە لە قۆپچەی سـوخمەکـەی سـەر یـەخەی دڵگرتووەکەت، بیکەرەوە، وە وەك دڵی ئازادی لە وانە دەردیان نیە لە بەندی ئازادکە.

(٣) لانەی دڵان: مەبەس لە زوڵفەکە هێلانەی دڵی عاشقانە. عەرەقچین: کـڵاو. بـاوەر: بێنە. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوە پێکەوە دێ.

(٤) واچۆ: بڵێ. بنۆش: بنۆشە. واتە: زوڵفەکانت لە سەرەوە تێك بدەو کڵاوەکـەت بـێنە پێشەوەو کەمێك لاری کەرەوە بۆ لای گۆشەی چاوت، گوشەی چاویشت لار کەرەوە بۆ لای پیاڵەی شەرابو پیاڵەکـەش لار کـەرەوە بـۆ لای لێوی ئـەو دڵدارانـەی کـە خـەمی عەشقیان لە دڵایە تا ئەم هەڵسووڕانەت بە پیاڵەی شەرابەوە گەردو تۆزی جەوری زەمانە بدا بە با، بە جۆرێ کە نازت بڵێ بینۆشەو غەمزەکەشت بڵێ نۆشی گیانت بێ.

تـا فـوارەی وشك لوولەی پـێشـەی ڕێش
هەر یەك پرشەی زووخ هورشانۆ پەی وێش[١]

وە شـنۆی نـەشئەی مـەستیم وانـۆوە
یـەك ئـەمجار جـە دەس هـەستیم سـانۆوە[٢]

[٧]

نمانای بەهەشت[٣]

نـمانای بـەهەشت پـێشـانی نـووری
ئـازیز وەی سـفتەی دۆزەخ دووری[٤]

دووریت عـەزابـێ ساز دابـێ پـەرێم
عـەزابـێ وتـەر دا، ئـاماو لوات پـێم[٥]

ئـای هـەنی جـەی دەرد كـێ دەرمان سازۆ
وە هـەمسایە سـەگ كـام دەرمـاڵ نـازۆ[٦]

---

(١) پێشە: ئێسقان. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

(٢) وانۆوە: بخوێنێتەوە. سانۆوە: بسەنێتەوە. واتە: بۆ ئەوە فوارەی وشك بـووی لوولەی ئێسقانە بریندارەکانم، هەریەکە لە عاستی خۆیا پرژێ زووخ فرێ بداتە دەرەوە، وە بە شنەی ئەو پرژ هەڵدانە بڕیاری مەستیم بخوێنێتەوەو بۆ یەگجاری لە دەستی بوون ڕزگارم بکا.

[٧]

(٣) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی پاش گەڕانەوەی شێخی «بهاءالدين»ﷺ وتووەکە چووبوو بۆ دیدەنی.

(٤) نـمامانا: نـیشانتدا. پـێشـانی: نـاوچاو. نـووری: نـوورانـی. واتـە: ئـازیز نـاوچاوی نوورانیتت پیشاندا بەم سووتاوی دۆزەخی دووریە.

(٥) واتـە: دووریت عـەزابـێکـی بـۆ سـازدابـووم، ئـێستاش هـاتن و گـەڕانـەوەکـەت عەزابێکی تری بۆ سازدام.

(٦) جەی: لەم. هەمسایە: دراوسێ. نازۆ: بنازێ. واتە: ئای ئیتر کێ دەرمانی ئەم دەردی دوورکەوتنەوەیەتم بۆ ساز بکا، وە من ئولفەت بەکێی ترەوە بگرم؟ دیارە ناتوانم ئولفەت بەکەسی ترەوە بگرم، چونکە سەگی هیچ دەرماڵێ نانازێ بە دراوسێ.

چـــەم وە گـــەرد رای كـــێ رۆشـــنا بـــۆ
لەب وە یـــاگـــە پـــای كـــێ ئـــاشنا بـــۆ[۱]

رۆی وەســڵـت ئـــەر ســـەد زەروور نـــەفامەن
مـــزانـــام فـــەڵەك چـــەپ گـــەردش نـامەن[۲]

فـــەڵەك داد جـــە دەرد بـــێ دەواكـــەی تـــۆ
مـــوغەننی فـــەریاد ئـــەو نـــەواكـــەی تـــۆ[۳]

بـــوڵەنـــد كـــەر مـــەقام «دڵســـۆز» وە راسی
تـــەنزیلەش فـــەرد گـــەل خـــاڵۆی كـــۆمـاسی:[۴]

رۆی وەسـڵـت هـــەر بیم ئـــەی رووە پێم بـــێ
جـــەو بـــۆنـــە هـــەررۆ رۆرۆ خـــدێم بـــێ[۵]

ئـــیسە هـــا فـــەڵەك نـــیشان دادەن پێم
ئـــاخ تـــرسیاگـــەكـــەی گیر ئـــاوەردە وێم[۶]

---

(۱) لەب: لێو. یاگە: جێگە. واتە: لەمەو پاش تۆزی رێگای كێ ببێ بەكلەو چاوم روون بكاتەوە، وە لێوم ژێر پێی كێ ماچ بكاو شارەزای ببێ. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «یاگە» نووسراوە «خاك».

(۲) زەروور: پیاوی ناچارو ناعیلاج. مزانام: ئەمزانی. واتە: هەرچەند پیاوی داماوو ناچار عەقڵی لە جێی خۆیا نیەو هیچ نافامێ، بەڵام من هەر كە بە تۆ گەیشتم ئەمزانی گەردوون ناوی چەپگەردەو هەمیشە بە ئارەزووی دڵ نابێ.

(۳) ئەو: لە. مەعنای نیوەی دووهەمی ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشیەوە.

(۴) دڵسۆز: ئاوازێكی كۆنی كوردیە. تـەنزیلە: وشـەی دوعـا، لێرەدا مـەبەسی بـەیتی گۆرانیە. واتە: كاكەی گۆرانی بێژ هاوار بۆ ئاوازە خۆشەكەت، تۆخوا دەنگی لێ هەڵبڕەو نقامی دڵسۆزمان بۆ بڵێ بە شیعری خاڵۆی كۆماسیەوە. شیعرەكانی خاڵۆ ئەم سیانەن كە لە پاش ئەم شیعرە دێن.

(۵) بیم: ترس. واتە: ئەو رۆژەی پێت گەیشتم ترسی ئەمرۆم لە دڵا بوو، لە بەر ئەوە خۆم دابووە هاوارو رۆرۆ.

(۶) واتە: وا ئێستا فەڵەك ئەوەی پیشان دام كە لێی ئەترسام، ئای هاوار بۆ منی ترساوی گیر خواردوو.

ئـــەمجار کـــێ تـــاقەت دووری تـــۆ دارۆ
دەك بـــــەرق غـــەزەب وە جـــەسەم وارۆ[١]

[٨]

ئەی گەهوارەی[٢]

ئـــەی گـــەهوارەی دەور تـــای دەسـرازە خـــەم
تاکەی سەر ئەنگوشت غەفڵەت نە تۆی دەم[٣]

بـــــازیت پـــێ وەردەن هـــەر یـــەك وە لایـــێ
ســــــــەدای دایــــــەنان وە لایـــــەلایێ[٤]

هـــای نـــە فـــەرقش هـــەن ئـــەو ســـەداو تـــەئسیر
تـــا ئـــەو لاونـــاو ئـــەو مـــەزەو ئـــەو شـیر[٥]

---

(١) دارۆ: هەیەتی. ئەم شیعرە لە قەسیدەیەکی تریشا رابوورد، بەڵام لەوێ ئیشارەتمان نەکردبوو بۆ ئەوەکە هی خاڵۆی کۆماسی‌یە.

[٨]

(٢) وەك لە سەر نوسخەکەی مەلا خالیدی رەبانی نووسراوە، مەولەوی ئەم قەسەیدەیەی بە بۆنەی مردنی دایکیەوە وتووە، بەڵام هیچ نیشانەی ئەوەی پێوە نیەکە بۆ لاواندنەوە بێ، وە لە هێنایە یادی قەبرو قیامەت بەولاوە رازێکی‌تری تیا دەرناکەوێ.

(٣) گەهوارە: بێشکە. دەسرازە: ئەو پەتەی منالّی پێ توند ئەکەن لە بێشکەدا. ئەنگوشت: پەنجە. مەولەوی لەم قەسیدەیەدا روو ئەکاتە نەفسی خۆی‌و ئەڵێ: تاکەی لە بێشکەی زەمانەدا کە تاڵی دەسرازەکەی لە خەم‌و خەفەت هۆنراوەتەوە، سەرپەنجەی بێ‌ئاگایی ئەبەی بە دەمتا وەك منالّی ساوا؟

(٤) بازی: یاری. دایەن: ئەو ئافرەتەی کە راگیری ئەکەن بۆ شیر بە منالّ دان‌و بەخێو کردنی. لایەلایە: وشەیەکە دایك بە نقامێکی تایبەتی‌یەوە ئەیلێ بۆ خەوتاندنی منالّ. واتە: دەنگی لایەلایەی دایەنەکان هەریەکێ لە لایەکەوە هەڵت ئەخەڵەتێنێ. مەبەس لە دایەن نەفس‌و شەیتانە.

(٥) های: وشەی وریا کردنەوەیە. لاونا: لاواندنەوە. واتە: دەنگی ئەو لایەلایە لە سەری ئینسانا ئەمێنێتەوەو کاری خۆی ئەکا تا ئەمرێ‌و لاواندنەوەی ناو قەبر ئەبیسێ‌و مەزەو شیری ئەوێ ئەچێژێ.

هـەر تـفلێ بـێ شك نـەی بێشك خـەفتەن
جـەی دایـە بـڕیـان بـەو دایـە جفتەن(١)

وەس خـاکـبازی کـەر بـێدار بـەر ئـامان
بـڕیـانەوەی تـۆیـچ سـەروەختش ئـامان(٢)

هـا وە قـەفاوە یـەند شـی بـە وێدا
چـەم بـێ بـینایی مـدیۆ وە رێدا(٣)

قـەزا وە قـومار نـە پـای باختمەن
قـامەت حـەڵقـە بەست وەخت تـاختمەن(٤)

موتریب، سازەکەت ئۆف چ وەش تـەرز بێ
ئەمجاریش وەك دەنگ مەجلیس هەر بەرز بێ(٥)

تـا کـوورەی زاریـم بـڵێسـە سـانۆ
داخ لوای وێم جـە دڵ نـەمانۆ

داد نـەمەدۆ داد شـین، مـالوومەن لێم
دمـای وێم پـەرێم هـیچکەس وێنـەی وێم(٦)

---

(١) واتە: بێ گومان هەر منداڵێك لە بێشکەی گەردوونا خەوتبێ لە دایکی ژیان ئەبڕێتەوەو ئەنرێ بە بەری دایکی قەبرەوە.

(٢) خاکبازی: یاری کردن بە خۆڵ. واتە: بەس یاری بکە بە خۆڵ، دەخیلتم وریا بەرەوە، وەختی بڕانەوەی تۆیش هاتووە لە مەمکی ژیان.

(٣) واتە: وریا بەرەوە ئەوەندە پشتت کۆم بووەتەوە لەبەر پیری، کە ئەڕوانی بە ڕێگـادا چاوت هیچ نابینێ. مەولەوی لە شیعرەکانی لەمەوە دواوە لە قسە لەگەڵ خۆکردنەوە دێتە سەر قسە بە دەمی خۆوەکردن.

(٤) باخت: دۆڕاندن. تاخت: تاڵان کردن. واتە: قەزاو قەدەر وەك قومارچی خۆی ئامادە کردووە پێم بدۆڕێنێ، وە باڵای ڕاستم چەمیوەتەوەو وەختی تاڵانکرانی سامانی ژیانمە.

(٥) مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(٦) واتە: کاکەی ئاهەنگگێڕ! ئۆف ئـاوازی سـازەکـەت چـەند خـۆش بـوو، دەسـا بـا

[٩]

نازك تەدارەك

نـــازك تـــەدارەك فـــەسڵ وەهـــاران
شـــیرین ئـــارایش هـــەردەو كـــۆســـاران(١)

گوڵ چـون رووی ئـازیز نـەزاكـەت پۆشـان
وەفراوان چون سەیل دیدەی مـن جـۆشـان(٢)

مـــدیان گـــوڵاڵان نـــە پـــای دەربـــەندان
ئـــەو یـــەكـــتەر وێنـــەی ئـــارەزوومەندان(٣)

چ خـــاس خـــاس شـــنیۆ نـــە ئـــێواراندا
سـەوزە وە رووی خـاك جـەرگەی یـاراندا(٤)

☞

ئەمجاریش وەك دەنگی كۆڕی ئاهەنگی یاران بەرز بێتەوە، بەڵكو كوورەی گریانو زاریم بڵێسە بسێنێو داخی مەرگی خۆمم لە دڵا نەمێنێ، چونكە لێم ئاشكرایە پاش خۆم شینو گریانی كەس بە سەرما وەك هی خۆم كەڵكی نابێ بۆم.

[٩]

(١) تەدارەك: خۆ ڕێكخستن. ئارایش: خۆ ڕازاندنەوە. واتە: نامەخوا فەسڵی بەهار چەند ناسكەو جوان خۆی ڕێكخستووە، وە هەردو كوێستانەكان چەند شیرین خۆیان ڕازاندووەتەوە. لە شیعرەكانی پاشەوەدا چەند وێنەیەكی جوانی ئەم خۆڕێكخستنو خۆ ڕازاندنەوەیە باس ئەكا.

(٢) واتە: گوڵ وەك رووی یار بەرگی ناسكی پۆشیوە، وە بەفراو وەك لافاوی چاوی من هاتووەتە جۆش.

(٣) مدیان: ئەڕوانن. واتە: گوڵاڵەی داوێنی دەربەندەكان وەك یارو دڵدار تەماشای یەكتر ئەكەن.

(٤) شنیۆ: ئەشنێ. واتە: ئای گیای سەوزی سەر خاكی قەبری كۆمەڵی یاران بە ئێوارانا چەند جوان ئەشنێتەوە.

بـــوین رەعشـــەی وەجـــد دڵەی پـــاکشـــان
عـــەیان نـــە شـــنیای ســـەوزەی خـــاکشـــان(١)

جـــەی گـــۆشـــەی خـــاستەر نـــیەن مـــەسکەنێ
ســـاقی گـــیان ئـــامان خـــومار ئـــەشکەنێ(٢)

هـــــۆرێزە، ســـــوبحەن، دڵ تـــازە خـــاوەن
شـــنۆی پـــای کـــاوەن، گـــۆشـــەی ســـەراوەن(٣)

ســـەوزەی خـــاك پـــاك یـــاران هـــام فـــەرد
فـــرەمان وە فـــەرش بـــەزم وێـــمـــان کـــەرد(٤)

کەو سەوزەی ئـێمـەیچ نـە کـام هـەردێ بـۆ؟
وە فـەرش مـەجلیس کـام هـام فـەردێ بـۆ(٥)

---

(١) بوین: سەیرکە. رەعشە: لەرە. وەجد خۆشەویستی. عەیان: ئاشکرا. واتە: سەیرکە دڵەلەرزەی دڵداری خاوێنیان بە ئاشکرا لە شنەی سەوزایی سەر قەبرەکانا دیارە.
(٢) خومار ئەشکەن: سەرخۆشی لابەر. واتە: کاکەی مەیگێڕ دەخیلتم شوێنم لەم شوێنە باشتر نابێ پیاڵەیەك شەرابی بیرکردنەوەم بدەرێ چاری دەردی بێئاگایی خۆمی پێبکەم. مەولەوی لەم شیعرەدا تەعبیری زۆر وردی بەکار هێناوەکە شەرابی بە دەرمانی هۆش کردنەوە داناوە، وە مەبەستی لە بێهۆشی گوێ نەدانە بە پاش مردن.
(٣) هورێزە: هەڵسە. واتە: کاکەی مەیگێڕ، هەستە دڵ تازە لە خەو هەڵساوە، بەرەبەیانی زەوقو شادییەتی، داوێنی شاخەکان شنەیان دێتو شوێنەکەمان گوێی ئاوە، با ماوەیەك بە خۆشی رابوێرین.
(٤) فرە: زۆر. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.
(٥) کەو: ئاخۆ. واتە: ئێمە زۆر جار سەوزایی سەر خاکی پاکی گۆڕی دۆستانمان کرد بە فەرش بۆ ئاهەنگو رابواردنی خۆمانو لە سەری دانیشتین، ئاخۆ سەوزایی سەر گۆڕی ئێمەیش لەکام هەردا بێتو ببێ بە فەرشی ئاهەنگی کام دۆستو برادەر؟

[۱۰]

نەتیجەی پاکان(۱)

نـــەتیجەی پـاکـــان، نـــەتیجەی پـاکـــان
شـێخ خـــاس‌خەیاڵ نـــەتیجەی پـــاکـــان(۲)

فـــەرەح بـــەخش حـــاڵ خـــاتر غـــەمناکـان
دەرمـــان زامـــان خـــەڵتـــان نـــە خـــاکـــان(۳)

مـــەعدووم ئـــانا هـــا جـــە گـــیان تـــەواسان
کـــەیلەن جـــە خـــەیاڵ خـــاڵ خـــاڵ‌خـــاسان(۴)

گـــرمەی کـــوورەی دڵ ســـەد هـــەزار تـــەرزەن
گـــرمەی بـــڵێســـەش نـــە عـــاڵەم بـــەرزەن

تـــۆ پـــەی چـــێش ئـــامان ئیمانت هـــەردەن
ئـــەسپاب فـــەوتت ئـــامادە کـــەردەن(۵)

وەی دەمـــــەی نـــەفەس بـــەد حـــاڵی‌یـــەوە
وەی دڵەی پـــارەی زوخـــاڵی‌یـــەوە(۶)

---

[۱۰]

(۱) مەولەوی بەم قەسیدەیە قسە لەگەڵ شێخ حەسەنی سازانی ‌رحمه الله ئەکاکە یەکێك بووە لە پیاوانی خوا.

(۲) واتە: ئەی شێخێ کە نەوەی پیاوانی پاك رەوشت‌و پاك باوەڕی وە بیرو نیازت چاکە...

(۳) واتە: ئەی خۆش‌کەری دڵی دڵ خـەفەتباران، وە ئـەی دەرمـانی زامـی ئـەوانـەی لە خوێناوا ئەتلێنەوە. (۴) ئانا: ئەوەتە. تەواسان: وەرز بووە.

(۵) واتە: تۆ بۆچی ئیمانت لا نەماوە لە خوا ناترسی‌و هۆی لەناو بـردنی مـەعدوومیت فەراهەم کردووە؟

(۶) دەمە: ئەو با ساردەیەکە زستانان لە سـەر لووتکـەکـێوەکـان بـەرز ئـەبێتـەوەو وردە پرووشی بەفر لەگەڵ خۆی هەڵئەگرێ‌و ئەیدا بە رووی رێبواراو زۆر جار رەقی ئەکاتەوە. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوە پێکەوە دێ.

کـــوورەی دەروونت وە جـــۆش ئـــاوەردەن
دووکەڵ جـە گـۆشـەی فـەڵەك سـەرکەردەن[١]

پـەی کـێ ئـەی جـەستەی وێت مـەتاونی
زامـەکـەی مـەعدووم هـەم مـەکـاونی[٢]

مـــن ئـێش پــڕ نـێش دەروونـم وەســەن
بۆ خـەلاسم کـەر حـەسەن هـەی حـەسەن![٣]

[١١]

نەسیم دووری[٤]

نـەسیم دووی دەروون چـون هـەردە جـاران
ئـــیمجار دەر نـــە کـــاخ دەمـــاخ یـــاران[٥]

واچــــە دیـــم وە چـــەم دێوانـــەکـــەی تـــۆ
رووش کەردەن نـە رووی ئـاسانەکـەی تـۆ[٦]

---

(١) واتە: لەگەڵ ئەوەشا مەعدوومی بە هۆی بەدحاڵی‌یەوە هەناسەی سارد هەڵئەکێشێ‌و دڵی پارچە بووەو رەش بووەتەوە، تۆ تەنووری دەروونی خۆتت داخستووەو دووکەڵ سەری کردووە لێی‌و هەموو ئاسمانی گرتووەتەوە.

(٢) مەتاونی: ئەتوێنیتەوە. مەکاونی: ئەکلێنیتەوە. واتە: ئەم لاشەی خۆتە بۆ کێ ئەتوێنیتەوەو زامی مەعدوومیشی بێ ئەکلێنیتەوە؟

(٣) وەس: بەس. واتە: حەسەن، من زامی پڕ ئێش‌و ئازاری دەروونی خۆمم بەسە، دەردی خۆیشتی مەکە بە سەر بار، وەرە رزگارم کە.

[١١]

(٤) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە وەرامی نامەیەکی شێخی «بهاءالدین»دا ﷺ نووسیوە.

(٥) واتە: ئەی بای نەسیم ئەمجاریش وەك جارەکانی‌تر بڕۆ دووکەڵی دەروونم بدە لەکۆشکی بەرزی دەماخی دۆست، با تێ‌بگات ئێستا ئاگری دەروونم چەند بە تاوە.

(٦) واتە: پێی بڵێ بە چاوی خۆم دۆستە شێت بووەکەتم دی رووی کردبوو بەردەرگای تۆو ئەی‌وت: واتەکەی لە شیعرەکانی پاشەوەیدا دێ.

نـــامەی ئـــایرین دڵســـۆزیت یـــاوا
بـڵێســـەم وە سـای گـەردوون سـەر سـاوا[١]

ســـۆچـــنا جـەستەی زامـەتان خـەستە
لابــەرد تــۆی دەروون دڵەی دەرد گــەستە[٢]

وەشـــیو شـــادیو زەوق پـــەی ئـێمـە نـیەن
جــە دەســـمان رشـــتەی راحـــەتی شیەن[٣]

دوژمـــنی فـــەڵەك پـــێمـــان قـــەدیمەن
چـــەنیمان مـــەینەت قـــەدیم نـــەدیمەن[٤]

مـــەست بـــادەی کـــەف رۆزگـــارانـــیم
بـــێ هـــۆش هـــیجران قـــەدیم یـــارانـــیم[٥]

نــە دڵ ئــەو دڵەن، نــە هـۆش ئـەو هـۆشـەن
نە فام ئەو فـامەن، نــە گـۆش ئـەو گـۆشـەن[٦]

هــەر کــاتێ زانــای فــەڵەك نــەردێ شـەند
وێنـەی هـام جـامان، جـامان وە جـا مـەند[٧]

---

(١) واتە: نامە ئاگرینە پڕ لە دڵسۆزی‌یەکەت گەیشت، وە ئاگری خۆشەویستیمی بەتین‌تر کردو زوبانەی بڵێسەی دەروونم خۆی دا لە ئاسمان.

(٢) واتە: لەشی گرفتاری زەحمەتمی سووتاندوو توێکی دڵی دەردگەستوومی داماڵی.

(٣) واتە: خۆشیو شادی بۆ ئێمە نیە، ئێمە سەرەدەزووی رەحەتیشمان لە دەس دەرچووە.

(٤) واتە: ئێمە لە مێژە دوژمنی گەردوونینو هاودەنگی دەردو مەینەتین.

(٥) واتە: سەرخۆشی شەرابی دەستی رۆزگارین لەبەر دووری دۆستی کۆن هۆشمان لا نەماوە.

(٦) واتە: هیچمان وەك ئەوسا نەماوە، نە دڵمان وەك جاران شادە، وە نە وەك جاران هۆشمان لە خۆمانە، وە نە وەك ئەوسا تێ‌ئەگەینو گوێمان لە قسەو رازی دۆست ئەبێ.

(٧) واتە: هەر ئەوەندەت زانی گەردوون نەردێکی بۆ لەناوبردنی ئێمەیش هەڵدا، وە ئێمەیش وەك هاوڕێ‌یان جێو شوێنمان بە چۆڵی مایەوە.

[۱۲]

نامەکەت یاوا(۱)

نـــامەکـــەت یـــاوا کـــۆسـم کـــەفتەوە
دڵەی ئـــــاهیرین دا وە نــــــەفتەوە

تـــاکـــەی تـــۆ بـــەو زام، مــن وەی دەردەوە
تــۆ بــەو کـــاوەوە، مـــن بـــەی هـــەردەوە(۲)

تـــەشریف بـــاوەرە جـــەرگەمان جـــەم بــۆ
بەڵ وەی جـەم خـەمێ جـە لامـان کـەم بـۆ(۳)

بـــێـــســـارانـــی‌یەن نـــە تـــۆی فـــەرد مـــن:
«خـــەم چـــەنی خـــەمان زوو مبۆ ساکـن»(۴)

هـــەناسەی ســـەردم نـــە دڵ خـــێزاوە
خـــێڵخـــانەی کـــەیفم هـــەوار بـــێزاوە(۵)

وەیشـــــومەی مـــەینەت تـــەم ئـــەنگێزاوە
وەڵگـــەکـــەی شـــادی ســـەر تـــەڵ ڕێزاوە(۶)

---

[۱۲]

(۱) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە وەڵامی نامەی شێخ عەزیزی جانەوەرەیی برادەریا نوسیوە کە لەکوێستان بووە، داوای گەڕانەوەی لێ ئەکا بۆ گەرمیان.

(۲) واتە: تاکەی تۆ گرفتاری زامی دووریو من گیرۆدەی دەردی ئیشتیاق بم، وە تۆ لەکوێستان بیتو من لە گەرمیان.

(۳) مەعنای ئەم شیعرەو شیعری دوایی پێکەوە دێ.

(۴) واتە: وەرە با کۆمەڵمان یەك بگرێتەوە بەڵکو خەمو خەفەتی دڵمان کەمکاتەوە، بە دەلیلی ئەو قسەیەی مەلا موستەفای بێسارانی کە خستومەتە ناو شیعری خۆم وە ئەڵێ ئەگەر خەمباران بکەونە یەك خەمەکانیان سووك ئەبێ

(۵) خێزاوە: بەرز بووەوە. بێزاوە: گواستیەوە. واتە: هەناسەی سارد لە دڵم بەرز بووەوەو شادیم بارگەو بنەی پێچایەوە.

(۶) وەیشوومە: بای سەخت. ئەنگێزاوە: هەڵی ساندەوە. ڕێزاوە: داوەریەوە. واتە: بای سەختی مەینەت تەمی هەڵکردو گەڵای سەرچڵی خۆشیم داوەری.

جـۆی چـەمەی شـەوقم هـەم یـەخ کـەردەوە
مـەزرەعەی هـەستیم شـەڵتـە بـەردەوە(١)

نـەشئەی وەخت سـەخت ئـامای پـاییزەن
یـا شـنۆی دووری بـاڵای ئـازیزەن(٢)

[١٣]

نامەی عەنبەر بۆت(٣)

نـامەی عـەنبەر بـۆت بـاد سوبح ئـاووەرد
عـەترش زامـەکـەی کـۆنـەم تـازە کـەرد(٤)

مـوتاڵەعـەم کـەرد وە دەم دەردەوە
جـەفاکـەی وەریـن جـە یـاد بـەردەوە(٥)

مـەفهووم بـی تـەحریر وەش تـەقریرەکـەش
مەعلووم بی جە لای خەستەی تیرەکـەش(٦)

---

(١) یەخ: سەهۆڵ. شەڵتە: ئەو وشکە سەرمایەی ئەدا لەکشتوکاڵو ئەی فەوتێنێ. واتە: جۆگەی سەرچاوەی چاوم بوو بە سەهۆڵو شەڵتە دای لەکشتوکاڵی ژینمو فەوتاندی.

(٢) واتە: نازانم ئەمە نیشانەی کاتی سەختی هاتنی پایزە، یان شنەی دووری باڵای شێخ عەزیزە وام لێ ئەکا؟

[١٣]

(٣) مەولەوی جارێکیان نەخۆش ئەکەوێ، شێخی «بهاءالدین»یش ﷺ نامەیەکی هەواڵپرسی بۆ ئەنێرێ، ئەمیش لەوەراما ئەم پارچە شیعرەی بۆ ئەنووسێ.

(٤) واتە: بای بەیانی نامەبۆن خۆشەکەتی بۆ هێنام، وە بۆنی ئەو نامەیەت زامی کۆنەمی تازەکردەوە.

(٥) وەرین: پێشوو. واتە: نامەکەتم بە دەم دەردەوە خوێندەوە، ئەوەندەی دڵشادکردم ئێشو ئازاری کۆنی لە یادم بردەوە.

(٦) واتە: منی گرفتاری تیری ئەو، حاڵی بووم لەو شتانەی لە نامەکەیا نووسراوبوونو روون کرابوونەوە.

فـــیدای خـــامەت بـــام وە یـــادم کـــەردەن
یـــادم نـــــمەشی تـــا وە رۆی مـــەردەن[١]

بـەڵام جـە دووریت شـای سـاحیب شـەرتان
دوود دڵ وە چـــــەرخ هـــــەفتەمین یـــاوان[٢]

دووریت چون ئـەڵمـاس نیشتەن نـە جـەرگم
هـــا وەخـــتەن بـــەیۆ وادەکـــەی مـــەرگم[٣]

داخ بـــاڵاکـــەت بـــەروون وە گـــڵکـــۆ
وە هـــامباڵای ویم خـــاکـــم وە ســـەر بـــۆ[٤]

[١۴]

ناوەری وە دڵ[٥]

نـــــاوەری وە دڵ مـــــاوەروو نـــــە دڵ:
مـــن جـــە مـــەیل تـــۆ لادێ بـــوو غـــافڵ[٦]

---

(١) خامە: قەڵەم. نمەشی: ناچی. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.
(٢) واتە: بە قوربانی قەڵەمەکەت بم کە منی هێناوەتەوە یاد، من تا ئەمرم تۆم لە بیر ناچێ، بەڵام لە تاو دووریت دووکەڵی دڵم گەیوەتە ئاسمانی حەوتەم.
(٣) بەیۆ: بێت. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.
(۴) گڵکۆ: قەبر. واتە: ئازیزەکەم وەك ئەڵماس چۆن شووشە لەت ئـەکـا، دووریت بـەو جۆرە نیشتووەتە سەر جگەرمو لەت لەتی کردووە، ئەوەندەی نەماوە تۆم وادەی مردنم دابێتو بە بەرزی باڵام خاك بنیشێتە سەرم.

[١۴]

(٥) وا دیارە مەولەوی بەم قەسیدەیە قسە لەگەڵ شێخی «ضیاءالدین» ﵀ ئەکاکە هەندێ کەس وایان تێگەیاندبێ گوایە مەولەوی ساردە لەگەڵیاو ئەمیش بەم قەسیدەیە پاکانە بۆ خۆی بکا.
(٦) ناوەری: نەهێنی. ماوەروو: ئەهێنم. لادێ: تاوێك. واتە: ئازیزەکەم نەکەی ئەوە بێنێ بە دڵتاکەمن ئێستا ئەیهێنم بە دڵماکە ئەوەتە من تاوێك لە خۆشەویستی تۆ بێ‌ئاگابیم.

وە دیـدەی مـەخموور شـیرین تـەرز تـۆ
وە نـەشئەی شێوەی بـاڵای بـەرز تـۆ[١]

نـە شێخ، نـە مـەڵڵا، نـە قـازی رووی شـەرع
نـە سـۆفـیو عـابید ئـەهل تـەقواو وەرع

نـیەن داخ تـۆش نـەبۆ نـە تـۆی دڵ
مـوشکوڵەن ئـازیز جـەمین پەڕەی گـوڵ[٢]

وە تـیر تـانەی رەقـیب دڵ سـەنگ
بـینایی دیـدەم خـاتر مـەکـەر تـەنگ[٣]

ئـاریٚ واجـبەن تـانەی بـەدکاران
پـەی گـەرمی بـازاڕ عـەشق دڵداران[٤]

نـسیو هـەرکەس مـوبتەلای یـارەن
زۆڵانـەی زەنـجیر، قـەتڵ سـێدارەن[٥]

---

(١) مەخموور: مەست. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری دوایی پێکەوە دێ.
(٢) واتە: قەسەم بە چاوە مەستە جوانەکانتو بە لەنجەولارەی باڵای بەرزت هیچ شێخو مەلاو قازیو خواپەرەستێك نیە داخی عەشقی تۆی لە دڵا نەبێ، وە زۆر زەحمەتە شتی وا روو بدا.
(٣) رەقیب: بەدکار. واتە: بینایی دیدەم دڵی خۆت تەنگ مەکە بە تیری تانەی بەدکاران کە منت بە بێوەفا لە لا ئەدەنە قەڵەم.
(٤) ئاریٚ: بەڵێ. واتە: چونکە دیارە تانەی بەدکار پێویستە بۆ گەرمی بازاڕی دڵداری.
(٥) زۆڵانە: ئەڵقەی گیرکراو لە ئەڵقەیتر. سێدار: سێدارە. واتە: هەرکەس گرفتاری دەردی خۆشەویستی بێ ئەبێ ئەڵقەی زەنجیری زوڵفی یارو سێدارەی باڵای بەشی بێ، ئیتر چۆن لە تانووتی بەدکاران ئەترسێ.

[١٥]

نەوباوەی خەیاڵ(١)

نـــەوباوەی خـــەیاڵ «مـــەحرووم» دانـــا
رەدیـــف لەتـــیف زەریـــف «خـــانا»(٢)

---

[١٥]

(١) وەختی خۆی «خانای قوبادی» کە شاعیرێکی بەناوبانگی کوردە دوو شیعری وتووە، پاش ئەویش شاعیرێکی تر کە ناوبانگی «مەحرووم» بووە هاتووە بە چوار شیعر بەربەرەکانێی دوو شیعرەکەی خانای کردووە، وە ئەو چوار شیعرەی خۆی ناردووە بۆ مەولەوی تا بەراوردیان بکا لەگەڵ دوو شیعرەکەی خاناو بڕیار بدا کامیان بەرزترن. مەولەویش بەم شەش شیعرە وەرامی داوەتەوەو شیعرەکانی ئەوی لە هینەکانی خانا بە بەرزتر داناوە. جارێ با شێعرەکانی خاناو مەحرووم پیشان بدەین. ئەمە دوو شیعرەکەی خانا:

بـەرق سـەیف نـاز ئـەبرۆ خـەمینان عەکس ماوی خاڵ خورشید جەمینان
ئـەر بگـنۆ وەکـۆی قـوللەی قـەزاڵە مەکەرۆش وە بووڵ سفتەی سەد ساڵە

واتە: ئەگەر بێتوو تیشکی شیری نازی یارانی برۆ کەوان‌و عەکسی خاڵی ئاوی جوانە ناوچاو وەك رۆژەکان، بدا لە قوللەی کێوی قەزاڵە، ئەیسووتێنێ وەك خۆڵەکەوەی سەد ساڵ لەمەوبەری لێ ئەکا.

بـــەرق بـــرقەی نـــاز عـــیشوە فـــرۆشـــان جـــەخماخەی لەنـــجەی تـــەڵا نـــەگۆشـــان
بـــزیسکەی نـــیگای دیـــدە شـــابازان بـــریقەی غـــەمزەی شـــەکـــەرین رازان
ئەر بگنۆ وە سەنگ جای تـەجەللای نـوور مەکەرۆش وەگەرد چوون سورمەی کۆی توور
«مەعدووم»، راس «خانا» سۆزان عەشق بێ کەی وێنەی «مەحرووم» هەر عەشقش مەشق بێ

واتە: ئەگەر بێت‌و شەوق دانەوەی چارشێوی نازارە ناز فرۆشەکان‌و چەخماخەی لەنجەولاری گوارە زێڕینەکان‌و تیشکی چاوی یارە چاوبازەکان‌و بریقەی ئیشارەتی شیرین گوفتارەکان، لە جیاتی نووری خوا بدا لە بەرد، وەك بەردە سووتاوەکانی کێوی توور ئەی‌کا بە خۆڵ. مەعدووم، راستە خانا سووتاوی عەشق بووە، بەڵام کەی هەمیشە وەك من هەر مەشقی عەشقی کردووە.

(٢) نەوباوە: تازە پەیدابوو. رەدیف: هاوچەشن. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بەشیعری پاشەوەیەوە.

یـــاوا وە دیـــدەی کـــەم بـــینام ســـاوا
جـــە نـــەو بـــینایی پـــەی دیـــدەم یـــاوا(۱)

پـــەیڕەوی «خـــانا»ت یـــاد ئـاوەردەبێ
ئەو ئـەسڵو وێت فـەرع حـەساو کـەردەبێ(۲)

لاکـــین زادەی تـــەبع بـــۆ عـــەنبەرینت
دەس ڕێســـەکـــەی فکـــر بـــیکر شـیرینت(۳)

پـــەسەندیدەی فـــام عـــەقڵ دانـــا بـــێ
خاستەر جـە خـەیاڵ خـاسەی «خـانا» بـێ(۴)

زیـــادە پـــەی فـــەرع وە ســـەر ئـــەسڵەدا
خاسەی واتەی تـۆن جـەی سـەر فـەسڵەدا(۵)

---

(۱) واتــە: ئــەو شــیعرانــەی کــە بــەرهەمی نوێی خـەیاڵی «مـەحرووم»ی زانـان، کـە هاوچەشنێکی ناسكو جوانی خانای قوبادی‌یە، پێم گـەیشتنو سـوێنمن بـە چـاوەکـزو کوێرەکانما، سەرلەنوێ ڕۆشنایی‌یان پێ گەیشتەوە.

(۲) واتە: شوێن‌کەوتنی خانای قوبادیت هێنابوە خـەیاڵی خـۆت، وە ئـەوت کـردبوو بـە ساقو خۆتت کردبوو بە لقی ئەو.

(۳) زادە: پەیدا بوو. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.

(۴) واتە: بەڵام ئەو شیعرانەکە لە زەوقی بۆن‌خۆشی تۆ کەوتبوونەوە، وە بە دەستی بیری بە خەیاڵی کەسا نەهاتووی تۆ ڕێسرابوون، لای عەقڵو فامی ئینسانی زانا پەسەندو دڵگیر بوونو لە خەیاڵە تایبەتی‌یەکەی خانا جوان‌تر بوون.

(۵) واتە: سەرکەوتنی لق بە سەر ساقا لەم چەرخەدا بە تەنها بۆ تـۆ هـەڵکـەوتووەو بـۆ کەسی‌تر نەلواوە.

[١٦]

نە نەی‌خانەی تەن[١]

نــە نــەی‌خانەی تــەن ئـایر هـۆرێزان
بزیسکەی چەخماخ کام شەش‌خان خـێزان[٢]

کــام دوودەن رووی دڵ بـاز هـەم پۆشـاوە
کــام هــوونەن دەروون دیســان نۆشـاوە[٣]

مــەسرەف خــەزانــەی دەرد پــەنهانی
خــەم هـۆشت بـەردەن مـەر نـمەزانـی[٤]

شــەرارەی تــفەنگ بــەخت چـارەی تـۆن
دوودی هــوون زام جگــەر پـارەی تـۆن[٥]

جــەستەت ســۆچــنا دڵ هــانە تـەمدا
نە دەروون جام جـام هـوون دان وە هـەمدا[٦]

---

[١٦]

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەشی بە زوبانی مەحموودی یارەویسەوە وتووە لە لاواندنەوەی «عبدالرّحمان»ی کوڕیا، کە تا ئێستا چەند قەسیدەی‌تریشمان لە لاواندنەوەی‌دا نووسی‌یەوە.

(٢) نەخانە: خانووی قامیش، زنج. شەش‌خان: جۆرە تـفەنگێکـی کـۆنـە. خـێزان: بـەرز بووەتەوە. واتە: ئاگر بەربووەتە زنجی لەشم، نازانم پزیسکەی چەخماخەی کام تفەنگی شەش‌خانە بەرز بووەتەوە ئەم ئاگرەی تێ‌بەرداوە؟

(٣) دوود: دووکەڵ. باز: دیسان. واتە: نازانم کام دووکەڵ بوو بەرز بووەوەو رووی دڵمی داپۆشی‌یەوە، وەکام خوێن بوو دیسانەوە دەروونم نۆشی‌یەوە؟. وشەی «دوود»و «هوون» ئیشارەتن بۆ دووکەڵی ئاگری تفەنگەکەو خوێنی کوڕەکوژراوەکە.

(٤) مەسرەف: خەزانەدار، مەبەس مەحموودی یارەویسە، وە ئـیشارەتیشە بـۆ ئـەوەکـە خەزانەداری مەحموود پاشای جاف بووە. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پـاشەوەی پێکەوە دێ.

(٥) چارە: ناوچاو. دوودی هوون: خوێنی وەك دووکەڵ رەش.

(٦) واتە: ئەی خەزانـەداری دەردو مـەینەتی نـهێنـی، ئـەوە خـەم‌و خـەفەت هـۆشـی لا

کــوورەی دڵ گــەرمەی جــۆش ســەختشەن
پـــەی فــێنکــی دڵ شــیوەن وەخــتشەن(١)

[١٧]

نەمەندەن خەیاڵ(٢)

نـــەمەندەن خـــەیاڵ فـــەردان کــەردەنم
فــەرد هــابی وە تــەوق شــی نــە گــەردەنم(٣)

ئــەر فــەڵەك گــەردش نــەدا نــە رووی بــەخت
نەوستاش ئــەو گــێج گــەردەلوول ســەخت(٤)

ئــــارەزووی دیـــدار یـــارانــم کــەردەن
هـــەوای ســـەیرانـــم وە دڵ ئـــاوەردەن

☞

نەهێشتووی، بۆچی نازانی بڵێسەی تفەنگی بەختو ناوچاوی خۆتە لەشی سووتاندووی‌و تەمی کردووە بە سەر دڵتا، وە خوێنی ڕەشی زامی جەرگی لەت‌لەت بووتە جام‌جام خوێنی لە دەروونتا داوە بەیەکاو پێی نۆشاندووە.

(١) واتە: بە هۆی ئەم ئاگرو دووکەڵو خوێنەوەکوورەی دڵم لە گەرمەی جۆشی سەختیایەتی، وە ئێستا کاتی شیوەن کردنە بۆ ئەوەی دڵم فێنك بێتەوە. لە نوسخەی «سید طاهری هاشمی» دا لە پاش ئەم شیعرە دێتە سەر شیعرەکانی رۆرۆ، کە سەرەتاکەیان ئەمەیە:
پەردەی سەبووریم دڕیا رۆڵەرۆ
بەڵام ئێمە ئەو شیعرانەمان لەریزی پارچەیەکی ترا بڵاو کردەوە لە تیپی «بێ» داکە ئەویش هەر بۆ لاواندنەوەی «عبدالرّحمان»دا وترابوو، چونکە لە چەند نوسخەی‌تردا بەو جۆرە بوو.

[١٧]

(٢) مەولەوی ئەم چەند شیعرەی بۆ دۆستێکی ناردووەکە گلەیی لێ کردووە بۆچی نامەی دیار نیەو چەند شیعرێکیان بو نانێرێ.

(٣) شی: چوو. واتە: تاقەتی شیعر دانانم نەماوەو شیعر بوو بە تەوق‌و چووە گەردنم.

(٤) نەوستاش: نەی‌خستمە. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

بگـــێڵوون چـــەنی هـــامفەردان وە شـــاد
وە ســـەر بـــەرزاندا خـــەم بـــدەون وە بـــاد[١]

وەر کـــوشتاش جـــە داخ نـــەدیەنی یـــاران
چەندجار کوشتانێش، ئێدیش چون جاران[٢]

[١٨]

نە ئاهینگەرێ[٣]

نـــە ئـــاهینگەرێ، نـــە ئـــاهینگەرێ
ئـــارۆ راگـــەم کـــەفت نـــە ئـــاهینگەرێ[٤]

دیـــم کـــە نـــیشتە بـــێ کـــان گـــەوهەرێ
پـــادەم مـــەدەمنا زوڵف عـــەنبەرێ[٥]

فـــیدات بـــام ئـــۆســـای پـــادەمە دەمـــەن
دەست وە دەم بـــۆ، دەم بـــدەر وە مـــەن[٦]

---

(١) بگێڵوون: بگەڕێم. بدەو: بدەم. واتە: ئەگەر فەڵەك رووی بەختم تۆزاوی نەكاو نەمخاتە گێژی گەردەلوولی سەختەوە، نیازم هەیە سەرێ لە دۆستان بدەمو بە تەمام سەیرانێك بكەم لەگەڵ هاورێیاندا بە خۆشی بگەڕێمو بە شاخەكانا خەم بدەم بە با.
(٢) كوشتاش: كوشتمی. نەدیەن: نەدیتن. واتە: خۆ ئەگەر كوشتیشمی لە داخی نەبینینی یاران، ئەوە ئیتر بڵێم چی، تا ئێستا چەند جار كوشتوومی، با ئەمجاریش وەك جارەكانی پێشوو بێ.

[١٨]

(٣) مەولەوی لەم چەند شیعرەیا هەستی خۆی ئەگێڕێتەوە بەرامبەر شاگرد ئاسنگەرێكی جوان.
(٤) ئاهینگەر: ئاسنگەر. واتە: ئەمڕۆ رێم كەوتە لای ئاسنگەرێك.
(٥) پادەم: ئەو هەمانە پڕ لە فووەیەكە ئەیدەمێنن بۆ ئاگر خۆش كردن. مەدەمنا: ئەیدەماند. واتە: دیم جوانێكی زوڵف عەنبەرینی وەك كانی گەوهەر پێ دەمەی ئەدەماند.
(٦) مەولەوی لێرەدا رووی قسەی ئەكاتە شاگردەكەو پێی ئەڵێ: وەستای هەمانە دەمین با دەستت بە هەمانەكەوە بێ بیدەمێنی، دەمیشت بدە بە من با ماچێكی بكەم.

هـــەی مـــوسڵمـــانان ئـــینە چ دەردەن
دەمـــە دەمـــانش دەم دەمـــین کـــەردەن[١]

دەمـــەو کـــوورەو نـــار هـــەر ســێ بـین نـووره
نـــۆبـــەی مـــەعدوومەن وزاش نـــە کـــووره[٢]

[١٩]

نەواتم عەرعەر[٣]

نـــەواتـــم عـــەرعەر ســـەهەند پـــەروەرده
بـــاخەونان داخ وە تـــۆی گـــڵ بـــەرده[٤]

خـــــودنومایی لای بـــــاڵا نـــــەمامان
وێت لادەر ئـــامان، پـــەرێ تـــۆ نـــامان[٥]

دیت شـــنۆی غـــیرەت دیـــدەکـــەم خـــێزا
وەڵگـــەکـــەی ســـەر شاخ زیـــندەگیم رێزا[٦]

---

(١) دەمین: خوێناوی. واتە: موسوڵمانینە ئەمە چ دەردێکە تووشی من هـاتووە، هـەمانە دەماندنی ئەو جوانە دەممی خوێناوی کردووە.

(٢) نووره: قسڵی سووتاو. وزاش: بیخەنە. واتە: هەمانەکەو کوورەی ئاگرەکەو ئاگرەکەی ناوی، هەموو لە بەر جوانی ئەو شاگردە وەك قسڵی سووتاویان لێ‌هاتووە، هەر من ماوم نۆبەی منیش هاتووە بمخەنە ناو کوورەکەوەو بمسووتێنن.

[١٩]

(٣) جارێکیان جوانێکی باڵابەرز لای چنارێکا رائەوەستێ، لەوکاتەدا بایەك هەڵئەکاو هەندێ گەڵای لێ ئەخاتە خوار. مەولەویش بەم بۆنەیەوە ئەم چەند شیعرە ئەڵێت.

(٤) سەهەند: سێبەر. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە.

(٥) خودنمایی: خۆنواندن. واتە: ئەی چنارێ لە سێبەردا پەروەردە بوو کە باخەوانان بە داختەوە مردوون، پێم نەوتی خۆنواندن لە بـەرامبـەر جـوانـی بـاڵا وەك نـەمامان بـۆ تـۆ نەهاتووە، دەخیلتم خۆت لادە.

(٦) خێزا: بەرز بووەوە. رێزا: داوەراند. واتە: دیت چۆن بای غیرەتی یارەکەم هەڵی کردو گەڵای سەرچڵی ژیانتی داوەراند.

خاس بی دەرگـای خـەم پـەی وێت کـەردەوە
دوولەتـیمان بـۆ هـەرچـیت بـەردەوە[١]

[٢٠]

نەوای ناڵەی دڵ[٢]

نـەوای نـاڵەی دڵ وێنـەی سـەدای نـەی
پـیاڵەی زوخـاو مـەنۆشـوو چـون مـەی[٣]

کـەواو پـارچـەی جـەرگ سینەی بـرێشتاو
رەحمت بۆ یـە نـەی، یـە مـەی، یـە کـەواو[٤]

هـەر ئـەساسێ هـەن جـە لام جـەم بـیەن
گـەرمی کـزەی بـەزم هـیچش کـەم نـیەن[٥]

تەسدیعت کێشـان، سـاحیب شـەرتو شـۆن
چ ئـیحتیاجێ وەی کـەواو تـۆن؟[٦]

---

(١) واتە: باش بوو دەرگای خەمت لە خۆت کردەوە، هەرچیت دەسکەوت دووکـەرت بێ لە نێونمانا.

[٢٠]

(٢) مەولەوی ئەم چەند شیعرەی بۆ دۆستێکی نووسیوە کە هەندێ کەبابی بۆ ناردبوو
(٣) لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «چون مـەی» نـووسراوە «پـەی پـەی» مـەعنای ئـەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.
(٤) کەواو: کەباب. برشتاو: برژاو. واتە: ئەو شتانەی کە هۆی خۆشیو رابواردنن بریتین لە ئاوازو مەیو کەباب، من ناڵەی دڵم وەك ئاوازی شمشاڵ وایەو لە جیاتی شـەرابیش پیاڵەی زوخاو ئەنۆشمو پارچەی جەرگی ناو سینەی برژاویشم کەبابمە. دەسا میهرەبانیت بێ لە گەڵم ئەمە ئاوازو مەیو کەباب.
(٥) واتە: هەموو هۆیەکی رابواردنم لایەو هیچم کەم نیە بۆ گەرمی کۆڕی رابواردن.
(٦) واتە: ئەی دۆستی بە وەفا، زەحمەتت کێشاوە کەبابت بۆ ناردووم، من کەی پێویستم بەکەبابی تۆیە تا بۆم بنێری.

[٢١]

نامەی بێ مەیلیم[(١)]

نـامەی بــێ مــەیلیم خـامەت ڕەقـەم کـەرد
دوودیــم جـە دیـدەی فـەڵەك ئـاو ئـاوەرد[(٢)]

مـن و بــێ مــەیلی، چـون واچـی شـەو ڕۆن
مـەیلت نـە دڵدا، دڵ هـەر جـە لای تـۆن[(٣)]

بــێچــارە وە تــای زوڵفت گــیر بـیەن
هــا نــە پـای تـەڵدا جـواوش نـیەن[(٤)]

[٢٢]

نە تەن یادەکەی

نـە تـەن یـادەکـەی ئـەو سیمین گـەردەن
خــەیلێوەن هـەر گیان خـزمەتش کـەردەن[(٥)]

---

[٢١]

(١) مەولەوی بەم سێ شیعرە وەرامی گلەیی دۆستێك ئەداتەوەکە بۆی نووسیبوو گوایە بێوەفایە لەگەڵی.

(٢) واتە: قەڵەمەکەت باسی بێمەیلی منی نووسیبوو، منیش ئـەوەندە خـەفەتبار بـووم هەناسەی وەك دووکەڵ ڕەشم ئاوی لە چاوی گەردوون هێناو کردیە گریان.

(٣) واتە: توهمەتی بێوەفایی دانە پاڵ من وەك ئەوەیە بە شەو بڵێی ڕۆژە. تۆ مـەیلت لە دڵمایەو دڵم هەر لای تۆیە.

(٤) واتە: دڵەی بەدبەختم بەسراوە بە داوێنـی زوڵفـی تـۆوەو لە سـەر تـەلی تـەلگرافـی زوڵفت گیری خواردووەو چاوەڕوانی وەرامێکە لە تۆوە، وە ناتوانێ بێتەوە بۆ لای من. ئەم شیعرەمان لە تیپی «بێ» دا بە تەنها نووسی چونکە لە نوسخەکۆنەکەی خۆمانا بە تـەنها نووسرابوو، کـەچی دیمانەوە سێهـەمی ئـەم سـێ شیعرەشە، لەبـەر ئـەوە دیسـانەوە نووسیمانەوە، وەلامان وایە ئەمەیان ڕاستە.

[٢٢]

(٥) مەعنای هەردوو شیعرەکە پێکەوە دێ.

بـــەڵام نــەی حــەسرەت دووی جــیایی‌دا
گـــــومانم کـــــەفتەن وە تـــــەنیایی‌دا[١]

[٢٣]

نزوول کێشا

نــزوول کــێشــا دەس بــەختم نــە رای بــەد
پــای ئــەدەب نــە ڕای عــەدەد کــەردم رەد[٢]

نـــاگـــا وە فـــریب پشت پـــا دا لێم
مــن وست وە گــێجــاو قــەڵەندەری وێم[٣]

[٢٤]

نە نازك خەیاڵ[٤]

نــە نــازك خــەیاڵ ئــیسە، نــە مــونشیم
پــەردەی مــابەین بیم، ویــەردم، مــن شــیم[٥]

---

(١) واتە: دەمێکە هەر گیانم خزمەتی یادی ئەو گەردن زیوینەی کردبوو لە لەشما، بەڵام لە داخی دووکەڵی جیابوونەوەی گیانما لە لەشم، وابزانم تەنیا کەوتووەو کەس نیە خزمەتی بکا.

[٢٣]

(٢) نزوول: کزی. واتە: بەدبەختی دەستی بەختمی بە ڕێگای خراپەدا ڕاکێشا، وە پێی ئەدەبم لە ڕێگای ژمارە لای دا. مەبەسی ئەوەیە کردەوەی بێ ئەدبانەم لە ژمارە دەرچوو.

(٣) فریب: فریو، هەڵخەڵەتاندن. قەلەندەری: بەرەڵڵایی و بێ سەرو شوێنی. واتە: لە ناکاو هەڵی خەڵەتاندم و پاش قولێکی دام و فڕێی دامە گێژاوی بەرەڵڵایی و بێ سەروشوێنی.

[٢٤]

(٤) مەولەوی ئەم دوو شیعرەی بۆ دۆستێك نووسیوەکە داوای نامەیەك یا پارچە هەڵبەستێکی لێ کردووە بۆ لای «پیر» کە قسەی مەولەوی ڕەوا بووە لای تا ئیشێکی بۆ بکا، ئەمیش داخوازی یەکەی ئەو دۆستە نایەنێتەدی و بەم دوو شیعرە بیانووی بۆ دێنێتەوە.

(٥) مونشی: نووسەر. واتە: نە خەیاڵی ناسکم هەیە تا شیعر بڵێم، وە نە نووسەرم تا

تــەن وە دڵ، دڵ جــان، جــان بــی وە جــانان
مــەندەن وە جــیلوەی جــەرگەی جــوانـان(١)

[٢٥]

نە تۆی حەڵقەی

نە تـۆی حـەڵقـەی زوڵف دڵەی شێـت و وێت
شــەرتش کــەرد هــەنی دڵ نـەدەرۆ پـێت(٢)

وەخــــتێ شـــۆڵەی رووت نــاگــا دا دیــار
ئەو قسـەی شـەو بێ، ئـێد شـۆڵەی نـەهار(٣)

☞

نامەت بۆ بنووسم. من جاران بەیەك گەیینی پیرو مورید بووم ئەمتوانی کـارو بـاریان بـۆ راپەڕێنم، بەڵام ئێستا فەوتاوم و بەسەرچووم.

(١) واتە: لەشم بووە بە دڵ و دڵیشم بووە بە گیان و گیانیشم لە دۆستانا تواوەتەوە، ئێسـتا ماوەتەوە سەر دەرکەوتن و خۆ نواندنی کۆڕی جوانان کە بتوانن بە خاترداری خۆیان شتێ بکەن.

[٢٥]

(٢) واتە: دڵەی شێت و وێتم کە گرفتاری داوێنی زوڵفت بوو، لە ناو داوەکەدا بڕیاری دا جارێکی تر مەیلت نەداتێ.

(٣) شۆڵە: «شعلە»، تیشك. نەهار: رۆژ. واتە: کەچی کاتێ کـە لە نـاکـاو تـیشکی رووت دەرکەوت بڕیارەکەی دڵم بوو بـە قسـەی شـەوو تـیشکی رووت بـوو بـە تـیشکی رۆژ، مەشهووریشە «کلامُ اللَّیلِ یمحوهُ النّهارُ» یەعنی کە رۆژ بووەوە هەرچی قسە، شەو کراوە هەمووی هەڵئەوەشێنێتەوە.

[٢٦]

نور ئەفشانیش...

نـــوور ئـــەفشانیش کـــەرد وە دەشت‌و دەردا
مـــــــدرا وەراوەر وە راگـــــــــوزەردا[١]

وات نــما وەخــتەن شــای جــەمین جــامان
واتـــم بـــەڵێ خـــۆر وە قـــیبلە ئــامان[٢]

[٢٧]

نە رۆ ئارامەن[٣]

نـــە رۆ ئـــارامـــەن، نـــە شـــەو خـــاومەن
چـــون چـــەم گـــل کـــەران گـــلاراومـــەن[٤]

---

[٢٦]

(١) نوور ئەفشانی: نوور وەشاندن. مدرا: راوەستا. وەراوەر: بەرامبەر. واتە: یـار تـیشکی خۆی بڵاوکردەوە بە دەشت‌و دەرداو لە سەر ڕێما بەرامبەر راوەستا.

(٢) نما: نوێژ. واتە: شای ناوچاو جوانان وتی: وەختی نوێژە، منیش وتم: بـەڵێ راستە چونکە خۆر کەوتووەتە لای قیبلەو وەختی نوێژی نیوەڕۆیە. مەبەس لە خۆرەکـە رووی یارەکە لە بەرامبەریا راوەستاوە.

بەم موناسەبەتەوە جوانە ئەمە بگێرینەوەکە: جارێکیان شێخی «ضیاءالدین»ﷺ لە بیارە پاش هەتاوکەوتن ئەچێتە سەر جێگای شێخ سەلیمی سنەیی سەیر ئەکا هێشتا هەڵنەساوە لە خەو، هەڵی ئەسێنێ‌و پێی ئەڵێ:

آفتابت بر سر آمد برنمی‌خیزی هنوز؟

واتە: خۆر هاتە سەر سەرت هێشتا هەڵناسی لە خەو؟ شێخ سەلیمیش لە وەراما ئەڵێ:

بی‌تو روزم شب بود، چون آمدی گشت روز

واتە: بێ تۆ رۆژم شەو بوو، کە تۆ هاتی بوو بە رۆژ.

[٢٧]

(٤) واتە: نە بە رۆژ ئەحەسێمەوە نە شەو خەوم لێ‌ئەکەوێ، هەمیشە وەك چاوئێشـەدار گلاراوم پێ کەوتووەو دێم‌و دەچم.

تیپی واو

MAWLAWI.KRD

[۱]

وە خیلافەوەن(۱)

وە خـــیلافەوەن یـــاران ســـەرمەس
تـەقازای زاتـی تـەبعم هـەرچـی هـەس(۲)

جـــەزبەی ئـــاهینم دەمـــاخ دان پـەرداخ
مـیقناتیز تـۆی جـام کـەردەن وە یـاتاخ(۳)

کـــارەبا نـــە دەور کـــام مـــدەرۆ دەور
نـە دەورەی مـوورەی کـارەبا کـا تـەور(۴)

ئـــەر گـــێروو وەکـام کـافوورم کـەمکەم
ئـــاو قـــەفاڵ وێش مـــەپێکـۆ دەردەم(۵)

---

[۱]

(۱) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە وەڵامی نامەیەکی شێخی «سراج‌الدین»رحمه الله وتووەکـە گلەیی تیا کردبوو لەمەولەوی کە بێ‌وەفایە لەگەڵی و خەبەری ناپرسێ.

(۲) تقازا: خواست. تەبع: «طبیعت»، سروشت. واتە: ئەی یارە سەرخۆشەکانم، هەرچی خواست و ئارەزووی سروشتمە هەمووی بە پێچەوانەی ئـەوەیەکـە ئـەبوو وابـوایـە. لە شیعرەکانی پاشەوەدا ئەم پێچەوانەیی‌یە روون ئەکاتەوە.

(۳) جەزبە: راکێشان. ئاهین: ئاسن. واتە: یاسای سروشت وایە میقناتیز ئاسن رابکێشێ بۆ لای خۆی، کەچی ئێستا لەشی وەك ئاسنی من خۆی ئامادەکـردووە بـۆ راکـێشانی میقناتیزو میقناتیزیش ناو شووشەی کردووە بە جێگای خۆی تا ئەو نەتوانێ رایکێشێ. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «ئاهینم» نووسراوە «ئاسنم».

(۴) کام: لەشی وەك کام. مدەرۆ: ئەدا. موورە: مووروو. واتە: یاسای سروشت وایەکارەبا پووش هەڵبگرێ، کەچی ئێستا بە دەوری لەشی وەك کا باریك‌بووی منا خـول ئـەخوا، وەك چۆن لە راستی‌دا کا بە دەوری موورووی کارەبادا خول ئەخوا.

(۵) کام: بە فارسی واتە دەم. کافوور: مادەیەکی ساردەکەسێك خوێنـی لووتـی بـەربێ ئەیخەنە سەر تەوێڵی بۆ ئەوەی خوێنەکەی بوەستێتەوە. قەفاڵ: دەمارێکە لە پشت ملەوە لەکاتی تەوژمی خوێنا کەڵەشاخی لێ ئەگرن. مەپێکۆ: بەرئەبێ. دەردەم: کـوتووپڕ. واتـە:

«أَنــفِیه» کــەی گــەرد رای دەردم هــەوا
مــەکــەرۆ دەمـــاخ ئــەفلاتوون دەوا(۱)

گــەرمیم تــاف ســاف وە ســەر ئــەندەردا
بــەستەن وە رووی تــاش نــیمە کــەمەردا(۲)

☞

ئەگەر تۆزێك کافوور بگرم بە دەممەوە ئەوەندە گەرم ئەبێ گورج خوێنی دەماری پشتملی بەرئەبێ. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «کەمکەم» نووسراوە: «وەکەم».

(۱) «انفیه»: بڕنووتی. واتە: تۆز بچێ بە لووتی هەرکەسێکا لەوانەیە نەخۆشی بخا، کەچی تۆزی ڕێگەی دەردی من هەوا وەك بڕنووتی ئەیکا بە لووتی ئەفلاتوونی حەکیمەوەو دەرمانی پێ ئەکا.

(۲) سەرئەندەر: لە سەرەوە بۆ خوار. تاش: بەردی زلی لاشانی شاخەکان. نیمەکەمەر: ناوقەد. واتە: جۆشی گەرمای دڵم ئەبوو وشکم کاتەوەو بمسووتێنێ، کەچی تافی ئاوی سافی لە چاوەکانمەوە دەرکرد بۆ خوار، وە ئەو ئاوە گەرمەی وەك سەهۆڵ مەیاند بە تاشە بەردی ناوقەدمەوە.

لە هەندێ نوسخەدا لە پاش ئەم شیعرە، شیعرێك وە لە هەندێکیترا ئەو شیعرەو دوو شیعریتر هەیە. بەڵام هەرچی ورد بووینەوە پەیوەندێکمان نەدۆزیەوە ئەو سێ شیعرە ببەستینەوە بەم شوێنەوە، وە نەمان زانی ئاخۆ شیعری قەسیدەیەکیترن کەوتوونەتە ئێرە، یان هەر شیعری ئێرەنو لێیان فەتاوە بۆیە پەیوەندەکەیان نازانرێ. لەبەر ئەوە نەمان خستە ئەسڵی کتێبەکە، وە هەر لێرەدا نووسیمانەوە. ئەمەش ئەو سێ شیعرەیە:

چــون هــەرس دیــدەم وە نــاکــامەوە — شــــنەفتەم ئـــازیز لواو ئــامەوە
ئەوەڵ ســەدای نــەی مــەرگەکــەم ئارۆ — وەی دووەم نـــەفەس فــەردایــی دارۆ
هەوای سازگار فەسڵی مەینەت وەخت — ماوەرۆ دەمدەم شادەی سەبرو جەخت

ناکا: کوتوپڕ. ئامەوە: ئاماوە، هاتەوە. ئارۆ: ئەهێنێ. دارۆ: هەیەتی. ماوەر: ئەهێنێ. شادە: شەهادەت، شایەتی. سەبر: پژمەی یەکەم کە مەشهوورە نیشانەی شەڕە. جەخت: پژمەی دووەم کە نیشانەی خەیرە. واتە: وەك چۆن فرمێسکی چاوم لە ناکاو ئەڕژێ، هەروەها کوتوپڕ بیستم ئازیز ڕۆیشتو هاتەوە. ڕۆیشتنەکەی ئاوازەی یەکەم فووی قیامەتیدا لە گوێم کە هەمووکەسێك پێی ئەمرێ، هاتنەوەشی وەك ئاوازەی فووی دووەم بووکە مردوو زیندوو ئەکاتەوە. هەوای ساردو سازگاری وەرزی مەینەت تاوتاو نیشانەی ناخۆشیو

☜

ئـازیز یـەقین عـەکس وەش نـامەکـەی تـۆن
سـایەکـەی سـیفەت کـەلامەکـەی تـۆن(١)

نازوون وەی مەزهەر، هـای هـای‌یە چـێشـەن
نـەشئەی ئـەو سیفەت زاتـی تـو پـێشـەن(٢)

جـە نـامای جـواو، جـە بـێ وەفـاییم
هـەرچـیت فـەرماوان راسـەن، بـینااییم(٣)

ئـەر وەفـام مـەبی پـەی تـۆ مـەمەردم
خـەیر مـەبڕیـابێ پـەنجەی پـای فـەردم(٤)

☞

خۆشی پیشان ئەدا، جارێك ئەم‌پژمێنێ، یەك پژمەیش نیشانەی شەڕەکە دوورکەوتنەوەی دۆستە. وەك ئەڵێن «سەبری هێنا» جارێکی‌تریش ئەم‌پژمێنێ، پژمەی دووهەمیش نیشانەی خێرەکە گەڕانەوەی دۆستە. وەك ئەڵێن «کردی بە جەخت». لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «ئارۆ» نووسراوە «ئازۆ» واتە ئارەزوو ئەکا، وە لە جیاتی «دارۆ» نووسراوە «وازۆ» واتە: ئەیەوێ.

(١) سایە: سێبەر. واتە: ئازیز، بێ‌گومان ئەم گۆڕانی سروشتەکە لە منا رووی داوە لە ئەنجامی هاتنی نامە خۆشەکەی تۆوەیە، وە سێبەری سیفەتی گوفتاری تۆیەکە چون ئەگەر خۆت حازر بی وەزعم ئەگۆڕی، بە نامە ناردنیش ئەتوانی وام لێ‌بکەی.

(٢) نازوون: بنازم. مەزهەر: دەرکەوتن. یە: ئەمە. پێشەن: پێ‌یەتی. واتە: حەقمە بنازم بەم دەرکەوتنانەی بەرەکەتی تۆ. ئەمە چ حاڵێکە رووی‌داوە لە من، شنەی سیفەتی زاتی‌یەکانی تۆی پێوەیەو ئێستا من هەندێ لەو سیفەتانەی تۆم تیا پەیدا بووە.

(٣) ناما: نەهات. واتە: بینایی چاوم هەرچیت فەرمووە لەبارەی وەرام نەنووسینەوەی من‌و بێ‌وەفاییمەوە هەمووی راستە.

(٤) مەمەردم: ئەمردم. مەبڕیابێ: نەبڕابوو. واتە: ئەگەر وەفام بوایە ئەمردم بۆت، یان خۆ پەنجەی پێی شیعرم نەبڕابوو تا چەند شیعرێکت بۆ بنووسم. لە نوسخەیەکی‌ترا لە جیاتی «مەبڕیابێ» نووسراوە «مەمەڕیابێ». واتە: نەشکابوو.

ئـــازیزم نـــامە پــێچ مـدۆ چـون مــار
خــامەی چــەم یـەكێ، ئـەسرینان هـەزار[١]

وێش دان نـە سـەر كـەف كـووپەی سـیایی
پـەی شـەكـوای عـەرزەی دەرد جـیایی[٢]

وەخـــوا نـــە دووریت كـۆتـایش ئـاوەرد
نـە گـیان ئـیختیار مـاوای بـەدەن كـەرد[٣]

بـــەڵام یـــادەكـەت نـاستەنش وێم پـێم
وێم بەركەرد، نیشتەن وێش جە یاگەی وێم[٤]

ئـەجزای تـەن یـەكسـەر جـە شـادمانی
نـمەیۆش وە خـاو سـەد زیـندەگـانی[٥]

هەر جزوێم پەی وێش یـەند سـەرشار بـیەن
ئـەی جـزوم جـەی جـزو خـەبەردار نـیەن[٦]

(١) واتە: ئازیزەكەم، كاغەز لە ئیشتیاقی هاتندا بۆ لات وەك مار پێچ ئەخوا، قەڵەمە قامیشی چەمیش هەرچەند یەكێك بێ، خۆ جۆگەلەی فرمێسكی چاوم كە وەك قەڵەم رێك بە رووما ئەڕژێتە خوار، هەزار قەڵەمی لێ پێكهاتووە.
(٢) واتە: كـووپەی خوێنی جـەرگیشم وەك شووشە مـەرەكەبی رەش هـەڵچووەو گەیشتووەتە لێوار، بۆ ئەوەی عەرزو حاڵی شكاتی دووریتی پێ بنووسرێ.
(٣) واتە: نە دووریت دوایی هات، وە نە گیانم لە لەشما ئۆقرەی ئەگرت، ئەی ئیتر بۆچی نامەت بۆ نەنووسم... وەرامی ئەم پرسیارە لە شیعرەكانی پاشەوە دا روون ئەكاتەوە.
(٤) واتە: ئەو هەموو هۆیانە هەبوون بۆ نامە نووسین، بەڵام یـادت نـەیهێشتبووم لای خۆم وە دەری كردبووم لە لەشمو جێگەكەمی گرتبووەوە.
(٥) نمەیۆ: نایەتە. خاو: خەو. واتە: بە هۆی ئەوەوەكە یادی تۆ هـاتە لەشمو جێگـامی گرتەوە، ئەندامەكانی لەشم لە خۆشی‌یاندا ژنیانیشیان بیر ناكەوێتەوە.
(٦) واتە: هەر ئەندامێكی لەشم ئەوەندە سەرخۆش بووە هیچ كامیان ئاگای لەوی‌تریان نیە.

نە دڵ یاد راز سەفحەی نامەشەن
نە سەرپەنجە هۆش گرتەی خامەشەن[١]

یەند نە تۆی زەلکاو دەوات پڕ وەی
مدران مونتەزر وەڵگ ئاوەردەن نەی[٢]

نەی مدۆ سەدای دڵان پێ خەستە
وەڵگ مارۆشەوە بەستە وە بەستە[٣]

ئیسە یادتەن سزای خیتابەن
ئەر سزا وە ناز، وەر وە عیتابەن[٤]

نە نە، سفتەی هیجر خاڵ ئاڵاتم
دۆزەخی دۆزەخ دوری باڵاتم[٥]

بویەر جە مەنەیم شای نەو نەمامان
مەردەن پەی گرۆی دۆزەخی نامان[٦]

---

(١) راز: قسە. گرتە: گرتن. واتە: لەبەر سەرخۆشی نە دڵ ئەوەی لە یادە قسە بنووسێ لە سەر رووی قاقەز، وە نە سەرپەنجەیشم هۆش‌و فامی قەڵەم گرتنی هەیە.

(٢) مدران: وەستاوە. وەڵگ: گەڵا. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوە پێکەوە دێ.

(٣) مدۆ: ئەدا. مارۆشەوە: ئەی‌هێنێتەوە. واتە: قەڵەمی قامیش ئەوەندە لە ناو زەلکاوی شووشەی مەرەکەبی پڕ لە مەینەتا ماوەتەوەو چاوەڕوانیی نووسینی کردووە، سەوز بووەو گەڵای کردووە، ئێستا قەڵەمەکەم ئاوازەیەکی لێوەدێت سەد دڵ لە بیستنی نەخۆش ئەکەوێت، گەڵاکەشی بەستە بە بەستە ئەو ئاوازەی بۆ ئەسێنێتەوە.

(٤) سزا: شایان. واتە: مادەم گیانم لە لەشما نەماوەو یادی تۆ لەشی داگیر کردووم، هەر یادەکەت خۆی لایقی ئەوەیە قسەی لەگەڵ بکەی، جا ئیتر قسەکەت لە رووی نازەوە بێ یا لە رووی لۆمەکردنەوە.

(٥) سفتە: سووتاو. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری پاشەوەی‌دا دێ.

(٦) مەنەیم: مانەوەم. مەولەوی لێرەدا دەس لە بیانووەکەی پێشەوەی هەڵئەگرێ‌و بیانوێکی‌تر دێنێتەوە بۆ نامە نە نووسین وە ئەڵێ: ئازیزەکەم، نە... نە... ئەم عوزرانەم کە

[۲]

وادەی سفیدی(۱)

وادەی سـفیدی شکـۆفـەی پـیرین
شکـۆفـەی بـاخچەی پـیری دڵگـیرین(۲)

شکـۆفـەی بـاخچەی پـیری سـفیدەن
سـەرمایەی مـیوەی عـیرفان هـەر ئـێدەن(۳)

نـە بـاخچەی سـونبوڵ تـار مـووی تـاردا
سـپی شکـۆفـەی پـیریم دیـار دا(۴)

بـاقەی زوێری‌و زاری‌و دڵگـیریم
پـەی‌پەی زیـاد کـەرد پـەژارەی پـیریم(۵)

☞

هێنایەوە پێویست نین چونکە من سووتاو دووری خاڵی باڵای رەنگارەنگەکەی تۆم‌و نیشتەجێی دۆزەخی دووری باڵاتم، ببورە لێم کە ماوم‌و ئەژیم، مانەکەم لەبەر ئەوەیەکە ئەهلی دۆزەخ نامرن.

[۲]

(۱) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بە بۆنەی پیربوونی خۆیەوە وتووە.

(۲) سفیدی: سپیەتی. شکۆفە: گۆپکەی درەخت کە تازە پشکووتبێ. واتە: کاتی سپی بوونی موو گۆپکەی پشکووتووی داری پیری‌یە، وە ئەو گۆپکە پشکووتووەی باخچەی پیری‌یە مایەی دڵگیری‌و خەفەتباری‌یە.

(۳) واتە: گۆپکەی پشکووتووی باخچەی پیری کە بریتی‌یە لە مووە سپی‌یەکان، وە هەر ئەوەش سەرمایەی میوەی تێگەیشتنە، چونکە هەرکەس سەرو ریشی سپی ببێ بیر لە دوا رۆژ ئەکاتەوەو خواناسی‌و خۆی ئامادە ئەکا بۆ قەبرو قیامەت.

(۴) سونبوڵ: گوڵ. تار «ی یەکەم»: تاڵ. تار «ی دووەم»: تاریك. واتە: لە باخە گوڵی تاڵە مووە رەشەکانما گۆپکەی پشکووتووی سپی دیاری داکە نیشانەی پیریمە.

(۵) بـاقە: چـەپك: واتـە: خـەم‌و خـەفەتی پیریم پـەی دەر پـەی چـەپکەی عـاجزی‌و خەفەتباریمی زیاد کرد.

ئـــاخر ڕۆی وەهـــار نـــەوجوانـــیمەن
ئـــەوەڵ ڕۆی پـــایز زیـــندەگـــانیمەن(١)

هـــەناسەم چـــون بـــای خـــەزان مـــەخێزۆ
پـــەیپەی بـــەرگ شـــاخ شـــادیم مـــەڕێزۆ(٢)

خـــەدەنگ بـــاڵام چـــەمان کـــەمان وەرد
ڕاست وە نـــیشانەی فـــەنا ڕوو ئـــاوەرد(٣)

کـــەمکەم پـــیری خـــەم وە قـــامەت مـــدۆ
دەمدەم وەعـــدەی ڕۆی قـــیامەت مـــدۆ(٤)

پـــیری یـــەکسەر زۆر جە زانـــووم سـەندەن
ســـەر وە گـــەردنەدا هـــەر وە زۆر مـــەندەن(٥)

ســـاقی، پـــام بـــەستەی زەنـــجیر پـــیرین
دەســـم دامـــانت وادەی دەس گـــیرین(٦)

چـــابوك بـــەو ڕەفـــتار بـــێ درەنگـــەوە
خـــەرامـــان بـــەو نـــاز بـــاڵای شـــەنگەوە(٧)

---

(١) واتە: ئەمڕۆ دوا ڕۆژی بەهاری جوانیو یەکەم ڕۆژی پایزی ژیانمە.

(٢) مەخێزۆ: هەڵ ئەسێ. مەڕێزۆ: دائەوەرێنێ. واتە: هەناسەم وەك بای پایز دێتو پەی دەر پەی گەڵای لقی شادیم دائەوەرێنێ.

(٣) چەمان: چەمیوەتەوە. واتە: باڵام کە وەك تیر ڕاست بوو، چەمیوەتەوە وەك کەوانی لێهاتووەو ڕاست ڕووی کردووەتە نیشانەی مردن. ئەوەتەکە تیر ئاراستەی نیشانێك ئەکرێ وەك کەوان دائەکەوێو ئەدا لە نیشانەکە.

(٤) واتە: پیری وردە وردە باڵام ئەچەمێنێتەوەو پەی دەر پەی وەعدەی قیامەتم ئەداتێ.

(٥) زانوو: ئەژنۆ. واتە: پیری بە تەواوی هێزی لە ئەژنۆم بڕیوەو هەر بە زۆر سەر ماوە بە ملمەوە.

(٦) بەستە: بەسراو. مەعنای ئەم شیعرەو سێ شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

(٧) چابووك: چوستو چالاك. ڕەفتار: ڕۆیشتن. بێدرەنگ: بێدواکەوتن. خەرامان: لەنجەولار.

جـامت جـەم ئـاسا لەبڕێز کـەر جـە مـەی
پـێم نـۆش کـەر وە یـاد بـەزم ئـارای کـەی[(١)]

مـەستی وە پـیران جـوانــی مــدۆ
هــێز دووبــارەی زرانــی مــدۆ[(٢)]

پـێمدەر تــا پـەیپەی پێوە هـەی کـەروون
رای سەخت سارای مەحشەر تەی کـەروون[(٣)]

زرنگـەی گـۆش وێم پـێم مـاچۆ وە تـاو:
گـاهێ خـەبەردار، گـاهێ سـەر حـەساو[(٤)]

مـن پـەمەی غـەفڵەت کـەڕ کـەردەن گۆشم
هیچ وەکـەس نـیەن نـە گـۆش نـە هـۆشم[(٥)]

---

(١) جەم ئاسا: وەك جەمشید. ئەم وشەی «جەم»ە بۆ گەیاندنی هیچ مەعنایەك نەهێنراوە جگە لە هاوجووتی لەگەڵ «جام» چونکە «جامی جەم» بەناوبانگە، هەرچەند مەعنای «جام»ەکەی ئێرەو «جام»ەکەی ئەوێ جیان لە یەك. لەبڕێز: لە لێوارەکەی بڕژێ. کەی: کەیخەسرەوی شای ئێران، مەبەس گەورە گەورانە.

(٢) زرانی: ئەژنۆ. واتە: کاکەی مەیگێر پێم بە زەنجیری پیری بەسراوەتەوە، دەخیلتم وەختی ئەوەیە بگەیتە فریام، گورج و گۆڵ بەو بە هەڵەداوان بە لەنجەولار وەرە پیاڵەیەکم بۆ پڕکە لە شەراب و بە یادی کۆڕی ئاهەنگی گەورە گەوران دەرخواردمی دە، چونکە مەستی پیران جوان ئەکاتەوەو دووبارە هێز ئەداتەوە بەر ئەژنۆیان.

(٣) پێوە: بە دەمیەوە. هەی: هۆرە. واتە: شەرابم بدەرێ تا پەی دەر پەی بە دەم خواندنەوەوە دەس کەم بە هۆرە کردن و ڕێگای سەختی دەشتی مەحشەر ببڕم.

(٤) واتە: گوێم ئەزرنگێتەوەو واتێ ئەگەم ئەو زرنگانەوەیە بە دەنگی بەرز ئەقیرێنێ بە سەرماو جارێك پێم ئەڵێ «وریابە» سبەی ئەمری و جارێکی تر پێم ئەڵێ کاتی «سەرژماردن»ی ئەو کردەوانەتەکە پێش خۆت ئامادەت کردوون بۆ دوا رۆژت.

(٥) پەمە: لۆکە. واتە: بەڵام من پارچە لۆکەی بێئاگایی گوێی کەڕ کردووم، وە نە گوێم لە قسەی کەسەو نە هۆشم لای کەسە.

نـەی گـوزەرگای تـەنگ بـازار چـەپ گـەرد
هـەر کـاتێ زانـای ئـەجەل سـمکۆ کـەرد[1]

مـوتریب بـەو نـەغمەی «شـانازی»تـەوە
یـا بـەو پـەردەی پـاك «حـیجازی»تـەوە[2]

بـوڵەنـد کـەر دڵسـوز سـەدای دڵ تـەنگی
بـەڵکـەم بـێدار بـوو جـەی خـاو سـەنگی[3]

هـای غـەفڵەت تـاکـەی هـام سـەفەر ویـەرد
بـێدار بـەر جـە خـاو کـاروان ویـەرد[4]

(١) سمکۆ: سمکوڵ، پێ بە زەویدا کوتان. واتە: لەم رێ گوزەرە تەنگەی بازاڕی چەرخی کەچڕەفتارا هەر ئەوەندەت زانی ئەجەل پێی کوتا بە زەویداو هاتە سەرم.
(٢) شانازی: نقامێکی کۆنە. حیجازی: نیقامێکی کۆنی ترە. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری پاشەوەیدا دێ.
(٣) واتە: کاکەی ئاهەنگگێڕ لە سەر ئاوازی نقامی «شانازی» یان «حیجازی» دەنگ هەڵبڕەو نقامێکی خەفەتبارمان بۆ بڵێ بە جۆرێ کە گڕ بەر بداتە دڵی ئینسان، بەڵکو لەم خەوی قورسی بێئاگاییە بێدار ببمەوە.
(۴) ویەرد: تێپەڕی لەم شیعرەدا مەولەوی رووی قسەی ئەکاتە خۆیو ئەڵێ: تا کەی وابێئاگای، هاوسەفەرەکانت هەموو مردنو بەسەرچوون، لە خەو هەڵسە درەنگەکاروان بەجێی هێشتی.

[۳]

وەش ئامای(۱)

وەش ئامای هەی پەیك لای قەبیلەی لەیل
جەیب دڵ وە عەتر مەیل لەیلێ کەیل(۲)

وەختێ دووی دەردان مەویەرد نە هەردان
جە کوورەی ئایر دەرد بێ دەردان(۳)

نامەی وێرانەی دڵان پێ ئاوا
جە ناکام یاوا، بەڵام کام یاوا(۴)

های وە فەرق دین زامداران تاج دای
شەریعەت مەیل لەیلێ رەواج دای(۵)

---

[۳]

(۱) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە وەرامی نامەیەکی شێخ «تاج‌الدین»ی کوڕی حاجی شێخ «عبدالرّحمانی» کوڕی شێخی «سراج‌الدین»ﷺ وتووە کە لە هەولێرەوە نووسیبووی بۆ مەلەوی کە لەو دەمەدا لە تەوێڵە بووە، وە باسی تەئسیری بەرەکەتی شێخی «بهاءالدین»ی مامی تیاکردبوو، وە نووسیبووی ئەگەر بۆم رێ کەوێ دێم بۆ زیارەتی تا لە نزیکەوە کەڵکی لێ وەرگرم.

(۲) پەیك: فروستادە. جەیب: بەرۆك. واتە: بەخێر بێیت ئەی فروستادەی لای هۆزی لەیلەوە هاتوو، کە بەرۆکی دڵو دەروونت پڕە لە بۆنی خۆشی خۆشەویستی یار.

(۳) دوو: دووکەڵ. مەویەرد: تێ ئەپەڕی. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.

(۴) یاوا «ی یەکەم»: گەیشت. یاوا «ی دووەم»: گەیشتن. واتە: کاتێك کە دووکەڵی دەردوو مەینەت لە ئاگردانی هەرگیز دەرد لێ دەرنەدراوەوە ـ کە دڵی دۆستە خەفەتبارەکانە ـ بەرز بووەوە بۆ سەر بەرزاییەکان، نامەکەت کە ماڵی وێرانی دڵمان ئاوا ئەکاتەوە، لە ناکاو گەیشتە دەستم، بەڵام چۆن گەیشتنێك؟!

(۵) فەرق: تەوقەسەر. واتە: بەو نامەیەت تاجت نایە سەر تەوقەسەری دینی ئەوانەی گرفتاری زامی عەشقن، وە رەواجت دا بە شەریعەتی خۆشەویستی یار کە شێخ «بهاءالدین»ە.

قــات بــی جــە کــەسرەت یــاران هــامدەم
گەرد کـۆی دڵبـەر خـەبەر بـەر پـەی چـەم[(۱)]

مــەخموور کــەر دەروون جــە بــادەی بـاقی
یــانێ نــەی جـواو خــاتیمەی ســاقی[(۲)]

بـــەڵێ چـــون لەزەت تـــیر نــازاران
نــام نــەدان ئــەو دڵ بــازیت شــوماران[(۳)]

نــازوون وەو غــیرەت چ خــاس پێت زانــان
مــاشەڵات وە حــاڵ یــاران پــێ وانــان[(۴)]

هــــەوای کـــۆتــایی نــاڵەی وێت بــیەن
وە تــیرێ هـــەنی ئــاگــاهیت نــیەن[(۵)]

---

(۱) کەسرەت: «کثرت»، زۆری. واتە: کاکەی فروستادە خەبەر بدە بە چاو کە بـە هـۆی کۆبوونەوەی دۆستانەوە بۆ گوێگرتن لە نامەکەی شێخ، تـۆزی بـەردرگای یـار هـەموو برایەوەو نەما تا چاو لە جیاتی کلە بەکاری بێنێ.

(۲) مەخموور: مەست. بـادە: مـەی. واتـە: دڵو دەروونت سـەرخـۆش بکـە بـە پـیاڵەی شەرابی نەبڕاوەکە ئـەم وەرامـەیە لە دواوەرامـە لە مـنەوە بـیبەی بـۆ شـێخ «تـاج‌الدیـن». جوملەی «خاتیمەی ساقی» ئیشارەتە بۆ ئەوەکاتێ کـە مـەیگێڕ دواپـیاڵەی هـێنا ئـەوە واتەگەیەنی کە ئاهەنگ‌کێڕەکان ئیتر بڵاوەی لێ‌بکەن‌و بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان، کە واتە ئەم جوملەیە ئیشارەتە بۆ ئەوەکە داوا لە فروستادەکە ئەکا زوو بگەڕێتەوە. وەرامەکەی مەولەوی ئەوەتە لە شیعرەکانی پاشەوەدا وتراوە.

(۳) بازی: گاڵتە. شماران: ژماردووە. واتە: لەمەوبەر لەبەر ئـەوەکـە تـامی تـیری نـازاران نەگەیشتبوە دڵت، ئیشی دڵداریت بە گاڵتە ئەهاتە بەرچاو، بەڵام ئێستا کە تووشی هـاتی باوەڕت کرد.

(۴) ماشەڵا: «ماشاءالله»، وشەیەکە لەکاتی سەرسوڕمانا بەکار ئەهێنرێ. واتە: بنازم بـە غیرەتی یار بەرامبەر بەوەکە بە باشی پێی زانیت‌و کارێکی لێ‌کردی سەرت سوڕ بمێنێ لە حاڵی دۆستان.

(۵) هەنی: ئیتر. واتە: بە هۆی کورتی ناڵەی خۆت‌و خۆنەگرتنتەوە بووەکە بە تەنیا تیرێ لە هۆشی خۆت چووی‌و ئاگات لە خۆت نەماوە.

دڵ نـــاڵان بـــیەن نـــاڵان پـەی تـیرەن
تـــیر ســـەرمایەی گـیان ئـاڵەم پـیرەن(١)

کـــۆتـــایی نـــیەن دۆس وە نـــاڵەی دڵ
چون وەردۆ جـە گـیان دەس دڵەی خـەجڵ(٢)

نیشان ئەو بـۆ دڵ نـە جـای خـەدەنگ هـوون
پەی «وضو» حەوز حـەوز بـدۆ وە بـیروون(٣)

حـەوزێ حـەنەفی خـاس پـێش رەزا بـۆ
نـەك جـەی شـەرعەدا نـمات قـەزا بۆ(٤)

چـــون تـــازە زامـی هـۆشت ویـەردەن
وێت ئـــاسا خـەیاڵ ئـازیزت کـەردەن(٥)

---

(١) ناڵا «ی یەکەم»: ناڵەکەر. ناڵان «ی دووەم» ناڵین. واتە: ئێستاکە هۆشت هاتووەتەوە بە بەرتاو کەوتوویتە ناڵەناڵ، بۆ تیر ئەناڵێنی لە دەستی ئەو دۆستەوەکە سەرمایەی گیانی عالەمەکە پیرە.

(٢) وەردۆ: بەردا. واتە: دۆست هەرگیز دریغی ناکا لە ناڵەی دڵو تیری پێوە ئەنێ، هەر بەو مەرجەکە ئەو دڵە شەرمەسارە دەسبەردار بێ لە گیانی خۆیو لە خۆی ببورێ. کەواتە هەرکاتێ تیری دۆست کەم بێ خەتای ئەو نیە، هی ئەوەیە دڵ بەڕاستی ئارەزووی تیر ناکا.

(٣) بدۆ: بدا. بیروون: دەرەوە. واتە: نیشانەی ئەوەکە دڵی عاشق دەسبەردار بوویێ لە گیانی خۆی، ئەوەتە تیری دولبەر بە جۆرێك کاری لێ کردبێ لە جێگەی تیرەکەوە ئەوەندە خوێن هەڵقوڵیبێ بوویێ بە حەوزو عاشقەکەی خۆی دەسنوێژی لێ بگرێ.

(٤) حەنەفی: ئەوانەی لەسەر پەیڕەوی ئیمام «ابوحنیفە» ئەڕۆن بە رێوە. نما: نوێژ. واتە: ئەبێ حەوزەکە ئەوەندە قووڵ بێ حەنەفی‌یەکان پێی رازی بن وە لایان وانەبێ هەر دەسنوێژێکی پێ بگیرێ بەتاڵەو ئەبێ نوێژەکە بە قەزا بگێڕێتەوە. شایانی باسە بە پێی پەیڕوی ئەبوحەنیفە درووست نیە لە ئاوی ئەستاو دەسنوێژ بگیرێ ئەگەر چاڵاوەکە دە گەز پانو دە گەز قووڵ نەبێ بە گەزی قۆڵ.

(٥) لێرەوە مەولەوی وەرامی ئەو قسەی شێخ «تاج‌الدین» ئەداتەوەکە وتبووی ئەگەر پێم بکرێ دێم بۆ زیارەتی مامم. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

ئـەو جـە کـۆن، دووریو نـزیکی جە کـۆن
دووریو نـــزیکی وەســف مـنو تـۆن[١]

مــەنزڵش نـیەن ئـەو قـەوس ئـەو خـەدەنگ
کێ پەرساش یەکێو سەد هەزار فـەرسەنگ[٢]

یــەکـێوەن هـەروەخت نـیشان ئـامادەن
کـێشـاو بـەرشیەو ئـەو نیشان دادەن[٣]

ســاقی زیــادەی مــەی زۆر ئـاوەردەن
سـڕ سـەر بـەردەن وەرنـە سـەر بـەردەن[٤]

تــەنگە زەرفــەنان هــیلاکـم مـەکـەر
ویسعەت مـەشرەبی، یـا جـام نـیمپەڕ دەر[٥]

(١) واتە: تۆ لەبەر ئەوەکە تازە دڵداریو بەم زووانە بریندار کراویو هۆشت لا نەماوە خۆت ئاسایی یادی مامت ئەکەیت، ئەگینا ئەو لەکوێو لەکوێ و دووریو نزیکی لەکوێ؟ بۆ پیاوی خوا دووریو نزیکی کەی هەیە؟ دووریو نزیکی بۆ منو تۆیە.

(٢) فرسەنگ: فرسەق: واتە: ئەو تیروکەوانی مەعنەوی ئازیزە ماواو مەنزڵێکی تایبەتی نیە، هەرکەس پرسیاری لێ کردی لە وەرامیا بڵێ فرسەقێكو سەد هەزار فرسەق بۆ ئەو وەك یەك وایە.

(٣) کـێشا: کـێشـانە دواوەی کـەوان. بـەرشیەیە: دەرچـوو. واتـە: هـەر ئـەوەنـدە نـیشان ئامادە کرابێ بۆ لێدان، ئەوکەوان راکێشانو تیر دەرچوونو نیشان پێکانی یەك شتەو لە یەك کاتا تەواو ئەبێ.

(٤) سڕ: هەست. لێرەوە مەولەوی بە عادەتەکەی خۆی رووی قسە ئەکاتەوە ساقی... مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری پاشەوەیدا دێ.

(٥) تەنگەزەرف: بێسەبر. ویسعەت مەشرەبی: دڵفراوانی. واتە: کاکەی مەیگێڕ ئەم هەموو قسەیەکەکردم هی ئەوە بوو زۆری شەرابەکەت عەقڵو هەستی نەهێشتبووم، هەرچەند هێشتا سەری نەبردوومو نەی کوشتووم. لەبەر ئەوە سەبرو توانام نەماوە ئەزیەتم مەدە، یا تۆزێ دڵم فراوانکە، یا پیاڵەکەم تا نیوە بۆ تێکە تا بتوانم خۆم راگرم.

[٤]

وادەی سەفەرەن[١]

وادەی سـەفەرەن، هـای نـەسیم ئـامان
وە لای ئـازیزا بـویەر چـوون جـاران[٢]

تـەقریر کـەر ئـەوەڵ بـەو زوان حـاڵ
سـەلام و دۆعـای ئـەو دوڕدانـەی لاڵ[٣]

دووەم جـە حـاڵات پـەشێوی حـاڵم
جـە شـۆری بـەخت و وێرانـی مـاڵم[٤]

جـە بـێ قـەراری، جـە دەس دووری
جـە بـێ ئـارامـی، جـە نـا سـەبووری

جـە سـۆزەی شـەرار نـائیرەی هـیجران
جـە نـاسۆری زام تـیرەکـەی مـوژگان[٥]

جـە قـرچـەی قـاوەی جـەرگ جـەفاکێش
جـە وەلوەلەی دەرد دەروون پـڕ ئـێش[٦]

جـە کـزەی هـوناو نـە چـەم سـەرکەردەم
جـە سـەنگینی بـار قـامەت خـەم وەردەم[٧]

---

[٤]

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بۆ شێخ عەزیزی جانەوەرەیی برادەری نووسیوە.

(٢) ئازیز: مەبەس شێخ عەزیزە. بویەر: تێپەڕە.

(٣) تەقریرکەر: عەرزکە. دوڕدانە: دانەی مرواری. لاڵ: لەعل.

(٤) شۆری: شوومی.

(٥) شەرار: شەرارە، بڵێسە. نائیرە: ئاگر. موژگان: برژانگ.

(٦) قاوەی جەرگ: جەرگم کە قرچەی دێ وەك قاوە لەکاتی برژاندناو وەلوەلە: هاوارو فوغان.

(٧) چەم: چاو. سەنگینی: قورسی. خەم وەردە: چەمیوە.

جـە بـێ خـاوی شـەو ئـەلوەدای سـەحەر
جـە نـاڵەی ئـەعزا، جـە سـۆزەی جگـەر(١)

جـە هـاوار تـەن، جـە ئـەلوەدای گـیان
جـە یـاوای فـەڵەك نـاڵەی «اَلْأَمـان»(٢)

یـەكیەك بـە حـوزوور ئـەو رۆح رەوان
عـەرز كـەر وە سـەد شـیرینی زوان

واچـە یـەند زوخـاو دەروونش وەردەن
ئـەسپاب مـەردەن ئـامادە كـەردەن(٣)

بـەڵ یـاوۆ وە لام تـەبیب دەردم
مـەرهەم دۆ نـە رووی زامـان سـەردم(٤)

جەو مەعجوون ئـەجزای لوتـفو مـەیل وێش
دەوا دۆ پـەی زام خـەستەكـەی دڵ رێش(٥)

[٥]

وەهارەن، سەیرەن(٦)

وەهـارەن، سـەیرەن، سـەوزەی دیـاران
نم كەوت نـە دیـدەش چـون شـەو بێداران(٧)

---

(١) بێ خاوی: بێ خەوی. ئەلوەدا: ماڵاوایی، مەبەس هاوارو گریانە.
(٢) یاوای فەڵەك: بە ئاسمان گەیشتن. (٣) وەردەن خواردووە.
(٤) بەڵ: بەڵكو. یاوۆ: بگات. دۆ: بدات. (٥) مەعجوون: شێلراو، مەلهەم.

[٥]

(٦) مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لە سەرچاوەی «زەڵم» وتووەكاتێك كە بـەهار لەگـەڵ هەندێ دۆستو برادەریا چووە بۆ ئەوێ بۆ سەیران.
(٧) واتە: بەهارە، وەختی تەماشایە، سەوزەگیای دەشتو كێوەكـان ئـاونگ نیشتووەتە سەرچاویان، وەك پیاوانی خواكە شەو ناخەونو بیر لە خوا ئەكەنەوەو فرمێسك لە چاویانا ئەدەرەوشێتەوە.

پــــەی دڵەی مـــانیای دەروون مـــەلالان
ســـایە بـــەستەوە خـــەیمەی گــوڵاڵان(١)

بــۆی یــەخەی ســەحەر پــەی دەمـاخ دڵ
مـــانۆ وە نـــەسیم جـێب جـەمین‌گوڵ(٢)

چــون دێوانــەی شــۆر ئــازیز نــە ســەردا
شـەتاو سـەر هـۆر گـرت وە دەشت‌و دەردا(٣)

تــولانی چــون هــیجر خــاتر پــڕ دەردان
رەوان وێنــەی وەسڵ گـەردن بــێ گــەردان(٤)

هــای جـە شنۆی وەش رۆح ئـەفزای کـاوان
ئــای جـە شـاخەی تـاف سـاف سـەراوان(٥)

نـەك چـون تـاف چـەم پڕ ئـەسرین چـەرخ
«بارَكَ اَللّٰە» چـەرخ، هـەی ئـافەرین چـەرخ(٦)

چـــەنی جـــە هـــەستی وێت تـــەواســـاییت
چەنی جـۆش عـەشق مـەجنوون ئـاساییت(٧)

---

(١) مانیا: ماندوو. واتە: خێوەتی گوڵاڵەکان سێبەریان کردووە بۆ دڵی ماندووی دڵ پڕ لە خەفەتەکان.

(٢) مانۆ: ئەشوبهێ. جێب: سنگ‌و بەرەك. واتـە: بـۆنـی بـەرەبەیان لە هـەوای سـنگ‌و بەرەکی نازاران ئەچێ لە خۆش کردنی دەماخی دڵدا.

(٣) شۆر: عەشق. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

(٤) توولانی: درێژ. واتە: لافاوی بـەهار سـەری خـۆی هـەڵ‌گرتووەو رێگـای دەشت‌و دەری گرتووەتەبەر وەك دڵدارێك کە عەشقی یار شێتی کردبێ وە درێژە وەك دووری یار لە دڵی عاشقی دەردەدارا، وە ساف‌و مەنگە وەك گەیشتن بە یاری گەردن بێ گەرد.

(٥) وەش: خۆش. شاخە: هارە. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

(٦) چەرخ: پێشان چەمی زەڵم پێیشیان وتووە چەرخ.

(٧) هەستی: بوون. تەواسایی: بێزار بوون. واتە: ماشەڵڵا لە شنەی خۆشی بە گیان دەری

بــدیە چــۆن هــۆردان وە نــامو نــەنگدا
بــێ پــەروا مــدۆ وێش وە رووی ســەنگدا(١)

هــای ســاقی هــەڵای ســەرمایەی خــامی
نــمەدۆم وە دەس رای نــێکــنامی(٢)

باوەرە وەشوەش سا دەی هەی پەی کەی
تــاف قــەڵوەزەی ســاف شــیشەی مــەی(٣)

مــەوجش بــنچینەم بــدۆ وە هــەمدا
هــەستیم دۆ وە بــەرد هــەرد عــەدەمدا(٤)

☞
سەرشاخەکانو لە هاڕەی تافی سافو ڕەوانی ئاوەکان کە لە بەرزەوە دێنە خوار، بەڵام نەك وەك هاڕەی تافی چەمی پڕ لە فرمێسکی زەڵم کە هیچ چەمێکی پیا ناگاتەوە. ئەمجا روو ئەکاتە زەڵمو پێی ئەڵێ: ماشەڵڵات لێ بێ هەی چەمی زەڵم وە لە بێزار بوونت لە وجوودی خۆتو لە جۆشی عەشقی مەجنوون ئاساییت.

(١) هۆران: هەڵی داوە. مدۆ: ئەدا. واتە: سەیری کە چۆن عەیبەی ناوەتەلاوەو لە ناوو ناتۆرە ناترسێو بێ پەروا خۆی ئەدا بەو تاشو بەردانەدا.

(٢) هەڵای: هێشتا. نیکنامی: ناوبانگی باشی. مەعنای ئەم شیعرە لە گەڵ هی دوو شیعرەکەی پاشەوەیدا دێ. (٣) باوەرە: بێنە. قەڵوەزە: قەڵبەزە، تاڤگە.

(٤) دۆ: بدا. مەولەوی لێرەوە بە عادەتەکەی خۆی هاوار ئەباتەوە بەر مەیگێرو پێی ئەڵێ هێشتا سەرمایەی تێ نەگیشتنو بێ سەلیقەیی نامداتە دەستی ڕێگای ناوبانگی باشی، کەواتە تۆ خۆت بۆ کەی هەڵ گرتووە زووکە لە تاڤگەی سافی شووشەی مەیەوە تافی مەی بەردەرەوە، با شەپۆلی بنچینەی بوونم تێكو مەکان بداو بمدا بە تاشو بەردی شاخی نەبوونی دا.

[٦]

وەفای چەرخ چەپ(١)

وەفــای چــەرخ چــەپ، راس بــێ تــانو پــۆن
جــەفا بــێ پــایان، دەرد ســەر بــێ شــۆن(٢)

بـــەدی نـــیکی‌یەن، نـــیکی بـــەدنامی
فـــاما شـــێتـــی‌یەن، شـــێتـــی پـــڕفـــامی(٣)

ســـارای هـــیدایـــەت تـــاریك مـــوینوون
رای نـــەجات یـــەکـجار بـاریك مـوینوون(٤)

نـــاڵەم نـــەی ئـــاسا ئـــاڵەم گـــرت نـــە وەر
شیشەی مـەی پـەمەت نـە گـۆش بـەراوەر(٥)

جـــە تـــۆ قـــەهقەهە، جـــە پـــیاڵە مـــەی
جــە ســاقی هــا دەی، جــە ئێمــە بــا بــەی(٦)

---

[٦]

(١) مەولەوی لەم قەسیدەیەدا گلەیی لە وەزعی زەمانە ئەکا.

(٢) بـێ‌شـۆ: لەرادەبـەدەر. واتـە: وەفـای گـەردوون چـەپەو، راست تـانو پۆی نیەو، ناڕەحەتی دوایی نایەتو دەردی سەر لە ئەندازە بەدەرە.

(٣) بەدی: خراپە. نیکی: چاکە. فاما: تێ‌گەیشتن.

(٤) سارا: «صحراء»، دەشت. ئەم شیعرە لە قەسیدەیەکی تریشا هەبوو.

(٥) پەمە: لۆکە. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

(٦) قەهقەهە: قاقای پێکەنین، مەبەس مرقەی دەمی شووشەیەکاتێك کە شـەرابی لێ دائەکرێ. با بەی: بابێت. واتە: ناڵەم وەك شمشاڵ عالەمی گرتووەتەبەر، کەواتە تۆ بۆچی گوێت لێ‌نیە ئەی شووشەی مەی تا بە فریام بگەی. دەسا لۆکە لە گوێت دەرکەو بڕژێرە ناو پیاڵە با گوێم لە قاقای داڕژانەکەت بێو پیاڵەش پڕ ببێ لێتو مـەی‌گێڕ پێم‌بڵێ فـەرموو بگرەو منیش بڵێم بابێت.

مـەڵڵا جـە کـەسرەت لەوحش بـۆ سـادە
مـــەنسوخ نـــەزانـــۆ حــەڵاڵی بــادە(١)

زاهــید مــایەی هــۆش هــیچ نــەمانۆ پـێش
پـەشێو بـۆ تـەقواش چـون مـێزەرەی وێش(٢)

مــن نـــەوون وە تـــەنگ نـــەفامی‌یەوە
وێم بـــدەون وە دەس بـــەدنامی‌یەوە(٣)

دێوانـــــان ئـــاسا بـــجۆشـــوونەوە
بــەڵاگـەل چــون مـەی بـنۆشـوونەوە(٤)

شـەرارەی مـەستی مـەی بـەرشۆم نـە دڵ
وەو چـــراخـــەوە یـــاوون وە مـەنزڵ(٥)

(١) کەسرەت: زۆری. مەنسووخ: ئەو ئایەتەیەکە حوکمەکەی هەڵوەشابێتەوە. واتە: با ببێ بە قەرەباڵغێکی‌وا لە بەر زۆری خەڵکەکە مەلا هیچی لەبەر نەمێنێ‌و نە زانێ ئایەتی حەڵاڵی مەی هەڵوەشاوەتەوە. لەسەرەتای ئیسلاما مەی خواردنەوە حەرام نەبوە.
(٢) تەقوا: لە خوا ترسان. واتە: لە خوا ترسەکانیش تێ‌گەیشتنیان لانەمێنێ‌و لە خوا نەترسانەکەیان وەك مێزەرەکەی سەریان تێك‌چێ.
(٣) نەوون: نەبم. بدەون: بدەم. واتە: خۆیشم بە تەنگی نەفامی‌یەوە ئەمێنم‌و خۆم بدەمە دەستی بەدناوی.
(٤) بجۆشوونەوە: بێمە جۆش. واتە: وەك دێوانەکان بێمە جۆش‌و وەك مەی دەردو بەڵا نۆش بکەم.
(٥) چراخ: چرا. واتە: بڵێسەی مەستی لە دڵمەوە بەرز بێتەوەو لە بەر رووناکی ئەو چرایە شتی تاریکی ژیانما رێ دەرکەم‌و بگەمە جێ.

[٧]

وێش نمەوینۆ(١)

وێش نمەوینۆ، ئازیز، خەمینت
دیارەن لێڵەن جام جەمینت(٢)

تاڵەن کام دڵ مەینەت گازەکەت
تام دووریشەن ڕێزەی رازەکەت(٣)

بەدبەختی منەن وە یانەم هەرەس
ئازیزێ چون تۆ نمەگنۆم وە دەس(٤)

وەرنە شەم هەزار پەروانە دارۆ
ئەر یۆشا کەم بۆ پەروا نەدارۆ(٥)

ساقی، دەس چەرخ هەر ها نەکاردا
تای تانتەی دووریش بەستەن وە داردا(٦)

---

[٧]

(١) مەولەوی ئەم پارچە هەڵبەستەی لە دێی «تەوێڵە» وتووە لەکاتێکا کە شێخ لە سەفەر بووەو ئەمیش ویستویەتی چاوی پێ بکەوێ‌و ماڵاوایی لێ بکاو بگەڕێتەوە، بەڵام بۆی ڕێ نەکەوتووە

(٢) نمەوینۆ: نابینێ. واتە: ئازیز دۆستە خەفەتبارەکەت خۆی نابینێ لە ناوچاوتا. مەبەسی ئەوەیە ئاوێنەی تەوێڵی بە هۆی نیازی سەفەرەوە لێڵ‌و تۆزاوی بووە.

(٣) واتە: دەمی دڵی دۆستە مەینەت گازلێ گرتووەکەت تاڵەو، وردە شەکری قسە خۆشەکانت تامی دوورکەوتنەوە ئەدا.

(٤) نمەگنۆ: ناکەوێتە. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.

(٥) شەم: «شمع»، مۆم. یۆشا: یەکێکیان. واتە: هەرەس بە ماڵم، نەگبەتی منە وا ئازیزێکی وەك تۆم دەسگیر نابێ تاوێك لای دانیشم، ئەگینا وەك شەمع هەزار پەروانەی بە دەورایە وە ئەگەر یەکێکیان دیار نەبێ ئەو باکی نیە، تۆیش ئەگەر منت لانەبێ هیچ مەبەستت نیە تۆ زەرەر ناکەی من زەرەر ئەکەم.

(٦) تانتە: تان. مەولەوی لێرەدا بە ئوسووڵەکەی خۆی ڕووی قسە ئەکاتە مەی‌گێڕو پێی

سـەروەخت هـەستی جـە دەس وەردامـەن
تـەدارەك خـەیر ئـارۆو فـەردامـەن[1]

تـەمامەن بـەرات قـەبزو حـەواڵەم
دێرەن کـەرەم کـەر بـدەر پـیاڵەم[2]

تـا هـیممەت وازوو وە یـەك پـەیمانە
خـاڵی بـۆ چـێمـەیچ گـۆشـەی مـەیخانە[3]

[۸]

وەهارەن، سەوزەن

وەهـارەن، سـەوزەن، ئـاوەن، سـەرکاوەن
هـاژەی وەفـراوەن، شـاخەی شـەتاوەن[4]

☞

ئەڵێ دەستی جۆڵای گەردوون هەر لەکارایەو تاڵی تانی بەستووەتە دارو ئەیەوێ پۆکەی لێداو پارچەی دووریم بۆ دروست کا.

(۱) واتە: وەختی لە دەست‌دانی بوونمەو خۆم ئامادەکردبووە بۆ رۆیشتنی یەگجاریو لە ئەمرۆو سبەی دام.

(۲) بەرات: ئەو خەڵاتەی گەورە گەوران ئەیبەخشن بە دەستو پێوەندی خۆیان. قەبز وەرگرتن. دێر: درەنگ. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوی پێکەوە دێ.

(۳) وازوو: بخوازم. پەیمانە: پێوانە. چێمەیچ: لەئێمەیش. واتە: بەراتی خۆم بە تەواوی دەسگیر بووە بە راستەوخۆو بە حەواڵە بۆ سەر سەرکار، وە هەر تەنیا پیاڵەی شەرابی مەرگم ماوە، درەنگە ئەویشم بدەرێ با بە نۆش کردنی داوای هیممەتو بەرەکەتتان لێ بکەمو برۆمو گۆشەی مەیخانەی جیهان منیشی تیا نەمێنێ.

[۸]

(۴) سەرکاو: شاخ. لە نوسخەیەکی تراکە ۳۰، ۴۰ ساڵ لە مەوبەر خۆم نووسیومەتەوە ئەم شیعرە بەم جۆرەیە:

ماچان وەهارەن سەوزەن سەحراو کۆ گوڵشەنەن، گوڵەن، بوڵبوڵەن، گوڵ ڕۆ

گوڵڕۆ: گوڵ روان. بە پێی ئەم نوسخەیە ئەبێ ئەم قەسیدەیە لە تیپی «میم»دا بێ.

ساقی‌یەن، بادەن، نەسیمەن، بادەن
بولبول جە دەورەی گولان ئازادەن[١]

بەزمەن، شادی‌یەن، عەیشەن، نیشاتەن
کەیفەن، شۆخی‌یەن، شەوقەن حەیاتەن[٢]

سەنگەن، کۆسارەن، سەرکووەن، هەردەن
خەمەن، مەینەتەن، زوخاوەن، دەردەن

هیجرەن، دووری‌یەن، عیجزەن، فیراقەن
واوەیلاو شینەن، نالەی عوشاقەن

سەبزەن، سۆسەنەن، نەورۆزگولانەن
کەمەرەن، هەردەن، ملەن، کەلانەن[٣]

سەرعی‌یەن، شەیدان، نەجدەن، مەجنوونەن
مەزاقەن، جامەن، پیالەی هوونەن[٤]

---

(١) بادە: مەی. باد: با. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «دەورەی» نووسراوە «دووری».

(٢) شۆخی: گاڵتە. نوسخە باس‌کراوەکەی خۆم لەمەوپاشی هیچ تیا نیە.

(٣) کەلان: کەڵەکێوی‌یەکان.

(٤) سەرعی: فێ‌دار. نەجد: شوێنەکەی مەجنوون‌و لەیلا. ئەم قەسیدەیە دیارە ناتەواوە، بەڵام ناتەواوی‌یەکەیمان دەس نەکەوت. تەنها لەو نوسخەیەی خۆما کە باسم کرد لە سەری دوادێڕیا نووسراوە «هەرکەس»و تەواو نەکراوە. دیارە ئەو نوسخەیەش کە من لە بەریم نووسیوەتەوە شێواو بووە بۆیە شێعرەکەم تەواو بۆ نەنووسراوەتەوە. ئەبێ ئەو «هەرکەس»ە ئەوە روون بکاتەوە کە هەرکەس بگری لەگەڵ یاری خۆی لە خۆشی‌و رابواردنایە من نەبێ کە گیرۆدە بوومو... تاد.

[۹]

وەهارەن

وەهارەن، تەشریف خاڵخاسان پەی هەرد
کەمکەم جوانیش ئاوەرد، پیریش بەرد(۱)

جەمجەم سۆسەنان جە تاق تەوق وەردان
سەردان نە هەردان پەرێ هامفەردان(۲)

وە رووی زاخاندا جنوور لوول وەردەن
پەی پای گیان تۆڕدام ئامادە کەردەن(۳)

بەڕەزا بەو چین توغرای تاتاوە
شەماڵ مشانۆش، یانی: وەی لاوە(۴)

نەرگس وە مەسمەس مدیۆ کێن ئەوکەس
گۆشەی چاك دڵ وەر نەدۆ جە دەس(۵)

---

[۹]

(۱) واتە: فەسڵی بەهارە، تەشریف بردنی جوان چاکەکان بۆ سەرشاخەکان بۆ سەیران کەمکەم دەشتو دەری جوان کردەوەو پیری لابرد. مەبەس لە پیری سپیەتی سەرشاخەکانە لە زستانا.

(۲) تەوق: ئەڵقە. واتە: کۆمەڵ کۆمەڵ گوڵە سۆسەن ئەڵقەیان داوە لە تاقو مەغارەکاناو لە سەر شاخەکانا سەریان دەرهێناوە بۆ دیتنی ئاوەڵەکانیان: کە یان گوڵی‌ترن، یان کچە جوانەکانن ئەچن بۆ کەژ.

(۳) واتە: چنوور بە زەردوماکانەوە لوولی خواردووەو داوی ناوەتەوە بۆ ئەوەی بئاڵێ لە پێی گیانو گیرۆدەی ئەو دیمەنە جوانانەی بکا.

(۴) بەڕەزا: گیایەکی کوێستانی‌یە بە تاشو بەردوە ئەڕوێ. واتە: بەڕەزا کە ئەڵێ زوڵفی تاڵ تاڵی یارە چین لە سەر چین نیشتووەتە سەر یەك، شەماڵ ئەی‌لەرێنێتەوە وەك بڵێی بە خەڵك بڵێ نزیکم مەکەون چونکە من لە زوڵفی یار ئەچمو کەس شایانی ئەوەی نیە سەیرم بکا.

(۵) مدیۆ: ئەڕوانێ. چاك: داوێن. واتە: نەرگس بە چاوی مەستەوە ئەڕوانێ، جا کێ بێ ئەوەی لە خۆشی‌یانا سەرخۆش نەبێو داوێنی دڵی خۆی لە دەس بەرنەدا؟.

مەعدوومی، غەفڵەت تا چەندو پەی چی
گۆش‌دەر وە ناڵەی سەحەری نەی چی[١]

دڵە وادەی سوبح نەووەهارانەن
وەخت ئاگاهی دەردەدارانەن[٢]

هەر کەسێ دانش نەفامش نەبۆ
بینی عیرفانشن زوکامش نەبۆ[٣]

گوروفتی دەماخ نەدابۆ پەرداخ
پەی‌پەی بۆی ئازیز مەیۆش وە دەماخ[٤]

جەی بۆی گیان بەخشە بێ بەش مەمانە
ئەی سوبحە خاسە وە فرسەت زانە[٥]

تۆ دیای وە شۆن چەند سوبح نۆدا
کەو چەند سوبح بدیۆ وە شۆن تۆدا[٦]

---

(١) سەحەری: نقامێکی تایبەتی‌یە بە شمشاڵ لێ ئەدرێ. واتە: مەولەوی تاکەی لە خەوی بێ‌ئاگایی خەبەرت نابێتەوەو نازانی ئەم بەهارە خۆشە هاتووە، گوێ‌بگرە بۆ شمشاڵژەن کە بە شمشاڵەکەی ئاوازی سەحەریت بۆ لێ‌ئەداو ئەڵێ...

(٢) ئاگاهی: وریا بوونەوە. واتە: ئەی دڵ کاتی بەیانی بەهاری نوێ‌یە، وە دەمی وریا بوونەوەی دەردەدارانە.

(٣) بینی: لووت. زوکام: هەڵامەت. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری دوایی‌یەوە.

(٤) گوروفتی دەماخ: لووت گیران. مەیۆش: دێت. واتە: هەرکەسێ ئەقڵی بێ ئەقڵانی نەبێ‌و لووتی تێ‌گەیشتنی تووشی هەڵامەت نەهاتبێ‌و لە گەرمەی لووت گیرانا نەبێ، پەیتا پەیتا بۆنی ئازیز دێتە لووتی.

(٥) واتە: خۆت بێ‌بەش مەکە لەو بۆنە گیانبەخشەو ئەم بەیانیە بە فرسەت بزانە، خوا پەرەستی‌یەکی تیا بکە.

(٦) دیای: روانیت. شۆن: شوێن، دوا. کەو: ئاخۆ. بدیۆ: بڕوانێ. واتە: تۆ بە دوای چەند بەیانیتا روانی‌و چەند رۆژت بردە سەرو خۆت مایتەوە، ئاخۆ چەند بەیانی‌یش بە دوای تۆدا بڕوانێ پاش مردنت؟

[١٠]

وەش ئاماى وە خەير[1]

وەش ئاماى وە خەير هەى بەرگوزيدە
بۆ نە جاى مەردوم جا گر نە ديدە[2]

خەيلێن بينايى جە ديدەم رەمان
بەڵ سوڵحشا بۆ بينايى و چەمان[3]

ساقى، ترس دەرد دوورى جەمين گۆل
وەسڵم جێ كەردەن وە ژار قاتڵ[4]

هەر كاتێت زانا فەڵەك كەڵەك بەست
دامنەكەى وەسڵم بەرداوە جە دەست[5]

سا دەى وە جامێ دڵم بكەر شاد
بەڵكو بوياروو بەزمێ وە ئازاد[6]

---

[١٠]

(١) مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لە بەخێرهاتنی دۆستێكیا وتووە، وادیارە لە سەردەمی كۆیریشیا وتوویەتی.

(٢) بەرگوزیدە: هەڵبژاردە. مەردوم: بیبیلەی چاو. واتە: خۆش هاتیو بەخێر هاتی هەی دۆستی هەڵبژاردەم، وەرە لە جیاتی بیبیلەی چاوم لە ناو چاوما دانیشە.

(٣) رەمان: رایكردووە. واتە: دەمێكە چاوم نابینێ، تۆ وەرە ناوچاومو ببە بە بینایی، بەڵكو چاومو بینایی ئاشت ببنەوەو بە تۆ ببینێ.

(٤) واتە: كاكەی مەیگێڕ ترس دووركەوتنەوەی ئەم دۆستە جوانە تازە هاتووەم بە یەك گەیشتنەكەمانی لێ كردووم بە زەهری كوشندە.

(٥) واتە: هەر ئەوەندەت زانی گەردوون پیلانێكی بۆ نامەوەو داوێنەی وەسڵی لە دەس سەندم.

(٦) بویاروو: رابوێرم. واتە: كەواتە وەرە بە پیاڵەیەك شەراب دڵم شاد كە بەڵكو ماوەیەك بە ئازادی بەزم بگێڕمو رابوێرم.

جــــه دەس بــــێگـــانان یـــاوون ڕەهـــایی
مـــەس بـــوون وە شـــنۆی مـــەی ئـاشنایی (١)

[١١]

وەی من دیارەن (٢)

وەی مـــــن دیـــــارەن پـــــەنجەی تـــارمەن
ســــەروەخت هــــامن نــــەووەهارمەن (٣)

ســـوبحم نـە تۆی شـەو مـەخەنۆ وەکـەردەم
وەکــــەردەکـــەی بـــەد عـــومر ویـــەردەم (٤)

---

(١) ڕەهایی: ڕزگاری. واتە: ڕزگارم ببێ لە دەس بێگـانەو بـە شـنەی شـەرابی ئاشنایی دۆست مەست ببم.

[١١]

(٢) مەولەوی لەم پارچە شیعرەدا سەرزەنشتی خۆی ئەکا لە سەر بێئـاگـایی لە نـزیك بوونەوەی ڕۆژی مەرگو نەبوونی کردەوەی باش.

(٣) پەنجەی تار: ساڵ بە حیساب نوێ بوونەوەی مانگ دوانزە مانگە، وە لەبەر ئەوەکە مانگێك ٣٠ ڕۆژو مانگێك ٢٩. ڕۆژە، ساڵی قەمەری ئەکاتە ٣٥٤ ڕۆژ، بەڵام بە حیسابی هەڵهاتنی ڕۆژ لەکەناری ئاسمانەوە لە یەکەم ڕۆژی بەهارا تا گەیشتنەوەی بە شوێنەکەی بەهاری ڕابوردووی ٣٦٥ ڕۆژو چارەکە ڕۆژێکە. ئەم چارەکە ڕۆژە بە چوار ساڵ ئەبێ بە یەك ڕۆژ وە ئەو ساڵە پێی ئەڵێن ساڵی کەبیسە وە ٣٦٥ ڕۆژ ئەبێ جا لەبەر ئـەوەکـە ئـەم ژمارەیە پێنج ڕۆژی لە ژمارەی دائیرەی فەلەکی زیاترەکە ٣٦٠ درجەیە، ئەو پێنج ڕۆژە زیادەیان لە حیسابی ساڵا بەجێ هێشتووە. ئەم پێنج ڕۆژە لەکوردیدا مەشهوورە بە «پێنج ڕۆژەی تار» وە هەرچەند ئەتوانرێ لە هەر بەشێکی ساڵادابنرێ، عـادەت وایـە لە پـاش ناوەڕاستی بەهارا دای ئەنێن. هامن: هاوین. واتە: وادیارە ئەم چەند ڕۆژەی عومرم کە ماوە وەك پێنجەی تار وایەو لە سەر هیچ حیساب نیە، کەچی هێشتا من ئەم هاوینی ژیانمە بە دەمی بەهار ئەزانمو لاموانیە مەرگم نزیك بووەتەوە.

(٤) مەخەنۆ: پێ ئەکەنێ. واتە: بەرەبەیانیم لە ناو تاریکی شەوا بە کردەی بەدی عومری بە سەرچووم پێ ئەکـەنێ. مـەولەوی لەم شـیعرەدا دایـناوەکـە تـاریکایی شـەو بـریتی‌یە لە بەدکرداری خۆی، وەکە ڕووناکی لە ئاسۆوە دیاری ئەدا ئەوە گەردوونە پێی پێ ئەکەنێ.

پۆس کووس گۆش نم کێشان کەمکەم
ئەم سەرەو سەرەن دووربینەکەی چەم[١]

خەم بیم یانێ‌های پێم مدۆ خەبەر:
نە دەرگای هەستی تەشریف بەر ئەو بەر[٢]

جە حەد بەرشیەن هەر یەند نزاریم
نەمەندەن تاقەت رای پەردەداریم[٣]

[١٢]

وەختەن پیاڵەی دڵەی...[٤]

وەختەن پیاڵەی دڵەی پڕ جە دەرد
پڕکەی جە بادەی هەوای گەردن زەرد[٥]

---

(١) پۆس: پێست. کووس: تەپڵ. واتە: پێستی تەپڵی گوێم شیی هەڵهێناوەو هەرچی بیکوتن دەنگی لێوە نایەت. چاویشم وەك دووربینی ئەمسەرو ئەوسەر گیراو شتی نزیك دوور ئەخاتەوە.

(٢) خەم: چەمیوە. واتە: پشتم کۆماوەتەوە، ئەمەش مەعنای ئەوەیە خەبەرم ئەداتێ دانەوم و لە دەرگای بچکۆلەی بوونەوە دەرچم بۆ جیهانی نەبوون.

(٣) نزاری: لەڕی و لاوازی. واتە: ماوەی ژیانم هەموو لە خزمەت پاشای ئارەزووبازیدا بردە سەر، ئێستا ئەوەندە پیرو لەڕولاواز بووم توانای پێش خزمەتیم نەماوە لە دیوەخانی پاشای ئارەزووپەرەستی‌دا. ئەمە ئیشارەتە بۆ ئەوەکە ئادەمیزاد پیر بوو وە بە تەواوی لێ‌کەوت خزمەتی ئارەزووی نەفسی پێ‌ناکرێ، نەك لەبەر پاکی و چاکی خۆی، بەڵکو لەبەر یەك‌کەوتن و هێز تیا نەمانی.

[١٢]

(٤) مەولەوی لەم پارچە شیعرەیا گلەیی لە دۆستێك ئەکا کە نیشانەی کەوتنە خۆشی و بێ‌وەفایی بەرامبەر بەم، لێوە دیاری‌دابوو.

(٥) واتە: ئەوەندەی نەماوە بکەویتە خۆشی و پیاڵەی دڵە پڕ لە دەردەکەت پڕکەی لە شەرابی خۆشەویستی یاری گەردن زەرد.

چـەنی گـەرمی نـەزم بـەزم پڕ شـادی
بـویاری وە رەغـم ئـەی دنـیای بـادی[(١)]

دایـم سـەدای نـاز سـەودای گـۆشت بـۆ
سـەد چـون مـەعدوومی فـەرامـۆشت بـۆ[(٢)]

[١٣]

وەی من پەی سەفای[(٣)]

وەی مــن پــەی سـەفای یـاران هـام دەم
ئـای پەی ئـەو سـەیران ماردم و کـەڵڕەم[(٤)]

یـاران گـردین شـین وە تـووناى تـوون‌دا
هـەر خـەیاڵ مـەندەن نـە تـۆی دەروون‌دا[(٥)]

---

(١) بویاری: رابوێری. بادی: بڕاوە. واتە: لەگەڵ جۆشی ئاوازەی بەزمی پڕ لە خۆشی رابوێری بەکوێرایی چاوی ئەم دنیا بڕاوەیە.

(٢) واتە: هەمیشە سەدای ناز بیستن ئاشنا بێ بە گوێت و سەدی وەك منت لە یاد بچێ.

[١٣]

(٣) مەولەوی لەم دو شیعرەدا هەناسە بۆ رابوردوو هەڵ ئەکێشێ.

(٤) واتە: ئاخ بۆ رابواردنەکەی جارانمان لەگەڵ دۆست و برادەران، وە ئاخ بۆ سـەیران کردنەکانمان کە ئەچووین بۆ راوەکەڵ و تفەنگی "ماردم"مان پێ بوو.

(٥) واتە: دۆستان هەموو تووناوتوون کەوتن و مردن، ئێستا هەر یادیان ماوە لە دڵمانا. هێنانی وشەی توون ئیشارەتی تیایە بۆ ئەوەکە ئەچوون بۆ راوکردن بۆ «توونی بابا» کە نزیکە لە تاوەگۆزی نشینگەی مەولەوی‌یەوە.

١۴]

وەخت چەم نە چەم[1]

وەخت چــەم نــە چــەم شێوەت دیـار بـی
جــە لام فــەسڵ وەسڵ بـەزم ئـەغیار بـی[2]

ئــیسە لێڵایـــی گـــرتەن دوو دیـــدە
خــەڵوەتــەن، ســا بــۆ ئــەی بــەرگوزیدە[3]

[١٥]

وەسەن ئەی مەخسەڵ

وەسەن ئـەی مـەخسەڵ دەور دیـدەی مـەست
ئـــەی ئــاماو لوا ســەد قــەزا پــێشــەن[4]

ئــارەزووت دڵ بــی ئــەوەڵ جــارت بـەرد
هــەنی گــیانەکــەم مــەتڵەبت چــێشــەن[5]

١۴]

(١) مەولەوی ئەم دوو شیعرەی لە سەردەمی کوێری‌دا بۆ شێخی «بهاءالدین»ﷺ نووسیوە.

(٢) واتە: کاتێك کە چاوم هەبوو شێوەت لە ناو چاوما دەرئەکەوت، لەبەر ئەوە خۆشی کاتی بە تۆ گەیشتن بۆ بێگانە بوو کە شێوەتە، چونکە لە جیاتی ئەوەی من بت‌بینم وێنەکەت لە ناوچاوما بوو ئەی‌بینیت، وە ئەکەوتە نێوانمانو نەی‌ئەهێشت هەردوکمان بە تەنها رابوێرین.

(٣) واتە: بەڵام ئێستا لێڵاییم داهاتووەو شێوەت ناچێتە ناوچاوم تا ببێ بەکوسپ لە نێوانمانا، فرسەتە تاوێك وەرە لام پێکەوە دانیشین.

[١٥]

(۴) مەخسەڵ: رۆشن کردنەوە. واتە: با بەس بێ ئەم جوانکردنەی دەوری چاوی مەست، ئەم هاتو چوتە بەم دیمەنە هەزار بەڵای بە دەمەوەیە بۆ دۆستان.

(٥) واتە: ئەگەر مەبەست وەرگرتنی دڵمە خۆ هەر یەکەم جار بردت، ئیتر چیت ئەوێ لێم، وازم لێ بێنە.

تیپی هێ

[۱]

هام دەردان ئێشێ

هــام دەردان ئــێشــێ.. هــام دەردان ئــێشــێ
پــێمــەوەن ئــێشــێ، چ تــەرزە ئــێشــێ(۱)

ئــێشــێ پــێچ چــون ئــێش وە مــاران ڕێشــێ
ئێشــێ پــڕ نــێشــێ، ڕیشــەی گــیان کــێشــێ(۲)

چ ڕێشـــێ، ئــەسەر مــەودای خــەدەنگێ
ڕەهــای شــەست تــیر، شــەنگێ، قــەشەنگێ(۳)

ڕەعــــنا غــــەزاڵێ، بـــاڵا شـــمشاڵێ
ســـاحیب کـــەماڵێ، گـــەرد دڵ مـــاڵێ(۴)

لەیـــل ئـــاسا نـــازێ، شـــیرین جـــەماڵێ
مـــەجنوون نـــیازێ، فـــەرهاد ئـــەحواڵێ(۵)

پــەروانــە ســازش، شــەم ســا ســۆزشێ
گــوڵ ئــەندام نــازش، بــەهرام شــۆرشێ(۶)

---

[۱]

(۱) واتە: هەی هاوار هاودەردەکانم ئێشێکم پێوەیە، بەڵام چۆن ئێشی!

(۲) پێچ: ناڕەحەت. واتە: ئێشێکی ناڕەحەتم پێوەیە وەك ئێشی مارانگەستە، زۆرم ئازار ئەداو ڕیشەی گیانم دەرئەکێشێ.

(۳) مەودا: تیژی. ڕەها: بەربوو. شەست: کەوان. لێرەوە مەولەوی دەس ئەکا بە باس کردنی سروشتی ئەو یارەی کە سەرچاوەی ئێش و ئازاریەتی، ئەڵێ: برینەکەم ئەنجامی تیژی نووکە تیرێکە لەکەوانی باریکی شۆخ و شەنگ و قەشەنگەوە دەرچووە.

(۴) ڕەعنا: بێموبالات. واتە: وەك ئاسکی بێموبالات وایەو باڵای بەرز وەك شمشاڵ و بەوێڵ و کەماڵەو گەردی دڵ گسك ئەدا.

(۵) واتە: یارێکە وەك لەیل ناز ئەکاو وەك شیرین جوانەو نیازی دۆستانەیە وەك نیازی مەجنوون و حاڵی بۆ دیتنی دۆست وەك حاڵی فەرهاد وایە.

(۶) واتە: وەك پەروانە ئەساچێنیو وەك مۆم ئەسووتێو نازارە وەك گوڵەندام و بەسۆزە

خـــورشید ئـــەتوراێ، نـــیلوفەڕ زەوقـــێ
عـــەزرا عـــوزاریێ، وامـــیقی شـــەوقێ[١]

پـەری پـەیکەریێ، پـای دڵ پـەی کـەریێ
خـەم دەر، خـەم بـەریێ، دڵ دەر، دڵبـەریێ[٢]

عـەرەقچین نـە تـۆی سـورمەدا غـەرقێ
وە فـــەرق فـــەرقێ بـا زەوق و بـەرقێ[٣]

سـەر وە دەسـماڵێ، گـەردن پـڕ خـاڵێ
دەس بـــازنە لاڵێ، پـــا وە خـــڕخـاڵێ[٤]

پـــێشـــانی مـــاهێ، ئـــاهوو نـــیگاهێ
گـــێســـوو ســیاهێ، دڵ مـــەنزڵگـــاهێ[٥]

☞

وەك بارام. بارام و گوڵەندام دۆست و یارێك بوون چیرۆكی خۆشەویستی‌یان لە ئەدەبی کۆنی کورد دا بەناوبانگە. بە شیعر هۆنراوەتەوە.

(١) خورشید: خۆر. ئەتوار: رەوشت. نیلوفەڕ: گوڵێکە وەك لاولاو ئەپێچرێ بە دارا. عوزرا: زوڵف. واتە: وەك خۆر وایە هەر رۆژێ لە لایەکەوە سەر دەردێنێ وە وەك نیلوفەڕ خۆی پەیوەند ئەکا بە هەموو کەسێکەوە، وە زوڵفی وەك زوڵفی عەزرا جوانەو وەك وامیق بە سۆزە. عەزراو وامیقیش دۆست و دڵدارێکی مەشهوورن.

(٢) واتە: وەك پەیکەری پەری جوانەو پێی دڵ ئەبڕێتەوەو خەم ئەدا بە دڵی ئینسان و خەمی لا ناهێڵێ و دڵی ئەداتێ و دڵی ئەفڕێنێ.

(٣) عەرەقچین: کڵاو. فەرق: سەر. واتە: کڵاوەکەی هەموو داپۆشراوە بە سوورمەو لەبەر زۆری لیرەو تاکە قەرانی و شیلان و مووروو بە سەریەوە تیشك ئەداتەوە.

(٤) واتە: مشکی و هەوری بە سەرەوەیەو گەردنی پڕە لە خاڵ و بازنەی لەعلی لە دەسایەو پاوەنەی کردووەتە پێ.

(٥) پیشانی: ناوچاو. گیسوو: زوڵف. واتە: ناچاوی رۆشنە وەك مانگ و وەك ئاسك لائەکاتەوەو زوڵفەکانی رەشن و دڵی دۆستانی کردووە بە جێگای خۆی.

روخسارو زوڵف سوبح‌و ڕەواحێ
دیدەوو نیگا پیاڵەو راحێ[١]

ئەبرۆ موژگانێ، تیرو کەوانێ
سەد پەری نیشان پەرێ نیشانێ[٢]

نەشئەدەر دەمێ، بەزم‌ئارای جەمێ
عەنبەر پەرچەمێ، پەرچەم وە خەمێ[٣]

شەکەر زوبانێ، غونچە دەهانێ
لوولوو دادانێ، لەب لەعل کانێ[٤]

پەنجە خامەیێ، دڵان نامەیێ
رەقەم رەویەی سەیر، عەشق عەلامەیێ[٥]

تینەت نەزیفێ، زینەت زەریفێ
خەڵقی لەتیفێ، خولقی شەریفێ[٦]

---

(١) ڕەواح: ئێوارە. راح: مەی. واتە: یارێکە روخساری وەك بەیانی رۆشنەو زوڵفی وەك شەو تاریکەو چاوی وەك پیاڵەی مەی وایەو لاکردنەوەی وەك شەراب ئینسان مەست ئەکا.
(٢) واتە: برژانگ‌و برۆی وەك تیرو کەوان وان‌و سەد جوانی وەك پەری ئەبن بە نیشانەی تیری.
(٣) دەم: هەناسە. پەرچەم: زوڵف. خەم: لوول خواردوو. واتە: هەناسەی نەشە ئەدا بە مرۆڤ‌و کۆڕی دۆستان ئەڕازێنێتەوەو زوڵفی وەك عەنبەر بۆن‌خۆشەو لوولی خواردووە.
(٤) دەهان: دەم. لوولوو: «لوءلوء»، مرواری. لەب: لێو. واتە: زمانی شیرینەو دەمی وەك خونچە وایەو دانی ئەڵێی مرواری‌یەو لێوی وەك ئاقیقی کان وایە.
(٥) خامە: قەڵەم. رەقەم: نووسین. واتە: پەنجەی وەك قەڵەم وایەو دڵی دۆستان کاغەزە لێی ئەنووسێ‌و نووسینەکەی لە بابەتی دڵداری‌دا وەك ئەو نیشانانە وایەکە ئوسووڵ بوو لە رێگادا دائەچەقێنران بۆ رێ ون نەکردن.
(٦) تینەت: «طینت»، ئەو گڵەی لێی دروست‌کراوە. خەڵق: شێوە. خولق: رەوشت. واتە: لە خاکێکی پاك دروست‌کراوەو جوانی‌یەکی باشی هەیەو شێوەی ناسکەو رەوشتی بەرزە.

میهری بەهارێ، قەهری خەریفێ
بەشیر رەدیفێ، نەزیر حەریفێ[(۱)]

شاهین کرداری، تەرلان تەواری
ژەرەژ رەفتاری، تووتی گوفتاری[(۲)]

شابازێ، شازێ، شاهان مومتازێ
شاهیدێ، شۆرێ، شۆڕو شەڕ سازێ[(۳)]

پەنهانی گەنجێ، عەیانی رەنجێ
سەد عیشوە سەنجێ، پڕ لارەو لەنجێ[(۴)]

ئاشنا بۆیێ، بێگانە خۆیێ
بەهانە جۆیێ، بەها نە جۆیێ[(۵)]

نزیکی رایێ، نووری سەفایێ
دەیجووری وەحشێ، دووری جەفایێ[(۶)]

---

(۱) میهر: مەیل. واتە: مەیلی کورتە وەك بەهارو قینی درێژە وەك پایزو وەك مژدەدەر وایەکەچی بەکردەوە ئینسان ئەترسێنێ.

(۲) کردار: کردەوە، رەوشت. تەرلان: چالاك. تەوار: بازی مێچکە. ژەرەژ: کەو. واتە: لە راوکردنی دۆستا وەك شاهین چابوکەو وەك بازی مێچکەی چالاك وایە هەمیشە لە نەچیر کردنی دڵدارانایەو وەك کەو ئەڕوا بە رێداو وەك تووتی قسەی خۆشە.

(۳) شاز: نایاب. شاهید: دڵبەر. واتە: شابازێکی نایابە، هەڵبژاردەی شاهانەو دڵبەرێکی پڕشۆرەو بە جوانی خۆی ئاژاوە ئەنێتەوە لە ناو خەڵکا.

(۴) عەیان: ئاشکرا. سەنج: رێکخەر. واتە: خێروبیری پەنهانەو سزای ئاشکرایەو سەدجۆر عیشوەو ناز رێك ئەخاو هەموو گیانی لارەو لەنجەیە.

(۵) بەها: نرخ. واتە: بۆنی ئاشنای لێ دێو بێگانە لای وەك خۆیی وایەو بە دوای بیانوودا ئەگەڕێو بە ماڵ رازی نابێ لە دۆست.

(۶) دەیجوور: تاریك. وەحش: تەنهایی. واتە: رێگای لای نزیکەکەچی دووری لێی مایەی نارەحەتی‌یە، وە رابواردن لەگەڵیا مایەی رووناکی دڵەو تەریك کەوتن لێی هۆی دڵ‌تاریکی‌یە.

سـەروی تـەزەروێ، گـوڵی بـوڵبـوڵێ
خـوتەن وەتـەنێ، لە سـایە سـڵێ(١)

شـیرینێ، تـەڵخـێ، خـوشکێ، پـڕ نـمێ
غـوورپەیـێ، سەلخێ سرووریێ، خـەمێ(٢)

حـۆری سـروشتێ، قـەسری بـەهەشتێ
زوڵف زەنـناریێ، دەیـری کـەنشتێ(٣)

خـەیاڵ پـەشێوێ، عـاقڵان شـێوێ
شـێوە بـاگردچێو، پاك جە گـردچێوێ(٤)

هـەر ئـێشـێ جـە نێش تیر ئەوکـەسەن
نە جای نەشئەی نۆش «نَشْأتَیْن» وەسـەن(٥)

---

(١) تەزەرو: کۆترەباریکە. خوتەن: ناوچەیەکە لە تورکمانستان بە ئاسکی جوان ناوبانگی دەرکردووە. واتە: وەك کۆتری تەزەرو وایە بە سەر داری سەروەوەو لە بولبولی دەوری گوڵ ئەچێو ئەڵێی ئاسکی خوتەنەو لە سێبەری خۆی سڵ ئەکاتەوەو دائەچڵەکێ.
(٢) تەڵخ: تاڵ. خوشك: وشك. غورە: سەرەتا. سەلخ: ئاخر. واتە: شیرینە لەکاتی پێگەیشتنیاو تاڵە لەکاتی دووریداو وشکە لەکاتی گوێنەدانیا بە دۆستو نمدارە لەکاتی قسەکردنیا. دیتنی سەرەتای مانگی شادییەو دووریشی ئاخری ژینەو مایەی خۆشیو ناخۆشییە.
(٣) زەننار: پشتێنێکی رەشە گاورەکان ئەیبەستن. واتە: رەوشتی وەك حۆری وایەو جێگاکەی لە بەهەشت ئەچێو زوڵفی رەشو درێژی وەك زەننار وایە لای دڵدارانو مەسکەنەکەی وەك کەنشتەی عیسایی پیرۆزە لایان.
(٤) گردچێو: هەمووشتێ. واتە: خەیاڵی پەشێوە تاوێك مەیلی هەیەو تاوێك بێمەیلەو عاشقان تێكئەداو بە دیمەن لە هەمووشتێك ئەچێو لە راستیشدا لە هیچ ناچێ. مەبەست لەوەیە ئەتوانرێ بە دیمەن بە هەر شتێکی جوان بشوبهێنرێ، بەڵام لە راستیدا هیچی پێناگات.
(٥) نشأتین: هەردوو پەیدابوونەکە، مەبەس لە هەردوو دنیایە. واتە: هەر ئێشێك هی نووکی تیژی تیری ئەو دۆستە بێ لە جیاتی خواردنەوەی شەرابی هەردوو دنیا بەسە.

سەردا وە هەمدا تانو پۆی جەرگم
نمانا مەحشەر غەرغەرەی مەرگم[١]

بازدێم وەی زامەت، وەی ئەندامەوە
بەڵ بەیان وە شۆن باز بێزامەوە[٢]

[٢]

هانا ها ویەرد[٣]

هانا ها ویەرد.. هانا ها ویەرد
خاڵۆکەم زمسان هانا ها ویەرد[٤]

وەهار هەوای «بەرد» جە سەرزەمین بەرد
تۆمەی گوڵاڵان وە چێو بەراوەرد[٥]

سۆزەی با وە خەت نەو نیهالاندا
سەڵای بەڵای هاڵ دڵ مەلالاندا[٦]

---

(١) نمانا: دەرکەوت. مەحشەر: رۆژی قیامەت، مەبەس مەینەتە. غەرغەرە: کاتی گیان دەرچوون. واتە: لە تاو ئێشی تیری ئەو دۆستە نانو پۆی جەرگم تێکچووەو مەینەتی کاتی گیان دەرچوونم دیاریی داوە.

(٢) بازدێم: لێمگەڕێن. بەیان: بێن. شۆن: نیشانە. بێزامەوە: بمدۆزنەوە. واتە: لێمگەڕێن با بەم دەردەو برینانەوە بتلێمەوە تا دۆستان دێنو بە دڵۆپە خوێنەکانم رێبەدیی ئەکەنو ئەمدۆزنەوە.

[٢]

(٣) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە سنەوە بۆ شێخ یوسفی نوسمەیی نووسیوە.

(٤) هانا: هاوار. ویەرد: بەسەرچوو. زمستان: زستان.

(٥) بەرد «ی یەکەم»: سەرما. تۆمە: توو. چێو: چیلکە، مەبەس ساقی گوڵە. واتە: بەهار هەوای ساردی لە سەرزەوی نەهێشتو تووی گوڵی لە ژێر خاکا پێگەیاندو کردی بە ساقو هێنایە دەر. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «وە چێو بەراوەرد» نووسراوە «وە جۆی وەرد ئاورد» واتە: تووی گوڵەکانی هێنایە ناو ئەو جۆگایانەی کە بۆ گوڵ دروست کراون.

(٦) سۆزە: شنە. نەونیهال: نەونەمام. هاڵ: حاڵ. واتە: سۆزەی بای شەماڵ دای بە گەڵای

سـوب شـنۆی نـەسیم دەس جـە وێ وەردا
بـۆی وەرکـەمەر شـەند وە وەرکـەمەردا(١)

چـون دوو نـە رووی دڵ پـەرێ خـاوێران
تـەم جـەم بی نـە رووی ئاوان تـاوێران(٢)

سـەفای سـەیرانگـای ساراو سـەرهەردان
مـنالۆ پـەی بـەزم جـەرگەی هامفەردان(٣)

نـەك چـون فـەزای کـەیف بەرگ سیاوان
سـمکۆی سـەر زاخـڕ نـە پـای وەفـراوان(٤)

مـن خـۆ دور جـە تـۆ چـون مـەردە مـەردە
هـەر هـام نـە خـیاڵ سـاڵ ویـەردە(٥)

☞

ئەمامەکاناو هاوارو بانگەوازی ناخۆش حاڵی عاشقە خەمبارەکان بەرزکردەوە، چونکە ئینسانی دڵدار کە تەماشای گوڵو گیاو شنەی با بکا خەفەت لە دڵیا زیاد ئەبێ.

(١) وێ: خۆی. وەرکەمەر «ی یەکەم» گیایەکی بۆنخۆشە لەکوێستانەکانا بە لا تاشەوە ئەڕوێ. شەند: وەشاندی. وەرکەمەر «ی دووەم»: پێشەوەی بەردو تاشەکان. واتە: بای بەیانی دەستی لە خۆی بەرداو بۆنی گیای وەرکەمەری بڵاو کردەوە بە رووی تاشو بەرکەمەرەکانا.

(٢) خاوێر: خەواڵوو. تاوێر: تاشو بەرد. واتە: وەك دووکەڵی رووی دڵی یارە خەواڵووەکان تەم کۆبووەوە بە رووی ئاوو تاشە بەردەکانەوە.

(٣) منالۆ: ئەناڵێنێ. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی‌دا دێ.

(٤) فەزا: مەیدان. بەرگ سیاوان: بەرگ رەشەکان، مەبەس بزنە کێوی‌یە. سمکۆ: سمکۆڵ، پێ بە زەوی‌دا کوتان. زاخر: شوێنێکە وردە بەردی هەبێ. واتە: خۆشی‌و رابواردنی سەیرانگاکانی دەشتو شاخ ئەناڵێنێ بۆ ئاهەنگی کۆڕی دۆستان کە لێی بڕاوە، بەڵام ناگاتە رابواردنی مەیدانی کەیف کردنی بزنەکان کە لۆقە ئەکەن بە سەر زێخی داوێنی شاخەکانا کە بەفراوی تواوەی بە ناوا ئەڕوا، چونکە ئەو هەر زۆر پەشێوەکە یادی دۆستان ئەکاتەوەکە ئەهاتن بۆ راو.

(٥) مەردە: مردوو. مەعنای ئەم شیعرەش لەگەڵ شیعری دوایی‌دا دێ.

ئــەساسەی نــەچیر مــاوەردم پــەرێت
وێت تەیار مەکەرد، چون کێ، هەر چون وێت(١)

مــــەوینای رەزن مـــادەنی کـــانی
مـــانی وە ســـەنعەت ســـەلیقەی «مـــانی»(٢)

سوب نـە جـاسووسگەی مـلان سـەرهەردان
چون سۆمای خورشید شۆڵە کـەرد هـەرزان(٣)

مشـــانای وە پـــێڵ لوولەی دوور مـــەنزڵ
مـووسەوی سـەرتەڵ کـارخـانەی مـووسڵ(٤)

خــــارای خــــانان تــــاق قــــووڵ لوول وەردە
چـــــون نــیگای دڵبــەر هــەزارە کــەردە(٥)

---

(١) ئەساسە: ئەسباب. تەیار: ئامادە. واتـە: منیش دوور لە تۆ وەك کـەسێك مـردووی مردبێ هەر یادی پار ئەکەمەوە کە ئەسبابی راو کردنم بۆ ئەهێنای تۆیش خـۆت ئامادە ئەکرد وەك خۆت. مەولەوی لێرەدا ئەیەوێ شێخ یوسف بشوبهێنێ بەکەسێکی ناوبانگ دەرکردوو لە راوچی‌یەتی‌دا، بەڵام بڕیار ئەدا کەکەس نیە پێی بشوبهێنێ، لەبەر ئەوە هەر ئەی‌شوبهێنێ بە خۆی، وە بەمە بەلاغەتێکی جوان پیشان ئەدا. لە هـەندێ نـوسخەدا لە جیاتی «هەر» نووسراوە «مەر» واتە: مەگەر.

(٢) مـەوینای: ئـەتبەست. رەزن: ئـەسابی چـەك. مـادەنی: جـۆرە تـفەنگێکـە. کـانی: لەکارخـانە دەرچـوو. مـانی «ی یـەکـەم»: ئـەشوبهای. مـانی «ی دووەم»: وێـنـەگـرێکـی بەناوبانگە. واتە: پێویستی‌یەکانی تفەنگی کارخـانەت ئـەبەستە پشتت‌و ئـەوەندە جـوان بووی پێ‌یەوە ئەت‌وت نیگارێکی «مانی» کێشاویەتی.

(٣) سۆما: ترووسکەی رووناکی. شۆڵە: «شـعلە»، تیشك. مـەعنای ئـەم شـیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

(٤) مشـانای: ئـەت‌خستە. پـێڵ: قـۆڵ. مـووسەوی: مـووساخانی، جـۆرە تـفەنگێکـە. سەرتەڵ: نایاب. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «پێڵ» نووسراوە «دوش» بە مەعنا کۆڵ.

(٥) خارا: جۆرە ئاسنێکی باشە تفەنگی لێ دروست کراوە. هەزارەکەردە: هەزار پێکـاو. واتە: بەیانیان هەرکە تیشکی رۆژی رووناکی بڵاو ئەکردەوە تۆ لەو شوێنانەوەکە خۆت تیا

دروستیو هەڵمەت قەزاو خەیاڵ تەور
ناڵەو نارو دوود ڕەعدو بەرقو هەور[١]

وەشدەماخ دڵشاد بەو شکڵو شێوە
پێوە وەو جەستەی سەد سەودا پێوە[٢]

خاوخاو پەی نەچیر چەم وە نیگاوە
تەك مەداین وە لای کۆی ئاتەشگاوە[٣]

من ماتو بێ دەنگ بێ سەداو ناڵە
یەکێ بیم چون سەنگ قولەی قەزاڵە[٤]

تۆ کەڵ گەل، گەل گەل وە چەم مەکەردی
پارێز وە پای ڕێز ئەستەم مەبەردی[٥]

☞

مات ئەدا لە ملەو سەر هەردەکانا تفەنگی نایابی موساخانیت ئەکردە شان کە لەکارخانەی مووسڵ دروست ئەکراو، گوللەی تا ماوەیەکی دوور ئەڕۆیشتو لە ئاسنی باش دروست کرابوو، وە پشتەکەی خانخان نەخشی لێ دروست کرابوو، وە خانەکانی هیلالی بوون، وە لوولەکەی قووڵو لوولخواردوو بوو تا ئەگەیشتەکونەکەی تەسكتر ئەبوەوە، وە وەك لاکردنەوەی یار چۆن هەزار دڵدار ئەکوژێ ئەویش هەزار نەچیری بە جارێ ئەخست.

(١) دروستی: دەسڕاسی. واتە: دەسڕاسیت وەك تیری قەزاو قەدەرو، هەڵمەتت وەك خەیاڵ گورج بوو، ناڵەو ئاگری تفەنگەکەشت وەك ناڵەو تیشکی برووسکەو، دووکەڵەکەی وەك هەور وابوو.

(٢) پێوە «ی یەکەم»: بەیەکەوە: مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.

(٣) تەكمەداین: پاڵمان ئەدا. ئاتەشگا: شاخێکە لە نزیکی پاوە. واتە: بە دڵێکی شادو دەماخێکی خۆشەوە، تۆ بەو دیمەنە جوانەو من بە لەشی گرفتاری هەزار دەردەمەوە پێکەوە وردە وردە ئەمانڕوانی بۆ بەدی کردنی نەچیرو تەکمان ئەدا بە لای شاخی ئاتەشگاوە.

(٤) واتە: من هیچ دەنگم لێوە نەئەهات وەك یەکێك بم لە بەردەکانی قوللەی شاخی قەزاڵەکە ئەکەوێتە پشت خانەگای لای پاوەوە.

(٥) ڕێز: ورد. واتە: تۆیش کۆمەڵ کۆمەڵ کەڵەکێوێت ئەکردە چاوو بە ئاستەم پێت ئەنایە سەر وردە بەردەکان تا خشەی لێوە نەیەت نەوەك کەڵەکان هەست بکەنو دەرچن.

مــەگــرتی شــنۆی هــەناسەت بــێ دەنگ
دووهاچەی چەتاڵ مەینای نە رووی سەنگ(۱)

مشت گـــرتەو دیـــاو ئـیشارەی مـاشەك
تـەقیاو پـێـکـیاو کـڵافـەی کـەڵ یـەك(۲)

هــەر لا هــۆش مــدای گــۆش وە ســەداوە
هــەر ســەنگێ پــەی وێش دەنگــێ مـداوە(۳)

بــازرە پــڕتــاو، کــۆ چــون تــل مــەوەرد
هەر بەرد بێ نەو هەرد مەهەڕد وێنەی گـەرد(۴)

دمـای ئـێد دڵ کـەرد جـە نـەچیر حـاشا
هــەر ســات مــەکــەردم نــەوعێ تـماشا(۵)

---

(۱) چەتاڵ: ئەو پارچە ئاسنەیەکە بە زۆر هەندێ تفەنگەوە هەیەو دوو پێچکەی پێوەیە ئەیانکەنەوەو لەسەر بەرد دایان ئەنێن بۆ ئەوەکە تفەنگەکە لەکاتی تەقاندنا بە دەستی کابرای تفەنگ تەقێنەوە نەلەرزێ، دووهاچەکەشی ئەو دوو پێچکەیەیە. واتە: دەمی خۆت ئەگرت و نەت ئەهێشت هەناسەت دەرچێ، وە دوو پێچکەی چەتاڵی تفەنگەکەت لە سەر بەردەکە دائەناو ئامادە ئەبووی بۆ تەقەکردن.
(۲) گــرتە: گــرتنەوە. دیـا: روانـین. مـاشە: زامـنەی تـفەنگ. تـەقیا: تـەقینەوە. کـڵافـە: لوول‌خواردن. واتە: مشت‌گرتنەوەت و روانینت و دەس بردنت بۆ زامنەی تفەنگ و تەقینی پێکرانی کەڵەکەو تل‌بوونەوەی، هەموو لە یەك‌کاتا تەواو ئەبوو.
(۳) مدای: بتدایە. واتە: سەرنجت بدایەتە هەر لایەك گوێت لێ ئەبوو هـەر بـەردێ بـۆ خۆی دەنگی ئەدایەوە هی تەقەی تفنگەکە.
(۴) بازرە: ئەو حەیوانەی بە شوێنی خۆیا بگەڕێتەوە. کۆ: کۆمەڵە بەرد. مەهەڕد: ئەهاڕا. واتە: حەیوانێ لە ترسی تەقە گەڕاوە دواوە بە تاو رای ئەکرد، کەکـۆمـەڵە بـەردیش تـل ئەبوەوە بەردی ئەو شاخانە ئەهاڕاو ئەبوو بە تۆز.
(۵) واتە: پاش ئەوەی کە دڵ بێزار ئەبوو لە راو کردن هەرتاوێ بە جۆرێ تەماشام ئەکرد.

لەرزەی سـەد تـەرزەی سـەوزەی دیـاران
خـەندەی شکـۆفـەی نـەمامان داران[١]

شـنیای هـەڵاڵان وەکـۆە نـووردا
پەخش بی چین چین وە رووی چنووردا[٢]

شادی‌و وەشی‌و عەیش چەم‌و خەم جەم بـی
چێویٚ جە لامان کەم بی هەر خەم بی[٣]

ئـیسە وە ئـەڵماس دووری دڵ کـاوام
مـەلال بـەدحاڵ «ئـەردەڵان» مـاوام[٤]

تـۆ مـەست بـادەی دەرد ئـەفگەن مـەیل
مـن حـەیران دەس نـیگای بـاڵای لەیل[٥]

---

(١) خەندە: پێکەنین. واتە: سەیری لەرەی سەد جۆرەی سەوزایی شاخەکانم ئەکردو بۆ پێکەنینی گۆپکەی نەمامەکانم ئەڕوانی. مەبەس پێکەنینی گۆپکەی دارەکان، پشکووتوویانە.
(٢) کوە نوور: شاخی نوور، شاخێکە لای پاوە بۆیە وا ناونراوە چونکە «پیر خدری شاهۆ» لەوێ خەریکی خوا پەرستی بووە. واتە: شنەی گوڵاڵەکانی شاخی نوور چین چین بڵاو بووبووەوە بە سەر چنووری شاخەکەدا. لە هەندێ نوسخەدا نیوەی دووهەمی ئەم شیعرە بەم جۆرە نووسراوە:
پەخشان وە پای سەنگ وە رووی چنووردا.
واتە: بە داوێنی بەردەکان‌و بە سەر چنوور دا بڵاو بووبووەوە.
(٣) چەم‌و خەم: چەمینەوەو لاربوونەوە، مەبەس هەڵپەڕکێ‌و سەمایە. چێویٚ: شتێك. واتە: شادی‌و خۆشی‌و رابواردن‌و هەڵپەڕکێ کۆبووبوونەوە، تەنها شتێکمان کەم بوو کە خەفەتە.
(٤) کاوام: قڵەشاندم. ئەردەڵان: ناوی خێزانێکی بەناوبانگە لە سنەکە ساڵەها حوکمی کردووە لە زۆر لای کوردستانی ئێرانا، لێرەدا مەبەس لێی شاری سنەیەکە پایتەختی حوکمی ئەو خێزانە بووە. واتە: بەڵام ئێستا بە ئەڵماسی دووری شووشەی دڵمم لەت کردووەو خەفەتبارم‌و حاڵم ناخۆشەو لە «سنە»م.
(٥) دەردئەفگەن: دەرد لابەر. واتە: تۆ بە شەرابی دەرد لابەری خۆشەویستی یار مەست بووی، منیش حەیرانی دەستی تەماشاکردنی باڵای لەیلم.

نــــە ئــــەو ســـەیرانــەو نـــە تــۆ دیــاری
ســــا بـــــۆ بـــمانەو زام نـــەبۆ کــاری(١)

[٣]

های شەماڵ(٢)

هــای شــەماڵ چــەند جــار را تــەی کــەردەنی
چـــەند تــەشریف وە لای یــاران بــەردەنی(٣)

نــە ئــەم جــارەی مــن چــون ئــەو جــارانــەن
نـــــە ئـــازیز وێنــەی ئــیفتەر یـــارانــەن(٤)

دەی ســا شــۆ بــویەر نــەو ســوب ســەحەردا
چـــون دووی هــەناسەم وە «ئــاوێدەر»دا(٥)

ســـاتێ تـــاماڵ کـــەر، بـــدیە درەنگــێ
ئـــانا مــــوینی ئـــاسمان رەنگـــێ(٦)

---

(١) بمانە: بمێنە. واتە: ئێستا نە ئەو سەیرانەی جاران هەیەو نە تۆیش دیاری، سا وەرە بمێنەوە دەردت کاری نەبێ.

[٣]

(٢) مەولەوی لە «بانە» فەقێ ئەبێ، ئەبیسێ کە شێخ عەزیزی جانەوەرەیی برادەری کە ئەویش لە مزگەوتی دارالاحسان لە سنە، ئاوڵەی دەرکردووە، بەو بۆنـەیەوە ئـەم پارچە هەڵبەستەی بۆ ئەنێرێ.

(٣) مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

(٤) ئیفتە: ئەوانی‌تر. واتە: ئەی شەماڵ تۆ زۆرجار رێگات بریوەو چووی بـۆلای یـاران، بەڵام نە ئەمجارەی من وەکوو جارەکانی‌تر وایە، وە نە شێخ عـەزیزی بـرادەریشم وەك دۆستانی‌تر وایە. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «ئیفتەر» نووسراوە «دیگەر» کە هەر یانی «تر».

(٥) شۆ: برۆ. ئاوێدەر: کێوێکە لە باشووری رۆژاوای سنەوە. واتە: دەسا برۆ بەیانی وەك تەمی هەناسەم بە سەر شاخی ئاوێدەر دا تێ‌پەڕە.

(٦) تامڵ: چاوەڕوانی. بـدیە: بـڕوانـە. موینی: ئـەبینی. مـەعنای ئـەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

بـــوولْ کـەردەن وە سـەر هـەر هـەفت تـارمدا
خوسووس وە سەر بەخت چـەرخ چـارمدا[١]

بـــورجش یـــەند بـــەرزەن «سَـــعْد اَکـــبَر»ەن
جـــە گـــردین بـــورجـــان شـــەرەفناك تـــەرەن[٢]

ســــتارەی تــــاڵەی مــــەینەت گــــازەکــــەم
خــــورشیدەکــــەی ئــــەوج بــــورج نــــازەکــــەم[٣]

هــــانە گــــۆشــــەی ئــــەوج خــــانەی شــــەرەفدا
نــــوور ئــــەفشانیشەن وە هــــەر تــــەرەفدا[٤]

---

(١) بووڵ: خۆڵەکەوە. تارم: قات، مەبەس لە ئاسمانەکانە. چەرخ: ئاسمان. واتـە: تـاوێ چاوەڕوانی بکەو کەمێك بڕوانەکۆشکێکی وەك ئـاسمان بـەرز، یـا وەك ئـاسمان شـین، ئەبینی، ئەوەندە بەرزە خۆڵەکەوەی کردووە بەسەر هەر حەوت ئـاسمانەکـەدا بـۆیـە وا ئاسمان شین ئەکاتەوە، وە بە تایبەتی بە سەر بەختی ئاسمانی چوارەما کە بە پێی واتەی ڕیازی‌یەکۆنەکان ڕۆژ بەوەوە بەندە. مەبەسی لەوەیە ئەوکەسەی لەم کۆشکەدایە لە ڕۆژی ئاسمانی چوارەم جوانترە.

(٢) بورج: قەڵا، وە بە ئیستیلاحی ڕیازی‌یەکان بەشێکە لە دوانزە بەشی دائیرەی فەلەك، وە هەر بورجێ سێ بەشەو هەر بەشێکی دەرەجەیەکە. سعداکبر: گەورەترین بەختیاری، وە بە ئیستیلاحی ڕیازی‌یەکان بە ئەستێرەی موشتەری ئەڵێن. واتـە: ئـەو بـاڵەخانەیە قەڵایەکی تیایە گەورەترین بەختیاری پێوەیەو لە هـەموو قـەڵایـەك بـەشەرەفترە چـونکە ئازیزی تیایە.

(٣) هـــەسارە: ئـــەستێرە. ئـــەوج: لای ژووروو، وە لای ڕیـــازی‌یەکـــان بـــڕیتی‌یە لە بەیەك‌گەیشتنی سەتحی سەرووی فەلەکی هەڵگری ڕۆژ بە سەتحی سەرووی فەلەکی هاوێنەی فەلەکی هەشتەم کە پێی ئەڵێن فەلەکی «ممثّل». لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «هەسارە» نووسراوە «ستارە». مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دوایی‌دا دێ.

(٤) خانەی شەرەف: شوێنی گـەورەیی، وە لای ڕیـازی‌یەکـان دەرەجـەی نـوزدەهەمی بورجی حەمەلە، بە پێی قسەی ئەو ڕیازی‌یانە هەرکاتێ ڕۆژ بگاتە دەرەجەی نوزدەهەمی حەمەل، وە لە بەرامبەری ئەستێرەی موشتەری‌یەوە بێ و لە نوختەی ئەوجی فەلەکیشا بێ

تـــلووعو غــــرووب ســـوب ئـێوارانـــەن
مــــــەعاشو ســــــــەبات دەردەداران(١)
بــــەڵام مــــن جــەستەم خـــەیلێ بـــەدحاڵەن
لاڵ بـــوون مـــالوومەن ئـــەو نـــە وەبـــاڵەن(٢)

☞

وە بەمجۆرە هەڵبێت، ئەو کاتە بە پیرۆزترین کـاتێکـی هـەڵهـاتنی رۆژ دائـەنرێ. نـوور ئەفشانی: بڵاو کردنەوەی رووناکی. واتە: ئەستێرەی بەختە مەینەت گازلێ گرتووەکـەمو رۆژی سەربانی قەڵای نازم کە بریتی‌یە لە شێخ عـەزیز لە سـووچی لای ژووررووی ئـەو باڵاخانە پڕ شەرافەتمەندی‌یەدا رووناکی بڵاو ئەکاتەوە بە هەموو لایەکدا.
مەولەوی لەم شیعرانەدا تەشبیهی مزگەوتی «دارالاحسان»ی کردووە بـە ئـاسمانەوە، وە شێخ عەزیزی دۆستی بە رۆژ، وە باڵەخانەی حوجرەی فەقێکان بـە بـورج، وە حـوجرە هەرەبەرزەکەی شێخ عەزیز بە نوختەی ئەوج ـ ئەگەر ئەوج لە عورفا بە خاوەن ئیمتیداد دانرێ ـ وە لەبەر ئەوەکە حوجرەی شێخ عەزیز ژووری ژمارە نوزدە بووە لە حوجرەکانی فەقێکانا، داینـاوە بە خانەی شـەرف کە دەرەجەی نوزدەهەمی بورجی حەمەلە، وە لەبەر ئەوەکە دۆستان لە بەرابەریا دانیشتوون خزمەتی ئەکەن لەبەر نەخۆشی، ئەوانی داناوە بە ئەستێرەی موشتەری، وە بڕیاری داوەکە ئەم لە خانەی شەرەف، وە لە پایەی سـەعدی ئەکبەردایە.
لێرەدا هەرئەوەندە ئەوترێ بۆ روون کردنەوەی ئەم ئیشارەتو تەشبیهانەی کە مەولەوی کردوونی لەم شیعرانەی‌دا، چونکە تێگەیشتنی تەواوی ئەم وردەکاری‌یە پـێویستی بـە زانینی فەلەکیاتی کۆن هەیە.
لەکۆکردنەوەی «ئاسمان»و «خورشید»و «بورج» «ئەوج»و «سعد»و «طالع»و «شەرەف» دا بەپێی عیلمی بەدیع هونەری «طباق» هەیە.
(١) مەعاش: مایەی ژیان. سەبات: ئیسراحەتی شەو. واتـە: دەرکـەوتنی ئـەو دۆستە لە سبەینیاندا مایەی ژیانی دۆستە دەردەدارەکانیەتی، وە ئـاوابـوونی لە ئێوارانـدا مـایەی حەسانەوەیانە. وشەی «مەعاش»و «سەبت» لەم شیعرەدا ئیشارەتە بۆ ئایەتی ﴿وَ جَعَلْنا النَّهارَ مَعاشاً، وَ جَعَلْنا نَوْمَکُمْ سُباتاً﴾.
(٢) لاڵ بوون: لاڵ بم. مالووم، مەعلووم. وەباڵ: نەگبەتی.

یـانێ ئـەو بـاڵای تـووڵ عـەرعەر تـەرز
مـەشنیۆ وە بـاد سـوب سـەحەری لەرز[١]

چین کەفتەن نە رووی پێشانیش چون سیم
چـون زەنـجیرەی ئاو وە شنۆی نـەسیم[٢]

نـیم نـیگاش هـەوەس دڵ دۆزیش نـیەن
نـازش دڵبـەریش جـە خـاتر شـیەن[٣]

ئـاوڵەش هـوردان لاڵ یـەمانی
وێنـەی گـۆی «حوباب» ئاو حـەیوانـی[٤]

بـاغ مـەحبووبیش جـە سـەر تـا دامـان
جـە وەیشـوومەی دەرد خـەزانش ئامان[٥]

دەخـیلم شـەماڵ وەی گشت دەردەوە
شـۆ وە خـزمەتش وەی دووی سـەردەوە[٦]

---

(١) واتە: کە ئەڵێم شێخ عەزیز کەوتووەتە ناو دەلیای مـەینەت، مـەبەسم ئـەوەیە بـاڵای وەك عەرعەر بەرزی ئەلەرێوەتەوە بە دەم بای بەیانی‌یەوەکە چۆقەی لەرزە، چونکە ئەوەی لەرزی بێ لەشی وەك شۆڕەبی ئەلەرزێ.

(٢) سیم: زیو. واتە: تەوێڵی وەك زیو سپی‌و جوانی گرژو چین‌چین بووە وەك ئاو کـە بـا لێی ئەدا زەنجیرە ئەکاو چین‌چین ئەبێ‌و نەرمە شەپۆل ئەدا.

(٣) دڵ‌دۆزی: دڵ دوورینەوە. واتە: جاران کە ئەی‌روانی بۆ دڵداران بەو روانینە دڵـیانی ئەدووری‌یەوە، بەڵام ئێستا بە هـۆی نـەخۆشـی‌یەوە تـاقەتی روانـینی نـەماوە، وە نـازی دڵبەرانەی لە بیر چووەتەوە .

(٤) لاڵ یەمانی: لەعلی یەمەنی، ئاقیق. حوباب: ئەو قوڵتەیەی پەیدا ئـەبێ لە سـەر ئـاو لەکاتی داکەوتنی دڵۆپی بارانا. واتە: ئاوڵەی دەرداوە، دەنکەکانی ئەڵێی ئاقیقی سوورە بە لەشیەوە، وە لە قوڵتەی سەر ئاوی حەیات ئەچێ.

(٥) وەیشوومە: تۆفی سەرما. واتە: باخی جوانیی ئەو لە سەریەوە تا داوێنی بە هۆی بای ساردی نەخۆشی‌یەوە پایزی داهاتووە. مەبەستی لەوەیەکە لەشی توێکی هەڵداوە، وە ئەو توێکەی شوبهاندنووە بە گەڵای دارکە بوەرێ.

(٦) شۆ: بڕۆ. واتە: شەماڵ دەخیلتم بەم گشت دەردی دڵمەوە بەم دووکـەڵی هـەناسەی ساردمەوە بڕۆ بۆ خزمەتی شێخ عەزیز.

دڵ جـــه دەمــــاوەند گـــرەو بـــەردەبێ
دیـــده دانـــەی روب ریـــوەند وەردەبـــێ(١)

واچـــه کـــەفارەت بـــەژن بـــاڵات بـــۆ
نـــەسیب رەقـــیـب خـــاڵ ئـــاڵات بـــۆ(٢)

بـــدیه نـــەرگسان جـــه شـــەونم بـــین کـــەیل
پەرسا: کۆن؟ عەرزکەر: قەیسەکەی دوجەیل!(٣)

هـــانه «بـــانه»دا بـــێ کـــەی کـــەفتەبێ
دیـــار بـــێ ئـــازار تـــۆ شـــنەفتەبێ(٤)

ئـــایر ســـەندەبێ جـــه گـــردین لاوه
پـــووشەکـــەی جـــەستەش وه «ئـــاربەبا»وه(٥)

مـــدیای گـــا پـــێچ وەرد، گـــا مـــنامیاوه
جـــارجـــار جـــه نـــاڵەش مـــفامیاوه:(٦)

---

(١) دەماوەند: شاخێکی بەرزە لە ئێران. روب: دۆشاو. ریوەند: گیایەکە دۆشاوێکی سووری لێ ئەگرن و وشکی ئەکەنەوەو ئەی‌کەن بە دەنك و بۆ هەندێ نەخۆشی بەکاری دێنن. واتە: پێی بڵێ لە تاو نەخۆشی تۆ دڵی مەولەوی ئەوەندە تەم دای‌گرتبوو وە گرەوی لەکێوی دەماوەند بردبووەوە، وە ئەوەندە گریابوو چاوی سوور بووبوو ئەتوت دەنکی دۆشاوی ریوەندی خواردووە.

(٢) واتە: دڵ‌خۆشی بدەرەوەو پێی‌بڵێ خوا بکا ئەم نەخۆشی‌یە ببێ بەکەفارەت بۆ رزگار بوونی لەشت لە سزای دوزەخ، وە بەشی ئەوکەسانە بێ کە ناحەزی خاڵی رەنگاورەنگتن.

(٣) بدیه: بڕوانە. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.

(٤) واتە: بڕوانە بۆ چاوە نیرگسی‌یەکانی کە لە خەفەتا پڕ بوون لە دڵۆپی فرمێسکی وەك شەونم، کە هەواڵی منی لێ‌پرسیت‌و وتی لەکوێ‌یە، وەرامی بدەرەوە بڵێ: مەولەوی کە بۆ تۆ وەك مەجنوون وایەو لە دوجەیل دائەنیشێت، لە بانە بوو، بێ‌کەس کەوتبوو، دیار بوو خەبەری نەخۆشی تۆی بیستبوو.

(٥) ئاربەبا: شاخێکە لە نزیکی بانەوە. واتە: لەشی باریك‌و بێ‌هێزی لە هەموو لایەکەوە ئاگری تێ‌بەربووبوو وەك پووش بە شاخی ئەربەباوە ئاگری تێ ئەچێ.

(٦) مدیای: ئەت‌ڕوانی. منامیاوه: ئەنەوی‌یەوە. مفامیاوه: فەهم ئەکرا. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

فـــەڵەك داخ وە دڵ خـــەستەمدا بـــەردی
ژار دووری گـــیان ئـــازیز پـــێم وەردی[(١)]

واتـــم سـا ئـــەڵبـــەت تـــەمامت کـــەردەن
گـــیان رســـتگارم جـــە دمـــای مـــەردەن[(٢)]

چـــێش دمـــای مـــەرگیش یـــەند بـــەدبەختەنان
گـــیان هـــەر نـــە ئـــازار دەرد ســـەختەنان[(٣)]

یـــە ســـفتەی وە بـــاد هـــەرد ئـــەو هـــەردمەن
یـــە گـــیان ئـــازیز زیـــز دەردمـــەن[(٤)]

ســـەروەخت بـــەندی رای فـــەریادمەن
ئـــینسافەن، وەســـەن، فـــەڵەك دادمـــەن[(٥)]

تـــەئسیرش نـــیەن فـــەریاد جـــە لای تـــۆ
تـــا دەست قـــودرەت چـــەرخت نـــەشکنۆ[(٦)]

---

(١) پێموەردی: دەرخواردتدام. واتە: ئەگەر بۆت بڕوانییایە ئەتدی تاوێك لە تاو ئازار پێچی ئەخواردو تاوێکی تر ئەچەمییەوە جارجاریش ئەی‌ناڵاندو وا ئەهاتە بەرگوێ ئەی‌وت ئای گەردوون چەند داخت برد بە دڵی خەستەماو چەند ژاراوی دووری ئازیزت دەرخوارد دام. لەم شیعرەوە تا دوا شیعر هەر قسەی مەولەوی‌یە لەگەڵ گەردوون.

(٢) دما: پاش. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەی‌یەوە.

(٣) چـێش: کـەچی. واتـە: کـە ئـەو هـەموو ئازارەت دام لە دڵی خـۆما وتـم ئـەڵبـەت لێ‌بوویتەوەو ئیتر پاش مردن بۆ خۆم ئەحەسێمەوە، کەچی ئەوەندە بەدبەختم لە پاش مردنیش گیانم هەر بە دەم دەردی سەختەوە ئازار ئەچێژێ.

(٤) زیز: عاجز. واتە: ئەوەتە لە لایەکەوە لەشم سووتاوەو با خۆڵەکەی بردووە بەم هەردو بەو هەردا، وە لە لایێکی‌ترەوە ئازیزەکەم بە دەستی دەردو نەخۆشی‌یەو عاجزە.

(٥) بەندی: گیران. واتە: وادەی بەسرانی رێگای هـاوارمـە، سـاتوخوا فـەڵەك داد، ئیتر بەسە ئینسافت بێ.

(٦) نەشکنو: نەشکێنێ. واتە: بەڵام هاوارو داد سوودی نیە لای تۆ تا دەسی قـودرەتی خوا ئەم چەرخو هەڵسووڕانەت نەشکێنێتە یەك.

[٤]

هام‌دەردان ئامان[١]

هـام دەردان ئـامان ئـەر مـەندەن هۆشم
سـەدایـێ وەشـەن مـەیۆ نـە گـۆشم[٢]

چـمان زیـڵەی زەنگ زەواری مـەیۆ
زرەنگـەی قـافڵەکـەی وەهـاری مـەیۆ[٣]

قـافڵەچـی ئـامان، دادەن دەخـیلم
بـنەکدار خـەم خـەیلێ زەلیـلم[٤]

نـە رای تـیجارەت ئـەمیر وەلی
تـۆ مـایەی رەواج عـەباس و عـەلی[٥]

ساتێ قـافڵەکـەت سـاکن نـە سـەیر بـۆ
یـەك عـەرزێ دێرم: ئـۆغـرت خـەیر بـۆ[٦]

---

[٤]

(١) مەولەوی جارێکیان گوێی لە دەنگی کاروانێکەوە ئەبێ، وە بەو موناسەبەتەوە بە خەیاڵ قافڵەچی‌یەکە بانگ ئەکاو لەگەڵیا ئەکەوێتە گفتوگۆ. قسەکانی بەینی خۆی‌و ئەو قافڵەچی‌یەی لەم قەسیدەدا هۆنیوەتەوە. شێوەی قەسیدەکە لەوە ئەچێ لە ناوچەی زەهاو بوویێ وتبێتێ، وە بۆ شێخ عەزیزی جانەوەرەیی نوسیبێ.

(٢) مەیۆ: دێت. واتە: هاودەردینە! ئەگەر هۆشم لای خۆم بێ وا ئەزانم دەنگێکی خۆشم دێتە گوێ. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «هام‌دەردان» نووسراوە «هام‌سەران».

(٣) چمان: وەك بڵێی. زەوار: کاروان، لە «زواری»ی عەرەبی‌یەوە وەرگیراوەکە جەمعی «زائر»ە بە مەعنای زیارەتکەر. واتە: وەك بڵێی دەنگی زەنگی کاروانێکی بەهاری دێتە گوێم.

(٤) بنەکدار: ئەوکەسەیەکە پێش کۆچ کردنی هۆز ئەچێتە هەوارگە بۆ جێ‌خۆش کردن‌و ئامادەکردنی نان‌و خۆراك‌و حەیوان لەوەڕاندن. مەعنای ئەم شیعرەو دوو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

(٥) ئەمیر وەلی: حەزرەتی عەلی کە مەشهوورە بە «امیر المؤمنین ولی الله».

(٦) سەیر: ڕۆیشتن. دێرم: هەمە. واتە: دەخیلتم کاکەی کاروانچی، من لێرە لەسەر ماڵی

گـێج زرێوار هـەرسم مـەوج وەردەن
سـارای مـەریوان تـەمام هـەڕ کـەردەن(١)

بـازش هـەناسەم سـوب وەنـەش دەرۆ
یـەخ کـەرۆ قـەتار ئـاسان بـویەرۆ(٢)

ئـەمجار وە سـۆزەن مـوژەی جـۆش وەردەم
سـەر نـووك قـەڵەم ئاخ سـۆراخ کـەردەم(٣)

وە بـەند دووبـاد مـەینەت جگـەر
بـوورازە تـاتای جـەواڵان یـەکسـەر(٤)

قـەیاسەی قـایش پـۆسـەکـەی جـەستەم
حـەڵقـەی چـەڵەمە پـێشـەی شکستەم(٥)

☞

خەمو خەفەت دانیشتوومو زۆر زەلیلم، سوێندت ئەدەم بەوەی کە بووە بە مایەی ناوبانگ دەرکردنی حەزرەتی عەلی عەباس، لەبەر خاتری بازرگانی حەزرەتی عەلی تۆزێ لێرەکاروانی یەکەت راوەستێنە قسەیەکم هەیە با پێتی بڵێم، قسەکەشم ئەوەیە بۆ کوێ ئەچی، جارێ بمێنەرەوە. لە ناو کاروانچی یەکانی کوردستانی خوارووودا باوە سوێن بە بازرگانی حەزرەتی عەلیو عەباس ئەخۆن.

(١) زرێوار: زرێبار، گۆمێکی گەورەیە لە دەشتی مەریوان زستانان ئـەمەیێو سـوارە بـە سەریا غار ئەکەنو ئەچن بۆ راو. هەڕ: قوڕ. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری پاشەوەی‌دا دێ.

(٢) بازش: لێی‌گەڕێ. یەخ: سەهۆڵ. واتە: زرێباری فـرمێسکم شـەپۆلی داوەو دەشـتی مەریوانی کردووە بە قوڕ، جارێ مەڕۆ تا بەیانی با هەناسەی ساردم بدا لەو دەشتەو کزری بکاتەوە بۆ ئەوەی وڵاخەکانت نەچەقن.

(٣) قەڵەم: ئەو بزمارە تیژەیەکە ئاسنگەرەکان کلکی سووزنی پێ کون ئەکـەن. سـوراخ: کون. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەش پێکەوە دێ.

(٤) بەند: بەن. بوورازە: بدوورە. واتە: بە سووزنی جۆش‌خواردووی برژانگیشم کـە بـە نووکی قەڵەمی داخو خەفەت کون کراوە، وە بە بەنی دوولۆی مەینەت کە بەنی جەرگمە، جەواڵەکان یەکەیەکە بدوورەوە.

(٥) قەیاسە: ئەو قایشەیە بە ژێر سکی وڵاخا ئەی هێننەوە بۆ قایم کردنی کۆپـانەکـەی.

رەگ تــــەن تــاڵی تـاڵوەردەی سـێوەنگ
بـــفەرمان یـــاران بـاران بــدان تــەنگ[١]

زەنگ دڵەی تـــەنگ زایـــەڵەی سـەدرەنگ
پێکیای تـای دەرد ریشـەی خـەم گـوڵەنگ[٢]

وزان نـــە گــــەردەن بـــەرز پـێشـاهەنگ
بشـۆ بـدۆ دەنگ فـرسەنگ وە فـرسەنگ[٣]

مـەدەد یـا عـەلی پەی سەفەر کـەر مـەیل
مـەنزڵ وە مـەنزڵ تـا مـەنزڵگەی لەیـل[٤]

بـەڵام هـەر خـاکـێ جـەو ئـاسانەکـەن
گـەرد سـفتەی گـیان هـەراسـانەکـەن[٥]

☞

چەڵەمە: ئەو ئەڵقە ئاسنەیەکە بە سەری قایشەکەوەیە وەك بەرزەوانە بۆ توونـد کـردنی قەیاسەکە. واتە: پێستی لەشم بکە بە قایش بۆ قەیاسەو ئێسقانی شکاویشم وەك ئـەڵقە داتاشەو بیکە بە چەڵەمە بۆ تۆند کردنی قەیاسەکە.

(١) سێوەنگ: رەش‌پەیوەست. بفەرما: بفەرموو. واتـە: بـفەرموو دۆسـتان دەمـارەکـانی لەشم کە بە دەرمانی تاڵی تاڵدراون‌و رەش‌بوونەتەوەو پێچراون بەیەکا، بکەن بە گوریسم، وە بارو بارگەی پێ شەتەك بدەن.

(٢) پێکا: هۆنراوە. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.

(٣) وزان: بخەنە. پێشاهەنگ: وڵاخی سەرقافڵ. بشۆ: بڕوا. واتە: دڵەی خەفەتباریشم کە هەزار جۆرە ئاوازی لێ‌ئەبێتەوە، وە بە تاڵی دەردو مەینەت هۆنراوەتەوە، وە لە ریشـەی خەم خەفەت گوڵەنگی بۆ دروست کراوە، بیکەنە ملی بەرزی وڵاخی سەرقافڵە تا هـەر بڕوا بە رێداو فرسەق فرسەق دەنگ بداتەوە.

(٤) مەدەد: یارمەتی، وشەیەکە بۆ پیرۆزی ئـەوترێ لە نـاو ئـەوانـەدا کـە دەس ئـەدەنە ئیشێك. واتە: ئەمجار هاوارێ بکەرە حەزرەتی عەلی‌و داوای یارمەتی لێ‌بکەو بکەوەرە رێ مەنزڵ بە مەنزڵ بڕۆ تا ئەگەیتە مەنزڵگەی دۆست.

(٥) ئاسانە: ئاستانە، بەردەرگا. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.

رەحـــمت بـــۆ وادەی وســـتەی بـــارەکـــەت
نـــەبۆ وە پـــاشێل پـــای قـــەتارەکـــەت[١]

جـــە زیـــڵەی ئـــەو زەنگ چـــون خـــەبەردارەن
مـــەیۆ مشـــناسۆش ئـــاخر دیـــارەن[٢]

مـــەپەرسۆ ئـــازیز پـــڕ وەفـــاو بـــەینەت
کۆن تـیجار بـاشی سـەر قـافڵەی مـەینەت[٣]

واچـــە مـــەر نـــەدیەت نـــەمام بـــیٚ گـــەرد
چێگـە پـارچـەی گـیان پـایەندازت کـەرد[٤]

یـــاد پـــایەنداز سـەودای سـەرش بـی
مـامەڵەی پـارچـەی گـیانیٚو تـەرش بی[٥]

بـەڵام جـە تـەئسیر جـۆش بـۆتـەی دڵ
دەمـــەی هـــەناسەی دەروون پـــڕ چـڵ[٦]

---

(١) وستە: خستن. واتە: بەڵام هەر خاکێك لە بەردەرگای لەیلدا بیٚ ئەوە خۆڵی لەشی سووتاوی دڵدارە لە گیان بێزاربووەکانە، لەبەر ئەوە بە رەحم بە لەکاتی بارخستناو ئاگات لیٚ بیٚ ئەو خاکە نەکەوێتە ژێر پێی وڵاخەکانت و پیٚشێل نەکریٚ.

(٢) مەعنای ئەم شیعرەش بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.

(٣) تیجار باشی: باش بازرگان. واتە: ئازیزی بە وەفاو بەین، بە هۆی ئەوەوەکە دەنگی زەنگڵەکە ئەناسیتەوەو ئاگادارە لێی، دیارە دێت بۆ لاتـاو ئـەپرسیٚ بـاش بـازرگانی سەرقافڵەی مەینەت ـ کە منم ـ لەکویٚیە؟

(٤) چێگە: لێرە. پایەنداز: فریٚدانە بەر پیٚ. واتە: تۆیش لە وەراما پێی بڵیٚ بۆچی خۆت نەتدی لەم شوێنەدا گیانی خۆی فریٚدایە بەر پێت؟

(٥) واتە: سەودای ئەوەی کەوتبوە سەر کە گیانێکیتریش پەیدا بکا بۆ خـۆی ئـەویش فریٚ بداتە بەر پێت. لەبەر ئەوە خەریکی مامەڵەکردن بوو.

(٦) بۆتە: ئەو مەنجەڵەی زەرگەر لەسەر ئاگری دائەنیٚ بۆ تواندنەوەی زێڕو زیو. مەعنای ئەم شیعرەو سیٚ شیعری پاشەوەی پێکەوە دیٚ.

سـیم قـاڵ هـەرس شـەوان بـێداریش
ئـەشرەفی پـاکـتاو ڕەنگ ڕوخسـاریش[١]

ڕووکـەش بـی وە کـفت هـوون گـوڵنـاری
وە مس مـنمانا جـە لای بـازاری[٢]

بـازاڕش کـەساس، ڕای بـەندەرش بـەند
کـەس نـمەواچـۆ سـەرمایەش وە چـەند[٣]

وە بـازاڕەدا وە بـانگ بـێ شـەرم
مـەگـێڵاو مـەوات وە زایـەڵەی گـەرم:[٤]

مـایەم نـاڕەواج، دەروونـم تـەنگەن
قـافڵەم تـا قـام قـیامەت لەنگـەن[٥]

(١) سیم: زیو. قاڵ: پوخت. ئەشرەفی: لیرە.
(٢) کـفت: ئـەو دەرمـانەی ئـەیدەن لە ڕووی هـەر مـادەیەك. هـوون: خـوێن. گـوڵنـار: گوڵهەنار، گوڵێکی سوورە. منمانا: ئەی نواند.
(٣) نمەواچۆ: ناڵێ. واتە: بەڵام زیوی پوختی فرمێسکی شەونوخونی کێشانو، ئاڵتوونی بێ گەردی ڕەنگو ڕووی، لە تاو هاتنەکوڵی مەنجەڵی دڵو هەناسەی بە سۆزی دەروونی ڕووکەش بووبوو بە خوێنی وەك گوڵنار سووری جەرگی. لەبەر ئەوە لە بازاڕا وایان ئەزانی زێڕو زیـو نـی‌یەو مسـە، وە بـازاڕی وەسـتابوو، وە ڕێگـای هـاتو چۆی کۆگـای بازرگانی‌یەکانی لێ گیرابوو، وەکەس لێی نەئەپرسی‌یەوەو هیچی لێ نەئەکڕی.
(٤) مەگێڵا: ئەگەڕا. مەعنای ئەم شیعرەش لەگەڵ شیعری پاشەوەی‌دا دێ.
(٥) قام: بەرپابوون. واتە: ئەویش لە داخا بە بازاڕا ئەگەڕاو بە بێ شەرم هاواری ئـەکـرد ئەی‌وت دەسمایەکەی دەستم ڕەواجی نیەو دڵم تەنگەو تا دنیا دنیایە قافڵەکەم لەنگەو ڕاست نابێتەوە.

[٥]

هام دەردان بەردەن

هـــام دەردان بــەردەن..هـــام دەردان بــەردەن
رۆحو دڵو دیـــن وە تـــاڵان بـــەردەن(١)

دەروون وە مـەودای خـەدەنگ رێش کـەردەن
ریشـەی سـەبووریم تـاتا کـێش کـەردەن(٢)

وە نـــێش پـــڕ ئـــێش ژار مـــار دەرد
سـەراپـای ئـەعزام لەتـار لەتـار کـەرد(٣)

وە نـــووك نـــەشتەر پـــۆڵایـــی فـیراق
پــڕ جــە زام کــەردەن دەروون مــوشتاق(٤)

جــەمین قــەمەرێ، سـیمین سـیم بــەرێ
مـــوویی کـــەمەرێ، شـیرین دڵبـــەرێ(٥)

مشکـــینه خـــاڵێ، یـــۆسـف جـەماڵێ
مـەحبووب جــەلالێ، لەیـل ئاسا حـاڵێ(٦)

---

[٥]

(١) واتە: هاودەردینە، رۆحو دڵو دینی بە تاڵان بردووم. لە شیعری چوارەمەوە دەس ئەکا بە وەسفی ئەوەی کە بە تاڵانی بردووە.

(٢) واتە: دەروونمی بە نووکی تیژی بریندارکردووەو ریشەی سەبووریمی تاڵ تاڵ دەرکێشاوە.

(٣) واتە: بە ئێشو ئازاری زەهری ماری دەردی دووری، سەراپا لەشمی پارچەپارچە کردووە.

(٤) واتە: هەموو لایەکی دەروونی پڕ سۆزمی بە نووکی نەشتەری پۆڵایینی جیایی زامار کردووە.

(٥) جەمین قەمەرێ: باریك ناوچاو وەك مانگی رۆشن. سیمین: سپی وەك زیو. سیم بەرێ: سنگو بەرۆك تاکە قەرانی پیا دادووراوێك. مویی کەمەرێ: قەد وەك موو باریکێك.

(٦) مشکینە خاڵێ: خاڵ رەشێك وەك میشك کە پارچە خوێنێکی وشك بووەوەیە لای

سـەرو بـالایـێ، حـۆری نـومایێ
خـورشید جـەلایێ، غـیلمان ئـاسایێ(١)

دیـدە غـەزالێ، نـازك خـەیاڵێ
دوڕدانـە لالێ، سـاحیب کـەماڵێ(٢)

قـومری سـەڵایـێ، بـوڵبـوڵ نـەوایـێ
لالە لیـوایـێ، ئـاهوو نـیگایێ(٣)

کـەبك خـەرامـێ، شـابازی رامـێ
تـەزەروی نـامێ، هـوما مـەقامێ(٤)

داوودی دەنگـێ، گـوڵاڵە رەنگـێ
شـەدە قـەشەنگێ، قـوماش فـەرەنگێ(٥)

☜

ناوکی هەندێ ئاسکەوە دائەکەوێ وە هەڵی ئەگرن لە بەر بۆن‌خۆشی. مەحبووب جەلالێ: یارێکی وەك خۆشەویستانی بێ‌باك.

(١) حۆری نمایێ: یارێك دیمەن وەك حۆری. خورشید جەلایێ: وەك خۆر درەوشاوەیەك. غیلمان ئاسایێ: غیلمان جەمعی «غولام»ە بە مەعنای منالی موو لێ‌نەهاتوو، واتە: جوانێك وەك منالی موو لێ‌نەهاتوو.

(٢) دیدە غەزالێ: چاو وەك چاوی ئاسك گەورەیەك. دوڕدانە: دوڕی تاقانەکە زۆر گرانبەهایە. لاڵ: لەعل، بەردێکی گرانبەهای سوورە. واتە: دۆستێکی وەك لەعلی نایاب.

(٣) قومری سەڵایێ: دەنگ وەك کۆتری قومری خۆشێك. لالە: گوڵێکی سوورە. لیوا: «لواء»، ئاڵا. واتە: ئاڵایێ دیاری‌یەك وەك گوڵاڵەسوورە. ئاهو نیگاهێ: وەك ئاسك لاکەرەوەیەك.

(٤) کەبك: کەو. خەرام: لەنجەولار. واتە: لەنجەولارکەرێك وەك کەو. شابازی رامێ: وەك شاباز هێ‌یی بوویەك. رام: بە مەعنای هێ‌یی و دەسەمۆ بووە. تەزەروو نامێ: خۆش ئاوازەیەك وەك کۆترەباریکە. نام: بە مەعنا ئاوازەیە. هوما مەقامی: یارێکی وەك هوما بە فەڕو شکۆ. هوما باڵدارێکە ئەڵێن بە سەر هەرکەسێکەوە بنیشێتەوە ئەبێ بە پاشا.

(٥) داوودی دەنگێ: دەنگ خۆشێك وەك حەزرەتی داوود کە ناوبانگی لە دەنگ‌خۆشی‌یا

☞

وەنەوشە بۆیێ، گوڵغونچە جۆیێ
بەهانە جۆیێ، کەعبەسا کۆیێ(١)

سولەیمان جاهێ، جام جەم نیگاهێ
سکەندەر شاهێ، دارا دەرگاهێ(٢)

رەعنا سادەیێ، نیگا بادەیێ
سەهبا نەشئەیێ، پەری زادەیێ(٣)

شۆخ و شەنگ تەرزێ، قەد قامەت بەرزێ
سنەوبەر لەرزێ، ئیتاعەت فەرزێ(٤)

هیجران دۆزەخێ، ویساڵ بەهیشتێ
نازک گوڵڕوخێ، کەعبە کەنشتێ(٥)

☞

دەرچووە. شەدە قەشەنگێ: سەرپێچ جوانێك. قوماش فەرەنگێ: پارچەی فەرەنگی لەبەرکەرێك.

(١) گوڵغونچە جۆیێ: بە دوای خونچەی گوڵدا گەڕاوێك: یان جوانێك وەك گوڵ خونچەی گوێ جۆگا. بەهانە جۆیێ: بەدوای بەهانە گەڕاوێك بۆ دڵداران، یان بەها نەجۆیێ بە مەعنا نرخ داوا نەکەرێ. کەعبەساکۆیێ: بەردەرگا وەك کەعبە پیرۆزێك. کۆ بە مەعنا بەردەرگایە.

(٢) سولەیمان جاهێ: خاوەن شکۆیەك وەك حەزرەتی سولەیمان. جام جەم نیگاهێ: زێرەکێکی وا وەك چۆن جەمشیدشا لە ئاوێنەکەیدا هەموو شتێکی ئەدی ئەمیش بە روانینێك لە هەموو شتێك ئەگا. دارا دەرگاهێ: دەرگا بەرەڵلاو هات‌وچۆ بە زۆری پیاکراوێك وەك دارای شای ئێران.

(٣) رەعنا سادەیێ: بێ کەش‌وفشێکی کەمتەرخەمێ خۆ بە هیچەوە نەبەستوو. نیگا بادەیێ: یارێکی وا روانینی وەك مەی ئینسان مەست ئەکا. سەهبا نەشئەیێ: یارێکی وەك مەی نەشە بە دڵ گەیێن. سەهبا: «صهباء»، مەی.

(٤) سنەوبەر لەرزێ: وەك سنەوبەر لەرزیوەیەك.

(٥) نازك گوڵڕوخێ: روو وەك گوڵ ناسکێك. کەعبەکەنشتێ: جێ و شوێن وەك کەعبە پیرۆزێك.

عـــیشوەو نـــاز داریٚ، یـەکـتا نـیگاریٚ
حـــیلەو فـــەن کـاریٚ، گـەرم بـازاڕیٚ[١]

غـــونچە دەهـــانیٚ، تـــووتی زوبـــانیٚ
ســـاحیب زەمـانیٚ شـەکـەر ئـەفشانیٚ[٢]

رەقـــیب دەم ســـازیٚ، غـەریب نـەوازیٚ
نـــازەنین گـــازیٚ، عـــاشق گـودازیٚ[٣]

ئـــەبرۆ کـــەمانیٚ پـــەیکان مـــوژانـــیٚ
ســـەوڵ خـــەرامـانی، مـەولان نـیشانیٚ[٤]

یـــەند تـــیر نـیگای بـێ مـەیلیش دا لێم
یـەند ژار «سـجە»ی هـیجران وەردەن پـێم[٥]

ئـەو کـەردەن تـەمام سـەراپـام چڵ چـڵ
ئـێد فـەتار فـەتار کـەردەن جـەرگو دڵ[٦]

---

(١) یەکتا نیگاریٚ: وەك وێنە جوانێکی تاقانە، نیگار وێنەیە. گەرم بازاڕیٚ: بازاڕ گەرمێکی دڵدار زۆر.

(٢) دەهان: دەم. ساحیب زەمانیٚ: گەورەیەکی زەمانە. شـەکـەر ئـەفشانیٚ: قسـەی وەك شەکر شیرین بڵاوکەرەوەیەك.

(٣) رەقیب دەم‌سازیٚ: لەگەڵ بەدکار رێك‌کەوتوویەك. نازەنین گازیٚ: کەسێکی وا ئێش‌و ئازار گەیاندنی وەك هی نازاران لای دڵدار خۆشە. عاشق گودازیٚ: دڵدار تـوێنـەوەیەك. گوداز بە مەعنا توێنەوەیە.

(٤) پەیکان موژانیٚ: برژانگ وەك تـیرێك. سـەوڵ خـەرامـانیٚ: لەنجەولار کـەرێك وەك سەوڵ. سەوڵ رواوێکی بەرزی باخی‌یە ساق‌و گەڵای مۆرە گوڵێکی درێژکاری میزراحیی هەیە. مەولان نیشانیٚ: خوا نیشان کردوویەك، یاخود ئاغا شیوەیەك.

(٥) سجە: کوڵەمارێکی کوشندەی سەرو کلك باریك‌و ناوقەد ئەستوورە. مـەعنای ئـەم شیعرە لەگەڵ شیعری پاشەوەیدا دیٚ.

(٦) چڵ‌چڵ: کون‌کون. فەتارفەتار: داڕزاو. واتـە: ئـەوەنده تـیری روانـینی بێ‌مـەیلانەی

خـــوسووس شـــەرارەی خـــورشید دووری
مـــاران گـــاز کـــەردەن زەخـــم مـــەهجووری[١]

مـــەر لابـــەرۆ ژار وە داروی ویـســـاڵ
یـــا وە مـــەرهەم سـێڵ زام کـــەرۆ پـــاماڵ[٢]

وەرنـــە ئـــارەزووی ژیـــان مـــەحاڵەن
خـــەیاڵ حـــەیات فکـــریێ بـــەتاڵەن[٣]

[٦]

هەرچەنی ناکاو[٤]

هـــەرچـــەنی نـــاکـــاو دەمـــاخم تـــەم بـــی
ســـیاهەور دوود نـــەکـــەللەم جـــەم بـــی[٥]

بـــەرق و بـــرووسکەو تـــەم داش وە هـــەمدا
پـــلووسکەی ســـێڵاو ئـــامام وە چـــەمدا[٦]

☞

لێداوم و زەهری ماری دووری دەرخواردداوم، بە تیرەکە سەرتاپای لەشمی کون کون کردووە و بە زەهرەکەی جەرگ و دڵمی دافڕەقاندووە.

(١) واتە: بەتایبەتی بڵێسەی خۆری دووری خۆرانگازی بە زامەکانی لەشم کردووە.

(٢) داروو: دەرمان. سێڵ: سێڵاو. مەعنای ئەم شیعرەش لەگەڵ شیعری پاشەوەیدا دێ.

(٣) واتە: مەگەر یار بە دەرمانی وەسڵ ژاری مارەکەی دەرکا لە لەشم، وە بە مەڵهەم لافاوی زووخ و کیمی زامەکانم نەهێڵی، ئەگینا مەحاڵە جارێکی تر بە تەمای ژیان بم، وە شتێکی هیچ و پووچ ئەبێ بیری لێ بکەمەوە.

[٦]

(٤) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بۆ خاڵۆی کۆماسی ناردووە.

(٥) مەعنای ئەم شیعرەو سێ شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

(٦) بەرق: برووسکە. مەبەسی لەو تیشکانەیە لە چاوی ئینسانەوە دەرئەچێ لەکاتی پژمەی زۆر توندا.

خـــاشاك هـــەستیم لافـــاو بـــەردەوە
دەروون پـــێچش داو دڵ ویـــەردەوە[١]

زانـــام هـــەمدیسان دڵ کـــۆس نـــۆشـــەن
گـــەردەلوولشەن ئـــارەزووی تـــۆشـــەن[٢]

جـــۆشش وەردەبـــێ چـــار وێم نـــەکـــەرد
وە هـــەرحـــاڵ نـــە بـــەین شـــەرتێمـــان ویـــەرد[٣]

نـــەك چـــەنی خـــەیاڵ قـــیبلەم بســـازی
دەخـــیل تـــەن خـــەستەن وە جیاش نـــازی[٤]

سەر هـــەردەو ســـەرهەرد، مـــەنزڵ ئـــەو مـــەنزڵ
دڵ ئـــەو شـــۆن تـــۆ، مـــن ئـــەو شـــۆن دڵ[٥]

دیـــم بـــەد عـــەهدێش کـــەرد هـــەوا ســـەندەوە
تـــەن حـــەسرەتمەند بـــی جیا مـــەندەوە[٦]

---

(١) خاشاك: پڵوپووش. ویەرد: بووردەوە.
(٢) واتە: هەر لە ناکاوا تەم دەماخمی داگرتو هەوری رەشی دووکەڵ لەکەللەما کۆبووەوە، دەسم کرد بە پژمەو هوورِو چاوم تیشکی لێبووەوەو بەر چاوم تاریك بوو، وە فرمێسك بە خوڕ بە چاوما هاتە خوارو پڵوپووشی لەشمی بردو دەروونم پێچی پیاهاتو دڵم بووردەوە «یەعنی: بوورایەوە»، زانیم ئەوە هی ئەوەیەکە دیسانە دڵم کۆستی کەوتووەو کەوتووەتە گەردەلوولو ئارەزووی تۆیەتی.
(٣) واتە: دڵم هاتبووە جۆشو منیش هەرچیمکرد چارم پێنەکرا، ناچار رێکەوتینو مەرجێکمان بۆ یەکتر کرد.
(٤) نەك: نەکەی. بسازی: رێك کەوی. نازی: نەهێڵی. واتە: پێموت لەگەڵت دێم بۆ لای لەیل بەڵام بەو شەرتە نەکەی لەگەڵ یادی دۆستا رێك کەوی‌و بڕۆی‌و لەشی خەستەم بەجێ بێڵی.
(٥) شۆن: شوێن. واتە: بەپێی ئەم شەرتەکەوتینە رێ لەم هەردەوە بۆ ئەو هەرد لەم مەنزڵەوە بۆ ئەو مەنزڵ، دڵ کەوتبوە دوای تۆو منیش کەوتبوومە دوای ئەو.
(٦) بەدعەهدی: بێپەیمانی. هەوا سەندەوە. فری. واتە: کەچی دیم بە پێچەوانەی گفتەکەی خۆی جوولایەوەو دایە شەقەی باڵو لەشمی خەفەتبار کردو بەجێی هێشت.

جـــە بــێ شــەرتی دڵ زامــەتم ســەختەن
وێت یـــاونەوە هـــای نـەسیم وەخـتـەن(١)

رەحــمێ کــەر وە حــاڵ خــەمان هـەرزاندا
تـەشریف بــەر بـدیە وە ســەر بـەرزاندا(٢)

هــەر جــایێ چـون بـەخت دوور نـەوهاڵان
ســیا بــۆ تــاریك جـــە ســیاماڵان(٣)

گــێج دوود ئــاخ هــەواش پــڕ کــەردەن
ئــانە یــاتاخگەی خــاڵۆی هــام فـەردەن(٤)

گــا گــێج ســەرسام نــە گــەرداوەدا
گــا خــەفتەن نـە تۆی خـەفەت خـاوەدا(٥)

جە نـەشئەی گـەرمی هـەوای کـوورەی مـەیل
جای تـینیش کـەمکەم جـە نـم بـیەن کـەیل(٦)

---

(١) یاونە: بگەیەنە. لێرەوە مەولەوی رووی قسەی ئەکاتە بای نەسیم و پێی ئەڵێ: بە هۆی بێوەفایی دڵمەوە دەردم زۆر گرانە، وەختیەتی بگەرە فریام.
(٢) واتە: بەزەییت بێتەوە بە حاڵی منی خەم و خەفەت زۆرداو تەشریف ببە بڕوانە بە هەموو بەرزاییەکا.
(٣) سیا: رەش. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بەشیعری پاشەوەیەوە.
(٤) واتە: هەرچییەك رەش بێ وەك بەختی عاشقانی دوور لە یار، وە بە هـۆی زۆری دەوارەوە تاریك هەڵگەڕابێ، وە گێژەڵووکەی دووکەڵی ئاخ هەڵکێشان ئاسمانی ئەوێی داگرتبێ، ئەوە جێگای خاڵۆی کۆماسییە. لە هـەندێ نوسخەدا لە جیاتی «خاڵۆی هامفەردم» نووسراوە «گەردەن بێ گەردم».
(٥) گا: گاە، جارێك. خەفتەن: نوستووە. واتـە: خـاڵۆیش وەزعـی وایـە جـارجـار گـێژو سەرسامە لە ناو گەرداوی عەشقا، جارجاریش خەوی خەفەتی لێ کەوتووە.
(٦) جای تینی: جێی تینویەتی کەوتن، چاڵایی لامل. واتـە: لەبەر نـەشئەی گـەرمای هەوای تەنوری ئارەزووی دۆست، لاملی کەمکەم ئارەقی کردووە. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «نەشئەی» نووسراوە «تەشنەی» واتە: لەبەر تینویەتی... تاد.

وێت‌ئـاسا وه‌ نـه‌رم وێت نـه‌ رووی نـم ده‌ر
بـه‌و شـنۆی فـێنك دڵش بـێدار کـه‌ر[١]

به‌ڵام شنیای تـای سـه‌ر سورمه‌ی بێ گـه‌رد
ئـازار نـه‌دۆ هیچ وه‌ سـای گـه‌رده‌ن زه‌رد[٢]

مـه‌په‌رسۆ، سـێلاو ئـه‌سرینان تـاوتاو
بـرێز وه‌ روودا، ئـێدش ده‌ر جـواو[٣]

سـفته‌کـه‌ی سـه‌رسام تـه‌ن نـاته‌وانا
دیـم خـه‌سته‌ن کـه‌فته‌ن هـه‌ر ئێد موانا:[٤]

یـه‌ سـه‌ختی زامـه‌ت، یـه‌ ده‌رد مـوشکوڵ
یـه‌ دووری خـاڵۆم، یـه‌ بێ شـه‌رتی دڵ[٥]

---

(١) مه‌عنای ئه‌م شیعره‌و شیعری پاشه‌وه‌ی پێکه‌وه‌ دێ.

(٢) شنیا: شنه‌. واته‌: ئه‌ی نه‌سیم خۆت ئاسا به‌ نه‌رمی خۆت بده‌ له‌ رووی ئاره‌قه‌که‌ی لاملی‌و به‌و شنه‌ فێنکه‌که‌ په‌یدا ئه‌بێ له‌ خۆ دانت له‌ ئاره‌قه‌که‌، دڵی خه‌به‌ر که‌ره‌وه‌، به‌ڵام ئاگات لێ‌بێ خۆ لێ‌دانه‌که‌ت وابێ جووڵانه‌وه‌ی ریشووی سوورمه‌ بێ گه‌رده‌که‌ی سه‌ری ئازار نه‌گه‌یه‌نێ به‌گه‌ردنی زه‌ردی. مه‌به‌سی ئه‌وه‌یه‌ ریشووی سه‌روپێچه‌که‌ی نه‌له‌رێنیته‌وه‌.

(٣) برێز: برێژه‌. مه‌عنای ئه‌م شیعره‌یش له‌گه‌ڵ شیعری پاشه‌وه‌ی‌دا دێ.

(٤) سفته‌: سووتاو. موانا: ئه‌خوێنده‌وه‌. واته‌: که‌ خه‌به‌رت کرده‌وه‌ دیاره‌ پرسیارت لێ ئه‌کا، تۆیش تاوتاو لافاوی فرمێسك له‌ چاوته‌وه‌ برێژه‌و له‌ وه‌راما پێی‌بڵێ: سووتاوه‌ سه‌رسامه‌ له‌ش هێز لێ‌براوه‌که‌تم دی که‌وتبوو هه‌ر ئه‌مه‌ی ئه‌وت. وته‌که‌ی له‌ دوو شیعری پاشه‌وه‌دا دێ.

(٥) یه‌: ئه‌مه‌. واته‌: ئه‌ی وت هه‌ی هاوار ئه‌وه‌ له‌ لایه‌که‌وه‌ سه‌ختی ده‌ردو مه‌ینه‌ت... له‌ لایه‌کی‌تریشه‌وه‌ ئه‌وه‌ ده‌ردی چاره‌نه‌کراو... ئه‌وه‌ دووری خاڵۆم... ئه‌وه‌ بێ‌قه‌ولی دڵ. نازانم چی بکه‌م له‌ تاو ئه‌م هه‌موو ده‌ردو ئازاره‌. له‌ هه‌ندێ نوسخه‌دا له‌ جیاتی «خاڵۆم» نووسراوه‌ «ئازیز».

ئـــەجەل نـــیم رەمـــەق بـــاقی‌یەن ســـا دەی
جـــەودما بـــەختان مـــەوینانت پـــەی[١]

[٧]

هەوای زمستان[٢]

هـــــەوای زمســـــتان خـــــەمان بـــــەتاڵەن
وەرو هـــەرد دەرد دەروون خـــاڵ‌خـــاڵەن[٣]

هـــاژەی تـــاف ســـاف شـــەتاوگەی شـــادی
ســـوب مـــەیۆ نـــە گـــۆش هـــۆش ئـــازادی[٤]

بـــۆی شـــنۆی شـــنیای تـــای چـــنوور شـــەوق
مـــدۆ نـــە دەمـــاخ پـــڕ پـــەرداخ زەوق[٥]

کـــەیفم دا وەش‌وەش دەســـتە وەســـتەی گـــوڵ
نـــە گـــۆشـــەی کـــڵاو، نـــە پـــای دەشت دڵ[٦]

---

(١) مەوینانت پەی: نابینم بۆت. واتە: دەسا ئەی ئەجەل نیوەگیانێکم تیا ماوە تا فرسەتە وەرە سەرم گیانم بکێشە، ئەگینا جارێکی‌تر هەلی وات بۆ هەڵناکەوێ‌و بەختێ نابینم بۆت. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «پەی» هەر «دەی» دووبارەکراوەتەوە، بەم پێیە مەعنای «مەینانت» ناتبینێ ئەبێ.

[٧]

(٢) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە وەرامی نامەیەکی شێخ عەزیزی جانەوەرەیی برادەریا نووسیوەکە لە بەهارا بۆی نووسیبوو.

(٣) زمستان: زستان. واتە: هەوای زستانی خەم بەتاڵ بووتەوەو بەفری هەردی دەردی دەروون پەڵەپەڵە بووە.

(٤) واتە: بەیانیان هاژەی تاڤگەی سافی شادمانی دێتە گوێی تێ‌گەیشتنی ئازادی. مەبەس لە ئازادی رزگار بوونە لە سەرمای زستان.

(٥) واتە: بۆنی شنەی چڵی چنووری ئیشتیاق ئەدا لە لووتی پڕ نیشاتی زەوقم.

(٦) وەستە: بەسراو. کڵاو: لووتکەی بەرز. واتە: چەپکە گوڵی بەسراوی سووچی

نـــیشانەی نـــەورۆز وادەی وەهـــارەن
یـــا نـــەشئەی ئـــامای نـــامەی نـــیگارەن(١)

یـــانێ: ئـــازیزم یـــە نـــامەی تـــۆ بـــۆ
یە رەشحەی حەیات سـەر خـامەی تـۆ بـۆ(٢)

ئـــەی ئـــەسرین گـــەرم تـــاوتاوە راســـەن
ئـەی دڵەی پـەی مـن هـووناوە راسـەن(٣)

بـــیەن ئـــەی وەفـــا، وەی ئـیستیغناییت
ئـەی گـەرمی مـۆبەت، وەی ئـاشناییت(٤)

تـــاقی‌یەن یـــاران، یـــا خـــاوم دیـەن
جـــە بـــەدبەختی وێم یـــاوەرم نـیەن(٥)

☞ لووتکەی شاخەکانو داوێنی دەشتەکان پەی‌دەرپەی کـەیفم زیاد ئـەکا. ئـەش‌توانـرێ مەعنای شیعرەکە بەم جۆرە لێ‌بدرێتەوە: چەپکە گوڵ بە بەینی کڵاوو پێچـەدا کراوو لە عاستی دڵا لە باخەڵا دانراو، پەی‌دەپەی کەیفم زیاد ئەکا.

(١) نیگار: وێنە، مەبەس لە دۆستە. واتە: نازانم ئەمە نیشانەی نەورۆزو وادەی بەهارە، یا نەشئەی هاتنی نامەی دۆستە؟

(٢) واتە: مەبەسم ئەوەیە بشـێ ئـەمەی بـۆم هـاتووە نـامەی تـۆبـێ‌و ئـەو مـەرەکـەبەی پێی‌نووسراوە ئاوی حەیاتی سەرنووکی قەڵەمی تۆبێ؟

(٣) واتە: بشێ راست بێ تۆ تاوتاو لە بەر دووری مـن فـرمێسک بـرێژی‌و دڵت بـۆ مـن بووبێ بە خوێناو؟

(٤) بیەن: بووە واتە: بووە ئەوەندە بە وەفا بێ نامەی وام بۆ بنووسێ، کەچی لەو لاشەوە ئەوەندە کەمتەرخەم بێ لەگەڵم؟ مەعنای نیوەی دووهەمی ئـەم شیعرە لەگـەڵ شیعری دوایی‌دا دێ.

(٥) تاقی‌یەن: تەحقیقە. واتە: برادەرینە ئاخۆ ئەم گەرمی خۆشەویستی‌و ئـەم ئاشنایی‌یە راستە یاخەوم دیوە؟ من لە تاو بەدبەختی خۆم باوەڕم نیە راست بێ.

روخساریٚ، وەختیٚ مەسقەڵ مدا ویٚش
وە شنۆی پاریٚز خەیاڵ مەبی ریٚش(١)

ئەسرین جەرگش دەن وە سەر نیٚشەدا
چە نیٚش دڵ ئامان، ئامان پیٚشەدا(٢)

ئەو دڵەی ویٚنەی پەڕەی گوڵ بیٚ گەرد
هەی خەم، هەی نامەرد، چەنیت مەلوول کەرد(٣)

ئەوسا ئیستیغناو قین وە هەم ماوەرد
ئینسان بیٚ پەروا گیان تەسلیم مەکەرد(٤)

ئیسە بۆ ئەی تاو هەرس چون سەیلە
ئەی ئیلتیفاتەو ئەی وەفاو مەیلە(٥)

---

(١) مەسقەڵ: «مصقل»، ئەوەی ژەنگی پیٚ لائەبەن. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە.
(٢) ئەسرین: فرمیٚسك دەن: بدەن. واتە: ئەو روخسارەی ئازیزە وەختیٚ کە خۆی جوان ئەکرد ئەوەندە ناسك ئەبوو ئەگەر خەیاڵ بە پاریٚز بەلایا بڕۆشتایە ئەو بە شنەی رۆیشتنەکەی بریندار ئەبوو، ئیتر نازانم فرمیٚسکی چاوی ـ یا خۆ جەرگی بدە بە سەر نووکی نەشتەرا ـ چۆن دڵی هاتووە پیایا دابڕژیٚتە خوارەوە؟ لە هەندیٚ نوسخەدا لە جیاتی «روخساری» نووسراوە «روخسارش» وە لە جیاتی «ویٚش» نووسراوە «لیٚش» وە لە جیاتی «جەرگش» نووسراوە «جەرگت»و لە جیاتی «چەنیش» نووسراوە «چەنیت». بەم پیٚیە زەمیری «ش» ئەگەڕیٚتەوە بۆ دۆست وە زەمیری «ت» ئەگەڕیٚتەوە بۆ ئەسرین.
(٣) واتە: ئەی خەم! ئەی نامەرد چۆن دڵی ئازیزت خەفەتبار کرد کە وەك پەڕەی گوڵ بیٚ گەردە؟
(٤) وەهەم ماوەرد: تیٚکەڵی ئەکرد. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری پاشەوەی‌دا دیٚ.
(٥) بۆ: بڵیٚی ببیٚ. واتە: ئەوسا ئازیز بیٚباکیو قینی تیٚکەڵ یەك ئەکرد، ئینسان لە ترسانا بیٚپەروا گیانی ئەدا بە دەستەوە، ئیٚستا بشیٚ راست بیٚ فرمیٚسك وەك لافاو بە تاو بڕژیٚ لە چاوەکانیو ئەوەندە وەفاو مەیلی بیٚو ئاگای لای دڵدار بیٚ.

ئــەی دڵەی نــازك خــەستەی خــەمانە
گـــۆش دەرو بـــژنەو، ئـەمجار بـمانە[١]

[٨]

هەی‌هوو.. های چەندەن[٢]

هــەی‌هوو..هــای چــەندەن نـامان خـەبەرێ
تــای تــاقەت بـڕیــان، نـەسیم سـەفەرێ[٣]

تـــا وە ســـەربەرزان هـــەرد لەیــلاخان
وە خــزمەت سـەرئێڵ بـڵەنـد دەمـاخان[٤]

تـــام ئـــەی زام ســەخت جـە تـاڵی وارا
وە نـــەرم ئـار وە لەفـز شـیرین ویـارا[٥]

---

(١) بژنەو: ببیسە. بمانە: بمێنە. واتە: ئەی دڵە ناسکەکەم کە چەند وەختە گرفتاری دەردی خەم‌و خەفەتی، وەرە گوێ بگرە بۆ ئەم قسە تازانەی دۆست‌و گیانت دەرنەچێ‌و نەمری!

[٨]

(٢) مەولەوی ئەم غەزەلەشی بۆ شێخ عەزیزی جانەوەرەیی نووسیوە

(٣) نامان: نەهاتووە. بڕیان: پچڕاوە. واتە: ئەی هوو دەمێکە هیچ خەبەرێکی دۆستم بـۆ نەهاتووە، تاڵی سەبرو بووردەباریم پچڕاوە، دەخیلتم بای نەسیم بکەوەرە ڕێ.

(٤) لەیلاخ: ناوچەیەکە لە هەرێمی سنە، وە بە هەموو کوێستانێکیش ئەڵێن. واتە: بڕۆ تا ئەگەیتە بەرزاییەکانی شاخەکوێستانی‌یەکان‌و ئەگەیتە خـزمەتی سـەرگەورەی دەمـاخ بەرزەکان.

(٥) وارا: باریو. ئار: بێنە. ویارا: تێ‌پەڕیوو. واتە: بە گفتێکی شیرینی واکە بچێ بە دڵا، وە بە شێوەیەکی نەرم ناوێ لە نەگبەتی‌یەوە باریوی منێ لا ببە. ئەم بارینی ناوە ئیشارەتە بۆ ئەوەکە مەشهوورە «اَلْاَسْماءُ تَنْزِلُ مِنَ السَّماءِ» بە مەعنا: ناو لە ئاسمانەوە ئەبارێ‌و نیشانەی پاشەڕۆژی خـاوەنـەکـەیەتی. مـەبەسی ئـەوەیە مـن هـەر لە ئـەزەڵانـاوێکـی وا بـووە بـە چارەنووسم کە نیشانەی ئەم بەدبەختی‌یەم بێ.

واچــــە دیـم مــەویەرد ســاتێ وە ســاڵێ
مـــوارڕا هـــەر دەم حـــاڵێ وە حـــاڵێ(١)

گـا مـەویەرد نـە سـەر هـوون چـەمەی چـەم
تەکـرار مـەکـەرد فـەرد دێوانـەکـەی شـەم:(٢)

ســـەیر ســـەربەرزان لەیـلاخان کـەردی
ئەی شەم حەیفت کەرد من جە یـاد بـەردی(٣)

گـــا مـــەوات دووریت درێغش نـەکـەرد
گـەرمای گـەرمیان کـۆتـایش نـاوەرد(٤)

بـــەڵام ئـــەلحەق دڵ وە فـــریام یـــاوا
هـــای یـانەی ســەردی هــەناسەش ئـاوا(٥)

شـــەوان هـــامڕازەن، روان هـــاومالەن
«قَـلْبُ الأَسَـــد»م قـــەوس ســارالەن(٦)

---

(١) مەویەرد: بەسەری ئەبرد. موارا: ئەیگۆڕییەوە. واتە: چاوم پێ کەوت سەعاتێکی بە ساڵێ بە سەردا تێ ئەپەڕی، وە هەر تاوێ وەزعێکی ئەگۆڕی بە وەزعێکی تر.
(٢) دێوانەکەی شەم: «وەلی دێوانە»ی شاعیری نەخوێندەوار کە عاشقی «شەم» بووە. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوە.
(٣) واتـە: تـاوێك بـەسەر خـوێنـی لە سـەرچاوەی چـاوەوە هـەڵقـوڵـیوا تـێ ئـەپەڕیّ و شیعرەکەی وەلی دێوانەی ئەخوێندەوە کە ئەڵێ ئەی شەم بۆ خۆت سەیری بەرزاییەکانی کوێستانت کرد، زۆر حەیفت کرد منت لە یادی خۆت بردەوە.
(٤) مەوات: نەیوت. واتە: تاوێکیش ئەیوت دووریت هیچ درێغی لێ نەکردم، وە چی لە دەست هات کردی، گەرمای گەرمیانیش هەر دوایی نەهات.
(٥) واتە: بەڵام خوا حەقە دڵم گەیشتە فریام، یاخوا ماڵی ساردی هەناسەی ئاوا بێ.
(٦) قلب الاسد: ناو جەرگەی مانگی «ئەسەد» کە ناوەڕاستی مانگی هاوینە. قـەوس: ئاخر مانگی پایز. سارال: ناوچەیەکی کوێستانییە ئەکەوێتە رۆژاوای خوارووی سنە. واتە: هەناسەی ساردی دڵ بە شەوو بە رۆژ لەگەڵمە، وە ناوەراستی هاوینی لێ کردووم بە ئاخر مانگی پایز لە سارال کە دیارە چەند سارد ئەبێ.

گـا مـەوات ئـازیز ئـای جـە ئـەوگاریم
ئـای «سُـبْحٰانَ اللّٰە» جـە ئـینتیزاریـم[١]

مـوژدەم بـەڵ بـەیۆ نـاگـا جـە دەردا
نـیگام وراسـتەن وە راگـوزەردا[٢]

دڵ وە تـەمامی نـیەن نـە جـادا
خـەریکەن نـە بـەین خـۆف‌و رجـادا[٣]

داخـۆم بـە وەسـڵێ لاونـیمەوە
یـا هـەر وە هـیجران تـاونیمەوە[٤]

یـە کـزەی دەروون گـرفتاری ئـەو
یـە حـاڵەت دەرد ئـینتیزاری ئـەو[٥]

تـەفسیلش وە سـۆز حـاڵی کـەردم پـێت
هـەنی تـۆ زانـی چـەنی رەحـم وێت[٦]

---

(١) ئەوگاری: گرفتاری. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.
(٢) بەیۆ: بێت. وراستەن: دووریوە. واتە: تاوێکیش ئەی‌وت ئای ئازیز چەند گرفتارم... ئای پەنا بە خوا چەند چاوەڕوانیم کرد... چاوم دووریوە بە ڕێگەکەدا بەڵکو یەکێك بێت مژدەی خۆشی لێ‌وەرگرم.
(٣) مەعنای ئەم شیعرەش بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.
(٤) لاونیمەوە: بملاونیتەوە. تاونیمەوە: بمتوێنیتەوە. واتە: دڵم بە تەواوی لە جێی خۆیا نیە وە خەریك ماوە لە نێوانی ترس‌و هیوادا، نازانم ئاخۆ بە وەسڵی خۆت دڵم ئەدەیتەوە، یا هەر وەك جاران بە ئاگری دووری ئەمتوێنیتەوە؟
(٥) مەعنای ئەم شیعرەش لەگەڵ شیعری پاشەوەی‌دا دێ. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «دەرد ئینتیزاری ئەو» نووسراوە «سەخت دڵ ئەوگاری ئەو».
(٦) زانی: ئەزانی. واتە: بڵێ ئەوەکزەی دەروونی بە هۆی گرفتاری بوونیەوە بە عەشقی دۆست، ئەوەش دەردی چاوەڕوانی کردنی بۆ خەبەرو مژدەیەك لێ‌یەوە... وا بە سۆزەوە بە درێژی حاڵیم کردی لێی، ئیتر خۆت ئەزانی، ماوەتە سەر رەحمی خۆت. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «تەفسیلش وە سۆز» نووسراوە «تەفسیلا دەستوور» ئەم دوو شیعرەی دوایی پاشماوەی ئەو قسانە بوون کە مەولەوی بە نەسیمی وت بە شێخ عەزیزی بڵێ.

[٩]

هەرچەند هجرانت

هەرچەند هیجرانت یەند زۆر ئاوەردەن
عەزرائیل جە رەنج سەر ئازاد کەردەن[١]

بەڵام دەردێوتەر جا گرتەن نە دڵ
نەك چون ئیفتەر دەرد دڵ پێش مدۆ چڵ[٢]

داخۆم جە تەنخوای دووی سفتەکەی وێت
چێش بۆ وە سەیوان شەو تا رۆ پەرێت[٣]

جیاتی مۆژەی سفتەی باڵاکەت
چێش بۆ وە جارووی گەرد پاڵاکەت[٤]

پا چون مەنیای، دیدەم نە دیدەم
ئازار بی پەرێش مۆژەی نم دیدەم[٥]

دەك عومرم چون وەسڵ باڵات تەمام بۆ
چێو بێ ئازار بۆ بشۆ پێش کام بۆ[٦]

---

[٩]

(١) مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.

(٢) ئیفتەر: تر. واتە: هەرچەند دووری تۆ ئەوەندە زۆری بۆ هێناوم پێویست بەوە نەماوە عیزرائیل خۆی ئازار بدا بێت بۆ گیان کێشانم، بەڵام دەردێکی تر لە دڵما جێگیر بووە دڵم چڵ ئەدا پێیەوە، وە لە هیچ دەردێکی تر ناچێ.

(٣) سەیوان: سێبەر. واتە: دەردەکەم ئەوەتە بیر لەوە ئەکەمەوە ئاخۆم کە مردم لە جیاتی دووکەڵی لەشم کە بۆ تۆ سووتاوە چی بە شەوو رۆژ سێبەرت بۆ بکات؟

(٤) جاروو: گسك. واتە: لە جیاتی برژانگەکانی منی سووتاوی باڵات چی گسکی تۆزی کەوشەکەت بدا؟

(٥) منیا: ئەتنا. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.

(٦) چێو: شت. بشۆپێش: بچێپیایا. واتە: چاوەکەم کاتێك کە پێ ناسکەکانت نەنایە

ڕوویێ چون سەر چەم نازش مەوەرد
جە سای دیای چەم دڵ مەگرتش گەرد(١)

هەی ڕۆ سا ئیسە چەنی مەویارۆ
چێش بۆ گەرد نەدۆو نیگاش بدارۆ(٢)

ئاخ مەیل تازەن پاسە کەردەن پێت
وەرنە کزەی دڵ سا نەشنەفتەبێت(٣)

منت شی جە ویر خاست کەرد دیدەم
بە وێت خاتر شاد خاست کەرد دیدەم(٤)

سا هەر سۆزەی جۆش ئاهـ سەرد من
هەرکوورەی پڕ تاو گەرم دەرد من(٥)

هەر وەفای دەمدەم ئاشنایی ئەو
هەر ئەو عەهدو شەرت ڕووبەڕایی ئەو(٦)

☞

سەرچاوم، برژانگە تەڕەکانم ئازاریان پێیان ئەگەیاند، دەك عومرم نەمێنێ وەك وەسڵی باڵات نیە، پاش مردنی من ئەبێ چی بێ بە سەریا بڕۆیتو ئازار بە پێت نەگەیەنێ؟ لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «بشۆیێش» نووسراوە «بشیۆپێش» بە مەعنای لایق بێ بۆی.

(١) دیا: ڕوانین. مەعنای ئەم شیعرەش بەسراوە بە شیعری پاشەوە.

(٢) مەویارۆ ڕائەبوێرێ. واتە: ڕوویەك کە ئەوەندە ناسك بوو نازی کە وەك سەرچاوە شەپۆلی ئەدا، ئەگەر بە چاوی دڵیش سەیرم بکردایە گەردی ئەگرت. ئێستا قوڕ بە سەرم ئەبێ چۆن ڕابوێری پاش مردنی من، وەچی بێ ئەگەر تەماشای بکاگەردیشی پێ نەگرێو ڕاگیریشی‌کاو نەی‌توێنێتەوە!

(٣) پاسە: وەها. وەرنە: ئەگینا. نەشنەفتەبێت: نەت‌بیستبوو. واتە: ئاخ ئازیزەکەم مەیلی دۆستی تازەیە وای لێ کردووی موبالاتت نەماوە، ئەگینا بۆچی گوێت لەکزەی دڵی من نەبووە؟

(٤) شی: چوو. واتە: ئازیز چاکت کرد منت لە یاد چوو، وە دڵت بە خۆت خۆش کرد.

(٥) مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

(٦) ڕووبەڕایی: ڕووبەڕوو. واتە: دۆستی تازەت گرتو منت لە یاد چوو، جا توخوا هەر

☜

هـای ڕەحـمەت ئـەو قـەبر سـەودایـی کـامڵ
سـەرمەشق مـەینەت «بێسـاران» مـەنزڵ:(١)

یـانە وێرانـی هـەر وە مـن ئـامان
مـەتاوو گـرتەی کـەسێوی دامـان(٢)

[١٠]

هامن، ها، من‌وار(٣)

هامن، هـا، مـن‌وار، گـەرمیش جـۆش ئـاوەرد
فـەزای نـەزم بـەزم نـەوگوڵاڵان بـەرد(٤)

بـووڵ وە یـانەی جـەم نـەو گـوڵاڵان شـەند
چـەمەن بـێ نـەوای نـاڵەی بـوڵبـوڵ مـەند(٥)

☞

سۆزەی جۆشی هەناسەی ساردی من‌و کوورەی گەرم‌و بەتاوی دەردم، وە هەر وەفای تاوتاوو ئاشنایی‌و لە روودا گفت‌دان‌و لە پاشا پشت لێ‌هەڵکردنی دۆستە تازەکەت. هەر خوایان یەکەو بەراورد ناکرێن بەیەك.

(١) سەودایی: دڵدار. مەعنای ئەم شیعرەش بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.

(٢) کەسێوی: کەسێك. واتە: ڕەحمەت لە گۆڕی دڵداری ڕاستەقینەو سەرمەشقی دەردو مەینەت مەلا موستەفای بێسارانی کە وتوویەتی: ماڵ وێرانی هەر بۆ من هاتووە، ناتوانم داوێنی کەس بگرم‌و گلەیی لێ‌بکەم. مەبەس ئەوەیە هەر خۆم بەختم ڕەشە بۆیە یاریش منی لە یاد ئەچێ‌و دۆستی تازە ئەگرێ.

[١٠]

(٣) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بە بۆنەی داهاتنی هاوینەوە وتووە.

(٤) هامن: هاوین. من‌وار: وەك من. فەزا: دەشتایی. واتە: ئائەوەتە گەرمای هاوین وەك کوورەی دڵی من هاتە جۆش‌و مەیدانی ئاهەنگی ڕێك‌و پێکی گوڵاڵەکانی فەوتاند.

(٥) بووڵ: خۆڵەمێش. شەند: وەشاندی. مەند: مایەوە. واتە: خۆڵەمێشی وەشاند بە سەر ماڵی تێکڕای گوڵاڵە تازەکانا، وە مێرگەکان بێ ئاوازەی ناڵەی بولبول مانەوە. مەبەسی لە خۆڵەمێش ئەوەتە گژوگیا وشك ئەبێ‌و سپی هەڵئەگەڕێ‌و وەك خۆڵەمێش ورد ئەبێ.

تــای بــەڕزاەی شــەنگ نــە ســای مــوغاران
شــێونــا چــون زوڵف تــەعزیە داران[١]

هــا، کــاوان، کــاوان دڵ چــون دڵ ڕێشــان
هــەڕ دان وە ســەردا هــەردان پــەی وێشان[٢]

دوریت ئــایر وست وە یــانەکــەی مــن
یــانێ یــانەی دڵ وێرانــەکــەی مــن[٣]

هــەوا ئــایرین، ســەروەخت ئــایرین
دڵە ئــایرین، بــەدبەخت ئــایرین[٤]

وەی گشت ئــایرەوە خــەیاڵم خــامەن
بــەختم نــاپوختەن فــامم نــەفامەن[٥]

وەی بــڵێســەوە گــەردێم بــاقی‌یەن
وادەی ئــایرین بــادەی ســاقی‌یەن[٦]

---

(١) شەنگ: جوان. موغار: ئەشکەوت. شێویا: تێکدا. واتە: هاوین تاڵی بەڕەزای جوانی لە سێبەری ئەشکەوتەکانا تێکدا وەك ئافرەتانی عازیەتی‌دار کە قژی خۆیان ئەبڕنو زوڵفیان تێك ئەدەن.

(٢) کاوان «ی یەکەم»: بەرزاییەکان. کاوان «ی دووەم»: قڵەشاندوویە. هەڕ: قوڕ. واتە: بەرزاییەکان وەك دڵبریندارن دڵیان لەت بووەو شاخەکان قوڕیان داوە بە سەریانا بۆ خۆیان. مەبەس لە دڵ لەت بوون ئەوەتە عەرز ئەقڵیشێ لە هاوینا، وە مەبەس لە قوڕ بەسەرا دان ئەوەتە گژوگیایان پێوە نەماوەو هەرخاکەکەیان دیارە.

(٣) وست: بەردایە. واتە: دووریت ئاگری بەردایە ماڵی دڵە وێرانەکەم.

(٤) سەروەخت: وەرز. واتە: چوار ئاگر دەوری داوم، ئاگری ئارەزووی دۆستو ئاگری وەرزی هاوینو ئاگری دڵمو ئاگری بەختی بەدم.

(٥) واتە: بە هۆی ئەمگشت ئاگرەوە بە تەمای هەرچی بم خەیاڵی خاو ئەکەم، وە بەختم نەپوختەو تێ‌گەیشتنم تێ‌نەگەیشتنە.

(٦) واتە: بە هۆی بڵێسەی ئەم هەموو ئاگرەوە سووتاومو تەنها کەمێك تۆزم لێ‌ماوەتەوە، ئەنجا نۆبەی ئەوەیە مەی‌گێڕیش بە شەرابە ئاگرینەکەیەوە بێتە سەرم.

بەشق پیاڵەی مەست چاوەکەت
بەو پەشێوی چین پای کڵاوەکەت[(١)]

با بەی مەی بەڵکم ئایر مەستی
سۆچنۆ یەکسەر خاشاك هەستی[(٢)]

[١١]

هەی نیزام نە زام[(٣)]

هەی "نیزام" نە زام نامەت تۆ لابەرد
ئای ئای سزاش داو قیامەتش کەرد[(٤)]

---

(١) بەشق: بە عەشقی. مەولەوی لە م شیعرەو شیعری پاشەوەیدا قسەی لەگەڵ مەیگێڕە. مەعنای ئەم شیعرەو شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ.

(٢) بەی: بێت. سۆچنۆ: بسووتێنێ. واتە: ئازیز سوێندت ئەدەم بە عەشقی پیاڵەی شەرابی چاوە مەستەکانتو بە تێکچوویی زوڵفەکانت لە داوێنی سەروپێچەکەتەوە، پیاڵەیەك شەرابم بدەرێ، بەڵکو ئاگری سەرخۆشی پڵوپووشی بوونم بە یەکجاری بسووتێنێو رزگارم بکا. لە هەندێ نوسخەدا نیوەی یەکەمی شیعرێ دوهەم بەم جۆرە نووسراوە:

سابێم‌دەر جامێ، بەڵ ئار مەستی   بەڵ: بەڵکو. ئار: ئاگر.

[١١]

(٣) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە وەڵامی «مەلا نظام» ناوێکی برادەریا نووسیوەکە ئەم سێ شیعرەی خوارەوەی بۆ ناردبوو:

دڵەی دێوانەم هیممەتش واستەن   ئامان، هائامان تەن وەجا ئاستەن
چون کەفتەکاران دڵ ئەو شۆن تۆن   بەن وە تای رشتەی وێ وە هوون تۆن
تەن چون سیاسەنگ نە هەوارانەن   پا شکستەی دەرد دمای یارانەن

واتە: دەخیلتم دڵە شێتەکەم ماڵاوایی کردووە لێم‌و رۆیشتووە لەشمی بەجێ‌هێشتووە، ئێستا لام وایە وەك داماوە لێ‌کەوتووەکان کەوتووەتە دوای تۆو بەسراوە بە تاڵەبەنی خۆ بە خوێنا کردووی تۆوە، لەشیشم وەك بەردی رەشەوەبووی ئاگردانی کۆچەرییەکان لە هەوارگەکانا کەوتووە، وە بە دەردی دوای یاران کەوتن قاچی شکاوە. تکام وایە دڵەکەم بۆ بنێریتەوە با بێتەوە ناو لەشم‌و بحەسێمەوە.

(٤) تۆ: توێکڵ. واتە: ئەی مەلا «نظام»، نامەکەت پەترۆی سەر زامەکەمی هەڵکەندو کولاندیەوە، ئای ئازاری زامەکەمی داو قیامەتی بەرپا کرد.

چـەنی کـزەی گـەرم زایـەڵەی مـوشکوڵ
ئـیزهار کـەردەبێت پـەرێ ئـامای دڵ[١]

زۆر ئـاوەردەن پـێش نـاسۆر زامـان
گـۆیـا جـە لای تـۆ وە لای مـن ئـامان[٢]

مـزانـۆ هـەر کـەس جـە عـیرفان کـەیلەن
هـەر جـنسێ چـەنی جـنس وێش مـەیلەن[٣]

بێ دەرد ئـەو بـێ دەرد، خـەجڵ ئـەو خـەجڵ
گیان ئـارەزووش گـیان، دڵ تـەمەنناش دڵ[٤]

نـەدیەنم وە چـەم، ئـاگـاهیم نـیەن
دڵەکـەی مـنیچ خـەیلێن بـەرشیەن[٥]

ئـەو نـە ئـاخ‌و داخ، ئێد هـەناسەی سـەرد
ئـەو ئـالوودەی خـەم، ئێد خـەریك دەرد[٦]

ئەو هووناو وە تاو، ئێد ئـەسرین چـون سـەیل
ئەو نـە واوەیـلا، ئـێد کـۆ لەیـل، کـۆ لەیـل[٧]

---

(١) ئاما: گەڕانەوە: مەعنای ئەم نیوە شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشیەوە.
(٢) واتە: لەگەڵ کزەی بە سۆزی هاواری ناڕەحەتا باسی گەڕانەوەی دڵتت کردبوو گوایە زامی بە ناسۆر کەوتووی زۆری بۆ هێناوە، لەبەر ئەوە لە لای تۆوە هاتووە بۆ لای من.
(٣) واتە: هەر کەسێ تێگەیشتنی ببێ ئەزانێ هەموو کەسێ ئارەزووی لە هاوچەشنی خۆیەتی. (٤) خەجڵ: داماو.
(٥) نەدیەنم: نەمدیوە. بەرشیەن: دەرچووە.
(٦) واتە: دڵی تۆ ئاخ هەڵئەکێشێ‌و دڵی من هەناسەی سارد. دڵی تۆ گرفتاری خەفەتەو دڵی من تووشی دەرد.
(٧) واتە: دڵی تۆ بە تاو خوێناوی لێ ئەچێ‌و دڵی من لافاوی فرمێسك ئەڕژێ. دڵی تۆ هاوارو فوغانیەتی‌و دڵی من هەر ئەپرسێ ئەوە لەیل چی بەسەرهات؟

مـــولاقاتشان کـــەو جـــە کـام هـــەردەن
کـــام وێرانـــەشان ئـــاوەدان کـــەردەن[1]

[۱۲]

هاتەن ئەلوەدای

هـــا تـــەن ئـــەلوەدای زیـــندەگـــانیش کـــەرد
قـــەدەم رەنـــجەکـــەر هـــامفەردەکـــەی فـــەرد[2]

لابەر تەختەی سـەنگ ئـەڵحـەد سـەرای رێش
جەم کەر گەرد خاك جەستە خەستەی وێش[3]

ئـــامێتـــەن وە بـــاد بـــاڵای تـــورك تـــەڕ
یـــانێ نـــمناکـــەن زوو مـــەبۆ وە هـــەڕ[4]

درووس کـــەر نـــەو هـــەڕ شـــێوەی بـولبوڵێ
بـــنیەش نـــە ســـەر شاخ گـــوڵێ یـــا چڵێ[5]

---

(۱) کەو: ئاخۆم. واتە: ئاخۆم لەکام شاخ و کێو یەکیان گرتبێتەوەو چ وێرانەیەکیان ئاوەدان کردبێتەوە.

[۱۲]

(۲) ئەلوەدا: «الوداع»، ماڵاوایی. رەنجەکەر: ئەزیەت بدە. واتە: هاوڕێ تاقانەکەم، وا لەشم ماڵاوایی لە ژیان کردو مردم، زەحمەتی پێی خۆت بدەو وەرە بۆ سەر قەبرەکەم.

(۳) واتە: تەختە بەردی سەر ئەلحەدەکەی برا زامارەکەت هەڵبڕەو خۆڵی لەشی کۆکەرەوەکە نەخۆشی عەشقی خۆیەتی.

(۴) ئامێتە: تێکەڵ. تورك تەڕ: ناسك وەك نازارانی تورك. واتە: خۆڵی لەشم تێکەڵ بووە لەگەڵ یادی باڵای تەڕو پاراوی یار، لەبەر ئەوە نمدارەو ئەبێ بە قوڕ.

(۵) نەو: لەو. واتە: لەو قوڕە وێنەی بولبولێك دروست کەو لە سەر گوڵێك یا چڵی درەختێك داینێ.

بـەڵکـم ئـەو سـەیاد جـە نـاکـاو جارێ
بـویەرۆ پـەی گـەشت کـوشت شکـارێ[1]

نـەچیرگای وێشـەن وە پـارێز کـەمکەم
بـەڵەدەن، مـدیۆ، مـەکـەرۆش وە چـەم[2]

خـەدەنگێ هـەنی هـەوا دەرۆوە
پـەرێ مـەرگێوتـەر ئـیحیام کـەرۆوە[3]

هەر سـاتێ سـەدجار بـەو تـیر نـەو تـەرکەش
زیـندەگـیو مـەردەن ئـامان وەشـەن وەش[4]

[١٣]

های رەقیب ئەو شۆن[5]

های رەقیب ئەو شۆن دیـدەم هـیجرەت کـەرد
عـومر کـێ وەی رەنگ وە تـاڵی ویـەرد[6]

---

(١) بویەرۆ: تێپەڕێ. کوشت: کوژراو. شکار: راو. واتە: بەڵکو ئەو راوچی‌یەی گیانی دڵداران جاری لە جاران لە ناکاو تێپەڕێ بەو شوێنەدا کە وێنەی بولبولەکەی تیا دانراوە، بۆ گەڕان بە دوای نچیرێکی راوا. لە هەندێ نوسخەدا لە جیاتی «وە ناکاو» نووسراوە «وە ساڵێ» وە لە جیاتی «کوشت» نووسراوە «سەیرێ».

(٢) مدیۆ: ئەڕوانێ. مەکەرۆش وە چەم: بەدیی ئەکا. واتە: چونکە ئەو ناوچەیە نچیرگای خۆیەتی پارێز ئەکرێ‌و وردە وردە دێتە پێشەوە خۆی شارەزایەو وێنەی بولبولە کە بەدی ئەکا.

(٣) هەوا دەرۆوە: فڕێداتەوە. واتـە: وەك پێشـان بـە تـیری عـەشقی خـۆی کـوشتمی ئەمجارەش تیرێکی‌ترم تێ‌ئەتەقێنێ‌و زیندووم بکاتەوە بۆ مەرگێکی‌تر مـەبەسی ئـەوەیە تیری ئەو زیندوو ئەکوژێ‌و مردوو زیندوو ئەکاتەوە.

(٤) تەرکەش: جێگای تیر. واتە: خۆشە ئینسان سەعاتێ سـەدجار زیـندوو بکـرێتـەوەو بکوژرێ بە تیری تیردانی ئەو یارە.

[١٣]

(٦) رەقیب: بەدکار. ئەوشۆن: بە دوای. واتە: ئازیزەکەم کۆچی کردو بەدکاریش بە دوایا رۆیی، ئەی هاوار عومری کێ بەم جۆرە بە هیچو پووچ چووەتە سەرا!

عــومرەنی ئــازیز، هــەر عــادەت بــیەن
کــەس جــە عــومر وێش وەفــاش نــەدیەن(١)

بــەڵام ئــاخر گــیان شــیرین دڵبــەر
چــون ملــی وە ســەبر ئــازارم مــەدەر(٢)

وەر نــیەی وە تــەنگ ئــەی بــەدبەختەوە
گــل بــدۆ وە دەم زام ســەختەوە(٣)

چــمان دڵ جــمان چــەنیت پــەی ســەفەر
زامــارەن کــەفتەن پــا وە پــاییش کــەر(٤)

[١٤]

هەوای سەر ساراڵ(٥)

هەوای «سەر ساراڵ» وە خوسووس وەتەن بۆ
ئــەرچــی ســەفای رۆح، راحــەتی تــەن بــۆ(٦)

---

(١) نەدیەن: نەدیوە. واتە: ئازیز لۆمەت ناکەم وا بەجێت هێشتم چونکە تۆ عومری منی، وە تائێستاش هەروا بووەکەس وەفای لە عومری خۆی نەدیوە.

(٢) ملی: ئەرۆی. واتە: دولبەرەکەم... گیانەشیرینەکەم کە هەر ئەڕۆی تۆزێ بە ئارام بڕۆ ئەزیەتم مەدە.

(٣) نـیەی: نیت. مـەعنای ئـەم شیعرە بـەسراوە بـە شیعری پاشەوەیەوە. لە هـەندێ نوسخەدا نیوەی دووهەمی ئەم شیعرە بەم جۆرە نووسراوە:

گل بدۆم وە دەم گیاندای سەختەوە بدۆم: بدەم. گیاندا: گیاندان.

(٤) چمان: وائەزانم. جمان: جووڵاوە. پا وە پای: پێ بەپێ. واتە: ئـەگـەر بـە تـەنگ ئـەم بەدبەختەوە نیت بە دەم زامەوە بتلێتەوە، بە دەربەستی دڵـمەوە بـە، وا ئـەزانـم لەگـەڵتا کەوتووەتە رێ، بە پێی ئەو بڕۆ چونکە زامارەو کەوتووە.

[١٤]

(٥) مەولەوی ئەم سێ شیعرەی بۆ «شێخ حسەینی هەزارکانی‌یانی» نووسیوە.

(٦) مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە دوو شیعری پاشەوەیەوە. لە هەندێ نوسخەدا نیوەی یەکەمی ئەم شیعرە بەمجۆرەیە:

هەرچەند ساراڵ خوسووس وەتەن بۆ

بــەڵام دووری تــۆ یــەند زۆر ئـاوەردەن
دەردێ وە دەروون هــام دەردان بـــەردەن

وە هــەرجــا تــەشریف تــۆ ئــەرزانــی‌یەن
هــەر دیــدە پـەی تـۆ «هـەزار کـانی»یـەن[1]

[١٥]

هەرچەند وێم

هـــەرچـــەند وێم زەدەی بـادەی فـیراقـم
وە دیـــن دیـــدەت خـــەیلێ مـوشتاقم[2]

بـــەڵام شـــیرنی جـــەلام تـــاڵی‌یـــەن
جــات خـــاڵی نـەبۆ جاگـەت خـاڵی‌یـەن[3]

ئـــەر وەســـڵەن دادم پـــەرێ فـیراقـەن
وەر هـــیجرەن پـەی وەسـڵ تـاقەتم تاقەن[4]

---

(١) واتە: ناوچەی سارالّی سەروو، بـا نیشتمانی تـایبەتیشت بێ‌و هـەواکـەی مـایەی خۆشی دڵو رەحەتی گیانت بێ، وە نـەبێ پێویست بێ هـەر لەوێ دانیشی، چـونکە دووریت ئـەوەندە زۆری هێناوە بۆ دۆستان وە دەرەونیانی بە دەردێکی وا بردووە تەشریفت لە هەرکوێ دانیشێ لە خۆشی‌یانا چاوی هەر دۆستێکت ئەوەندەی هەزار کانی فرمێسکی شادمانی لێ ئەڕژێ، یان وەك «هەزار کانی‌یان» بۆت ئەبێ بە جێگەو مـاوا چونکە هێنانی وشەی «هەزار کانی» ئیشارەتە بۆ ناوی دێکەی شێخ حسەین کە «هەزار کانی‌یان» بووە.

[١٥]

(٢) زەدە: پێکراو. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.
(٣) واتە: هەرچەند گرفتاری دەردی جیاییم‌و گـەلێك مـوشتاقی چاوپێکـەوتنم، بـەڵام شیرینی گەیشتن بە تۆ بە تاڵی ئەزانم، وە جێگایشت خاڵی نەبێ هەر بە خاڵی ئەزانم.
(٤) واتە: چونکە ئەگەر لەگەڵتا بم هاوارو فوغان لە تاو ئەو رۆژە ئەکەم کـە لێم جـوێ ئەبێتەوە، وە ئەگەر لێت دوور بم سەبرم لا نامێنێ‌و ئارەزووی وەسڵت ئەکەم.

[١٦]

هەقت بە دەسەن(١)

هـەقت بـە دەسـەن کـار بـەدەس ئـاسان
نەکـێشـانت جـەور مـوژەی خـاڵخـاسان(٢)

ئـەو دۆزەخ چـێشـەن عـەزابش جە کـۆن
دۆزەخ هـەر دۆزەخ دووری بـاڵای تـۆن(٣)

[١٧]

هیچکەس نەواچۆ(٤)

هـیچکەس نـەواچـۆ وە فـەرهاد رەنـدەن
نەقش شـیرینش نـە رووی سـەنگ کـەندەن(٥)

---

[١٦]

(٢) ئەم چوارینەو چوارینەی پاشەوەی لە نوسخە دەس‌نووسەکەی خۆما پێکەوە بوون وە بەشێك بوون لە پارچەی «گێج ئاڵانی» کە لە «تیپی گاف»دا لە ژێر ژمارە «٤»دا بڵاو کرایەوە، بەڵام دیم کە هیچ پەیوەندی‌یان بە وێوە نیە، وە لە نێوانی خۆیشیانا لە یەك پارچە ناچن، لە بەر ئەوە وا لێرەدا هەرکامیانم بە سەربەخۆ بڵاو کردەوە. دیاریشەکە ئەمەیان پاشماوەی پارچەیەکە بەڵام نەمتوانی شوێنی راستەقینەی بدۆزینەوە.

(٢) نەکێشانت: نەت‌کێشاوە.

(٣) ئەو دۆزەخ: جەهەننەمی ئەو دنیا. جەکۆن: لەکوێیە.

[١٧]

(٤) ئەم چوارینەم بەو جۆرە بڵاو کردەوەکە لە سەردەمی فەقێ‌یەتیدا لە خوا لێ‌خۆش‌بوو مەلا سەید حەکیمی خانەقینیم بیستووەکە هەموو جارێ بە سۆزەو ئەی‌خوێندەوە. لە نوسخەی دەس‌نووسەکەی خۆشما هەیە، وە لە ئاخری پارچەی «گێج ئاڵانی»یەوەیە، بەڵام وەك لە پەراوێزی چوارینەی پێشوودا وتم، لەبەر بێ‌پەیوەندی نێوانیان لێم جوێ کردەوە. لەو نوسخە دەس‌نووسەدا دوو جوملەی بە جۆرێکی‌تره لێرە ئیشارەتی بۆ ئەکەم.

(٥) رەند: زیرەك. کەندەن: هەڵکەندووە. لە نوسخە دەسنوسەکەی خۆشما لە جیاتی «هیچ کەس نەواچۆ» نووسراوە: «هەنی نە واچان» بەپێی ئەوە دیارە ئەبێ ئەم چوارینەش پاشماوەی پارچە شعرێك بێ.

دەك ڕێزان دەس بـا وەر جـە گـیان سـەندەن
کێ ئەڵماس نە ڕووی دیدەی وێش شەندەن[١]

[١٨]

هاڵ بەدهاڵ

هـــاڵ بـــەدهاڵ، بــەدەن هـــاڵی‌و هـــەواڵە
یـــانێ هــای چــون ســەنگ قــوللەی قــەزاڵە[٢]

مــــــوارۆ واران خـــــەمان پـــێـشـــــەدا
هــاڵای ســەدای دەنگ تــۆ هــا تـێـشـەدا[٣]

---

(١) ڕێزان: داوەریو. شەندەن: وەشاندووە. واتە: کەس نەڵێ فەرهاد عاشقێکی زیرەك بووە چونکە توانیویەتی وێنەی شیرین لەسەر بەرد هەڵکەنێ، یاخوا بەر لەوە عیزرائیل گیانی بکێشێ، دەسی دارزێ بۆ ئەو ئیشەکەکردوویەتی، تا ئێستەکێ ئەڵماسی داوە لە چاوی خۆی، ئەگەر ئەو زیرەك ئەبوو لەگەڵ شیرین ئەبوو بە یەك، وە وێنەکەی شیرینی بە شەخسی خۆی دائەناو بە ئەڵماس تێی‌بەرنەئەبوو. لە نووسخەی دەس‌نووسەکەما لە جیاتی «ڕێزان دەس با» نووسراوە «دەسش ڕێزۆ».

[١٨]

(٢) هاڵ: حاڵ. هاڵی: خاڵی. هەواڵە: چۆڵ‌و هۆڵ. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.

(٣) موارۆ: ئەبارێ. هاڵای: هێشتا. واتە: حاڵم بەدحاڵەو لەشم چۆڵ‌و هۆڵە هێزی تیانەماوە، وە وەك بەردی سەر قوللەی قەزاڵە بارانی خەمی لێ‌ئەبارێ، کەچی هێشتا دەنگ‌دانەوەی دەنگی تۆی لێ‌نەبڕاوە.

[١٩]

هیجرانت جە تەرح

هـــیجرانت جــە تــەرح بــاد وەیشــوومی
یــەکــایەك ئەوراق جـەسەی مـەعدوومی[١]

کـــەرد وە فـەرش رای گـوزەرگای یـاران
بەرد پـەی پـای هـەردان ساراو کۆساران[٢]

[٢٠]

هەرچی دیت وە چەم

هــەرچـــی دیت وە چـــەم شـی وە سـەفەردا
هـــەرچـــی مـــوینی هـا نـە گـوزەردا[٣]

کـــەس خـــاڵی نـــەبی وە هـیچ نـەفاما
ئەو پەی چێش ویەرد، ئێد پەی چێش ئـاما[٤]

---

[١٩]

(١) ئەوراق: جەمعی «ورق»ە بە مەعنا گەڵا. مەعنای ئـەم شیعرە بـەسراوە بـە شیعری پاشەوەیەوە.

(٢) بەرد: بردی. واتە: دووریت وەك بای توندی پایز یەکەیەکەی گەڵای لەشی مەولەوی وەراندو کردی بە فەرشی ڕێگای گوزەرکردنی یاران و گەیاندیە داوێنی دەشت و شاخەکان.

[٢٠]

(٣) شی: چوو. موینی: ئەبینی. مەعنای هەردوو شیعرەکە پێکەوە دێ.

(٤) واتە: هەرکەست لەمەو پێش دیوە ئەم دنیایەی بە جێ هێشتووە، وە هەرچی ئێستا بیبینی بەڕێوەیە بەجێی بێڵی، کەسیش حاڵی نەبووەو تێ نەگەیشتووە ئەو بۆچی مردو ئەم بۆچی لە دایك بوو!

[٢١]

هەر کاتێ(١)

هـــەر کـــاتێ زانـــای کـــام وە دانـــەوە
شـــەو شـــەیتان مـــاڵا وە خـــەرمانەوە(٢)

[٢٢]

هەرچیت دابوو(٣)

هـــەر چـــیت دابـــوو پـــێم یـــەك‌یەك دامـــەوە
حـــیساب حـــەشرت وا وەلامـــەوە(٤)

[٢٣]

هەر یەند

هـــەر یـــەند دڵ لەبڕێز خـــەیاڵ خـــاڵەن
جـــە خـــەیاڵ خـــاڵ مـــاچی خـــاڵ‌خـــاڵەن(٥)

---

[٢١]

(١) مەولەوی لەم شیعرەدا ترسی خۆی لە نەفس‌و شەیتان پیشان ئەدا.

(٢) ماڵا: ماڵی‌یەوە. واتە: هەر ئەوەندەت زانی شـەوێك شـەیتان هـاتە سـەر خـەرمانی کردەوەم کاو دانی هەموو ماشی‌یەوەو بردی.

[٢٢]

(٣) مەولەوی لەم شیعرەدا لەگەڵ خوای گەورە قسە ئەکا.

(٤) واتە: خوایە هەرچیت پێ‌دابووم یەکە یەکە هەمووم دایتەوە، هێشتا حیسابی ڕۆژی حەشرت بە سەرمەوەیە، مەبەسی لە پیر بوون‌و لێ کەوتن‌و مردنە.

[٢٣]

(٥) لەبڕیز: ئەوەی لێوارەکەی لێی بڕژێ. واتە: دڵم ئەوەندە پڕبووە لە خەیاڵی خاڵی یار، لە بەر زۆری خەیاڵ کردنەوە لە خاڵ، ئەڵێی نوختە نوختەی لەسەر پەیدا بووە.

تیپی یێ

[١]

یاد زوڵف لوول

یـــــاد زوڵف لوول شـــیرین نـــیگاران
خـــەیاڵ ئـــەبرۆی نـــازك نـــازاران(١)

ئـەو بـیەن وە چـین سـەفحەی پـێشانیم
ئـێد خـەم چـەمەکـەی بـاڵای کـەمانیم(٢)

فکـــر دانـــەی خـاڵ ژەرەژ خـەرامـان
ئـەندێشـەی بـاڵای نـەورەس نـەمامان(٣)

ئـــەو تـانەی دیـدەی سـۆمـا بـێزمـەن
ئـێد دانـەی ئـەسرین وە تـاو رێزمـەن(٤)

مـوتریب یـە کـەمان بـاڵای خـەم وەردەم
یـە تـار ئـەسرین خـەم کـۆك ئاوەردەم(٥)

سـا دەی تـەنخوای مـن وەی دەم دەردەوە
لێدەر نـــەوایـــێ وەی چـەند فـەردەوە(٦)

---

[١]

(١) مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.
(٢) واتە: یادی زوڵفی لوولی یاران وەك وێنە جوان بووە بە لۆچ لە سەر تەختی تەوێڵم، وە خەیاڵ کردنەوە لە نازارە ناسکۆڵەکان بووە بە هۆی چەمینەوەی باڵام وەك کەوان.
(٣) ژەرەژ: کەو. ئەندیشە: بیر. مەعنای ئەم شیعرەش بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.
(٤) سۆمابێز: ترووکایی لێ‌بێزراو. رێز: دارژاو. واتە: بیرکردنەوە لە دانەی خاڵی جوانانی وەك کەو لەنجەولارکەر بووە بە تانەی سەرچاوی تروکایی لێ‌بێزراوم، وە خەیاڵ کردنەوە لە باڵای نەمامە تازە پێ‌گەیشتووەکان بووە بە فرمێسکی بەتاو دارژاوم. مەبەستی ئەوەیە فرمێسك لە چاوەکانیەوە رێك ئەڕژێتە خوار وەك باڵای بەرزو قنجی یار.
(٥) یە: ئەمە. مەعنای ئەم شیعرەش بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.
(٦) واتە: کاکەی ئاهەنگ‌گێڕ وەزعم زۆر ناخۆشە، بگرە ئەوە باڵای چەمیوەم بیکە

یــا جــە گــوناى مــن کــەرەم ئــاوان‌تــەر
رەحــمەت جــە تــاوان مــن فــەراوان‌تــەر[١]

هــەر تــۆنــی وە تــاق دانــاو تــەوانــا
تــۆم هــەنی، هــەنی ئــەو کــێم بــۆ هانا[٢]

خــەریك کــردەی وێم‌و فــەزڵ تــۆم
ئــێد مــستاونۆم، ئــەو مــلاونۆم[٣]

بــۆ بــێ عــەداڵەت فــەزڵت چــەنیم بــۆ
وەســێمــەن خــەجڵەت خــزمەتەکــەی تــۆ[۴]

پــەردە جــە روخســار کــەردەم لامــە بــەر
جــە لای هــام‌سەران رووســیام مــەکــەر[٥]

☞

بەکەمان، ئەوەش فرمێسکی چۆڕاوگە بەستووم کە خەم کۆکی کردووە بیکە بە تار، وە لە جیاتی من لەم حاڵی بە دەرد گرفتار بوویمەدا ئاوازەیەکم بۆ لێدە بە دەم ئەم چەند شیعرەوەکە ئەمانەن لەمەوپاش دێن.

(١) ئاوان‌تەر: ئاوەدان‌تر، زۆرتر. مەعنای ئەم شیعرە بە سراوە بە شیعری پاشەوە.

(٢) هەنی «ی یەکەم»: هەیت. هەنی «ی دووەم»: ئیتر. هانا: هاوار. واتە: ئەی خوایەکە بەخشەندەگیت لە گوناهی من زۆرترە، تەنها تۆی زاناو خاوەن دەسەڵات، منیش هەر تۆ شك ئەبەم، لە تۆ بەولاوە پەنا بەرمە بەر کێ؟

(٣) واتە: لە نێوانی کردەوەی خۆم‌و فەزڵی تۆدا داماوم، ئەمیان ئەم‌تونێنێتەوە لە خەجاڵەتی‌داو ئەویان ئەم‌لاوێنێتەوە تا نەترسم.

(۴) وەسێمەن: بەسمە. خەجڵەت: شەرمەزاری. مەعنای ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری پاشەوەی‌دا دێ.

(٥) واتە: وەرە بە پێی داد لەگەڵم مەکە، چونکە ئەگەر وام لەگەڵ بکەی ئەبێ سزام بدەی لەبەر ئەوەکە تاوانبارم. بە پێی لوتفی خۆت لە گەڵم بجوڵێرەوە، ئەوەندەم بەسەکە شەرمەزاری حوزوورت بووم، ئیتر پەردە لە رووی کردەوەم لامەدەو روو رەشی لای دۆستانم مەکە.

یـەند بـەرۆم خـەجڵەت کـەردەم بـە وێدا
سـەراپـام تـفلێ دەس مـارۆ پـێدا[١]

چـون فکـر فـەزڵت پـەردە نـەوازۆ
جـوانـیم پـیری ئـاوات مـەوازۆ[٢]

[٢]

یا شێخ هەڕگاوان[٣]

یـا شـێخ، هـەڕگـاوان مـەیلەکـەی لەیلێ
سەر بـە سـەر وە گـیان هـەرزانـەن خـەیلێ[٤]

جـۆش کـورەی مـەیل دڵ سـتانییەن
دەواش هـەوای فـەرد زمـستانییەن[٥]

---

(١) بەرۆم: ئەمبا. مارۆ: دێنێ. واتە: شەرمەزای کردەوەم ئەوەندە ئەمباتەوە بە قاوغی خۆماو بچووکم ئەکاتەوە، منالێك ئەتوانێ دەس بێنێ بە سەراپای لەشما.

(٢) نەوازۆ: نەیەوێ. موازۆ: ئەخوازێ. واتە: کاتێك کە نیازی لوتفت دەرکەوێو پەردە نەدا بە رووی خۆیا لە عاستی من، پیریم ئاواتی زەمانی جوانی ئەخوازێو ئەڵێ مادەم خوا بەخشەندەیە خۆزگە هەرگیز زەمانی لاوێتی دوایی نەهاتایە.

[٢]

(٣) مەولەوی جارێکیان لە خانەقای تەوێڵە میوان بووەو لە باڵەخانەکەی سەرچەمەکە دابەزیوە ـ کە دیوەخانی شێخی «بهاءالدین»ی بووە ـ کات زستانو دنیا تەڕوتووشی بووەو ژوورەکەی مەولەوی دڵۆپەی کردووە. مەلەویش بەم چەند شیعرە داوای لە شێخ کردووەکە بان گوشێك بنێرێ بانی ژوورەکە بگێڕێ.

(٤) هەڕگاوان: قوڕاوەکان. واتە: یاشێخ قوڕاوێك کە بە هۆی مەیلی لەیلێوە بپرژێ لە گیانی دڵدار، ئەوەندە بە نرخە ئەگەر سەر بە سەر بیگۆڕێتەوە بە گیانی خۆی هێشتا بە هەرزان دەسی کەوتووە، کەواتە من لە دڵۆپەکردنی ژوورەکەم زویر نیم، وە هەر کردوومە بە بیانوو بۆ ناردنی ئەم چەند شیعرە.

(٥) دڵستانی: دڵسەندن. واتە: ئێستا کاتی جۆش سەندنی کوورەی خۆشەویستییە، کە دڵ لە ئینسان ئەسێنێ، وە ئەو کەفوکوڵە بە هەوای شیعری باسی زستان کردوو دائەمرێتەوە.

ئـۆسـای بـلووربەند پـەنجەرەی کـاوان
ئـاینە سـازیش وست ئـەو شـەتاوان(١)

وەرویٚ بـەرد ئـەو بـەست گـرد گـوزەرگایێ
دووی ئـازیزشەن دڵ ئـاهەڕایـێ(٢)

هـای نـە، دڵ لواو ئـاماش پـەی نـیەن
مەکـیانەش پـەی چـێش نـەسیم کـۆ شیەن(٣)

نـەسیم پـەنجەی پات ئـەر سـەردی کـێشان
بـدارەش نـە تـۆی دڵ دەروون رێشـان(٤)

شۆن هەن نەی سەروەخت. سازان پەی دەلـیل
جە هەر سـەر بـەرزێ هـەرس دیـدەم مـیل(٥)

---

(١) وست: خستە. واتە: وەستا شووشە تێخەری پەنجەرەی شاخەکان دەسی کرد بە ئاوێنە دامەزراندن بە سەر چەمەکانیشا. مەبەسی ئەوەیە ئەو خوایەی کە چۆڕاوگەی ئاوی سەرشاخو ئەشکەوتەکانی کرد بە سەهۆڵ، چەمەکانیشی مەیاند.

(٢) وەرویٚ: بەفر. بەردئەوبەست: بردیە بەست، دایپۆشی. ئاهەرا: ئەو ڕێگایەی کە بە زەحمەت پێی بووتریٚ ڕێگا. واتە: بەفر ڕێگاو بانەکانی هەموو داپۆشیوە، دڵ ئەگەر تاقە ڕێگایەکی ببیٚ بۆ لای یار بیتی‌یە لە دووکەڵی هەناسەی کە هەڵی ئەکێشیٚ لە تاو دووری ئەو.

(٣) مەکیانەش: مەی‌نێرە. کۆ شیەن: بۆکویٚ چووە. لێرەوە مەولەوی ئەکەوێتە قسە لەگەڵ خۆی‌و ئەڵیٚ نەکەی دڵ بنێری، چونکە دڵ هات‌و چۆی بۆ نیە، ئەی نەسیم بۆکویٚ چووە ئەو بانگکە بینێرە.

(٤) بدارەش: بیخەرە. واتە: نەسیم، ئەگەر پەنجەی پێت سەرمای بووە بیخەرە ناو دڵی دەروون بریندارانەوە باگەرمی بێتەوە. مەولەوی لێرەدا وردەکاری‌یەکی جوانی کردووەکە نەسیمی شوبهاندووە بە ئینسان کە بە سەر بەفرا بڕوا پێی سەرمای ئەبیٚ، نەسیمیش کە بە سەر بەفرا بوەزیٚ دیوی سەر بەفرەکەی هەوای ساردی بەفرەکە وەرئەگریٚ.

(٥) شۆن: شوێن. سازان: دروست کردووە. میل: ئەو دارە لەسەر ڕێگای بیٚ‌نیشانە دای‌ئەچەقێنن بۆ ئەوەی ڕێبوار ڕیٚ ون نەکا. واتە: ئەگەر لەوە ئەترسی ڕێگات لیٚ‌ون بیٚ،

بشـــۆ چـــون یـــاوای وەی دوی ســـەردەوە
بـــێ پـــرسا بـــناڵ وەی دوو فـــەردەوە:[١]

بـــاڵاخـــانەی چـــەم دیـــوانـــەکـــەی تـــۆ
بـــانەناو وە گـــڵ ئـــاسانەکـــەی تـــۆ[٢]

تکـــەش عـــاجز کـــەرد خـــەیاڵت تـــێش‌دا
ئـــازیز بـــۆ جـــارێ پـــا بـــنیە پـــێش‌دا[٣]

☞ مەترسە، چونکە ڕێگاکەی نیشانەی هەیە. لەم زستانەدا فرمێسکی چاوەکانم لە هەموو بەرزاییەکا نیشانەیەکی داناوە بۆ ڕێ بەدیی کردن.

(١) بشۆ: بچێ. یاوای: گەیشتن. پرسا: پرس. بناڵ: بناڵێنە. واتە: بڕۆ بۆ لای دۆست، کە گەیشتیتە لای بە دەم هەناسەی ساردەوە بناڵێنەو ئەم دوو شیعرە بڵێ: دوو شیعرەکە ئەوانەی پاش ئەم شیعرەن.

(٢) بانەناو: سواغ‌دراو. مەعنای هەردوو شیعرەکە پێکەوە دێ.

(٣) تکە: دڵۆپە. بنیە: بنێ. واتە: باڵەخانەی سەرچەم کە دیوەخانی تۆیەو بانەکەی بە خاکی بەردەرگاتان سواغ دراوە، کەوتووەتە دڵۆپەکردن، وە بە هۆی ئەوەوە ناتوانین لە سەر ئوسوولی تەریقەتی نەقشبەندی خەیاڵ لە تۆ بکەینەوە تیایاو «رابطە»ت بکەین، جارێك تەشریف بێنەو پێ‌یەکی پیا بنێ با دڵۆپە نەکاو بتوانین خەریکی بیرکردنەوەکەمان بین. ئەمە مەعنا دیاری‌یەکەیەتی، بەڵام مەولەوی مەعنایەکی لەمە ورد تریشی مەبەست بووەکە ئەوەتە باڵەخانەی چاوی دڵدارەکەت کە دڵی دیوەخانی خۆتەو هەمیشە تۆی تیایت، وە بانەکەی بە خاکی بەردەرگاکەت سواق دراوە ـ مەبەسی لەوەیە گوایە هەمو جارێ پێی ئەنایە سەر چاوی ـ تك تك فرمێسکی لێ ئەڕژێ، لەبەر ئەوە وێنەت لە ناو چاوما عاجز بووە ـ چونکەکە چاو ئاو بکا وێنەی هیچ بە ساقی وەرناگرێ ـ سا ئازیز پێ ناسکەکانت بنێ بە سەر چاوەکانما با دامرکێن و فرمێسك نەڕێژن.

لە هەندێ نوسخەدا شیعری یەکەم لەم دوو شیعرە بەم جۆرەیە:

باڵەخانەی چەم دڵ دێوانـەکـەت   بانەناو وە خاك سەر ئاسانەکـەت

واتە: باڵەخانەی سەرچەم کە هی دۆستە دڵ بۆ شێد وەکەتە. وە بەپێی مەعنای دووەم باڵەخانەی چاوی ئەو دۆستەکە دڵی شێت بووە بۆت... تاد.

[٣]

یاران بەرشیەن(١)

یـــاران بـــەرشیەن جـــە زێد وە زامـــن
گــرد تـــەفرەقە بـــین چـــون خـــەیاڵ من(٢)

گـــــەرد کـــــوچشان ئـــانا دیـــارەن
دەك لێڵاویت بـــۆ چـــۆنت قـــەرارەن(٣)

ســـەنگی بـــار هـــۆش، پـــێش بـــار فـــامت
دەوار شـــــــادی، چـــیخ ئـــــارامت(٤)

لوان چـــەنی کـــۆچ خـــاڵۆکـــەی هـــامفەرد
ئێستە بـــار وستەن نـــە هـــەوارگـــەی هـــەرد(٥)

تـــۆ چـــێش مـــەکـــەری کـــەم هـــۆش کـــەم فـــام
پـــەرێ عـــەیبوعار مـــەندەنی جـــە لام(٦)

---

[٣]

(١) مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە پاش مردنی ئەحمەد بەگی کۆماسی وتـووە، وە قسە لەگەڵ خۆی ئەکا تیایا.

(٢) زێد: جێگای لە دایك بوون، دنیا. واتە: دۆستان هەموو مردنو گۆڕ گرتنیە باوەشو بوو بە زامنیان، وە وەك خەیاڵە پەرێشانەکەی من پرژو بڵاو بوون.

(٣) واتە: تۆزی بارو کۆچیان دیارە، ئـەی تـۆ چـۆن خـۆت گـرتووەو نـەرۆیشتووی بـە دوایانا، دەك کوێراییت دایەت.

(٤) سەنگیبار: باری قورس کەکاروانچی لەکاروانا ئـەیخەنە دواوە. پێشبار. شتو مەکی سووكو هەرزان بەهاکە ئەیخەنە پێشی کاروانەوە. مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.

(٥) لوان: رۆیشتووە. واتە: باری قورسو سووکی هۆشو فامتو، دەوارو چیخی شادیو ئارامیت لەگەڵ کۆچو باری خاڵۆدا رۆیشتوونو ئێستا لە هەوارگەی دەردو مەینەتا باریان خستووە.

(٦) مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە.

سا چەنی ئەڕواح یاوە وە یاران
با تەن بۆ وە سەنگ مەندەی هەواران(١)

[٤]

یاوا پێم نامەی(٢)

یاوا پێم نامەی شیرین خیتامەت
دەك دەك نەڕێزۆ سەرپەنجەی خامەت(٣)

سیای سورمەی خەت نە دیدەم شانا
بادرەوشەی وەرەق خەمان رفانا(٤)

مەرهەم بی پەی زام ئەفعی‌یان گەستەم
دەوابی پەی دەرد جەستەکەی خەستەم(٥)

---

(١) چەنی: لەگەڵ. یاوە: بگە. واتە: ئەی تێنەگەیشتوو، تۆ بە تەنیا چی ئەکەی وا لێرە ماوی؟ هەر بۆ عەیب و عار ماویتەوە لام، هەڵسە لەگەڵ گیانما بکەوەرە رێ و بگەرەوە بە دۆستان، چش با لەش رەش بووەوەکەم لێرە بەجێ بمێنێ وەکو بەردی ژێر مەنجەڵ کە لە هەوارەکانا ئەمێنێتەوە.

[٤]

(٢) مەولەوی ئەم چەند شیعرەی بۆ شێخی «بهاءالدین»ﷺ نووسیوەکە نامەیەکی بۆ ناردبوو، وە تیایدای باس کردبوو کە شێخ «ضیاءالدین»ﷺ برای لە ئێرانەوە گەڕاوەتەوە.

(٣) نەڕێزۆ: دانەوەرێ. واتە: نامە ئاخر خۆشەکەتم پێ گەیشت، یاخوا هەرگیز ئەو سەرپەنجانەت دانەرزێن کە قەڵەمەکەیان گرتبوو بە دەستەوە. وشەی «شیرین خیتامەت» ئیشارەتە بۆ ئایەتی ﴿خِتَامُهُ مِسْكٌ﴾.

(٤) شانا: وەشاندم. بادرەوشە: باوەشێن. رفانا: راوی‌نا. واتە: مەرەکەبە رەشەکەیم وەك کلە وەشاند بە چاوما، کاغەزەکەش لە جیاتی باوەشێن خەمی لێ دوور خستمەوە.

(٥) ئەفعی: مار. واتە: نامەکەت بووبە مەڵهەمی زامی ماران گەستەم و دەرمانی دەردی لەشی بیمارم.

تـەسکین دا وە ئـێش نـێشـەکـەی دووری
وە دڵەی سـۆچـیای نـار مـەهجووری[١]

مـەگـەر خـوداوەنـد کـەرەم کـەردەوە
تـەفرەقەی یـاران جـەم ئـاوەردەوە[٢]

[٥]

یار وەفادار[٣]

یـار وەفـادار شـەرت‌وبەین بـێ شـۆ
چـون نـوور دیـدەی مـەعدوومی مەبۆ[٤]

وەختێ بـەندەی وێش بـێ حـاڵ وە چـەم دی
ئـەسرین وە چـەمدا رێزاو پـەشێو بـی[٥]

(١) واتە: ئێش‌و ئازاری نووکی تیژی دووریتی داسوکناندو ئیسراحەتی دا بە دڵم کە بە ئاگری دووری سووتاوە.

(٢) واتە: چونکە خوا لوتفی کردو دۆستانی لە یەك‌بووی یەك‌خستەوە.

[٥]

(٣) مەولەوی ئەم دوو شیعرەی بە بۆنەی کوێر بوونیەوە وتووە.

(٤) بێ شۆ: بێ ئەندازە. مەعنای هەردوو شیعرەکە پێکەوە دێ.

(٥) واتە: یاری بە وەفاو گفت‌و پەیمان لە ئەندازە بە دەر راست وەك رووناکی چاوی من ئەبێ، کە منی خوڵامی خۆی دی حاڵم پەرێشانە، فرمێسکی بە چاوی خۆی‌دا رژاندو تێك‌چوو. مەبەسی ئەوەیە چاوی بۆ بەشداری بوون لە ناڕەحەتی حاڵیا کوێر بووە.

[٦]

یاران، دڵداران

یـــــاران، دڵداران نـــە تـــۆی دڵ داران
بـــێ یـــاد یـــاران، یـــاران مـــەویاران[١]

[٦]

(١) داران: ڕائەگرن. مەویاران: ڕانابوێرن. واتە: عاشقە دڵدارەکان یارەکانی خۆیان لەنـاو دڵیانا ڕائەگرن، چونکە دۆست بەبێ یادی دۆست ناتوانێ بژی.

MAWLAWI.KRD

دڵە، ڕاگەکەت خەیلێ تاریکەن
پردەکە سەختەن، خەیلێ باریکەن
سارای هیدایەت تاریک مەوینوون
ڕای نەجات یەکجار باریک مەوینوون
چۆڵە چراوێ پەرێ ویت ساز دەر
وە قەد توانای ویت باربەندی کەر
ئەر گونا ڕای ڕاس بەردەنی جەویر
شۆن پای کردار هام فەردان هۆرگیر
بەڵ لەو دیوان دا دیوانەی سەرشێت
خەجاڵەتی بەزم یاران نەیۆ پێت
بارێ ئەر غەفڵەت دام تەندەن نەڕێت
نییەنی وە تەنگ شەرمەساری وێت
یاد ئەو سەروەر وە دەروون باوەر
ئەر واچان پەنەش نەو بەزم مەحشەر:
یە مەنسووب تۆن ئینە کردەشەن
چەنی توانای سەر هۆردە ردە شەن
ئەو بە شەرمەوە مدیۆ بە وەردا
من مشیۆ کام خاک کەروون وە سەردا

ISBN 964-7638-54-X
9 789647 638548

سنندج، پاساژعزتی
انتشارات کردستان
تلفن: ۲۲۶۵۳۸۲